نەسرەوتن

بەرگی پێنجەم

ناوی کتێب: نەسرەوتن - بەرگی پێنجەم

نوسینی: ئەندازیار عوسمان محمد رەشید

بابەت: پەروەردەی ئیمانی

نەخشاندنی بەرگ و نوسین: کتێبخانەی گەشە

نۆبەی چاپ: یەکەم، 2021

چاپ و بڵاوکردنەوەی: کتێبخانەی گەشە

تیراژ: 1000دانە

لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارە سپاردنی (1679)ی ساڵی (2021)ی پێدراوە.

کتێبخانەی گەشە بۆ چاپو بڵاو کردنەوە

سلێمانی بازاڕی ئاوباریک بەرامبەر کاسۆ مۆڵ دوکانی 71

07501214773 – 07508829086

# نەسرەوتن

## بەرگی پێنجەم

ئەندازیار عوسمان

2021

﴿ أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى ﴾

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆخوای پەروەردگارو دروودو سڵاویش لەسەرگیانی سەروەرمان و یارو یاوەران و شوێنکەوتووان.

پاش ئەوەی بەفەزڵی خوا چوار بەرگی نەسرەوتنم بڵاوکردەوە وا بەرگی پێنجەمیش لە خزمەت خوێنەرانیدایە، کە ئەو بابەتانەن رۆژانە لە ئەکاونتەکەم لەفەیس بووك بڵاوم کردوونەتەوە، هیوادارم کەخوای گەورە قبوڵی کردبێت و سوودێکیش بەخوێنەران بگەیەنێت، بابەتەکان کورتن و هەمەچەشنن کەئەوەش خوێنەر چێژی لێدەبینێت و هەموو چین وتوێژەکان بەشی خۆیانی تیادەبیننەوەو وتاربێژە بەرێزەکانیش دەتوانن بۆ وتارەکانیان لێی سوودمەندبن.

### پاکردنەوەی دڵ ودەروون: یەکەم

حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێت دوعای کرد کەخوای گەورە لەنەوەکانیدا پێغەمبەرێك بنێرێت: (رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (129)البقرة.کە ئایەتەکانی ئەویان بۆ بخوێنێت و فێری پەیامی خواو حیکمەت (سوننەت)یان بکات، وە دڵ و دەروونیان پاك بکاتەوە..

خوای گەورە دوعاکەی قەبوڵ کردو دواپەیامبەری بۆناردن صلی الله علیه وسلم وفەرمووی(هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (2) الجمعة.

واته: خوا بەفەزڵی خۆی پەیامبەرێکی بۆناردن کە ئایەتەکانی خوایان بۆبخوێنێت و دڵ و دەروونیان پاك بکاتەوەوپاشان فێری کیتاب و سوننەیان بکات..

سەرنج بدەن لێرەدا (تزکیە)ی خستە پێشەوە، کە سەروەریشمان هەروای دەکرد لەپەروەردەکەیدا، هاوەڵی خۆشەویست جوندەب دەڵێت: ئێمە گەنج بووین لەخزمەت سەروەرماندا صلی اللہ علیە وسلم فێری ئیمانی دەکردین وپاشان قورئانی فێردەکردین بەوەش ئیمانمان زیادی دەکرد،کەچی ئێوە ئێستا فێری قورئان دەکرێن پێش ئیمان بۆیە سوود لەقورئانەکەش وەرناگرن..

عبدالرحمان کوڕی قاسم دەڵێت: بیست ساڵ لەخزمەت ئیمام مالیکدابووم هەژدەساڵی تەواوجەختی کردە سەرئەدەب لەگەڵ خواو پێغەمبەرو خەڵکیدا و دووساڵیش زانستی فێرکردم، خۆزگە ئەو دووساڵەش هەرئەدەبی دابدامایە.

بەڕاستی ئەم دینە جەوهەروکرۆکەکەی ئەدەبە لەگەڵ خواو پێغەمبەرو خەڵقی خوادا، بۆیە دەبێت گرنگی زۆری پێبدرێت لەپەروەردەدا، هاوەڵان تادواپلە بەئەدەب بوون، قورئان زۆرجەختی ئەکردە سەر ئەو مەسەلەیە، ئەوەتا داوایان لێدەکات کەواز لەگوناهی زاهیری و باتینی بهێنن ( وَذَرُوا ظَاهِرَ الْإِثْمِ وَبَاطِنَهُ_ 120- الأنعام).

هەروەها پاش چەند ساڵێك گلەیی لێکردن کەئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کەدڵیان خاشیع بێت بۆیادی خوا وئەو هەقەی کەخوا ناردویەتی تاوەك ئەهلی کیتابیان لێنەیەت کە دڵیان رەق بوووەزۆربەیان فاسیق بوون( أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آَمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ (16) الحديد.

**پاكردنەوەی دڵ و دەروون: دووەم:**

ئەم مەسەلەیە ئەوەندە گرنگە کەقورئان دەفەرموێت: رۆژی دوایی نەماڵ ونەمناڵ سوودیان نیە، ئەوەی سوودی هەبێت ئەوەیە کەسێك بە دڵێکی پاك و چاکەوە بگەڕێتەوە لای خوا ( يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ (88) إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ (89)الشعراء. سەروەرمان صلى علیه وسلم دوعای دەکرد کەخوا دڵ ودەروونی بۆ پاکبکاتەوە، پێویستە ئێمەش ئەو دوعایە زۆر بکەین (اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا، وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَن زَكَّاهَا، أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلَاهَا، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِن عِلْمٍ لا يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لا يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لا تَشْبَعُ، وَمِنْ دَعْوَةٍ لا يُسْتَجَابُ لَهَا.. ). (مسلم).

لەهەموو سەردەمانێکدا کەسانێك هەبوون لەلوتکەی خواناسی و خواپەرستیدا بوون، ئەولیاو دۆستی خوابوون بەڕاستی، کاتێك دەتبینین یادی خوات دەکرد بەبینینیان.

ئەوانە تادواپلە وەرعیان دەکرد بۆنموونە: شێخ محمد سەعید بورهانی زانایەکی بۆخوا سوڵحاوی شام بوو، محمد هیشامی کوڕی دەڵێت: کەباوك ودایکم ساردیەك دەکەوتە نێوانیانەوە باوکم نانی نەدەخوارد لەماڵەوە، ئەمانووت: بۆ نان ناخۆیت ؟ دەیووت: دایکتان ماندووبووە بەو خواردنەوە تائامادەی کردووە کێ دەڵێ ڕەزامەندە کەمن لێی بخۆم..

شێخ عەبدول رەزاقی حەلەبی کە زانای قیرائات بوو، کوڕەکەی دەڵێت: کاتی خۆی باوکم نەدار بوو دایکم ناوماڵەکەی کردبوو، کەساردی ئەکەوتە نێوانیانەوە باوکم لەسەر جێگاکەی نەدەنووست، دەیووت: هی دایکتانە وکێ دەڵێ ڕەزامەندەوپێی خۆشە من لەسەر ئەو جێگایە بخەوم..

کاك ئەحمەدی شێخ لای خۆمان ومامۆستا مەلا عبدالکریم و زۆر لەزانایانی ترمان نموونەی بەرزی خواناسی و وەرع بوون کە زۆرجار باسمان کردوون، لەبابەتی داهاتووشدا باسی کەسایەتیەکی خواناسی شامتان بۆدەکەم کە دوعای قبوڵ بووە، تکایە لەگەڵمان بن.. وێنەی شێخ محمد سەعید بورهانی و محمد هشامی کوڕی کەهەردووکیان بەڕەحمەتی خواچوون، خوا لێیان خۆش بێت:





**پاکردنەوەی دڵ ودەروون: سێیەم:**

شێخ ئەحمەد حارون لە سوریا لەدایکبووە لە ساڵی 1900 دا باوکی گوڵاوی ئەفرۆشت وبە ڕۆزی حەڵاڵ هاوسەرەکەی و چوار کوڕەکەی بەخێودەکرد، لەحەوت ساڵیدا قورئانی هەموو لەبەرکرد، هەرلەوساڵەشدا باوکی کۆچی دوایی کرد.

زانای خواناس شێخ موستەفای کینانی بەدایکی وت: ئەم کوڕەی تۆ پاشەڕۆژێکی روونی دەبێت، دایکیشی زۆر خەمی پەروەردەکردنی بوو، ئەحمەد لەدوانزە ساڵیەوە بەردی هەڵدەکەند لەشاخی قاسیۆن و بەرۆزی حەڵاڵ دەژیا، ساڵی 1946 هاوسەرگیری کردو کوڕو کچێکی بوو، کوڕەکەی لەبیست ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو خانوویەکی لەباوکیەوە بۆ بەجێمابوو لەگەڵ ئەوەشدا باری گوزەرانی ئەوە نەبوو یارمەتی هەژارانی ئەدا.

هەروەها لەفەلەستین سەربازی کرد لەسوپای عوسمانیدا کە دژی داگیرکەران ئەجەنگاو پاشان بەردەوام بوو بەسەروماڵ لەجیهادا دژی فەرەنسیەکان، لەپەنجا ساڵیدا لەشەش ساڵدا چەند پەڕاوی بەسوودی نووسیوە .

وەك چۆن لەخەودا سەروەرمان صلی اللہ علیە وسلـم بەمامۆستا نوورسی فەرموو: پرسیار لەکەس مەککە خۆمان هەمووشتێکت فێردەکەین، ئەمیش ئەو زانستەی هەیبوو لەفێربوونەوە نەبوو هەرچەند زۆر زیرەك وبلیمەت بوو، زانستەکەی فەزڵێك بوو لەخواوە.

قاسم قەیسی موفتی عێراق لەوسەردەمەدا چەند پرسیارێکی بۆدەنێرێت کەوەڵامی بداتەوە، کاتێك وەڵامەکانی پێدەگاتەوە دێت بۆسوریا بۆلای و دەڵێت: (یاحارون انا منك حائرون) ئەی حارون ئێمە سەرسامین لەتۆ..

شێخی ئەزهەری ئەوکاتە حەسەن مەئمون دەیووت: کەدەچمە خزمەتی وادەزانم لەخزمەت ئیمام غەزالیدام.

زانای خواناسی سوری محمد سەعید بورهانی دەیووت: لەسەد ساڵدا خوا یەکێکی وەك شێخ ئەحمەد حارون دەنێرێت، بۆئەوەی کوانووی ئیمانی خەڵکی بگەشێنێتەوە، کەسەروەرمان لەفەرموودە باسی کردووە کەهەر سەری سەد ساڵێك خوا نوێکەرەوەیەك دەنێرێت بۆئەم ئوممەتە.

شێخ ئەحمەدشەست ودووساڵ ژیا، دوعای قەبوڵ بوو لای خوا خەڵکانێکی زۆریش باسیان لەکەراماتەکانی کردووەکەدواتر باسی دەکەم..




❊❊❊

**پاکردنەوەی دڵ ودەروون: چوارەم:**

شێخ ئەحمەد حارون دۆستی خوابوو دوعای دەمودەست قەبوڵ بوو، یەکێ لەقوتابیەکانی بەناوی ئیسماعیل کەبۆماوەی نۆساڵ ئیفلیجیەکی هەبوو سەردانی زۆر لەپزیشکانی کردبوو دەبوایە قاچێکی ببڕنەوە، شێخ ئەحمەد پێی وت: هەزار جار ویردی (یاغنی ) بڵێ و پاشان یەکجار بڵێ: خوایە بەبەرەکەتی پێغەمبەرصلی اللە علیە وسلم شیفام بدەو بێنیازم بکە لە پزیشك ودەرمان..ئنجا هەزار جار بڵێ (یانافع )ئنجا یەکجار بڵێ خوایە سوودمەندم بکە بەبەرەکەتی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم..پاش ئەوەی ئەوانەی کرد لە14ی شەعبانی 1956 دا لە شەودا خەوی بەخۆشەویستمانەوە صلی اللە علیە وسلم بینی فەرمووی: ئیسماعیل هەستە، هەستاو ئیفلیجیەکەی بەبەرەکەتی پێغەمبەرمان نەما..

جا قوتابیەکی دیکەی بەدوای ئەوانەدا دەچێت کە هاتوون داوای دوعای خێریان لەشێخ ئەحمەد کردووە، سەرسام دەبێت بەوەی کەخوا بەبەرەکەتی دوعاکانی هەموو ئەوانەی سوودمەندکردووەو رازونیازەکانی بۆ هێناونەتەدی.

**پاکردنەوەی دڵ ودەروون: پێنجەم:**

شێخ ئەحمەد حارون زۆر ئەم دوعایەی دەکرد:

(اللهم لاتُشْمِّت أعدائي بدائي، واجعل القرآن العظيم شفائي ودوائي، فأنا العليل وأنت المداوي، أنت ثقتي ورجائي، واجعل حسن ظني بك شفائي . اللهم احفظ عليَّ عقلي وديني، وبك ياربِّ ثبت لي يقيني، وارزقني رزقاً حلالاً يكفيني، وابعد عني شر من يؤذيني، ولاتحوجني لطبيب يداويني، اللهم استرني على وجه الأرض، وارحمني في بطن الأرض، اللهم اغفر لي يوم العرض..

بسم الله الرحمن الرحيم طريقي، والرحمن رفيقي، والرحيم يحرسني، من كلِّ شيء يلمسني، ومن شر النفاثات في العقد، ومن شر حاسد إذا حسد، قل هو الله أحد ). **دكتۆر محمد فەتحی راشد حریری دەیووت: شێخ ئەحمەد حارون وەك چۆن نەققاری بەرد دەكات ئاوەهاش چەكوش كاری ونەققاری دڵ ئەكات.**

**دكتۆر مازن موبارەك كەلەدایكبووی 1930 یەو دكتۆرای لە ئادابدا هێناوە لەقاهیرەو لەسوریا مامۆستای زانكۆبوو سەردانی شێخ ئەحمەد دەكات و شتێكی بۆدەخوێنێتەوە شێخیش هەڵەیەكی بۆراست دەكاتەوە، دكتۆر مازن زۆری پێناخۆش دەبێت، بۆیە وشەیەكی تر بەئەنقەست بەهەڵە دەخوێنێتەوە بۆئەوەی شێخ ئەحمەد تاقیبكاتەوە، شێخ ئەحمەد بۆی راست دەكاتەوە ودەڵێ: برازام دەتەوێت تاقیمان بكەیتەوە؟؟**

**دكتۆر بەكری شێخ ئەمین مامۆستای زانكۆ بوو لەحەڵەب بێزار دەبێت لەوەی هاوەڵێكی زۆر باسی شێخ ئەحمەد دەكات، بڕیار دەدات بچێت بۆ لای پرسیاری لەبارەی رۆحەوە لێبكات، كاتێك دەچێتە لای و سەلام دەكات شێخ پێی دەڵێت: ئادەی ئەو كتێبە دابگرە (كەدەستخەتی خۆی بووە) كەدایدەگرێ و دەیكاتەوە لەسەرەوەی لاپەڕەكە نووسراوە بەقەڵەمی سوور** (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا (85) الإسراء) **كەدەیبینێت تووشی شۆك دەبێت، شێخ ئەحمەد: پێی دەڵێت: تێگەیشتی ؟؟**

**جا لەم مەوقیفانە لای مامۆستا مەلا كەریمی مودەڕیس و زانایانی خۆشمان هەبوون، تەنانەت پیرەمێردی شاعیر كە تازە پێدەگەیشت كاك ئەحمەدی شێخی بینیبوو، جا خۆی دەڵێت: من بڕوام بەكەراماتی پیاوباشان نەبوو تابۆخۆم بەچاوی خۆم كەراماتم لەكاك ئەحمەد بینی..بەڵام دیارە ئەوشتانە بۆباسكردن و خۆبردنە پێشەوەنین، شێخ ئەحمەد**

**دەیووت: پیاوباشان شەرم ئەکەن لە باسی کەراماتیان هەروەك چۆن ئافرەت شەرم دەکات لەبێنوێژیەکەی کەباسی بکات..**

**پاکردنەوەی دڵ ودەروون: شەشەم:**

**وتمان لەهەموو سەردەمێکدا کەسانی خواناس و بۆخوا سوڵحاو هەن کە بەبینیان یادی خوا دەکەیت و دڵ ودەروونت دەگەشێتەوە، یەکێ لەوانە لەشام شێخ ئەحمەد حارون ە کە زۆرلەزانایان باسی گەورەیی ئەو پیاوەیان کردووە، کەدوعای قبوڵ بووەو کەراماتی هەبووە،موجاهیدبووەو چەکی هەڵگرتووە دژی فەرەنسا کەئەوکاتە سوریای داگیر کردبوو، شێخ یارمەتی کۆدەکردەوە بۆموجاهیدەکان و خێزانەکانیان، ئەمانەش بۆیە باس دەکەم تا هەوڵبدەین ئێمەش لەم سەردەمی ماددەگەراییەدا لەخوانزیك ببینەوە وچاو لەو پیاوباشانە بکەین .**

**قوتابییەکی بەناوی مەحمود غوراب کوڕەکەی ئازاری چاوی هەبوو، دکتۆر خالید تەباع ئەوکاتە چارەسەری دەکرد لەبەر ئەوەی تۆڕی چاوی منداڵەکە خوێن بەربوونی هەبوو داوای کرد بیبەن بۆخەستەخانە، شێخ ئەحمەد کەلەوێ بوو، وتی: مەیبەن، ئەوەبوو داوای هەندێ شتی کرد قەترەیەکی دروستکردوکردەچاوی منداڵەکە، چاوی بەئیزنی خوا چاك بوو، بردیانەوە بۆلای پزیشکەکەی وتی: چاوی تەواوەو هیچی نیە.**

**جارێك لە عێراقەوە دەگەڕێتەوە بۆ سوریا لە ڕێی روتبە سەیارەکەیان بەنزینی تیانامێنێت، هەموو نەفەرەکان خەمیان لێدێت کەکەس نیە بێت بەهانیانەوەو چونکە چۆڵەوانیە تیاچوونیان مسۆگەرە، ئەمیش لەبەرخۆیەوە وەك تەلەفون بکات وتی: ئەلو شوکری ئێمە لەڕێی روتبە پەکمان کەوتووە..مەبەستی شوکری قوتلی بوو سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی سوریا کەهاوەڵی بوو، سەرنشینەکانی سەیارەکە وەیانزانی گاڵتە**

دەکات، ئیتر چۆن پەیامەکە خوا گەیاندویەتی کەس نازانێت، دوای دووسێ سەعاتێك سەیارەیەك لـە سەرۆکایەتی کۆمارەوە هات بەهانایانەوە و رزگاری کردن. (جا ئەم دەستەواژەیە بەناوبانگە لای سوریەکان و دەیلێنەوە: ئەلو قوتلی.. )

ئەم پیاوە باشە دۆستێکی لـەولاتی سعودیەوە بڕێك پارەی باشی بۆ دەنێرێت بە کەسێکدا بەناوی( ئەبو راتب شەللاح)، ئەمیش وەری ناگرێت و ئەڵێ بڕۆ خانوویەکی پێبکڕە بۆ ئەو ماڵە بێباوکە، کەچوون خانووەکەیان بۆبکڕن چەندی کەم بوو ئەم لـەپارەی خۆی خستیە سەری بۆیان.. جا ئەم پیاوە باشە دیاری وەرنەدەگرت و هەمووی ئەبەخشی، بەوکردەوانە دیارە ئاوا پلـەی لای خوا بەرزبووبۆوە.

ئاردیان نەمابوو داوای لـەدۆستێکی کرد ئاردی بۆبینێت کەبۆی هێنا هەژارێك سەیری دەکرد بەحەماڵەکەی وت: ئاردەکە ببە بۆ ماڵی ئەو پیاوە،ئێمە خواپەکمان ناخات.

## پاکردنەوەی دڵ ودەروون: حەوتەم:

لـەسەردەمی داگیرکاری فەڕەنسا لـە گەڕەکی باب النصر لـەحەڵەب ئەفسەرێکی فەڕەنسی کابرایەکی سووری گرتبوو، کابرا وتی: بیکە بۆخاتری پێغەمبەر بەرم بدە، ئەفسەرەکە بێئەدەبی کرد بەرامبەر پێغەمبەر صلی الله علیەوسلـم، لـەوکاتەدا لاوی جەربەزەی گەڕەکەگوێی لێبوو دارێکی کێشا بەسەری ئەفسەرەکەداو وتی: ئەبو القاسم ئەوەش لـەپێناوی چاوانی تۆدا.

ئەفسەرەکە سەروچاوی خەڵتانی خوێن بوو، لاوەکەش رای کرد لای شێخ ئەحمەد حارون خۆی حەشاربدات، شێخ ئەحمەد وتی: برۆ خۆت بدە بەدەستەوە لای پۆلیس و مەترسە، کەچوو گرتیان ودوایی قازیەکی فەڕەنسی دادگایی کرد و وتـی: لێت خۆش دەبین بەمەرجێك جارێکی تر وانەکەیت، ئەویش وتی: سوێند بەخوا ئەوەی

قسه به موحەممەد بلێت هەمان شتی لێدەکەم. قازییەکە پێکەنی و وتی: بڕۆرەوە ماڵی خۆت.. ئەمەش ئاشکرایە بەرەکەتی دوعای شێخ ئەحمەدبووەئەگینا بەئاسانی رزگاری نەدەبوو.

دکتۆر مستەفاسباعی عەمیدو دامەزرێنەری کۆلێژی شەریعە لە دیمەشق، ماوەیەك چاودێری گشتی برایان بوو لەسوریا، موجاهید بوو دژی داگیرکەران لەسوریاو فەڵەستین، تووشی نەخۆشی بوو پزیشکەکان خوێندنەوەونووسینیان لێ قەدەغەکرد بەوەشەوە کەلەحاڵەتێکی رۆحی زۆر بەرزدا بوو کتێبی (هکذا علمتني الحياة) ی نووسی، ژنەکەی پەنجا ساڵ دوای خۆی مرد کەویستیان لایەوە قەبری بۆهەڵبکەنن لاشەی دکتۆر موستەفا دەرکەوت دەتووت ئەوسەعاتە مردووە گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو، جادکتۆر کەبۆخۆی ئەولیای خوابوو دەڵێت: شێخ ئەحمەد دڵ بەئامۆژگارییەکانی زیندوودەکاتەوەو تەصەوف بەکارناهێنێ بۆ پارەپەیداکردن.

جارێك لەگەڵ دکتۆر مستەفا زەرقادا سەردانی دەکەن، سەرسام دەبن بەزانست وزانیارییەکەی بۆیە دەڵێێن: (ياحارون، انا بك حائرون)ئەی حارون ئێمە سەرسامین بەتۆ.

دکتۆر گۆڤاری (الحضارة الإسلامية)ی دەردەکرد وتارێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (هكذا العلماء الربانيون) کەتیایدا باشی شێخ ئەحمەدی کرد بەتەماش بوو کە کتێبێك لەبارەی ئەولیاکانی شامەوە بنووسێت مردن بواری نەدا ئەوکارەبکات.

جا دکتۆر مستەفا سباعی دەڵێت: جارێك لەشێخ ئەحمەدم پرسی: من پێمناخۆشە بەهۆی سەرقاڵیمەوە بەکاری سیاسی و رۆژانەی هاووڵاتیانەوە کاتی پێویستم نیە بۆ پەرستش و خەڵوەت لەگەڵ نەفسی خۆمدا، ئەویش کەهەرگیز لەوبڕوایەدا نەبووم ئەوەندە ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان بێت وتی: پەشیمان مەبە لەوەی دەیکەیت، چونکە ئەوە پاداشتی کەمتر نیە لەشەونوێژو خەڵوەت و پەرستش.

شێخ ئەبوحەسەنی نەدەوی سەردانی کردو کەگەڕایەوە هیند سێ وتاری لە گۆڤاری (البعث الإسلامي) لـەسەر بلاّوکردەوە..






**نوێژو دەرچوون لە بازنەی داخراو: یەکەم:**

لەبازنەیەکی داخراوداین و لەبواری رۆحیدا پێشناکەوین و سەرناکەوین، ئەوەی من لێی حاڵی بووبم هۆکاری سەرەکی گرنگی نەدانە بەنوێژبەوجۆرەی کەخواو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەیانەوێت، مەگەر پەروەردگار نافەرموێت: سوژدەببەو نزیك ببەرەوە. (واسجد واقترب)..

یەکێك لەقۆناغەکانی مەی حەرامکردن بەرتەسکردنەوەی کاتی خواردنەوەی بوو، بەوەی کەنابێت بەمەستی توخنی نوێژبکەون تابزانن چی دەڵێن( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ.. النساء )، دەوەرە ئێستا سەرژمێرییەك بکە لەسەدا چەندی نوێژخوێنان دەزانن دەڵێن چی؟؟ زۆریان هەردەڵێی سەرخۆشن و هیچ دەرەجەیەك لەسەرنوێژەکانیان وەرناگرن..

زۆر لەبانگخوازان و بۆخوا سوڵحاوان باسی گرنگی نوێژیان کردووە، بەلای منەوە دکتۆر ئەحمەد بەسام ساعی کە خەڵکی سوریایەو لەبەریتانیا سی ساڵە مامۆستای زانکۆیە ئەوەی لەپەڕاوی دووبارە دۆزینەوەی دووەم پایەی ئیسلام دا نووسیوویەتی ناوازەیەو هەموو هەقە بیخوێنینەوە، برایەك لەبەریتانیاوە چوو بۆحەج لەرێی ماسنجەرەوە ناسیم و داوای ئەو کتێبەم لێکرد بۆی ناردم، ماڵی ئاوابێت، ویستمان بیکەین بەکوردی، سوپاس بۆخوا سەنتەری زەهاوی کاك دکتۆر حوسەینیان راسپارد بۆئەوکارەو ئێستا بەکوردی لەبەردەستایە، جابەلای بەندەوە ئەوە یەکێکە لەهەرەکتێبە زەرورەکان کەبیخوێننەوە، بۆئەوەی لەوبازنە داخراوە ئیمانیە دەرچن و پشت بەخوا پلەوپایەی ئیمانیتان بەرزبێتەوە..

## نوێژ ودەرچوون لەبازنەی داخراو: دووەم:

سورەتی فاتیحە ئەو گفتوگۆیەیە کە خوا بۆی دیاریکردووین و دەبێت لەهەموو ڕکاتێکدا بیخوێنین و نوێژ بێ خوێندنی فاتیحە دروست نیە . خوای گەورە فاتیحەی بەشکردووە لەنێوان خۆی و ئێمەدا، بۆیە دەبێت بزانین دەڵێین چی، دکتۆر ئەحمەد بەسام ساعی دەڵێت: داوەتیان کردم وتاربدەم منیش کەچوومە سەردوانگەکە لەسەر لاپەڕەیەك بەپەلە چەند شتێکم خوێندەوە و ئنجا وتم: داوای لێبوردن دەکەم کارم هەیە دەبێ بڕۆم، هەموو ئەبڵەق بوون و لەدوانگەکە دابەزیم..هەموو کۆمەڵێك پرسیار لایان دروست بوو ئەمە یانی چی ؟ئەگەر کارت هەبوو بۆهاتیت؟

چوومەوە سەر دوانگەکەو وتم: ئەوەی من لەگەڵ ئێوەکردم و لاتان سەیربوو، من وئێوەش رۆژی بەلای کەمەوە حەڤدەجارئەوە بەرامبەر بەخوادەکەین، دێین لەحزوری خوادا دەوەستین و بەپەلە چەند شتێك دەڵێین و خەیاڵمان لای هەمووشتێکە خواو نوێژەکە نەبێت..ئنجا کەوتمە باسی گرنگی فاتیحەو نوێژ کە گرنگترین هۆکارە بۆ نزیکبوونەوەمان لەخوا و بەرزبوونەوەی پلەی ئیمانیمان.

پیاوێك نوێژێکی پەلەی کردو سەروەرمان صلى الله عليه وسلم کەبینی پێی فەرموو: بڕۆ نوێژەکەت بەچاکی بکە چونکە ئەوە نوێژنەبوو کردت، چوو نوێژی کردەوەو هەمان شتی پێفەرموو، جاری سێیەمیش بەهەمانشێوە، ئنجا رێنمایی کرد کەلەسەرخۆ نوێژبکات و هەقی هەموو جووڵەکانی نوێژەکە بدات..خۆشەویستمان دەفەرموێت: خراپترین دزی ئەو دزییەیە کەلەنوێژدەکرێت و حەقی خۆی نادرێتێ..

خۆشەویستمان صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو نوێژ بیلبیەی چاومەو لەنارەحەتیەکاندا دەچوو نوێژی دەکرد، نوێژ تەنانەت لەکاتی جەنگ و ووبەڕووبوونەوەی دوژمنانیشدا بەشێوەیەکی تایبەت کەقورئان باسی کردووە نوێژی ترسە دەبێت بکرێت، خۆشەویست لەدواساتەکانی ژیانیشیدا فەرمووی نوێژەکانتان، نوێژەکانتان..

بانگخواز دکتۆر عبدالمحسن الأحمد دەڵێت، ئەگەر کەسێك خۆت یا منداڵێکت لەمردن رزگاربکات، چۆن لەناخی دڵتەوە سوپاسی دەکەیت دەبێت ئاواش سوپاسی خوابکەیت و بڵێیت (الحمد لله)..

بەڕاستی بۆئەوەی پلەی ئیمانیمان بەرزبێتەوە ونزیك بینەوە لەخوای پەروەردگار دەبێت گرنگی بەنوێژەکانمان بدەین..خوایە وامان لێبکە نەك تەنها سەرمان لەسوژدەدا بێت بەڵکو دڵیشمان سوژدەیەك ببات و تاقیامەت لەسوژدەدا ببێت..



## رکوع و سوژدەی ناتەواو:

خۆشەویستمان دەفەرموێت کەسێك شەست ساڵ نوێژدەکات لێی وەرناگیرێت لەبەرئەوەی رکوع و سوژدەی ناتەواوبووە کەئەوەش خۆشەویست بەخراپترین دزی دادەنێت کاتێك کەسێك هەقی ئەرکانەکانی نوێژەکەی نادات( إنَّ الرجلَ لیُصلِّي ستِّینَ سنةً و ما تُقبَلُ له صلاةٌ، لعله یتمُّ الرکوعَ، ولا یتمُّ السُّجودَ، ویتمُّ السجودَ ولا یتمُّ الرکوعَ –الراوي: أبو هريرة – الألباني – المصدر: صحيح الترغيب الصفحة أو الرقم: 529خلاصة حكم المحدث: حسن ).

**مێژووی بانگەواز: یەکەم**

قورئان باسی مێژووی بانگەوازی پێغەمبەران ئەکات سەلامی خوایان لێبێت، کەئەوەش بۆ دڵقایمی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم )وبرِوادارانە چونکە هەمان مێژوو بۆ ئەمانیش دووبارە دەبێتەوە (وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (120)هود).

حەزرەتی موسا سەلامی خوای لێبێت حەفتا کەسی هەڵبژاردو لەگەڵ خۆیا بردنی بۆ کێوی (طور). وَاخْتَارَ مُوسَى قَوْمَهُ سَبْعِينَ رَجُلًا لِمِيقَاتِنَا.. 155الأعراف..

لەو حەفتایەش دوانزە نەقیبی هەڵبژارد کەسەرەوکاری گەلەکەی بۆبکەن(وَلَقَدْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا–12 المائدة ).

مێژووەکە دووبارەبۆوە حەزرەتی عیساش سەلامی خوای لێبێت دوانزە حەواری هەڵبژارد کە پەیامەکەی بگەیەنن (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا أَنْصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنْصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنْصَارُ اللَّهِ فَآمَنَتْ طَائِفَةٌ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَتْ طَائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ (14)الصف ).

واتە: ئەی موسڵمانان ببنە ئەنصاری خوا، هەروەك عیسای کورِی مەریەم بە حەوارییەکانی وت: کێ ئەنصاری منە بۆ سەرخستنی دینی خوا؟ وتیان: ئێمە ئەنصاری(ئایینی) خوداین. جا (لە ئەنجام دا) دەستە و تاقمێك لە بەنی ئیسرائیل ئیمانیان هێنا، وە دەستەو تاقمێك کافر بوون. ئێمە ئیماندارانمان (لەئوممەتی موحەمەدهێنا )دژی دوژمنانیان کۆمەکمان کردن تابەسەر بێباوەرِاندا سەربکەون. ئەوە بوو ئەوان پیرۆز بوون.

سەروەرمان صلى الله عليه وسلم باسی ئەم بانگەوازە دەكات كەوەك ئەوەیە كەسێك بینایەك دروست بكات و كەسانێك بهێنێ كاری بۆبكەن، تانیوەڕۆكاری بۆبكەن و هەقی خۆیان بداتێ و بڕۆن كەئەوانەش جوولەكەكانن، ئنجا كۆمەڵێكی دیكە بێنێ ئەوانیش تا عەسر ئیشی بۆبكەن وهەقی خۆیان وەربگرن كەئەوانیش مەسیحیەكانن، ئنجا كەسانێكی دیكە بهێنێ لەعەسرەوە تاخۆرئاوابوون كاری بۆبكەن وكارەكە تەواوبكەن، كەئەوەش موسڵمانانن و دووئەوەندەی ئەوانیش كرێیان بداتێ..

إنَّما أَجَلُكُمْ في أَجَلِ مَن خَلَا مِنَ الأُمَمِ، ما بيْنَ صَلَاةِ العَصْرِ إلى مَغْرِبِ الشَّمْسِ، وإنَّما مَثَلُكُمْ وَمَثَلُ اليَهُودِ، وَالنَّصَارَى، كَرَجُلٍ اسْتَعْمَلَ عُمَّالًا، فَقالَ: مَن يَعْمَلُ لي إلى نِصْفِ النَّهَارِ علَى قِيرَاطٍ قِيرَاطٍ، فَعَمِلَتِ اليَهُودُ إلى نِصْفِ النَّهَارِ علَى قِيرَاطٍ قِيرَاطٍ، ثُمَّ قالَ: مَن يَعْمَلُ لي مِن نِصْفِ النَّهَارِ إلى صَلَاةِ العَصْرِ علَى قِيرَاطٍ قِيرَاطٍ، فَعَمِلَتِ النَّصَارَى مِن نِصْفِ النَّهَارِ إلى صَلَاةِ العَصْرِ علَى قِيرَاطٍ قِيرَاطٍ، ثُمَّ قالَ: مَن يَعْمَلُ لي مِن صَلَاةِ العَصْرِ إلى مَغْرِبِ الشَّمْسِ علَى قِيرَاطَيْنِ قِيرَاطَيْنِ، أَلَا، فأنْتُمُ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ مِن صَلَاةِ العَصْرِ إلى مَغْرِبِ الشَّمْسِ، علَى قِيرَاطَيْنِ قِيرَاطَيْنِ، أَلَا لَكُمُ الأجْرُ مَرَّتَيْنِ، فَغَضِبَتِ اليَهُودُ، وَالنَّصَارَى، فَقالوا: نَحْنُ أَكْثَرُ عَمَلًا وَأَقَلُّ عَطَاءً، قالَ اللَّهُ: هلْ ظَلَمْتُكُمْ مِن حَقِّكُمْ شيئًا؟ قالوا: لَا، قالَ: فإنَّه فَضْلِي أُعْطِيهِ مَن شِئْتُ.

الراوي: عبدالله بن عمر | المحدث: البخاري | المصدر: صحيح البخاري

(ابن كثیر)لەتەفسیرەكەیدا دەڵێت: كاتێك هەندێ لەبەنی ئیسرایل بڕوایان بە حەزرەتی مەسیح هێنازۆربەی جوولەكەكان دژایەتیان كردن تاسەرئێسقان، ئنجا دەستیان وەردایە ئینجیلەوەو هەرچی بیروڕای سەقەت وكوفرە خستیانە ناویەوە.

ئەوانەی یەکتاپەرست بوون تەفروتونایان کردن کەپێیان ئەوترا ئەریسیەکان، خوای گەورە کە درێژە پێدەری پەیامی راستی پێغەمبەرانە سەروەرو هاوەڵانی نارد کەهەق و راستی سەربخەن وبیناکە تەواوبکەن کەبەئەنصارەکانی حەزرەتی عیسا نەکرا.

جا وردبنەوە زەمانی حەزرەتی موسا حەفتا کەس هەڵدەبژێردرێن وپەیمانیان لێوەردەگیرێت، زەمانی سەروەریش حەفتا کەس دێن لە مەدینەوەو پەیمان ئەدەن بۆسەرخستنی ئیسلام، ئنجا وەك شوێنکەوتووانی حەزرەتی موساو حەزرەتی عیسا دوانزە نەقیبیان لێهەڵدەبژێرێت، ئنجا ناویان دەنرێت (ئەنصار)وەك ئەنصارەکانی حەزرەتی عیسا.. ئەم لێکچوون و دووبارەبوونەوەیە قەدەری خوایەو وانەو پەندی زۆری تیایە..

## مێژووی بانگەواز: دووەم

وتمان: ئوممەتی ئیسلام دوا ئوممەتن هاتوون کاری بانگەواز بەجێبگەیەنن، پاداشتیان دووئەوەندەی ئوممەتەکانی ترە، کەئەوەش فەزڵی خوایە .

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان شوێنکەوتووانی حەزرەتی موساو حەزرەتی عیساو سەروەرماندا سەلاًت و سەلامی خوایان لەسەر بێت، سەرسام دەبین بە دامەزراوی و گیانفیدایی هاوەڵانی خۆشەویستمان .

شوێنکەوتووانی حەزرەتی موسا سەلامی خوای لێبێت ئەمەندە ئازاریان دا پێی فەرموون: ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِي وَقَدْ تَعْلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (5)﴾ الصف. ئەی گەلەکەم بۆئازارم دەدەن لەکاتێکدا کەدەزانن من پێغەمبەری خوام.

ئەوان زۆر بەزەحمەت پەیمانیان لێوەرگیرا قورئان لەوبارەیەوە دەفەرمویێت: وَإِذْ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّوا أَنَّهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُمْ بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُوا مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (171)الأعراف.. وە بیری بەنی ئیسرائیل بێنەوە ئەو کاتەی کە چیای توورمان لەسەر سەریان ڕاگرت. دەتووت ئەو کێوە ساباتە و هەورەبەسەر سەریانەوە. وە ئەوان لایان وابوو بە سەریان دا دەکەوێ. لە ئەو کاتی ترس و هەراسە دا پێمان وتن: ئەوەی لە تەورات دا پێمان داون توند بیگرن و ڕەفتای پێبکەن، وە ئەوەی تێیدایە لە یادتان بێ و بەرنامەی ئاکاری ژیانتان بێ بەڵکو پارێزگار بن.

دەی حەفتا ئەنصارەکەی مەدینە کەهاتبوون پێویستیان بەترساندن نەبوو تا باش پەیمانەکە وەربگرن، خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم پەیمانی لەگەڵ بەستن کە خواپەرستن و هاوەڵگەرایی نەکەن و چۆن ماڵ ومناڵیان دەپارێزن ئاوا ئەویش بپارێزن، وتیان: باشە ئەوەمان کرد چیمان بۆهەیە ؟فەرمووی: بەهەشت، لەسەر ئەوە بەیعەتیان دا. جاکاتی حەج بوو وتیان: ئەگەر فەرمانمان پێدەدەی بەیانی پەلاماری کافران دەدەین ئەوەندە ئامادەو گیان لەسەردەست بوون، فەرمووی: نەخێر فەرمانم بەوە پێنەدراوە.

هاوەڵانی حەزرەتی موسا کە لەدەریاکە پەڕینەوەوئەوموعجیزە گەورەیەیان بینی کە فیرعەون و سەربازەکانی تیاچوون، کۆمەڵێکیان بینی بت دەپەرستن داوایان لەحەزرەتی موسا کرد پەرستراوێکی ئاوەهاش بۆئەوان فەراهەم بینێت،ئەویش پێی فەرموون: بەڕاستی ئێوە گەلێکی نەفامن .

لەلای شاخی توووریش هەڵبژێردراوەکانیان وتیان: ئەمانەوێ خوا ببینین، ئنجا کەویستیان بچنە بەیتول مەقدیسەوە، تەنها دوانیان قایل بوون بچن ونەترسان ئەوانی دیکە وتیان: بڕۆ خۆت و خواکەت بجەنگن ئێمە وا لێرە دانیشتووین(قَالُوا يَا مُوسَى إِنَّا لَنْ نَدْخُلَهَا أَبَدًا مَا دَامُوا فِيهَا فَاذْهَبْ أَنْتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلَا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ

(24)المائدة)، کەچی هاوەڵأن لـەبەدرا ڕێك بەپێچەوانەی ئەمانەوە وتیان: ئێمە وەك ئەوانت پێناڵێین، بفەرموون خۆت و پەروەردگارت بجەنگن و ئێمەش لـەگەڵتانین.

## مێژووی بانگەواز: سێیەم

هەروەك چۆن هاوەڵأنی حەزرەتی موسا سەلامی خوای لێبێت پەیمانەکەیان نەبردەسەر هاوەڵأنی حەزرەتی عیساش سەلامی خوای لێبێت هەروابوون، نەیانتوانی پەیامەکە بگەیەنن و مەسیحیەکان بوون بەچەند دەستەو تاقمەوە کەزۆریان سەریان لـەهاوەڵگەراییەوە دەرچوو.

هاوەڵأن تادواپلـە گیانفیدابوون، تەنانەت لـەجەنگی ئوحودا کە موسڵمانان شکان و مەترسی کەوتە سەر گیانی رەسول الله درعەکەی خۆی کە زەرد باو بوو دای بە کەعبی کوڕی مالیك بیپۆشیٚ و ئەوەی ئەوی لـەبەرکرد تاسەر لـەکافران تێك بدات، ئیتر هێرشەکان بۆسەر کەعب بوون وەیانزانی سەروەرمانەو بەوەش لـەحەڤدە شوێنەوە برینداربوو. جا نەك پیاوان ئافرەتانیش لـەلوتکەدابوون، ئافرەتێك باوك و براو مێردی شەهیدبوون، هەواڵی سەلامەتی سەروەری پرسی ؟وتیان ئەوسەلامەتە،وتی: هەموو موسیبەتێك دوای سەلامەتی ئەو ئاسانە..

ئوم عیمارە لـەئوحودا دیفاعی لـەخۆشەویستمان دەکرد تا بەشمشێر شانیان شکاندوخەڵتانی خوێنیان کرد، کوڕەکەی هات بەلایەوە، وتی: واز لـەمن بێنە بڕۆ بەلای خۆشەویستمانەوە(صلی الله علیه وسلم)، ئەوەندە قارەمان بووخۆشەویست پێی فەرموو: کیٚ بەرگەی ئەوەی تۆ دەگرێت ئوم عیمارە، وتی: بەرگەی لـەوە زیاتریش دەگرم و دەمەوێت هاوەڵت بم لـەبەهەشتا..هاوەڵأن ئەوەندەیان بەسە کەلـەسەد ئایەتدا خوا وەسفیان دەکات کەئەمە یەکێکە لـەوانە:( مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ

وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنْجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْأَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا )الفتح 29

**پیاوی قەدەر:**

**خوای گەورە بەحیکمەتی خوایەتی خۆی پاش کۆچی سەرداروسەروەرمان صلی الله علیه وسلم نوێکەرەوە دەنێرێت هەمووسەری سەد ساڵێك بۆئەوەی سەرلەنوێ پەیامەکەی بدەنەوە بەگوێی خەڵکیداو کوانووی ئیمانیان بگەشێننەوە.**

**زانایان عومەری کوڕی عبدالعزیزو ئیمامی ڕەببانی و گەیلانی و... هتد بە نوێکەرەوەو پیاوی قەدەر دادەنێن، لەسەدەی بیستیشدا بەنناو مەودودی و نوورسی بەپیاوی قەدەرو نوێکەرەوەی ئاین دادەنرێن.**

**ئەبوحەسەنی نەدوی لەهیندستانەوە بەننا بە بانگخوازێکی عەبقەری ناوزەد دەکات، شێخ عومەر تەلمەسانی بە (قائد ملهم موهوب) وەسفی دەکات .**

**شێخ محمد غەزالی کە بە ئەدیبی دەعوەناسراوەودەیان پەڕاوی بەنرخی ئیسلامی هەیە دەڵێت:**

**من یەکێکم لەوانەی هاوەڵێتی حەسەن بەننای کردووەو لەسەردەستیا پەروەردەبووم و سوودم لەزانستەکەی وەرگرتووە،من ئەوساو ئێستاش قوتابی بەننام،وانەکانیم لەیادەو پێبەپێی ئەو دەڕۆم وسوود لەئەزموونەکانی وەردەگرم.**

**من زۆر دڵخۆشم بەدوعاکەی بۆم و بەوەی کەلێم رازی بوو. من ئەو پێشەوا شەهیدە بەلوتکەی فیقهی ئیسلامی دەزانم و، بەبیناکاری ئومەتەکەمی دەزانم کە**

موحتاجی پیاوبوو! بگره بەلای منەوە بێگومان نوێکەرەوەی سەدەی چواردەی کۆچیەولەدوای خواوە فەزڵی گەورەی هەیە لەسەرم لەرێنمایی و رۆشنبیریمدا.

خاوەنی (في ظلال القرآن) یش شەهیدی رێی خواناسین سەید قوتب دەڵێت: قەدەرێکە کە پێشەوا بەننا نازناوی بەنناى هەیە کەبەراستی ئەو عەبقەری بوو لەبیناکردن دا..

دکتۆر یوسف قەرزاویش کەلە یەکی سەرەتایی دەبێت و بەننا بەرەحمەت بێت دەچێتە شاری تەنتاو وتاردەدات و ئەمیش لەگەڵ خزمەکانیا ئامادەدەبێت ئەوەندە پێی سەرسام دەبێت قسەکانی هەمووی لەبەردەڵێتەوە کەئەوەش دەبێتە مایەی سەرسورمانی خزمەکانی.. لەو رۆژەوە بەننا دڵی ئەم لاوە دەبات وبەئاواتەوە دەبێت سانەوی ئەزهەر تەواوبکات و بێتە قاهیرە تا لەبەننا نزیك بێت کەبەداخەوە لەتەمەنێکی زوودا شەهید دەکرێت.

دکتۆر قەرەزاوی بەننا وادەبینێت چەند کەسایەتیەکەو لەکەسێکدا کۆبوونەتەوە، وەدەڵیّ: دوورِوودا ولەژیانیا کاریگەریان زۆربووە لەسەری گەیشتنی بەپێشەوا بەنناو مردنی دایکی . هەروەها دەڵێت: پێشەوا بەننا پیاوی بیناکردن بوو نەك رووخاندن، پیاوی کردار بوو نەك گوفتار، پیاوی واقیع بوو نەك خەیاڵ.ئەو توانی بەعەقڵیەتێکی سەلەفیەوە و بەرۆحێکی صۆفیەوە کۆمەڵەیەك بینا بکات کەهەر لە تەمەنی خۆیدا نیوملیۆن کەس بوون و ئێستاش زیاتر لەسەدملیۆن کەسن لەهەر حەوت کیشوەرەکەداو بەدەیان هەزار پزیشك و بەدەیان هەزار ئەندازیارو زانایان هەیە لەهەموو بوارەکاندا لەگەڵ ئەو هەموودژایەتیەی کەدەکرێن، ئەمەریکاو رووسیاو چین و گشت سەرۆکەکانی دونیا دوژمنیانن (الا مارحم ربی) وکار بۆ نەمانیان دەکەن، بەلاّم وەك شێخ موستەفا سباعی دەڵێت: ئەو نەوەیەی دەستی خوا بیچێنێت دەستی مرۆڤ ناتوانێت بیدرویێتەوە..

**جێ بەخۆیان ناگرن لەناو پێخەفدا:**

خوای پەروەردگار باسی بڕوادارە تەواوەکان دەکات کە جێ بەخۆیان ناگرن لەناو پێخەفداو کەم دەخەون و شەونوێژ ئەکەن ( تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (16)السجدة ).. دەڵێن: مامۆستا ناسری سوبحانی خەوەکەی هەرئەوەندەبووە کەبەسەر کتێب خوێندنەوەدا خەوی لێکەوتووە.. دکتۆر قەرەزاویش باسی پێشەوا بەننا دەکات و دەڵێت: لە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم کە بەننا هات بۆ تەنتا، شەوێك پورزاکەم کەلە سانەوی بوو وتی: تۆ بڕۆ بخەوە ئێمە دەچین بۆ وتاری بەننا کە لەبارەی سەری ساڵی کۆچیەوە قسەدەکات، وتم: منیش دێم، وتی: ئاخر زۆردەخایەنێت، وتم: قەیناکە، حەزدەکەم گوێبیستی وتارەکەی بم ولەکیسم نەچێت، پورزاکەم بەهاوەڵەکانی وت: دیارە سوورە لەسەرهاتن، ئەوانیش وتیان: وازی لێبێنە بابێت بەڵکوئەوەی دەیبیسێت بۆداهاتووی بەسوود بێت.

وتارێکی دا کە بۆئامادەبووان تازەبوو، هەموو تینووی قسەکانی بوون . کە گەڕاینەوە پورزاکەم و هاوەڵەکانی وتیان: چی لەوتارەکەی شێخ تێگەیشتی ؟ منیش زۆربەی قسەکانیم بۆ وتنەوە، زۆر لایان سەیربوو، وتیان: ئەڵێی بۆت نووسراوەتەوەو دەیخوێنیتەوە.

عاشقان ئەڵێن لەیەکەم چاوپێکەوتنەوە عاشق بوون، منیش لەیەکەم وشەیەوە عاشقی بەننا بووم .

بەنناش یەکێ بوولەوانەی کەزۆرخۆی ماندووەدەکردو کەم دەخەوت، بەڵام کەی بیویستایە بخەوێ بۆسەعاتێ یان زیاتر دەخەوت و لاتەنیشتی بیزرابوو لەناوجێگا وزوو هەڵدەستایەوەو، دەیووت: ئەگەرخوا یەکێکی خۆش ویست خەوی بۆ (موسەخەر) رام دەکات.

مامۆستا عومەرتەلمەسانی دەڵێت: ڕۆژێکیان لەگەڵیا بووم تاشەو درەنگ خەریکی وتاردان و چاوپێکەوتن بوو، شەو کەویستمان بخەوین وچووینە ناوجێگاوە، ناوبەناو دەیووت: مامۆستا عومەرخەوتیت؟یەك دووجار وەڵامم دایەوەو ئیتر خۆم کرد بەنووستوو، تومەز دیویست من ئیحراج نەکات، خۆی هەستا بەئەسپایی وکەوتە شەونوێژو پاڕانەوە لەخوا..

دیارە ئەو بەرەکەتەی لەکارەکانیدا هەبوو بەهۆی ئەو شەونوێژو خواپەرستیەیەوە بوو کەگوێی بەخەوو ماندووبوون نەدەدا لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکەی خوادا.

## حەکیمی ئیسلام تەنتاوی جەوهەری:

ناوبراو ساڵی 1870 لەدایکبووە لەمیسرو ساڵی 1940 کۆچی دوایی کردووە، زانایەکی مەوسوعی ئەزهەر بووەو شارەزایی هەبووە لە زانستی هەمەجۆردا وئینگلیزیەکی باشی دەزانی و تەنانەت شارەزایی هەبووە لەمۆسیقاشدا، تەفسیرێکی نووسیوە بەناوی (الجواهر في تفسير القرآن لكريم)لەساڵی1922 تا ساڵی 1935کە بیست وشەش بەرگەولایەنی ئیعجازی زانستی لەئایەتەکانی قورئاندا بەیان کردووە، زەعیمی میسری مستەفا کامیل بەحەکیمی ئیسلام ناوزەدی دەکات. ئەم زانایە دژی داگیرکەران تێکۆشاوەو بەشداری کردووە لەورێکخراوو کۆمەڵانەی ئەوسەردەمەی خۆیداو دەستباربووەوهەوڵی داوە بۆئاشتی جیهانی وهەڵبژێردراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بەڵام بەکۆچی دوایی نەگەیشتە ئەو خەڵاتە.

زۆر لە بیریارەکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتناسان سەرسامم بوون بە تواناکانی و (کرادیفۆ) لەکتێبی (مفكروا الاسلام)دا دەڵێت: ئەزهەر سێ چرای بەرهەمهێنا، محمد عەبدەو ریفاعە تەهتاویوتەنتاوی جەوهەری).

هەرچەند تەمەنی زیاتر بووە لـەپێشـەوا بەننا دەچێتە لای و دڵـنیا دەبێت کە مەنهەجی ئیخوان بۆخواسوڵـحانەو تێگەیشتنێکی گشتگیرە بۆئیسلام، بەیعەت دەدا بە پێشەوا بەننا، هەرچەند بەننا تکای لـێدەکات کە ئەو ببێتە رابەری برایان ناوبراو بەننا بەشیاوتر دەزانێت بۆ رابەری کۆمەڵـەی برایان و ئەم دەبێتە سەربازێکی بەئەمەکی برایان. ناوبراو دەبێتە نوێنەری برایانی قاهیرە لـەکۆنفرانسی مەجلیسی شورای برایاندا ساڵـی 1935و وەبووە رەئیسی تەحریری رۆژنامەی (الإخوان المسلـمون).

هەندێ لـەزانایان پێیان سەیربووبەوهەموو لـێهاتوویەوە بەیعەتی داوە بە بەننا، ئەویش وتی: ئەوەی من دەیزانم بتانزانیایە لـەبارەی ئەو کەسایەتیەوە خۆتان نەدەگرت و بەیعەتتان پێدەدا بۆ سەرخستنی ئیسلام،بەلای منەوە بەننا تێکەڵـەیەکی سەیرە لـە تەقواو وشیاری سیاسی، ئەو دڵـی عەلی و عەقڵـی موعاویەی هەیە،ئەو توانیویەتی بۆ بانگەوازی هوشیاربوونەوە (جوندیەت) زیادبکات و بۆ بزاوتی نیشتمانپەروەریش ئیسلام زیادبکات. رەحمەت وبەرەکەتی خوا لـەسەر هەموو ئەوانەبێت کەرۆژێك لـەرۆژان خزمەتێکیان بەو پەیامەپیرۆزە کردووە..

**مەحمود عبدالحلیم:**

لەپەڕاوەکەیدا (الإخوان المسلمون أحداث صنعت التأريخ)دا دەڵێت: کەدایکمان خاتوو عائیشە وەسفی سەروەرمان دەکات صلی الله علیه وسلم کە (کان خلقه القرآن) ئەوکاتە بەتەواوی تێگەیشتم کە پێشەوا بەننام ناسی چونکە ئەویش لە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا شوێنکەوتەی قورئان بوو.

کەسم نەدیوە وەك ئەوبێت لەلەبەرکردنی قورئاندا، ئەوکاتانەی کە سەفەرمان دەکرد زۆرجار چاوی دەنوقاندو دەوری قورئانی دەکردەوە، زۆر بەسانایی بۆهەرباس و پێشهاتێك نموونەی بەئایەت دەهێنایەوە، ئەو کاتەی منیش قورئانم هەموو لەبەرکرد تێگەیشتم قورئان لەبەرکردن شتێکەو بەکارهێنانی ئایەت لەشوێنی خۆیدا شتێکی ترە، خۆمن دەیان جار قورئانم دەورکردۆتەوەو بۆکەسانی دیکەم خوێندووە، بەلاّم هەرگیز ئاوا ئایەتەکان بەدەستمەوە بەئاسانی نەدەهاتن وەك پێشەوا بەننا.

قورئانێکی مامناوەندی پێ بوو لەسەر ئەوە دەیخوێندو تێبینی وتێگەیشتنی خۆی لەسەرتۆماردەکرد، ئەو زۆر باش لەقورئان و مەبەستەکانی دەگەیشت، پێموت: چ تەفسیرێك بخوێنمەوە ؟

وتی: بەقسەی من دەکەیت هیچ تەفسیرێك مەخوێنەوە، هەندێ وشە هەیە کە پێویست بێت ماناکانیان وەربگرە وخۆ ژیاننامەی سەروەریش شارەزایت، بەوانەوە خۆت هەوڵ بدەلەقورئان حاڵی ببیت و تەدەبوری بکەیت چونکە قورئان خوا ئاسانی کردووە.

کاتێك بەننا دێتە قاهیرە برایەك بەناوی ئەحمەد سەراوی ئەناسێت، رۆژێك ئەحمەد سەراوی داوای لێدەکات پێکەوە بچن بۆکارێك ئەویش دەچێت لەگەڵیا، دەیباتە شوێنێك وەك نۆرینگە وابوو، دادەنیشن وبۆماوەیەکی زۆر خاوەن نۆرینەگەکە سەیری

بەننا دەکات، بەنناش ئاگای لەهیچ نیەو بەلایەوە ئەو تێڕوانینە سەیردەبێت، تومەز ئەحمەد سەراوی گرەوی کردووە لەگەڵ ئەوکەسەدا کەبەتواناترین کەسە لەمیسردا لەبواری خەولێخستنی موگناتیسی دا، گوایە ئەگەر بتوانیت کاربکاتە سەر بەنناوخەوی لێبخات ئەوەو ئەوەی دەداتێ، سەرەنجام لایەنی رۆحی بەننا ئەوەندەبەرزدەبێت کابرا ناتوانێت کاری تێبکات و دەڵێت: ئەگەر زیاتر سەیرم بکردایە ئەوەندە رۆحیەتی بەهێزەئەوخەوی لەمن دەخست..

بەننا لە کۆلێژی دار العلوم یەکەم بوو، عادەتیش وابوو یەکەمەکان بنێرێن بۆدەرەوەی وڵات بۆ خوێندن کەچی ئەوساڵە ئەویان نەنارد، خوا ئیرادەی خێری پێی بوو، بەڵێ بەننا بەرەحمەت بێت ئەو قەدەرە بوو کەخوا لەکاتی پێویست و ساعەی صفردا هێنای تا موسڵمانان هۆشیاربکاتەوەو بیانکاتەوە بە دۆستی خواو پەیامەکەی..

**بانگخواز گەورەترە:**

مەحمودعبدالحلیم دەڵێت: ساڵی 1938 پێشەوا بەننا داوای لێکردم هەندێك بابەتی بۆدەربێنم لەکتێبێکی تەسەوف کەبە شیعر نووسرابۆوە، رۆژێك لە بنکەی گشتی برایان خەریکی ئەو کتێبە بووم شێخ تەنتاوی جەوهەری هات بۆلام کەمن ئەوم خۆش دەویست و ئەویش منی خۆش دەویست ودەساڵ بوو بەخزمەتی نەگەیشتبووم، پاش بەخێرهاتنی وتی: ئەوە خەریکی چیت ؟

وتم: هەندێ بابەت بۆپێشەوا بەننا دەردێنم، وتی: ئادەی تۆزێکم بۆبخوێنەوە، خوێندمەوە، وتی: هۆنراوە ئاوا ناخوێنرێتەوە، عەرەب لە بازاری عوکاز ئاواخوێندویانەتەوە؟ کتێبەکەی لێوەرگرتم و بەدەنگێکی خۆش هەندێکی بۆ خوێندمەوە و وتی هۆنراوە مۆسیقای خۆی هەیە.

شێخ تەنتاوی جەوهەری کە بەحەکیمی ئیسلام ناودەبرا بەو هەموو پلەوپایە زانستیەی هەیبوو بەیعەتی دا بە پێشەوا بەننا بۆسەرخستنی ئیسلام، هەروەها وانەیەکی بۆدانابووین لەتەفسیردا لەدوای نوێژی ئێوارەوە بۆنوێژی عیشا، جا لەماڵەکەیەوە بەپێ دەهات کە دەکیلۆمەتر دووربووپێش نوێژی ئێوارەو داوای دەکرد نانێکمان بۆدەکڕی و بەتەماتەیەك وتۆزێ خوێوە دەیخوارد وئەوە بەربانگەکەی بوو . بەیانیانیش بەپێ دەچوٚوە بۆماڵە وە کەلە دەوروبەری قاهیرەبوو.

لە کتێبەکەدا چاوی بەبابەتی کەشف و کەرامات کەوت، وتی: مەحمود گوێم بۆ بگرە، کەسێك هەوڵ لەگەڵ نەفسی خۆیدا دەدات و بەخەڵوەت و پەرستش وزیکری زۆر دەگاتە پلەیەك کە بەنوری خوا دەبینێت و خوای گەورە هەندێ لەوشتانەی پیشان دەدات کەخەڵکی ترنایبینن، ئایا پلەومەقام لەوەبەرزتر هەیە؟وتم: وانازانم هەبێت، وتی: بەڵێ هەیە کەسانێك کەخوای گەورە دروستیان دەکات ودەیانهێنێ وهەڵیان دەبژێرێت لەناوخەڵکدا، کاری بەگژاچوونەوەی فەسادوستەم وگەشانەوەی کوانووی ئیمانیان پێدەسپێرێت، ئەوان برایەتی ئیمانی زیندوودەکەنەوە تابانگەوازی خوا بەهێزبێت و دەنگی بانگی خوا لەزەویدا بەرزبێت.

جائەوان هەرچەند پەردەی غەیبیشیان بۆلانەدرێت پلەیان بەرزترە، چونکە ئەوانەی کەشف و کەراماتیان هەیە بۆخۆیانەو ئەمانی تریش سوود بەخەڵکی دەگەیەنن و گەلان لەبارێکەوە دەبەنە بارێکی دیکە،جاکوڕم بزانە لەو جۆرە پیاوانە پێغەمبەرانن وەك موسا سەلامی خوای لێبێت کەلە( خضر) گەورەترە یان حەزرەتی سولەیمان سەلامی خوای لێبێت کە گەورەترە لەوەی عەرشەکەی بۆگواستەوە لە چاوتروکاندنێکدا، هەروەها هاوەڵانی سەوەرەریشمان لەوانەن و لە گەورە موسڵیحەکانیش وەك بەننا هەروان.. وتم: بۆتۆ پێشەوا بەننا ئاوا دەبینیت ؟

ئەوەش شایەتی حەكیمی ئیسلام:

مەحمود عبدالحلیم دەڵێت:

بەحەكیمی ئیسلام تەنتاوی جەوهەریم وت: بۆتۆ پێشەوا بەننا ئاوا دەبینیت ؟ وتی: بەڵێ، وتم: چۆن ناسیت؟وتی: شتم لەبارەوە بیستبوو چووم بۆلای ودانیشتم و وتم: بۆچی بانگ دەكەیت ؟وتی: بانگ دەكەم بۆلای قورئان.

وتم: وازلەوناوە پیرۆزە بێنە لەقسەماندا،ئەو ناوە پیرۆزە ستەمێكی ئاشكرای لێكراوە،هەرچی هەستابا لادەریش بووبێت لاف وگەزافی ئەوەی لێداوە بۆلای قورئان بانگ دەكات، وەلأمم بدەرەوە بەدرێژی ئەوەی بانگی بۆدەكەی لەهەموو لایەنەكانی ژیاندا، كاتێك بەدرێژی باسی بانگەوازەكەی بۆكردم زانیم كە لەسنووری پەیامەكەی خوادایە.

ئنجا كە لەو گەنجەدا بینیم بۆچوون و تێگەیشتنەكانی بۆ قورئان و شارەزایی لەمێژووداو تێگەیشتنی لەوكۆمەڵگایەی تیادەژین وزیرەكی وكەسایەتی ناوازەی وتوانای بۆكۆكردنەوەی خەڵك لەدەوری بانگەوازەكەی وئارامگری لەسەرناخۆشی و چاولەدەستی خەڵكی نەبوون وقوربانی دان بۆ بانگەوازەكەی ونەرمونیانی وخاكێتیەكەی كەلە شوێنكەوتووانی جیای ناكەیتەوە،زانیم كە ئەوانەسیفاتی ئەو سەركردەیەن كەجیهانی ئیسلامی پێویستیەتی.

بەڵێ ئەوە ئەو كەسایەتیەبوو كە گەورەترین كۆمەڵەی ئیسلامی بیناكردو خزمەتێكی گەورەیان بەئیسلام وهۆشیاركردنەوەی موسڵمانان كردووەو لەپێناویدا وا زیاتر لەنەوەد ساڵە هەزارانیان لێ شەهیدبووەو بەندكراون، 45 هەزار ئەندامیان لەسەردەمی ناموبارەكدا كۆی بەندكردنەكەیان لە ساڵی 1995 ەوە تاروخاندنی زیاترە لە پانزە هەزار ساڵ ئەمەبێجگە لەزەوتكردنی موڵك وماڵیان.

من بۆخۆم کەسوودم لەو مەدرەسە دەعەویە وەرگرتووە سەرسامم بەخۆڕاگریان وبەوئیسلامە میانڕەوەی کەپیادەی دەکەن، خۆ دیارە هەرچی بن مرۆڤن و مەعصوم نین، ئاشکرایە هەموودونیا کەدژایەتیان دەکەن لەبەرچیە، بەلاّم ئەوەی جێی داخە موسڵمانێك بۆهەرمەبەستێك بێت تانەیان لێبدات وقسەی ناحەزانیان بکاتەوەو واش بزانێت کار بۆخوا دەکات..

**دژایەتی برایان لەسەرتاسەری دونیادا:**

کاتێك ئینگلیز فەلەستینی بەخشیە جوولەکە، هەوڵی دا بەزۆرهۆکار کەمیسر دابڕێ لە عەرەب و ئیسلام و نوخبەی رۆشنبیرو دوای ئەوانیش خەڵکی واحاڵی بکات کەمیسر فیرعەونیەو زۆرهەوڵیان دەدا کە هەقیان نەبێت بەسەر فەلەستینەوە، تەنانەت پرسیار کرا لەسەرۆك وەزیرانی میسری لەبارەی فەلەستینەوە، ئەویش وتی: من سەرۆك وەزیرانی میسرم نەك فەلەستین. برایان لە روانگەی برایەتی ئیمانیەوە خۆیان بەخەمخۆری هەموو موسڵمانان دەزانی بەتایبەتی فەلەستین و خەڵکیان هۆشیاردەکردەوە لەڕێی:

یەکەم: وتاری هەینی مزگەوتەکانەوەو وتاربێژەکانی برایانەوە.

دووەم: لەرێی گۆڤاری (النذیر)ەوە کە ساڵح عەشماوی هێرشی توندی دەکردە سەر ئینگلیزو جوولەکەی داگیرکەر.

سێیەم: لەرێی بلاّوکراوەی دیکەوە کەلەکۆلیژەکان و فەرمانگەکان و چایخانەکان و شوێنەگشتیەکان بلاّویان دەکردەوەو تیایانا ستەمی ئینگلیزو جوولەکەیان ئاشکرا دەکرد.

چوارەم: داوایان دەکرد لەو مارکێتانە شت نەکڕن لەقاهیرەو شوێنەکانی دیکە کەهی جوولەکەبوون.

پێنجەم: لە ڕێی بڵاوکردنەوەی کتێبەوە لەسەر فەلەستین وەك(النار والدمارفی فلسطين).

ئەم کتێبە نزیکەی دەهەزاردانەیان بۆچاپ کردن کە هەشتا لاپەڕەبوو وە پەنجا وێنەی ستەم وئازاردانی ئینگلیزی تیابوو بۆ موجاهیدان، ( چۆن موجاهیدیان هەڵواسیوەو بێڕێزیان کردووە بەقورئان و..هتد) . کتێبەکەیان بڵاوکردەوەو حەوت سەدو پەنجا دانەیەکی مابوو حکومەت دای بەسەر بنکەی گشتیداو پێشەوا بەننا خۆی کرد بەخاوەنی و بردیان بۆ بەندکردن، دوای بیست وچوار سەعاتێك بەریان دا لەسەر فەرمانی باڵوێزی بەریتانیا کەوتبووی: باشتان نەکرد گرتووتانە، تازە ئەوان هەزاران نوسخەیان بڵاوکردۆتەوەو ئەم گرتنەشی بۆدەبێت بەپڕوپاگەندەو ئەوەندەی تر گەورەدەبێت لەبەرچاوی خەڵك.

شەشەم: کۆکردنەوەو ناردنی یارمەتی بۆ جیهادی فەلەستینی ودواتریش بەشداری کردنی فیعلی لەجەنگدا دژ بە ئیسرائیل.ئەمانەهەمووی وایان کرد کە ئینگلیزو ئیسرائیل وحکومەتە بەکرێگیراوەکان بەئاگروئاسن برایان سەرکوت بکەن وئەمەش مشتەی ناو هەمانەکەیە وکەتائەمڕۆشی لەسەر بێت بەهەموو توانایانەوە لەسەر تاسەری دونیادا دژایەتی برایان دەکرێت وکتێبەکان و چالاکیان قەدەغەیە.

لەهەمووی سەیرتر ئەوەهیچ برایانی ئیمارات هەموویان لەبەندیخانەدان، زاحی خیلفان کە پێشتر بەڕێوەری پۆلیسی ئیمارات بوو لەتویتێکدا دەڵێت: ئیخوان پاشماوەی گەلی لوتن، یەکێکیش نایکاتەنامەردی کۆمێنتێکی بۆنووسیوەودەڵێ: چوزانیت خۆخوانەخواستە یەکێکیان دەستدرێژی نەکردۆتە سەرت؟ ئەمەئەوەیە کەکوردەواری خۆمان دەڵێن: لەجێی سندان قوزەڵقورتە..

**کۆیلەکان..**

**ئەوە ناونیشانی وتارێکی بیرمەندی ئیسلام (سید قوتب)ـە کە لە بەرواری: 11/8/1952 لە ڕۆژنامەی (الرسالة) بڵاوی کردووەتەوە..**

**کۆیلەکان ئەوانە نین کە پلەبەندیە کۆمەڵایەتیەکان یان بارودۆخە ئابوریەکان بەسەریاندا زاڵ دەبێت و دەبن بە کۆیلە و ژێر دەستە، سەرکردەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن هاوشێوەی مامەڵە لەگەڵ کاڵا و ئاژەڵان، بەڵکو کۆیلەکان ئەوانەن کە پلەبەندیە کۆمەڵایەتی و بارودۆخە ئابوریەکان کاریان تێناکات لەوەی بین بە کۆیلە، بەڵکو بە ئارەزوی خۆیان بەدوایدا دەچن.**

**کۆیلەکان ئەوانەن کە کۆشك و تەلاریان هەیە، سەروەت و سامانی پێویستیان هەیە، کار و وەبەرهێنانیشیان هەیە، کەسیش ناتوانێ دەستبەسەر ماڵ و ژیانیاندا بگرێت.. لەگەڵ ئەوەشدا دەرگای بەرپرسەکان قەرەباڵغ دەکەن، ڕادەکەن بە دوای کۆیلایەتی و خزمەتکردنیان، خۆیان کۆت و زنجیر دەخەنە گەردن و پێی خۆیان، بە شانازیەوە پۆشاکی کۆیلایەتی دەپۆشن.**

**کۆیلەکان ئەوانەن کە دەچنە دەرگای بەرپرسەکان و بەچاوی خۆیان دەبینن چۆن بەرپرسەکان کۆیلە و ژێر دەستەکانیان دەچەوسێننەوە و سواری پشتیان دەبن، لە خزمەتکاری دەریان دەکەن بێ ئاگاداری پێشوەختە، بەڵام ئەوان هەر سەریان بۆ شۆڕ دەکەن و دەستیان بۆ پان ڕادەکەن، بەردەوامیش لەگەڵ ئەوەدا هەر لەبەر دەرگایان دەبن، خزمەتیان دەکەن بە خزمەتکردنێکی جیاواز لە کۆیلە دەرکراوەکانی پێش خۆیان، هەر کاتێك گەورەکەی دەری بکات ئەوان زیاتر دێنە پێشەوە وەکو مێشولە.**

**کۆیلەکان ئەوانەن لە ئازادی هەڵدێن، ئەگەر گەورەیەك دەری کردن بەدوای گەورەیەکی تردا دەگەڕێن، چونکە لە دەروونیاندا پێویستیەکی حەتمی هەیە بۆ کۆیلایەتی، چونکە هەستی شەشەم یان حەوتەمیان هەیە.. هەستی زەلیلی.. حەتمەن دەبێ تێری بکەن.**

ئەگەر کەس بە کۆیلەیان نەکات هەست بە تینوێتی کۆیلایەتی دەکەن، تەنها چاوەڕێی ئاماژەی پەنجەی گەورەکەیانن تا بۆی بکەونە کڕنوش.

کۆیلەکان ئەوانەن ئەگەر ئازاد کران حەسوودی بەو کۆیلانە دەبەن کە چوار دیوار دەوری داون نەك بە ئازاد و سەربەستەکان، چونکە ئازادی ونیان دەکات و دەیانشارێتەوە، عیززەت و کەرامەت باری پشتیان قورس دەکات، چونکە کۆیلایەتی بوون لە گەردنیان ئاڵاوە و شانازی پێوە دەکەن.

کۆیلەکان ئەوانەن کە ڕێشمە لە گەردنیاندا نییە بەڵکو لە ڕۆحیاندایە، ئەوانەن کە بە ئاسن نەبەستراونەتەوە، پێویستیان بە ئاسن نییە.. ئاسن لە خوێنیاندایە.

کۆیلەکان لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوان زاڵم و ستەمکارن، ئازادی و سەربەستی بە تاوان دەزانن، باڵا دەستی بە نامۆ بوون و عیززەت و شکۆمەندی بە جەریمە، ڕادەکەن بۆلای بەرپرسەکان بۆ ڕازی کردنیان.. بەڵام سەرکردەکان زوو زوو دەریان دەکەن چونکە ئەوان حەزیان بە یاری دووبارە نییە.. دەیانگۆڕن و یاریزانی تازە دێننە ناو یاریەکەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەش.. داهاتوو هەر بۆ ئازادەکانە، نەك بۆ کۆیلە و بەرپرس و سەرکردەکانیان، بەڵام ئازادی و سەربەستی قوربانی دەوێت، لەو ڕێگای سەربەستیەدا ئیلا دەبێ قامچی کۆیلەکان بەر پشتی ئازاد و سەربەستەکان بکەوێت.. بۆ کۆیلایەتی بوون قوربانی دەوێ کە کۆیلایەتی بوونە، ئەی بۆ ئازادی وسەربەستی قوربانی ناوێ؟ !

ئەویان حەقیقەتە و ئەمەشیان هەروا، بەڵام کۆتاییەکەی زانراوە و مەبەست و ئامانجەکان ڕۆشنن، ڕێگاکان پەردە لەسەر هەڵدراون،تەجروبە و تاقیکردنەوەکانیش زۆرن. تێبینی: سەید قوتب ڕەحمەتی خوای لێبێت کاتێ ئەم وتارەی نووسیوە سەرەتا بەرپرس و وەدەستەڵاتدارانی ئەوکاتی وڵات ڕێگایان پێنەداوە بڵاوی بکاتەوە، چونکە دەیانزانی مەقالەیەکی وەها قامچیەکی توندە و بەر پشتیان دەکەوێت، بەڵام خۆ

ئەمجۆرە دەستەڵات و دەستەڵاتدارانە نامێننەوە و لەناو دەچن وەکو ئەوەی کە بوو.وەرگێڕانی پوختەیەك لە وتارەکە: کازم ئەمین




**نهێنی دژایەتی ئەمریکا بۆ ئیخوان موسلیمین ؟!**

سەفیر بووم لە سوریا لە ساڵی ١٩٥٤ زۆر دەوڵەتی عەرەبی تکایان کرد لە جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسر کە سزای لەسێدارەدان بەسەر سەرکردەکانی ئیخوان جێبەجێنەکات

هەموو ئەو هەوڵانە سوودی نەبوو !!، مەلیکی سعودیە پێی وتم تەواوی هەوڵی خۆمم داوە بۆ ئەوەی لەسێدارە نەدرین بەڵام بێسود بوو !

بۆ بەیانیەکەی سەفیری ئەمریکی " وودس وورس " کە پیاوێکی پیری زمان پاراو بوو وە هاوسۆزی عەرەب بوو لەگەڵی کۆبونەوە، لەکاتی گفتوگۆکان پێی وتم "بینیت ئەو ئەحمەقە چی کرد ؟!"

وتم: کێ ؟! وتی: جەمال عەبدولناسر، وتم: چی کردووە ؟!

وتی: ئیخوانەکانی لەسێدارەداوە، ئێمە ئەوە بۆمان گرنگ نیە کەچیان لێدەکات بەڵام ئێمە ڕێکەوتنێکی نهێنیمان هەیە لەگەڵیان کە دوو خاڵی گرنگی تێدایە.

یەکەم: هەڵسەپاردنی دۆسیەی فەلەستین بۆ ماوەی دە ساڵ، دووەمیش: ڕاگرتن و ڕێگری کردن لە چالاکی ئیخوان موسلمین..نەمان وتووە خەڵك سەربڕێ و قەسابخانە دروستکە.

ئێستە ئەوەی تووشی ئەو نارەحەتیانە دەبێت ئەبنە دوژمنی ئەمریکا..

پرسیم لەسەفیری ئەمریکا پێگەی ئیخوان لە ڕوانگەی ئەمریکاوە چیە تا لێدان و ڕێگریان بکاتە بەندێکی ڕێککەوتننامەی نهێنی لەنێوان خۆیان و سەرۆکی میسر ؟!

سەفیری ئەمریکا پرسی چی ئەزانی لەبارەی ئیخوانەوە ؟!

وتم کۆمەڵەیەکی خێرخوازی باشن نەخۆشخانە دەکەنەوە بۆ هاوکاری خێرخوازان، پارێزەر ئەگرن بێبەرامبەر بۆ ستەملێکراوان، خەریکی نەهێشتنی نەخوێنەوارین . وتی: هەر ئەوەندە ؟!،وتم: بەڵێ، وتم: ئەی تۆ چۆنیان دەبینی ؟!

سەفیر وتی: مەترسیدارترین دامەزراوەن لەسەر زەویدا لەئێستادا دژی ئەورووپا و شارستانیەتی غەربین . وتم: چۆن ؟! لەکوێوە ئەمە دەڵێیت ؟!

وتی: ئەمانە نەوە و مناڵەکان پەروەردە دەکەن و گەنجان لەسەر ئیسلام بنیات دەنێن، پێگەیان لەنێو کۆمەڵگە بەهێز دەکەن، دەیانکەنە سەرمەشق و سەرکردە و خاوەن متمانە بەخۆ، دەیانکەنە هێزێکی گەورەی فشار و خاوەن جوڵە، هەموو ئەمەش بۆ ئەوە دەکەن بگەنە دەسەڵات، کاتێکیش حوکم دەکەن بە عەقڵیەتی عومەری

کوڕی خەتاب حوکم دەکەن ئەمەش گەورەترین لێدانە لە ئەورووپا و شارستانیەتەکەی ئەمە پاڵنەری پشت هەڵوێستی ئەمریکایە دژ بە ئیخوان..

لای خۆمەوە بۆ ئەوەی نەفەوتێت ئەم زانیاریانەم نووسیەوە و بە ڕاپۆرتێکی نهێنی ناردمەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی سوریا بەواژۆی خۆمەوە، ئەگەر بەڵگەنامەکان لە وەزارەتی دەرەوەی سوریا پارێزراوبن بەدڵنیایی ئەو ڕاپۆرتەش ماوە..( عمر بهاء الدین الامیري.. لە گۆڤاری المجتمع بلاوی کردووەتەوە )( یحیی نەوزەر)..



**مامۆستا ناصری سبحانی خوا لێی خۆش بێت**

خوا لیخۆش بوو مامۆستا سەید نجم الدین فەرمویەتی: مامۆستا 3 مانگ لەماڵماندا ماوەتەوە، خێزانی مامۆستا سەید وتویەتی: ئەو ماوەیە کە مامۆستا ناصر لەماڵمان بووە، هەموو ئێوارەیەك کە جێگەم بۆ داخستوە بۆ خەوتن بەیانی چوم چۆنم داخستوە هەروا بوەو نەگۆڕاوە، لە دڵی خۆمدا وتم لەوانەیە خۆی جێگەکەی ڕێك کردبێتەوە بۆیە چەند جارێك جێگەکەم بە شتیك ( پوشێك ) دیاری دەکرد دەبینم ئەو جێگەیە دەستی لێنەدراوەو ئەو ماوەیە ئەو هەرخەریکی عیبادەت و نووسین و خویندنەوە بوە تابەیانی...

مامۆستای شەهید لە گەشتێکیدا بۆ پاکستان نزیکەی یەك ساڵ ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا سەرەڕای ئیشی سەرەکی کەبریتی بوە لە بینین و گفتوگۆ وقسەکردن لەگەڵ ڕێبەرانی بزاوتە ئیسلامیەکان و بەشداری کۆڕبەندو کۆنفرانس و کۆنگرەکان چ بە وتار یان بە نووسینی بابەت بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، سەرەڕای هەموو ئەمانە لەو ماوەیەدا توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر باش فێری هەردوو زمانی ئۆردو ئینگلیزی ببێت

.

* د. عمر عبدالعزیز کە لە دۆست و هاوەڵە نزیکەکانی مامۆستایە گێڕاویەتەوە کە شەوێکیان لەگەڵ چەند برایەك لە ماڵی مەرحومی مامۆستا بوون تانزیکەی نیوە شەو خەریکی قسەکردن و گفتوگۆبون لەسەر چەندین باس و بابەت، پاشان مامۆستا عمر بە مامۆستای شەهید دەڵێت: ئەم کتیبە (قصة الإيمان بين الفلسفة والعلم والقرآن)،کتێبیکی زۆر باشە ئەگەر بکرێ بیخوێنیتەوە، وتی: لێی وەرگرتم، بۆ سبەینێ بەیانی و دوای نان خواردن مەرحومی مامۆستا وتی: کتێبەکە ببەرەوە، وتم: پەلەم نیە با لات بیت تا دەیخوێنیتەوە، مامۆستا وتی: ئەمشەو نەخەوتوم تاخوێندومەتەوە..لەگەڵ ئەوەی کتێبکەە نزیکە (500) لاپەرەیە.

* مامۆستا عمر دەڵێت: ئەم کتێبە باس لە دووری نیوان خۆرو مانگ زەوی و شتانی لەم بابەتەدەکات، ئەوەی گرنگ و سەیرە مامۆستا ئەو ژمارانەی لەبەر کردبوو ئەوە نیشانەی ئەوەیە کتێبەکەی زۆر بە وردی خوێندۆتەوە .

* د. عمر إسماعيل دەڵێت: لە برای بەڕێزم مامۆستا رشید عەزاوی بیستم کە وتویەتی: یەك ساڵ مامۆستای شەهید لە ماڵمان بوو لە بەندەر عەباس و پاشان ساڵێکی تریش لە ماڵێکدا بوو کە دیوارمان یەك بوو، لە ماوەی ئەو دووساڵە بۆ جارێکیش نەم دیوە مەرحومی مامۆستا بە پشتا کەوتبێت بۆ خەوتن تەنها خەوی ئەو چەن چرکە ساتێکی کەم بوو ئەویش دەستی دەخستە ژێرِ سەری و بۆ ماوەییێکی کورت ئەوە تەنها خەوی ئەو بوو..

* حاجی رەشید دەڵێت: جارێکیان مەرحومی مامۆستا وتی کتێی (العقد الفريد) م دەوێت، کە کتێبێکی ئەدەبیەو حەوت بەرگە، کەئەگەر لە کتێبخانەی هەریەکە لە ئێمە بیت لەوانەیە لە ساڵێکدا دێرێکی لێ نەخوێنینەوە، دەڵێت: کتێبەکەم بۆ هێنا، دوای دوو ڕۆژ وتی دەست خۆش ئەوە کتێبکەت . لەدڵی خۆمدا وتم: لەوانەیە دەستی لێ نەدابێت . دوایی تەماشای کتێبەکەم کرد بینیم کە کتێبەکەی خوێندوەتەوەو لە هەندێك شوێن حاشیەی بۆ نوسیوە .

* برایەك گێڕاویەتەوە کە جارێکیان برایەك بە مەرحومی مامۆستای وتوە: دەڕۆم بۆ بەندەر عباس ئەمریَ کارێکت نیە: مامۆستا وتویەتی ئەگەر بەیانی سەرم لێ بدەی باشە . دەڵێت بەیانی کەچوم کۆمەڵێك کاسێتی پێدام وتی: ئەمشەو نەخەوتوم تا ئەم 12 کاسیتەم تۆمارکردوە بەڵکو بیدەی بەوبرایانەی ئەویَ تاسودی لێوەرگرن.

* برایەك گێڕاویەتیەوە، جارێکیان کەسێکی نزیکی مامۆستای شەهید دەچێت بۆ ماڵیان و دەدات لە دەرگا بەڵام کەس وەڵامی ناداتەوە، دەچێتە ژورەوە دەبینێت مامۆستا وەك حاڵەتی لە هۆش خۆچونی لێ هاتوە پێی دەڵێ ئەوەچیتە بۆ وات لێ

هاتوه؟ دەڵێ: هێزم تیا نەماوە ماوەی 24 کاتژمێرە نەخواردنم خواردوە و نەخەوتوشم، چونکە سەرقاڵی وانە وتنەوەو لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە بوم .

* برایەك دەڵێت: ساڵی 1992 ماڵمان لە دوریسان بوو، کاك مەنصور برای مامۆستای شەهید وتی: مامۆستای شەهید عادەتی وابوە هەرکتێبێکی کڕی بێت یان بەردەستی کەوتبێت نەیخستوەتە ناو کتێبخانە تا نەیخوێندبێتەوە..

* خێزانی مەرحومی مامۆستا وتویەتی: مامۆستا لەکاتی نان خواردنیشدا هەرخەریکی خوێندنەوەبوە ئەگەر هەر هیچی دەست نەکەوتایە دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی کتێبی قوتابخانەی منداڵەکان هەر بابەتێك بوایە..

و/خالد علی –سەرچاوە/ گۆڤاری حوار(ئەکاونتی خالید عەلی).



## شێخی قورئانخوێنان: یەکەم

دکتۆر ئەیمەن سوەید لەبارەی شێخەکەیەوە (عبدالعزیز عیون السود ) کەسیّ ساڵی کۆتایی تەمەنی شێخ لەخزمەتیابووە دەڵێت:

شێخ عبدالعزیز لە ساڵی 1917 لەشاری حیمص لەدایکبووەو ساڵی 1979 لە شەونوێژدا گیانی سپاردووە. چەند پەڕاوێکی بەسوودی نووسیوە لەسەر قیرائات وکتێبێکی نووسیوە لەسەر فیتنەو نیشانەگەورەو بچووکەکانی هاتنی قیامەت. زۆربەی شەو خەوی بەخۆشەویستمانەوە بینیوەصلی الله علیه وسلم .

لەتەمەنی بیست ساڵیدا لەخزمەت باوکیدا ئەچێت بۆحەج واتە دەورووبەری ساڵی (1937)، دوای حەج باوکی پێی دەڵێت: کوڕم بچۆ بۆلای شێخی قورئانخوێنانی میسر شێخ( محمد علی الضباع) تامۆڵەتی قورئانخوێندن وەربگریت، (کە شێخ محمد عەلی سەرەوکاری شەست هەزار قورئانخوێنی میسری دەکرد لەو سەردەمەدا).

شێخ عبدالعزیز ئەچێتە ئەوقاف لەقاهیرە و دەبینێت خەڵکێکی زۆر سەرەیان گرتووە لەبەر دەم ژوورەکەی شێخ محمد عەلی داو ئەویش لەپشت مێزێکەوە کارەکانیان رایی دەکات، هەرکەچاوی بەم دەکەوێت هەموویان ئیزن دەدات بۆسبەی و دێت پێشوازی گەرم لەم دەکات وپاش بەخێرهاتن پێی دەڵێت: دەتەوێت ئێستا مۆڵەتی قورئانخوێندنت بدەمیّ؟ ئ

ئەویش دەڵێت: نەخێر گوێم لێبگرە پاشان مۆڵەتم بدەریّ، ئنجا لەخزمەتیا دەمێنێتەوەو رۆژانە قورئانی بۆدەخوێنێت و هەموو ئەو مەنزومانەی قیرائاتی لەبەر بۆدەڵێت. ئەویش مۆڵەتی خوێندنەوەی هەر دەقیرائاتەکەی دەداتیّ..پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆشام شێخ عبدالعزیز بەشێخ محمد عەلی دەڵێت: خۆزگە سەردانی شامت بکردایەو لەگەڵ باوکمدا لەخزمەتتا دەبووین..


ئەویش وتی: ئەگەر خوا حەزکات هەروەك چۆن لەحەوشی مەدینەی مونەوەرە بەخزمەتی گەیشتم لەشامیش بەخزمەتی دەگەم. وتی: باوکم تەنها ئەمساڵ چۆتە حەج و بەردەوامیش من لەخزمەتیابووم، کەی جەنابتان باوکمتان بینیوە؟وتی: شەوێك (دیارە لەخەودا بووە) باوکتم بینی لەمزگەوتی مەدینەو وتی: ئەوە کوڕەکەمە دێتە لات ئاگات لێی بێت، بۆیە چاوەڕێ بووم بێیت، کەهاتیت یەکسەر تۆم ناسیەوە!!وتی: ئەی باشە چۆن وتت با مۆڵەتت بدەمێ ؟خۆ هیچت لەبارەمەوە نەدەزانی؟وتی: خوانووڕێکی داومەتێ ئەهلی قورئان دەناسمەوە..



## شێخی قورئانخوێنان: دووەم:

دکتۆر ئەیمەن سوەید لەبارەی شێخی قورئانخوێن عبدالعزیز عیون السود دەڵێت: لەگەڵ شێخدا چووین بۆلای مەلا رەمەزان بوتی کەسی ساڵ لەم گەورەتربوو، لەمیانەی قسەکاندا مەلا رەمەزان باسی کەسێکی کرد، شێخ عبدالعزیز کەمناڵتریش بوو دەستی بەرزکردەوەو وتی: یاشێخ با باسی کەس نەکەین . ئەویش سێ جار وتی: خوا پاداشتت بداتەوە. پاش چەند ساڵێك یەکێك بۆی گێڕامەوە وتی: لەخزمەت مەلا رەمەزاندا بووین وتمان: تۆ مامۆستامانی، ئەویش وتی: ئێوە نەفسم بەسەرما زاڵ دەکەن. شێخ عبدالعزیز برای راستەقینەمە کە جارێك ویستم غەیبەت بکەم رێگری لێکردم.

شێخ عبدالعزیز رۆژانە پێنج جزم قورئانی لەسوننەتەکاندا دەخوێندو بەشەش رۆژ خەتمێکی دەکرد. کەویستی قورئان لەبەربکات پێش ئەوەی هاوسەرگیری بکات، لەیەك رەمەزاندا رۆژی یەك جزمی لەبەرکردو کاتێکیش چووەمەدینە لەرەوزەی پیرۆزدا بیست و یەك خەتمی کرد لەهەشت رۆژدا، کەبرسی دەبوو بیری خۆی دەبردەوە بۆئەوەی زۆرترین کات لەوشوێنە پیرۆزەدا بمێنێتەوەو دڵی نەدەهات بەجێی بهێڵێ.



جارێك پێی وتم: لەدوانزە ساڵیمەوە خۆشتنی هەینی و شەونوێژم فەرامۆش نەکردوە، خواش لەدووەم رکاتی شەونوێژداو لەوتنی: الحمدلله دا بردیەوە بۆ بارەگای رەحمەتی خۆی.

شێخ پێش بانگی ئێوارە بەپێنج خولەك وانەوتنەوەی رادەگرت و ئەکەوتە تەسبیحات لەبەر ئەو فەرمانەی خوا کەدەفەرموێت: (وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا–130 مريم )بەیانیانیش تاخۆرکەوتن تەسبیحاتی ئەکرد...

**شێخی قورئانخوێنان: سێیەم:**

دکتۆر ئەیمەن سوەید لەبارەی شێخ عبدالعزیز عیون السودی مامۆستایەوە دەڵێت: شێخ زۆر گرنگی بەنوێژ دەدا لەکاتی خۆیدا،لەدوای تەواوبوونی کۆنفرانسێك لە ریازەوە بەفڕۆکەلەگەڵ کۆمەڵێك زانای تردا هێنایانن بۆ فڕۆکەخانەی مەدینەو چاوەڕێی پاصیان دەکرد بۆئەوەی بچن بۆمزگەوتی سەروەرمان صلى الله عليه وسلم، بانگی ئێوارەی دا هەر لەویا ویستی نوێژ بکات،وتم: قوربان بۆنەچین لەمزگەوتی سەروەرمان بیکەین ؟ قایل نەبوو هەرلەویا قامەتی کردو زانایانیش بەدوایا نوێژیان دابەست، دوای نوێژەکە وتی: خوا رەحم بە ئیبن رەواحە بکات لەهەرکاتێکدا بانگ بدرایە ولاْخەکەی رادەگرت و نوێژەکەی دەکرد.

سالاْنە لەمانگی رەبیعول ئەوەلدا هەموو بوخاری دەخوێندەوە.

شێخ ئەگەر جبەیەکی تازەی بکردایە ئەیدا بەباوکی و کۆنەکەی ئەوی لەبەردەکرد. جارێك باوکی بەسوعبەتەوە پێی دەڵێت: چیە بالاْت لەمن بەرزتربووە.. ئیتر لەوساوە بەقنجی لەبەردەم باوکیانەوەستاوە، بەڕێدا برۆیشتنایە باوکی لەسەر

شۆستە کەبوایە ئەم لەخواریەوە لەسەر شەقامەکەوە دەڕۆی تابالاّی بەرزتر دەرنەکەویّت لەباوکی.

شەویّك درەنگ دیّتەوەو باوکی کەنەخۆش دەبیّت هەرئەوەندە دەلّیّت: کوڕم کچی مامەکەت باشە. ئەوشەوە کەباوکی مرد وزانایان لەهەموولایەکی شاری حیمصەوە هاتن شیّخ بە زانایانی وت: من هەمیشە ویستوومە ئەوەی باوکم داوای دەکات جیّبەجیّی بکەم، بۆیە ئەوەش دوا داوایەتی کەکچی مامم بخوازم هەرئیّستا داوا لەمامم دەکەم کە کچەکەیم بداتیّ، هەرئەو بەیانییە مامی کچەکەی پیّدا.

رۆژانە دەچووە سەرقەبری باوکی، باوکی لەخەودا پیّیوت: کوڕم هەفتەی جاریّك وەرە بۆئەوەی خەریکی زانستەکەی بیّت.

تالّیّکی سپی کەوتبووە برۆیەوە ویستم بۆی لابەم، چونکە زۆرم خۆش دەویست، وتی: ئەوە سەرەتای پیریمەو وابوومەتە شەست و سیّ سالّ ئیتر تیّگەیشتم کەزۆری نەماوەو حەزدەکات لەوتەمەنەدا وەك سەروەرمان کۆچ بکات، گریام ودەستیم ماچ کرد . ئەوەبوو دوای مانگیّك کۆچی دوایی کرد..

## شیّخی قورئان خویّنان: چوارەم:

دکتۆر ئەیمەن سوەید لەبارەی شیّخ عبدالعزیز عیون السود ەوە دەلّیّت:

کەتەمەنی پانزە سالّیّك دەبوو زۆر ویردی دەخویّند، خۆشەویستمان صلی الله علیە وسلم لەخەودا پیّی فەرموو: ئیّوە لەسەردەمیّکدان زانست لەپیّشترە لەهەندیّ شتی دیکە، ئیتر سەرباقی ئەوەی کەویردیشی فەرامۆش نەدەکرد زۆر گرنگی بەزانستی شەرعی دا.

هەرچوار دیواری ژوورەکەی شێخ لەماڵەوە کتێبی نایاب بوون، لە ریزی سەرەوە قورئان و لەو خوارتر فەرموودەی دادەنا، هەرگیز هیچ کتێبێکی نەدەخستە سەر قورئان.

شێخ ئەمینی فەتوادان بوو وە شێخی قورئانخوێنانی حیمص بوو، مووچەکەی هەزاروسەد لیرەبوو، زۆر میوان دۆست بوو، سەردانی زانایانیشی بکردایە دیاری بۆدەبردن. بۆیە مووچەکەی بەشی نەدەکرد. جاری واهەبوو نوێژم دەکرد برێ پارەی دەکردە گیرفانمەوە، چی دەمویست وەری نەگرم دەیووت: بۆمن لەجێی باوکت نیم؟دەمووت: بەخوا لەباوکیشم لەپێشتری. شێخ زۆرووەرعی دەکردو دەترسا ئەو مووچەیەی لەحکومەت وەری دەگرێت گومانی تیابێت.

شێخ لەتافی لاویدا بەهۆی خوێندنەوە نەیتوانی زوو هاوسەرگیری بکات، ئەمەش هەندێ بیری مەشغوڵ دەکرد، شەو لەخەودا شەکوای حاڵی خۆی لای سەروەرمان دەکات کەحەزوئارەزووی هاوسەرگیری هەندێ سەرقاڵی کردووە، ئەویش بوتڵێك لەگیرفانی دەردەهێنێ کەسەرێکی تەپەدۆری هەبوو، سەری بوتڵەکەی لادەبردو دایدەنایەوە، ئنجا پێی فەرموو ئەمە بەدەست خۆتە کەی ویستت لای دەبەیت و کەی ویستت دای دەنێیتەوە.

جارێك سەردانی مەدینەی پیرۆزی کردو ویستی یەك مانگ بمێنێتەوە، لەخەودا سەروەرمان صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو: تۆ میوانی ئێمەیت، ئەوەی پێتە هیچی خەرج مەکە، مانەوەکەی درێژەی کێشاو بووە هەشتا رۆژ، بیست و یەك خەتمی قورئانی کرد لەرەوزەدا بە هەموو قیرائەتەکان، سبحان الله نیوەڕۆو ئێوارە خوا یەکێکی بۆدەنارد کەدەعوەتی بکات، ئەو هەموو رۆژە مایەوەو بەراستی میوانی خواوپێغەمبەربوو..

**شێخی قورئان خوێنان: پێنجەم:**

دکتۆر ئەیمەن سوەید لەبارەی شێخ عبدالعزیز عیون السود ەوە دەڵێت:

شێخ عبدالعزیز 1200 لیرە مووچەکەی بوو، خێزانداربوو، نان بدە بوو، پارەی ئەدا بەقوتابیەکانی و دیاری ئەبرد بۆزانایان، بۆیە قەرزدارئەبوو لەسەر مووچەکەی، کەلوپەلو زەخیرەی لای حاجی سەعید ناوێك دەهێنا کە دراوسێیان بوو، لەمزگەوتەکەی ئەم نوێژی دەکرد، شەوێکیان دوای نوێژی عیشا کەئەم سوننەتی دەکردوقورئانی زۆری تیادەخوێند هەستی کرد حاجی سەعید ماوەتەوە وەك ئیشێکی هەبێت، بۆیە لێی پرسی کاك حاجی چەندم لایە ؟

وتی: دەهەزار لیرە کە مووچەی نزیکەی هەشت مانگی بوو، لەوکاتەشدا هیچی بەدەستەوە نەبوو، وتی: سوپاست ئەکەم ئاگادارت کردمەوە پەلەمەکە خوا کەریمە. ئنجا دەستی کردەوە بەنوێژی سوننەت. هەرئەوەندەی نەخایاند تەلەفونێکی بۆهات(دیارە لەحوجرەکەی لە مزگەوت تەلەفونی نۆرماڵی لێبووە) بەرپرسێکی حیمص بوو وتی: یاشێخ میوانێکی سعودیمان هاتووە، وتی: بیخەنە سبەینێ، وتی: سەفەردەکات،وتی: باشە وەرن بەڵام زۆرتان پێنەچێت، چونکە دوای عیشا لەسەر سوننەت حەزی بەقسەوباس نەبوو. هەرلەوێدا بەدڵیا دێت بۆکتێبەکانی هاتوون، بۆیە بەکچەکانی وت لەماڵەوە کە ئەو کتێبانەی لەبارەی تەجویدەوەن لەکتێبخانەکەی لابەن .

ئەوەبوو پاش ماوەیەك دکتۆر زاهیر **عواض** ئەلمەعی بەرپرسی کتێبخانەی زانکۆی محمد بن سعود لە**ریاض** هات، پاش بەخێرهاتن سەیری کتێبخانەکەی کردو وتی: یاشێخ هاتووم هەمووکتێبخانەکەت لێبکڕین بۆزانکۆ تاقوتابیان سوودی لێببینن، شێخیش هات بەدەمیا وتی: بە سەدهەزار لیرە دەیفرۆشم، دکتۆریش وتی: قەبوڵمەو

پارەکەی پێدا. ئاوەها خوا دەرگای خێری لەشێخ کردەوەو بەپێنج هەزاری کتێبی کڕیەوەو دەهەزاریشی بۆبەیانی بردەوە بۆقەرزی حاجی سەعیدو باقیەکەشی حاجی سەعید بۆی خستە ئیشەوە وقازانجی کردو سەرەنجام توانی عیمارەیەك بۆ خۆی ومناڵەکانی بکڕێت کە تاماون تیا بحەسێنەوە.. سبحان الله لەو خوایەی کەرۆزی بەخشەو دەرووت لێدەکاتەوە، ئەو ئەهلی قورئان بوو، ئەهلی خوابوو، خواش ئاوا فریای کەوت..

### شێخی قورئان خوێنان: شەشەم:

**دکتۆر ئەیمەن سوەید لەبارەی شێخ عبدالعزیز عیون السود ەوە دەڵێت:**

شێخ زۆر گرنگی بەنوێژ دەدا، هەرنوێژێکی دەکرد دڵی لای نوێژەکەی دواتر بوو، لەتافی لاویدا نەخۆش دەکەوێت، پزیشك ئامۆژگاری دەکات بچێتە ناوباخ و بێستان، لەگەڵ باوك وبراکانیدا دەچێتە باخێکی دەرەوەی شاری حیمص، پاش نانخواردن شێخ سەرخەوێك دەشکێنێت، ئەوان کاریان دەبێت و دەگەڕێنەوە، ئەمیش کەدوایی خەبەری دەبێتەوەو نوێژی عەسربووبوو زۆرخەمی دەبێت کەسێکی دەست بکەوێت بەجەماعەت نوێژەکەی لەگەڵ بکات، کاتێك دەزانێت سەیارەیەك پەیدا دەبێت و ئەمیش لەگەڵ شۆفێرەکەیدا نوێژەکەی دەکات.

جارێك لەگەڵ شێخ عبدالقادری مامۆستایدا لەدیمەشقەوە بەسەیارەی کرێ دەگەڕێنەوە بۆ حیمص، کاتی نوێژی نیوەڕۆ دێت، بەمامۆستاکەی دەڵێت: قوربان بادابەزین نوێژەکەمان بکەین، ئەویش دەڵێت: زۆرمان نەماوەدەگەینەوە جێ وڕێی خۆمان لەوێ نوێژەکەمان بەئیسراحەت دەکەین، ماوەیەکی تر دەڕۆن و هەمان شت دەڵێتەوە، مامۆستاکەی دەڵێت: چیتە پێم نەوتی زۆرمان نەماوە، ماوەیەکی تر سەیارەکە رۆیشت و لەکارکەوت، مامۆستاکەی وتی: دابەزە کارێکت بۆخوا

کردووه وا سەیارەکەی بۆپەکخستی، شۆفێرەکە دابەزی بۆنیتی سەیارەکەی هەڵدایەوە چاکی بکات، شێخ پێی وت: وەرە باجاریَ نوێژەکەمان بکەین، کەنوێژیان کرد، وتی: برِۆ سلف لێبدە، سلفی لێدا سەیارە کەوتەوە ئیش، کەئەمەش دیارە کەرامەتێکی شێخ عبدالعزیز بووە کەئەوەندە گرنگی بەنوێژداوەو خەمی بووە لەکاتی خۆیدا، خواش ئاوا بۆی ئاسان کردووەو دڵی نەشکاندووە.. (من كان لله فقد كان الله له). جا منیش دەڵێم تکاتان لێدەکەم وەرن با یەکلایی بینەوە بۆخوا هاکا ئەمرِۆ یاسبەی مردین چی وەلاَمی خوا بدەینەوە ؟؟

**شێخی قورئان خوێنان: حەوتەم:**

دکتۆر ئەیمەن سوەید لەبارەی شێخ عبدالعزیز عیون السود ەوە دەڵێت: کاتێك بانگ بدرایە دەستی لەهەموو شت هەڵدەگرت ودەچوو بەدەم بانگەکەوە وتەنانەت پێش بانگ بەچەند خولەکێك یادی خوای دەکرد وحەزی نەدەکرد لەوکاتەدا کەس سەرقاڵی قسەکردن بێت.

ئەگەر شێخ مۆڵەتنامەی قیرائەت یان پێشەکی بۆ پەرِاوێك بنووسیایە لەکۆتاییەکەیدا دەینووسی: ئەوەی خوا موبتەلای کردووە بە فەتواو شێخایەتی قورئانخوێنان عبدالعزیز عیون السود. جارێك پێشەکی بۆ پەرِاوێك نووسیبوو، کەبۆجاری دووەم نووسەرەکەی چاپی کردبۆوە لەسەربەرگەکەی نووسیبووی (قدم له الشيخ العلامة المقرىءعبدالعزيز عيون السود شيخ قراء سوريا). ئنجا کەچەند نوسخەیەکی بەدیاری هێنا بۆ شێخ وئەوەی بینی زۆری پێناخۆش بوو، پێی وت: کیَ بەتۆی وتووە من شێخی قورئانخوێنانی شامم؟؟ئەویش وتی: گەورەم ئەوە هەمووکەس دەیزانێت..

لەشەوی ساردی حیمص دا دەستنوێژی دەگرت بەزەحمەت بۆشەونوێژ بەمەرجێك لایەکیشی تووشی شەلەل بووبوو، دەمووت: بۆ تەیەمووم ناکەیت؟ دەیووت: هەرچی دوای روخسەت بکەوێت دینی تەنك دەبێت.

ساڵی 1979 کەبۆشەونوێژ هەڵدەستێت دەستنوێژ دەشواو سەردانی ژووری مناڵەکانی دەکات و دایاندەپۆشێتەوەو دەڵێ: دەتاندەمە دەست خوا. لەدووەم رکاتی شەونوێژدا بەدەم وتنی (الحمد لله)ەوە گیانی سپارد، کەهەواڵیان داینێ لەگەڵ زانایەکی تردا زوو گەیشتینە سەر جەنازەکەی دەتووت خەوتووە، سوێند بەخوا زەردەخەنەیەك لەسەر لێوی بوو، وەك بڵێ: رازیم..

دانەویمەوە ریشیم ماچ کرد کەتا سەرسنگی دەهات، بۆنێکم کردزۆرزۆر خۆش بووهەرگیزئەوبۆنە نەبوو کەدەیدا لەخۆی. ئنجا پەنجەکانی هەردوو دەستی و قاچیم ماچ کرد.

پاش چەند ساڵێك لەجەددە هاتە خەوم وتی: پاش ئەوەی حەزرەتی جوبرائیل وهاوەڵانی دابەزین و (قبض) رۆحیان کردم، وتم: تۆبڵێی (بسط)ەکەشم وەك پیاوە کامڵەکان بێت. دیارە شێخ کە سیلسیلەی مۆڵەتنامەکەی دەگاتەوە سەرووەرمان صلی الله علیه وسلم و حەزرەتی جوبرائیل رێزی لێگیراوە لەگیانکێشاندا،کەئەو ئەهلی قورئان بووەو مۆڵەتی خوێندنەوەی بەسەدان کەس داوە..

**بانگخوازێکی گەڕۆک:**

شێخ نیعمەتو الله لەسەردەستی زانایانی سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدا فێری زانستی ئیسلامی بوو، چەند ساڵ بانگبێژ بوو لەمزگەوتی سوڵتان ئەحمەد، پاشان هاتە مەککەو مەدینەو دوای پانزە ساڵ چوو بۆیابان لەساڵی 1972داو کەوتە بانگەوازکردن و بەهەزاران کەس لەیابان و کۆریاو چین موسڵمانبوون لەسەر دەستیا، سەردانی

شەست وڵاتی کردووە،سێ مانگ خەریکبوو فیزەی صین وەربگرێت نەیائەدایە، تا ناسیاوێکی بەسەفیری چینی وتبوو ئەمەکەسایەتیەکی ناسراوەو زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکان گەڕاوە فیزەی نەدەنێ بۆ سومعەتان خراپەو زیان بەبازرگانیەکەتان دەگەیەنێ لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا، ئنجا پێیان داو بەهەزاران قورئانی بردە ئەو وڵاتەوە کەکارێکی زۆر زەحمەت بوو .

کەچووە یابان 3 مزگەوتی تیابوو، ئێستا زیاتر لە400 مزگەوت و شوێنی نوێژی تیایە، یابانیەکان پێیان دەوت: بۆدرەنگ ئیسلامتان بۆهێناوین؟؟

ئەم بانگخوازە کارتێکی دەدا بەخەڵکی کە بەنۆ زمان لەسەری نووسراوە لاالە الا الله محمد رسول اللـە، لەدیوەکەی تریشی وێنەیەکی خۆی کەدوعادەکات و ناونیشانی مەرکەزی ئیسلامی یابانی تیایە.

لێیان پرسی بۆچی کەوێنەت دەگیرێت دەستت بەرزدەکەیتەوە بۆدوعا ؟ وتی: هەموو کەس دەیەوێت بەجوانترین شێوە بوەستێت بۆ وێنەگرتن ئەوەش لای من جوانترین شێوەیە. ناوبراو دەڵێت: خۆشەویستمان صلی الله علیە وسلم لەحەجی ماڵئاواییدا کەفەرمووی: ئامادەبوان بەوانەی بگەیەنن کەئامادەنەبوون، زۆربەی هاوەڵان بەوڵاتاندا بڵاوبوونەوە بۆگەیاندنی پەیامی ئەوسەروەرەوهەموو لەغەریبی سەریان نایەوە.



**زانای لەخواترس:**

هەمیشە پێویستمان بەیادخستنەوەیە کە نیەتمان بۆخوابێت وهەوڵبدەین ڕەببانی بین: وَلَكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ (79)آل عمران. ببنە کەسێکی ڕەببانی بەوەی کەفێری خەڵکی دەکەن و بۆخۆتان فێری دەبن.

ئەوانەی کە زانان وبەڕاستی و جەوهەری زانستیان دەستکەوتووە لەخوا دەترسن.

إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ (28) فاطر..

زانا کێیە؟ کەسێکە کە کاربکات بەوزانستەی دەیزانێت و بەڕاستی لەخوابترسێت.

عەبدولڵای کوڕی مەسعود و حوزەیفەو موجاهید و شەعبی خوا لێیان رازی بێت و زۆر لەهاوەڵان وتابیعین وتوویانە: كفى بخشية الله علما، وكفى بالإغترار جهلا.

ئەوەی زانستەکەی بەرەو لەخواترسانی نەبات وەك ئەو گوێدرێژەیە کە بارێك کتێبی لەسەرپشتەو هیچ سوودێکی لێنابینێت ﴿مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (5) الجمعة.

زانایان کاتێك بۆخواییان تیانابێت وەك ئیمامی غەزالیان لێدێت کە شێخ ئەحمەدی برای پێی دەڵێت: تۆتاکەی وەك بەردی هەسان ئاسن تیژدەکەیت و بۆخۆشت هیچ نابڕیت؟؟ ئەمە دای لەدڵی غەزالی ماڵ و پلەو پایەو هاوسەرو کچەکانی بەجێهێشت چەند ساڵ تاخۆی دۆزیەوەو نیەتی بۆخوا ساغ کردەوە، پاشان کەدەستی پێکردەوە بەهەرلایەکدا بڕۆیشتایە کە پیشتر وانەی تیاوتبۆوە دەیووت: ئالەوێدا سەردەمانێك بێفەرمانی خوامان دەکرد.. مەبەستی ئەوەبوو وانەوتنەوەی لەوێدا بەنیەتێکەوە کە خالیسەن موخلیسەن بۆخوانەبووە گوناهونافەرمانی بووە.

لەقیامەتدا یەکێك لەپرسیارەکان ئەوەیە کەئەو زانستەی زانیوتە چیت پێکردووە، دیارە ئەوانەی کە بۆناووشۆرەت کاریان کردووە لەسەردەم راپێچی دۆزەخ دەکرێن،

هەروەك لەفەرموودەدا هاتووە. دكتۆر ئەحمەدكوبەیسی بەقوتابیەكانی دەووت: وریابن رۆژێك دێت ئاوات بەلۆتیەك دەخوازن، لۆتیەك هەرچی كردبێت لێپرسینەوەی ئاسانە چونكە هیچی نەزانیوە، بەلاّم كەسێك كە بەحساب زانابووە وبۆخۆی شەرعاندووە لێپرسینەوەی سەخت دەبێت لەرۆژی داخ و حەسرەت و پەشیمانیدا. ( وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ -54الزمر).

**خوا دەیگەیەنێت:**

ئەوەی بانگخوازان دەیلێن كەلامی خواو پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم ئەمان تەنیا وتنیان لەسەرە بەچاكی ودلّسۆزی ئیتر خوا دەیگەیەنێت و بەرەكەت وكاریگەری تێدەخات، وەك درەختێكە (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ (24) تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (25) وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ (26) يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ (27)ابراهیم)واتە: نەتدی خودا چۆن مەسەل دێنێتەوە؟قسەیەكی خێری بەرِێ وجێ بەشەنگەدارێك دەشوبهێ، رەگی قایم داكوتابێ ولقی لەتەشقی ئاسمان بێ.

بەئیزنی بەدیهێنەری چوار فەسلّەمیوەی دەبێ، خوا نموونە بۆئەوخەلّكە دێنێتەوە بەشكو پەندی لێوەرگرن،نموونەی قسەی نابەجێش وەكو بنجێكی ناجسنە كەلەزەمین هەلّكەنرابێ وهەرخۆی نەگرێ، خودا لەدونیاودوارۆژدا بەقسەی پتەو برِوادارن پتەودەكاو، ناهەقیكارانیش لەرێگە لادەدا، خودا ئەوەی بیەوێ دەیكا.

دکتۆری خۆشەویست عبدالواحید دەڵێت: جارێك فڕۆکەکەم لەکۆڵن ەوە بۆبەرلین سەعاتێ دواکەوت، کەچووومە بەرلین دەبوایە بەگەشتی دوای ئەوەپێنج سەعات دواتر بڕۆم، زۆرم پێناخۆش بوو چونکە لەسوید وتارم هەبوو، کەچی سبحان اللە لە بەرلین هەر لەدوورەوە کەسێك کەسیمای ئیسلامی نەبوو هات و باوەشی پیاکردم و وتی: تۆ بوویتە مایە هیدایەتی خێزانم کەئەڵمانیە، قسەکانی تۆم بۆ تەرجومە دەکرد..وتم: سوپاس بۆخوا ئەوە مژدەیەکی خۆشە..

بەندەش لەم شتانەم لایە کەسوپاسی خوای لەسەردەکەم وتەسدیقی ئەوەیە کەباسم کرد بۆنموونە: ئافرەتێك کۆمینتێکی بۆناردم نووسیبووی کەبۆخۆی کەمئەندامیەکی هەیە لەجەستەیداو زۆرموعاناتی بووە تاگەورەبووە، ئنجا کەشووی کردووە مێردەکەی باش نەبووە لەگەڵیدا، کاتێك کچی دەبێت وتۆزێ گەورە دەبێت قسەناکات، ئەیباتە لای پزیشك، پێی دەڵێت: ئۆتیزمێتی، دەیەوێت خۆی بکوژێت، گوایە بەهۆی بابەتەکانی منەوە خوا هیدایەتی دەدات و ئارام دەگرێت لەسەر بەلاَوموسیبەتەکەی..

**لەیادەوەرییەکی شێخ عەلی تەنتاوی:**

ناوبراو لەیادەوەرییەکانیدا دەڵێت: ئەدیبی میسری ئەحمەد حەسەن زەیات بۆی گێڕامەوە کە زانایەکی ئەزهەری بەتەمەن نەخۆش دەبێت (ناوەکەشی وت بیرم نەماوە)، پزیشك ڕێنمایی دەکات کە پشووبدات وبچێتە باخ و بێستانەکانی گوێ رووباری نیل، دەمەو ئێوارەیەك عەرەبانەیەك بەکرێ دەگرێت کەبیبات بۆ گوێ رووباری نیل، کابرای عەرەبانچی زۆر بەد دەبێت، کاتێك شێخ دەڵێت: کوڕم کاتی بانگی ئێوارەیە بەڵکو لای مزگەوتێکەوە دام بنێی نوێژەکەم بکەم، ئەویش ئەیباتە

گەڕەکی لەشفرۆشەکان و دەڵێت: ئەو شوێنە دەتوانی نوێژەکەتی لێبکەیت، ئەویش دەچێتە ژوورەوە ئافرەتێك دەبینێت کە بۆئەو کارە خراپە دانیشتووە، ئەڵێ کچم کاتی ئێوارەیە کەس نیە بانگ بدات، ئافرەتە تووشی شۆك دەبێت، بانگی چی و نوێژی چی ؟؟

شێخ بانگەکە دەدات و دەڵێت: کچم دەستنوێژ بشۆو لەدوامەوە بوەستە بابەکۆمەڵ نوێژەکەمان بکەین، ئافرەتە کوانووی ئیمان لەدڵیا دەگەشێتەوەو دەداتە پڕمەی گریان و دەکەوێت بەسەرقاچی ئەوزانایەدا و دەڵێت: گەورەم من گوناهبارم



ئەویش دەڵێت خوای گەورە میهرەبانەولەهەموو گوناهەکان خۆش دەبێت، ئەم ئایەتەشی بۆدەخوێنێت: قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (53)الزمر.. کچم بڕۆ خۆت بشۆو چاوەڕێتم بانوێژبکەین، پاش ئەوەی خۆی دەشواو خۆی دادەپۆشێت

و نوێژدەکەن، دەڵێت: وەرە لەگەڵمداو لێرە مەمێنە، دەبیات بۆماڵی خۆیان وپاشان دەیدابەشوو بەقوتابییەکی خۆی و دەبێت بەیەکێك لەئافرەتە ساڵحەکان..

بەڵێ ئەوزانایە یەکێ بووە لەدۆستانی خوا کەهەربەبینینی یادی خوا دەکرێت بۆیە توانیویەتی بەفەزڵی خوا ببێتە مایەی هیدایەتی ئەو ئافرەتە..

**مردنە مردن:**

مامۆستا بووم لە قوتابخانەیەکی ناوەندی، سەعاتێك پشووم هەبوو، ماڵمان دوور بوو، تا بڕۆم و بگەڕێمەوە، ناچاربووم لە قوتابخانە بمێنمەوە، بیرم کردەوە سەردانێکی بەڕێوەبەر بکەم کە هاوڕێیەکی نزیکم بوو.

پێشوازییەکی گەرمی لێکردم و کوپێ چایی پێشکەش کردم، ئیتر دەستیکرد بە شەکوای حاڵی خۆی و بێزاربوونی لەم ژیان و دۆخەی ئێستای، دڵخۆشبوو کە بەو نزیکانە سەفەری جەزائیر دەکات و ڕەزامەندی بۆ وەرگیراوە.

وتی: دەڕۆم و لەوێ پشوویەك دەدەم و مووچەیەکی باش وەردەگرم، پێنج ساڵ لەوێ دەمێنمەوە، نامەوێ هاوینانیش بگەڕێمەوە، ئەمەوێ هاوینێك لە پاریس و هاوینێك لە ئیسپانیاو هاوینێك لە ئەڵمانیاو هاوینێك لە ئیتالیاو هاوینێك لە بەریتانیا بەسەر بەرم.

ئەمەوێ ئەو وڵاتانە ببینم و شارو لادێ و مۆزەخانەو شارستانیەتی ڕۆژئاوا ببینم، جا دوای ئەو پێنج ساڵە، بە پارەیەکی باشەوە دەگەڕێمەوە و ڕاستەوخۆ خۆم خانەنشین دەکەم و خۆم لە سەرێشەی دەوامکردن ڕزگاردەکەم.

بەنیازیشم بەو بڕەی پارە باشەی کە لەگەڵ خۆم هێناومەتەوە، لە شوێنێکی بازرگانی و دیاری ناوشاردا ئۆفیس و مۆزەخانەیەك بکەمەوە، بۆ ئاسەواری کۆن و کەلوپەلی خۆماڵی و نەختینە و، دەیکەمە خانەیەکی فکری و ئەدەبی.

ئنجا وتی تا ئەو کاتە منداڵەکانیشم گەورە دەبن، ژن بۆ کوڕەکان دێنم و ئۆفیسەکەیان ڕادەست دەکەم، ئیتر خۆیشم ئێواران لەگەڵ هاوڕێکانما لە مۆزەخانەکە بۆ خۆمان لێی دادەنیشین و بەدەم قاوەخواردنەوەوە بیرەوەری و یادگاریەکانمان دەگێڕینەوە. ماوەیەکی باش گوێم بۆ گرت و ئەویش بە زمانێکی ڕەوان و پاراو قسەی بۆ دەکردم و نەخشە ڕێگای خۆی بۆ باسدەکردم کە بەو حسابەی ئەو بەرنامەی ٣٠ساڵی داهاتووی تەمەنی بوو.

دوای دیدارەکەمان، دەوامی قوتابخانەم تەواوکردو گەڕامەوە بۆ ماڵ، نانی نیوەڕۆم و خوارد و ڕۆشتم بۆ پرۆژەیەکی تایبەت بەخۆم لەناو جەرگەی شار، ئۆتۆمبلێم نەبردو بەپێ ڕۆشتم و گەڕامەوە.

سوێن بەو خوایەی کە جگە لەو خوایەکی تر بوونی نییە، هەمان ڕۆژ، لە کاتی گەڕانەوەمدا لافیتەی مردنەکەیم بینی !!!

دیدارەکەی نێوانمان کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بوو، کاتژمێر ٧ی ئێوارە لافیتەی مردنەکەیم بە دیوارەوە بینی!ئەوە پەیامی مردنە مردن، کە لە بۆسەدایەو خۆی مەڵاسداوەو نازانین کەی یەخەمان دەگرێت و کۆتایی بەخولیاو ئاواتەکانمان دێنێت. چیمان بۆ ئەو چرکە ساتە هەستیارو چارەنووسسازە ئامادەکردووە. (محمد راتب النابلسی). وەرگیراوە لەئەکاونتی (ڕێبازمحمد)

**ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام لەم سەردەمەدا: یەکەم**

کەسەیری بەڵێن وپەیمانەکانی قورئان دەکەین و سەیری ژیاننامەی سەروەرمان ئەکەین صلی الله علیه وسلم زیاتر یەقینمان دائەمەزرێت، ئەوەتا خوای باڵادەست لەقورئاندا بەڵێنی پاراستن و سەرخستنی سەروەری داوە، دەی ئەو هەموو هەوڵانەی درا بۆ لەباربردنی ئیسلا م وتیرۆرکردنی خۆشەویست هەموویان پووچ دەرچوون، دەهەزار چەکدار هاتنە سەرمەدینە ئیتر ئەوە ئەوپەڕی هێزبوو بتوانرێت کۆبکرێتەوە لەوسەردەمەدا، ئنجا جوولەکەش کەهاوپەیمانبوون لەناوخۆی مەدینەدا پەیمانەکەیان شکاند، کەچی خوای باڵادەست کەکەس وەك ئەو خاوەن بەڵێن و پەیمان نیە، نەك بەجەنگ بەڵکو هەر بەرەشەباو سەربازی نەبینراوو ترس ئەو سوپا بێشومارەی لەماوەیەکی کەمدا ریسوا کرد وناچاربوون بگەڕێنەوە وئیتر نەیانتوانی بێنەوە سەرمەدینەو ناچاربوون سوڵحی حودەیبیە بکەن..

باشە سەلمانی فارسی قەدەری خوانەبێت بۆسەرخستنی ئەم دینە بۆبەکۆیلەیی دێتە مەدینەو موسڵمان دەبێت و تەگبیری هەڵکەندنی چاڵ ئەکات تاکافرەکان نەتوانن بێنە ناوەوە، کەئەوەش پلانی سەربازی فارس بوو، وەبۆئەو رۆژە نامۆبوو..باشە قەدەری خوانەبێت بۆسەرخستنی ئەم دینە، نوعەیمی کوڕی مەسعودی غەتەفانی چۆن بەدزیەوە دێت موسڵمان دەبێت و تەفرەقە دەخاتە نێوان قورەیش و جوولەکەوە کە کەسێکی متمانەداربوو لای هەردوولایان، جا کە قورئان ئەو رووداوانەی تۆمارکردووە لەسوورەتی ئەحزابدا ودەیخوێنینەوە سەرسام دەبیت لە گەورەیی ئەم پەیامەو سەرخستنی لەلایەن ئەو زاتەی کەناردوویەتی .

ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام لەم سەردەمەدا: دووەم

وتمان پاراستن و سەرخستن و گەیاندنی پەیام هەتا قیامەت خوای گەورە خۆی دەیکات، تەنها ئەوەی داوایە لەبڕواداران کەهەوڵی خۆیان بدەن(إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (9)الحجر )...(فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ (94) إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ (95) الحجر ). تۆ ئەی پەیامبەر پەیامەکەت راگەیەنەو ئێمە چاری دوژمنان و ناحەزان و گاڵتەکەران دەکەین .

یان دەفەرموێت (إِلَّا تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (40) التوبة )ئەگەر ئێوە ئەو سەروەرە سەرنەخەن، خوا سەری خستووەو پەکی لەکەس نەکەوتووە، ئەوەتا لە کاتی کۆچدا سەری خست کەخۆی و ئەبوبەکری هاوەڵی بوو لەئەشکەوتەکەدا وناحەزان نەیانبینین . خوا بالآدەست و دانایە و هەقو راستی و کەلامی خۆی سەرخست و ناهەقی وپەیامی کافرانی ریسواکرد.

لەوهەموو نارەحەتیەی کە خۆشەویستی تیابوو، کەخۆی و هاوەڵانی لەمەککە بەکافران و لەدەرەوەی مەککەش بەدوو ئیمبراتۆریەتی مەزنی سەردەم کە فارس و رۆم بوون دەورە درابوون، بەو حاڵەشەوە کەبەبیری کەسدا نەدەهات خوا مژدەی زۆری و ئاوی کەوسەرو تیاچوونی ناحەزانی دەداتێ، لەوسەردەمەوە هەتا قیامەت (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ..إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ (1) فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ (2) إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ (3)). هەژارەکەی کوردزمان ئاوا مانای کردووە: وەناوخودا کە


دەهندەو دلـۆڤانە، ئێمە زۆر شتمان دا بەتۆ، ساتۆ بۆ پەروەرندەی خۆت نوێژو قوربانی بکە، ئەوی لێت بەناتۆرەیە، بۆخۆی وەجاخی کۆرەیە..

دەی ئەوە لـەو رۆژەوە تا ئەمڕۆش ئەوانەی لـەلوتکەی دوژمنایەتی کردندان یان ئەبنە پەپولـەی باڵ سوتاوی خزمەت نووری موحەممەد یان خوا ریسوایان دەکات ودوابڕاوو وەجاخ کوێر دەبن، نموونەش کابرای بەناوهەڵـەبجەیی کەعەلمانیەکان لـە رۆژنامەیەکدا بە تەزویرچی ناوی دەبەن، یەکەم: ئەو کتێبە بەحساب کەخۆی نووسیوویەتی هی خۆی نیەو سیامەند ستوودەی فارس لـەئەمەریکا نووسیوویەتی، ئنجا شەهادەی قوتابخانەی تەزویر کردبوو، ئنجا خزمەتی هینابۆوە کە ئەویش هەرتەزویر بوو.. ئازیزانم کەسانی تەزویر چی چیان پێئەکرێت بەرامبەر (**صادق الأمين**) یك کەخواو هەموو بوونەوەر شایەتی بۆئەدەن(وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَسْتَ مُرْسَلًا قُلْ كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِنْدَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ (43)الرعد ) ( هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا (28) مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ...الفتح)..

**ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام لەم سەردەمەدا: سێیەم**

قەشە زەکەریا بوترس ساڵی 1934 لـەمیسر لـەدایکبووەو پاش ئەوەی لـەچەندکەنیسە کاری کردووە لـەمیسردا ساڵی 1992 چۆتە ئوستورالیاو پاشان چووە بەریتانیاو پاشان چووە ئەمەریکا، گۆڤاری (وۆرڵد )خەلاتی داینالی ساڵی دایە لـەسەر بەرنامەی (حوار الحق). ساڵی 2008 رۆژنامەی (الانسان الجديد)یش بەدوژمنی یەکەمی ئیسلامی ناوزەدکرد لـەم سەردەمەدا.

لەساڵی 2003 ەوە ناسرا بەهۆی بەرنامە تەبشیریەکەیەوە لەکەناڵی (الحیاة)، ساڵی 2010 بەرنامەکەی راگیرا، ئنجا بۆخۆی ساڵی 2011کەناڵی (الفادی) دامەزراند.



ناوبراو لیسانسی هەیە لەمێژوودا و درۆزانێکی لێهاتوو بوو، ڕاستی و درۆی بەشێوەیەك تێکەڵ دەکردو سیناریۆی بۆ دادەڕشت کە مرۆڤی دەخستە گێژاوەوە . شارەزا نەبوویتایە بەهەڵەیدا دەبردی . دەیزانی لە کوێدا زیادو کەمی بۆ ڕووداوو ئەحداسە مێژووییەکان دادەڕشت، دڵی ناحەزانی دینی خۆش کرد، تەنانەت هەندێ دەوڵەمەندی مەسیحی پارەی زۆریان بەکەناڵەکە دەبەخشی بۆ بەردەوام بوونی لەلێدانی ئیسلام.

لەوتارێکیدا باسی نەسەبی مەسیح دەکات سەلامی خوای لێبێت کە لەئینجیلدا هاتووە کەسێ ئافرەت لەنەسەبی مەسیحدا زیناکەر بوون، لەکاتێکدا مەسیح نەسەبی نیە چونکەخوا بەموعجیزە لەمەریەمی داوێن پاکداهینایە بوون، هەروەك ئادەم وحەوا سەلامی خوایان لێبێت کەئەوانیش نەسەبیان نیە و بەموعجیزە خولقاون.

جا قەشە زەکەریا دەڵێت: ئەوەزۆر ئاساییە کەنەسەبی ئەوانەی تیابێت چونکە ئەوهاتووە تا ئەوانەو مرۆڤایەتی لەتاوان رزگار بکات.. ئنجا درۆیەکی شاخدار دەکات و دەڵێت (حاشا لەسەروەرمان )گوایە کوڕی باوکی خۆی نیەو دایکی لەیەکێکی تر بوویەتی، جا ئەم بوختانەی لوتکەی بێ ئەدەبی بوو کەکردی بەرامبەر ئەوزاتەی کەخوا هەموو نەسەبی ئەوی بەپاکی راگرتبوو. کەدوایی دێمە سەردرێژەی ئەو باسەو ریسوابوونەکەی کەخوا ویکلیکسی بۆ تاین کرد، ئەوماڵەی ویکلێکس ئاوابێت هیچ قازانجێکیان نەبوویێت ئەوەنەبێت بەسمانە لەئاشکراکردنی نهێنیەکان...

**ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام لەم سەردەمەدا: چوارەم**

دکتۆرفازیل سولەیمان بەرپرسی دەزگای پرد بۆناساندنی ئیسلام دەڵێت: لەساڵی 2019دا کۆمێنتێکم بۆهات لەفەیس بوك لە ئافرەتێکەوە کەنوسیبووی بەهۆی ڤیدیۆیەکی تۆوە موسڵمان بووم و بەبنەچە مەسیحی عێراقیم ودەیان ساڵە لەئەڵمانیا دەژیم لەگەڵ باوك ودایکم، باوکم بەپەرۆشەوە سەیری وتارەکانی قەشە زەکەریا بوتروسی دەکرد، باوکم زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە قەشە زەکەریا لەبەرنامەکەیدا وتبووی: موحەممەد کوڕی عەبدوڵانیەو دایکی داوێن پاك نەبووە، زۆرم پێناخۆش بوو، جیاوازی بیروڕاو عەقیدە بۆبگاتە تۆمەت بەخشینەوە، هەرکەس شتێکی هەیە بابەئەدەبەوە بیڵێ، ئاخۆ حەزرەتی عیساسەلامی خوای لەسەر زیندوو بوایە بەشتی وا قایل دەبوو ؟ بێگومان نەخێر، ئەمە وای لێکردم ئەوشەوە نەخەوم و بگەڕێم بەدوای ئەڵقەی بەرنامەکەی قەشە زەکەریادا، لەگەڕانمدا وتارێکی تۆم بینی لەیوتیوب کەوەڵامی ئەو تۆمەتانەی ناوبراو دەدەیتەوە، پاش ئەوەی گوێم لەبەرنامەکەی تۆو ئەویش گرت هەرئەوشەوە بڕیارم دا موسڵمان بم.

ئەو ئەڵقەیەی ئەو خوشکە باسی دەکات یەکەم وتاری تۆمارکراوم بوو بۆیوتیوب کەوەڵامی ئەو قەشەیەم دایەوە، لەوتارەکەمدا پاش ئەوەی وەڵامی گومانەکانیم دایەوەو بەڵگەکان و راستیەکانم خستنە ڕوو، ئنجا هەوڵمدا کار لەسەر هەست و سۆزی بینەر بکەم، تابتوانێت بڕیاربدات و بێت بەرەو ئیسلام، وتم: ئێوە قایل دەبن بەوەی کە تۆمەت بۆئەو کەسە هەڵبەستن کە لەوپەڕاوەی هێناویەتی 36 جار ناوی خاتوو مەریەمی بردووەو سورەتێکیشی بەناوی ئەوەوە ناونراوە،لەکاتێکدا ناوی ژنی فیرعەون وشاژنی سەبەء نەهاتووە، هەروەها ناوی هاوسەرەکانی خۆشەویست و کچەکانی لەقورئاندا نەهاتوون .

قورئان کەدوای نزیکەی شەش سەدە لە لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح هاتووە داوێنپاکی خاتوو مەریەم ئەسەلمێنیّ لەسەروو حەوت ئاسمانەوە بەوەی کەباسی حەزرەتی عیسا دەکات کە تەمەنی یەك رۆژبوو بەموعجیزەیەکی خوایی کەوتە قسەو پاکێتی دایکی سەلماند . ئەمە لەکاتێکدا ئەم بەسەرهاتە لە ئینجیلدا نەهاتووە، جا کەقەشە زەکەریا دەڵێت: ئێمە پێویستمان بە قورئان نیە پاکێتی مەریەممان بۆ بەیان بکات، دەڵێم: ئەی باشە بەچی دەیسەلمێنن، جا خۆئەوان هەرچی خراپە بە پێغەمبەران و پەروەردگاریان وتووە لەوتەورات وئینجیلەی کەدەستیان تێوەرداوە..

**ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام لەم سەردەمەدا: پێنجەم**

پێگەی ویکلیکس کەساڵی 2006 دامەزرا بەسەدان هەزار بەڵگەنامەی نهێنی حکومات و کەسایەتیەکانی بڵاوکردەوە، دامەزرێنەرەکەی جولیان ئەساج بوو، پاش ئەوەی شکاتی زۆری لێکرا مافی پەنابەرێتی وەرگرت لە 2012 لە سەفارەتی ئیکوادۆر وتیایا مایەوە تا بەریتانیا دەستگیری کرد لە 2019 دا، هەندێك تۆمەتباری دەکەن بەوەی رووسیای لەپشتە، ئەویش دەڵێت هەر لەسەرەتاوە بەڵگەنامەم لەسەر پۆتین بڵاوکردەوە، هەرچی بێت هەرایەکی گەورەی لەدونیادا ناوەتەوە ویەکیّ لەو کارەباشانەی کردی ئاشکراکردنی بەڵگەنامەیەك بوو کە پاش ئەوەی قەشە زەکەریا بوترس لەگەڵ پارێزەرەکەی(هانی صوبحی) نێوانیان تێکدەچێت و پارێزەرەکەی بەنامەیەك هەڕەشەی لێدەکات کە ئەگەر باسی بکات هەمووئەو دزیانەی کەشف دەکات کەلە بەخشین وکۆمەکی خەڵکی مەسیحی بۆکەناڵی (الحیاة) هاتبوون لەساڵی 2007 تا 2010، کەپێی بۆتە خاوەنی زیاتر لە12 ملیۆن دۆلار وچەند ڤێلای پێکڕیوەو بۆئەوەی ئاشکراش نەبێت سیانیان کەبەناوی خۆی و

**هاوسەرەکەیەوەیەتی خستوونیەتە سەر کەسێکی نزیکی بەناوی (سەمیر عەبدولمەلیك).**

**ئنجا ئەو عەقدی کڕین وفرۆشتنانەش وەك هەموو کڕین و فرۆشتنێکی دیکە لەئەمەریکا دەتوانی لەئەنتەرنێت وەربیگریت، ئەوەش کەدەیسەلمێنێ ئەو ڤیەلـلایانە هەرهی خوێەتی سالّی 2010و2011 هەرخۆی باجەکانی داون..**


**سەروەرمان صلی الله علیه وسلم بەشایەتی دۆست ودوژمنی راستگۆودەستپاکی ئەرزو ئاسمان بووە، ئەوانەی تانەوتەشەری لێدەدەن زۆرنابات ریسوادەبن و دەردەکەوێت کەدزوگەندەڵ و سووکن، راستە ئەگەر خوا بەحیلمی خۆی ماوەیەك مۆڵەتیان بدات ئاخری بەقەدەری خۆی کەسانێکیان بۆتاین دەکات بیانکات بەپەند، ئاخر باشە زەکەریا بوترس کەبەیەکەم دوژمنی ئیسلام دانراوەو زۆرشارەزابوو لەمێژووداو زۆر درۆزانێکی عەجایب بوو، پیاوی ئاینی مەسیحی بوو بەحساب دەبێت دونیای نەوێت، کەچی ئەویش و زۆری تری وەك ئەو خۆیان بۆناگیرێ لەبەرامبەر پارەو هەواوئارەزوو ئافرەتدا.. باشە چۆن ئەو بەڵگەنامەیەی کەوتە بەردەستی ویکلیکس وئابڕووی چوو؟؟**

**دیارە هەر پلان و تەدبیری خوایەو ناحەزانی سەروەر ریسوا دەکات (وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ (46) فَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ (47)ابراهیم ). واتە: پیلانیان گیڕاو پیلانەکانیان لای خوا ئاشکرایە، هەرچەند پیلانیان شاخ لەبن دێنێ، وا مەزانە خوا پەیمانی خۆی ناباتە سەر بۆ نێردراوەکانی، خوا دەسەلاّتداروتۆڵەسێنە...**

***

## ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام لەم سەردەمەدا: شەشەم

قەدەری خوا وابوو کە دەوڵەمەندێکی مەسیحی میسری ساڵی 2010 بە قەشە زەکەریا بوتروس دەڵێت: کە برێکی زۆر پارەی ناردووە بۆ بەرنامەکەی، بەوەش ناکۆکی بۆدروست دەبێت لەگەڵ کەناڵی حەیاتدا کەگوایە لەوهەموو پارانە بۆکەمیان داوە بەو، کەناڵەکەش دەڵێت: تۆمانگانە نەوەدهەزاردۆلار وەردەگریت. ئەویش دەیووت: نەخێر ساڵانە ئەوەندە وەردەگرم..


LAW OFFICE OF HANI S. BUSHRA

Via Priority Mail with
Delivery Confirmation

November 23, 2010

Father Zakaria Botros Henein
15641 Sunburst Lane
Huntington Beach, CA 92647

Dear Father Zakaria,

I have received multiple correspondences and information where you allege that I have revealed confidential information that you have given me to Islamic websites. This is untrue. In fact your allegations are basis for slander and defamation as they affect my business, and therefore under the law you are liable.

... revealed any confidential information that you have given me to anyone or any ... To do so is a breach of my duty as your attorney, and I encourage you to report such ... to the State of California Bar at 1-800-843-9053, where I will be investigated if I ... confidential information that you have given me.

Very Truly Yours,
Hani Bushra, Esq.

بەڵام دیارە مانگی نۆدەفتەردۆلاری دەستکەوتی بووە ئەگینا چۆن لەماوەی سێ ساڵدا لە 2007 تا 2010 ئەبووە خاوەنی نزیکەی دوانزە ملیۆن دۆلار..

قەشە زەکەریا لەلایەکی ترەوە راپۆرتی هەڵەی دەدا بەحکومەتی ئەمەریکی گوایە دەستکەوتی مانگانەی سێ هەزار دۆلارە بۆئەوەی باجی دەستکەوتەکەی نەدات.. خواردنی پارە بەناهەق لەلایەن پیاوانی ئاینی مەسیحیەوە هەرزوو قورئان تۆماری

**كردووه وبڕواداراني لێئاگاداركردۆتەوەكەدەفەرموێت** (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ...34 التوبة ).

**جا نوری چاومان صلى الله عليه وسلم كە هەرچی دەستدەكەوت دەیبەخشی و میراتەكەی تەنها پەیامەكەی بوو وەك پێغەمبەرانی دیكەی پێش خۆی سەلامی خوایان لێبێت، هەروەها ئەوەندە دەستپاك بوو تەنانەت كافرانی مەككە نەختینەیان لای ئەو دادەنا، كەكۆچی كرد بۆمەدینە پێشەوا عەلی لەجێی خۆی دانا تا ئەماناتەكان بداتەوە بەخاوەنەكانیان.. بەڕاستی لوتكەی بێ ئینسافیەو بەدێتیە زماندرێژی بكرێت بەرامبەر ئەوزاتە كەخوا خۆی قبوڵی ناكاو نەفرەت دەكات لەوانەی كەئازاری ئەو زاتە دەدەن لەدونیاو ئاخیرەتدا**(إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآَخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُهِينًا (57)الأحزاب). **تكایە لەگەڵمان بن..**

**ماكرۆن و هاوشێوەكانی: یەكەم**

**قورئان دەفەرموێ كێشمەكێشی نێوان هەق و ناهەق تاقیامەت بەردەوام دەبێت** (وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا...217 البقرة )**واتە بەردەوام دەجەنگن لەگەڵتان تائەگەربۆیان بچێتە سەر لەدین وەرتانگێڕن. بۆئەمەش سەروماڵ بەخت دەكەن**(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ فَسَيُنْفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ وَالَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ (36) الانفال ) **. ئێستا ساڵانە زیاتر لە360 ملیاردۆلار بۆمژدەدان كۆدەكرێتەوە كەرۆژی ملیارێك دەكات، تەنانەت لەئەفەریقا فڕۆكەی هێلیكۆپتەر لەخزمەتی قەشەكاندایە كەچی بەو هەموو تواناو ئیمكانیەتەیانەوە نەیانتوانی بەهێندەی دكتۆر**

عبدالرحمان سميط رۆڵ ببینن کەبە ئیمکانیاتی کەمەوە یانزە ملیۆن ونیو کەسی موسڵمان کرد لەسی ساڵدا.

ناحەزان هەموو هۆکارەکانی سەردەم لەخزمەتیاندایە و وڵاتانی زلهێز پاڵپشتیان دەکەن، ئنجا بەوەشەوە بەڵگەکانیان وەك تەونی جاڵجاڵۆکەیەو خۆی ناگرێت، ئاخر باشە ئەوان دەڵێن ئیسلام و قورئان یاسای بیابانەو بەکەڵکی ئەم زەمانە نایەت، دەی باشە بێرەحمەت وەرن بەرنامەی جێگرەوەی ئیسلام چیە فەرموون ئەوە ئەرزو ئەوەگەز، دیارە هیچیان نیە، ئەگەر ژیاری رۆژئاوا بە بەدیل دەزانن، ئاخر خۆ وا ئاگربەربۆتە گیانیان نازانن چیبکەن ئەو هەموو ئەورووپیە موسڵمان دەبن و دەترسن لەداهاتوودا نەخشەی جیهان بگۆڕێت و ئەوروپا هەموو موسڵمان بن.

دکتۆر فازیل سولەیمان دەڵێت: زۆرجار ئەوەی ناحەزان بڵاوی ئەکەنەوە دەبێتە مایەی هیدایەت، ئەندازیارێك بەناوی ئەمیر هەفتەی یەك دووئیمیەڵی بۆدەناردم و وەڵامم دەدایەوە چاوەڕێ بووم موسڵمان بێت، کەچی ساڵ ونیوێك دەنگی نەما، دوای ئەوە نامەیەکی ناردو وتی: کاتی ئەوەهاتووە بتبینم، هات بۆنووسینگەکەم لەقاهیرەو وتی: ساڵ ونیوێکە سەیری زەکەریابوتروس دەکەم لەگەڵ وەڵامەکانی تۆدا، ئیتر گەیشتومەتە قەناعەتی تەواودەمەوێت موسڵمان بم..

برادەرێك خوشکەکەی موسڵمان بوو لەقاهیرەو لەتاو خێزانەکەی ناچاربوو بەجیا بژی، کتێبی (خلق المسلم)ی (محمد غەزالی) دا بەبراکەی کەئەفسەربوو ئەویش موسڵمان بوو، ئنجا چوونە لای دایکیان وپێیان وت: دایە ئێمەهاتووین پێت بڵێین بەڕاستی شوێن دینی مەریەم و مەسیح بکەوە سەلامی خوایان لێبێت، دایە تۆ کە دەبیتە موسڵمان پێغەمبەر موحەممەدت دەستدەکەوێ وحەزرەتی مەسیحیش لەدەست نادەیت..دیارە دایکیان پێویست بوو ئاوا قسەی لەگەڵ بکەن چونکە ئاین گۆڕین ئاسان نیە..

ئاخر ئینجیل لەسەدا شانزەی کەلامی خوایە بەشایەتی دووسەد زانای ئەورووپی بوارەجیاجیاکان، ئنجا هەرچی پیرۆزیە نەیانهێشتووەبۆخواو پێغەمبەرەکانی، ئاخر کەی ڕەوای هەقە کە تیا هاتووە گوایە حەزرەتی یەعقوب (حاشاوابێت) تابەیانی زۆرانبازی لەگەڵ خوادا کردووەو وتوویەتی وازت لێناهێنم هەتا پیرۆزم نەکەی، ئەوەی ئەوان باسی دەکەن چ خوایەکە؟؟ بەوهەموو کەموکورتیەی هەیانە گومان لای ئێمە دروست دەکەن و شەووڕۆژ خەریکن (بَلْ مَكْرُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَا أَنْ نَكْفُرَ بِاللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُ أَنْدَادًا. السبأ 33 ).

**ماکرۆن و هاوشێوەکانی: دووەم**

ماکرۆن کێیە؟ ناوبراوتەمەنی پانزە ساڵ بوو لەناوەندی حەزی لەمامۆستاکەی خۆی کرد کە 24 ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو، وە لەساڵی 1974ەوە شووی کردبوو وەسێ منالی هەبوو، ساڵی 1995 کەتەمەنی 17 ساڵ بوو بەمامۆستاکەی وت هەردەتهێنم، بۆئەوەی دووریان بخەنەوە لەیەکتری مامۆستاکە گواسترایەوە بۆقوتابخانەیەکی دیکەو ئەویش کەسوکاری ناردیانە شارێکی دی بۆخوێندن کە 170 کیلۆمەتر دووربوو، بەوەشەوە 13 ساڵ پەیوەندی بەو ژنە مێردارەوە هەبوو، تاسەرەنجام ساڵی 2007لەمێردەکەی جیابۆوەو ئەم هێنای کەلەتەمەنی دایکیدایەوماکرۆن 39 ساڵ و ژنەکەی 64 ساڵ بوو..

ئەم ئافرەتە تاقە واریسی کۆمپانیایەکی گەورەی شکۆلاتەیەو خاوەنی 240 ملیۆن دۆلارەولەبنەماڵەی (ئال رۆتشیلدی) جولەکەیە کە دەڵێن دوولەسەرسێی سامانی جیهان بەدەست ئەوانەوەیە وسەرۆکی وڵاتان لەلایەن ئەوانەوە دادەنرێن ودیارە هەرئەوانیش هاوکاربوون تاماکرۆن بێتە سەرلوتکەی دەسەڵاتی فەڕەنسا.

دەڵێن ئەو ئافرەتە ماسۆنیەو ماکرۆنیش سەربەماسۆنیەتەو جارەنگە ئەو دژایەتیەی لەویۆە سەرچاوەی گرتبێت.

جا ماکرۆن یان هەرکەسێکی دیکە بەهەرشێوازێك دژایەتی خواو پێغەمبەرو ئیسلام بکەن بڕواداران سنووری شەرعیان هەیە لە بەرگری کردندا کەدەبێت ئاگایان لێی بێت کەلەبابەتی داهاتوودا باسی دەکەم..

**بانێکەو دووهەوا:**

نیکۆڵاس کروز لە فلۆریدای ئەمریکا 17 مامۆستاو خوێندکاری کوشت، دادگا پێی وابوو دەروونی نەخۆشەو کارەکەی تاکەکەسیە .

ڕیڤیکی تەمەن 33 ساڵ لە دورگەی ئۆتۆیای نەرویج 69 خوێندکاری کوشت، دادگا وتی کارێکی تاکڕەوانەیەو کەسەکە دەروونی تەواو نیە.

ئادەم لانزا لەقوتابخانەکەیەکی سەرەتاییدا بەماوەی بیست خولەك بیست منداڵ و شەش کەسی گەورەی کوشت بەهەمان شێوە دادگا بەنەخۆشی دەروونی لەقەڵەمیدا.

لە فەڕەنسا دەروون نەخۆشێك مامۆستایەکی کوشتووە، جیهان هەموو دەڵێن کردەوەکە کاری بەکۆمەڵەو موسوڵمانان هەموو تیرۆریستن..

هەموومان دژی توندوتیژی و کوشتنین بەڵام پێویستە شیکردنەوەی ڕووداوەکان بەپێی تاوانەکە بێت نەك بەپێی ڕەگەزو ئاینی ئەنجامدەرەکە... (ئیبراهیم ج عزیز )




## پوختەی قسەکانی «ماکرۆن» بە هەندێک سەرنجەوە

دیداری ماکرۆن لەکەناڵی «جەزیرە» ئەکرێت بەم شێوەیە چڕ بکەینەوە: (پێش هەر شتێك سەرنجی سەرەتام ئەوەیە وەڵام دانەوەی ماکرۆن بۆ دیداری «جەزیرە» بەو زووییەوە لەسەرەتای کێشەکانەوە مانای ئەوەیە پەلەی بووە زوو هەندێك ڕاستکردنەوەی قسە و هەڵوێستەکانی بگەیەنێتە هەموو جیهانی ئیسلامیی لە ڕێگەی جەزیرەوە).

١– هەر قسەیەکی تایبەت بوو بە ئاشتی لەگەڵ ئیسلام و موسڵماناندا خەریك بوو لەناو ڕیزە وشەکانیدا ون و کاڵی دەکردەوە، (بەڵام نەیتوانی زۆر شتی وت).

٢– چەندین جار جەختی ئەکردەوە کە قسەکانی بەهەڵە وەرگێڕدراون و شێوێنراون، درۆی بەدەمەوە کراوە و یاری بە قسەکانی کراوە، خراپ لە قسەکانی حاڵی بوون. (ئەمەیان یەکێك بوو لە جەوهەری دیدارەکەی).

٣– دەیویست جیهان واتێگەیەنێت کە کاریکاتێرەکان سنووری کاری دەوڵەت نییە و دەسەڵات تێیدا هیچ بەرپرس نییە، بەڵام وتی: "دژایەتی سامیەت و موراجەعەی مێژوو و بە درۆ خستنەوەی هۆڵۆکۆست قبوڵ ناکەین. "

٤– زۆربەی پرسیارەکانی گرنگ بوون، بەڵام وەڵامەکان لە ئەندازەی گەورەی پرسیارەکان نەبوون، (بۆیە هەوڵی دەدا زۆررترین قسەبکات بۆ ئاڵۆزکردن و گرمۆڵەکردنی بابەتەکان، لەمەشدا نەیتوانی دۆخی دەروونی خۆی بشارێتەوە).

٥– زۆرترین بیانووی ئەهێنایەوە لەسەر تەبیعی بوونی کاریکاتێرەکان و دەیوت مەرج نییە من پشتگیری بکەم، وەك بیانوبڕین دەیووت: "موسا و عیسا و (الله)ش کاریکاتێریان لەسەرکراوە. "

٦–دەیویست بەوە خەڵك بێدەنگ بکات کە توندڕەوی موسڵمانان لێی زەرەرمەندبوون، (هەروەها دەیووت هەموو دینەکان توشی شۆك بوون بەهۆی کاریکاتێرەوە،بەڵام ئامادە نەبوو بڵێت کاریکاتێر کاردانەوە دروست دەکات).

٧– ڕایگەیاند: "هەست بە تەنهایی دەکەین!" ئەمەیان دەیسەلمێنێت کە فشار لەسەریان کەڵەکەی کردوە.

٨– دەیویست هاوسەنگی بداتە قسەکانی بۆ نموونە دەیوت: "هەموو کەس ئازادە لە دینداریدا"، هەروەها دووپاتی کردەوە ئازادی قسە و نوسینیش بەردەستە، (یانی بە کاریکاتێرەکانیشەوە). هەر زوو وتی: "دەکرێت کاریکاتێرەکان ئیدانە بکرێن و من پشتگیری هەموو رۆژنامەگەرییەك ناکەم. "

٩- ڕاشیگەیاند: "لەسەرمە دۆخەکە ئاسایی بکەمەوە. " ئەمە ڕوونە کە ناکرێت دۆخەکە بەو شێوەیە بەردەوام بێت و لە بەرژەوەندیان نییە. هەندێ وتەی گرنگم لەناو قسەکانی ڕاو کردوون و ئەیخەمە بیرتان، کە پێویستە وردتر لێیان بڕوانین ئەویش ئەمانەن کە لەژمارە (١٠)دا هەن .

١٠-(ماکرۆن) ئاماژەی بەوەکرد "ئیسلام پشتگیری توندوتیژی ناکات، پشتگیری فەزحکردن و ئیستفزاز ناکەم، عەدل ئەوەیە مامەڵەی موسڵمان وەك دینەکانی تر بکەین، لە جەنگی جیهانیدا تاوانی گەورەمان ئەنجامداوە، شێتانەیە بایکۆتی کاڵاکانمان بکەن! ئیسلامی ئیرهابی و توندڕەوم مەبەست بووە، لەگەڵ ئیسلام کێشەمان نییە" ئەمەیان گرنگترە کە وتی:

"لە ئیسلامدا قەیران نییە و لە کۆمەڵگەدا هەیە (یانی قسەکەی پێشووم وانەبوو)، موسڵمانان لە جیهاندا هۆشیارن و دژی توندڕەوین، ڕێگە نادەین موسڵمانانی فەڕەنسا زیانیان پێبگات، من نەموتووە دینیکی دیاریکراو جیاکاری دەکات.

" خاڵی (١٠) ئاوێکی زۆرە و دەیەوێت ئاگرێکی پێ خامۆش بکات! بەڵام ئەمانە هەموویان قسەن و شیعارن، کەی بوون بە کاروکردار و ڕێزی گەلانی موسڵمان و موسڵمانانی فەڕەنسا و رۆژئاوا و دینەکەیان گیرا ئەو کات جێی دڵخۆشییە، قسەی کۆتاییم: ئەگەر موسڵمانان پێکەوە بن دەتوانن کاری زۆر گەورەی چاوەڕوان نەکراو بکەن!ئایا ئەم ڕووداوە گەورەیە دەبێتە وانە بۆ هەموومان؟

نوسینی: م. عبدالرحمن محمد عارف

**کوشتنی مامۆستا فەرەنسیەکە**

لـه لێکۆڵینەوەیەکدا کە کەناڵی دووهەمی فەرەنسی بەناونیشانی(دەوڵەت درۆدەکات) لێکۆڵینەوەکانی قەزای فەرەنسی سەلماندوویەتی لـە ساڵی ١٩٩٤ لـەکاتی بۆنەی(العشرية السوداء في الجزائر) دەزگای هەواڵگری فەرەنسا لـەگەڵ دەزگای هەواڵگری جەزائیری ڕێکەوتن بۆ ڕفاندن وشاردنەوەی کۆنسوڵی فەرەنسی لـە جەزائیر !!! هەروایان کرد کۆنسوڵی فەرەنسی و خێزانەکەیان و بەرپرسی ئاسایشی کۆنسوڵیەکەیان شاردەوە،بۆماوەی هەفتەیەك.

هەرلـەوڕۆژەی دەزگای هەواڵگری ئەو کاری ڕفاندن وشاردنەوەیان ئەنجامدا، حکومەتی فەرەنسی ڕایگەیاندکۆمەڵێکی ئیرهابی لـە جەزائیر کەسەربە کۆمەڵەی چەکداری ئیسلامین، هەستاون بە ڕفاندنی کۆنسوڵی فەرەنسی وخێزانەکەی!!!

لـەهەمان شەودا دەسەڵاتدارانی فەرەنسا هەڵمەتێکی ئەمنییان دژبە جەزائیریەکانی دانیشتوی پاریس و تەواوی فەرەنسا دەستپێکرد، لـەو میانەدا هەڵیانکوتایە سەر چەند دامەزراوەیەکی ئیسلامی و، گرتنی چەندەها کەس لـە موسڵمانەکان، بەرەنجامەکەی هەڵوەشاندنەوەی دەیەها کۆمەڵـە و داخستنی دوو دەزگای پەخش و ڕۆژنامەیەك و، چەند دەزگای چالاکی ئیسلامی بوو.

هەر لـەوهەڵمەتدا (حسين كروج)یان گرت(بەرپرسی یەکێك لـە کۆمەڵـە ئیسلامیەکان)، دوای گرتنی پۆلیس هەستا بە بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەیەك بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کە کۆمەڵەی ئیسلامی لـە جەزائیر هەستاوە بەو ڕفاندنە..

بەڵگەیان دەستکەوتووە لـەسەرئەوەی کروج پەیوەندی هەیە بە ئیرهابیەکانەوە !!

پاش هەفتەیەك بێژەرێك لـە تەلـەفزیۆن لـە کاتی پەخشی هەواڵـەکاندا دەرکەوت، ڕایگەیاند هێزە پاڵـەوانەکانی ئاسایش توانیان ڕفێنراوەکان ڕزگاربکەن بە سەلامەتی،پاش نیوسەعات گواستنیانەوە بۆ پاریس.

لە کۆڕێکی ڕۆژنامەوانیدا ژنی کۆنسۆڵ وتی: ئیرهابیەکان مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ کردین،بەڵام خەریکبوو لە ڕۆژی پێنجەمدا بکوژرێین، چونکە ئیرهابیەکان لە نێوان خۆیاندا بوو بەشەڕیان لەسەر ئەو شەرابەی لە ناو سەلاجەکەدابوو !!!

وتیشی زۆر سەرم سوڕما کاتێك ئیرهابیەکان ئەو دەرمانەیان بۆ ئامادەکردم کە من بەبەردەوامی بەکارم دەهێنا بۆ ئەونەخۆشیە درێژخایەنەم، بەسەرسوڕمانێکەوە پرسیاری کرد: چۆن بەم نەخۆشییەی منیان زانیوەوجۆری ئەودەرمانەش کەبەکاری دەهێنم؟

دوای ئەم لێدوانە،فەرەنسا هەستا بەناردنی کۆنسۆڵ وخێزانەکەی بۆنیوزلەندا، وەرێگری لێکرد هەر لێدوانێك بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاند بدات،دەساڵ لەوێ هێشتنیەوە.

دوای چەند ساڵێك، لەساڵی(٢٠٠٢)،ئەفسەرێکی پۆلیس تووشبو بە شێرپەنجە چووە یەکێك لە دادگاکانی فەرەنسا و ویستی ئەستۆپاکی خۆی بکات و گەواهی خۆی بدات، تێیدا وتی:

لەساڵی١٩٩٤ بەشداریم کرد لەهەڵمەتێکی گرتن دژ بە بەرهەڵستکارە موسڵمانەکانی جەزائیر لە فەرەنسا، سەرۆکی بنکەکە فەرمانی پێکردم بەدانانی ڕوونکردنەوەیەك کە پۆلیس خۆی ئامادەی کردبوو لە جزدانەکەی (حسین کروج) دوای دەسبەسەرکردنی،( کەڕفاندنی کۆنسۆڵی فەرەنسا وخێزانەکەی لە جەزائیر درابووە پاڵ هەندێك لەئیسلامیەکانی جەزائیر).

دادگای فەرەنسا فەرمانیدا بە قەرەبوو کردنەوەی حسین کروج بە بڕی(٢,٢) ملیۆن یۆرو لەبەرامبەر پێنج ساڵ لە زیندان بەسەری بردبوو بەناحەق، وە فەرمانی بەند کردنی ئەو سەرۆکی بنکەی پۆلیسەی دەرکرد کە ئەو ڕوونکردنەوە ناڕاستەی دەرکردبوو.

فەرەنسا خۆی وادادەنێت زەمینەی دیموکراتییە،دایکی ئازادییەکانە لە جیهاندا، کۆنسۆڵەکەی خۆی لە وڵاتێکی تردا دەفڕێنێ بۆ ئەوەی ڕێخۆشکەری بکات بۆ هەڵمەتێکی هەڵکوتانە سەر خەڵکی بێتاوان !!!

ئێستە تێگەشتن کێ مامۆستا فەرەنسیەکەی کوشتوە،( راستگۆ عبدالواحید)..

**رەوشت لە جەنگدا:**

پێغەمبەری ئازیز لەکاتی جەنگدا فەرمانی کردووە منالّ وژن و پیاوی پیر نەکوژن و درەخت نەبڕنەوە... هتد هەروەها کەسێك لەناو پەرستگاکەیدا بەشێوازی خۆی پەرستش بکا نەکوژرێ ودەستی بۆ نەبرێت بەهەمان شێوە وەسیەتی ابوبکر صدیق (خ. ل) بێت بووە بۆ سوپای ئوسامە ئەم وەسیەتە بۆ کەسانێك لەکاتی شەڕدا شمولی کوشتنیان نەکردووە ئەی لەکاتی ئاساییدا بێگومان ئەوە زیاتر حەرام و قەدەغەکراوە بێیت بچیت لەکلێسایەکدا خەڵکی موسالم و مەدەنی بکوژیت ئەمە لەکوێی پەیامی قورئاندا جێی دەکەیتەوە کێ دەڵێت ئەمانە دژی ماکرۆن نین ؟ !

ناکرێ بەتاوانێ ماکرۆن دەیکا هەموو فەڕەنسیەکانی پێوە بسوتێنرێت (قل أغير الله أبغي ربا وهو رب كل شيء ولاتكسب كل نفس الا عليها ولاتزروا وازرة وزر اخري ثم الي ربكم مرجعكم فينبئكم فيما كنتم فيه تختلفون )الاتعام ١٦٤

ئەم فەهم و تێگەشتنە سەقەتە لەپەیامی ئاشتی لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە (ولاتستوي الحسنة ولا السيئة ادفع بالتي احسن فاذاالذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي حميم ) فصلت ٣٤دەفع ودیفاع بکە لەدین ولە ڕێباز لە قیەم و ئەخلاق بە باشترین ڕێکارو جوانترین شێواز ئەوسا ئەوەی کە دوژمنایەتی هەیە لەگەڵت دەبێتە دۆستێکی گیانی بەگیانی (مامۆستا سۆران محمد.. هەڵەبجە).




**قەشەکەی شاری لیۆن**

ڕۆژی 31 ی ئۆکتۆبەری 2020، لەشاری لیۆنی فەرەنسا کەسێك تەقەی لە قەشەی شارەکە کرد و بریندای کرد، هەر خێرا وا بڵاو کرایەوە، کارەکە تیرۆریستی بووە و تەقەکەرەکەش مسوڵمان.

بەڵام پاش دەستگیرکردنی تەقەکەرەکە، دانی بەهەموو شتێکدانا و ڕایگەیاند، قەشەکە پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ هاوسەرەکەیدابووە بۆیە، تەقەی لێکردووە و بریندای کردووە.

قەشەکە بەهۆی برینداربوونیەوە لە بێهۆشیدابوو، دوای جێگیربوونی تەندروستی پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە لەگەڵی و دەرکەوتووە پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ هاوسەری ئەو تەقەکەرە هەبووە.



**پاپای ڤاتیکان دژی پەرتووکی پیرۆز قسە دەکات!!**

دیسان هەرایە، پاپای ڤاتیکان خۆی کردووە بە فریشتەیەکی بەرگ سپی، لێدوان و قسە دەکات لەسەر هاوڕەگەزبازەکان، بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە بانگەشەیان بۆ دەکات و کار گەیشتە ئەوەی بە کوڕانی خودا بانگیان بکات هەروەها بین بە برای مەسیحی کوڕی خودا!!

لێرەوە پەیامێك بۆ هاوڕەگەزبازەکان دەنێرم و دەڵێم دڵتان بە قسەی ئەم خەڵەفاوە خۆش نەبێت، چونکە پاپای ڤاتیکان درۆتان لەگەڵ دەکات. ئەم بانگەشە و قسە لوسانەی بۆ ئێوە، بۆ ئەوەیە ببنەوە باوەڕداری مەسیحی، بەڵام بەیانی کە دەسەڵات و دەستیان ڕۆیشت ئەوا پەرتووکی پیرۆز دەکەنەوە بە حەکەم لە سەرتان. دەزانن پەرتووکی پیرۆز چۆن قسە لە سەر هاوڕەگەزبازەکان دەکات؟؟

بە گوێرەی دەقی پەرتووکی پیرۆز دەبێت هەمووتان بکوژرێن. بەڵێ دەبێت هەمووتان بکوژرێن ئەمەش دەقەکە:

( ئەگەر پیاوێك وەك ژن لەگەڵ نێرێك ڕاکشا بوو، ئەوا هەردووکیان شتێکی قێزەونیان کردووە و دەبێت بکوژرێن، خوێنیان لە ئەستۆی خۆیانە ) لاوین ئیصحاحی 20 دەقی 13.

بەڵێ، دەبێت هەمووتان بکوژرێن. گوێم لێیە مەسیحییەك دەڵێت ئەمە پەیمانی کۆنە، بوەستە دەقەکان لە ژماردن نایەن. لە پەیمانی نوێشدا هاوڕەگەزبازەکان قێزەون و بێ سوودن و ناچنە بەهەشتی خودا.

( ئایا ئێوە نازانن کە زۆرداران نابنە میراتگری شانشینی خودا؟ هەڵمەخەڵەتێن. نە بەرەڵا و نە بتپەرست، نە داوێنپیس و نە هاوڕەگەزباز ) کرۆنسیسی یەکەم، ئیصحاحی 6 دەقی 9.

مەسیح هاواری دەکرد! ئەرز و ئاسمان بروخێت بەڵام یەك وشەی پەرتووكی پیرۆز لاناكەوێت. مەسیح هاواری دەكرد! من نەهاتومە پەیمانی كۆن هەڵبوەشێنمەوە، بەڵكو هاتووم تەواوی بكەم.

بە چ مافێك ئەم پاپایە خۆی لـە مەسیح بە گەورەتر دەزانێت و ئەم هەموو دەق و فەرمانانەی پەرتووكی پیرۆز دەخاتە ژێر قاچەكانی و خۆشەویستی و ڕێز بۆ هاوڕەگەزبازەكان دادەنێت؟

ڕاستی فەرموو سەروەرم (پێغەمبەر ﷺ) كاتێك گاورێكی بینی فەرمووی: قەشە و پیاوانی كڵێسایان كرد بە خوداوەندی خۆیان! كابرای مەسیحی وتی: ئیمە قەشە و پیاوانی كڵێسا ناپەرستین. سەروەرمان ﷺ فەرمووی: ئەی حەرامتان بۆ حەڵاڵ ناكەن؟ ئەی حەڵاڵتان لێ حەرام ناكەن؟ دە ئەوەیە پەرستن و عیبادەت كردن.

**باوكی پێغەمبەران بەخێر یادی دەكرێتەوە:**

حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێت دەپاڕایەوە لـەخوا كە هەمیشە یادی بەخێربكرێ و ناوی زیندووبێت ﴿وَاجْعَلْ لِي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآَخِرِينَ (84) الشعراء ﴾

خوای پەروەردگاریش دوعاكەی گیراكردو كەئەوەتا دەفەرموێت ﴿وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآَخِرِينَ (108)الصافات﴾.

ئەگەر سەیری قورئان بكەین رووبەرێكی باش بۆ بەسەرهاتی باوكی پێغەمبەران تەرخان كراوە كە حەفتا جار ناوی دووبارەبۆتەوە، ئنجا وا چواردە سەدەیە پێنج فەرزە ناوی دووبارە دەبێتەوە لـە تەحیاتی نوێژدا، ئنجا كە دەچی بۆحەج لـەبەرەكەت و فەزڵی ئال و بەیتی ئیبراهیم تێدەگەیت سەلامی خوای لێبێت، كەخوا ئاوی زەمزەمی

بۆهەڵقولأندن کە زیاتر لـە3000 ساڵـە وشکی نەکردووەوشیفایە، ئنجا سەفاو مەروە دووبارە رۆیشتنەوەیە بەشوێن پێکانی هاجەرە خاتوون دا .

ئنجا حەزرەتی ئیبراهیمە سەلامی خوای لێبێت دوعا دەکات بۆ مەککەوخوا دوعاکەی گیراکردو هەزاران ساڵـە ئەوشوێنە پیرۆزەو پارێزراوە(وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا بَلَدًا آَمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ مَنْ آَمَنَ مِنْهُمْ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآَخِرِ.. البقرة 126 ).

ئنجا کەدوعای بۆکردن پێغەمبەرێکیان بۆبنێرێت ئەوەبوو دوا پەیامبەری بۆناردن سەلأت و سەلامی خوای لـەسەربێت (رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آَيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (129) البقرة).

**مامۆستای مودەڕیس: یەکەم**

لیوای پۆلیس ئەکرەم عبدالرزاق مەشهەدانی کە ساڵی 1948 لـە بەغدا لـەدایکبووەو پاشان ساڵی 1969 کۆلـێژی پۆلـیسی تەواوکردووەو لـەنەوەدەکانیشدا دکتۆرای لـە (علـم الإجتماع الجنائی) لـەکۆلـێژی ئادابی زانکۆی بەغدا هێناوە. ناوبراو کەدۆستی مامۆستای مودەڕیس بووە لـەوتارێکیدا لـەگۆڤاری گاردینیا دەڵێت:

مامۆستای مودەڕیس ساڵی 1902 لـەدایکبووەو ساڵی 2005 پاش 103 ساڵ تەمەن کۆچی دوایی کردووە نزیکەی سەدوپەنجا پەڕاوی نووسیوە. زۆرجار کەداوای ئامۆژگاریم لـێدەکرد دەیووت: (اما اخلاص واما افلاس).

شێخی مودەڕیس هەمیشە دەم بەزیکرو سەڵاوات بوو، وازی لـەدونیا هێنابوو تادواجار دونیاش وازی لـەوهێنا، کە وەفاتی کرد خانووی لـەپاش بەجێنەما و


کتێبخانەکەشی کردە وەقفی مزگەوتی گەیلانی و کفنەکەی کە لەحەج کڕیبووی ئەوەی برد لەگەڵ خۆیدا.

حکومەتی پێشوو سەیارەیەکی چاك و پارەیەکی زۆری بۆنارد وەری نەگرت و وتی: عبدالکریم موحتاج نیە . ئەو پارەیی دەهاتە بەردەستیشی دەیبەخشیەوە بەسەر نەدارەکاندا.

مامۆستا بەرێزەوە باسی زانایان و شێخەکانی دەکرد، هەرکات باسی شێخ ئەمجەدی زەهاوی بکرایە دەیووت: (سیدنا الشیخ).

مامۆستا دژی هەڵسوکەوتی قاعیدەو بن لادن بوو، کاتێکیش ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد فەتوای جیهادی دا لەدژیان، ئەمەش داگیرکەرانی نیگەران کردوتەوقێکی ئەمنیان بەدەوری مزگەوتەکەیدا دروست کرد، چەند جار هەوڵی تیرۆرکردنی درا خوا پاراستی و خەڵکی ناوچەی (باب الشیخ) مەردانە بەرگریان لێکرد.

ئەو میسریەی خزمەتی دەکرد ناوی (شێخ سەلاّح) بوو لەگەڵ میسریەکانی تردا گیرا بەبیانووی ناردنەوەیان و هەرچەند شێخ هەوڵی بۆدا سوودی نەبوو.




**مامۆستای مودەڕیس: دووەم**

لیوای پۆلیس دکتۆر ئەکرەم عبدالرزاق مەشهەدانی دەڵێت: مامۆستا مودەڕیس گێڕاویەتیەوەو وتوویەتی:

یەکەم: ساڵی 1999 نەخۆش بووم چوومە ماڵی کوڕەکەم لەجەمیلە ودۆست وناسیاوم سەردانیان دەکردم، رۆژنامەیەك

هەواڵی نەخۆشیەکەمی بلاْوکردبۆوە بۆبەیانی سەعات هەشت تیمێکی پزیشکی هاتنە ماڵی کوڕەکەم و وتیان سەرۆك کۆمار هەواڵەکەی خوێندۆتەوەو ئێمەی ناردۆتەخزمەتت چیت پێویست بێت بۆت بکەین وئەم چەپکە گوڵەشی بۆناردوویت بەئیمزای خۆی کەهیوای چابوونەوەت بۆدەخوازێت.

دووەم: هەندێ لەخزمەکانم هاتن وزۆر داوێن گیرم بوون کەلای سەرۆك کۆمار تکایان بۆبکەم کوڕێکیان گیراوەو بەندکراوە تابەری بدات، ئێوارەیەکیان یاوەرێکی سەرۆك کۆمار هات بۆ نوێژ لای من، پێمووت: دەمەوێت سەردانێکی سەرۆك بکەم، بۆبەیانی یاوەرێکی ناردو وتی: سەرۆك چاوەڕێتە، لەگەڵیا چووم بۆکۆشکی کۆماری، لەبەردەم دەرگای ژوورەکەیدا چاوەڕێی دەکردم، پێشوازی لێکردم و وتی: بەهاتنتان بەرەکەت رووی تێکردوین.

پاش قسەکردن داوای لێکردم دوعای خێرو هیدایەتی بۆبکەم بۆخزمەتی ئیسلام وموسڵمانان، پێش ئەوەی بەجێی بهێڵم باسی بەندکراوەکەم کرد وئەویش وتی: یاشێخ ئەمر دەکەیت هەرئێستا لەگەڵ خۆتا دەیبەیتەوە، پاش ئەوەی ماوەیەکی تر وەلاْمی پرسیارەکانیم دایەوە وخوا حافیزیم کرد لەژووری یاوەرەکانی بەندکراوەکەیان دامەوەو سوپاس بۆخوا رزگاری بوو..

مامۆستا مودەڕیس خۆی نەفرۆشت بەکەس بۆیە لای خواو خەڵکی و دەسەلاْتدارانیش رێزی هەبوو، ئەوەتا سەدام کە تا دواپلە ستەمکاربوو بەلاْم وەك خۆی باسی دەکات زۆر رێزی مامۆستای گرتووە وچی داوابکردایە بۆی جێبەجێ دەکرد..

**خۆی تالأن فرۆش نەکرد:**

شێخ حەسەنی بەسری دەڵێت: نرخی تۆ بەهەشتە خۆت تالأن فرۆش مەکە.. یەکێ لەوانەی خۆی تالأن فرۆش نەکرد جەنابی مەلا عبدالکریمی مودەڕیس بوو، زۆر هەوڵیاندا بیکڕن و دەستەمۆی بکەن، خوا پاراستی.

مامۆستا شێخ موحسینی موفتی دەڵێت: رۆژێك من و چەند مامۆستای زانکۆو فەقێکانی لەخزمەتی مامۆستا مودەڕیسدا بووین، دووکەس هاتن فەردەیەك پارەیان بۆهێناو وتیان: ئەوە لەکۆشکی کۆمارییەوە بۆت نێردراوە، جەنابت بەکاری بهێنە بۆ چاپکردنی کتێبەکانت، ئەویش وتی: بیگێڕنەوە چونکە پێویستم نیە وپارەم زۆرە، وتیان : ناتوانین بیگێڕینەوە بەرپرسیاردەبین، جەنابی مودەڕیس ئەو پەردەیەی درابوو بەسەر کورسیەکەیدا بەرزی کردەوە لەژێر کورسیەکەیدا هەمووی سەفتە پارەبوو.. کە هەموئەوەیان بینی ئەبلەق بوون، دوانەکە گەڕانەوە.

فەقێکانیش وتیان:مامۆستا ئەو هەموو پارەیەت لایە هەمانە زۆر موحتاجە، وتی: پارەی چی؟ کەپەردەکەی لابردەوە تەنها قەڵەمەکەی و دەفتەرەکەی لێبوو.. کەئەمەش کەرامەتێکی ئەو زاتە بوو،خوا رزگاری کرد تائەو پیاوانەی دەوڵەت قەناعەت بکەن و لەسەری نەکەوێت. ئەم دەست و دەم پاکیە بوو وایکردکە ژنی سەدام دێت بۆلای کاتێك عودەی پێکرابوو تا دوعای بۆبکات بتوانێت رووی نەداتێ و بەرێی بکات و بوێرێت پێی بڵێت: دوعای چی بڕۆن دادپەروەربن لەگەڵ خەڵکدا.

**فیراسەتی بڕوادار:**



ئەندازیارعەقیل نوری مەلا حوێش کەدکتۆرای هەیە لە تەلارسازیدا دەڵێت: دەچووم بۆ مالیزیا بۆخوێندن داوام لەجەنابی مامۆستا مەلا عبدالكريم کرد کەنامەیەکم بۆبنووسێت،ئەویش نامەیەکی بۆموفتی مالیزیای ئەوکاتە بۆنووسیم کە ناوی ئەبوبەکر بنیامین بوو، کەچوومە خزمەتی ونامەکەیم دایە وتی: چەند ساڵ لەخزمەت مامۆستادا خوێندم، ساڵی 1967 ویستم بگەڕێمەوە بۆ مالیزیا لەکاتی خوا حافیزیدا وتی: هاوسەرگیری دەکەیت، داواکارم کوڕی یەکەمت ناوبنێی (عبدالقادر)کوڕی دووەمیشت ناو بنێی (عبدالكريم) ئنجا سەری داخست وبێدەنگ بوو، ئنجا خواحافیزی لێکردم، سبحان الله هاوسەرگیریم کردو کوڕی یەکەمم ناونا (عبدالقادر)وکوڕی دووەمم ناونا (عبدالكريم) ئیتر هاوسەرەکەم هیچ منالّی دیکەی نەبوو، وادەزانم سەرداخستن و بێدەنگیەکەی بۆئەوەبوو.

**گەردن ئازادی:**

دکتۆر محمد شەشۆیی دەڵێت: چەند ساڵ لەخزمەت مامۆستا مەلا عبدالكريمی مودەڕیسدا بووم، زۆر سوومەند بووم لێی لەهەموو بوارێکدا کەئەو بۆخۆی وەك مەوسوعەیەك بوو، رۆژێك لێی پرسیم ئیسپانیا چەند رووباری تیایە، ئەو دەیزانی کە

ئەوە جوگرافیایە و منیش کەکارم بەوە نەبووە چوومەوە سەر نەخشەی ئیسپانیا ئنجا زانیم کە ژمارەیەکی زۆر رووبارو بەنداوی هەیە.

رۆژێك لەمەجلیسیدابووم پیاوێك لەتەنیشتمەوە وتی: ئەمەوێت مامۆستا نامەیەکم بۆبنووسێت بۆ مام جەلال تا بەندکراوێکم لایانە بۆم ئازادبکات، وتم: شتی وانەکەیت چونکە مامۆستا خۆی لەسیاسەت لادەدا، لەوکاتەدا قسەمان دەکرد مامۆستا سەیرێکی کردین.. دوای تەواوبوونی مەجلیسەکە کابرا داواکەی لە مامۆستا کردو مامۆستا هەرئەوەی وت کەمن وتم، بەڵام دوایی مامۆستا زۆر لەمن توورەبوو، بەڕاستی پێم ناخۆش بوو چونکە ناهەقی بوو بەڵام قەناعەتم بەخۆم کرد کە لەبەر فەزڵی مامۆستا گوێی نەدەمێ، بۆبەیانی کەچوومەوە خزمەتی: فەرمووی باش بوو هاتی وەرە دانیشە گەردنت ئازابێ و گەردنم ئازادبێ، وتم: گەردن ئازادی تۆ لای من، بەمەرجێك گەردنت ئازاد دەکەم کە ئەم رەمەزانە وانەم پێبڵێیت (مامۆستا لەرەمەزاندا وانەی نەدەووتەوە). قایل بوو ئەو رەمەزانە دەرسی پێوتم. تومەز ئەو شەوە خەوی دیوە بەکۆمەڵێك ئەولیای خواوە کە پێیان وتبوو تۆ بەناهەق لەکەسێك توورەبووی.

عادەتی فەقێ وایە سوختەو موستەعیدیان هەیە ئەوەی زیاتری خوێندبێ دەرس بەوانە دەڵێن کەسەرەتایانەو مامۆستایان سەرقاڵی ئەوانە نەدەبوون کەسەرەتایان بوو، بەڵام مامۆستای مودەڕیس وانەبوو هەرکەس بچوایە باسەرەتاشی بوایە وانەی پێدەووت.

جارێك وتم: مامۆستا دەچمەوەبۆکوردوستان ئەو دوو قورئانەم هەدیەکردووە بۆ دوو دۆستم بەڵکو دوعایەکی بەسەرا بخوێنی لە بازگەی بەعس لێمی نەسەندن، وتی: دوعای چی ماری بێئیجازەی لێیەو لێتی دەسەنن، وتم: تۆ قەیناکە هەر دوعایەکی بەسەردا بخوێنە..دوعای کرد لەبەردڵی من و لەرێی موسڵەوە هاتمەوە بەحساب باشترە، کەچی سایەقەکە وتی: ئەوجانتایە چی تیایە ؟وتم: دووقورئان، وتی:

ئیستیخباراتێکی تازە هاتووە ماری بێئیجازەیە . سبحان اللـه گەیشتینە سەیتەرەکە کابرای سەیتەرە یەکەم کەس لەمنی پێچایەوەو جانتاکەی دەست بەسەردا گرت هەروەك چۆن مامۆستا پێشبینی کردبوو.




**میحرابەکە دروست دەکەیت پشت بەخوا:**

مامۆستا سەید حەسەن لەم ساڵانەی دواییدا لەعومرە بەخزمەتی گەیشتم زۆر لوتفی نواندو خۆشەویستی بۆدەربڕیم، منیش هەرچەند کتێبی تازەم دەربکردایە نوسخەم بەدیاری بۆدەناردوناوبەناو تەلەفونیشمان بۆیەك دەکرد، چوومە خزمەتی لەرانیە، مامۆستا فەرمووی حەوت جار عومرەم کردووە هەمووجارێك ئەوەندەی لەمەدینە بووبین خەتمێکی قورئانم کردووە.

ئنجا فەرمووی مزگەوتەکەمان میحرابی نەبوو خەمم بوو چۆن میحرابێکی گونجاوی بۆدروست بکەین بەتایبەت کەزەوی مزگەوتەکە بچووکەوتەنها سێ سەد مەترە دووجایە، دووسێ ئاسنگەرم بانگ کردو قسەمان کرد بەڵام نەمانبڕیەوە کێ بۆمان بکات و چۆن بێت، بەیانیەکیان نوێژخوێنێك هات بەناوی حاجی ئەبوبەکر وتی: مامۆستا میحرابەکەت دروست نەکرد ؟وتم: نەوەڵا، وتی: دروستی دەکەیت، وتم:

چووزانیت ؟ وتی: خەوم بەسەروەرمانەوە بینیوەصلی الله علیه وسلم لەگەڵ تۆدابووە لای شوێنی میحرابەکە وتت ئەو میحرابەم بۆدروست ناکرێت، ئەویش فەرمووی: دروستی دەکەیت پشت بەخوا.

کەچوومە بازاڕ ئاسنگەرێك بانگی کردم وتی: مامۆستا ئەوە میحرابەکەیە بەئاسن دروستمان کردووە، ئەگەر پێت باشە دێین دای دەنێین، هاتن دایان ناو وتم: چەندئەکات؟وتیان: هەربەدڵت بێت هیچمان ناوێت، ئیتر نەمزانی چۆن ئەو کارەی کردبوو، ڕەنگە ئەویش فەرمانی پێدرابێ لەلایەن خۆشەویستمانەوەصلی الله علیه وسلم..

## مامۆستا سەیدحەسەن لەخزمەت مامۆستا عبدالکریم دا:



مامۆستا سەیدحەسەن دەڵێت: فەقێیەتیم پێخۆش بوو بەڵام ژیانی مامۆستایانم قبوڵ نەبوو چونکەحاڵ و گوزەرانی مامۆستایان باش نەبوو..

پەیمانگای ئیسلامیم تەواوکردو چووم بۆبەغدا لەئەوقاف تاقیکردنەوەبکەم بۆئەوەی دابمەزرێم، کاربەدەستی بەغدا وتی: کوا وەسیقەکەت ؟وتم: ئەو شەهادەیم پێیە کە نمرەکانمی تیایە، وتی: نابێت،گەڕامەوە سلێمانی برادەرێك وتی: بۆ تەقدیمی ناکەی بۆمامۆستای قوتابخانە، تەقدیمم کرد سێیەم ناوبووم کەوەرگیرام، باوکم قایل نەبوو، وتی: من بۆیە تۆم خستۆتە

بەرخوێندن تا ببیتە مەلا، ببیتە قایمقامیش نایەمە ماڵت.. لەو ماوەیەدا چوومە خزمەت جەنابی مەلا کەریمی مودەڕیس لەبەغدا، خۆم ناساند کەناوم: سەید حەسەنەو باوکم فلاّنە کەسە، وتی: تۆئەوەی کەباوکت پێی وتووی بۆیە تۆم خستۆتە بەرخوێندن کەببیتە مەلا، ببیتە قایمقامیش نایەمە ماڵت، وتم: بەڵێ ئەوم، وتی: دەك هەزار رەحمەت لەوباوکەت.. تووشی شۆك بووم،چووزانێت ئەو رۆژانە دەیان کەس دەچنە لای، خەیاڵم بۆبرادەرێك چوو پێی وتبێت، برادەرەکەم بینی سوێندی خوارد سێ مانگە مامۆستای نەبینیەوە، تێگەیشتم کەئەوزاتە ئەولیای خوایەو دیارە خوای میهرەبان بەشێوەیەك لەشێوەکان ئاگاداری کردووە.

## سەید حەسن وازناهێنێت:

ساڵی 1983 وەزع گۆڕدرا ودانوستان هەبوو لەگەڵ حکومەتدا،منیش عەریزەیەکم نووسی بۆ تەجنید کەئاخۆ عەفو نابم لەعەسکەری، نایبزابتێك هات وتی: ئەو عەریزەیە هی کێیە؟وتم: هی منە، وتی: تا ئێستا لەکوێ بووی ؟وتم: لە لادێکانی خۆمان مەلا بووم،وتی: وا ئەنووسم چوار رۆژی تر بێتەوە بۆکوێ ئەچی بچۆ وناتگرن، دوایی بچۆرەوە شوێنەکەی خۆت .

منیش بەفرسەتم زانی چووم بۆ بەغدا بۆلای مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕیس،خۆم ناساند و وتی: چی دەکەیت ؟وتم: بەقسەی بابم کردو بوومە مەلا لەدۆڵی بالیسان، زۆری پێخۆش بوو زۆر مەدح وسەنای ئەوناوچەیەی کرد کە زانای تیاهەڵکەوتووەو خزمەتی ئیسلامیان کردووە.

هەندێ کتیبی خۆی گەورەو بچووك دانرابوون، لەدڵی خۆمدا وتم: ئەگەر کەراماتی هەبێت کتێبێکی بچووکم دەداتێ، من لەم خەیالاّتەدا بووم مامۆستا سەیرێکی کردم،هیچ دەنگی نەکرد، نوێژی عەسری بۆکردین و خەڵك دەهاتن

دەستیان ماچ دەکرد، چووینەوە دانیشتین فەرمووی جێگات گرتووە ؟وتم: بەڵێ، وتی: ئەگەرنەتگرتووە هەرچەندە ئێرە مەمنوع کراوە بەڵام جێت دەکەینەوە.

زۆر سوپاسی لوتف وکەرەمیم کرد،دوایی هەستام و پێڵاوەکانم لەپێ کرد لەدڵی خۆمدا وتم: دیارە مامۆستا کەراماتی نیە وا کتێبەکەی نەدامێ، نەجیب ناوێکی لەبەردەستا بوو، فەرمووی نەجیب لەوکتێبە بچوکانە کتێبێك بۆسەید حەسەن بێنە وازناهێنێ، گەڕامەوە دەستیم ماچکرد،بەسووکی کێشای بەروومەتما و وتی: جاریکی تر شتی وا تاقینەکەیتەوە.

جاباشە من ئەڵێم خوایەك ئەوەندە زاناو بەتوانا بێت کەناودڵی تۆوخەیاڵاتت بۆ دۆستێکی خۆی کەشف بکات، ئەبێ زاست و زانیاری خۆی چەند بێ؟(اعلموا أن الله يعلم مافي أنفسكم فاحذروه )..

**مامۆستای مودەڕیس خەمی سەرەمەرگی بوو بۆیە دەیووت:**

خوایە هەرکارێ لەبەر تۆ کردم

هەر ڕەنجێ لەبەر ڕەزای تۆ بردم

ئەیاندەم بەدوو کەلیمەی شەهادەت

پێمبدەیتەوە کاتێ کەمردم

**من کوردم..**



دکتۆر رافیع ریفاعی کە یەکێکە لە دیارترین شاگردو قوتابیەکانی خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس.. دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێك چۆتە خزمەتی جەنابی مامۆستاو بینیوێتی پێئەکەنێت..

ئەڵێ: منیش وتم: قوربان ئەوە بۆچی پێئەکەنیت؟

فەرمووی: هەندێ براو دۆست هاتن بۆ لام و پێیان وتم: قوربان تۆ سەییدو شەریفیت و لە ئالوبەیتی پێغەمبەریت ﷺ..

دوای ئەوەی ئەو شەوە خەوم لێکەوت، لە خەوما پێغەمبەری خوام بینی بە حەزرەتی ئەبوبەکری دەفەرموو: ئەی ئەبوبەکر، ئا ئەمە مەلا عەبدولکەریمی بیارەی کوردە کە بۆم باسکردیت. !!ئیتر مامۆستا مەلا عەبدولکەریم فەرموی: لە دوای بیستنی فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ باوەڕ بە هیچ کەسێکی تر ناکەم.. من کوردم. !ئەکاونتی لێزمە شێخانی.

**لە ساڵیادی وەفاتی شافیعی سەردەم (عەللامە مودەریس)دا**

دوێنێ پۆستێکم لە ساڵیادی شەهید (سید قوتب) بڵاوکردنەوە، کە هاوکاتە لە گەڵ ساڵیادی وەفاتی شافیعی سەردەم و زانا و ئەدیبی گەورەی گەلەکەمان عەللامە مامۆستا(عبدالکریم المدرس) کە لە (٢٩ ، ٨ ، ٢٠٠٥) وەفاتی کرد.

لەم وتە کورتەدا ناتوانین مافی تەواوی ئەو زاتە بلیمەت و هیمەت بەرز و کانگای زانست و ئەدەب و ئاسەوارەکانی بدەین، بەڵکو تەنها وەك وەفایەکی بچوك بۆ ڕۆحی پاکی ئاماژە بە چەند یاداوەرییەك دەکەم:

١- لە ساڵی (١٩٩١) لەگەڵ مامۆستایەکی هاوڕێم چوومە بەغدا بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن لە کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان، بۆ ئێوارە چووینە خزمەتی جەنابی مامۆستا لە حوجرە سادە و بێ نازەکەی، دەستمان ماچ کرد و پاش نوێژ کردن و نان خواردنێکی سادە و زاهیدانە فەرمووی: حەزتان لە چ پەرتوکێکە بە دیاری پێتان بدەم ؟.

من وتم: قوربان من حەزم لە کتێبی (الوسیلة في شرح الفضیلة )یە.

فەرمووی: جا ئەوەت بۆچیە؟ وتم: دەمەوێ بیخوێنم.

فەرمووی: جا کەس هەیە بتوانێ ئەوە بلێتەوە؟.

لە ڕاستیدا فەرمایشتەکەی تەواوە هەموو کەس ناتوانێ ئەو کتێبە بلێتەوە. فەرموون با پێناسەیەکی کورتی ئەم کتێبەتان بۆ بکەم:

ئەم کتێبە دوو بەشە (الفضیلة)کە بریتیە لە (٢٠٣١) بەیت شیعر لە زانستی (الکلام)دا، عەلـلامە (مولوی)بە زمانێکی سەیرو سەرسوڕهێنەر هۆنیویەتیەوە. بەشی دووەم (الوسیلە)یە کە بریتیە لە شرۆڤەی ئەو هۆنراوەیە، پێم وایە ئەگەر ئەو زاتە شرۆڤەی نەکردایە بە دەگمەن کەسێك لێی تێدەگەیشت.

ئەمە ی خوارەوە نمونەی ئەوشیعرانەی (الفضیلة) یە کە باسی خوای موتەعال دەکات کە دوورە لە زەمان و مەکان و چۆنیەتی:

وكان آن كانَ (كان) ليسا

ثوي بحيث ليس (حيث) أيسا

متى (متى) حتى أتي عليه

من أين (أين) يُنتمَى إليه

هل ساعد يصله في كُم (كَم)

وكيف (لاكيف) مع الكيف يُضَم

٢- زانای ناوداری عێراقی (د. احمد الكبيسی ) دەچێته خزمەت جەنابی مامۆستای مودەڕیس پێی دەڵێ: مامۆستا ئێمە ئەو هەموو قۆناغە دەبڕین و ئەو هەموو بڕوانامەیە بەدەست دێنین کەچی بە ئەندازەی ئێوە زانستمان پێ نییە و پاش ئەو هەموو بڕوانامەیە دێینە خزمەت ئێوە تا زانستمان زیاد بکەین هۆکار چییە؟.

لە وەڵامدا مامۆستای مەرحوم دەڵێ: (أنتم درستم فی (الجامعه)ونحن درسنا فی (الجامع) والله يقول: ( للذكر مثل حظ الانثيين).

واتە: ئێوە لە (جامعه)کە زانکۆیە خوێندوتانە، واتە لەفزەکەی مؤنثة، و ئێمەش لە (جامع) کە مزگەوتە و لەفزەکەی موزەککەرە خوێندومانە، خواش دووبەشی داوە بە نێر لە بەرامبەر یەك بەش بۆ مێ!.

٣- لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە قۆناغی ماستەر دەمخوێند یەکێك لە مامۆستاکان باسی زانست و ئاگایی عەلامە مودەریسی دەکرد و وتی:

تێزی دکتۆرام دەنوسی لە بابەتێکی جوزئی لە گشت مەزهەبەکان گەڕام دەستم کەوت، بەڵام لە مەزهەبی شافیعی زۆر گەرام دەستم نەکەوت، دوایی بیرم کردەوە ئەی بۆ نەچم لە شافیعی سەردەم (مودەریس) بپرسم، هاتمە خزمەتی و پێم وت، فەرمووی: جا خۆ ئەوە لە کتێبی (مغنی المحتاج) بەرگی ئەوەندە هەیە وتم: قوربان گەڕاووم دەستم نەکەوت، فەرمووی: با لە فڵان لاپەرە دەستەی ئەوبەری تێیدایە.


وتی کە سەیرم کرد چی فەرموو وا دەرچوو. . د. محمود زمناکۆیی

**حاجی مامۆستا ئیمامی: یەکەم:**

لە پێشانگای دووەمی کتێبی سلێمانی چەندکتێبێکم کڕی، یەکێکیان بەناوی بیرەوەرییەکانی حاجی مامۆستا ئیمامی بوو، هەرچەند نرخەکەیشم بەلاوەگران بوو بەلاَم چونکە زۆر حەزم لەیادەوەری و ژیاننامەیە کرێم وکەوتمە خوێندنەوەی، دەتووت کتێبی چێشتی مجەوری هەژاری رەحمەتی دەخوێنمەوە، چێژم لێبینی، دیارە باسی کوردوستانی رۆژهەلاَتە حەفتا هەشتاسالێك لەمەوبەرەوە، بەڕاستی گەیشتمە ئەوەی ئەم کوردە داماوە هەرخێر نەدیو بووە، بەدەست رەزا شاوە کە وەك ئەتاتورك رێگری لەدینداری کردووەو جل و بەرگی کوردی یاساغ کردووەو بەزۆر جۆرە جلوبەرگێکی دیکەی بەسەر خەلکیدا فەرزکردووە، ئەوە بێجگە لەوەی سەرپۆشی ئافرەتانیشی یاساغ کردووە.

حاجی مامۆستا ئیمامی بەڕەحمەت بێت دەلێت: منالْ بووم لەکاتی نوێژی هەینیدا لەدێیەکەی خۆمان لەسەر بەرزاییەك لەگەلْ منالێکی دیکەدا چاوەدێری رێوبانەکەمان دەکرد ئەگەر پیاوانی دەسەلاَت بهاتنایە بەرەو ناودێ زوو خەلکمان ئاگادار دەکردەوە، کەزوو فریای خۆیان بکەون، ئەوانەی جلوبەرگی کوردیان لەبەرابوو یان بەچەقۆوخەنجەر بۆیان دەدڕانن یان ئەوەبوو خەلکەکە بەبەرتیل دەمیان چەوردەکردن لەکۆلیان ببنەوە، زولم وزۆری رەزا شا هەراسانی کردبوون، ئەمەبێجگە لە گرانی وناهەمواری بەهۆی ئاسەوارە خراپەکانی جەنگی جیهانی یەکەم ودووەم کەوایکردبوو خەلکی بەکولەمەرگی بژین.

ئنجا زوڵم و ستەمی ئاغاومیرو بەگ و دەرەبەگەکان و زەوت کردنی ماڵ ومولْکی هەژارانیش باس دەکات، ئەمە بێجگە لـەچەتەگەری..کەدواتر بۆتان باس دەکەم ..




**حاجی مامۆستا ئیمامی: دووەم:**

**لـەیادەوەرییەکانی حاجی مامۆستادا هاتووە، کە مەریەم ناوێکی مەهابادی خێزانی دکتۆر هاشمی شیرازی بووە بۆماوەی هەشت ساڵ و چەند منالێکی لێبووە وکەدەمرێت، دکتۆر داوای عیسمەت خانی کچی پێشەوا قازی موحەممەد دەکات، ئەو شەوە کەبۆ بەیانی بیگوێزێتەوە لـەلایەن جەندرمەکانی حەمە رەزا شاوە دەگیرێت و دوای ساڵێك ئازاد دەکرێت، لـەو ماوەیەدا سەرلـەشکر وەرەهرام کەهاموشۆی ماڵی پێشەوا دەکات سەرکۆنەی عیسمەت خان دەکات کەچۆن شووی بە کۆمۆنیستێکی بێ دین کردووەو بۆشووی بە ئەفسەرێکی پلـەدارنەکردووە، ئەویش دەڵێت: ئەمن نالْچەی کەوشی ئەو دکتۆرە نادەم بەئەستێرەکانی سەرشانی ئەفسەرەکانی ئێوە..**

پاش ئەوەی دایك و باوكی لۆمەی دەكەن لەسەر توندی ئەو وەڵامەی بۆمیوانەكەیان ئەویش لەداخا خۆی دەكوژێت، ئەو رۆژەی خۆی دەكوژێت مێردەكەی ئازاد دەبێت، ئەویش بەهۆی كۆستكەوتنەكەیەوە دوو هۆنراوەی وتووە كە دوایی محمدی مامڵیٚ وتوونی: یەكەم: كۆچی یارم كۆچی سوورە بەهارە خێڵ بەرەو ژوورە، دووەمیشیان: زەمانە گوڵێكی دابوولێی سەندم..

ساڵی 1320ی هەتاوی كەماڵمان لەئاوایی قۆڕەدەرە بوو لەسەرجادەی سەقز لە بانە جەندرمەكانی رەزاخان ئەزیەت وئازاری زۆری باوكم و براكەمی دا لەسەرئەوەی كەبراكەم نەیدەویست بچێت بۆ سەربازی، باوكم زۆر دوعای لێكردن زۆری نەخایاند وەزعەكە تێكچوو، هەر ئەوجەندرمانەی حكومەت رایان كردوهاتن بۆلای باوكم چەكەكانیان بۆهەڵگرێت، ئەویش وتی: من مەلام چەكەكانتان ببەن بۆ عەلیاغای جوانەمەردی، ئەویش لێی وەرگرتبوون و دەستی پێوەنابوون.

ئنجا عومەرخانی شكاك بەخۆی و پیاوەكانیەوە هاتبوونە ناوچەكەی ئێمە كەلەناكاودا پەلاماری بازگایەكی نێوان بەلەجەڕو میرەدیٚ بدات، پەلاماریان دان و دووسیٚ كەس شكاك و بانەیی كوژران و چەندكەسێكیش برینداربوون وناچار عومەرخان كشایەوە دیاربوو خۆی وسەركردەكانی خیانەتیان كردبوو خۆیان دەسەڵاتیان ئاگاداركردبوو لەهێرشەكەو پارەیان لەسەر وەرگرتبوو.. ئەمەش دەریدەخات كە كورد زۆربەدەگمەن سەركردەی دەست ودەمپاك و داوێن پاكی هەبووەو هەرلەمێژەوە خیانەت وخیانەتكاری هۆكاری بەدبەختی كوردان بووە..

**حاجی مامۆستا ئیمامی: سێیەم:**

مامۆستا لەبیروەریەکانیدا دەڵێت: ئەوسا دەروونەکان وەك ئاوێنە ساف و بێگەردبوون وبەتەپوتۆزی گوناه دانەپۆشرابوون، بۆیە بەڕاستی خواناسیان دەکرد، باوکم حاجی مەلاخدر زۆر جار خەوی بەسەروەرمانەوە دەبینی صلی الله علیه وسلم، جاری واهەبوو بەرۆژدەخەوت کەخەبەرمان دەکردەوە دەیووت: بۆخەبەرتان کردمەوە لەخزمەت پێغەمبەردابووم..

لەوخەوانەی تەنها دوانیانم بیرماوە کە خۆی ئەوە یەکێکیانە باسی دەکات و دەڵێت: بەیانیان دوای نوێژ لە مزگەوت دەمامەوە تاخۆرکەوتن قورئانم دەخوێند، شەوێك لەخەومدا لەدوای نوێژی بەیانی وەك عادەتی لە میحرابەکەدا قورئانم دەخوێند، کەسێك بانگی کردم و وتی: مەلا خدر هەستا وەرە رەسولی خوا صلی الله علیه وسلم بانگت دەکات، منیش خێرا رۆیشتم لەگەڵیدا گەیشتینە بەر کێوێکی بەرزی هەڵەمووت، وتم: جاچۆن سەرکەوین ؟ وتی: چاوت بنووقێنە، چاوم نوقاندو کاتێکم زانی لەسەر کێوەکەم، وتم: عەباکەم بیرچووە بەبێ ئەوە حەزناکەم بچمە حزوور، وتی: خەمت نەبێت بۆت دێنم، بەچاوتروکانێك چوو بۆی هێنام ولەبەرمکرد، رۆیشتین هەتا چاو بڕکات دەشتایی و دارودرەخت و حەوزوئاوبوو، خەڵکی دەستنوێژیان ئەشت و نوێژیان دەکرد لەسەر تاتەبەردەکان، تا گەیشتینە خزمەت خۆشەویستمان کەدەستنوێژی شتبوو، ویستم دەستی ماچ بکەم: فەرمووی: جارێ بڕۆ دەستنوێژ بشۆ، دەستنوێژم شت و هاتمەوە دەستیم ماچ کرد، سێ پرسیارم لێکرد یەکێکیان ئەوەبوو وتم: مامۆستا مەلا عەلی قزڵجی دەڵێت: یەکێ بڵێ تەلاقم کەوتبێ ئەوکارە دەکەم یانایکەم تەلاقی ناکەوێت، هەندێ مەلای تریش دەڵێن دەکەوێت قسەی کامیانە؟فەرمووی قسەی قزڵجیە..

پاشان کەخەبەرم بۆوە بیرم کردەوە بۆچی فەرمووی دەستنوێژ بشۆ ئنجا وەرە، وتم: ئاخۆ ئێوارەکەی لەماڵی عەزیزئاغا نانمان خورادووە بلێی گومانی تیانەبێت؟پرسیارم لەعەزیز ئاغاکرد کەپیاوێکی دینداریش بوو، وتی: با لەهاوسەرم بپرسم، کەلێی پرسیبوو وتبووی: مریشکمان نەمابوو مریشکی ماڵێکی کرمانج بووە هێناومانە.. ئیتر زانیم کە خواردن و دەست ودەممان پاك وحەلاڵ نەبێت بەخزمەت سەروەرمان ناگەین ئەوەش یەکێك بوو لەپەیامەکانی ئەو خەوە..

**حاجی مامۆستا ئیمامی: چوارەم:**

ئەم مامۆستا بەڕێزە کە نەوەد ساڵێك زیاتر ژیاوە بیرەوەریەکانی خۆی نووسیوەتەوە کە شایەتحاڵێکی سەد ساڵی کوردوستانی ئەودیوە، من بۆخۆم زۆر سوودم لێبینی گەشتێکی خۆش بوو لەخزمەتیا، حاجی مامۆستا هاوسەردەمی کاك ئەحمەدی موفتی زادە بووەو مامۆستایەکی خواناسی کوردپەروەربووەو لەزۆر لەرووداوەکاندا حزووری بووە، لەقسەکانی ئەوەوە تێگەیشتم کەچ نارەحەتیەکیان چەشتووە بەدەست رەزا شاو حەمەڕەزا شای کوڕیەوەو پاشان دوای شۆڕشی گەلانی ئێران چۆن ئاواتی کورد لەگۆڕنرا بەهۆی ناتەبایی وخۆخۆری کوردەوە، کە چەپەکان ئاژاوەیان دەگێڕاو تاسەرئێسقان دژایەتی کاك ئەحمەدیان دەکردو چی هەوڵیدا براکوژی نەبێت چەندبرایان لەجەماعەتی کاك ئەحمەد شەهید کرد، ئنجا چی لەگەڵ شێخ عیزەدینی حوسەینی تەنسیقی دەکرد ئەوان هەڵیان دەوەشاندەوەو تەفرەقەیان دەنایەوە .

کاك ئەحمەد خواناس و خاکی وخۆنەویست و کوردپەروەربووە تا دواپلەو وەك دەنکە گەنمێك کەوتبووە بەینی دوو بەرداشی دەسەلاّت و چەپەکانەوە . خۆ دەسەلاّتی ئێرانی و عێراقی و تورکی خۆشیان لەکورد نایەت وتابۆیان بکرێ مافیان زەوت

ئەکەن، وەزۆر سوود لەئاژاوەنانەوەو دووبەرەکی وەردەگرن کەبەداخەوە کوردیش هەندێکیان ئەبنە داردەستیان و مەرامەکانیان بۆبەدی دێنن..

هەروەها بەهۆی باروزرووفەکەوە چەتەگەری هاتبووە ئاراوەو راووڕووتیان دەکرد، حەمەتاڵی بانە دەستی بەسەرناوچەیەکدا گرتبوو، سەید عەتاش دەستی بەسەرناوچەیەکی تردا گرتبوو، جارێك حەمەتاڵ مەڕومالاٚتی دێیەکی ژێردەسەلاٚتی سەیدعەتا بەتالاٚن دەبات، خەڵکەکەش هانا بۆ سەید عەتا دەبەن، ئەویش داوا لە حەمەتاڵ دەکات بیانداتەوە سوودی نابێت، بۆیە دەعوەتی دەکات وئەویش خۆی ودوانزە چەکدارێکی دێن و پاش میوانداری دەیانکوژێت، پاشان لەرووداوێکی تردا سەید عەتاش دەکوژرێت و پەردە بەسەر ژیانی ئەو دووچەتەیەدا دادەدرێتەوەبۆهەتا هەتا.

ئەوە حاڵی کوردە بەش مەینەتەکەبوو بەدەس چەتەکانەوە لەکۆنداو دیارە ئێستەش چەتەکان بەچاوی خۆتان دەبینن چی بەمیللەت دەکەن.. مێژوویەکی پڕ ناسۆرە بەداخەوەو ئەوەش هۆکارێکە کەکوردنەبووە بەهیچ وتا ئەمە حاڵیشی بێت نابێت بەهیچ..

**حاجی مامۆستا ئیمامی: پێنجەم: وەفایی شاعیر و باوکم:**

حاجی مامۆستا ملا محمدی ئیمامی لە بیرەوەریەکانیدا چیرۆکی باوکی و وەفایی شاعیر دەگێڕێتەوە دەڵێ:

باوکم فەرمووی" من لە شاری سابلاٚخ لە مزگەوتی سوور دەمخوێند، لای عەسران وەك و داب و نەریتی فەقێیەتی لە کوردستان نانم دەچنیەوە(ڕاتبەی فەقێ)، ڕۆژێکیان بەلای نانەوەخانەیەکدا ڕابوردم، پیاوێکی ڕیش سپی سەروسیما جوان لەوێ نانی

دەکرِی، کاتێ نانەکەی کڕی، وتی: فەقێ وەرە کارم پێتە، منیش شوێنی کەوتم تا گەشتمە ماڵیان، پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە نانێکی پێدام، وتم: باشە بۆ هەر لەوێ نەتدامێ؟ وتی مەبەستم ئەوە بوو ماڵمان بزانیت و هەموو ڕۆژێ نان و پێخۆر بەری بۆ فەقێکان، عەرزم کرد تۆ کێی؟ فەرمووی من پێم دەڵێن وەفایی.

ئەم ڕووداوە نزیکی ساڵی(١٨٩٩) ڕوویداوە.

باوکم دەڵێ: بۆ کۆتا جار لە شاری شنۆ لەسەر بەردە نوێژەکانی حەوشەی مزگەوتی جامیعە بە خزمەتی گەشتم، پێموت من لە بنەماڵەی مەلا عبدالرحیمی هەمزەقەرنیانم، وتی: ڕۆڵە بۆ خۆت تێکۆشە باو باپیر بار لەسەر کەس سووك ناکەن.

باوکم وتی: دوو خەتی زەرد لەسەر ڕوومەت و ڕیشی سپی وەفایی دیار بوو، کە بەهۆی زۆر گریانیەوە وای لێ هاتبوو.

**پزیشکی بانگخواز: یەکەم**

لەجیهانی ئیسلامی ئەمڕۆدا سوپاس بۆخوا کەسانێك هاتوونەتە مەیدانەوە کە هەڵگری بڕوانامەی بەرزن و لەهەمان کاتدا لەبواری بانگخوازیشدا چالاکن، بۆنموونە: دکتۆر راغب سەرجانی ساڵی 1964 لەمیسر لەدایکبووەو لەساڵی 1998دا دکتۆرای هێناوە لە پسپۆڕی میزەڕۆو گورچیلەدا . ساڵی 1991 هەموو قورئانیشی لەبەرکردووەو پاشان کەوتەکارکردن لەپڕۆژەی بەیەکەوە بینای چاکترین ئومەت دەکەین،چەند پەڕاوی لەبواری مێژووی ئیسلامیدا نووسیوەو چەند بەرنامەی لەکەناڵە ئاسمانیەکان پێشکەش کردووە، ساڵی 2007 پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لەبەرنامەی جیهانی ناساندنی پێغەمبەری رەحمەت. خوای گەورە بیپارێزێت بۆخزمەتی پەیامەکەی..




**پزیشكی بانگخواز: دووەم**

**دکتۆر وەلید فتێحی لەبنەماڵەیەکی زۆردەوڵەمەندی جەددەیە لەسعودیە، دکتۆرای لە ئەمەریکا هێناوەو بیست ساڵێك لەئەمەریکا خزمەتی کردووەو تەنانەت لەسەر خزمەتەکانی خەلآت کراوەو جنسیەی ئەمەریکیشی دراوەتیێ، پاشان 2006 دێتەوە سعودیە پاش ئەوەی مەرکەزی پزیشکی دەولی لەجەددە دروست دەکات، کەمامۆستا راشید دەڵێت: لەرۆژهەلآتی ناوەڕاستدا خەستەخانەکەی لەرووی دیزاینەوە یەکەمە.**

**کاتی خۆی شا عەبدولآ خەلآتی کرد، خزمەتێکی ناوازە پێشکەش دەکات، بەلآم لەبەرئەوەی بانگخوازەو خەمی چاکسازیەتی، ساڵی 2017 لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر بانگخوازدا دەستگیرکراوموڵك وماڵی خۆی و بنەماڵەکەی تەجمید کران، هەرچەند ئیعلامی ئەمەریکی قسەی خۆیان کرد بۆبەردانی بەلآم ترەمپ بەجدی نەچوو بەدەم مەسەلەکەوە، بایدن وەعدی دا کاری لەسەر بکات و لێپرسینەوە لەگەڵ دەسەلآتی سعودیەدا بکات لەسەر بەندکردنی هاولآتیەك کەجنسیەی ئەمەریکی هەیە، سعودیەش**

هەرلەگەڵ دەرچوونی بایدندا دکتۆر وەلیدیان بەرداو خەڵاتیشیان کرد لەسەر ئەوکارە مەزنەی کە لەبواری تەندروستیدا کردوویەتی..

ئەوەش وڵاتی قەزاوقەدەر تۆمەتی گرتنەکەی ئەوەبوو، بۆچی هەواڵی نەداوە بەدەسەڵاتی سعودی کە جنسیەی ئەمەریکی وەرگرتووە، دووەمیش بۆچی هاوکاری برایانی کردووە.. دیارە دکتۆر وەلید لەقوتابخانەی ئیخوان سوودمەندبووەو فیکرێکی وەسەتیەتی هەیە، کەئەوەش بۆخۆی لەسعودیە تاوانە.. بەهەرحاڵ هەندێك دەڵێن: بۆچی ئەم وڵاتانە پێش ناکەون،ئاخرئەوەتا عەبقەرییەکی وا ئەمەریکا لەبەرئەوەی جنسیەی داوەتێ بەرگری لێدەکات، کەچی وڵاتەکەی خۆی چوارساڵ بەناهەق بەبێ دادگایی کردن سجنی بکات.. ولاحول ولاقوە الا باللە.. شایانی باسە دکتۆر وەلید بەرنامەی (محیای) بەرهەم هێناوەکەچوار زنجیرەیەو بەراستی لەلوتکەدایە..



**پزیشکی بانگخواز: سێیەم**

دکتۆر عبدالمحسن الأحمد ساڵی 1967 لەسعودیە لەدایکبووەو لەئەمەریکا لەزانکۆی مۆنالیدا بڕوانامەی باڵای لەبواری پزیشکیدا هێناوە، لەهەمان کاتیشدا لەزانکۆی ئیمام ئیبن سعود لەبواری شەریعەشدا بڕوانامەی بەدەستهێناوەو وانەشی وتۆتەوە لەوزانکۆیەدا،لەبەرئەوەی ناوبراو هەم پزیشکێکی سەرکەوتوو هەم بانگخوازبوو لەگەڵ سەدان بانگخوازی تردا لە مانگی 9ی 2017 بەبێ بوونی هیچ تاوانێك دەستگیرکرا، جا هەروەك سەیدی رەحمەتی دەڵێت: ستەمکاران لەوشیاربوونەوەو بەئاگاهاتنی گەلان دەترسن، بۆیە رقی زۆریان لەو بانگخوازانەیە کەخەڵکی بەئاگادێننەوەو هەزار حیسابیان بۆدەکەن.

ناوبراو لەبواری سۆشیال میدیادا چالاك بوو تویتەریان لێداخست، چەند پەڕاوی هەیە وەك: (قصص لأنساها)، هڏا خلق الله، لّنك غالیه...هتد.. )..

کاتێك دکتۆر باسی ئایەتێکت بۆدەکات دەتباتە دنیایەکی دیکەوە، من زۆر سوودم لێبینیوە خوا لەدەستی ستەمکاران رزگاری بکات..



**پزیشکی بانگخواز: چوارەم:**

دکتۆر ئەحمەدقازی ساڵی 1940 لەمیسر لەدایکبووەو لەساڵی 2009 لەئەمەریکا کۆچی دوایی کردووە،دکتۆرای لەنەشتەرگەریدا هێناوە لەنەمساو پاشان بۆردی ئەمەریکی هێناوە لەنەشتەرگەری دڵ وسنگدا، تاساڵی 1997 هەشتاو شەش بەحسی پزیشکی بلاۆکردۆتەوە لەبوارەکانی نەشتەرگەری و رەوشتی پزیشکی و توبی بەدیل و توبی ئیسلامی و چارەسەری سرووشتی.

لەساڵی 1980 ەوەتامرد سەرۆکی پەیمانگای (الطب الإسلامي للتعليم والبحوث في بنما ستى في ولاية فلوريدا الأميركية ) بووە،ناوبراو دەرچووی قوتابخانەی برایانی میسربووبۆیە لەگەڵ پسپۆڕیەو پزیشکی و سەرقاڵیەکەیدا بانگخوازبوو،وە چەند ساڵ سەرۆکی یەکێتی موسڵمانانی باکوروباشوری ئەمەریکابوو، ئەم دکتۆرە خواناسە توانی بیسەلمێنێت کە رەشکە بەرگری لەشی مرۆڤ زیاد دەکات و بەوەش سەلماندی کە فەرموودەکەی سەروەرمان صلى الله عليه وسلم لەبارەی رەشکەوە کە بۆهەموونەخۆشیەك باشە سەد دەرسەد راستەوبەوەش (بەرائەی



ئیختیراعی ) وەرگرت.

دکتۆر ئەحمەد دەیویست پرۆژەی ئەکبەر بنیات بنێت کە ببێتە هەوێنی کۆلێژێکی پزیشکی ئیسلامی و دواتر ببێتە زانکۆیەکی ئیسلامی لەئەمەریکا بۆ ئەمەش سەردانی

بەرپرسانی وڵاتە ئیسلامیەکانی کرد تا هاوکاری بکەن بەداخەوە نەیانکردو ئەویش بەتەنها کات و پارەوتوانای زۆری بۆهێنانەدی ئەوپڕۆژەیە بەختکرد.

**پزیشکی بانگخواز: شەشەم: هەمووژیانی دابوو بەدەعوە!!**

دکتۆر ئیمام عەدەس لەبارەی دکتۆر ئەحمەد قازیەوە دەڵێت:

دکتۆر ئەحمەد ساڵی1940 لەمیسر لەدایکبووەو ساڵی 1961 کۆلیژی پزیشکی لەنەمسا تەواوکردووەوپاشان چۆتە ئەمەیکاو بڕوانامەی باڵای لەبواری سنگ و بۆریە خوێندا هێناوەو یەکێك بوو لەسەرکردەکانی برایان و زۆرخەمی بوو پڕۆژەی ئەکبەر بخاتە سەپێی خۆی هەرچەند دژایەتی زۆردەکرا لەلایەن هەندێ پزیشکی ئەمەریکیەوە،دکتۆر جەختی دەکردە سەرکاریگەری رێنماییەکانی ئاسمان و خواردنی تەندروست لەسەر تەندروستی مرۆڤ، بۆئەمەش لەئیمارات بنکەیەکی لێکۆڵینەوەی دامەزراندبوو کەزۆر لە لێکۆڵینەوەکانی لە کۆنفرانسەکانی ئیعجازی عیلمی قورئان و سوننەتدا بڵاودەکرانەوە.

ناوبانگی دکتۆرم بیستبوو کەچووم بۆئەمەریکا زۆرمەبەستم بوو بیبینم،دوعام کرد کەهەریەکەم رۆژ بیبینم،لەویلایەتی فلۆریدا چووم بۆ پەنەما سیتی،ناونیشانیم نەدەزانی، لە ئوتێلێك دابەزیم هاتمە سەرشاقامی بەردەمی ئوتێلەکە بۆ پیاسە لەپڕ باڵەخانەیەکم بینی کەلە تەلاری پزیشکی دەچوو، وردبوومەوە لەتابلۆکان ناوی دکتۆرم بینی، چوومە خزمەتی، دەتووت دەیان ساڵە یەك دەناسین، نەیهێشت لەئوتێل بمێنمەوە خۆی شوێنی تایبەتی هەبوو لەماڵەوەبۆئەومیوانانەی کەبۆکاری چارەسەری نەخۆشی یان بۆکاری دەعوە دەچوونە ئەو شارە. لەماڵیشیان ئیمان خانی هاوسەری زۆرخزمەتی کردم.

کەبینیم چەندرەوشت بەرزە وبەخزمەتە بۆئیسلام ویستم کەبیهێنم بەحسابی خۆم بەرەو بانگەوازکردن، ئەویش هیچ خۆی تێك نەداو دوایی کۆلێك تەریق بوومەوە لەحاڵی خۆم من چووزانم ئەو لەسەرکردە چالاکەکانی بانگەوازە لەئەمەریکا.

دکتۆری رەحمەتی کەم دەخەوت، بەیانیان خۆی بانگی ئەدا لەماڵەوەو مناڵەکانی و منیشی بەئاگادەهێنا دوای نوێژ دانیشتنێکی ئیمانی هەبوو بۆ زیکرو تەفسیری قورئان، چوارکچی هەبوو زۆرچاك پەروەردەی کردبوون ومنیش ئەو ماوەیەی لەوێ بووم نەحووم پێدەوتن و قورئانم پێ لەبەردەکردن.

ئەوی دکتۆر لەرۆژێکدا دەیکرد گەنجێك بەچەندرۆژ یان بەمانگێك بۆی نەدەکرا، لەدکتۆرەوە فێری گرنگی دان بەمەوعیدبووم، کەکاری رۆژانەی لای خۆی تۆماردەکردو، یەك بەیەك بەجێی دەگەیاندن.


دکتۆر بێدەنگ ئەوکارانەی دەکرد، ئاوبوەستایە ئەو نەدەوەستا، کاتێك کۆچی دوایی کردو سەرخۆشیم لەهاوسەری بەڕێزی کردو وتم: حەزدەکەم بەچەندوشەیەك پێناسەی رەحمەتیم بۆبکەی کەتۆ هاوسەرو هاوخەباتی بووی، ئەویش وتی(رەحمەتی هەمووژیانی خۆی دابوو بەدەعوە)..

**پزیشکی بانگخواز: حەوتەم:**

دکتۆری بانگخواز ئیمام محمد عەدەس ساڵی 1954 لە شاری جیزەی میسر لەدایکبووە، لەتەمەنی دەساڵیدا هەموو قورئانی لەبەرکردووە، لەسەر ئاستی وڵاتی میسر یەکەم بووە کەسانەوی تەواوکردووە، ساڵی 1979 بەکالۆریۆسی لە پزیشکیداهێناوە،ساڵی 1984 بڕوانامەی باڵای لەئەمەریکاهێناوە، ساڵی 1988کۆلیژی ئوصول دینی زانکۆی ئەزهەری بەدەستهێناوە، ماستەری لەهەناودا هێناوە لەساڵی 1994دا، ساڵی 2000 زەمالەی کۆلیژی پاشایەتی لەندەنی

بەدەستهێناوە. دووجار بەجیهاندا گەڕاوە، یەکەمیان کاتێ یەکەم بوو لەسەر ئاستی میسر لەسانەوی لەسەر حسابی دەوڵەت زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا گەڕا، ساڵی 1982 بۆگەشتوگوزاری ئایینی زۆرلەوڵاتان گەڕاو ئەمەش شارەزاییەکی باشی دایە لەبارەی ئایینەکانەوەوتوانای باشی بۆدروست کرد لەوەڵامی گومانەکان دا.

لەبەرئەوەی سەر بە برایانە و زۆرچالاکە لەبواری وتاردان و دەعوەدا زۆرئاستەنگی بۆدروستکراوەو زیندانی کراوە.



**پزیشکی بانگخواز: هەشتەم: دکتۆری هەژاران**

دکتۆرعبدالواحید سوپاس بۆخوا سەرباقی ئەوەی کەبەملیۆن دۆلار ساڵانە بۆنەخۆشەکانی دەگێڕێتەوە، دەستی هەیە لەکاری خێردا، مامۆستا مەلا بەهائەدین سیراجودین وتی: چەند ساڵێك لەمەوبەرموەلیدەمان کرێبوو بۆمزگەوتەکەمان پارەمان پێویست بووچوومەماڵیان بۆداوای هاوکاری، کاك دکتۆر بەباوکی وت: باوکە فرسەتە ئەو خێرەبکەیت، ئیتر ماڵی ئاوابێت پارەی بۆدابین کردم.

دکتۆر عبدالواحید دەڵێت: دووکەس هاتن بۆلام وتیان لەیەکێك لەوستیانە بەشداربووین وشوێنێك دانراوە بۆمزگەوت، وەبەرهێنەرەکە تەماعی تیایەتی ئەویش

بکات بەخانوو بیفرۆشێت، بەڵکو خەمێکی بخۆیت، منیش تەلەفونم کرد بۆدەوڵەمەندێك، لەتەلەفونەکەدا وتی: کێ پێی وتوویت من مزگەوت دەکەم، بەجۆرێك وەڵامی دامەوە کەئیتر دڵم نەیهێنا تەلەفون بۆکەسی دیکە بکەم، کەچی بۆشەو خۆی هات بۆماڵەوەو مەعزەرەتی هێنایەوەو وتی: بمبوورە میوانم لابوو، حەزم نەکرد کارەکەم ریای تێکەوێت، هەرچەندی تێدەچێت دەست پێبکەن، من لەعومرە بووم خەوم بینی بەباوکی رەحمەتیمەوە ئاوێکی سازگار لەبەرپێماندا هەڵقولا، چاوەڕێی خێرێك بووم رووم تێبکات، دیارە ئەمەخێرەکەیە، بڕوا بکەن تاتەواوبوو نەیهێشت کەسی دیکە دینارێك بدات..

## پزیشکی بانگخواز: نۆیەم: سواڵ بۆنەخۆشی هەژاردەکات:

پێشتر بۆم باسکردن کەدکتۆر ئەحمەد قازی لەئەمەریکا ژیانی هەمووی دەعوەبوو، دکتۆر عبدالواحیدیش هەروایە، هەمووی پێنج شەش ساڵە بەهۆی ئینستتیوتی بانگخوازانەوە لەنزیکەوە دەیناسم، ئەو برایە بەڕاستی سەرقاڵە وچەند لێکۆڵینەوەی ناوازەی پزیشکی پێشکەش کردووە لەبواری چارەسەری فیدق و چارەسەری ناسۆردا وبەتیم ئیش دەکات، رۆژێ لەخزمەتیابووم وتی: من یەکەم کەسم کەئەو هەمووکارمەندوپزیشکەم خستۆتە کارەوە هەم فێردەبن، هەم لایەنی مادی سوودمەند دەبن، هەم زۆرترین نەخۆش بەرێدەکەین، خۆزگە پزیشکەکانی دیکەش چاویان لەم کارەی من دەکرد..

رەحمەتی خێزانم خۆشی دەویست و دەیووت: دکتۆر عبدالواحید پیاوە چونکە پارەی ناوێت، بەڵێ دکتۆرئەگەربیویستایە ئەبووە ملیۆنەرو خەڵکیش هەرمەمنوون بوون. جارێك وتی: لەهەرولاتێکی ئەورووپی بمەوێت جنسیەم ئەدەنێ لەبەر شەهادەکەم، بەڵام هەموو ئەورووپا ناگۆڕمەوە بەدوعای نەخۆشێکی هەژاری کوردوستان..لە راگەیاندنی

زادا وتی: من ئامادەم سوالٚ بکەم بۆخۆم نابەلٚکو بۆئەونەخۆشانەی کەم دەرامەتن تا ئەوان سوالٚ نەکەن..

**پزیشکی بانگخواز: دەیەم: ئاستەنگەکان:**

دیارە ئەوەی بۆخوا کاربکات هەروەك سەروەرو سەردارمان صلی الله علیه وسلم لەژێر چاودێری خوادا دەبێت، بۆنموونە کاك دکتۆر عبدالواحید کە هەموو ژیانی داوە بە خزمەتی نەخۆش و دەعوەکردن، ئەویش لەژێر چاودێری خوادایە( وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا).

لەم چەند ساڵەدا کەدکتۆرم ناسیوە شەش حەوت ئاستەنگم بینیوە کەبۆی دروست کراوە تا رێگری لێبکەن و خواش پاراستوویەتی،دیارە هەندێ شت ناوترێت، بەڵام بۆنموونە وبۆ بەرچاورروونی خوێنەر دەڵێم: شەوێکیان لەماڵیان بووین بۆکاری دەعوە لەگەلٚ مامۆستاشێرزادا، برایەك هات و وتی: کەمپینێکیان دژ بەتۆ راگەیاندووە، ئەویش وتی: هیچ نیە زەمانەتم وەرگرتووە.. دوایی ماوەیەك کەهیچیان بۆنەکرا بەرامبەری، لێم پرسی ئەرێ زەمانەتی چیت وەرگرتبوو ؟وتی: شەوێك لەخەوما ئاستەنگی زۆریان بۆدروست کردبووم، سەروەرمان صلی الله علیه وسلم ئەم ئایەتەی خوێند (وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ–الأنبياء ).

هاوپیشەیەکی خۆی ئەیویست کێشەیەکی بۆدروست بکات من ئاگاداربووم، خوا بەدەردێکی برد دەنگی دایەوە..بەلٚێ وەك وتم دکتۆر سەرباقی سەرقاڵی کارەکەی خەمی بانگەوازەکەیەتی، تەنانەت ئەوەندەکاتی کەمە لەکاتی نەشتەرگەریشدا هەندێ جارگوێ لەوتاردەگرێت وهێدفۆن لەگوێیدایە، یان لەکاتی چوون بۆوتاردان کەشوفێری لەگەڵە وتارەکەی لەسەیارەکەیدا ئامادەکات ، خوای گەورە

بەناوەجوانەکانت لێت دەپاڕێمەوە دەست بەباڵیەوە بگرە تازیاترو زیاتر بەرزبێتەوە لەئاسمانی هیممەتبەرزی وچاکەخوازیدا... ئامین.

**پزیشکی بانگخواز: یانزەیەم: دکتۆر نەجات عەباس لەکەرکوک**

کاك شوانە کەرکوکی دەڵێت: ئەم پیاوەم خۆشەوێت...

هەر لەو ساتەی پیێ ئاشنابووم سەراپا ڕێزی لیێ دەتکیێ، من نەمدیوە هێندە بە خۆ بەکەمزانین گەورەبیت، نایەوێت دەربکەوێت،کە دەرکەوت نایاب دەردەکەوێت، کە قسەی کرد شیرین دەدویێ، هەر بەڕاست تامەزرۆی قسەکانیم چون ئیخلاسی لیێ دەبینرێت هەر بە قسەش نا، ڕووی لیێ بنێت ڕەتت ناکاتەوە مەگەر بە هەڵوێستێك کە هەمیشە لە یادتییێ، ئەم پیاوە حەزی بە وەسف نیە و منیش وەسفی ناکەم هەر ئەوە باس دەکەم کەلێیم دیوە، هێندە لێت تێدەگات پێویست ناکات زۆر ڕوونکردنەوە بدەی، خۆزگە هەمووان ئەزموونی ئاشنایەتی ئەم پیاوەیان دەکرد، ئەوجا درکتان بەوە دەکرد کە حەقم پێی نەداوە کە باسم کردوە، کۆتا جار لێم پرسی کاك دکتۆر لە ساڵی نوێ پلانت چیە؟ فەرموو شەهادە نەماوە هەوڵی بۆ بدەم مەگەر شەهادەی وەفات نەبیێ !! .

ئەم دکتۆرە بانگخوازەش من ساڵێك لەمەوبەر بەخزمەتی گەیشتم، خوا بیپارێزێت، کاتیێ ماستەری دەخوێند لەسولەیمانی تووشی شێرپەنجە بوو لەسنگیدا ونەشتەرگەرییان بۆکرد، وتیان: لەفەرەنسا بەشەش دەفتەر ئەو شوێن نەشتەرگەرییەت بۆچارەسەردەکەن، ئەمیش نەیبوو بچێت، نەیدەتوانی کیمیایی وەربگرێت، شەش مانگیان بۆدانابوو بژی، ئەمیش دڵنیابوو مردن و ژیان لای خوایە، بۆیە هەربەردەوام بوو لەنووسینی ریسالەی ماستەرەکەی، هاوەڵانی لایان سەیربوو کەسیێ چاوەڕێی

مەرگ بێت و ئاواش گوێی پێنەدا، پانزە رۆژ ئاوی زەمزەمی خواردەوەبەنیەتی شیفا، خوا بەلوتف وکەرەمی خۆی شیفای داو ژیانی پێبەخشیەوە.. شایانی باسە لەوساوە تائێستەش خزمەتی ئەو نەخۆشانە دەکات کە کێشەی ئێسقان و فەقەراتیان هەیەو دکتۆرێکی بۆخوا سوڵحاوە، خوا لێی قەبوڵ بکات دوعای نەخۆشێکی بەسە..



**پزیشکێکی دانی بانگخواز: دوانزەیەم: زیرەکیەکی بێوێنە:**

دکتۆر محمد خەیر شەعال ساڵی 1970 لەسوریا لەدایکبووە،زیرەکیەکی بێوێنەی هەیە، لەساڵی 1986 سانەوی بەشی زانستی تەواوکردووە چۆتە کۆلێژی پزیشکی دان و یەکەم بووە لەسەرهەموو هاوەڵانی .

سانەوی شەرعیشی لە1987 تەواوکردووەو سانەوی بەشی ئەدەبیشی تەواوکردووە ساڵی 1990.

ساڵی 1994 چۆتە کۆلێژی ئوصول دین لەزانکۆی ئوم درمان لە سۆدان و لەساڵی 1998 تەواوی کردووەویەکەمبووە، ساڵی1999 دبلۆمی لەزانستی

فەرموودەدا هێناوەو یەکەم بووە، پاشان ماستەری هێناوە لەزانستی فەرموودەدا ساڵی2002،ساڵی 2009 دکتۆرای هێناوە لەزانستی فەرموودەدا لەزانکۆی ئوم درمان. مۆڵەتی شەش کتێبەکەی فەرموودەو (موطأ)ی لای زانایان وەرگرتووە.

لەکۆلێژی دەعوەی ئیسلامی لەدیمەشق مامۆستابووەو هەروەها مامۆستابووە لەزانکۆی ئوم درمان،ئەندامی دامەزرێنەری رێکخراوی بەرەکەیە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، ناوبراو سەرباقی کارەکەی لەنۆرینەگەی دانەکەیدا چەند پەڕاوی نووسیوە وەك(چۆن ئەبیتە وەلی)(زنجیرەی پزیشکی و ئیمان)...هتد.. وبەسەدان وتاری تۆمارکراوی هەیەو لە مزگەوتی ئەنەسی کوڕی مالیك وتاربێژە لەدیمەشق.



**سەیری ئەم بانگخوازە ئافرەتە بکەن:**

بانگخواز نهێلە مۆریس مەکسیکیەو ئەوەتا لەمزگەوتی بۆغۆتای کۆلۆمبیا قسەی خێر بۆ ئەو مەسیحیانە ئەکات تا بیانهێنێ بەرەو ئیسلام، خوای گەورە دینی خۆی سەردەخات، لەوپەڕی دونیاوە لەئەمەریکای باشوورەوەئەو ئافرەتە بانگخوازەی ناردووە بانگی خوا بدا بەگوێی خەڵکیدا..



**زانستێکی کەم:**


زانایان دان بەوەدا دەنێن کە تائێستا ئەوەی مرۆڤ دەیزانێت و دۆزیویەتیەوە لەم بوونەوەرە بەرفراوانەدا زۆرکەمە وبەردەوام شتی نوێ دەدۆزرێتەوە، رەحمەت لەپێشەوا شافیعی کە دەڵێت:

كلما أدبني الدهر...أراني نقص عقلي
وكلما ازددت علما...ازددت علما بجهلي

هەرچەند زیاتر فێربم زیاتر دەزانم کە نازانم ونەفامم وزۆر شت هەیە کە پەی پێنابەم.

قورئان دەفەرمویێت(وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا (85)الإسراء).

بەڵگەش بۆئەم قسەیە لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی بواری توێکاری و پزیشکیدا تازە کۆمەڵێك گلاندلەتەنیشتی لوتەوە دۆزراونەتەوە..



کاتی خۆی ئەگەر هاوەڵان پرسیاریان هەبوایە لەهەندێ شت کەنەیاندەزانی، حەزرەتی عومەر دەیووت: واز لەم شتانە بهێنن تاخوا رێدەدات بە عەقڵەکان کەبیدۆزنەوە، واتە: هەموودۆزینەوەکان لەخواوەن کە دەیەوێت نهێنیەکانی بوونەوەر بۆبەرژەوەندی مرۆڤ ئاشکرابن وئایەت و بەڵگەونیشانەکانی خوا زیاتر بۆمرۆڤ نمایان بن ( سَنُرِيهِمْ آَيَاتِنَا فِي الْآَفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (53) أَلَا إِنَّهُمْ فِي مِرْيَةٍ مِنْ لِقَاءِ رَبِّهِمْ أَلَا إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُحِيطٌ (54) فصلت ).

**زانیاری لەخانەدا:** هەر خانەیەکی لـەشی مرۆڤ ئەوەندە زانیاری بۆماوەیی تێدایە کە مەزندە دەکرێت بە 200 پەرتووکی 1000 لاپەڕەیی!!! سەرچاوە: Alcamo, I. E. , 2000. DNA technology: the awesome skill. Gulf Professional Publishing




**زانکۆی تەلئەبیبی ئیسلامی:**

ئەمە زانکۆی تەل ئەبیب ی ئیسلامیە لێرە ئەو کەسانە دەردەچن کە داعی و موفتی یەهودین و بەناوی مسوڵمانەوە بۆ ناشرین کردنی ئیسلام .

ئەمەش چەند زانیاریەکی کورتە دەربارەی ئەم زانکۆ ترسناکە، ئەم زانکۆ لـە ساڵی 1956دامەزرا وە هەر لـەو ساڵەوە دەست کرا بە خوێندن تێیدا واتە نزیکی زیاتر لـە شەست ساڵ دەبێت زانکۆیەکی داخراوە و بۆ هەموو خوێندکارێك نیە بچێت لـەوێ

بخوێنێت، جیهازی موساد سەرپەرشتی ئێرە دەکات و هەموو بەرپرسیاریەتیەکانی لەسەرە موساد ئەو کەسەیە کە بابەتی خوێندن دیاری دەکات و بابەتەکانی هەموو شتێك و مامۆستاکانی و خوێندکارەکان و وە ئەمەش پلانێکی دارێژراوی تۆکمەیە بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانیش ئەوانیش خوێندکارانی زانکۆکە هەموویان جولەکەن وە بەهەموو شێوەیەك مەنعی ئەو کەسە دەکرێت کە یەهودی نیە بچێتە ئەو زانکۆیە و بخوێنێت تێیدا زۆر بە وردی خوێندکاران هەڵدەبژێرن لەلایەن موسادەوە دەبێت بەتەواوی پەیوەست بن پێوەی لەم زانکۆ جۆرەها زانستە ئیسلامیەکان دەخوێنن لە عەقیدە و تەفسیر و حەدیس و فیقھ و زمانی عەرەبی و چۆنیەتی بینینی ئیسلام لای یەهودیەکان و چۆنیەتی سەیر کردنیان بۆ ئیسلام.

خوێندکارانی ئەم زانکۆیە دەبێت بەچەندین خولدا تێپەڕ بن کەتێیدا شارەزا دەبن لەسەر چۆنیەتی ژیانی مسوڵمان و مامەڵەکردن لەگەڵیان و چۆن قسەکردن لەگەڵیان و هەڵخەڵەتاندنیان وە ئەم خولانەش کاتێکی زۆری دەوێت لە خوێندنیان وە بەسەر پەرشتی زانایانی عیلمی نەفس و زانایانی ڕاگەیاندن و زانایانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبێت لێرە خوێندکار کاتێك دەردەچێت کە بەتەواوی شارەزای هەموو عیلمە ئیسلامیەکان دەبێت لە شێوازی بینینی جولەکەکانەوە ئەم تەلەبەی کە دەردەچێت بەشێوەیەکی پتەو پەیوەندی دەبێت لەگەڵ موساد، وە ڕاهێنراوە لەسەر جاسوسیەکی زۆر بەهێز واتە موساد ئەم کەسە بەجوانی دروست دەکات و ئامادەی دەکات موساد وا لەم کەسە دەکات کە خۆی وەك شێخێکی مسوڵمان واتە زانایەکی ئیسلام پیشان بدات و بە زانای گەورە بانگی دەکەن وە ناوێکی ئیسلامیشی لێدەنێن لێرە موساد بۆ ئەم شێخە جێگایەکی زۆر هەستیار هەڵدەبژێرێت ئەم شێخە لەگەڵ مسوڵمانان تێکەڵبوون و بەریەك کەوتنی دەبێت و لەگەڵیان دەژی و جاسوسیان



لەسەر دەکات و هەموو شتێکیش بەتەواوی دەداتەوە دەست موساد، ئەم شێخە فتوای ئیرهابی دەدات و بۆ موسادی ئامادە دەکات بۆ شێواندنی وێنەی ئیسلام، زۆر جار موساد ئەم شێخە بەکار دێنێت بۆ ئەوەی ڕێکخراوێکی ئیسلامی جیهادی پیێ دابنێت و کەسانی تایبەتی تێدا دەکات بە سەربازئەم ڕێکخراوە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە شێخەکە ئەمریان پیێ دەکات و ئەمان هەزارەها پەڕەی جیاوازیان هەیە بەناوی سەلەفی و برایانی شیعە و عونسوڕی و تکفیری و هەتا دووایی ئەمەش وائەکات ڕق لەناو مسوڵمانان بڕوێنن و ساڵی 2010 ئیمامێکی لیبیان گرت دواتر دەرکەوت کە ئیسرائیلیە و کار بۆ موساد دەکات و حوکمەتیش ناردیەوە بۆ ئیسیرائیل، هەروەهالە ساڵانی نەوەدەکان لە جەزائیر ئیمامێکی دیکەش بانگەشەی ئەوەی دەکرد لە ئەردەنەوەهاتووەوخەڵکی لەخۆی کۆ دەکردەوە و ئافرەتێکی جەزائیریان دایە و دواتر ئاشکرا بووا!(ئەکاونتی جیهانی نووسینەوە)

**بۆچی خۆشبەختترین کەسی جیهان خۆی کوشت ؟!**

ئەلڤیس پریسلی گۆرانیبێژو ئەکتەری ئەمریکی بوو،خاوەنی چەندین نازناو بووە لەوانە پادشای مۆسیقای ڕۆك، پەرستراوی جەماوەر، پادشای دڵی کچان، ملیۆنان ئافرەت لە ئەمریکاو سەرتاسەری جیهان عاشقی پریسلی بوون بە هۆی جوانی و شۆخ و شەنگیەوە، تەنانەت شازادەی وڵاتی سوید داوای لێ کرد هاوسەرگیری لەگەڵ بکات بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، لەسەردەمی خۆیدا دەوڵەمەندترین هونەرمەندی جیهان بووە .

خاوەنی هەشت کۆشك و دەیان خانووی گرانبەها بووە لە ئەمریکا و سوپایەك بە بەردەوامی پاسەوانی لە خۆی و سامانەکەی دەکرد، خاوەنی فڕۆکەی تایبەت بە خۆی بوو دەیتوانی بڕوات بۆ هەر شوێنێك لە هەر لەحزەیەك بەبێ هیچ بەربەستێك، ئەگەر بیویستایە سامانەکەی زیاد بکات تەنها ئەوەندە بەس بوو واژۆی لەسەر کاغەزێکی بچووك بکردایە لەبەرامبەر دانانی ناوی پریسلی لەسەر شوشەی گوڵاوێك ئەوا بڕی 3 ملیۆن دۆلاری پێ دەدرا، خاوەنی پڕ فرۆشترین بەرهەمی تۆمارکراوە زیاتر لە 600 ملیۆن دانە لە بەرهەمەکانی فرۆشراون .

ڕەزاشای ئێران بەهۆی سەرسامی بەم هونەرمەندە ئامادەیی نیشاندا لەبەردەمی بچەمێتەوەو لە کۆشکی شاهانە خزمەتی بکات بە مەرجێك تەنها یەك سەردانی ئەو وڵاتە بکات .


سەرکەوتن و ناوبانگی ئەو ئەکتەرو گۆرانیبێژە ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەکردن بوو، تەنانەت گەیشتە ڕادەیەك گۆڤاری نیۆیۆرك تایمز ڕاپرسیەکی لە ئەمریکا ئەنجامدا بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا لە نێوان ئەبراهام لینکۆڵن و ئەلڤیس پریسلی لە ئەنجامدا 87٪ ئەمریکیەکان دەنگیان بە پریسلی دا .

سەرەڕای ئەو هەموو ناوبانگ و سەروەت و سامانە لە ساڵی 1975 بێژەرێك لە دیمانەیەكی تەلەفزیۆنیدا پرسیاری ئەوەی لێ كرد گەورەترین خەونت چی یە !!!

پریسلی لەوەڵامدا وتی: تەنها خەونی من لە ژیان ئەوەیە بەختەوەربم، كاتێك بێژەرەكە ئەو وەڵامەی بیست تووشی شۆك بوو، چۆن دەكرێ كەسێك بەو هەموو ناوبانگ و سەروەت و سامانەوە بەختەوەر نەبێ؟!

لە كۆتایدا لە ساڵی 1977 بە ڕووكەش خۆشبەختترین كەسی جیهان ئەلڤیس پریسلی لە تەمەنی 42 ساڵی خۆی كوشت، لە گەرماوی ماڵەكەی خۆی بەهۆی زیاد بەكارهێنانی حەبی هۆشبەر چونكە پریسلی دەیناڵاند بەدەست ڕەشبینی و بێئومێدیەكی زۆرەوە لە ژیاندا.

كەواتە ئەلڤیس پریسلی و ڕۆبن ولیامز و مارلین مۆنرۆ و دەیانی تریش خاوەنی ناوبانگ و سامان و سەركەوتنی پیشەیی گەورەبوون لەم جیهانەدا بە ملیۆنان مرۆڤ حەسوودیان پێ دەبردن بەڵام ئەوان لە ژیان بەختەوەر نەبوون تا لە كۆتایدا پەنایان بۆ خۆكوشتن برد . (ئەكاونتی عادل شاسواری )



**زەمانێکە..**

حەزت لێیە هاوار بکەیت، بە گشت جیهاندا بگەڕێیت، هەرچی زمانی دنیایە فێر ببیت و بە هەموویان بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە لە چ دۆخێکدا دەژین و بەرەو کوێوە هەنگاو دەنێن، کەچی دەبینیت تاقەتی قسەت نییە، وا هەست دەکەیت هەرچییەك دەیڵێیت با دەیبات..

سەردەمێکە پەیام ناگات. دەڵێی شەوە* بەسەر سنگی جیهانەوە هەڵنیشتووە.

دنیا پڕ بووە لە زوان و گوێ نەماوە، قسە فرەیە و ڕامان کەم. ئاوەز بەبێ ڕووناکایی ڕێ دەبڕێت و دڵ خامۆشە، بنیادەم دەڵێی سەرخۆشە.

سڵاو لە هەرکێیەك دەکەیت وەڵامی نابیستیتەوە. نامە بۆ هەر کێ دەنێریت جوابی نییە، تەنانەت تاقەتی نییە بڵێت ڕاست دەکەیت یان درۆ!

دنیایەکە پڕ بووە لە خۆپەرستی، دنیا پڕ بووە لە گوفتار، کەچی خاڵییە لە کردار...

وەختێ دەتەوێت بابەتێك بۆ یەکێك ڕوون بکەیتەوە، ئەو خەیاڵی لای تۆ نییە و گوێت ناداتێ باسی چ دەکەیت، تەنیا چاوەڕێی ئەوەیە زوو لە قسە ببیتەوە، تا توانای خۆیت پیشان دا و بیسەلمێنێت ئەو لە تۆ زۆرتری پێیە!

ئەرێ هاوڕێ...ئەمڕۆ ڕۆژێکە ناچاریت گۆشەگیر بیت، زاهیدانە ژیانی خۆت لە پەراوێزی دنیایەك دڵی شکاو و گەرووی ماندووی دەنگنووساو و خەمی لە کاروان جێماودا بە ڕێ بکەیت.

حەز دەکەیت هاوار بکەیت و ناتوانیت. بە دوای کەسێکدا دەگەڕێیت لێت تێبگات و دەستت ناکەوێت. هەر بۆیە ناچاریت لەگەڵ خۆتدا دانیشیت و نەرم نەرم فرمێسکەکانت بەسەر ڕوومەتتدا بێنە خوارەوە. ئەمڕۆ ڕۆژی دڵی بەتاڵ لە ئەوین و سەری خاڵی لە سەودایە.

ڕۆژگاری ساتڵمەدان و کەوتنە، زۆرێك لـە خەڵکی ون بوونە و زەحمەتە بیاندۆزیتەوە.. پێویستە وریا بیت خۆت ون نەبیت.

هەر بەیانییەك لـە خەو ڕادەبین، دەبینین هەندێکی دیکە دیار نەماون، یاخود مردوون یان ڕێگەیان لیٚ ون بووە و تەم سەر دڵی داپۆشیون و بەرەو ماڵی بێئەوسەری هەنگاو دەنێن. حەزت لـێیە هاوار بکەیت و ناتوانیت، پێت خۆشە شتێك بنووسیت و ناتوانیت.. چ ڕۆژگارێکی سەختە هاوڕیٚ وەختیٚ هەست دەکەیت نە کەس دەتبینێت و نە کەس لـە زمانت دەگات! نووسینی دکتۆرهێمن خورشید..

## گەڕانەوە بۆلای خوا:

ئەکتەری کۆمیدی میسری سەعید ساڵح ساڵی 1940 لـەدایکبووەو لـەتەمەنی 74 ساڵی لـە 2014 کۆچی دوایی کردووە، ناوبراولـە نزیکەی 500 فیلـم و 300 شانۆگەریدا رۆڵی بینیوە . ساڵی 2005 تووشی نەخۆشی دڵ دەبێت، سیٚ بۆری دڵی تەسك دەبنەوە. سەرەتای ساڵی 1996 گیرا لـەسەر بەکارهێنانی تلیاك و کۆتایی ئەوساڵە بەربوو، لـە بەندیخانە پیاوێك کەئەویش هەربەندکرابوو دەبینێت کەپێی دەڵێت: حەزدەکەیت خوا قسەت لـەگەڵ بکات؟وتی: جاچۆن شتی وادەبێت؟وتی: قورئان بخوێنە خوای گەورە قسەت لـەگەڵ دەکات، ئیتر قورئان دەخوێنیٚ ونوێژ دەکات ورۆژوو دەگرێت، پاش ئازادبوونی زیاتر لـە چواردەجار حەجی کردووە..

بەڕاستی هەمیشە قاپی رەحمەتی خوا والآیە بۆئەوانەی دەگەڕێنەوە، لـەم ماوەیەشدا گۆرانیبێژی میلـلی رزگار هەولـێری وازی لـەگۆرانی وتن هێتنا کەنزیکەی سەدگۆرانی هەیەو، وتی: هیچی (سبحان الله والحمد لله )یەك ناهێنێت.

**برایەتی ئیمانی:**

خوای گەورە بڕوادارانی کردووە بەبرا ( إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (10)الحجرات)نێوانیان دەبێت باش بێت، مافیان هەیە بەسەریەکەوە، ئەبێ رەچاوی ئەو مافانە بکرێت، هەروەك لەفەرموودەی ئازیزماندا صلی الله علیە وسلم هاتووە: موسڵمان برای موسڵمانە ستەمی لێناکات، پشتی بەرنادات، بەدرۆی ناخاتەوە،رقی لێی نابێت، کەدیارنەبوو ئەحواڵی ئەپرسێت، کەنەخۆش بوو سەری دەدات، کەپژمی داوای رەحمەتی بۆدەکات . بەکورتی گیانێکن لە دوو جەستەدا، هەست بەناڕەحەتی وئازاری یەکدی دەکەن، کەموکوڕیی یەکتری پەردەپۆش دەکەن، تاخوا لەقیامەتدا کەموکورتیان پەردەپۆش بکات، سەیرکەن مامۆستا نوورسی بەرەحمەت بێت، بەیانیەکیان خەم دڵی داگرتووە، بەقوتابییەکانی دەڵێت: بزانن لەدەنگوباسەکاندا چی روویداوە؟ کاتێك گوێ لەرادیۆ دەگرن دەنگوباسەکان باس لە گرتن و شەهیدکردنی برایانی میسردەکەن.. الله أکبر لەو

ڕۆحیەتە.. کە پێی دەڵێن: ئەڵێ دیارە ئەوەیە دڵی گرتووم وئۆقرەم لێبڕاوە..من بۆخۆم بیردەکەمەوە لەوهەموو خوشك وبراموسڵمانانەمان لەسەرتاسەری دونیاو بەتایبەتی وڵاتە بەناوئیسلامیەکان کە لەبەندیخانەکاندان بەناهەق، داوای لێخۆش بوون ئەکەم لەخوا کەهیچمان بۆناکرێت بۆیان هاوخەمی و دوعای خەیرنەبێت. ئاخر ئەوە هەقێکیانەو وابەسەرمانەوە، موسڵمانان هەمووتاوانبارن ئەگەر بڕواداریك لەوسەری دونیا بکوژرێت و هەقی نەسێنن، یان بڕوادارنیە ئەوەی تێر بێ وبزانێ دراوسێیەکەی برسیەو نەچێت بەهانایەوە..

**ماموٚستا نوورسی و برایان:**

ئەحمەد ڕەمەزان دەڵێت: جارێك چووم بۆ دیدەنی ماموٚستا نوورسی وتی: واز لەکارەکەت بهێنەو پەیامەکانی نوور لەدەرەوەی وڵات بڵاوبکەرەوە، منیش لەگۆڤارێك ئیشم دەکرد وازم هێناو ماموٚستا نامەیەکی دە لاپەڕەیی دامێ بۆ ئیخوان لەمیسر، هاتمە شام پارەم پێنەما ناچار چەند ڕۆژێك وەستایم کرد تا بڕێك پارەم دەستکەوت و چوومە لوبنان و پاشان چوومە قاهیرە، لەسەر شۆستەیەك ئەڕۆیشتم یەکێك بەناوی خۆمەوە بانگی کردم، تومەز سەعید ڕەمەزان بوو زاوای پێشەوا بەننا، کەپێشتر یەکمان دەناسی ئەو هاتبوو بۆمزگەوتی فاتیح لەئەستەمبوڵ وتارێکی دا هەرچەند عەرەبی بوو بەڵام هەمووانی هێنایە گریان، وتی: هاتووین کەل و پەل بۆ مەڵبەندی گشتی برایان بکڕین چونکە ماوەیەك لەمەوبەر سوتاندوویانە. نامەکەم گەیاندو ئەویش چەند نامیلکەی پێشەوا بەننای دامێ بۆ ماموٚستا نوورسی. لەمیسر سەردانی چەند زانای دیکەم کرد کەلەتورکیاوە چووبوونە میسر لەتاو نیزامی عەلمانی ئەتاتورك.

گەڕامەوە شام شەش مانگم پێچوو، زوبەیرم بینی کەمامۆستا بەدوای مندا ناردبووی، کەگەیشتمەوە تورکیا چوومە خزمەت مامۆستا، کەبەشەوقەوە لەجێگاکەی بازی دایە خوارەوەوباوەشی پیاکردم و وتی: وا ئەحمەد رەمەزان هاتەوە، کەویستم باسی حاڵی موسڵمانانی ئەو وڵاتانەی بۆبکەم وتی: تەنها شتە باشەکان باس بکە..

جا لەم بەسەرهاتەدا،من سەرسامم بەبرایان کەنوێنەریان چۆتە تورکیا پەیامەکەیان بگەیەنن، هەروەها سەرسامم بەنوورسی کەئاگای لەبرایانەو نامەیان بۆدەنووسێ ودەیەوێت پەیامەکەی بگاتە دەرەوەی وڵات، سەرسامم بەئەحمەد رەمەزان کەسەربازێکی پەیامەکەی خوایەو واز لەکاروکاسپی خۆی دێنێت و شەش مانگ دەچێتە وڵاتان و کەپارەشی لێبڕاوە وەستایی کردووە تابرێك پارەپەیدابکات و سەفەرەکەی پێبکات، خوا پاداشتی هەموو ئەوانە بداتەوە کەبەردێك ئەخەنە سەربەردێك بۆ ئەم ئیسلامە.. یادەوەریی نوور عومەر عەبدورەحمان لا212

**ئارامی دڵان:**

خوای گەورە کەمرۆڤی بەدیهێناوە خۆی باش ئەزانێ چی بۆ باشەوبەچی دڵی ئارام دەبێت (أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ (14) الملك )( الَّذِينَ آَمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ (28) الرعد ). جاهەرکەس بەتەمابێت لەلای دیکەوە هیدایەت و بەختەوەری و ئارامی دەستبکەوێت، بەدڵنیاییەوە دەستی ناکەوێت و بەدبەخت دەبێت، ئەم پەیامە وەك کەمەربەندی رزگاربوونە نەیبەستی و دەستی لێبەربدەیت زریانی گوناهوتاوان ئەتبات ( إنّي تاركٌ فيكم كتابَ اللهِ، هو حبلُ اللهِ مَن اتَّبَعه كان على الهُدى ومَن ترَكه كان على الضَّلالةِ –ابن حبان ).

**ئەگەر پەرستشەکانمان بەچاکی ئەنجام بدەین و یادی پەروەردگاربکەین، بەجۆرێك ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا بەسەرماندا ئەڕژێت و دڵئارام دەبین هەرگیز پێویستمان بەرێکخراوێك نابێت فێری یۆگامان بکەن و فەراغی ڕۆحیمان بۆ پڕبکەنەوە وکێشەکانمان بۆچارەسەربکەن، لەکاتێکدا ئەو ڕێکخراوانە گوماناوین، بێجگە لەوەی پارەش لەبەشداربوو وەردەگرن، لەرێی ئۆن لاینەوە ئافرەت لەمێردەکەی هەڵدەگێڕنەوەو، بالاَپۆش والێدەکەن سەرپۆشی لابداو، بیرباوەڕی چەوتی تەناسوخی ئەرواح ڕەواج پێئەدەن..**

**ئازیزانم قورئان ڕۆحێکە مرۆڤ ئەژێنێتەوە و لەتاریکاییەکان دەری ئەکا بەرەو ڕووناکی** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا (41) وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا (42) هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلَائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا (43)﴾الأحزاب **ئەی بڕواداران زۆر یادی خوابکەن، بەیانیان و ئێواران، خوای گەورە ڕەحمەت و بەرەکەت ئەڕژێنیّ بەسەرتانداو فریشتەکان نزاتان بۆدەکەن تا لەتاریکیەکان بێنە دەرەوە بەرەو ڕووناکی، بەڕاستی خوا بەسۆزومیهرەبانە بۆ بڕواداران.**

**کاک ئەحمەدی موفتی زادە:**

مامۆستا هەردی سابیر 945 لاپەڕەی لەسەر کاک ئەحمەد نووسیوە و چەند ساڵ ماندووبووە پێوەی، خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە..حەزم کرد ئەم دوو نموونەیەی بخەمە خزمەتتان:

1–کاک ئەحمەد دوو میوانی دەبن پاش ئەوەی نانی ئێوارەیان دەداتێ رووخسەتیان لێدەخوازێت کە ئەوان ئیسراحەتی خۆیان وەربگرن و ئەم دەبێ بچێ بۆ چارەسەری کێشەی خێزانێك، کە سەعات یانزەو نیوی شەو دێتەوەو لە جەرەس دەدات و نایەن بیکەنەوە دەزانێت نووستوون بۆئەوەی خەبەریان نەکاتەوە بەو نیوەشەوە دەچێتەوە ئەو ماڵەی کەلێی بوو شەو لای ئەوان دەمێنێتەوە، کەئەوەش لوتکەی موراعات و لەخۆبووردنە.

2–کۆمۆنیستێك دەچێتە خزمەت مامۆستاو باسی خۆی دەکات وداوای لێبوردن دەکات کەکاتی خۆی زۆر رقی لەم بووەو بەخیانەتکاری زانیوەو جنێوی پێداوەو ئێستا خواهیدایەتی داوە، مامۆستاش دەڵێت: ئەوسا قەناعەتت وابووەو جنێوت پێداوم هەقی خۆتەو پێمخۆشە بەپێی قەناعەتی خۆت جولاویتەوە، ئەسڵەن پێمناخۆش دەبوو بەخیانەتکارم بزانی و مەدح وسەنام بکەیت..

**کاک ئەحمەدی موفتی زادەو رۆحی بەرزی: بەشی یەکەم**

کاک ئەحمەد وەك بانگخوازێك پیاوی قەدەربوو لەکاتی پێویست و ساعەی صفردا خوا هێنای (ثُمَّ جِئْتَ عَلَى قَدَرٍ يَا مُوسَى (40)طه )، کاك ئەحمەد لەژێر چاودێری و ریعایەتی خوادابوو، لەشەش حەوت ساڵیدا لەخەویا جەنازەیەك دانراوە هەست دەکات جەنازەی خۆیەتی، چەند رۆحی دەیەوێت بەرزبێتەوە بەهۆی گریان و لەخۆدانی ئافرەتانەوە لەسەرجەنازەکەی رۆحەکەی ئازاد نابێ ناتوانێ باڵبگرێت..

هەتا سەروەرمان صلى الله عليه وسلم لەگەڵ خولەفاکانیدا ئامادەبن و کاسێك ئاو یان شەربەت لێی دەخواتەوەو دەیدات بەمیش بیخواتەوە، بەوەش ڕۆحی ئازاد دەبێت و، جیادەبێتەوە لەجەستەی و باڵدەگرێت، چ فەزایەك، چ خۆشییەك، چ لەززەتێك، چ عەزەمەتێك دەبینیٚ..

ئازادبوونی ڕۆح خەمی بەردەوامی کاك ئەحمەد بوو، تەنانەت جارێك وتی: من پێویستم بەوەیە شەش مانگ تادووسیٚ ساڵ لەنزیك ڕەوزەی موبارەکی حەزرەت ﷺ صلى الله عليه وسلم لەمەدینەی مونەوەرە، خەریکی دڵی خۆم بم، من کارم هەیە، من ماومە، من بەکارئەوەناخۆم ئابەوجۆرە خەریکی مەردم بم، دەشیٚ خەریکی خۆم بم.. دیارە ئەوە بۆکاك ئەحمەد نەلوا و ناچاربوو جوهدو جیهادی بێوچان بەخەرج بدا، تا ئەو کاتەی بەندکرا بەناحەق بۆماوەی دەساڵ لە ژووری تاکەکەسی وسزاو ئازاردا، ئالەوێدا ڕۆحی بەجۆرێك ئازادبوو لەدونیاوماددیات، کە هەمووکەسی خۆشدەویست، خەمی هەموو ئوممەتی بوو خۆزگەی دەخواست کەخوای گەورە لەجیاتی هەموو ئوممەت ئەم بخاتە دۆزەخەوەو کەس ئازار نەدرێت لە دۆزەخدا، کەئەمەش هەرئاواتی مامۆستا نوورسی بوو بەرەحمەت بێت کەئەویش ئامادەبوو بچێتە دۆزەخەوە لەجیاتی هەموو ئوممەت..

### کاک ئەحمەدی موفتی زادەو ڕۆحی بەرزی: بەشی دووەم

کاك ئەحمەد بەرۆحیەتێکی بەرزەوە مامەڵەی دەکرد، دونیانەویست بوو، خەمی موسڵمانانی بوو بەگشتی و میللەتەکەشی بەتایبەتی، زۆرهەوڵی داو زۆرماندووبوو، کاتێك یادەوەرییەکانی حاجی مامۆستا ئیمامیم خوێندەوە ئنجا زانیم چەند هەوڵی داوە هەڵوێستەکان لەبەرژەوەندی گەلەکەی یەکبخات لەگەڵ شێخ عیزەدینی حوسەینیدا،

بەداخەوە ناحەزو چەپەکان نەیاندەهێشت، ئیٚ دوژمنانی کوردیش ئەوەیان بەپارەدەکڕی کەکورد یەك ریزو یەك هەڵوێست نەبێت.. بوختان و ناهەقی زۆریان بەرامبەرکرد ئەو هەردەیوویست برایەتی بپارێزێت و خوێن لەلوتی کەس نەیەت، تاکارگەیشتە ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەهاوەڵانیان شەهید کرد.

لەکاتێکدا نەخۆش دەبێت لەدوارۆژەکانی ژیانیدا ولەخەستەخانە نەشتەرگەری بۆدەکەن، کارمەندێك دەرزییەکی لێدەدات زۆرئازاری پێدەگات تۆزێك ناوچاوی گرژدەبێت، دواتر دەڵێت: ئەو کارمەندەم بۆبانگ بکەن، کەبانگی دەکەن داوای لێبووردنی لێدەکات کە روو گرژیەکی بووە لەئازاردا، کارمەندەکە بەم هەڵوێستەی سەرسام دەبێت و دەڵێت: ئەمە چ قسەیەکە تۆ دەیکەی ؟من شەرمندەم من نەفامم، من بووم وەکو حەیوان ئازارم پێگەیاندی، هەڵە لەمنەوە بوو بمبەخشە.

کاك ئەحمەدی موفتی زادەو رۆحی بەرزی: بەشی سێیەم

ئەو پیاوەی کە لەماوەی هەشت ساڵی زیندانیدا لەگرتووخانەکانی ئێران، هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەك نەما پێی نەچێژن، لەو ماوەیەدا هێندە ئارام بوو هیچ مرۆڤێك لە خۆشترین شوێندا هەستی بەو ئارامیە نەکردووەکە ئەو کردوێتی!.

لەو گفتوگۆ دە خولەکەی بەتەلەفۆن لەگەڵی دەکەن لەناو زیندانەوە، قوتابیەکی بەدڵی پڕ گریانەوە، دوعا دەکات کە خوا زوو بیگێڕێتەوە بۆ ناویان.

**کاک ئەحمەد زۆر بەئارامی پێی دەڵێت:**

بەخوا قەسەم ! یەك زەڕە گلەیم لە خوا نیە لەسەر زیندانی کردنم، ئەگەر هەر رۆژەی هەزارجار سوجدەی شکور بەرم هێشتا ناتوانم، هەقی شوکرانەی خوا بدەم، بۆمن خەفەت مەخۆن، من زۆر خۆشبەختم!

ئەمە لەکاتێکدا هەموو زیندانیەك ڕۆژانە سەعاتێك تا دوو سەعات ڕێگەی پێ دەدرا بچێتە بەر خۆر، تەنانەت لەوەش بێبەشیان کردبوو، جاربووە بۆ ماوەی سێ مانگ لەژووری تاکە کەسی هێشتویانەتەوە، بەس بۆ ئەوەی ورەی بڕوخێنن، ئا لەو کاتانەشدا بوو هۆنراوە ناوازەکەی دانا:

لەجەرگەی جەمی یارانی گیانی

تۆم نەبێ هێشتا خۆم پێ تەنیایە،

تۆم هەبێ تەنیا لە ئینفرادی

لێم جەمە هەرجی خۆشی دونیایە.

دوای ئازاد بوونیش دەڵێت:

بەخوا پیاوی ئاقڵ، چ لە زیندان و چ لەدەرەوەی زیندان بێت، نیە بەشوێن خۆشگوزەرانی دنیاوە.

ئەو باش تێگەیشتبوو، دەیزانی بەختەوەری و ئازادی لەناخدایە، کە دەڵێ: ئەگەرکەسێك لەناخەوە ئازاد بوو، تەواوی دەسەڵاتی دنیا بیانەوێ ژێردەستەی کەن ناتوانن..بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کەسێك لەناخەوە کۆیلە بوو، ئەگەر تەواوی دنیا بیانەوێت ئازادی بکەن ناتوانن!.

ئەوپیاوە بۆخواکاری دەکرد بۆیە ئەشکەنجەش چۆکی پێدانەدا لەتێکۆشان بۆرێگای خوا.. ئەکاونتی رەئوف حاج علی.

**هۆنراوەیەک لەخۆشەویستی سەروەرماندا:**

هۆنراوەکەی کاك ئەحمەدی موفتی زادە چەند خۆشە بەدەنگە بەسۆزەکەی شەکرالیش ئەوەندەی تر خۆش بووە، ئەگەر گوێتان لێنەبووە گوێی لێبگرن لەیوتیوب:

سەراپا ئەم دڵەم عەشق و ئەوینە
لەبۆ دیداری سالاری مەدینە
توخوا بادی سەبا بێرە هەواڵێ
لەبۆ غەمگین دڵێ ئاشوفتە حاڵێ
کەبەڵکو زامی ناسۆرم دەوا کا
لەماڵی حاڵی ناجۆرم ڕەها کا
درەختی بەختی عومرم چاوەڕێ یە
نەخۆش و دەردەدارو نیشتەجێ یە
مەگەر ئاوی حەیاتی دیتنی ئەو
لەدوو لابا هەناسەی زوڵمەتی شەو
بەئاواتم شەوێ بێت و ئەوینم
بەدیی بێت و جەماڵی ئەو ببینم
خودایە گەرچی لایەق نیم بەڵام تۆ
بڕێژە ڕەحمەتت بابێ لەسەر خۆ
دڵی وێرانەماڵم ئاوەدان کا
بەهاتن ئەودڵەی من شادمان کا
گڕێ بەرباتە گیانم تاکو ماوم
بڕژێ کوڵ بدا ئەسرینی چاوم

**خوا پێداوەکان:**

هاوەڵانی خۆشەویستمان خوا پێداوبوون کەخوا کردنیە پەپولەی باڵ هەڵقرچاوی دەوری چرای نبوەت، هەرکامیان سەیر دەکەیت نموونەو سەرمەشق بوو، ئەوەندە نووری پێغەمبەریان بەردەکەوتو دەیاندایەوە غەریبی تازەهاتوو دەیووت ئەم پێغەمبەرستانە !!

ئەوان ئەوەندەیان بەسە کە خوای گەورە بەدەقی قورئان لێیان رازی بووە..

﴿ وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (100)التوبه﴾.

عوسمانی کوڕی (مظعون) سیانزەهەمین پیاوە کەموسڵمانبوو، کۆچی کرد بۆحەبەشە کەهەواڵی بیست قورەیش باشبوون گەڕایەوە،کەبینی وانیە کۆچی کردەوە بۆمەدینە، زۆر لەخواترس و پارێزکاربوو، بەرۆژ بەرۆژوو بەشەو شەونوێژ، لەبەدرا بەشداری کرد، دەیویست بەتەواوی تەرکی دنیاوژنهێنان بکات سەرووەرمان نەیهێشت، دوای بەدر یەکەم کۆچکەر بوو کۆچی دوایی کرد، سەرووەرمان صلی الله علیە وسلم هاتەسەری ودانەویەوەو روومەتی ماچ کردو فرمێسکی موبارەکی روومەتی عوسمانی تەڕکردو، فەرمووی: خوا رەحمت پێبکات نەهیچت لەدونیا بردو نەدونیاش هیچی لەتۆ برد.

ئەم یەکەم هاوەڵبوو لەبەقیع نێژرا، سەروورەمان صلی الله علیە وسلم داوای بەردێکی کرد بیێ بەنیشانە تا هەرکەس لەنزیکانی مردن لای ئەوەوە بینێژێت، کەکچێکی سەرووەریش وەفاتی کردوناشتی فەرمووی: کچم بڕۆرەوە بۆلای پێشینەی چاکمان عوسمانی کوڕی (مظعون)..خوایە لەگەڵ هاوەڵاندا حەشرمان بکە کەشەرەفمەندت کردن بەگەیاندنی پەیامەکەت..

## دکتۆر حەکیم موختار



ناوبراو خوا لێی خۆش بێت ساڵی 1944 لەدهۆك لەدایکبووە و لە20ی مانگی حوزەیرانی 2018 پاش ململانێ لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایی کرد، کۆلێژی ئەندازیاری سەرەتای حەفتاکان لە زانکۆی سولەیمانی تەواو کردو پاشان ماستەرو دکتۆراشی لەئەمەریکا بەدەستهێنا، راوێژکاربوو لەزانکۆی دهۆك،چەند ساڵێك (ئوستازموساعید) بوو لەزانکۆی (شرق ألأوسط)لە تورکیا، لەچەند زانکۆی ئەمەریکی مامۆستابووە، وە شارەزاو راوێژکاربووەلە دە پڕۆژەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. دکتۆر کەسێکی خواناس و بۆخوا سوڵحاووبانگخوازێکی چالاك بوو، کاتێك ساڵی 1969 دێتە سولەیمانی بۆزانکۆ و پاشان دەچێتە مزگەوت لەگەڵ یەك دوو برادەریدا بۆنوێژکردن، پیرەکان سەلاَواتیان دەدا لەبەرئەوەی گەنجی ئەفەندیان نەدیبوو لەمزگەوتا.

رەحمەتی زۆر زیرەك و بەتوانا بوو لەخوێندنداو هەمیشە لەخەمی میلل‌ەتەکەشیدابوو، یەکێکە لەدامەزرێنەرانی رابیتەی ئیسلامی کوردی لەساڵی1988 دا. من بۆخۆم دووسێ جارێك بەخزمەتی گەیشتووم، جارێك لەماڵی خۆیان لەدهۆك و دووجارێکیش لەکۆنفرانس وکۆبوونەوەی بانگخوازیدا..

**دکتۆر حەکیم موختار دەڵێت:**

لەساڵی 1971دا لەپۆلی سێی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی بووم، سەرۆکایەتی زانکۆ بڕیاری دا چل قوتابی سەرکەوتووی زانکۆ بنێرێت بۆگەشتێکی زانستی بۆماوەی چل ڕۆژ بۆ تورکیاو بولغاریاو ڕۆمانیا، منیش یەکێ بووم لەو قوتابیانە.

لە مانگی تەموزدا چل قوتابیەکەو سێ مامۆستا لەبەغدا کۆبووینەوە، پێش چوونە پاصەوە بە سەرپەشتیاری گەشتەکەم وت: من بڕیارم داوە گەشت نەکەم وەدەگەڕێمەوە بۆدهۆك.

لای سەیربوو، وتی: بۆچی ؟

منیش وتم: من کەسێکی نوێژخوێنم و دوورم لە حەرامکراوەکان، ئێوەش جۆرێکی دیکەن، لەگەشتەکەدا خیلافمان بۆدروست دەبێت، باشتر وایە ئێوە خۆتان بڕۆن ومن بگەڕێمەوە،قەناعەتی نەکردو پەیمانی دامێ لەکاتی نوێژەکاندا پاصەکەم بۆ بوەستێنێ شوێنێك گومانی تیابێ من نەبەن.

گەشتەکە لەسوریاوە بۆتورکیاو پاشان بۆشوێنەکانی تر بوو، پەیمانەکەی بردە سەرو ڕەچاوی کاتی نوێژەکانی کرد بۆم.. هەرچەند ئەو مامۆستایە شیوعی بووناوی (حسين كاشف الغطاء ) بوو، ڕۆژێك داوای لێکردم لایەوە دابنیشم، ناوبراو وتی: تۆ سەرکەوتوو ئەبیت لەژیانتا، بەتایبەت ئەگەر بچی بۆ ئەمەریکا مادام خاوەن مەبدەئی لەژیانداو پابەندی بەبەها باڵاکانەوە..

ئنجا باسی خۆی کردو وتی: کاتێ چووم بۆئەمەریکا بۆدکتۆرا لەهەموو شتێکدا لاسایی ئەوانم کردەوە، قژم درێژکرد، جل و بەرگم وەك ئەوان ئەپۆشی، نازناوێکی ئەمەریکیم بۆخۆم دانا، سەرنجم دا سەرپەرشتیارە ئەمەریکیەکەمان زۆر زیاتر ڕێز لەهاوەڵە هندیەکەم دەگرێت کە موسڵمانێکی پابەند بوو بەدینەکەیەوە، هەتا وام

لێهات ترسام رقم لێهەڵگرێت، رۆژێك چوومە لای و هۆکاری ئەوەم لێ پرسی، ئەویش وتی: تۆناوی خۆت چیە ؟وتم: حسێن، وتی: ئەو جل و بەرگەت ئەپۆشی لای خۆتان ؟وتم: نەخێر، وتی: ئەو رەفتارانەت دەکرد لای خۆتان ؟ وتم: نەخێر. وتی: دەی ئەوەی وەك تۆبکات ئێمە لێی ئەمین نین خیانەتمان لێنەکات، بەپێچەوانەی هیندیەکەوە کە مرۆڤێکی خاوەن پەیامەو سوورە لەسەر مەبدەئەکەی خۆی..

دکتۆر حەکیم دەڵێت: ساڵی 1986 پاش ماستەر دکتۆرام خوێند لەزانکۆی کۆلۆرادۆ لەئەمەریکا، نامەی دکتۆرام پێشکەش کرد و پێنج مامۆستا موناقەشەیان کرد، سەرپەرشتیارەکەم دەستخۆشی دەرچوونی لێکردم و وتی: تۆ ماوتە دووساڵ تەواو بکەی، چەند مانگێکی تر بووەستە وبمێنەوە لەزانکۆ ئەوسا بڕوا نامەکەت دەدەینێ، چونکە ئەوە دەساڵەئەم بەشە هەیە نۆساڵە زانکۆکە یەکەم دەبێت ودکتۆرا بۆقوتابی خۆمان سێ ساڵەو بۆ غەیرە ئەمەریکیش چوار یان پێنج ساڵە، ئێستا تۆ بەساڵێك و حەوت مانگ تەواوت کردووە ناتوانین بۆت ئیمزابکەین..

زۆر بێتاقەت بووم چونکە پەلەم بوو بگەڕێمەوە تورکیاو بۆکاری ئیسلامی بەتەنسیق لەگەڵ ئەربەکان و مامۆستا محمد ئەحمەد راشیدا، سەرپەرشتیارەکەم لەبەرمن چووە لای لیژنەکەو وتی: من قایل نابم چەندمانگێك بێهودە بمێنێتەوە بەبیانووی ئەوەی زووتر تەواوی کردووە، دەزانن بۆ؟ کێ لە قوتابیە ئەمەریکیەکان کاتژمێر چواری بەیانی هەڵدەستێ وتا خۆرهەڵاتن لە مەرکەزی ئیسلامی خواپەرستی بکات و ئنجا بێتە زانکۆ پانزە بۆ حەڤدە سەعات کاربکات، ئنجا لەرەمەزانیشدا مانگێکیش بەرۆژوو بێت؟

سەرپەرشتیارەکەم قەناعەتی بەلیژنەکە کردو هەموو ئیمزایان بۆکردم، پاشان یەکێك لەمامۆستاکانم کە موسڵمان بوو لە ئاهەنگی مەرکەزی ئیسلامیدا ئامادەبوو

که بۆمنیان سازکرد بەبۆنەی وەرگرتنی دکتۆراکەمەوە، پێی وتم: کەمن سەرم بەرزکردۆتەوە وەك موسڵمانێك بەو سەرکەوتنەم لەو ماوە کەمەدا.

ئیتر بەدڵی خۆشەوە گەڕامەوە بۆکاری ئیسلامی کوردی لەتورکیا کە نامۆبوو لەوزەمانەداو دواتر رابیتەی ئیسلامیمان لەگەڵ برادەراندا دروست کرد..ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە پابەند بە بەمەبدەئەکەتەوە و جددی بە لەژیانتا ئەوانەش کە پێچەوانەی تۆ بیردەکەنەوە ڕێزت لێ دەگرن و بەگەورە بۆت دەڕوانن. خوایە لە دکتۆر حەکیم ئەو برایانەمان خۆش ببە کە لەم کاروانە پڕخێرەدا لەپێش ئێمەوە بوون و هەمیشە سەرمەشقن بۆمان.. ئامین..

## لەنووسینەکانی کاک تەها سوڵەیی

## یەکەم: زیـرۆ و ئـینفینیتـی..

قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ

ئـــەی ئەوکەسەی غەریقی نیعمەتەکانی..بـــاغر مەبە.. چونکە خۆشیی دونیا کـــەمە..

ئـــەی ئەوەی لە نـــەبوونیدا غەرق بووی، نیگـــەران مەبە، خۆی خۆشیی دونیا کەمـــە...

تـــەمەنی دونیـــا و ژیـــان تیایدا هەرچـــەند و چـــۆنێك بێت ســـفرە لـــە چاو قیامەتـــا کە هـــەتاهەتاییە.

محـــمد عەلی کلای مـــولاکیمی ئەمریکی، کـــە بۆکسێکی ئـــەوەندەی ســـەد کیلۆ قـــورس بـــوو، تووشی لەرزین و پارکنسۆن هـــات...مردیش.

گێـــرد مۆلـــەری بۆمـــبەری ئەڵمانی کەکـــەس تائێستا ئـــەوەندەی ئەو گۆڵی نـــەکردووە، هـــیچی بیرنەماوە و تـــووشی ئەلزایمەر بـــووە..

ستیـــڤ جۆبزی داهێنـــەری ئایفۆن، کـــۆمپانیاکەی هـــەزار ملیاری تێپەڕاند، بـــە نەخۆشی ســـەرەتان لـەگەڵ زەویـــدا تەخت بوو.

قـــاروون و ســـەروەتەکەی رۆچوون بەناخی عەرزا.

فـــیرعەون کە دەیووت من خـــوام.. مـــن باڵاترین پەروەردگارتـــانم، خـــنکا و بوو بەپەند بۆ دوای خـــۆی.

قـــەززافی مەلـــیکی مولوکی ئەفریقـــا، خاوەنی 243تـــەن ئاڵتوون بوو، لە دەرچـــەی زێرابەوە هێـــنایانە دەرەوە.

قـــائیدی ئوممەی عەرەبی، نەوەدونۆ ناوی هەبوو، لە کـــونێکا دەستگیرکرا.

چـــاوچیسکۆی رۆمانیـــا و ژنـــەکەی تیربارانکران.

مـــۆسۆلینی ئیتالیا ســـەرەوژوور هەڵواســـرا.

ســـۆفیالۆرینی ئیتـــالی چـــرچولۆچ و ناشیریـــن بووە..

ستالـــین پیـــاوە ئاسنینـــەکە، پـــەیکەرەکانیشیان شکانـــد...

ئەسکـــەندەری مـــەقدۆنی لەرزوتا کـــوشتی.

کـــوڕی نوح چیاکانیش لە خنکان رزگارییان نـــەکرد...

زۆری دیکەیش.....

.. محمد رســـول الله ﷺ لـــە منالێکی باوك مردووەوە بـــوو بە رەحمەتی عالـــەمین...

ئـــیبراهیم ئاگر نەیسووتـــان.

یـــونس لە سکی حـــوتەوە هاتـــەدەرەوە.

عیـــسا لەخاچ نـــەدراو خـــوا بڵندیـــکردەوە بۆلای خـــۆی.

لــــوقمان بوو بە حـــەكيم و چـــووە دوو توێی قـــورئانەوە.
زولقەرنـــەین شەرقوغەربی كرد.
هـــاوەڵانی ئەشكەوت سێسەدساڵ خـــەوتن.
عـــوزەیر و كەرەكـــەی دوای سەد ساڵ زینـــدوو بوونەوە..
مـــوسا راستەوخۆ كـــەلیمی خوابوو.
یـــەحیا هەر بەمـــناڵی خاوەنی حوكـــم بووە.
فیل مامـــوتیش كەعبەی بۆ نەڕوخا..
هەنگیش وەحی بۆ هات..
مـــێرولەش ناوی بوو بە تایتڵی سورەتێكی قورئان.
مـــوڵكی سولەیمان كـــەس نایبینێتەوە دوای خـــۆی...
زۆری دیكەش..
....
چاك و خراپ هەموویان رۆیشتن..
لای خوا ﷻ دونیا نرخی باڵە مێشولەیەكی نییە...
بەڵام راستیەكە ئەمەیە:
بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا..وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَي.. ﴿الأعلي: 16 – 17﴾
بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دونیا.. هەر سەرابێ بوو.
هەموو دەشچن بە خنكان و لە وشكیشە مەلەی مەخلوق..
خـــوایە دونیا لەدەستانا بێـــت و ئـــاخیرەتیش لە دڵتانـــا.
شـێخەكەی سـۆڵە
تاهاحاجی شێخ فاتح –دارولمولكی بابان–شەش.. هەشت.. بیست بیست



**دووەم: لە نێوان تریفەی مانگەشەو و تاریکایی ئەنگوستەچاودا...**

*ناوەڕاستی نەوەدەکان بوو.. بارودۆخی ئابووریی زۆر خراپ بوو.. توێژی هەژاران، مەمرە.. مەژی، ژیانی کولـەمەرگییان ئەگوزەراند.. ئەوکاتە من بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بووم لـە ڕابیتەی ئیسلامی لـە سلێمانی.. بارەگای ڕابیتەی خێرخوازیی لـە سەرشەقامی خوار شاری جوان بوو، سەروو بەرزەپردی خەسرەوخاڵ...

ڕۆژێکیان خانمێکی هەژاری بەساڵاچوو هات بۆ ڕابیتە.. هەمیشە لەوخەڵکانە ڕابیتەیان بە پەناگەو شوێنی یارمەتی دەزانی و دەهاتن بۆ داوای سەدەقات.. کە من پێشوازییم لێکرد، هەر وامزانی بۆ یارمەتی وەرگرتن هاتووە.. کەچی شتەکە پێچەوانەبوو..

وتی ڕۆڵە بیستوومە ئێوە مزگەوت دروست دەکەن و ئەشزانم پاداشتی درووستکردنی مزگەوت، ماڵێکە لەبەهەشتا.. منیش ئەم پارەیەم هێناوە بۆ ئەوەی بەشداریی پێبکەم لەدروستکردنی مزگەوتێکا...

بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە لێم وەرگرت..

کەتەماشا ئەکەم تەنها سێ پێنج دیناریی بوو.. واتە تەنها پانزە دینار.. بەمەزەندەی ئەوکاتە نزیکەی سێ دۆلار بوو..قورِگم پڕبوو.. چاوم تەڕبوو.. دڵم تووند بوو.. دەستم لەرزی.. مووەکانی لەشم کرژبوون..

خوایە گیان ئەمە چی سرِێکە.. چۆن خۆشەویستییەکە بۆ لیقای تۆ.. لەکۆیوە هاتووە ئەم پیرێژنە..چاکی دەزانی ئەگەر کەسێك لەحزورتا دەست پانبکاتەوە تۆی بەشەرم رەددی ناکەیتەوە، بێئومێد نایگێڕیتەوە دوا.. بۆیە ئەم ژنە هاتووە ببەخشێت، ئەوکاتە دڵنیابووم وەکو ژنەکەی عیمران فەرمووتە( فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ..)

خانمی خێرخوازی خواویستم رەوانەکرد هەتا دەرکی دەرەوەی رابیتە..

پاشان وتم کە سێ بلۆك بکرِن بەو پارەیە، داوام لە ئەندازیارانی بەشی هونەری و ئاوەدانکردنەوە کرد، کە هەر بلۆکێك لەم سێ بلۆکە بخەنە بناغەی مزگەوتێکەوە، کە لە سێ ئاوایی دوورە دەستا بنیات دەنرا.... لەوانەیەدرهەمێك پێش هەزار درهەم بکەوێت...نووسینی: ئەندازیاری راوێژکار شێخ تەها سۆڵەیی..لەقافڵەدارانی پێشیینی کاری خێرخوازیی لەکوردستاندا.

**سێیەم:تاریکەشەو:**

دوای ئەوەی سەدان ئیمزا کۆکرایەوە بۆ ئەوەی لەگەڕەکێکی شاری سلێمانیدا مزگەوتێکیان بۆ درووستبکەین، زیاتر لەساڵێکی پێچوو.. خۆشبەختانە هەرچۆنێ بوو رێکارەکانی تەواو بوو.. خانمێکی خواویستی عەرەب.. بوودجەی پرۆژەکەی گرتە ئەستۆ و داوای لە پرۆفیسۆر شێخ عەلی قەرەداغی کرد، کە ئەو پارەیەی خۆی بۆ بکرێت بە مزگەوتێك، بەو مەرجەی ناوی نەهێنرێ..

که ئەمە دەیان جار لـە پرۆژەکانی رابیتەی خێرخوازیدا دووبارە دەبووەوە.. ئێمەش کە تابلۆمان درووست دەکرد، لـەناوبەردی مەڕمەڕدا لـەبەشی خاوەن بوودجەدا ئەماننووسی ( فاعل خیر یان فاعلة خیر)...

دەستمان کرد بەپرۆژەکە و لـەهەنگاوە سەرەتاییەکاندا بووین، کەسێك لـەو گەڕەکەدا زۆری پێناخۆش بوو ئەو مزگەوتە بکرێت، زۆری هەوڵدا نەکرێت، ئیشەکەی سەری نەگرت.. دواجار بیستم کە بڕی سی هەزار دیناری چاپی سوویسری پێشنیارکردووە، بیدات بە کەسانێکی دەستڕۆیشتوو لـەیەکێك لـە فەرمانگە پەیوەندیدارەکاندا، گوایا یارمەتییە بۆ ئیشوکاری فەرمانگەکە، بۆ ئەوەی ئەو مزگەوتە نەکرێت.. بەڵام چونکە ئیشەکەمان هەندێك هەنگاوی بڕیبوو، ئیتر ئەو ڕەنج بەخەساربوو، ئێستا ئەو گەڕەکەی بەجێهێڵاوە...

## چوارەم:شەوی یەڵدا:

لـەسەرەتای دووهەزارەکاندا، دوای دەساڵ لـەکاری بەردەوامی ئاوەدانکردنەوە و فریاکەوتندا، لـە رابیتەی ئیسلامی خێرخوازیدا، کۆتایی هات بە ئیشەکانم...

بەڵام هەر زۆری نەبرد لـەکەرتی تایبەت دەستبەکاربووم.. لـەکۆمپانیا و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان...

لـەیەکێك لـەو پرۆژانەدا کە سەرپەرشتیم دەکرد، مزگەوتێکی گەورە بوو، لـەگەڕەکێکی راقیی ناوشاری سلێمانیدا..

هەڵکەوتەی مزگەوتەکە ئەکەوتە نزیك و بەرانبەرماڵی کەسێکی دەوڵەمەند، ئەو کە زۆر لـەخۆی رازیی بوو... نارِازیی بوو مزگەوت بەرامبەر ماڵەکەی بێت، زۆر بەجیددی هەوڵی دا کە ئەو مزگەوتە لـەوشوێنەدا نەکرێت، زۆری پێناخۆشبوو

مزگەوت بەرانبەر ماڵیان بێت.. یان لە ئایندەدا بڵێن ماڵی فڵان بەرانبەر مزگەوتەکە...ماڵەوماڵ گەڕا لە گەڕەکەکەیاندا و ئیمزای کۆکردەوە، سەرەنجام نەیهێڵا ئەو مزگەوتە لەو شوێنەدا بکرێت، کە نزیك ماڵی ئەوان بێت...ئیرادەی خوا وابوو، شوێنێکی باشتر دابینکرا بۆ مزگەوتەکە و تەواو کرا...

ئەو دەوڵەمەندە پارەدارە، زۆری نەبرد نەخۆش کەوت، وڵاتان گەڕا بۆ دەوای دەردی، دوو ملیۆن دیناری چاپی سوویسری لەخۆیا خەرجکرد، بەڵام سەرەنجام مرد.. هەرلەهەمان مزگەوتا تەعزیەیان بۆ دانا کە ئەو دژایەتی دەکرد.. لەوەش سەیرتر ئەوەیە، چوونکە ڤێلاکەی خۆش و جوان بوو، شوێنەکەشی باش بوو، ئێستا کراوەتە بارِ و شوێنی عەرەق خواردنەوە، لەم رۆژانەدا بینیم چوار ئەستێرە بە دیواری ماڵەکەیەوە بوو لەگەڵ بتڵی ویسکی و شەرابا، بەتایتڵێکی ئینگلیزیی، ئەو ڤێلاکەی بە میرات بەجێیهێڵا و میراتگرەکانیش کردیانە عەرەقخانە.

پێنجەم: حەممالەتەلحەتەب:

یەکێك لەو مزگەوتانەی ویستمان درووستی بکەین، ناومان نابوو بوخاری.. بەڵام کەسێکی دەسرِۆیشتوو کە ئەسڵەن حەزی نەدەکرد مزگەوتەکە درووست بکرێت، وتی ئێوە هەرخەریکی عەرەبچێتین، من قبووڵ ناکەم ئەم مزگەوتە ناوبنرێت بەناوی عەرەبێکی وەکو بوخاری، ئەگەر ناوی ئەو عەرەبە نەگۆڕن، ئیمزای مۆڵەتەکەی ناکەم، ئێمەش ناوەکەمان کرد بەناوێکی کوردیی، بۆ ئەوەی ئیشەکە بکرێت.. ئەو داماوە ئەوەندەش لافی رۆشنبیریی و کوردایەتی لێدەدا، وایدەزانی بوخاری کەسێکی عەرەبە.. بەڵکو هەر نەی دەزانی بوخاریی کێیە و بوخارا کەوتۆتە کوێوە..

کەسێکی دیکەیان وتبووی ئەم مزگەوتی بوخارییە ناهێڵم بکرێت، ئەگەر دروستیش کرا، ئەیکەم بە بوخار...ئەوان ڕۆشتن و مزگەوتەکە ماوەتەوە و ئاوەدانە..

## شەشەم:ئەبوجەهلی کوردیی:

سەردەمی شەڕی ناوخۆ و کوردکوژیی و تەماح و بەتاڵانبردنی گومرگ و داهاتی کوردستان بوو... مزگەوتێکمان دروستکرد و ناومان نا برایەتی، ئەوەشیان وەستاند، وتیان برایەتی؟! مەبەستتان چییە؟ یان برایانە کە ئیخوانە، یان برایەتی کە ڕۆژنامەی فلان حیزبە!.. ئەمەشمان قبوڵ نییە.

ئەوان کە خۆیان مزگەوتیان درووست نەدەکرد، لەسەر ناوێك ڕێگریان کرد و مەناعەتیان نەبوو ئەو مزگەوتە هەر نەکرێت..

ئێمەش کەدەمانوویست هەم کوردستان ئاوەدان بێتەوە هەم گیانی برایەتی بەهێز بکەین، ئیتر وازمان لەوناوەش هێنا و بوو بە ناوێکی دیکە...

*هەر لەگەرمەی شەڕی ناوخۆ و فڕانفڕاندا، ئێمە لە ڕابیتەی خێرخوازیی، بەردەوام لە کاری ئاوەدانکردنەوە و فریاکەوتنی ماددی و تەندرووستیدا بووین، بەشێوەیەکی گشتی دیزاینەکانمان موەحەد بوو، بۆیاخی سپی و پشتێنەیەکی باریك بۆ کەمەرەی ناوچەوانی پڕۆژەکان، بەڕەنگی سەوز، سیمای ئیشەکانمان بوون، لەوەشدا کێشەیان بۆ دروست کردین، لەیەکێك لە پرۆژەکاندا، ناچاربووین نیوەسەوز و نیوە زەردی لیمۆیی بکەین..

## حەوتەم:ئێمە ئاوی جاری بووین:

ئێر ئاوابوو، ئێمە خەریکی کاری بنیاتنەرانەی خۆمان بووین و ئەوانیش تێکدان و کوشت و بڕ، دەیان گرفتی لاوەکی و کۆسپیان بۆ درووست دەکردین، بەڵام ئەو کۆسپانە رەق و بێ رۆح بوون، ئێمەش وەکو ئاو وابووین، جاریی و بەردەوام، بەدەوری ئەو تاشە بەردانەی سەررێماندا پێچمان دەکردەوە و بەردەوام دەبووین..

لەو عەیامەی ئەوان یەکترییان قڕ دەکرد، منالّی کوردیان بێباوك دەکرد، ئێمە فەقیرنەواز و پشتوو پەنا بووین بۆ منالّانی بێباوك، باوك کوژراوان، دلّدانەوە بۆ دایکانی جگەرسووتاو، ئەوانەی کۆشیّ منالّی هەتیوویان بەسەرا کەوتبوو..

جگە لە مەعاشی هەموو مانگێك و چاودێری تەندرووستی و بەدەمەوەبوونیان، بۆئەوەی هەست بە بێباوکی نەکەن، بەردەوام سەیرانیشمان بۆ رێکدەخستن..جارێکیان چەند پاسێکمان بۆ گرتبوون، چەند مامۆستایەك وەکو سەرپەرشتیار و چێشتلێنەر و چاودێر بە خواردن و دیاریی و یارییەوە بردمانن بۆ یەکێك لە سەیرانگاکان...

بەرپرسێکی سەربازیی لەوناوەدا هاتبوو، کە زانیبووی ئەم منالّانە بێباوکن و لەلایەن رابیتەی خێرخوازییەوە نازیان دەکێشریّ، تووڕەبوو، دەریکردن و نەیهێڵا سەیرانەکەیان تەواوبکەن و چەند دەسڕێژێکی بیکەیسیشی کردبوو بەسەریانا بۆ ئەوەی بیاترسێنی و ناچاری کردن کە شوێنەکە بەجێبهێڵن..

ئەویش زۆری نەبرد، لەشەڕی ناوخۆدا کوژرا و ئێستا وەك قارەمانێك ناوبانگی هەیە!....

**هەشتەم:مزگەوت گیان بوو، بۆ لاشەی گوندە وێرانەکان:**

ئێمە ئاڵایەکمان بۆ خێر هەڵکرد بوو، ئەهلی خێریش لەدەوری کۆبوونەوە، ئەوەی جێی سەرنجمان بوو لەرابیتەی خێرخوازیی، خەڵکی گوندەکان کە تازەگەڕابوونەوە، جاری وا هەبوو، لەرێی خێرخوازان و رێکخراوەکانی دیکەوە ئیشی باشیان بۆ کرابوو، بەڵام ریشسپیەکانیان بە کۆمەڵ دەهاتن بۆ رابیتە بۆ لای ئێمە، دەیانووت مامۆستا ئێمە رێگاوبانمان خراپ نییە، پرۆژەی ئاومان هەیە، مەکتەبمان تەواوبووە، لەو نزیکانەش بەدوو سێ گوند بنکەیەکی تەندرووستیشمان هەیە، بەڵام لەوە دڵگرانین مزگەوتمان نییە، دەنگی بانگ بەرزنابێتەوە بۆ ئاسمان لەم ئاواییەی ئێمەوە، میوانیشمان دێ وخۆمان بەخەجاڵەت دەزانین کە مزگەوتمان نییە.. بیکەن لەرێی خوادا، مزگەوتێکمان بۆ بکەن بەخوا خۆمان بە نوقسان دەزانین کە بێ مزگەوتین...

بەردەوام بەچەندین سەیارە، جاری وا هەبوو پڕ پاسێکی کۆستەر خەڵکی گوندەکان، پیاوماقوڵ و سەرۆك عەشرەت، موختار و ئەنجومەن و خەڵکی ئاوایی دەهاتن بۆ داخوازیی مزگەوت...بەڵام ئیتر دەبوایە زیاتر لە ساڵێك چاوەڕوان بوونایە هەتا سەرەیان دەهات..

گەورەترین مژدە ئەوەبوو کە بوودجەمان بۆ بهاتایە و دەستمان بکردایە بە مزگەوتەکەکان...

خەڵکی لادێکان ئەو هەموو مەشروعانەیان بۆ کرا بوو، بەڵام هێشتا مزگەوت بەلایانەوە گرنگتر بوو لە هەموو شتێکی تر، ئەمەش بەڵگەی خۆشەویستی ئیسلامەتی و ئیمان و مزگەوتە لای گەلی کورد...

ئەگەرچی سەدان مزگەوتمان دروستکردبوو لەپاڵ پرۆژەکانی تری ئاوەدانکردنەوەدا، بەڵام داواکاریەکان زۆر زۆرتربوون و ئێمەش ئیشەکانمان پشتبەستوو بوو بە یارمەتی خێرخوازان...بۆیە فریا نەدەکەوتین داواکاریی ئەو هەموو خەڵکە جێبەجیٚ بکەین..

هەندێکیان زویر دەبوون و ئێمەش ئەوەندەمان پێناخۆش بوو کە نەتوانین وەڵامێکی ئەرێنی کردەییان بدەینەوە، جارجار وامدەزانی ئەم ئایەتە بۆ ئێمە دابەزیووە: قُلْتَ لَا أَجِدُ مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوا وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا مَا يُنفِقُونَ...

**نۆیەم:شایی و شادیی:**

بۆ رۆژی ئاهەنگی کردنەوەکەش، ئیتر وەکو جەژن وابوو، ئەورۆژە زۆرینەی ئەهلی ئاوایی نەدەچوونە دەرەوەی لادیٚ، جوانترین جلیان دەپۆشی، ئەمبەر و ئەوبەر ریزیان دەبەست بۆ پێشوازی لە ئێمە و میوانەکانی حکومەت و مامۆستا و زانایانی ئایینی..

جوانیەکەی لەوەدابوو، مامۆستا و مەلا بەرێزەکان کە جاری وا هەبوو چل بۆ پەنجا کەس زیاتر دەبوون، لەگەڵ فەقێکانیاندا، لەخوار ئاواییەوە لەسەیارە و پاسەکان دادەبەزین، بە دەف لێدان و مەولایەصەلییەوە دەهاتن بەرەو مزگەوتەکە، لەمبەر و ئەوبەرەوە خەڵکی ئاوایی دەستیان بەسنگیانەوە دەگرت و بەخێرهاتنی گەرم و دەسماچێن..ژنانیش لەسەربانەکانەوە سەیری ئەم دیمەنە جوانانەیان دەکرد...

لە پێشڕەوی ئەو مامۆستا بەرێزانەدا کە بەدەم رێوە بەدەنگە زوڵاڵەکەی بێدەنگی ئاوایی ئەشڵەقاند بە مەولایەصەلیی، مامۆستا مەلا فەرەجی حاجی حان بوو، کە چووەتەوە بەردلۆڤانی خوا، یان مامۆستا مەلا ئیسماعیلی دێریٚ، تیپی سروود،

قورئانخوێندن و قسەی خۆشی مامۆستایانی وەکو مەلا شێخ محمدی شێخ جەلالی قەرەداغی مزگەوتی قەزازەکان و مامۆستا مەلا مەجیدی مزگەوتی سەلاحەدین و مامۆستا مەلا عومەری رێشاوی، مامۆستا بورهان ئەمینی و مامۆستا مەلا سید نەجمەدین، مامۆستا مەلا عەبدوڵای وەڕازی و کاك ئاکۆی بەڕێوەبەری ئەوقاف و مامۆستا ملا محمدی مەلا عومەری وەزیری ئەوقاف، مامۆستا عبدالرحمان نەورەسی وەزیری داد و مامۆستا شەماڵ موفتی و مامۆستا نەشئەت غفور، نوری فارس حەمەخان و مەلا حەسەنی باوەمەردە، ئەورەحمانی کۆڵ و مودیر ناحیە و قایمقام و کەسانی پلە باڵا.. خوا لە کۆچکردووان خۆش بێت و زیندووەکانیش ساغ و تەمەندرێژ بکات..لە ئاهەنگەکاندا خواردنی بە لەزەت، قوبڵی و گۆشت و فاسۆلیا و برنج و دۆی سارد پێشکەش دەکرا...

پاشان بانگ و قامەت و نوێژی جەماعەت دەکرا..

پیرۆزبایی لەخەڵکی ئاوایی دەکرا و لە ئاسۆدا هێواش هێواش دەمەوئێوارە وون دەبووین..

**دەیەم:پێشمەرگەکانی ئاوەدانکردنەوە:**

گشتمان کوردستانمان تەی کردبوو، لە زاخۆوە بۆ کفری، لە ناوشوانەوە بۆ هەورامان، لە پێنجوێنەوە بۆ ئاکرێ و لە هەریر و باتاس و شەقڵاوەوە بۆ دەشتی مەخمور، لە بەردەڕەشەوە بۆ قوڵایی گەرمیان و سەنگاو...

**یانزەیەم: پایۆنییرەکان:**

هەندێك لەو برا و مامۆستا بەڕێزانەی سەرپەرشتی و نەخشەداڕێژەری کاری خێرخوازی ئیسلامی بوون لە کۆچکردووان:

مامۆستا موئەییەد بریفکانی، پرۆفیسۆر عەبدولحەکیم موختار، مامۆستا حسێن عبدالکریم، مامۆستا تەها مەلا شفیق، حاجی شێخ بەهادینی موهەندیس، کاك سەلاحی رابیتە، لە نەدوەی ئیسلامیی مامۆستا شەماڵ موفتی، لە ئیغاسەی ئیسلامیی ئەندازیار موحسین مەلا شەفیق..ئەمانە چوونەتەوە بەردلۆڤانی خوا... لەو مامۆستا بەڕێزانەی ماوون و هەندێکیشیان نەناسراوون و ئێستا خەریکی کاروباری ترن، ئەندازیار عوسمان بەڕێوەبەری ئیغاسە لە سلێمانی، مامۆستایان حاجی عبداللە و بەرزان ئەحمەد رەشید و شێخ عوسمانی تەکیەیی و دکتۆر جەلال و سەیدا جەمال محمد تاهیر و کاك رزگاری مهندس، لە رابیتەی ئیسلامیی مامۆستا عەلی زەمەقی و کوردستان سیۆکانی و بەکری موحاسیب و روشدی مهندس و مامۆستا باقی و سەیدا عیزەت بەرواری و ئیحسان غەلبیشی و رەبیع هەزال و مهندس سەرمەد و سەیدا تاهیری موحاسیب و نەبیل تاڵەبانی، لە نەدوەی ئیسلامی کاك رەئوف مهندس و زۆری تر.. کە ئەمانە ئەتوانن وڵاتێك بەئەمانەتەوە ببەن بەڕێوە.. خوا لەهەموویان خۆش ببێت و سەلامەتیان کات...

ئەمانەو زۆری تریش کاروانچی بوون لەم قافڵەیەدا، ئەزانم هەموویان ئەیانووت:
وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا ۖ إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ...

ئەم پیاوە ئەمین و شارەزایانە زەخیرەی وڵاتێکن، هەموویان شایانی مەدالیا و رێزلێنانن، بەڵام کەی کاروانچیانی مەنزڵی قیامەت و بەرەوخواچوون بەدوای

ناوناونیشان و ناوبانگەوەن ؟!.. ئەمانەی باسم کردن و سەدانی تریش لە پاسەوان و کارگوزار و شۆفێر و ستافەکانی تری ئیدارە و راگەیاندن و لۆجستیك، لە جەژنەکاندا لە رەمەزاندا، لەکاتی ئاڵۆزیی و قەیرانەکاندا، شەو و رۆژ، وەکو هەنگ ئیشکەر و بێدەنگ کاریان دەکرد بیّ ئەوەی دڵی کەس برەنجێنن یان لە کاری گەندەڵی و نەشیاوەوە تێوەگلێن، کەئەمەش تەوفیقاتی خوایی بوو..

ئەوان گشتیان لەسەر رەویەی پیاوچاکانێك بوون کە قورئان ئیشارەتی داوە بۆ خوا سوڵحاوییان: إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا

**دوانزەیەم:شوێنکارمان نووسراوە:**

پیاوانی خوا، لەپێش هەموویانەوە جەنابی پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی و ئەو زاتانەی تر، بڕوایان وابووە کە دوای خۆیان مەلائیکەتەکان شوێنکارییان تۆماردەکەن، ( إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَىٰ وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ ۚ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُّبِينٍ ).. بۆیە لەسەرڕێی کارواندا گوڵیان چاندووە..خاتراتی جوانیان بەجێهێڵاوە، بۆ نموونە:

لە سیرینی کۆتایی سنووری شارباژێڕەوە بۆ دارەشمانەی کۆتا سنووری قەڵادزەوە بۆ گەرمك و تاتانی پێنجوێن، لە چێوەی نزیك بالیسانەوە هەتا تەوێڵەی هەورامان، لە هۆمەرقەومی دۆڵی جافایەتیەوە بۆ هۆمەرقەڵای قەرەداغ، لەخەلەکانەوە بۆ سەرگەت، لە ناڵپارێزەوە بۆ تەپی سەفا، لە فەقیرەوە بۆ چرچەقەڵا، لەدەرەوارەوە بۆ زەردەلیکاو، لە ناو رانیەوەوە بۆ سەیدسادق، لەچەمچەماڵەوە وە بۆ ناو شاری سلێمانی، لەناو هەڵەبجەی شەهیدەوە بۆ ناو هەڵەبجەی تازە، لە قەرەداغەوە بۆ چوارتا، لەهێرۆوە بۆ قارەمان، لە پیرەمەگروونەوە بۆ باخان و زۆریتریش.. جگە لە

مزگەوت، پرۆژەکانی ئاو و قوتابخانە و بنکەی تەندرووستی و چاکردنی ڕێگاو بان و سفرەوخوانی بەربانگ و گۆشتی قوربانی، زەکات و سەرفیترە و کەفالەتی منالّی بێباوك و قوتابی هەژار و عەیادەی گەڕۆك و هتد..

هەمووی فەزڵ و بەشی خوا بوو.. هیممەتی بەرزی خێرخوازان، ماندووبوونی بەردەوامی شێخ عەلی قەرەداغی و یاریدەدەرەکانی بوو.. خوا لەهەموو لایەکی قبووڵ بکات..

**سیانزەیەم:ماڵئاوایی:**

لەم چەند پەیڤەدا، مەبەستم بوو کە بڵێم تەسەڕوفاتی ناشیرین و نەگونجاوی هەندێك خەڵکی نابەرپرس لەناو خۆشەویستی و سۆزی ئیمانداران و باوەش و ئامێزی گەرمی خەڵکی کوردستاندا وەکو بەردێك وا بوو فڕێدرابێتەوە دەریاچەی دەربەندیخانەوە.. قوڵتەیەکی کەم و دوو شەپۆلی بچووك بوون..زۆر زوو لەبەرچاوان ونبوون..

فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً ۖ وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ ۚ

**چواردەیەم:ئـیشەڵلا لەمـەولا نـاڵێم ئـیشەڵلا.... !**

لــــە نیوسەدەی ژیـــانم بەگشتی، دوای سی ســـاڵ ئـــەزموون لە کـــارو پیشەکەمـــا لـــەناو ڕێکـــخراو و کـــۆمپانیا نـــاوخۆیی و جیهانیەکـــانا بـــەتایبەتی، گـــەیشتومەتە ئـــەو قەناعەتەی کـــە هـــەندێ دروشم و زاراوە و قـــسەو وتـــە وزیکر دەکەین، هـــەر زارەکـــیە و وەکو کـــۆکـــەیـــەك وایـــە و هـــیچ مانـــا و پـــابەندبوونێکمان لا دروســـت ناکـــات، دواجار خـــەمسارد و بێمتمـــانە..

لـــەو وشانە کـــە ستەمی لـــێدەکرێت و بێ بـــەهاکراوە و بەرانبـــەری ئـــەجنەبی و غـــەیرەدین بێ ئـــومێد دەکات، وشـــەی ( إِنْ شَاءَ اللّه ) یە ; چـــونکە (إِنْ شَاءَ اللّه ) یـــەعنی( إِنْ شَاءَ اللّه ) نـــاکـــرێـــت و بـــەتـــەمـــا مـــەبـــە.. ئـــەجـــنەبیەکان نـــاوچاوگرژ دەکەن کـــە دەڵێین إِنْ شَاءَ اللّه..

لـــە کۆبوونەوەدا بـــووم، بیستوومە بە کەسی خـــۆمانیان وتـــوە( نەو نەو پلیز جەست دۆنت سەی إِنْ شَاءَ اللّه ).

چـــونکە دەزانن کـــە وتت إِنْ شَاءَ اللّه، یـــەعنی بەتەمـــا مەبـــە، ناکرێ و هـــەرواشە.. جێی وەبیـــرهێنانەوەیە کـــە بـــڵێم:

لـــەو کۆمپانیا پێشکەوتووانەدا کار بـــەبەرنامەی نـــوێ دەکەن، بـــۆ ئیشەکان پـــلان دادەنێن، بـــڕگە بـــڕگە، تـــەنانەت دەشچنـــە نـــاو وردەکاریـــەکانیشـــەوە، بۆ نموونە لـــەم مانگەدا،لـــەم هـــەفتەیەدا، لـــە سبەینێدا، لە پـــێش نیوەڕۆدا،لـــەسەعاتی دیاری کراودا.. هتد... بـــەبەرنامەی پـــڕۆجێکت یان پـــریماڤیرا و تـــیلۆس و وان نۆت، کیپ نۆت، مـــای نۆت، تـــو دوو...هـــتد و ئـــەو ســـۆفتوێرانـــەی تـــر کە هـــەیە، ئیش و کـــات رێکـــدەخەن و دەستپێدەکـــەن، ئینجا بەدواداچـــوون و لێکۆڵیـــنەوەی ورد بۆ رێگریی و ئـــاستەنگ و هـــۆکاری دواکەوتنەکـــان دەکەن و لـــێپرسینەوەی تـــووندیش بەدوایـــدا....

دابینکـــردنی ســـەرچاوەی مـــرۆیی و میکانیکی و دارایـــی و ئـــامێر و هتد. کە ئـــەمانە هـــەمووی رێـــکخرا واتـــە (الاخذ بالاسباب) کـــراوە، لایـــەنە مـــادییەکان کە لـــەسنووری توانـــای مرۆڤـــا هـــەیە ســـاز و ئـــامادەیـــە،ســـلف لێدانەکـــەی وەکو رۆح وایە کـــە بە

بِسۡـــــــمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ دەستپێدەکـــات، داوا لەخـــوا دەکەیت بەوشـــەی (إِنْ شَاءَ اللّه ) پشتیوانییت بـــکات و دەسبـــەکاربیت لـــــە سبەینێدا.

پـــێغەمبەر نـــوح، بـــەبەرچاوی قـــەومەکەیەوە ســـاڵەهای ســـاڵ لەپاڵ دەعوەکەیدا خەریکی دروستـــکردنی کەشتیەکەی بوو،قـــەومەکەی چـــەندێ ئەیاندا بـــەلایا، گاڵتەیان پێدەکـــرد،ئەو قەرائەت و بەرنامەی خـــۆی تێك نەدەدا...هـــەموو جـــۆرەکانی بانگخوازی تاقیکردەوە، ئینجا رووی هات دۆعـــابکات..

کـــە تۆفان هـــات و ئاسمـــان و زەوی نیشتنـــەیەك،ســـواری کـــەشتیەکە بـــوون، وتی( وَقَالَ ارْكَبُوا فِيهَا بِسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا، إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ).. (هود41)، واتـــە ســـلف لێدان و ئیشپێکـــردن و کـــەوتنە رێی کەشتیەکـــە بە بِسۡـــــمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ و گیرسانـــەوە و لـــەنگەرگرتنیشی هەر



بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ..
خـــوا دەمانخاتەڕێ و ئـــەویشە دەمانگەیـــەنێتە مـــەنزڵ..

ئـــەگەر بیرتان بێت پـــێش هـــەڵبژاردنی ئـــەم دواییەی ئـــەمریکا، لـــە دیبـــەیتی بـــایدن و تـــرەمپدا،بـــایدن کە بـــەڵگەی هـــەبوو تـــرەمپ خـــۆی دزیوەتـــەوە لـــە باج ودەڵێ بـــاجەکانم دەدەم و نـــاشیدات،بـــایدن بـــە گاڵتەپێکـــردنەوە وتی: کـــەی ئەم باجـــانەت دەدەی ئیشەڵڵا.. !؟

واتـــە: وشـــەی پـــیرۆزی إِنْ شَاءَ اللّٰه بـــووەتە مـــایەی بـــێزاری و بێمتمـــانەیی و تـــەنانەت ســـوکایەتی پێکردنیش،کـــە هـــۆکارەکەشی مـــوسڵمانە بێ وەعـــد و بێ بەرنامـــەکانە...

تەها ســـۆڵـەیی بەغدادی زەورائی داروسسەلام

بیستوپێنجی یەکی بیست بیستویەك

## پانزەیەم:مامە حەسەن و مامە حسێن:

پیاوێك هەبوو بە ناوی شێخ حسێنی حاجی شێخ محمدی زەردەلیکاویی، کوڕی بچووکی حاجی شێخ محمدی حاجی شێخ ئەحمەدی زەردەلیکاویی، کە ناسراوبووە بە ئەبو پلّاو، لـەبەر میوانداریی و نان بدەیی..

شێخانی زەردەلکاو، یان زەردەلیکاو باوان و بنەچەی ساداتی سۆڵـەیین...

ئەم پیاوە لـەبەرئەوەی برازای زۆر بوو، هەموومان پێمان ئەووت مامە حسێن.. تەنانەت حاجی شێخ تایەر کە باپیری منە و برای گەورەی ئەوبوو، کە هەتا ئەویش لـەژیانا بوو، هەر پێی ئەووت مامە حسێن.. مامە حسێن مامی دایك و باوکم بوو، چونکە دایك و باوکم ئامۆزان..

مامه حسێن خۆشەویستی هەموومان بوو، تەنانەت منداڵەکانیشی هەر پێیان ئەووت مامە..

من زیاتر لـە سی ساڵ مامە حسێنم دیووە و لـەخزمەتیا بووم، زۆر بیرم کردۆتەوە کە هەمووی بەسەریەکەوە سی دەقیقە قسەم لێنەبیستووە... مامە حسێن، زۆر نتم و کەمدوو بوو، زەردەخەنەیەکی شەرمنانەی دەکرد و سەری دادەخست و لـەسەر هیچ نەدەڕۆیشت..

ئەو ئەگەرچی نەوەی بنەماڵەیەکی گەورە و ناوداری ساداتی سۆڵەیە، بەڵام ژیانێکی سادە و هەژارانەی بەسەربرد، خادمی مزگەوتی قەرەچێوار بوو لـە چوارباخ، کرێچی بوو لـە چەند ژوورێکی موڵکی کاك کەمال حەددادا بوون، لـە مەیانی ماستەکە.. دوای دەوامەکەی مێزێکی بچووکی هەبوو، هەندێ پسکیت وچکلێت و بنێشتیی لـەسەر دادەنا لـە مەیانەکە.. شای بەسەپان رانەدەگرت،

مامه حسێن کە ئامادەبووایە، هەستت پێنەدەکرد، کە نادیاریش بووایە، جێی خاڵی نەدەبوو..

ماڵی مامە حسێن چونکە لـەناوبازاڕا بوو، هەمیشە میواندار بوون و سفرەیان راخراو بوو..

بەنەخۆشییەکی یەك مانگیی، چۆن بێدەنگ ژیا، ئاواش چووە دوا هەواری خۆی لـە گۆڕستانی مامران لـە ئاوایی زەردەلیکاو لـە دامێنی چیای سەرکەشی زەردە، بەدووریی چل کیلۆمەتر لـە بانیخێڵانەوە...

***

**مامه حەسەن:**

ناوی شێخ حەسەنی شێخ حەمەتەقی حاجی شێخ محمدی زەردەلیکاو بوو، بەتەمەن بوو، ریش سپی بوو، چەند برازایەکی هەبوو، ئیتر هەموومان پێمان ئەووت مامه حەسەن، شێخ حەسەن، ئامۆزای دایك و باوکم بوو، مێردی پووریشم بوو، منالەکانی مامه حەسەن پورزامن...

مامه حەسەن خادمی مزگەوتی خانەقا بوو، لەچەند ژوورێکی زۆر ناخۆشدا، لەتەنیشت مزگەوتی خانەقادا کرێچی بوو...

شێخ حەسەن، زۆر کەیفی بەوە دەهات لەمەجلیسی مامۆستا و زانایاندا دابنیشتایە و گوێگرێکی باش بوو..ئەهلی شەونوێژ و زیکر و تەسبیحات بوو... ساڵەهای ساڵ بانگ و سەڵای بەرەبەیانی ئەو لە بڵندگۆی خانەقاوە، تاریکی شەوی دەشڵەقاند...

مامه حەسەن، پوختەیەك بوو لە ئارامگریی.. هاوسەرەکەی وەفاتیکرد...کچێکی جوانی، تازەبووك بەنەخۆشی سەختی شێرپەنجە وەفاتیکرد.. کوڕە گەورەکەشی بەهەمان نەخۆشی دوای ماوەیەکی زۆر لەنەخۆشخانەی هیوا کۆچی دواییکرد، هەتا مردیش کرێچی بوو، لەسەر سینیەك گوڵەبەڕۆژەی دەفرۆشت کە پوورە رەعنام دەیبرژاند...بەڵامماڵێکی ئاوەدان و تەبیعەت جوان و میوانپەروەر بوون، چونکە ماڵەکەیان لەناوبازاڕابوو، هەمیشە میوانداربوون..

مامه شێخ حەسەن لەهەموو لایەکەوە بەڵا و تاقیکردنەوە رووی تێکردبوو، هەرخۆگر بوو، بەڵام ئیتر دواجار کاریگەریی لەسەردانا..لەکاتی دەستنوێژا کەووت و سمتی شکا، کەساس بوو کەوت لەناوجێگادا، لەکۆتاییشدا چاوەکانی کوێر بوون..بەڵام ئەو هەر نوێژەکانی دەکرد و لەسەر زیکر و پاڕانەوەکانی بەردەوام بوو، بیرمە دوو بەدوو قسەمان دەکرد، ئاخر ئەو دڵی بە من زۆر دەکرایەوە، دەیووت تۆ

لە کاکە بابەم دەچیت ﴿ شێخ بابارەسوڵی باپیرم ﴾،مامە حەسەن لەکۆتا ڕۆژەکانی ژیانیدا هەواڵی منی پرسیی بوو، داخەکەم فریای نەکەوتم... جارێکیان دڵخۆشیم دەدایەوە، کەچی ئەو دەیووت: بشێ خوا لێم خۆش بووێ..؟

حەسەن و حسەین، هەردووکیان چوونەتە بەردلۆڤانی خوا...

خاڵی هاوبەشیان، دڵیان پاك بوو، سینەساف بوون، بێ غەل و غەش، لەئەهلی ئەم سەردەمە نەدەچوون، ئیمانێکی پاك، سینیەکی چاك، دوور لە تەماع و ژاوەژاو... دووای چەندساڵێك، کەسێکی خزمان وتی: لەخەوما قیامەت بوو، لەناو نارەحەتیەکانی قیامەتا، تەنها یەك شت سەرنجی ڕاکێشام، دەیانووت دوو کەس بابڕۆن بۆ بەهەشت، کە سەیرم کرد، مامە حەسەن و مامە حسێن بوون، پرسیم بۆ ئەوانە دەچن بۆ بەهەشت ؟ وتیان شێخ حسێن چونکە زۆر بەئەدەب و حەیابووە..شێخ حەسەنیش بەڵادار و زۆر بەسەبر بووە..

شێخ فاتحزادە–تەها سۆڵەیی

دارولمولکی بابان–چوارەم جومعەیە کە دەرگاکانی مزگەوتەکان کلۆمدراون.

**شانزەیەم:پێویستییم بەخوا نییە...**

لەئاواییەکی پارچەیەك لە پارچەکانی کوردستاندا، خاوەن موڵك و حەیواندارێك هەیە کە زیاتر لە پێنج هەزار سەر ئاژەڵ و سەدان دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە، سەرەڕای کوڕ و کەسوکار و پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی ستەمکارەوە، ئەمانە وایکرد زۆر لەخۆبایی ببێت و بەنازەوە پێی بنێ بەسەر زەویدا..

لـــــه يەكێك لــــەمەجلیسەكانیدا وتبـــووی: من هـــەتا پەنجا ســــاڵی تر پێویستییــــم بەخوا نییـــە.. ئەمــــە لــــەكاتێكیشا وای ووتـــوە كـــە خـــۆی شـــەست ساڵی تێپــــەڕاندووە..

نــــەك پەنجا ســــاڵی نەبرد، دوای تــــەنها ساڵێك كـــوڕەكانی و حاشیەكانی هانـــدا بۆ دەستدرێـــژی و داگیركـــردنی زۆرتــــرین رووبـــەری لـــــەوەڕگا و زەوی كـــشتوكاڵی.. ئەو كـــورد وتــــەنی: مانـــگای تەنهـــا ئـــاخوڕ بووە و نـــەیئەویست كـــەس شـــەریكیی بكات.. بـــۆ ئەم مەبەستــــە شـــەڕی درووست كـــرد لەنێوان كـــوڕەكانی و مـــوڵكدارێكی هـــاوسنووریـــەوە و سەرەنجـــام دوو كـــوڕی هـــاوسێكەیانی كـــوشت.

بـــاوكی كـــوڕە كوژراوەكان ئێستـــا دەڵێ: مـــن ئەزانم ئەوە كـــوڕەكانی ئـــەو نەبوون بـــتوانن كوڕی من بكـــوژن، ئـــەگەر بەهاندانی بـــاوكیان نـــەبووایە.. بۆیـــە هــــەرچەندە هـــەموو هـــەوڵەكانی ســـوڵح بەردەوامـــە، خـــاوەن خوێن ئـــەڵێ من دەبێت بـــاوكیان بكوژمەوە، كە مەبەستی ئەو پـــیاوەیە كە پێویستی بـــەخوا نەبـــووە..

ئـــێستا هەموو هـــەوڵەكان گەیشتوونەتە بنبەســـت، ئەو كـــە تا پەنجا ساڵی تر پێویستی بەخوا نەبـــوو، وا ئێستا دەستدەكات بە پشتوێنی هـــەموو كەسێكا.. نـــاوێرێت لەمـــاڵ بێتە دەرەوە.. خـــۆی حەشار دەدا و چەرخی ژیـــانی وەستـــاوە...

لـــەم نموونانە لەمێژوودا زۆربـــوون و ئێستاش هـــەن و لەئاییندەشـــدا هەر دەبـــن.. كەچی عیبـــرەت وەرناگرن و فیرعـــەون ئاسا بەپێی خـــۆیان مل دەنێن بـــەرەو سەرەنجامی خـــەجاڵەتییان.. پێشتـــر قـــەومی عـــاد وتیان:

وَقَالُوا مَنْ أَشَـــدُّ مِـــنَّا قُوَّةً..

کـــێ لەئێمە بەهێزتـــرە ؟ لـــەپای ئەم ملهوڕیانەیـــاندا خـــوا بـــەڕەشەبا لەبن دەریهێنـــان و بوونە پەندی زەمـــانە...

بۆیـــە خواناسان و ئەهلی عیرفان لە دۆعـــاکانیاندا داوایان لـــەخوا کردووە:

ئـــەی خوایە بـــۆ تەنها چاوتروکانێکیش مەماندەرە دەست خۆمان یان خەڵکانی دیکە..

ئاخـــر:

لـــەچاوتروکانێکا دڵ ئـــەمدودیو دەکات...

رۆح هەناسەیەکە و ناگەڕێتەوە..

ئاگرە و کڵپەیەك دەکات..

دوو دڵۆپ ئاوە وئەپەڕێتە قوڕگ..

جەڵتەیەکی مێشکە و وشکـــبوونی لایەك..

پچڕانی ستۆپی سەیارەیەکـــە و قڵپبوونـــەوەی..

لـــەدەست دەرچونی فیشەکێکە و کارەسات..کەوتنەخوارەوەیەکە لەبەرزایی و مردن..تەقینەوەی بۆمبێکـــە و کۆکوژیی..

هـــەر لەو چرکەیەدا کە ئەهلی دڵ داوایانکردووە نەدرێینە دەستخۆمان، یان مەخلوقاتی دیکە، بەملیۆنان گـــۆڕانکاریی لـــەجەستەماندا، لـــەدەورروبەر و ژینگە و بـــوونەوەردا روودەدەن، ئێمەش زۆر لەوە لاوازترین بتوانین خۆمان بەخۆمان رابگەین..ئەوپەڕی سپڵەیی و نمەك نەناسینیشە کە بەخشندەییەکانی خوامان بیربچێتەوە...

خوای موتەعال:

تۆبە لە عومری رابوردوو، دۆعامان بۆ عـــومری داهاتوو

تۆ یارو یاوەرمان بیت،

لەساتێکی غەفڵەتا نغرۆ نەبین...

یا اللە باشترین کاتمان ئەو کاتانەبێت کە بەرەولیقای تۆ بەزەردەخەنەوە ئەم دونیا فانیە بەجێدێڵین..

﴿ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَي الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَي الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ ﴾.

تەها سۆڵەیی دارولمولکی بابان لەماڵاوایی ساڵی 2020دا..

## حەڤدەیەم:دینـاری فـەقیر نـۆزدە پـەنجاییە..

یەکێك لەتاوان و سیاسەتە خراپەکان بەدرێژایی مێژوو کە روویداوە و ئێستاش لە خراپترین حاڵەتیدایە، دەستکاریکردنی قەپان و کێشانەیە.. بەزاراوەیەکی تر تەرازووبازیی.. ئەوەی لەکێشانەدا فێڵ دەکات، کەم دەکێشێ بۆ کڕیار و بەزۆر لەسەری حساب دەکات،کە بۆخۆی شت بکڕێت، تەرازووەکە پڕدەکات و هێشتا دەشڵێ دەی تۆزێکی تریشی ماوە...

کەبکڕێ فێڵ دەکا و کە بفرۆشێ فێڵ دەکا.. لای ئەوان، کاڵاوشمەکی خەڵك سووك و بێ ڕەواجە و کەرەستەی خۆیان بەهادار و نایابە..

تەرازووبازەکان یان دانیشتووانی وەیل، ئەوەندە خراپن شایانی شیووی وەیلن لە جەهەننەمدا، چونکە بەهۆی گرانکردنی کاڵای خۆیان و بێبەهاکردنی کاڵای خەڵك، ژیانی مەردمیان لەدونیادا کردۆتە دۆزەخ...

قەپان سووکەکان خائینن، خیانەتیش گەورەترین هۆکاری فەسادە،خوای موتەعال خائینان و فاسیدانی خۆش ناوێ.. بەستنەوەی تەرازووبازی بە ( یوم عظیم )خۆی جێی سەرنجە، لەبەرانبەر دزینێکی بچووکا ڕۆژێکی گەورە چاوەڕوانیانە..

دانیشتوانی وەیل سیتی، هەرخەریکی راووڕووتن نەمیزانیان هەیە و نەموازەنە، بیریان نییە رۆژێك دێت، میزانی حەقی خوایی دێتە گۆڕێ و لەسەر قورسایی گەردیلە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ، هیچ پشتوپەنا و خاوەنێکیشیان نییە.. خائین و دزەکان ئەگەر لەدونیاشدا بۆیان بچێتەسەر ئەوا لەقیامەتا شوێنی شایستەیان بۆ دابینکراوە کە شیوی وەیلە.. بەدڵنیاییەوە سزای دونیا و سزای قیامەت زۆریان فەرقە.

یاریکردن بەقەپان و پێوانە، ئاکارێکی زەمکراوە و هەڕەشەی توندی لەسەرە...

فێڵ لەکێشانەدا لەهەرکۆمەڵگایەکدا سەری هەڵدا و بوو بەدیاردە، ئەوا ئیتر بەرەکەت هەڵدەگیرێ و تووشی قاتووقڕی و بێبارانی و ستەمی حاکمەکانیان دەبنەوە..

وەیل لاند، شوێنی واوەیلاوقوڕپێوانە،فرمێسکی خوێنین دێت لەوچاوانەی کەسووك سەیری خەڵکیان دەکرد و ئەو دەستانەیان دەسووتێ کە یاریان بەموقەدەرات وقوتی خەڵك کردووە...

بەناوگەورەکان تەزویرو تەرازووبازی لەحوکمداریدا دەکەن وچڵکاویان رشتووە و هەندێ خەڵکیش لەخوارەوە نوقمی زەلکاو وپیسخۆریی بوون..

لەوانەیە سایەق شۆفلێك بەکرێ بگریت بەسەعات ئیشێکت بۆ بکات، بە شەش سەعات ئەیکات، بڵێ بە گۆترە و قۆنتەرات، هەمان ئیش بە چوارسەعات دەکات.. کەواتە دوو سەعات تەرازووی بەلای خۆیا شکاندووە..

تەنانەت پیاڵەی چاخانەکانیش وەکو جاران نەماوون و بچووکیان کردۆتەوە..

کەسی وا پارێزکار و ئەهلی وەرەعیش هەیە کە چەرەسات دەفرۆشێ، لەتای کیلۆکەیدا کیسێکی کاغەزی داناوە، دەڵێت من بستە ئەفرۆشم نەك بستە بەکیسەکەیەوە، بۆیە دەبێ لەگەڵ کێلۆ ئاسنەکەدا کیسێکی کاغەز دانێم هەتا تەرازووەکەم یەکسانیێ، هەندێکیشیان هێشتا نیوو چنگ زیادیش ئەنێتە بانی..

کەچی لەوانەیە لە بەنزینخانەیەکیشدا رێبکەوێ دەسکاری عەدادیش بکەن، ئۆکتانی کەم بەزیاد ئەفرۆشن و لای هەندێ فیتەرعەدادی سەیارە ئەگێڕنە دواوە.. مهندس لەزەرعەدا و دکتۆر لەرەچەتەدا و حاکم لەبڕیارا و تاجیر لە کەرەسەی عادیا و مۆزەف لەهێنانوبردنا و هتد.. هەموویان تەرازووبازن وهاوسێی یەکن لە گوندی وەیلا..

لەنەوەدەکانا لەشارێکا، هەندێ تاجیری فاجیری شیرفرۆش، رێکەوتبوون لەگەڵ هەندێ کارمەندی یوئێندا، بۆ دوو مانگ ماددەی شیری منالّ لەبەشەخۆراکی هاوڵاتیان لەنەوت بەرانبەرخۆراك رابگرن و تەوزیعی نەکەن، هەتا ئەو تاجیرانەی شیوی وەیل، بتوانن شیرەکانیان کە لەدوکان و موغازەکانا هەیە و خەریکە بەسەردەچێ ساغ بکەنەوە،ئیتر هاوڵاتی هەژار کە پارەی نییە و منالّە مەلۆتکەکەی دەگری بۆ شیر، دەبێ دۆعاکانی وابکات سەبەبکاریان بەکۆی زوخاڵی وەیل بن...

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ * الَّذِينَ إِذَااكْتَالُوا عَلَي النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ * وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ * أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُمْ مَبْعُوثُونَ * لِيَوْمٍ عَظِيمٍ * يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ- سورة المطففين: 1-6 ﴾.

شێخ فـــاتحزادە – تەها ســـۆڵەیی- بەغداد، شاری ئیمامی ئەعزەم ئەبوحەنیفەی نوعمان. شەوی هەینی لە کەرەڤانەکەی خۆمەوە، دۆعای سەلامەتیان بۆ دەکەم.. چواری دووی بیست بیستویەك

**هەژدەیەم: خـوا تـاقی مـەکەرەوە...**

من زۆر کەم کۆمێنت دەنووسم لـەسەر پۆستی خۆم..وە لـەسەر پۆستی خەڵکانی تر کەمتر دەنووسم.. بەڵام ئیتر جارجار وابەباش ئەزانم، کە بەنووسینی چەند پەیڤێك هاوکار بم و دەسباری وەڵامدانەوی پرسیارگەلـێك بم..

لـە پەیجی پرسیارە فیکرییەکان، بەڕێزێك پرسیاریی کردبوو کە ئایا دۆعا کاریگەریی دەبێت لـەسەر قەزا و قەدەری خوا جل جلاله...؟ منیش بەمجۆرە کۆمێنتێکم بۆ نووسی..ئەو بەشانەی کەڕاستە و پێکاومە، ڕێنمایی و ڕەحمەتی خوایە، ئەوەشی هەڵـەبووم ئەوە ئیتر لـەعەقڵ و تێگەیشتنی کاڵوکرچ ونەکوڵاوی خۆمەوەیە... دەخوازم بیخوێننەوە... ئێوەش مەڵۆیەك بخەنە سەر ئەم شارۆیە...با شارۆکەش بچێتە سەرخەرمانی وەڵام و کۆمێنتەکانی تر..

داخەکەم هەندێ کۆمێنت لـەسەر ئەوپۆستەی لـەو پەیجەدا هاتبوون ناشایستەبوو.. گاڵتەپێکردن بوو.. جاری وا هەبوو سوکایەتی بوو بەئەسڵی دۆعا و کاریگەرییەکانی...

خوا ڕێزتان لـێبگرێت بەوەی لـەوانە بن کە دۆعاکانیان قبوڵکراوە... برای شیرینم.. یاخوا هەر لـەموحتاجیا بۆ خوا بتبینم.. دووربی لـە رووشکاوی و ڕەدکردنەوی مرۆڤە ڕەزیلـەکان..

وازبێنە لـە قەدەر و چی نووسراوە.. مەچۆرە تاقیگەی ئەوەی بزانی کارلـێکی دۆعا و چارەنووس چۆن یەکتری هەڵئەپرووزێنن.. خوای موتەعال تاقی مەکەرەوە...دڵـت خۆش بێ بەوەی هەتە.. داوای باشتر و چاکتر و خۆشتر بکە.. تەنها ئارەزووی چیت هەیە، لـە دۆعا بیخەرە حزووری خوا و تەواو.. دۆعا خۆی عیبادەتە.. خوا تاقی مەکەرەوە، بزانیت وەڵامت ئەداتەوە یان نا.. ! بزانی ئەو شتەی هەتە دەیگۆڕێت یان

نا.. تۆ عەریزەی خۆت پێشکەش بکە.. زۆر باشە پشوو درێژ بی.. پەلـەت نەبێ.. نەڵێی چەندێکە دەپاڕێمەوە، هەر دۆعاکانم گیرا نەبوو...دۆعا ئادابی خۆی هەیە.. شێواز و کاتی خۆی هەیە.. دڵنیابە خوا بیسەری دۆعایە.. زوو یان درەنگ وەڵامت دەداتەوە.. یا بەهێندەی دۆعاکەت روداوە خراپەکانت لێ دووردەخاتەوە، یا بەهێندەی نزاکانت لـە گوناهوخراپەکانت دەبووری، یان بۆت هەڵدەگرێت بۆ قیامەت...بەکوڵ بگری.. وڕك بگرە لـە خوا وەکو مناڵ هەر بڵێ دەدەی دەی دەدەی..... تۆ وەڕس ئەبی، خوا وەرس نابێ.. خوا دەوڵـەمەندە، هەرچی داوا بکەی، نییە لای ئەو نییە.. کلیل و خەزێنەی ئاسمانەکان و زەوی لای ئەوە...بەخشندەشە، ناڵێ برۆ.. نییە..

حەتمەن بەشێوەیەك لـەگەڵ حیکمەتی ئەودا بێت دێت بەهاناتەوە...خوا بەشەرمیشە، کاتێك ناولـەپی خاڵی لـە حزوریا بەرز ئەکرێتەوە دەفەرموێت لـەببەیکە عەبدی...تۆ بزانە دۆعا خۆی عیبادەتە...چونکە دوو پایەی گرنگ لـەدۆعادا هەیە.. یەکێکیان لاوازیی و موحتاجی تۆیە وەکو مرۆڤ.. دووەمیان دەوڵـەمەندی و قودرەتی خوایە...وشەی الصمد یەك جار لـە قورئاندا هاتووە.. الله الصمد...صەمەدانیەتی خوا واتە هەر ئەوە جێی نیازە...کەس وەکو خوای گەورە جێی نیاز و ئومێد نییە.. لـەوانەیە خەڵکی دەوڵـەمەند شتێکت بداتێ.. مەسئولـێك کارێکت بۆ ئاسان بکات...خزمێك بێت بەهاناتەوە.. هاوسێیەك بەزەیی بێتەوە پیاتا..بەڵام ئەمانە یەکجار یان لـەچەند جارێك زیاتر بێت، تانە و تەشەرت لـێدەدەن..دەرت دەکەن، دەست دەنێن بەڕووتەوە.. بێزار دەبن لـێت.. پیاتا هەڵدەشاخێن و دەڵێن ئەمە چەندەمین جارتە...؟! ئەم نموونانە بۆ روونکردنەوەیە، نەك بەراوورد بەخوا، خوا لـەوێنەی خۆی نییە، هەتا لـەگەڵ مەخلوقێکی خۆیدا بیانخەینە کێبڕکێوە.... تەنها ببینە ئەوانەی موحتاجن چۆن هاواری لـێدەکەن...لـەوانەیە موشریك بن.. موحید بن.. کافر بن.. بەڵام کە لـێیان

قەوما بزانە چۆن بێخود و لەخۆوە پەنا بۆ زاتێکی نادیار و نهێنی ئەبەن.. بزانە ئەوانەی لەتەیارەدا.. لەسەیارەدا.. لە کەشتی و بەحردا کە کەوتنە مەترسییەوە خۆشیان نازانن ئەوە کە پاڕانەوە چییان بە کێ ووت؟!

دۆعاکردن تاموچێژی ئیمانی زۆری هەیە، بەتایبەتیش کە دۆعا بۆ دایکوباوك و منالّ و کەسانی موحتاج دەکەیت.. هەست دەکەیت کەسێك هەیە گوێی لێتە...بەردەوام بە لە دۆعا.. هیچ کۆلّ مەدە.. ئەو حەز دەکات گوێی لە عەبدی خۆی بێت کە داواکاریی دەخەنە خزمەتی...زاتی حەق الله ﷻ حەز دەکات بەس لەخۆی بپاڕێنەوە..چونکە ئەگەر تەنها لەخوا پاڕایتەوە، هەست بە زەلیلی و شکست ناکەیت.. بەلّام بڕۆ بۆ لای کەسێك داوای سەد دۆلاری لێبکە لەوانەیە نەتداتێ، بیشیدات منەتە.. لەوانەشە باسی کات، هەرجارێکیش بینیت ئەوا چاوبەرەوەخواری ئەویت..

الله ﷻ خالقی ئەسباب و موسەبیباتیشە، ئەو خۆی قادیرە و هەموو شتێکیشی بە میقدار و پێوانە کردووە.. کەچی ئەفەرمووێ لێم بپاڕێنەوە..داوای رۆزی بکەن.. داوای منالّی سالّح بکەن.. داوای دلّی دامەزراو بکەن.. داوای بەهەشت و رەحمەت بکەن.. داوای سەلامەتی لە دۆزەخ بکەن.. داوای پارێزاوبوون لە شەیتانەکان بکەن..

بۆ.. ؟

چونکە ئەو خۆی وا ئەفەرموێ..

دۆعا ئەمرە.. دۆعا عیبادەتە..

دۆعا بەندایەتیە. دۆعاکردن بێ نەتیجە نابێ..

حاشا خوامان لەوهەموو دەسەلّات وموڵك و قودرەتەی هەیەتی رەزیل بێت..

خوا زۆر زۆر زۆر چاکه...هەرچاکەشی ئەوێت بۆ عەبدەکانی..

ئەگەر بمانزانیایە خوا چەند چاکەی ئێمەی دەوێت هەرگیز لەچاکەی دەرنەدەچووین.... وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ( البقرة186).. براتان شێخ تەها سۆڵەیی



**نۆزدەیەم: کـوڕی پـینەچیی...**

ئــــەبراهام لــــینکۆڵن، کە بووە شەشەمین سەرۆکی ئــــەمریکا، لــــەسەردەمی ئــــەودا بڕیاری ئازادکردنی بــــەندەکانی دا..

کــــوڕی پــــیاوێکی پێڵاوســــازبوو..

بــــاوکی ئەبراهام کــــەوشی دەستیی دروست دەکرد، زۆرینــــەی سیاسیە مــــوهیمەکانی ئــــەمریکا لای ئــــەو پێڵاویان دەدووری یان پێڵاوەکانــــیان چاك دەکردەوە..

لــــینکۆڵن لــــەیەکەمین ســــەردانیدا بــــۆ ئەنــــجومەنی ســــێنات، وتــــارێکی پێشکەش کــــرد، ئــــەندامانی سێنــــات خــــۆشحاڵ نــــەبوون بەوەی لــــینکۆڵن بووەتە ســــەرۆکی ئــــەمریکا.. ســــێناتۆرێکی نــــاڕازیی بە تووڕەبوون و بێئەدەبییــــەکی زۆرەوە و لــــەجێی خۆیەوە قــــسەکانی بــــڕی بە ســــەرۆك لینکۆڵن و وتی:

ئــــەبراهام، ئــــێستە کە تــــۆ بــــەبەخت بــــوویتە سەرۆك، بیــــرت نەچێ، ئــــێمە ئەتناسین تــــۆ کێیت، تــــۆ جگە لەکــــوڕی ئــــیسکافییەك زیــــاتر نییت...ئــــەنجومەنی پــــیران دایانە قــــاقای پــــێکەنین..

ســــەرۆك ئــــەبراهام بــــەزەردەخەنەیەکــــەوە وتی:

ســــوپاس بۆ ئــــەو نوێنەرە کــــە یاداوەری ئــــەو ڕۆژە خــــۆشانەی بیرهێنامــــەوە کــــە لەگەڵ باوکــــما لە کــــەوشسازیا ئیشــــمان دەکرد.. چــــەند خۆش و چاکبوون ئــــەو ڕۆژانە..

بــــەڵێ باوکم پێــــڵاوی بۆ تۆ و ئــــەندامانی تریش لــــەم مــــەجلیسەدا درووستــــکردووە.. منیش بــــەردەستیم کــــردووە..


بـــاوكم بەرِۆح و گـــیان، شـــارەزا و دڵســـۆزانە بـــەخۆشەویستییەوە ئیشی خۆی دەكرد، ئەو هـــونەرمەندبوو لـــە پێڵاوسازی و چـــاكردنەوەیشیدا . بـــاوكم بـــاشترین پـــێڵاوی بەدەستی خـــۆی درووست دەكرد..ئـــەگەر سكاڵایەكی تـــایبەتیت هەیە لەســـەر جـــوتێ لەو پێڵاوانەی بۆ بنەماڵـــەكەتی درووست كـــردووە بابزانم.. ئـــەگەر هـــەركەسێكیشتان داوابكات و جـــووتێ پێڵاوی دەســـدرووی بوێت، ئـــەوا مـــن دەتوانم بـــۆی دروست بكەم، چـــونكە منیش فێربووم و ئـــەزانم چۆن كـــەوش درووست بكـــەم..

ئـــینجا مـــەجلیس بـــێدەنگ بـــوون و سەرۆك ئـــەبراهام بـــەردەوام بـــوو وتی: پێـــوەری راستـــەقینەی ســـەروەت و ســـامانی ئێمە ئـــەوەیە ئـــەگەر پـــارەكانمان وون كـــرد، خـــۆمان بـــایی چـــەندین؟...

شـــەوێكی باراناوی شارەكەی ئیمـــام موسای كـــازم...

شەشیدوویبیستبیستوویەك. تەهاسۆڵـــەیی





**لەیادی کۆچتدا ئەی سەروەرم:**

لەیادی کۆچتدا کە 1442 ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە شایەتی دەدەم کە تۆ دوا پەیامبەری خوای بۆ مرۆڤایەتیەو هەروەك خوا خۆی پەیمانی داوە بەردەوام موعجیزاتی ئەم دینە دەردەخات، سەروەرمان صلی الله علیه وسلم کە لەخۆیەوە قسەناکات دەفەرموێت( والَّذي نفسي بيدِه لا تقومُ السَّاعةُ حتَّى يُكلِّمَ الرَّجُلَ نعلُه )(ئیبن حیبان).

سوێند بەوخوایەی گیانی منی بەدەستە قیامەت نایەت تا مرۆڤ قسەلەگەڵ نەعلەکەی(پێڵاوەکەی) نەکات.




لەم ساڵانەی رابردوودا بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە، مۆبایلی زیرەك، خێمەی زیرەك، چاویلکەی زیرەك دروست کران، بەڵام ئەی پێڵاوی زیرەك چی؟؟

ساڵی 1989 فیلمی (گەڕانەوە بۆداهاتوو)بەرهەمهێنرا کەتیایا باسی پێڵاوی زیرەك دەکات کە خەیاڵێکی زانستی بوو، ئەندازیاری جەزائیری(کەریم ئومنیە) کەلەفەڕەنسا دەژی ئەمە وای لێدەکات هەوڵ بدات ئەو پێڵاوە دروست بکات لەکۆمپانیاکەیدا کەناوی (دیجیتسۆل ) ە. ئەم ئەندازیارە ساڵی1999 توانی سوکترین پێڵاوی وەرزشی دروست بکات، ئنجا ساڵی2000 توانی پێڵاوی وەرزشی تایبەت دروست بکات، ساڵی 2015ش توانی پێڵاوی زیرەك دروست بکات و لەپێشانگای ئەلەکترۆنی بەکاربردن لەلاس فیغاس لەئەمەریکا نمایشی بکات، کەئەم پێڵاوە بەهەنگاونان

باترییەکەی شەحن دەبێتەوەو بەهۆی ئەنتەرنێتەوە دەتوانێت هەنگاوەکانت بۆبژمێرێت و شوێنەکەت بەجی پی ئێس بۆدیاری بکات و ڕێنمایی ڕێگات بکات و لەرێی بلوتوس ومۆبایلەکەتەوە دەتوانی زانیاری لێوەربگریت وزۆرشتی تر کەبەڕاستی ئەمە راستگێڕی فەرمایشتەکەی سەروەرمانە صلی الله علیه وسلم کە بەیەکێك لەنیشانەکانی هاتنی قیامەتی دادەنێت و سوێندی لەسەر دەخوات، جا ئەمە هەنگاوی یەکەمەو خوا دەزانێت چی تر دەدۆزرێتەوە، ئەمجارەیان خۆشبەختانە ئەندازیارێکی موسڵمان داهێنەرەکەیەتی، دەیەوێت بۆمەراسیمی حەج موسڵمانان سوودی لێوەربگرن و ڕێنماییان بکات بەراستی حەجەکەیان بکەن، چاوەڕێی لایەنێکە هاوکاری بکات بۆبەرهەمهێنان وفەڕەنسا لەسەر داهێنانەکانی چەند خەڵاتیان داوەتێ

.

## ئەو پیاوەی دەڵێی لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە گەڕاوەتەوە!

ئەم پیاوەی کە لە وێنەکاندا دەیبینن، هێشتا لە ژیاندایە و لەم سەردەمەی خۆماندا دەژی، وەلێ کە لە نزیکییەوە دادەنیشیت وا هەست دەکەیت گەڕاویتەوە بۆ سەدەکانی دووەم و سێیەمی کۆچی. بە بینینی، گەورە سۆفییانی وەك حەسەنی بەسری و جونەیدی بەغدادی و ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم و عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکت بیردەکەوێتەوە، یان وەك دۆستێك دەیووت: کەسانی نێو کتێبەکانی (حلیة الأولیاء) و (صفة الصفوة)ت بیردەکەوێتەوە!

ساڵانێك لەومەبەر و لە مزگەوتەکەی خۆیدا (مزگەوتی سەحابە)، لە کۆڕیدا دانیشتووم و لە فەیزی موستەفید بووم.

ئەم پیاوە لای زۆرێك لـە خەڵكی بووەتە جۆرێك لـە كارێزما و وەك ئەفسانە تەماشا دەكرێت، ناهەقی كەس ناگرم، ڕەنگە هەر بەڕاستی بوونی كەسێكی وا لـەم سەردەمەدا



ئەفسانە بێت، دەڵێن گوایە لـە كۆتایی حەفتاكانی سەدەی ڕابردووەوە

تووشی چەندین نەخۆشیی بووە و تا بێت نەخۆشییەكانی زیاد دەكەن، هەندێك دەڵێن ١٧ نەخۆشیی هەیە، كەچی تا ئێستا یەك دوعای بۆ چاكبوونەوەی خۆی نەكردووە، لـە كاتێكدا ڕۆژانە خەڵك دێنە خزمەتی و داوای دوعای خێری لێ دەكەن و دەست بەڕووی كەسەوە نانێت!

لـە خۆیم نەپرسی، لـە یەكێك لـە ئامادەبووانی مەجلیسەكەم پرسی: ئەرێ دەڵێن مامۆستا قەت دوعا بۆ خۆی ناكات! مامۆستا بەهێواشی لـە پاڵمەوە وتی: كە دوعا بۆ تۆ دەكەم، بۆ خۆمم كردووە، فەرقی چییە؟!

ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٨ـ ە، یانی تەمەنی ٧٢ ساڵە، وەلێ ساڵانێکە بە دەست کۆمەڵێك بیمارییەوە دەناڵێنێت و ئەوەیش کاری کردووەتە سەر جووڵە و قسەکردن و ڕێکردنی. هەڵە نەبم خەویشی زۆر کەمبووەتەوە.

دەڵێن کاتی خۆی لە (سلێمان بەگ) دامەزراوە، دەگێڕنەوە لە سەردەمی داپڵۆسێنەرترین دەسەڵاتیشدا، لە دەربڕینی گوتەیەك کە بە هەقی زانیبێت نەسڵەمیوەتەوە. تەنانەت لە مامۆستایەکی زانا و بوێری شاری هەولێرم بیستووە، گێراویەتییەوە جارێك لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییەوە گوێی لەم مامۆستایە بووە زۆر بوێرانە و بێباکانە و ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە دەسەڵات گرتووە، لە سەردەمێکدا کەم کەس دەیتوانی وەها ڕەخنەیەلێك بگرێت، بۆیە سوێندی خواردووە تا نەچێت بۆ لای و دەستی ماچ نەکات، واز نەهێنێت. بە مەرجێ ئەو مامۆستایە خۆیشی یەکێکە لەو زاتانەی لە چاونەترسی و ئازایەتیدا نموونەی پێ دەهێنرێتەوە.

بەو هەموو نەساغی و ئازارەوە کە بوون بە میوانی هەمیشەیی، هیچ کەسێك لە خەندە و بزەی سەر لێوەکانی بێبەش ناکات. ڕێك دەڵێی لە پەنای پەیامبەردا بووە وەختێ فەرموویەتی: (لاتحقرن من المعروف شيئا و لو أن تلقي أخاك بوجه طلق)هیچ چاکەیەك بە کەم مەگرە، تەنانەت ئەوەی ڕووی براکەت بگەشێنیتەوە).

شەوی ٢٢/٢/٢٠١٥ هاوڕێ لەگەڵ "دوکتۆر عەبدولسەلامی کوڕی مامۆستا زرار"دا چووینە خزمەتی لە ماڵەکەی خۆی، لە شاری هەولێر. ویستمان بە تەنیا ببینین، پێیان وتین بەتەمای شتی وا مەبن، چونکە هەموو شەوێك تا سەعات ١٢ی شەو میوانی هەیە و ئاو لە ئاسیاو بکەوێت، میوان لە ماڵی وی نابڕێت!

دوای ماوەیەك لە دوودڵی و وەستان، سەرەنجام ملمان دا و لەگەڵ کۆمەڵێك میوانی دیکەدا چووینە ژوورەوە و دانیشتین، خۆی لە ژوورەکەیدا نەبوو، پاش ماوەیەك دەرکەوت، دوو کەس لەژێر باڵیدا بوون و بە سەختی پێی زەوی دەگرت،

هاته ژوورەوە، من کە بە تەنیشتییەوە دانیشبووم، ویستم دەست بە قسان بکەم، هەرچیم کرد نەمزانی چ بڵێم، بۆ ساتێك وام بە بیردا هات کە هەرگیز لـە ژیانمدا قسەم نەکردووە و لـە هیچ مەجلیسێکدا دانەنیشتووم. دەمگوت چ لـەگەڵ وەها زاتێکدا باس بکەم؟ بەتایبەت کە زانیم مەجلیسەکە بۆ پرسیار و وەڵام گونجاو نییە، ئەوەندەی تر ساردبوومەوە، لیّ زۆری نەبرد سەری قسەم کردەوە و خۆمم ناساند، کە باسی "قانع"ی برامم بۆی کرد، پێکەنی و بە دەنگێك کە بە ئاستەم گوێم لێی بوو وتی: قانع، قانع.. ئینجا پرسی: ئێستا خەریکی چییە؟ وتم: ماجستێر دەخوێنیّ، کە وام گوت، جارێکی دیکە بزە کەوتە سەر لێوی و وتی: ماستی چێری؟!

باش تێنەگەیشتم چی دەڵێت، یەکێك لـە ئامادەبووانی مەجلیسەکە کە لـەوبەرەوە دانیشتبوو، بەس وا دیار بوو لـە ڕاز و ڕەمزی قسەکانی مامۆستا تێدەگەیشت: وتی گاڵتە دەکات، دەڵێت: ماستی چێری؟! ئینجا وتی: ئەوە بۆ خۆشی بە ماجستێر دەرێتن ماستی چێر!

دوای کەمێك لـە دوکتۆر عەبدوسسەلامی پرسی: باوکت کووە؟ برایەکەت چی دەکات؟ ئەویش وتی: خەریکی خێندنی ماستەرە.. مامۆستا دیسان پێکەنی و زۆر بەهێواشی وتی: باشە ماستی چێرمان زۆر دەبی، هەر یەکە سەتڵەکمان لۆ دەینن.. دواتر لـەباری خۆمەوە پرسیاری کرد و داوای لیّ کردم هەر کات خوێندنەکەم بە کۆتا گەیشت، نوسخەیەك لـە توێژینەوەکەم ببەم بۆ کتێبخانەی مزگەوتی (صحابە). دواتر پێیان وتم: زۆر خوێندکاری ماجستێر و دوکتۆرا نوسخەیەك لـە توێژینەوەکانیان بۆ ئەو کتێبخانەیە دەبەن. دروستبوونی ئەو کتێبخانەیە بۆ خۆی چیرۆکێکی سەربەخۆیە..

باسی دۆستێکم بۆی کرد کە کاتی خۆی ئیشێکی لیّ گیر بووبوو و ئەم هاتبووە ناوەوە و کێشەکەی حەل کردبوو، وتم: ئەو برادەرەیش زۆری خۆشدەوێیت، کاتی

خۆی خودا کێشەکەی چارەسەر کرد و جەنابت بووی بە سەبەب. ڕەنگی تێکچوو و وتی: بەس خوا بەس خوا، ناوی کەسی تر مەینە، دوو–سێ جار وای گوت و لەناکاو بەکوڵ دەستی کرد بە گریان، زۆر سەیرم لێ هات و خۆمم بە تاوانبار زانی کە بوومە هۆی وەگریانخستنی!

کە بینیم ئارامبوویەوە، لێیم پرسی: مامۆستا ئێستا کەسانێك بەناوی ئیسلامەوە، خەڵکی سەردەبڕن، دزێوی و خراپەکاری بڵاو دەکەنەوە، لە بەرانبەریشدا کەسانێك لە داخی واندا لە دین هەڵدەگەڕێنەوە، وەسیەتت چییە بۆ کەسانی دیندار؟ چۆن دینداری بکەن؟ بەهێواشی وتی: ئەمانە هەموو دەڕۆن، هیچ نین، ئیسلام ڕوونە، دینی خوا ڕێیەکەی دیارە، ڕێی پێغەمبەران و پیاوچاکان سەدان ساڵە خەڵك لەسەری دەڕۆن.. دواتر بە بزەپێکەنینێکەوە وتی: ناتوانم زۆر قسە بکەم، گەرووم دەنوسێت بەیەکەوە، بە دەستیشی ئاماژەی بۆ قوڕگی کرد...

زانیم لەوە زیاتر دانیشین زێدەڕۆییمان کردووە، دەیشمزانی ناتوانێت لەوە زیاتر قسە بکات، بۆیە ڕوخسەتم خواست چەند وێنەیەك بگرین و لە خزمەت مرەخەس بین، مامۆستا وتی: باشە، بەس ڕسمەکان لە دیوار مەدەن، دڵم نەهات بڵێم لە دیواری ماڵیان نادەم، وەلێ لە دیواری ماڵی فەیسبوکمدا هەڵیاندەواسم!

کە خواحافیزیمان کرد و هاتینە دەرەوە، لەگەڵ دوکتۆر عبدالسلام کەوتینە گفتوگۆ، پرسی هەست بە چی دەکەیت؟ وتم: کە چوومە لای وام هەستکرد بارێکی قورسم لەسەر شان هەڵگیرا...

تا ئێستایش بزەپێکەنینەکانیم لەبەرچاون. ڕوخساری بە وێنەی ناو کتێبەکانی زەمانی زوو دەچوو. ئەم پیاوە سۆفییەکە لەسەر شێوازای سۆفییە یەکتاپەرستەکانی سەدە بەراییەکانی ئیسلام.

لەگەڵ زۆر کەسدا هەوڵمدا زانیاریی لەبارەوە وەربگرم، کەس شتێکی وای پێ نەوتم، کەسوکار و دۆستە نزیکەکانی دەیانگوت تا خۆی ئیزن نەدات ناتوانین هیچی لەبارەوە بڵێین، خۆیشی تا ئێستا چەندین خوێندکار هاتوونەتە لای، بۆ ئەوەی لەبارەیەوە بنووسن، ڕێی نەداوە، دەڵێت: تا لە ژیاندام ڕێ نادەم، دوای ڕۆیشتنی خۆم قەیدی نییە!

دەزانم زۆر ڕازی شاراوەی هەیە و منیش نامەوێ هیچیان لەبارەوە باس بکەم، وەلێ ئومێد دەکەم کەسە نزیکەکانی لای خۆیان تۆماریان بکەن.

مامۆستا ساڵانێك لە دەرەوەی کوردستان بووە، لەوەتایش گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان چەندین مزگەوتی کردووە، ماوەیەك لە دارەتوو بووە، ماوەیەك لە مزگەوتی صالّح دەباغ بووە، ماوەیەك لە مزگەوتی کوێتی بووە، وەلێ لە دوای ٢٠٠٠ەوە چووەتە مزگەوتی (صحابە) و ئێستایش بەو ناوەوە ناسراوە، ئەگەرچی پاشناوێکی تریشی هەیە کە (قیبلە ڕاست)ە و ئەویش لە مزگەوتی (قیبلە ڕاست)ەوە بۆی ماوەتەوە.

تۆ بڵێی هەردوو نازناوی (سەحابە) و (قیبلە ڕاست) بە ڕێکەوت دوای ناوی ئەم شێخە نوورانییە کەوتبێتن؟ یان کارەکە لە ئاسمانەوە قەڵەمی پێدا هێنراوە!

تێبینی: ئەو مامۆستا بەڕێزە ئێستا باری تەندروستی جێگیر نییە و تکایە لە دوعای خێر بێبەشی مەکەن. * ماڵی مامۆستا "عەبدولکەریم"، هەولێر. ٢٢ی شوبات، ٢٠١٥

### مامۆستا مەلا عبدالکریمی صحابە:

مامۆستا فەرهاد لەهەولێرەوە وتی: ساڵی 1992 کێشەم هەبوو لەگەڵ هاوسەرمدا لەسەر بالاپۆشی گەیشتە ئەوەی جیاببینەوە، چوومە خزمەت مامۆستاو حاڵەکەم بۆباس کرد هەندێ ئامۆژگاری کردم و وتی: سبەی وەرەوە، سبەی کەچوومەوە وتی:

شەو زۆر دوعام کرد لەخەوما وشەی تەڵاق نووسرابوو زەربێکی بەسەرداهاتبوو، لەولاوە صبر نووسرابوو، بۆیە ئارامبگرە، ئەوەبوو ئارامم گرت لەوساوە کێشەم نەبووە لەگەڵ هاوسەرمداو بووە باڵاپۆش.

جارێکیان لە سلێمان بەگ دەبێت ئازاری پشیلەیەك ئەدات، دوایی زۆر پەشیمان دەبێتەوە، شەو لەخەویدا پشیلەکە بەرەو لای دێ ودەستەکانی بەرزدەکاتەوەو ئەم تێدەگەیەنێ کەبووراوە لێی.

مامۆستا لەهەشتاکاندا لەسلێمان بەگ ئەبێ رۆژانە جەنازەی کوژراوەکانی شەڕی عێراق – ئێران دێننەوەو ئەمیش زۆردوعا دەکات، شەو لەخەویا دەبینێت ئاگرێك ودوکەڵێکی رەش لای ئێرانەوەیەو دەنگێك پێی دەڵێت: تەدەخول مەکە لەئیشی خوادا.. مامۆستا بەراستی یەکێکە لەدۆستانی خوا وزۆر بەسەرهات هەیە لەبارەیەوە هەرکەس شتێکی لایە بۆمانی بنێرێت سوپاسی دەکەین.

**یەکێ لەدۆستانی خوا:**

زۆرکەس شایەتی دەدەن کە مامۆستا مەلا عبدالکریمی سەحابە دۆستی خوایە، هەرچەند لەکەرەنتینەکەوە کەس نابینێت و تەنها ئەوانە نەبێت کەرۆژانە خزمەتی دەکەن، لەم رۆژانەدا چوومە هەولێر شەو سەردانی دۆستێکم کردو داوام لێکرد ئەگەربکرێت چاوم بەمامۆستا بکەوێت، وتی: زۆرباشە منیش ساڵێك دەبێت نەچوومەتە خزمەتی، بەهەرحاڵ تەلەفۆنیان کرد بۆئەوانەی خزمەتیان دەکردکەسەردانی مامۆستا بکەین، وتیان: تەندروستی باش نیەو کەس نابینێت، ئیتر کاك دکتۆری زاوایان ئاگادارکرد کە ئەمانەوێت سەردانیێکی بکەین، خوا ماڵی

ئاوابکات لوتفی نواندو وتی: داوای ئەندازیار رەتناکرێتەوە، سوپاس بۆخوا چووینە خزمەتی و شتێکی فەرموو کەزۆردڵم پێی خۆشە .

دۆستەکەی هەولێرم وتی: ساڵی 1998 لەخەودا خۆشەویستم بینی صلی الله علیه وسلم حەزرەتی ئەبوبەکرو عومەر خوا لێیان رازی بێت لەلای راستیەوە بوون، وە مامۆستا عبدالکریمیش لای چەپیەوە بوو، خۆشەویست پێی فەرموو: عبدالکریمی برام خۆشم دەوێیت ودوعانت قبوڵەو تەنها بەوەندەش لێت رازی نابین..لەوەدەچوو مەبەستی ئەوەبێت زیاتر تاعەت و عیبادەت بکات و زیاتر ئارامگربێت لەبەر تاقیکردنەوەکاندا.. ئنجا بینیم دووجار لەدەمی مامۆستاوە بولبولێکی بچوك دەهاتە دەرەوەو دەچووەوە ناوەوە.. چووم بۆلای مامۆستاو بۆم گێڕایەوە و وتم: ئەو بولبولانە چی بوون؟وتی: ئەوەنهێنیەکە لەنێوان من و خوادا، وتم: دوای نوێژ دێمەوە پێم بڵێ، وتی: ناتوانم پێت بڵێم..

بەسەرهات وکەراماتی زۆری هەیە هەندێ لەوانەی کە ئاگایان لێیە هانم داون بۆم بنووسنەوە تا سوودی لێوەربگیرێت، هیوادارم خوای گەورەکەسانیکی بۆبنێرێت ژیاننامەکەمان بەچاکی بۆبنووسنەوە..

**مامۆستا رەزوان خۆشناو:**

ناوبراو لەمزگەوتی هیزۆب مامۆستایە و وتی: تووشی ئازارێکی گورچیلە بووم داوودەرمانم بەکارهێنا هیچ باش نەبووم، چوومە خزمەت مامۆستا مەلا عبدالکریمی صەحابە لەبەردەمیا دانیشتم و حاڵەکەم باس کرد ئەویش دەستی خستە سەر سەرم و دوعای بەسەرا خوێندم، هەستم کرد ئازارەکە توند دەبوو ئیتر لەپڕنەما، سوپاس بۆخوا رزگارم بوو لەو ئازارە، ئنجا پێمووت: پێویستم بەسەیارەیە و پارەشم نیە، وتی: پشت بەخوا ئاسان دەبێت، خوا شایەتە دوای ئەو فەرمایشتەی بەبەرەکەتی دوعاکەی،

خەزوورم چەندگەلأیەکی دامیٚ و باوکم هەروا شتێکی دامیٚ و چەند کەسێکی تر یارمەتیان دام سوپاس بۆخۆم سەیارەیەکی مازدام پێکرِی و دلّم پێی خۆشەو هاتوچۆی هەولێردەکەم بۆسەردانی مالّە باوکم وخزمانم.

جامنیش دەلّێم سوپاس بۆخوا دووجارچوومە خزمەت ئەو زانا خواناسە وهەندیٚ شتم لەبارەیەوە بلأوکردۆتەوە داواشم لەچەند بەرِێزێك کردووە کە ژیاننامەکەی بنووسنەوەوهەرکەس شتێکی لایە بۆمی بنێرێت من ئیشی لەسەر دەکەم..





**ئەزموونی ئیمانی: یەکەم**

مامۆستا تەها فەرەج رەشید خەلّکی ماوەتەو پێشنوێژو وتارخوێنە لەسلێمانی باسی چەند ئەزموونێکی ئیمانی خۆی دەکات و دەلّێت: سالّی 1990سەربازبووم چوارشەممە لەعیراق

درا لەلایەن ئەمەریکاوە ئێمە یەکشەممە رامان کرد، سەرمان سفر کرابوو دیاربوو سەربازین،لەتکریت بووین جلی مەدەنیمان لەبەرکرد لەگەڵ کوڕێکی ئامۆزامدا کاك شێخ تاهیر سواری پاص بووین، سەربازی راکردووی زۆری تیابوو، ئەوسا تەنها ئایەتەل کورسی و ئایەتێکی سوورەتی یاسینم لەبەربوو، ئایەتەلکورسیەکەمان خوێندو پشت بەخوا هاتین، ئێمە لەکورسی دوای شۆفێرەکە سواربووبووین،لەنێوان تکریت و بێجی یەك خاڵی پشکنینی تیابوو، زۆربەیان داگرتن، ئێمەش خەریك بوو دابەزین ئینزیباتی سەیتەرەکە وتی: ئێوە دامەبەزن، پاشان لەکەرکوك خۆم و ئامۆزاکەم سواری سۆپەرێکی تەکسی بووین لەپێشەوە، لەسەیتەرەی کەرکوك لەوانەی دواوە داوای ناسنامەی کردو لەئێمەش داوای هیچی نەکرد، لەسەیتەرەی بانی مەقان سەری هێنایە ژوورەوەو وتی: بۆکوێ ئەچن، وتمان: بۆبازیان، ئەوسا ماڵمان لەوێ بوو، وتی: باشە بڕۆن و پرسیاری لەوانی تریش نەکرد، لەو رۆژە نەهامەتیەدا بەراستی تەنها خوابوو ئێمەی رزگارکرد کەسەربازی هەڵهاتوو بووین لەجەنگ( **فَاللَّهُ خَيْرٌ حَافِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (64)**یوسف). ( **وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا (3) الطلاق**..

### ئەزموونی ئیمانی: دووەم

مامۆستا تەها فەرەج رەشید وتی: ساڵی 1997 چووم بۆهەولێر بۆ تاقیکردنەوەی ئەوقاف، لەرێگا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە چوار سەیتەرە لەملاو چوارسەیتەرەش لەولا هەبوو، بەیانی بڕۆیشتیتایە عەسر دەگەیشتیتە هەولێر لەهەردوولا سەیتەرەکان دایاندەگرتیت و چەن و چوونیان لەگەڵ دەکردیت، سەدوپەنجا دینارم لەگەڵ خۆم بردبوو، پارەی تەکسی و مەسروفی تر ئەوەندەم پێنەدەما بگەڕێمەوە،کوڕێکی خاڵۆزام لەهەولێربوو ویستم لەو قەرزبکەم نەمکرد، چوومە مزگەوتی مامۆستا سەیدئەحمەد

لای فەقێکان پشوومداو سەرخەوێکم شکاند نان و شوتیان دەخوارد، وتم: ئەمانیش هی ئەوەنین قەرزیان لێبکەم و بڕواناکەم پارەیان لابێ، پشت بەخوا دوای نوێژی عەسر چووم نامەیەکم لەجەنابی شێخ فاتیحی شێخ جەلال پێبوو بۆی نووسیبووم بۆ کاك شێخ موحسینی موفتی کە ڕێنماییم بکات بۆ تاقیکردنەوەکەی ئەوقاف وکارئاسانیم بۆبکات، لەدەرگامدا کاك شێخ دەرگای کردەوەو وتی: ئالەسەر کورسیە دانیشە تانوێژەکەم دەکەم، نوێژی کردو نامەکەم دایە، دەستی کرد بەگیرفانیا سەد دیناری دامێ هەرچی وتم: ماڵت ئاوابێ نامەوێ، وتی: ئەوەبۆمەسرەفی ڕێگا. ڕێنمایی کردم و پاشان گەڕامەوە، بەڕاستی هەرخوا خۆی ئەو رزقەی بۆناردم کەتا ئەوپەڕی پێویستم پێی بوو( أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ **(62)** النمل ).

## ئەزموونی ئیمانی: سێیەم:

مامۆستا تەها دەڵێت: دکتۆر مەحمودی گەلاڵە ئیشی پەرستاری دەکرد دوکانێکی هەبوو ساڵی 2007 لەگەڕەکی ئاشتی دەڵێت: کوڕێك هات نەخۆشێکی ئافرەتی لەگەڵبوو، وتی: دکتۆر ئەو دەرزیەی بۆبکەودەمارەکەی بدۆزەوەو ئاگات لێی بێت، لەدڵەوە پێم ناخۆش بوو قسەکانی، بۆم کردوو ڕۆیشتن، پیاوێکی دراوسێشمان چاوەڕێی دەرزی لێدانی دەکرد بەخەیاڵی ئەوی ترەوە بەدەمار بۆم کرد، تومەز دەبێت بە ماسولکە بۆی بکرێت، کەسەیری دەرزیەکەم کردئارەقێکی ساردم کردەوە، مام حاجی ڕۆیشت و زۆر دوعام کرد، پێیان بڵێم نابێ و نەیڵێم نابێ، تەلەفونم کرد بۆکوڕێکی وتم: کاك حاجی چۆنە ؟ وتی: باشە، دوای دووسەعات کردمەوە،

کوڕەکەی وتی: زۆرباشە بۆ پرسیار دەکەیت؟ وتم: حاڵەتێکی وابووە، باش بوو سوپاس بۆخوا مام حاجی سەلامەت بووخوا لەو مەوقیفە رزگاری کردم.

**ئەزموونی ئیمانی: چوارەم:**

مامۆستا تەها دەڵێت: ساڵی 2000 لەگەڵ مامۆستا موسای بیارەیی و مامۆستا سلێمانی سەرچنار چووین بۆبەغداد بۆمامەڵەی حەج، شەوەکەی خەوم بینی، من بەرێیەکی سەختدا دەڕۆیشتم ومامۆستا موسا و مامۆستا سلێمان بەرێیەکی تەختدا، نزیك بووینەوە لەمەککەو من نەمتوانی بچم، بەیانی پێم وتن ئێوە دەچن بەڵام من بەنسیبم نابێت، ئەوەبوو ئەوان ناویان هاتەوەو منیش هیچ، دەبوایە تەسکەرەکەم بگۆڕم موالیدم 1972 بوو نەدەکرا ولەموالیدی 1974 و بەرەو ژوور بۆیان دەگۆڕین، چوومە دائیرەی نفوس لەکەرکوك فەرمانبەرێکی لێبوو وتی: ناکرێت تۆ ئەبێ بچی بۆ سەربازی.. گەڕامەوە دواتر دووسێ کەسیان پێوتم ئەوانیش نەیانتوانی هیچم بۆبکەن، وتم: خوایە ئەوانە هیچیان بۆنەکراو تۆش خوایت و هەموو شتێك بۆتۆ ئاسانە نارۆمەوە لەکەرکوك تابۆم نەکەیت، چوومەوە ئەوقافی سولەیمانی لەکەرکوك، مامۆستا مەلا ئەحمەدم بینی کەدۆستی مامۆستا شێخ فاتیحی رەحمەتی مزگەوتی بەختیاری بوو، ئەو داوای لەفەرمانبەری ئەوقاف کرد کە نووسراوم بۆبکەن بۆ نفوس، لەبەرخاتری ئەو بۆی کردم چووم ئەو پیاوەی ئیشەکەی بۆنەدەکردم لەوێ نەبوو ئافرەتێکی لێبوو لێی وەرگرتم و وتی: دەرۆژی تر وەرەوە، کەچوومەوە پیاوەکەم بینیەوە ناسیمیەوە و وتی: تاها ئەوە چی دەکەیت لێرە من نەمووت: دەبێت بچیت سەربازی بکەیت، ئیتر ئەو رۆیشت وخوا لەکۆڵی کردمەوە پاش دەخولەك ناویان خوێنمەوەو تەسکەرەکەم بەتازەکراوی دەستکەوتەوە،ئیتر توانیم مامەڵەی چوون بۆحەج بکەم سوپاس بۆخوا..

**ئەزموونی ئیمانی: پێنجەم:**

لەئەوقاف 150 دینارم وەردەگرت لەبەختیاری ئەمدا بەکرێ، رۆژێك میوانێکم هات ساڵی 2001 تەنها پەنجاو چواردینارم پێبوو، هەموویم خەرج کرد بۆخزمەتی میوانەکە، بۆسبەی هیچم پێنەبوو، چووم بۆمزگەوت نوێژی نیوەڕۆم کرد، مارسیدیسێك لەبەردەرگا وەستابوو، مامۆستا پشکۆ دوای نوێژ وتی: ئەو برادەرە لەبەردەرگا چاوەڕێت دەکات، کەچووم بۆلای وتی: جەنابت مامۆستای ؟ وتم: بەڵێ فەرموو،وتی: ژن مارەکردنێکمان هەیە، لەگەڵی چووم بۆماڵەکەیان لای سەهۆڵەکە، پاش ئەوەی مارەم کردن ومنی هێنایەوە پاکەتێ شیرینی دامێ وەك عادەتی، کەلەماڵەوە سەیرم کرد سەدو پەنجا دیناریشی تیادانرابوو.. هەستم کرد خوای گەورە بەرەحمی خۆی هات بەهانامەوە.

**پەیامەکەی عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر:**

"ئەوپەڕی دەبەنگییە تۆ سیستێمێکی جێگیر و متمانەپێکراوی بانکت نەبێ، کەچی ڕووقایمانە باسی گەشەی ئابووری و سەرمایەگوزاری بکەی و تەلارێکت ناو نابێ وەزارەتی دارایی و ئابووری!

کارەساتە تۆ کەرتی گشتیی تەندروستیت وێرانکردبێ، نەخۆشخانەی چلێسی تایبەتت بەردابێتە گیانی گەلێکی دەردەدار، دابینکردنی ئامێر و دەرمانت بە قاچاخچییان سپاردبێ، ئاوت جێی گومان و کارەبات دەمدەمی و گڕەگڕی جێنەرەیتەر (مۆلیدە)ی ژاردەرفرتێنت بێسرەوت بێ، کەچی باسی تەندروستیی بکەیت و وەزارەتێکیشت بەو ناوە بۆ دۆست و ئەحباب دانابێ.

نەخوێندەوارییە بە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕەبەق یەك سەرژمێریی دووپێ و چوارپێیەکانی وڵاتت نەکردبێ، کەچی (وەزارەتی پلاندانان)ت هەبێ!

تۆ ڕێوبانت هی سەردەمی مەلیك و قاسم و سەدام بێ، نە میترۆیەکت هەبێ نە ترامێك، نە ڕێیەکی ئاسنت هەبێ نە باسێکی کەرتی گشتی، نە تۆڕێکی سەردەمیانەی هاتوچۆی نێوان شارانت هەبێ نە پۆستەخانەیەکی سەردەمیانەی دەوڵەت، کەچی چەند وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکت بۆ ئەو سێکتەرانەی خزمەگوزاری قیتکردبێتەوە!

تۆ لەسەردەمی شۆڕشی زانیاری و جەنگی بێبەزەییانەی فەرهەنگ و زماناندا، هێشتا تاکە فەرهەنگێکی گشتیی زمانی نەتەوەت نەبێ، کە سادەترین مەرجی زانستیی تێدا بێ.

تۆ شکۆی زمانت تێکشکاندبێ، ڕێنووست لەباربردبێ، تاکە کەناڵێکت نەبێ دوو ڕستەی ڕەوانی کوردیی لە دەم دەرچێ، تۆ.. تۆ.. زانکۆ و فێرگەی کەرتی گشتیت وێران کردبێ، وڵاتت بە قوتابخانەی عاجباتیی ئەمریکایی و فەڕەنسایی و ئینگلیزی و سویدی و تورکی و عەرەبی و چی و چی تەنی بێ، کەچی، هێندە بلیمەت بیت، تەلارێك بۆ (ئەکادیمیا) و دوو تەلاریش بۆ (پەروەردە) و (ڕۆشنبیری)ی کوردی تەرخان بکەی!

تۆ دەیان ساڵ ڕەوەیەك نەهەنگی تێرنەخۆرە و مافیای سەرسەری و چەنەبازی دەستوپێسپیت بە ناوی (حیزب) لە سامانی گشتی بەردابێ و ژیانێکی شاهانە و کەڵەگایانەت بۆیان مسۆگەر کردبێت، لەولاش کارمەندانی کارزانی ڕاستەقینە برسی بن، کەچی تەلارێکی پۆشتە و پەرداخیشت بۆ (داد) ئاوا کردبێ!"



**کاتێ بەگەنجان دەڵێین: ئیسلام چارەسەرە**

**شانی هەڵدەتەکێنێ دەڵێ: ئەوە ئیسلام هەیە کەچی لەهەموو خەڵك دواکەوتوترن گیروگرفتی ئابووری سیاسی کۆمەڵیەتیان لەهەموو خەڵك زیاترە، کەواتە بالەدەرەوەی ئیسلام لەچارەسەر بگەڕێین و ناتوانێ چارەسەرەی کێشەو گیروگرفتی خەڵکی بکات !**

**ئێمەش بەڕاشکاوانە دەڵێین:**

**ئەو ئیسلامەی لەنێو خەڵك هەیەئەو ئیسلامە نیە خوا دایبەزاندووە، ئەو پەرستنە نیە کەخوا دایبەزاندووە، پێیان دەڵێین ئەوەی بەسەر موسڵمانان داهاتوە لەدواکەوتنی عەسکەری و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی... هتد بەهۆی ئەوە نیە کەموسڵمانن بەڵکو گەندەڵبوونی ڕەفتاری موسڵمانانە گەندەڵبوونی تێڕوانینانە لەدوایش بەتاڵکردنەوەی ئیسلامە لەناوەڕۆکەکەی..چونکە ئەو ڕۆژەی( وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ )..**

**تابۆتان دەکرێ چەك و جبخانەی شەڕو ئەسپی سواری پەیدا بکەن. کەس نەیدەوێرا خاکی موسلمانان داگیر بکات و خێرو بێرەکانی بڕفێنێ..!**

ئەو ڕۆژەی (طلب العلم فريضة).. زانستخوازی فەرزە، دواكەوتنی زانستی لەگۆڕێ نەبوو بەڵكو ئوممەتی ئیسلامی ئوممەتی زانست بوو كەئەورووپا لەفێرگەو زانكۆكانیان فێربوون...!ئەو ڕۆژەی (فامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ) شانەوشان لەزەویدا بگەڕێن و لەبژێویەكەی بخۆن . پەرستن بوو كۆمەڵگا ئیسلامیەكانیش دەوڵەمەنترینی سەرزەوی بوون..!

ئەو ڕۆژەی (كلكم راع وكلكم مسئول عن رعيته) هەمووتان شوان و هەمووتان لە ڕەعیەتەكەبەرپرسن پەرستن بوو،كاربەدەستیش هەستی بەوە دەكرد شوانەو بەرپرسە لەڕەعیەتەكەی..هەژاران لەكۆمەڵگای ئیسلامی كێشەو دۆزێكیان نەبوو چونكە چارەسەری كێشەی هەژاری چارەسەری خوای پەروەدگار بەكار دەهات وەك خودا پەرستنێك پیادەدەكرا..!

ئەو ڕۆژەی (وعاشروهن بالمعروف) پەرستن بووئافرەتی موسڵمان كێشەیەكی نەبوو چونكە هەموومافەكانی كە خوا فەرمانی پێدابێ بۆی دابین دەكراو پێی دەدرا وەك تاعەتێك و پەرستنێك بۆ خوا..!

كۆتای ئەم ئوممەتەش بەوە چادەبێ كەسەرەتاكەی پێ چابووە ڕاستكردنەوەی چەمكەكان و دامەزراندنی بنیاتێكی نوێ لەسەر چەمكە ڕاستەكانی ئیسلام هیچ سحرێكیش پەیدا نابێ لاوازی و دواكەوتن لەچەند چركەیەك ڕەشكاتەوە بیكاتە پێشكەوتن چونكە سونەتی پەروەردگار هەیە لەسەر زەویدا ژیانی مرۆڤیان لەسەر دادەمەزرێنێ !نووسینی محمد قوتب خوالێی خۆش بێت..

**دکتۆر دلێر شینە دەڵێت:**

ئیمڕۆ کەسێکی نابینا هاتە عییادەکەم، فتقی هەبوو کە دووجار پێشتر نەشتەرگەری بۆ کرابوو بەڵام هەر دووبارە ببۆوە، کاتێك دەستی بەقسەکرد، وتی: دکتۆر چەند کەسێك هەنە پارەم پێدەدەن بۆ نەشتەرگەری منیش وتم بۆ چەند کەسێك ! چیە مەسەلە؟

وتی: ئاخر چوومە لای دکتۆر (.... )یەکەم قسەپێی وتم تۆ پارەت هەیە نەشتەرگەریت بۆ بکەم ؟ بیست و پێنچ هەزاریشی لێساندم (پێم سەیر بوو سکرتێرەکەت پارەی وەرنەگرت) دکتۆرەکە پێی وتم بەملیۆنێك و سێ سەد هەزار نەشتەرگەریت بۆ دەکەم..

منیش پێموت ملیۆنەکە لادەبەین، بە سێ سەد هەزار نەشتەرگەریەکەت بۆ دەکەم، من هەفتەی ڕۆژێکم نەشتەرگەری بەخۆڕاییە، تەنها پارەی نەخۆشخانە دەدەیت ئەویش ئەگەر هەتبێت،نەخۆشەکە دەستی کرد بەدوعا بۆ دایك و باوکم، پێی وتم: هەست دەکەم جارێکی تر لەدایك بوومەوە، ئەوەندە دڵی خۆش بوو نەبێتەوە .

ئاخر توخوا بە دوو دەقیقە قسەکردن لەگەڵ نابینایە گوناه نیە 25000دینار وەرگری وە 1300000 بۆ نەشتەرگەریەك کە نەخۆشەکە زۆر هەژاریش بێت و خەڵك پارەی بۆ کۆبکەنەوە کەلەهەمانکاتدا دکتۆرەکە لەبنەماڵەیەکی زۆر زۆر دەوڵەمەند بێت (کە من باش دەیناسم، مامۆستام بووە لەکولیە، کاتێك کە قوتابی ئەویش بووم من پێمدەووت ئەو دکتۆرە منداڵێکی گەورەیە ) .

شەهادە و پارەم بۆچیە کە نەتوانم دڵی نابینایەکی هەژار خۆش بکەم ؟ بۆیە لەناو لیستی خێرخوازیم دانا،ئەوجە بزانم ئەمن دەوڵەمەندم یان منداڵەگەورە؟

**دکتۆر دەڵێت:**

**ئەو ڕاستیانە پێویستە هەموو خەڵك بیزانێت.. ؟!!**

***(د. کاوە شینە) برام بوو یەك ڕۆژ لە عیادەی خۆیی دانیشت بەڵام دووەم ڕۆژ وەفاتی کرد...**

**(ئۆتۆمبیلەك بەخێرایی 120 دەرۆیشت خۆیی کێشا بە ئۆتۆمبیلی برام یەکسەر د. کاوە دەڕپەڕیبوو لە ئۆتۆمبیلیەکە، وەفاتی کرد )شوێنی بەهەشت بێت.**

***(د. نازم) هاوڕێی خۆم بوو لەعیادەکەی خۆی بەربۆوەو نەخۆشەکەی لای بردیە فریاکەوتن تاوەکو گەیشتنە نەخۆشخانە (دکتۆر نازم) وەفاتی کرد گەنجیش بوو، یەك منداڵی بچوکی هەبوو شوێنی بەهەشت بێت.**

***(د. ئاوەدان) پسپۆری نەشتەرگەری گشتی بوو، کارم لەگەڵ کردووە،گەنج بوو نزیکەی 3 ساڵ بوو لە بەریتانیا شەهادەی وەرگرتبوو،لەناو تەواری ڕۆژهەڵات وەفاتی کرد بەبێ بوونی پێشینەی نەخۆشی، سینگی ئێشا و وەفاتی کرد شوێنی بەهەشت بێت.**

***(د. عبدالرحمان) هاورێ و جیرانم بوو لە جمهوری چوو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش لە خەلیفان بەڵام لە ڕێگا وەفاتی کرد، مەکانی بەهەشت بێت**

***(د. پشتیوان) –هاوڕێی کۆلیژم بوو،لە دیانا دەگەڕایەوە لە چارەسەرکردنی نەخۆش (بوخچەی نەکراوەی دایکی بوو)بەڵام وەفاتی کرد شوێنی بەهەشت بێت.**

***ماوە ماوە لافیتەیەکی ڕەش دەبینم لە دەرگای نەخۆشخانە دەنوسرێت دکتۆر...وەفاتی کرد**




*(دكتۆر)ەك هەبوو لەشەقامی باتە عیادەی هەبوو پێش ئەوەی وەفات بكات شێت بوو شوێنی بەهەشت بێت،*(دكتۆر)ەك هەیە،وانەی بە خۆم وتووە لە تابقی 4ی رزگاری نەخۆشی داخیل دەكرد، *ئێستا شێت بووە مندالّەكانی (فلیپینی)یان بۆ گرتووە بۆ چاودێری كردنی (دكتۆر).. ؟!!

*(دكتۆر)ەك هەیە نەشتەرگەری بۆ خۆم كردووە،ئێستا زۆر پیر بووە ناتوانێت خزمەتی خۆشی بكات.

*لەكۆتایدا مەبەستمە بلّێم: خەلّكینە دكتۆر ژیانی خۆشی بەدەست نیە نەك هی خەلّكی !!

*ئێمە تەنها هۆكارین بۆ چارەسەركردن نەك خودی چارەسەركردنمان بەدەست بێت،چارەسەركردن بەدەستی خوایە...

**تەرازووی قیامەت:**

وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ (47)الأنبياء..رۆژی قیامەت چەندین تەرازووی بەرانبەر وەكاردەخەین، ئەوسا بەقەد قورسی دەنكە خەردەلیش دەخەینە روو(كەیەك لەسەر هەزاری گرامێكە)، ناهەقی لەكەس ناكرێ، ئەوسا بەسە كەهەرخۆمان پێڕادەگەین..

دەنكە خەردەل تۆوێكی زۆر بچووكە، بەهێندەی ئەوە لەچاكەو خراپە، لەناو بەردێكدا بێت، یان لەئاسمانەكان (كەبەملیار گەلەئەستێرەیەو هەرگەلە ئەستێرەیەكیش سەدان ملیار ئەستێرەیە) یان لەزەویدا (كەحەوت كیشوەرەو یەك لەسەرسێی وشكانیەو دوولەسەرسێی ئاوە)خوا دەیهێنێتە گۆڕێ بۆ لێپرسینەوەو خوا وردبینەو هەموو شتی لێ دیارەو ئاگادارو زانایە..( يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِنْ تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ فَتَكُنْ فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ (16)لقمان ). بەڵێ بەسەنگی (دەنكە خەردەلە، یان مسقاڵەزەڕە) چاكەو خراپە ئەچێتە تەرازووی كردەكانمانەوە، هیچ ناشاردرێتەوەو هیچ وننابێت، تۆ بیرت چۆتەوەو لە سەرت نووسراوە( يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (6)المجادلة.

پیاوێك هاتە خزمەت خۆشەویستمان صلى الله عليه وسلم تا شتێ لەئیسلام فێربێ، سەروەرمان سورەتی (الزلزلە) ی بۆخوێند، كەگەیشتە ئەوەی (فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (7) وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ (8) )كابرا وتی: بەسمە.. هاوەڵان وتیان: وەرە چیت بەسە ؟ سەروەرمان فەرمووی: وازی لێبهێنن ئەگەر راست بكات بەسیەتی..

كورد دەڵێت: ئەو كەسەی كەسە ئەلفێكی بەسە، من وائەزانم ئەمە ئەلفەكەیە كەئەگەر راست بكەین بەسمانە، مسقاڵە زەڕە چاكەو خراپە دێتەوە رێمان..واوەیلا بەحاڵی ئادەمی لەو رۆژە سەختەدا كەئاتاجمان بەتاقە كردەوەیەكە رزگارمان بێت و تای تەرازوومان قورس بكات، باوك بەئەولادی ناداو ئەولادیش بەباوكی نادا.. خوا هانامان هەربۆتۆیە لەو رۆژەدا بێیت بەهانامانەوە..

**ناوه پیرۆزەکانی خوا:**

**وردبوونەوەوژیان لەگەڵ ناوە پیرۆزەکانداو پاڕانەوە لەخوا بەو ناوە بەرزو پیرۆزانە زۆر پێویستن بۆئێمە کە هەمیشە موحتاجی لوتف وکەرەمی خواین، خوایەك کە میهرەبانەو لوتف و چاکەکانی دەنێرێت باتۆش هەستی پێنەکەیت (اللَّهُ لَطِيفٌ بِعِبَادِهِ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ (19)الشورى ) خوای گەورە (اللطيف) ە بران ئەبارێنێت بۆ بەندەکانی و بۆ گیانلەبەران تا ژیانیان بەردەوام بێت (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَتُصْبِحُ الْأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ (63)الحج..**

**سەیری لوتفی خوابکەن: عەلی جابر ئەلفیفی لەکتێبی (لأنك الله) دەڵێت:**

**برادەرێکم مامۆستای زانکۆبوو لەتەبوکەوەسەدکیلۆمەتری بڕیبوو بچێت بۆئوردون موحازەرەی هەبوو لەزانکۆی یەرموك، لەڕێ بیری کەوتەوە پەساپۆرتی بیرچووە ناچارگەڕایەوە، ئەو هەفتەیە بڕیاری دا نەچێت،بۆسبەی لەرۆژنامە خوێندیەوە کەهەندێك پشێوی لەزانکۆکە روویداوەو بریندارهەبووە، رەنگەئەویش بچوایە لەبریندارەکان بووایە خوا بەلوتف ومیهرەبانی خۆی ئەو بەزمەی لێ لادا.**

**منالێك تووشی سیل بووبوو پزیشکەکان بەباوکیان وت: زۆری نەماوە ئەمرێت باش وایە بیبەیت لە لادێیەکی خۆش ئەم چەندرۆژەی ماویەتی بەسەری ببات، لەولادێیە پیرەمێردێك ئەیبینێت لەڕو لاوازو رەنگ زەرد پارچەکێکێکی وشکەوەبووی بەدەستەوەبوو، پێی دەڵێت: کوڕم ئەتەوێت بژیت؟وتی: بەڵێ، وتی: دەی ئەوشتە مردووەی دەست فڕێدەو شتی زیندووبخۆ لەگۆشت و سەوزەوات.. سبحان الله بەوەشیفای بۆهات، ئەم منالە گەورەبوو بووە بەناوبانگترین چارەسەرکەر بەخۆراك،**

کەناوی گایلۆرد هاوزەر ەو کتێبێکی نووسی بەناوی (خۆراك موعجیزات ئەخولقێنێت ).

**شیفالای خوایە:**




عەلی جابر الفیفی لەکتێبی (لأنك الله) دا دەڵێت:

پیاوێکی سعودی دەوڵەمەند ئەچێتە میسر گورچیلەکانی بۆ زەرع بکەن، کەماوەیەکی زۆرچاوەڕوان بوو تا کچێکیان دەستکەوت بەرامبەر بەسەدهەزار ریاڵ گورچیلەیەکی خۆی بداتێ، پێش نەشتەرگەریەکە کچەکەی بینی وزانی لە نەبوونیدا ناچارە پارچەیەك لەجەستەی بفرۆشێت بەکوڕەکانی وت: پارەکەی بدەنێ بۆخۆی و بابچینەوە سعودیە زەرعی گورچیلە ناکەم، کوڕەکانی تووڕەبوون، ناچاریش بوون بەگوێی باوکیان بکەن هێنایانەوە سعودیە، چووە خەستەخانە گورچیلەی بۆ بشۆن سبحان الله خوا شیفای داو گورچیلەکانی کەوتنەوە ئیش .

ئەمەش ئەو کوڕەم بیردەخاتەوە کە لەگەڵ کاك حاجی کاروان وێنەکەی بلاّوبۆوە، کە کوڕە شەهیدەو دوودەفتەردۆلاری بۆکۆکرابۆوە زەرعی گورچیلەی پێبکات کەرەنتینەی بەسەرداهات نەیکردە نامەردی لەبەرخوا هەمووپارەکەی دا بەزەخیرەو دابەشی کرد بەسەرهەژاراندا، سبحان الله گورچیلەکانی کەوتنەوە ئیش.



**هەشتاو سێ:**

**عەلی جابر الفیفی لـەکتێبی (لأنك الله) دا دەڵێت:**

**برادەرێکم قوتابیە لـەزانکۆی (ئوم القری) بۆی گێڕامەوەو وتی: ئەچووم بۆزانکۆ پەلـەم بوو وانەی (ڕەخنەی ئەدەبیمان) هەبوو کە هەفتەی داهاتووش تاقیکردنەوەمان هەبوو تیایدا عومرەکارێك دەستی لێڕاگرتم وهەواڵی بنکەی پۆلیسی پرسی، منیش لـەبەرخوا سەرم خست تانزیکی بکەمەوە، عومرە کارەکە بەگریانەوە وتی: سێ ڕۆژە هەرچیم هەیە لـەپارەو پەساپۆرت لـێ ون بووەو سێ ڕۆژە حاڵـم شڕە، منیش دڵنەوایم کردو وت: خوا کەریمەو لـەو بپارێزەوە پشت بەخوا خێری تیایە و زۆر بەزەیم پیاهاتەوە هەشتاو سێ ریاڵـم پێبوو دامێ .**

**بۆهەفتەی داهاتوو لـەتاقیکردنەوەکەدا کەزۆرقورس بوو بەتەمانەبووم دەرچم، سبحان الله ئەوەی تووشەی شۆکی کردم ئەوەبوو هەشتاو سێم هێنابوو بەهێندەی ئەو**

خێرەی کەکردم بەو داماوە.. ﴿ مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (245)البقره﴾..

**سەرۆکی یەکیەتی تۆپی دەستی میسر**

**ناوبراو ئاشکرای کرد کە ٢٠٠١ حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر داوای لێکردوون خۆیان بدەن بەدۆڕان لەبەرژەوەندی تیپی فەڕەنسا لە جامی جیهانی تۆپی دەست ٢٠٠١... ئێستە تێدەگەن بۆچی ڕێگە دەدەن سەرۆکێکی دیکتاتۆر و گەندەڵێ وەك ناموبارەك سی ساڵ حوکم بکات و سەرۆکی مەدەنی و هەڵبژێردراوی وەك مورسیش تەنها یەك ساڵ ؟!**


**چونکە دیکتاتۆر و گەندەڵ چاوی لەوانە بپارێزن بۆ ئەوەش تەنانەت ئامادەیە وەرزشیشیان پێبفرۆشێ .**




حسن مصطفى: مبارك طلب "تفويت" مباراة مصر لصالح فرنسا في مونديال 2001

**خوات لەگەڵ مامۆستا لەتیف:**

زانیم مامۆستا لـەتیف نەخۆشە تەلـەفونم بۆکردبۆ هەواڵ پرسین، وتی: دوعام بۆبکە، دوعام بۆدەکرد لـەنوێژەکانما، خوالێی خۆش بێت وا ئەو پێش ئێمە گەڕایەوە بۆلای ئەو خوایەی کە خەمی بوو پەیامەکەی بگەیەنێت. ئەو منی خۆش دەویست، باسی برایەك دەکرێ کە کارێکی نەشیاوی کردووە زۆرخەمی دەبێت دەچێتە لای ئەوەی قسەکەی کردووەو سوێندی دەدات کە ئەوکەسە ئەندازیار نیە، کەسەکەش دەڵێت: ئەو نیە، ئنجا دڵی ئۆقرە دەگرێت چونکەدەیزانی خلیسکانی بانگخواز قورسەو ئاسەواری خراپیشی دەبێت.. هەمووجار کتێبم دەردەکرد نوسخەم بۆدەبردو خۆشی و نەبات خانی هاوسەری دەیانخوێندەوەو دەستخۆشیان دەکرد.




لای خورماڵ لـەهەشتاکاندا مامۆستابووەو لـە پۆلێکی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا زەمی بەعس دەکات، ئاسایش دەنێرن بەدوایدا تومەز یەکێ لـەقوتابیەکان راپۆرتی لـەسەرداوە، بەڕێوە زۆردوعا دەکات کەخوا لـەو ستەمکارانە بیپارێزێت،کەدەچێتە لای بەڕێوەبەری ئاسایش مودیر ناحیە پەیدا دەبێت و بەرگری لێدەکات و دەڵێ ئەو لـەمامۆستا باشەکانمانەو سوپاسنامەی بۆهاتۆتەوە، ئیتر بەڕێوەبەری ئاسایش راپۆرتەکە دەدڕێنێ و خوارزگاری ئەکات.

خوات لـەگەڵ برام کۆچی بەرودوایە درەنگ بێ یازوو ئێمەش دێین، سەلامان بگەیەنە بەسەرداروسەروەرمان صلی الله علیە وسلم وپێی رابگەیەنە لـەسەرعەهدو

پەیمانەکەین، برام خوا ئەو نەخۆشیە قورسەت بەشەهیدی بۆ حساب بکات.. خوا سەبوری هەموولایەك بدات.. ئامین..

## ماڵئاوا مامۆستا گەورەبینەکە

حەساوەی لای خوا بیت و فیردەوس جێگەت بێت..

ڕۆژێك ئەم مامۆستا گەورەیە دەچێتە دوکانی هاوڕێیەکی لەسلێمانی، کاتێك دادەنیشێت مۆبایلەکە لەسەر مێزی دوکانەکە دادەنێت، پاش ئەوەی یەك دوو ژن دەچنە دوکان وکاتێکی ژنەکان چونەتەدەر و مۆبایلەکەی مامۆستاش نەماوە، هاوڕێکەشی دەڵێت ئاسانە ئێستا کامێرەکانی چاودێری دەکەینەوەو وێنەی ئافرەتە دەدەینە ئاسایش، مامۆستاش دەڵێت: لێیگەڕێ چۆن ببمە هۆی ئابڕوبردنی ژنێك و تێکدانی شیرازەی خێزانێك، خوای گەورە تەعویزی دەکاتەوە..

ئەمەیەمرۆڤی گەورە ئامادەنیە بۆگێڕانەوەی مافی خۆی ئابڕوی کەسێك بەرێت وژنێك تەڵاق بدرێت و لەبەرچاوی منداڵەکانی دایکێك شەرمەزاببێت..

## کشانی ئەستێرەیەک....

سەرەتای نەوەدەکان بوو.. لە پرسەیەکدا دانیشتبووین، وا بزانم مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی بوو لە گەڕەکی چوارباخ.... چەند مامۆستایەکی دیار و بەڕێز هاتن.. دوای چەند خولەکێك داوای مایکەکەیان کرد، چاوم ئەگێڕا بزانم کام لەم مامۆستا گەورە و سەرکردانە وتارێك پێشکەش دەکەن.. ئەوەم بەلاوە سەیر بوو..مایکەکە بەبەردەمیانا هات و کەسیان خۆیان تێك نەدا..وەك بڵێی بۆ ئەوان نییە.. لەولاترەوە کەسێك مایکەکەی وەرگرت.. منیش کە زۆر کۆڕ و مەجلیس و

بۆنە و پرسە و ئاهەنگ بەشداربووم..هەمیشە دڵم لەمشتما بوو، یاخوا ئەو کەسەی وتار دەدا قسەزان بێت.. ڕەوانبێژ بێ، لەکرۆکی باسەکە دەرنەچێ.. زۆری پێنەچێ.. کاریگەر بێ...

ئەی خوایە ئەم پیاوە کێیە.. خۆ ئەوە من یەکەمجارمە ئەیبینم.. لەم خەیاڵانەدا بووم، دەنگێکی دلێری تۆن پاکی پڕ لە هەست و خرۆشی کوردی ڕەوانی مانادار.. خەیاڵەکانی منی بێدەنگ کرد.. کەوتمە ژێر هەژموونی قسەکانیەوە.. هەتا من قیاسات و پێوانەکاری و ئەندازەی قسەکانیم دەکرد لە دڵما، وتارەکەی کۆتایی هات و داوای روخسەتیان کرد.. مامۆستا بەڕێزە سەرکردەکان وەستان، مامۆستای وتاربێژ بەبەردەمیانا ڕۆیی و پێشیان کەوت و ئەوانیش بەدوایدا..

ئەم کورتە فیلمە چی بوو.. ئەمە کێبوو ئەم میوانی شەرەفە لەبوونی ئەم مامۆستا بەتوانایانەی تردا..ئەوان بۆ بێدەنگ بوون و ئەم پیاوە قسەی کرد.. ؟!

یەکسەر پرسیم ; وتیان ئەوە مامۆستا شێخ لەتیفی شێخ جەلالە... عەبابەیلێی.. چوون چاوەکانی لە شەپۆلی دەریا و بەرینی ئاسمان ڕەنگ کرابوو، پێیشی ئەڵێن مامۆستا لەتیف چاوشین...

لەو ساتە بەدواوە ئیتر من بمزانیایە مامۆستا شێخ لەتیف چاوشین ئامادەی موناسەبەکەیە ئیتر ئەمزانی هەر ئەو وتاربێژە..هەم خەمم نەبوو هەم دڵخۆش دەبووم..هەستم بەشانازی دەکرد کە لەناو موناسەبەیەکی ئاوادا کە چەندین خەڵك و لایەن و ئاستی تیابوو، هەموو بەسەرسامیەوە گوێگری وتەکانی دەبوون...جاری واش هەبوو، لەبەرنامەدابوو کەسێکی تر قسە بکات..بەڵام کە مامۆستا لەتیف چاوشین بهاتایە، ئیتر یەکسەر ئەو ڕائەسپێررا..ئەگەرچی تازە هاتبوو، وەکو میوان و پێشتر پێی نەوتراوە وتارێك بدات، یەك دوو پرسیاری خێرای دەکرد لە ناوی کەسەکان و موناسەبەکە و ئیتر بۆ هیچ دانەدەما – صوڵح و ئاشتەوایی بوایە.

شەکراوخواردنەوە یان پرسە، ڕەمەزان یان مەولوود، لەگەشتوسەیرانا یان لەکۆبونەوەی یەکگرتوودا، بۆ کۆمەڵێك قسەی بکردایە یان بۆ تاك، لەسەرقەبران یان ناونانی منالۆ. بەرەکەت لەقسەکانیا بوو...هەمیشە هەستت بەووزەو چالاکیی دەکرد، زەردەخەنە لەسەرلێوەکانی بوو..گەشبین بوو..دڵخۆش و بەغیرەت بوو..وزەی دەبەخشی، هالەیەکی سەیری هەبوو..چوون قسە و کردەوە و ناخی یەکبوون، هەستت بەیەکپارچەیی دەکرد.. وەکو تاوەباران مەجلیسی گوڵاوپرژێن دەکرد..

ئێستاش کە ئەم دونیایەت بەجێهڵا و کەوتیتە رێ بۆ ژیانی نەبڕاوەی هەتاهەتایی، ئومێدەوارم مەدالیای( وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَي اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ )(فصلت33) بدرێت لە سینەت..

تا پێت دەگەینەوە لە ژێر عەرشی خوادا و بە شەفاعەتی رسول الله محمد صلى الله عليه وسلم هەموومان بەسەلامەتی داخڵی بەهەشت دەبین..ئامانەتی خوا بیت....

لەبری خەسووم و دایکوباوك و خێزانەکەمان، کە پڕ بەدڵ خۆشمان ئەوییستی..

طـــه ی شێخ فاتح

إِنّا لِلّهِ وَإِنّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ...

رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَاب

**خوای گەورە لە مامۆستا عبداللطیف خۆش بێت**، ئەم مامۆستا بەڕێزە زیاتر ناسراو بوو بە مامۆستا عبداللطیف چاوشین، پیاوێکی چالاك و گەرموگوڕ، هەموو کات دڵی پڕ بوو لە خۆشی، هەرکەس لە نزیکیەوە بوایەو لە کۆڕو مەجلیسدا دانیشتایە هەستی بە ئیمان و خواناسی دەکرد.

لە ساڵانی نەوەدەکاندا شەوێك کۆمەڵێك لەماڵی مامە دارای ئابڵاخ بووین، مامۆستا عبداللطیف زیاتر قسەی دەکرد، ئێمە هەموو گوێگری ئەوبووین، زۆر باس و بەسەرهاتی گێڕایەوە، وتی: لە ساڵانی هەشتاکاندا لە ئۆردوگای تاسلۆجە مامۆستا بووم، ڕەفیق حیزبی مەکتەبەکەمان داوای لێ دەکردین ببین بە بەعسی، بەڵام من بەهیچ جۆرێك بەو داوایە ڕازی نەدەبووم، ڕۆژێك لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ سلێمانی (ڕەفیق- هەڤاڵ) سەیارەی پێبوو، من سەیارەم نەبوو، بە پاس هاتووچۆم دەکرد، فەرمووی لێ کردم لەگەڵی سەرکەوتم بەرەو سلێمانی گەڕاینەوە، لە ڕێگا جارێکی تر پرسیاری لێکردم بۆ نابی بە بەعسی؟ منیش وتم: کاکە حیزبی بەعس ناوەکەی (حزب البعث العربی الاشتراکی)یە، من نە عەرەبم و نە ئیشتراکیم، ئیتر بۆ ببم بە بەعسی؟ من کەسێکی دیندارو کوردم!. کابرا تێگەیی قسەکە لە کوێوە هاتووە!!.

هەر ئەوەندەم وت، کابرای ڕەفیق ئۆتۆمبێلەکەی لادا قەراغی شەقامەکەو سەیارەکەی ڕاگرت، لە ڕاست گوندی کەنەکەوە بووین بارانیش دەباری، ئنجا وتی: تۆ نوێژ دەکەی، وتم بەڵێ نوێژ دەکەم و سوپاس بۆ خوا ئەهلی جەماعەت و مزگەوتم، کابرای (ڕەفیق) وتی: بەخوا من کەسێکی دیندارو ئەهلی مزگەوت بووم، کاتێك بووم بە بەعسی تەواو لە دین دوور کەوتمەوەو وازم لە هەموو شتێك هێناو ئێستا دینی خۆم لەدەستداوە لە ژێر بیری بەعسدا، بەڵام تکات لێ دەکەم تۆ ئەم هەڵەی من دووبارە مەکەرەوەو بە هیچ جۆرێك نەبیتە بەعسی، دەزانم تۆ ئەهلی ئیمانی و ئەهلی ئەمانی، ناوم نەبەی، ئیتر بەرەو سلێمانی هاتین و گەیاندمیە ماڵەوەو خوا حافیزیمان لە یەکدی کرد. (دکتۆر ئاراس حەمە ساڵح).

- كل نفـــــس ذائقة الموت... وإنما توفون أجوركم يوم القيامة...فمن زحرح عن النار وأدخل الجنة فقد فـــــــاز...

لەساڵانی 1995 دا کاتێك لەدواناوەندی ئیسلامی سلێمانی دەگەڕامەوە لە قالاوەوەو بەتایبەت ڕۆژێکی هەفتە دوای عەسر دەچومە مزگەوتەکەی ناوبازار (ئالەکی) لامدەدا، کەیەکەمجار بو ئەم مامۆستایەم ناسی وتار وئامۆژگاری هەبوو عەسران، منیش نەمدەناسی مزگەوت پڕدە بوو لە کاسبکارانی ناو بازار، وتاری هێندە خۆش وبەسوود و کاریگەر بوو، هەمووان چاوەڕێی هەفتەی ئایندەی داهاتوومان دەکرد..( بەڵێ: کارکردن گیان فیدایی وئیخلاس: شوێن و کات ناناسێ).

خوات لەگەڵ ماموستا گیان... بەمانای کەلیمە: قدوە بوویت لە دەعوە و بۆخوا سوڵحان و خزمەت و ئوخوەی موسوڵمانان و کوڵنەدان و جوندی مەجهول بوون لەپێناو ئیسلامخوازی و هەستکردن بە مەسئولیەت بەرامبەر دینی خواو دروستکراوانی خوا..

وا ئەمڕۆیش لەدوای 25 ساڵ لەهەولێرەوە: شایەتی بردنە سەری عەهد و وەعدەکەت دەدەین کە بو خوا ژیایت و لەپێناو دینی خودا خۆت و کات و تواناکان و نیعمەتەکانت سەرف کرد .

–ئەمرۆ یەکەم رۆژی سەرفەرازی قیامەتی خلودیتە، دوای سەربەرزی ژیانی دونیای فانیت. خوای گەورە جەنابتان بخاتە ئەو شوێنەی شەوو رۆژو تەمەنت بو سەرف کرد، زیندوانیێکی زۆری وەك جەنابیشتان کە هەم و غەمیان رەزامەندی حەق تەعالایەو ئیسلامخوازی یە لکەوردستان ولەجیهان زیاتر تەوفیق بدەی وعاقیبەت خێر یان بفەرموویت.

(قەرزارێکی مەجهول لە صەدقە جاریەکانی مامۆستای کۆچکردوو/ عمر علی)..

– ڕۆژێکیان سەردانی مەڵبەندی یەکم کرد، کەلعادە دەشچوومە ژوورەکەی مامۆستا بورهانی ئەمینی و م. لەتیفی ڕەحمەتی و هاوتەمەنەکانیان.

– برایەك عاجز بوو بوو لەحزب و باسی ئەومان دەکرد، لەناکاو مامۆستای ڕەحمەتی قسەکانی لەهەمووان وەگرت و بە گریانەوە وتی:

- وەڵاهی ئێمە حەز دەکەین ئەو خەڵکە لەگەڵ ئێمە بێت بۆ بەهەشت، ئەگەر شوێنێکی دیکە و دەرگای دیکە شك دەبات یاخوا پیرۆزی بێت و ئەوکاتە لە مەڵبەندیش نەبێ لەدیوانی خوا لە ئامێزی دەگرینەوە.

- بەڵێ، ئەم جۆرە پیاوانە سادەوساکارو برایانە لە سەحوەکەو حزبایەتی و ئیسلامییەتی تێگەشتبوون، یاڕەبی جێگەت بەهەشت بێت و بەدیداری ئازیزانت شاد بیت، مامۆستا ئازیز(ڕەزوان زەڵمی).

**هێی کاروانچی**

**نەوای ڕێگا**

**مودەڕیسی پۆشتەی کاروانی ئومەتم**

**نیگای نیگا**

**هێی دڵبەندی زینی ئەسپی سەفەر و کۆچ**

**پەروانەی سەوزی بارەگا**

**ئێمە هێشتا ئامادە نین**

**بنەوبارگەمان شێواوە**

**هێشتا بۆ دوا پەروازی ڕۆح**

**جەستەمان ناوی بێناوە**

**پەلە مەکە شێخی ڕێ و ڕێبازی جوانی**

**کە تۆش بڕۆی**

**کام سایەی باوك بکەینە هێزی پێهەنگاو**

**بێ تۆ و کاروانچیانی دڵ**

**ئەبینە مشتێ لە زوخاو**

**هێی دڵ سەلار**

ئامۆژگار ئەی باڵی بێ پەڕی دۆست و یار
باخی بێ ڕەنگی شارانم بێ بۆن مەکە
دوو چاوی خۆری کاروانم تاریك مەکە
هەروا مەڕۆ و هێشتا دڵی
هەزار ئازیز لە خەودایە
هێشتا درەختی زۆرێك ڕۆح
لەم بیابانە تۆزاوییەدا
لەناو سەمای بێ بەردایە
یەك تۆزی تر چاوەڕێکە ئەی کاروانچی
تا ئەم نەوەش وەك تۆ هەستن
لە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕن
ئاخر قورسە ئەم کاروانە
ئەها هێشتا هەزاران دڵ
بۆ دوا کۆچی سەختی کۆتا
بێ فڕین و باڵ و پەڕن.. ؟
هێی شنەی با
هێزی دڵخۆشیی ژیانی
بەردەم گژگژە و ڕەشەبا
سوێندت بۆ دەخۆم ئیتر گەر
ئێوەی دڵنشین کۆچ بکەن
داربەڕوش بین
گەردی گێژاوی ئەم دونیا

**بە یەك تیلە**

**هەڵمان دەکێشیێ و ئەمانبا**

**ئاری عەبدولـەتیف/ بۆ شێخ لـەتیفی شێخ جەلال**

**مورەبیی و مرۆڤدۆستی کورد**

**گەلاوێژی ٢٠٢٠**

## من و هاندانەکانی مامۆستا شێخ لەتیف:

**ئەمرۆ وەك هەموو خزمان و قوتابی و هاورێکانی و هەموو ئەوانەی ئەویان ناسیوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا (شێخ لـەتیف) زۆر غەمباری کردم و پەنام بۆ سرووودە هەمیشەییەکە (انا لله وانا الیە راجعون) برد. لێرەدا پێم خۆشە هەر لە روانگەی فەرموودەی ( چاکەکانی مردوەکانتان بگێڕنەوە) وەك دەربڕینی ئەمەك و وەفاش، بێجگە لە چاکە گشتییەکانی ئەو مامۆستا بەرێزە کە بەرمن کەوتوون (وەك هەموو ئەوانەی کارێك لەگەڵ ئەودا کۆیکردوونەتەوە) باسی هەندێ چاکە و (لوتف)ی تایبەت بکەم کە مامۆستای بەرێزدەرهەق بەندە کردوونی:**

## پێش قوتابخانە:

**مرۆڤ هەرگیز شتی مناڵی لەبیرناکات، لەبیرم دێت هێشتا زۆر مناڵ بووم تازە چووبووینەوە بۆ دێی خەرپانی مامۆستا لەتیف مامۆستای دێکە بوو لەتەك هاورێکانم وەستا بووم . پێیان وتبوو ئەو مناڵە کوری فڵانە کەسە. بانگی کردم و چوومە بەردەمی و مشتێ زەردەخەنەی بەخشیە چاوەکانم لەگەڵ ئەوەدا مشتێ نوقڵی لە گیرفانی شەرواڵەکەی دەرهێنا هەڵیرشتنە مشتم و دوو پێنج فلسیشی بە دەستەکەی تری ئاخنییە گیرفانی کراسەکەم. منیش لە خۆشیدا بە راکردن بۆ ماڵ گەڕامەوە.**

هەرچەند زۆر منالْ بووم لـە قوتابخانە وەریان نەگرتم. بەڵام هەر جار بمدیایە نوقلـەکانم مسۆگەر بوون.

### لە قوتابخانە:

لـە هەڵەبجە پۆلی دووی ناوەندی بووم وانەی جوگرافیای پێدەووتینەوە، لـە بیرم دێت جارێك نمرەی تەواوم هێنا بوو. مامۆستا (روبعە) دیناریکی لـەبەرامبەر ئەو نمرە تەواوە دامیّ. منیش بیرم خستەوە کە لـە خەرپانی دوو پێنج فلسی و نوقلی داومەتیّ. وتی: تۆ لـە هەر قۆناغێکدا سەرکەوتوو بیت خەڵاتی لای منت هەیە!.

### ئەو کاتەی فێرە نووسین بووم:

دوای ئەوەی دەستم قەڵـەمی گرت و کەم کەم دەستم بە نووسین کرد، هەستم کرد دەگەڕا نووسینەکانمی پەیدادەکرد و دەیخوێندنەوە، هەرچەند ئەوەش نەبوون بەڵام ئەو دەگەڕا و خاڵـە گرنگەکانی دەدۆزییەوە و لـەگەڵم باسیدەکردن.

### دواتر:

دواتر کە هەندێك چوومە پێشەوە کەم کەم کتێبم چاپ بوون، کتێبەکانی دەکڕیم و گوایە زۆر بەهێزن تەلـەفۆنی بۆ دەکردم و زۆر بە تاسەوە دەستخۆشی لـێدەکردم و بە شێوەیەك کە زۆر لام سەیر بوو داوای بەردەوامی لـێمدەکرد، بە شێوەیەك کەم کەس ئاوا هانی داوم!. خاڵێك لـەم بابەتەدا زۆر جێی سەرنجم بوو ئەوە بوو نەوەك تەنها کتێبە ئایینی و ئەدەبییەکان، بەڵکو زۆر باش کتێبە فەلسەفییەکانمی دەخوێندەوە و ئاماژەی بە خاڵی ورد دەدا لـەو کتێبانەدا، زۆریش دەینرخاندن و دەیووت: ئێمە پێویستمان بە گۆڕانکاری فیکری هەیە. بە پێچەوانەی هەندیّ دۆستی ترەوە کە

هەركات بمبینیایە خێرا دەستیان دەكرد بە ڕەخنە و وتنی خراپەی فەلـسەفەو خۆیان نەیاندەخوێندەوە بەڵام گاڵۆكەكەیان بەسەر فیكر و فەلـسەفەی داماودا دەكێشا (كە گوایە خەتای قورسی ئەوە مێشكی ئەوان تێناگات).

چەند جار تەلـەفۆنی بۆ دەكردم دەربارەی بەرهەمی تازە پرسیاری دەكرد، سەیر لـەوەدا بوو هەرگیز قەبوڵی نوسخەی نەدەكرد كە بە دیاری بیدەمێ بەڵكو بۆ خۆی دەچوو دەیكڕین هەر بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەم بەندە ناچیزە بخوێنێتەوە!.

دڵنیام زۆربەی بۆ هاندانی من بوو، تا دواتر تەلـەفونم بۆ بكات و خاڵـە گرنگەكانم بۆ باس بكات و داوام لێ بكات كە بەردەوام بم. ڕاستییەكەی من هەمیشە مامۆستا لـەتیفم وەك پشتیوانێكی خۆم زاانیوە نەوەك لـە بابەتە دونیاییەكاندا، بەڵكو لـە بابەتە مەعنەوی و فیكرییەكاندا. نزامە خوای گەورە ئەو و هەموو مامۆستاكانی ترم لـە بەهەشتەكەی لـە گەڵ پێغەمبەران و ئەولـیا و ساڵحین بەڕێز لێگیراوی( وجعلنی من المكرمین) و ڕەزامەندی خۆی نیشتەجێ بكات. شتێ لـەوە باشتر شك نابەم ئەگینا بە هەموو بوونمەوە لـە خوای میهرەبان داوام دەكرد بۆیان. ئەوان فێریان كردین و دەستیان گرتین تا هەڵسینەوەو پشتیوانمان بوون تا نەكەوین!. (تەحسین حەمە غەریب).

### ئیمانی تەواو و تەوەكول

لـەپاش تێپەڕینی ساڵێك بەسەر كیمیابارانی هەڵـەبجەو ئاوارەی ئۆردۆگای ئێران و پاشان گەڕانەوە بۆ كۆمەڵگای باینجان لـە سلێمانی مامۆستا(عبداللطیف) بەهاوكاری یەكێك لـەهاوڕێ دێرینەكانی بەناوی كاك(قادر قادر بەڵخەییەوە) توانی زۆرینەی كەل وپەلی ناوماڵی بگوێزێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی بەڵام ئەوەی كەلای مامۆستا گرنگ بوو كۆمەڵێك پەرتووكی گەوهەر ئاساو نزیكەی (هەشتا) كاسێتی تۆماركراوی (م.

عبدالحميد كشك) کەزۆرینەی یاساغ بوو لەلای ڕژێمی بەعس جێمابوو وە مەترسی دار بوو ئەگەر لەبازگەی تێپەڕینی بەرەو سلێمانی بگیرێت کەبێگـومان بە لەناوچوونی خاوەنەکەی کۆتایی دەهات، ڕووداوەکە لەوێوە دەست پێدەکات کەمامۆستای خوالێخۆش بوو دەیویست و زۆر مەبەستی بوو کەئەو پەرتووك و شـریتانەی لەدەست نەچێت بۆیە بڕیاری دابەتەوەکولی تەواوبەخوای گەورە بڕیاری گواسـتنەوەیان دەدات بۆ ناو شار، ئەوەش بەڕێککەوتن لەگەڵ تەکسیەکی ناسراو باریان بکات، بەڵام خاوەنی تەکسی یەکە کەناوەڕۆکی کەلوپەلەکانی بینی ڕەتی کردەوە ئەو کارە ئەنجام بدات و پاشگەز بوویەوە لەبەر زۆری مەترسی یەکەی، بۆیە مامۆستا بەتەوەکولی جوانی خۆی ویەقینی تەواوی دەچێتە سەر شەقامی سەرەکی و چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلێکی تر دەکات کەیارمەتی بدات لەکارەکەیدا،بەڵام ئەم جارە ئۆتۆمبێلەکە نەتەکسی بوو نە تایبەتی بەڵکو (ناقلەی دەبابە)بوو، هێدی هێدی لەبەردەم مامۆستادا وەستاو پاشان نائب زابتێك دادەبەزێت و دەڵێت فەرموو (بەزمانی عەرەبی) ئەویش دەفەرموێت: ئەمەوێت ئەم بارەم بۆ بگوێزیتەوە بۆ سلێمانی..کەلە سندووقێکی گەورەی چادا یـە، نائب زابتەکەدەڵێت: چی تێدایە ؟

مامۆستاش پێی دەفەرموێت: فەرموو خۆت سەیری بکە.. کە سەری سندووقەکە دەکاتەوە چاوی ڕاستەوخۆ دەچێتە سەرقورئانەکەکە لەسەرەوەی شـتە یاساغەکان بوو بۆیە نائب زابتەکە قورئانەکە ماچ دەکات و دەیخاتە سەر سەری وەفەرمان بەچەن سەربازێك دەکات کە ئەو سندوقەبخەنە ناو (دەبابە)کەوەو سەرەکەی دابخەنەوە، پاشان مامۆستا لەگەڵ خاوەن تەکسیەکە پێشی ناقلە گەورەکە دەکەون بازگەکە دەبڕن دواتر چاوەڕوانی دەبابە کە دەکەن کەلە بازگەکە تێ بپەڕێت، بەردەوامیش خاوەن تەکسیەکە بەدەستێکی بەسەرو بەدەستێکی تر بەئەژنۆدا دەکێشێت بۆ مەترسی ئەم کارە و ئەنجامەکەی...

دواتر ناقلەکەڕوودەکاتە سلێمانی ونائب زابتەکە بەجەنابی مامۆستا دەڵێت: بۆکوێ دەتەوێت ئەم بارە ببەیت پێم بڵێ و بابیگەیەنم بۆت.. مامۆستا سوپاسی دەکات و دەفەرموێت : قـورسـی کارەکە لێرەداتەواوبوو ئەوەی کەماوەبەم تەکسی یەئەنجام دەدرێت.

تێبینی/ بەڕێزان (قادر قادر) وە(کاك جمال) هەردووکیان خەڵکی هەورامانن و لەژیاندا ماون و شاهیدی ڕووداوەکەن. (نووسینی هێمن لطیف).

**مام سەید:**

مامۆستا مەلا هیوا حسێن لەمزگەوتی شێخ عومەری قەرەداغی لە گەڕەکی خەبات، لەبەرنامەی شیرین چادا باسی مام سەیدێك دەکات کەخزمەتکاری مزگەوت بوو..

مام سەید خەڵکی ئێرانەو پێش پەنجا ساڵێك هاتۆتە عێراق و لەمزگەوتەکانی کەرکوك وبەغداو شارەکانی تر خزمەتی کردووەو دۆستی مامۆستا مەلا عەبدالکریمی مودەڕیس بووەو مامۆستا کەسێ بهاتایە بۆسولەیمانی ئەحواڵی دەپرسی، ئەو دەیووت مام سەید دۆستی خوایە.

مام سەید 37 ساڵ لەو مزگەوتەدا خزمەتی دەکرد بێبەرامبەروجەژنان شتێك کۆبکرایەتەوە بەشیان دەداو ماڵی دراوسێی مزگەوت خواردنیان بۆدەهێنا.

شەوانە شەو نوێژی دەکردو هەمیشە دەم بەویردو سەڵاوات بوو،مانگێ پێش ئەوەی بمرێت وەسیەتی بۆکردم کەشتەکانی ژوورەکەی بۆبکەم بەخێر، وە لەقەبرسانی دێی رازیانە بینێژین، کەمرد ویستم خەڵك بنێرم قەبری بۆهەڵکەنن، ئەهلی ئاوایی وتیان مادام میوانی ئێمەیە خۆمان قەبری بۆهەڵدەکەنین، خەڵکی ئاوایی وتیان خەڵکی غەریبە لای ئێمە هەن کەنێژراون.

ژوورەکەی چەند دەست جلی تیابوو وەنزیکەی ملیۆن و دووسەدهەزارێك پارەی هەبوو، دامانما بزانین نەك کەسوکارێکی پەیدابیێت، یەکێ لەئەهلی مزگەوت خەوی بینی، مام سەید وتبووی: بەمامۆستا بڵێ حەجەکەی بیرنەچێت، بیرم کردەوە حەجی چی؟ئەوەبوو بیرم کەوتەوە دووساڵ لەوەوبەر وتم باحەجێکت بۆ بکرین، وتی: دوای مردنم.. ئیتر حەجێکمان بۆکری و باقیەکەشیمان دا بەقورئان و کتێب و خستمانە مزگەوتەکەوە.. نهێنی هاتنی ئەم پیاوە بۆ خزمەتی مزگەوت لەم ولاتەی خۆمان چیە؟مەگەر خوا بۆخۆی بزانێت..





**خوا شیفای دا:**

**ماموستا  مەلا مەمدووحی مزووری، خوا لێی خۆش بێت، دەگێڕێتەوە:لە زستانی ساڵی 1947 فەقێ بووم لە شەقڵاوە دەمخوێند، فەقیر بووم هیچم نەبوو تا ئەم ڕادەیە نوینی نوستنیش نەبوو، حاجییەك بەخێری خۆی بەتانییەك و بالیفێکی پێدام تێی بنووم، بالیفەکەش لەباتی لۆکەی، پوشکە ساواری تێدابوو.**

**جا لەبەر فەقیری و نەبوونی و بێ جلوبەرگ و نوینی تێنووستن زۆرم سەرما بوو تووشی نەخۆشی گرانەتا بووم زۆر خراپ، وە ئەوکاتەش دکتۆر نەبوون.**

**19 ڕۆژ نەخۆش بووم هیچم نەخوارد، فەقێ تەمایان لێ دانابووم بەمنیان گوت: خزمت کێیە با لەدوای بنێرین بێت؟.**

منیش پێم گۆتن: پیرەبابێکم هەیە بێ تاقەتە و دوورە، نە خەبەری ئەگاتێ و نە پێی ئەکرێ بێت، لێم گەڕێن، گەر چابوومەوە باشە ئەگەر مردیشم بمشێرنەوە و خەبەری بدەنێ.


ڕۆژی ئاخیری نەخۆشییەکەم ڕۆژی نۆزدەهەمین چاوم بڵند کرد ڕۆژ هەڵاتبوو نەهەڵاتبوو لەو بەینە بوو لە ڕۆخ سۆبەی درێژ ببووم زۆر نەخۆش و بێ حاڵ بووم، پاشان لە هۆڕ چووم* و خەوم لێکەوت لەخەودا دیتم شەبەحەك هاتە ژوور گوتی: فڵان! من عزرائیلم هاتوومە ڕووحت بکێشم بەڵام قوربانی ئەو عیلمەی بی کە تۆ وەدووی کەوتی!.

ئیدی چووە دەرێ و هۆشیار بوومەوە، خەونەکەم بۆ فەقێیان گێڕاوە، بەڵام فەقێ تێنەگەیشتبوون چونکە زوبانم لەنگ ببوو.

پاشان خەوم لێکەوتەوە، دیتم دەرکەی حوجرە بووەوە، نوورەك هاتە ژوورێ واتێگەیشتم پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) هات، فەرمووی: فڵان کوی؟، منیش وتم: قوربان زۆر نەخۆشم دوعایەکەم بۆ بکە بەڵکەم خودا شیفام بۆ بنێرێ، بەڵام ئەڵێن دووعا لەدو نوێژی بەیانی قەبووڵە، ئەوکاتە دووعام بۆ بکە، بەڵام ئێستا دووعایەکم بۆ بکە مەبادا لەبیرت بچێ، هەر وا گوتم و دیتم چواردەورەی دیوارەکانی حوجرە بە خەتێکی گەورە نووسراوە، وا تێگەیشتم ئەوە دووعایە بۆی کردم. پاشان هۆشیار بوومەوە هیچ بەڵایەکم لێ نەمابوو بەتەواوی شیفام بۆ هات و هیچ نەخۆشییم لێ نەما، هەستامەوە دانیشتم، گوتم: نانم بۆ بێنن.

فەقێیەکان عەجایب مان، گوتیان ئەوە چ بوو؟ ئەمە تەمامان لیٚ دانابووی، منیش خەونەکەم بۆ گێڕانەوە، بەڵام وا دیار بوو لە خەونی هەوەڵی تێنەگەیشتبوون، چونکە زوبانم گران ببوو، ئینجا فەقێیەکان زۆر کەیفخۆش بوون و شوکری خودایان کرد.............

* لەهۆڕچووم: ئاگام لەخۆم نەما.(مەلا کمال عبداللە ناردویەتی بۆم)



**ئەو ئازارەی بووە هۆی درووست بوونی نەخۆشخانەیەک:**


لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هاوسەری باڵویزی یابان لە وڵاتی سوودان کوتوپڕ تووشی ئازارێکی زۆردەبێت،هەرچەندە ئامادەکاری دەکرێت بۆ گواستنەوەی بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە، بەڵام بەهۆی زۆری ئازارەوە ناچار ڕوودەکەنە یەکێك لەنەخۆشخانەکان، بەڵام کاتێك دەگەنە ئەویَ باڵویز سەرو دڵی دەگیرێت شوێنێکی سادەو خراپ و بێکەڵك و ژینگەیەکی ناتەندرووست دەبینێت کە هیچ مەرجێکی تەندرووستی و ئامێرێکی پێشکەوتووی لیَ نیە، لەویَ دکتۆرێك پێشوازیان لێدەکات بەناوی دکتۆر زاکی الدین احمد حسین، باڵویز داوای لێدەکات تەنها ئازارشێکێنیان بۆ بەکاربهێنێت تا هاوسەرەکەی دەگەیەنێتە دەرەوەی ئەو وڵاتە، پاش پشکنینێکی خێرا دکتۆر زاکی بە باڵویز دەڵێت ببورە هاوسەرەکەت بەرگەی چوونە دەرەوە ناگرێت و تەنها دوو کاتژمێری ماوە، یان دەبێت نەشتەرگەری بکرێت یان دەمرێت.

ترس و خەمێکی زۆر تووشی باڵویز دەبێت و ناچار ڕوو لەهاوسەرەکەی دەکات تا بۆچوونی ئەو وەربگرێت، هاوسەرەکەی دەڵێت: ڕازیم با لێرە نەشتەرگەریەکەم بۆ بکرێت، دکتۆر زاکی بەهەندێك کەرەستەی سادەوە دەست بەنەشتەرگەریەکە دەکات و باڵویزیش بەخەمباریەوە چاوەڕێی هەواڵی مردنی هاوسەرەکەی دەکات، بەڵام دوای ماوەیەك نەشتەرگەریەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی دێت و هاوسەری باڵویز بەپێی خۆی دێتە دەرەوە، بەڵام هێشتا باڵویز متمانەی نیەو دەستبەجیَ دەگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان، لە فڕۆکە خانەی یابان تیمێکی پزیشکی پێشوازیان لێدەکەن و هاوسەری باڵویز دەگەیەننە باشترین نەخۆشخانە و دوای دوو کاتژمێر پشکنین پزیشکەکان دەگەڕێنەوە بۆلای باڵویز و پێی دەڵێن پێمان بڵیَ لە چ وڵاتێك

و لەلایەن کێوە ئەو نەشتەرگەریە ئەنجامدارەوە ناوەکەیمان پێ بلێ، بالۆیز دەڵێت: لە وڵاتی سوودان و لەلایەن دکتۆر زاکی الدین نەشتەرگەری بۆ کراوە بەڵام بۆچی دەپرسن ؟

پزیشەکەکان دەڵێن ئەو دکتۆرە موعجیزە بووەو زۆر بە وردی و زیرەکانە ئەو نەشتەرگەریەی ئەنجام داوە بەجۆرێك هیچ شتێکی نەهێشتۆتەوە تا ئێمە ئەنجامی بدەین، لەبەرئەوەی ژنی بالۆیز کچی ئیمپڕاتۆری یابان دەبێت، لەلایەن ئیمپڕاتۆری یابانەوە بانگهێشت نامەیەك ئاڕاستەی دکتۆر زاکی دەکرێت بۆ یابان، دکتۆر زاکی دەگاتە یابان و لەوێ ئیمپڕاتۆری یابان پێی دەڵێت: دکتۆر هەر خۆزگەیەکت هەیە، هەرشتێك بەخەیاڵتا دێت، هەرشتێك دەتەوێت داوای بکە ئێمە بۆت جێبەجێ دەکەین .

هەلێکی باشە بۆ دکتۆر زاکی دەتوانێت دەوڵەمەند بێت دەتوانێت بەناوبانگ بێت، بەڵام دکتۆر زاکی دەڵێت: تەنها یەك داواکاریم هەیە دەمەوێت نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتووی سەردەمیانە و بەهەموو ئامێر و کەرەستەیەکی پێشکەوتوو لەوڵاتەکەم درووست بکەن، داواکەی قبوڵ کرا، وڵاتی یابان پێشکەوتووترین نەخۆشخانەی بە هەموو کەرەستەیەکی پێشکەوتووەوە لە وڵاتی سوودان درووستکرد، نەخۆشخانەکە ناونرا ( ابن سینا) و دکتۆر زاکیش گەڕایەوە بۆ خزمەتکردن، هەتا ئێستا باشترین نەخۆشخانەی وڵاتی سوودانەو خزمەتێکی زۆری هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەی تێدا کراوە، لە ٧/ ٦ / ٢٠١٩ دکتۆر زاکی الدین احمد حسین کۆچی دوایی کرد، بەڵام بۆ هەمیشە لای خەڵکی سوودان ناوی بەگەورەیی دەمێنێتەوە بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی کردی بە نیشتیمان و هاوڵاتیانی وڵاتەکەی..و: لەعەرەبیەوە Deary Ahmedy



**مامۆستا مەلاحەسەنی عەبابەیلیٚ:**

**مامۆستا ساڵی 1901 لەعەبابەیلیٚ لەهەڵەبجەی شەهید لەدایکبووەو ساڵی 1963 هەرلەویٚ کۆچی دوایی کردووە، مامۆستا کە فەقیٚ دەبێت، کاك حسێنی برای بازرگانی دەکات و لەئێرانەوە شتومەك دێنێت وهاوکاری مامۆستاش دەکات، ئەویش حەزدەکات دەست سپی دانەنیشێت و جارێك لەگەڵ کاك حسێندا دەچێت بارێك مشکی و سرکەیی دەهێنن بەقەدەری خوا تووشی زەرەرێکی زۆر دەبن .**

**پاش ماوەیەك وازهێنان لەخوێندن تووشی چاویەشەیەك دەبێت، دکتۆرو دەرمانی ئەوزەمانە دادی نادەن، خەریك دەبێت بینایی لەدەست بدات، دایکی کەئافرەتێکی ئیمانداربووە پێی دەڵێت: رۆڵەگیان تۆ پشتت کردە قورئان بۆیە وات بەسەرهات، برۆ لەمەرقەدەکەی عەبابەیلیٚ لەخوا بپاڕێرەوە بەڵکوخواشیفات بدات، دوای نوێژی عەسر دەچێت دوو رکات نوێژدەکات و زۆر دوعا دەکات، خەوی لێدەکەوێت،**

لەخەویا پێی دەڵێن: هەستە بڕۆ بەدەم قورئان خوێندنەکەتەوە، کاتێ خەبەری دەبێتەوە چاوەکانی چاکبوونەتەوەو مەلایەتی تەواودەکات ودەبێتە مامۆستایەکی بەخزمەت بۆخواو خەڵکی و پاشان چەند قوتابیش پێدەگەیەنێت کەیەکێك لەوانەی لەلای خوێندوویانە کاك ئەحمەدی موفتی زادەیە، رەحمەتی خوایان لێبێت..

جامن ئەوەی تێی گەیشتووم خزمەتی ئەم دینە شەرەفێکە خوا بیدات بەهەرکەس و وەك پێویست ئەنجامی نەدا وهەست بەگەورەیی کارەکەی نەکات کەکاری پێغەمبەرانە، ئاگاداردەکرێتەوە، هاتەوە سەرسکە باشە نەهاتەوە عاقیبەتی خراپ دەبێت..

**ئارامگری تا دوا پلە:**

خوای گەورە داوا لەسەروەرمان ئەکات کە ئارامبگرێت بۆ حوکم و بڕیاری خوا ﴿وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا (48)الطور ﴾ خوا خۆی چارەسەری ناحەزو گاڵتەکارانی بۆ ئەکات (فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ (94) إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ (95)الحجر). ئارامبگرە ئەی محمد، ئارامگری تۆش لای خواوەیەو بەتەوفیقی ئەوە﴿وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِاللَّهِ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِي ضَيْقٍ مِمَّا يَمْكُرُونَ (127)النحل ﴾.

هەموودەزانین بەحسابی دونیا ئەوەی دەسەڵاتدارەو پاسەوان و خەدەم و حەشەمی هەیە سوکایەتی پێکردنی ئاسان نیە، تەنانەت ئێستاکەبەحساب ئازادی رادەربڕین هەیە بەتەنها کۆمێنتێکی نەشیاو ئەوەی نووسیویەتی سەرەونگوم دەکرێ.

کەچی سەروەرم کە هەرچی دەسەڵاتداری دونیایە ناگەنە خاکی بەرپێی، ئاخر ئەو خۆشەویستەصلی الله علیه وسلم خوا بۆدڵنەوایی گەشتێکی پێکرد بۆ مزگەوتی ئەقساو ئیمامەتی بۆ پێغەمبەران کرد، ئنجا بەرزکرایەوەو دەرگاکانی ئاسمانەکانی

بۆكرایەوەو پێشوازیەكی لێكرا لەكەس نەكراوە، ئنجا گەیشتە سیدرەی مونتەها كەكەس نەیگەیشتوویەتێ . ئەو پایەبەرزە هاتەوە سەرزەوی دەیویست پەیامەكەی بگەیەنێ بەوانەی دەهاتن بۆحەج چەند ساڵێك لەسەریەك، ئەبولەهەب یان ئەبوجەهل دوای دەكەوتن و ئەم چی دەفەرموو ئەوان سوكایەتیان پێدەكردو دەیانووت: درۆدەكات بڕوای پێمەكەن، باش بوایە خۆمان شوێنی دەكەوتین، نەك هەرئەوەندە بەردیان تێدەگرت، ورگو ریخۆڵەی ئاژەڵیان دەكردە سەر پشتی لەسوژدەدا، خۆڵیان دەكرد بەسەریا..ئەمانە هەمووی لەلایەك تفیان دەكردە رووی موبارەكی كە ئەگەر مەلائیكەت شەرمیان لەعوسمان كردبێ كەشوێنكەوتەی ئەمە، ئەی ئەبێ چەند شەرمیان لەم زاتە كردبێت..

من كە دەیخوێنمەوە پاش چواردەسەدە خەریكە دڵم ئەبێ بەئاو، ئاخۆ هاوەڵانی چەند خەفەتیان خواردبێ كەئەو وەزعەیان دەبینی، وتیان: رێمان بدە یەك بەیەك سەركردەكانی قوڕەیش تیرۆر كەین، رێی نەدان وئارامی گرت..

لەناوهۆزی بەنی عامرا قسەی بۆدەكردن نەگبەتێكیان هەستاو وتی: نەڕۆی لەگەردنت دەدەم، یەكێكی دیكەیان وتی: نەگەڵەكەت و نەعەرەبت بۆلاس نەدراوە، هاتوویتە لای ئێمە سەرودڵمان بگری بەخوا دەتكەمە دەنگوباسی مەوسیمەكە (وەرزی حەج)، ئەو نەگبەتە كەوتو قاچی شكاو هاواری لێبەرزبووەوە وخۆی بووە باسوخواسی مەوسیمەكە.. ئاخر توخوا كێ وەك ئەو بووە، بەردبارنی بكەن و فریشتەی شاخەكان دەستەو نەزەر لەخزمەتیا چاوەڕێی فەرمانی بێ تا هەموو ناحەزانی تەفروتونا بكا، كەچی ئەو دوعای هیدایەتیان بۆبكات؟!.. (اللهم صل وسلم علی محمد وعلی آل محمد)..

**قەدەری خوا سەیرە:**

بانگخواز ئەحمەد خزەیر دەڵێت: برادەرێکم بیست ساڵ لەمەوبەر خەونێکی بینی زانایەیەك بۆی لێکدایەوە بەوەی کە بەتەنها تەواف دەکات بەدەوری کەعبەدا. برادەرەکەم ئەڵێ: لەناخمەوە پێکەنیم بۆمن بووم بەچی تا حەوشی کەعبەم بۆ چۆڵ بکرێت و بەتەنها تەواف بکەم، سبحان الله ئەم رەمەزانە بەهۆی کرۆناوە پاش ئەوەی روخسەتی خواست بەتاقی تەنها تەوافی کرد.. بەراستی مەگەر کەسێکی وەك حەزرەتی خزر بێت بەو زانستەی کەخوا پێی داوە دیوی ئەو دیوی قەدەرەکانمان بۆ بەیان بکات..


أحمد الخضير
@ahmedk0025

صديقي رأى رؤيا قبل عشرين سنة وقصها على أحد المعبرين، فقال له: ستطوف لوحدك حول الكعبة، يقول: فضحكت في نفسي ورددت: من أنا حتى يفرغ لي المطاف، وفي أحد ليالي #رمضان هذا العام وبسبب #كورونا طاف لوحده بعد استئذان الجهة المنظمة .

أقدار الله فوق تصور عقلك،فأحسن الظن،واطلب من الله الكثير

٧:٠٠ م · ٢١ مايو ٢٠ · Twitter for iPhone

**منارەی حەدبا**

منارەی حەدبا یان منارەی نوریيە لەموسڵ مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی نۆ سەدە بەر لەئێستا کەلەلایەن بنەماڵەی زەنکیەکان و لەسەر دەستی سوڵتان نورالدین محمود زەنکی لەساڵی 1172 زاینی بنیات نرابوو، لەگەڵ مزگەوتی گەورەی نوریيە لەشارەکەدا، ئەم منارەیە بەرزیەکەی 45 مەتر بووە و بەخشتی سوور دروستکرابوو لەسەر بناغەیەکی پتەو جێگیر لاکێشەیی چوار لا، هاوشێوەی منارەکەی هەولێر، ئەم تەنها بەشی مابووەوەی مزگەوتێکی گەورەیە، دەگوترێت بۆیە پێی دەگوترێت (حدباء) چوونکە لارە یان لار دروست کراوە یان بەتێپەڕبوونی زەمەن چەماوەتەوە، ئەم ناوەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی، کە گەڕیدە (ابن بطوطة) لەسەدەی چواردەیەمی زاینی سەردانی کردووەو ناوی ناوە منارەی (حدباء) یان منارەی چەماوە.

بەهەرحاڵ ئەم منارەیە لەساڵی 1940 بەشێکی لای سەرووی توشی داڕمان دەبێت، بۆیە بەرپرسانی ئەوکات داوا لەیەکێك لەبەناوبانگترین و لێهاتووترین بەنای



شارەکە دەکەن کە نۆژەنی بکاتەوە، ئەویش ناوی (عبودي الطنبورة چی) دەبێت، پاش ئەوەی ڕازی دەبێت و بەخۆی دەستگاکانی کارکردنی ڕوودەکاتە منارەکە و لەبەشی سەرەوەی منارەکە دەچێتە ناو سندوقێکی لەتەختە دروستکراو و بە حەبلی زۆر ئەستور و بەهێز شۆڕی دەکەنەوە بۆ خوارەوە تا دەگاتە ئەو بەشەی کە داخوراوە لە منارەکە، زۆر بەووردی و وریایی و جوانی چاکی دەکاتەوە و نەخشەکانی هەروەك خۆی دەکێشێتەوە، بەجۆرێك کە هیچ هەستی پێنەکرێت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی منارەکە.

ئەم کارە کارێکی زۆر سەخت وئەستەم دەبێت، خەڵکی موسڵیش زۆر بەتاسەوە چاوەڕێی تەواو بوونیان دەکرد، کاتێك لەکارەکەی تەواو دەبێت موتەصەریفی ئەوکاتەی موسڵ سەردانی دەکات و پاش دەستخۆشی و ماندوونەبوون پرسیاری لێ دەکات کە کرێکەی چەندە تا بۆی بنێرێت ؟

ئەویش بەسەرسامیەوە دەپرسێت قوربان بۆچی ئەم شوێنە خاوەنی کێیە ؟ موتەصەریفیش دەڵێت: بێگومان ئەم شوێنەماڵێکە لە ماڵەکانی خودا، بۆیە عەبودی لەوەڵامیدا دەڵێت: ( دەی من و خاوەنی ماڵەکە ڕێك دەکەوین، پاداشتی ئەو زۆر زیاتر و چاکترە )، لەکاتێکدا کە ئەم وەستا ناوازەیە بۆخۆی لەسەر ئاینی مەسیحی دەبێت...



شیاوی باسە لەمێژووی کۆنیش کاتێك ئەبرەهە بەفیلەکەی دەچێت و دەیەوێت ماڵی خودا بڕوخێنێت، لەوسەروبەندەدا چەند سەر مەڕو ماڵات و وشترێکی عبدالمطلب دەبات و دەستی بەسەردا دەگرێت، ئەویش دەچێتە لای ئەبرەهە و پێی دەڵێت: هاتووم ئەو

مەڕو ماڵات و وشترانەم بدەیتەوە کەدەستت بەسەرداگرتووە، ئەبرەهە بە سەرسوڕمانێکەوە دەڵێت: وامزانی تۆ بۆئەوە هاتوویت تا نەچم کەعبە بڕوخێنم و تکام لێ بکەیت، کەچی داوای مەڕ و ماڵاتەکەت دەکەیت ! لەوەڵامدا عبدالمطلب دەڵێت: (قوربان من خاوەنی ئەوانەم و هاتووم داوایان بکەمەوە کەعبەش خاوەنی خۆی هەیە و خۆی دەزانێت چۆن دەیپارێزێت)...



ئەم چیرۆکە ئاستی تێکەڵاوی و پەیوەنی بەهێز و هاوسۆزبوونی ئاینی ئاین و ئاینزاکانی ناوچەکە دەردەخات بۆ یەکتری، ئاینەئاسمانیەکان و ئاین و ئاینزاکانی دیکەبەردەوام کوردستان و دەوروبەری شوێن و پێگەیان بووە، هەمیشەش پێکەوە ژیانی دۆستانەو ئاینیانەیان هەبووە، لەقۆناغە جیاوازەکانی شارستانیەتی ئیسلامیش بە هاندانی ئاینی، ئیسلام ئەم تەباییە لەلایەن سەردارانی مسوڵمان لەشارستانیەتی ئیسلامی هەبووە بۆیە ئەم هەموو مەسیحی و ئاینەکانی دیکەش بەئازادی ژیاون وپەرستشەکانی خۆشیان ئەنجام داوە و بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی مسوڵمانان بوون، بەڵام بەهاتنی ئیمپریالیزم بۆ ئەم وڵاتانە تۆوی دووبەرەکی و ناتەباییان چاند و ئەم دۆستایەتی و تێکەڵاویە جوانەیان لەناوبرد، کە وەك کۆڵەکە وابوو لەم ناوچەیەدا، ئەمەش زیاتر لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، ئەوەتا ئەم منارە جوانە ناوازەیە لەلایەن هێزێکی تیرۆرستی تاریك بینی دوژمن بەمرۆڤایەتی وەك داعش تەقێندرایەوە و لەنێو برا، لەکاتێکدا جگە لەوەی کە سیمبولێکی شارستانی جوان بوو هیچی دیکە نەبوو، بەڵام خۆش بەختانە لەساڵی

2017 دووباره خەریكن نۆژەنی دەكەنەوە و زۆر بەشی سەرلەنوێ تەواو بووە لە ئێستادا...

ئێوەی ئازیزیش هەربمێنن بەشادی هەڵوێستێكی هاوشێوەی ئەمەشم لەمەسیحیانی سلێمانی دەست كەوتووە لەگەڵ پشتڕاستكردنەوەی ئەویش بڵاو دەكەمەوە چاوەڕوان بن... پ. ی. د. زریان حاجی...



**بەغەریبی و تەنهایی و دەربەدەری مرد:**

عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی ئەبی سەلول خەزرەجیەکان دەیانوویست پارەی بۆکۆبکەنەوەو بیکەن بەگەورەی خۆیان، کە خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم هاتە مەدینە ئەو فرسەتەی لەدەست چوو، بۆیە بەرووکەش موسڵمان بوو لەدڵیشەوە دووڕوو بوو، زۆر پیلانی گێڕا بەتایبەت لەگەڵ ئەبوعامری راهیب کە ئەمیش لەئەوس بوو، بووبووە راهیب، ئەمیش هاتە خزمەت سەروەرمان و وتی: ئەم دینە چیە هێناوتە؟

فەرمووی: حەنیفیەتی دینی ئیبراهیمم هێناوە. وتی: من لەسەر حەنیفیەتم.

فەرمووی: نەخێر لەسەر حەنیفیەت نیت .

وتی: با،بەڵام تۆ شتانێکت بۆزیادکردووە کە تیانیە. فەرمووی: نەخێر هیچم بۆ زیادنەکردووە و سپی و پاك وپوخت هێناومە.

وتی: دەی درۆزن بەغەریبی و تەنهایی و دەربەدەری بمرێت.

فەرمووی: بەڵێ هەرکەس درۆدەکات خوا بەودەردەی بەرێت.

ئەوەبوو ئەبوعامر کچی عەبدوڵای ئوبەی کوڕی ئەبی سەلولی هێنا بۆحەنزەڵەی کوڕی (کەدواتر حەنزەڵەو هاوسەری موسڵمان بوون و حەنزەڵە شەهید بوو مەلائیکەت شتیان )، ئنجا خۆی و پانزەکەس لە نزیکانی چوونە مەککە کە هانی قوڕەیش بدەن دژی ئیسلام، وە عەبدوڵاش لەمەدینە مایەوە تا پیلان بگێڕن بەهەردووکیان و موسڵمانان شکست پێبهێنن، تەنانەت مانەوە لەمەدینە بۆجەنگی ئوحود تەگبیری ئەو دوانەبوو تا ئەو قوڕەیش بێنێتە سەرمەدینەو ئەمانیش لەناوەوە هاوکاریان بن و دەوڵەتەکە بڕوخێنن، بەڵام بەرووبەڕووبوونەوەی موسڵمان و کافران لەدەرەوەی مەدینە پیلانەکەیان بۆنەچووە سەر.

عەبدوڵا هەتا سەرئێسقان دوژمنایەتی پێغەمبەری کردصلی الله علیه وسلم، وەبەمونافیقی مرد، ئەبوعامریش کەفەتحی مەککە کرا چووە تائیف، کەئەوانیش موسڵمانبوون چووە شام، لەشام بە غەریبی و تەنهایی و دەربەدەری مرد(صدق رسول الله صلی الله علیه وسلم).

## ماوەی (14) ساڵ خەریکی دانوستان بوو لەگەڵ پیرەپیاوێک

ماوەی ١٤ ساڵ حکومەتی (چین) لە شاری (شەنگەهای) خەریکی دانوستان و موفاوەزات بوون لەگەڵ پیرەپیاوێك بەناوی (خو)، تەمەن (87) ساڵ و خێزانەکەی پێکهاتبوون لە (8) کەس، بەهۆی ئەوەی خانوەکەیان ئەکەوتەسەر ڕێگایەکی سەرەکی شارەکە و شەقامەکەی دەگرت، هەموو لایەك ڕازی بوون هەر ماڵێك دەکەوتە سنووری ئەو شەقام و پڕۆژەیە پاش وەرگرتنی قەرەبوو ڕازی دەبوو بە چۆڵکردنی شوێنەکەی، تەنها خانووی ئەم پیرە پیاوە نەبێت، بە بەهانەی کەمی قەرەبووی خانوەکەیان ئامادە نەبوو خانوەکە چۆڵبکات. حکومەتیش نەیتوانی زۆری لێبکات و خانوەکەی پێ چۆڵبکات!

تا دوا جار و دوای (14) ساڵ و قەرەبووکردنەوەی بە (4) شوققەی نوێ و بڕی (2) ملیۆن (وهانی) چینی ئینجا ڕازی بوو خانوەکەیان کە پێکهاتبوو لە (3) نهۆم چۆڵبکەن و حکومەتی چین لە ماوەی تەنها (90) دەقیقەدا خانوەکەی ڕووخاند و پڕۆژەکەیان تەواو کرد.

شایانی باسە: ئەم جۆرە خانوانە لەوڵاتی (چین) پێیان ئەوترێت: (المنزل المسمار) واتە: ئەو خانوانەی کە خاوەنەکانیان ئامادە نین چۆڵیان بکەن.

ئەم ڕوداوەو تەواوی ڕوداوەکانی هاوشێوەی کە لەم سەردەمەدا شانازییان پێوە دەکرێت و وەك دەستکەوتی ئەو وڵاتانە باس دەکرێت کە گوایە یاسا سەرووەرەو هەموو هاونیشتمانیان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ جیاوازی لە نێوان بەدەسەڵات و

بێدەسەڵاتدا، هەموو ئەمانە زۆر بەڕونترو ئاشکراتر لەسەردەمی پێغەمبەری خوا "درودی خوای لەسەر بێت" کە خودی خۆی ئەم کارانەی ئەنجامداوە

نەك بۆ ڕێگاوبان کە بێگومان ئەویش کارێکی گەورەو چاکە بەڵکو بۆ مزگەوت و ماڵی خوا، پێغەمبەری خوا "درودی خوای لەسەر بێت" ئامادە نەبوە موڵك و ماڵی خەڵکی دەست بەسەر دابگرێت و تێکی بدات بە ڵکو بەپارە و بەڕەزامەندی خۆیان فرۆشتویانەو مزگەوتی لەسەر دروستکردوە.

وەك ئەم فەرموودە صەحیحە کە (انس)ی کوڕی(مالك) (خوای لیٚ ڕازی بێت) لە فەرمودەیەکی درێژدا لە کۆتاییەکەی دەڵیٚ: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هات بۆ مەدینەو فەرمانی کرد بەدروستکردنی مزگەوت. دەڵیٚ: ناردی بەدوای پیاوماقوڵانی (بنی النجار) ئەوانیش هاتن و پێی فەرموون: ئەی (بنی النجار) مامەڵەی ئەم (باخە خورمایەتانم لەگەڵ بکەن) و پێم بفرۆشن وتیان: نەبەخوا نرخمان ناویٚ تەنها



لەخوای (عز وجل) نەبێ و ئەی کەین بە وەقف. بەڵام ئیبن سەعد دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا ڕازی نەبو بەڵکو بە(10) دینار لێی کڕین کە ئیمامی ئەبوبەکر پارەکەی دا.

ئەگەر لەفەرموودەکە بڕوانین پێغەمبەری خوا "صلی الله علیه وسلـم" بە بێ پرسی خاوەنەکەی بە هیچ شێوەیەك دەستی بۆ موڵك و ماڵی کەس نەبردوە تەنانەت ئەگەر بۆ مزگەوتیش بێت، ئینجا هەندێك دەفەرموون خۆیان کردیان بە خێرو صەدەقە، هەندێکی تر دەفەرموون پێغەمبەری خوا بەپارە لێی کڕین و مزگەوتی لەسەر درووستکرد. ئەوەش وێنەی خانووەکەیە. وەرگێڕانی: م. دڵشاد شەمسەدین باڵی

## دووڕووداوو دوومێژوو:

ساڵی 1930 فەڕەنسا ئاهەنگێکی سازکرد بەبۆنەی تێپەڕینی سەدساڵ بەسەر داگیرکردنی جەزائیردا، لەبەرنامەیاندا بوو کە دەکچی موسڵمان کەخۆیان یانزە ساڵ لەقوتابخانەکانیان پەروەردەیان کردبوون وفێر زمان و کلتوری فەڕەنسیان کردبوون، بەجلی سفوورەوە بێنە سەر مەنەصەکە، ئەوەی سەیربوو بەجلی داپۆشراوەوە هاتنە سەرمەنەصەو ڕاگەیاندنەکانی فەڕەنسا ڕەخنەی زۆریان گرت کەبۆتا ئێستا چیتان کردووە لە گۆڕینی جەزائیردا، لاکۆست وەزیری موستەعمەراتی فەڕەنسی ئەوسا وتی: من چی بکەم کەقورئان لەفەڕەنسا بەهێزترە.

دوای نەوەد ساڵ لەو ڕووداوە، لە 9ی10ی 2020 پیرەژنێکی فەڕەنسی 75 ساڵ تەمەن کەلەرێکخراوێکی مناڵپارێز کاری دەکرد لەماڵی لە2016 دا لەلایەن چەکدارانەوە ڕفێنرا کەناوی صوفی بترۆنانە، بەفڕۆکە گەڕایەوە فەڕەنساو سەرۆك ماکرۆن و کەسوکاری لەپێشوازیدابوون، سەرۆك ماکرۆن وتی: هەموو فەڕەنسیەکان وەك من شادمانن بەئازادبونت، پاش ئەوەی باوەشی کرد بە کەسوکارەکەیدا ئەوەی هەمووانی تووشی شۆك کرد ئەوەبوو کەوتی: ئێوە دەڵێن: بترۆنان، من ناوی خۆم

کردۆتە مەریەم ولەخوا دەپاڕێمەوە بەرەکەت و میهرەبانی خۆی برژێ بەسەرماڵیدا چونکە من موسڵمانم..

پاشان بەرنامەکە وابوو ماکرۆن وتارێك بدات، وتارەکەی نەداو فڕۆکەخانەی بەجێهێشت، من دەڵێم خوا لووتی شکاند کەپێش ماوەیەك وتی: ئیسلام لەکێشەدایە لەولاتاندا، نەخێر ئەوەتا بەبارمتە گیراوێکی فەرەنسی چوارساڵە دەست بەسەرە موسڵمان دەبێت، دینی خوا هیچ شتێك ناتوانێت ببێتە بەربەست لەبەردەمیا ڕۆژگاریش ئەمە دەسەلمێنێت..

(يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (8) هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ (9)الصف)..


**خزمەتی فەرموودە:**




لەبەرنامەی ڕازی تەمەندا لەکەناڵی پەیام مامۆستا نوری فارس باسی ئەوەی کرد کە ئەو کتێبانەی نووسیوونی لەسەرفەرموودە کە زەحمەتێکی زۆری کێشاوە لەگەڵیاندا جاری واهەبووە هەفتەیەك بەدوای مانای وشەیەکدا گەڕاوە، یەك فلسی قانزانج لێنەکردوون و گوایە وەسیەتیشی کردووە بۆگەشاوخانی کچی کەلەدوای خۆی هەرکەس چاپی کردنەوە بەمەرجێك وەك خۆیان چاپیان بکاتەوە هیچیان لێیان ناوێت .

بەڕاستی ئەوە خزمەتێکی گەورەیە کە ئەو پیاوە باشە کردویەتی بە فەرموودەو بەئیزنی خوا مایەی سەرفرازی دونیاوقیامەتێتی، ئەوەندەی بەسە کەسەروەرمان صلی الله علیه وسلم چووبووە خەوی حاجی موحەمەدێك لەحەج و پێی فەرمووبوو: حاجی موحەممەد لەشارەکەی تۆ پیاوێك بەناوی نوری فارس کتێبێکی لەسەرمن دەرکردووە (مەبەستی شەمائیل موحەمەدیەیە) سلاَوی لێبکەو دەستخۆشی لێبکە.. خوای گەورە لەگەڵ خۆشەویستماندا حەشری بکات.. ئامین .

### کاروانەکەی ئیسلام:




مامۆستا ناصری سوبحانی دەڵێت: ئێمە لەکاروانێکداین بەباری درێژی سەیری بکەیت حەزرەتی ئادەم و نوح و باقی پێغەمبەران( سەلامی خوایان لێبێت ) وگەلەکانیان دەبینین لەپێشمانەوە بەباری پانیش سەیربکەیت ئەو هەموو بانگخوازە دەبینی لەسەر تاسەری دونیادا لەهەموو گەل و نەتەوەکانی دونیا خەریکی بانگەوازن و قوربانی بۆدەدەن، بڕوادار سەروماڵی فرۆشتووە بەخوا بۆیە هەمیشە گیانی لەسەردەستێتی وهیچ شتێك نایترسێنێت، ئەو مردنەی خەڵك لێی دەترسێت بۆ ئەم شەهید بوونە لەرێی خوادا کەئەوپەڕی ئاواتێتی، تازەترین هەواڵیش شەهیدکردنی دکتۆر عادل خان ە لەشاری کەراتشی پاکستان

لەهێرشێکی چەکداریدا، کەسەرۆکی زانکۆی فاروقیەی کۆن و فاروقیەی تازەی ئیسلامی بوو، کەزانکۆکەی یەکەم بوو لەسەر ئاستی زانکۆکانی پاکستان، ناوبراو لەتەمەنی 63 ساڵیدا پاش خزمەتێکی گەورە بەئیسلام وفەرمووده عەهدو پەیمانەکەی لەگەردنیدا بوو بردیە سەرو گیانی خۆی بەخشی بەخوا، ناحەزان وادەزانن بە شەهیدبوونی سەیدێکمان مەیدانەکە چۆڵ دەبێت نازانن  ئەو نەوەیەی دەستی خوا چاندبێتی دەستی بەشەر ناتوانێت بیدورێتەوە هەروەك دکتۆر مستەفا سوباعی دەڵێت: (الجیل الذی زرعه ید الله لاتحصده ید إنسان)..

**زانیاری زیاتر:**

خوای گەورە بەسەروەرمان دەفەرموێت صلی الله علیه وسلم کەبفەرموێت: (وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا (114) طه )خوایە زانستم زیاد بکە .

بەڕاستی لەم سەردەمەدا کەبەردەوام گومان دروست دەکرێت بۆ قورئان و فەرموودە، پێویستمان بەبەرچاوڕۆشنی زیاترە، ئەوەش بەهۆی خوێندنەوەو گوێگرتن لەزاناکانمان دەستمان دەکەوێت، من بۆخۆم کە تەمەنێکی دوورودرێژە تەفسیرەکان دەخوێنمەوە کەگوێ لەجەنابی دکتۆر عوسمان دەگرم تەفسیر دەکات زۆر سوودمەند دەبم، هەروەها شتێکیش لەفەرموودە شارەزام بەڵام کەگوێ لەجەنابی دکتۆر عارف غەفور دەگرم کەباسی زانستی فەرموودە دەکات زۆر بەرچاوڕۆشن دەبم، ئاخر ئەوان پسپۆڕن و ئێمەش فێرخوازین .

ئنجا کتێبیش کاریگەری خۆی هەیە لەم ماوەیەدا کتێبی (دەریای تاوان، وەڵامێك بۆ کتێبی تاوانی بوخاریم)خوێندەوە کە برای بەرێز مەڕوان عەزیز نووسیوویەتی، بەڕاستی دڵخۆش بووم بەوەی کە شارەزایەو ناحەزانی لەبواری فەرموودەدا دەمکوت

کردووه وسوودی زۆرم لێبینی..خوایە زانستمان زیادبکەو بەرچاو ڕۆشنمان بکە تاهەق بەهەق ببینین و ناهەقیش بەناهەق..ئامین..

**بیرناچێتەوە...**

هەڵوێست هەیە لەکات و شوێنی پێویستدا لەکەسی بەرامبەرەوە هەرگیز بیرناچێتەوە..

حەزرەتی عوسمان (خ. ر) کەسەروەرمان ناردی بۆمەککە ودرەنگ گەڕایەوە، بۆبەیعەی (رضوان) دەستی موبارەکی خستە دەستەکەی تریەوەو فەرمووی ئەمەش لەجیاتی عوسمان.

کاتێك کەعبی کوڕی مالیك و دووهاوەڵی دواکەوتن لە جەنگی عوسرەدا، بەفەرمانی سەروەرمان صلی الله علیه وسلم پەنجاوپێنج ڕۆژ کەس قسەی لەگەڵ نەکردن، کاتێك لێخۆشبوونیان لەخواوە بۆدابەزی و کەعب چووە خزمەت خۆشەویستمان تەنها کەسێك کەلەبەری هەستاو پێشوازی کردو باوەشی پیاکردوخۆشی خۆی بۆدەربڕی تەڵحەبوو، بۆیە هەرگیز کەعب ئەو مەوقیفەی تەڵحەی لەیاد نەدەچوو.

کاتێك دایکمان عائیشە تۆمەتەکەی بۆهەڵبەسترا، ئافرەتێك چوو لەگەڵیا دانیشت و دەگریا بۆدڵنەوایی و هاوخەمی، ئەمەش دایکمان بەرز نرخاندی و هەرگیز لەیادی نەدەکرد.

کاتێك ئەبوزەر (خ.ر) دواکەوت لەغەزایەکداو، لەدوورەوە تارماییەك لەسوپاکە دەرکەوت سەروەرمان فەرمووی: دەی ئەبوزەر بێت، ئەمەندە حەزی دەکرد دوانەکەوێت و گوناهبار نەبێت، ئەمیش ئەم گومانە باشەی خۆشەویستی هەرگیز

لەیاد نەدەکرد، جا بەڕاستی ژیان بریتیە لەبەهاناوەچوون و هاوخەمی و هاوسۆزی و گومانی باش وهاوکاری وبەدەمەوەبوون بۆیە ئیسلام ئەمانەی هەموو بەگرنگ داناوەو پاداشتیشیان زۆرە لای ئەو خوایەی کە (شکور)ە.

**زانایەکی شەهید:**

زانای ناوداری تورکوستانی شەرقی عەبدول ئەحەد برات مەخدوم پێنج جار بەندکراوەلەسەر ئیسلامەتی لەلایەن حکومەتی چینەوە کەئەو ولاّتەی داگیرکردووە، بیست و دووساڵی لەبەندیخانەدا تەواوکردولەتەمەنی 86 ساڵیدا لەبەندیخانەدا بەشەهیدی سەری نایەوەوکاروانی شەهیدانمان بەڕێوەیەو لەسەرتاسەری دونیادا سەروماڵ وساڵەکانی تەمەن هەمووی دەکرێن بەقوربانی پەیامەکەی خوا.



**پرۆفیسۆر سەمیعی**

**(باشترین دکتۆری مێشک و دەمار لە جیهاندا) دەڵێت:**

کۆڵانەکەی ئێمە پاککەرەوەیەکی شارەوانی لێیە...بەیانیان کە بە ئۆتۆمبێلەکەمەوە لە ماڵەوە دێمە دەر، سڵاوێکی گەرم دەکات و منیش لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزم و تۆقەی لە گەڵ دەکەم و ئەحواڵ پرسی دەکەین و دەست بە کارەکەی دەکاتەوە....

دراوسێکەی قاتی خوارەوەشمان پزیشکی نەشتەرگەرییە....

هەندێك کات کە لە مەسعەدەکە دەیبینم،

سەلامی لێ دەکەم و ئەو تەنیا بە سەر وەڵام دەداتەوە.....



من خۆم ئەگەر ڕۆژێك بۆ ئەوەی لە ژیان بمێنمەوە پێویستیم بەو دکتۆرە بێت، گسك دانی گۆڕەکەمم لە لایەن ئەو پاککەرەوە زۆر پێ باشترە لە عیلاج کردنم لە لایەن ئەو دکتورە.

خوێندن بە ڕەهایی هیچ پەیوەندییەکی بە شعوری کەسەکانەوە نییە!

هەڵسوکەوتێکی ناشیرینم لێوەشایەوە لەناو ماڵی خۆماندا ئەوکاتەی تەمەنم ١٠ساڵ دەبوو.

باوکم هێنامیە دەرێ و لە باخچەکەدا دابنیشاندم، ئنجا پێی وتم: ڕۆڵە ئەو دوو درەختە دەبینی؟

وتم: بەڵێ.

وتی دەبینی یەکێکیان چەوتەو ئەویان ڕێك و ڕاست، دەزانی هۆکارەکەی چیە؟

وتم: بۆچی؟

وتی: لەبەرئەوەی ئەوەیان لە بنەڕەتەوە بە لاری هێناویەتی، ئێستا ڕاستکردنەوەی ئەستەمە. بەڵام ئەوی دیکەیان ڕاساڵ و ڕێك قنج بۆتەوە. کاتێکیش گەورە بووە، هەر بەڕێك و پێکی هێناویەتی.

تۆیش ئێستا خەریکی بنیاتنانی درەختەکەی خۆتی، هەر لە ئێستاوە هەڵیبژێرە دەتەوێت درەختێکی چەوت و چەوێڵ بیت، یان ڕێك و شەنگ؟ هەر شتێك ئێستا دەیکەیت کاریگەری لەسەر داهاتوت هەیە.

کتێبی: چل، احمد شوقەیری

**هەواڵ و ڕووداوەکان تێکی شکاندووین:**

م. احسان قاسم لەمبارەیەوە بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێت کاتێك شەڕی ئێران عێراق دەستی پێکرد بەشەواندا کارەبایان دەکوژاندەوە لەترسی هێرشی ئاسمانی شەوێکیان زۆر خۆم سەرقاڵ کرد بەهەواڵگرتنی ڕادیۆ لەم کەناڵ بۆ ئەو کەناڵ لەوکاتەدا ضیاءالحق لەهەولێ ئاشتیدا بوو، شەوێ خەوتم بەداخ و پەژارەی شەڕەوە لەخەونمدا وەك کەسێکی تاوانبار سەرم کز کردبوو لەبەردەم حەزرەتی علی دەم وچاوپانێکی ڕیش ڕەشی بە سام وهەیبەت و لەتەنیشتیەوە شێخ عبدالقادری گەیلانی وەستابوو ڕیشێکی سپی قەدوباڵایەکی باریکی هەبوو یەکێکیان دەستی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی لێم بدات و تەمێم بکات، وتی لێیبدەم ؟؟

لە وکاتەدا بەخەبەر هاتم زانیم هەڵەیەکم ئەنجام داوە شەوگارم بەهەواڵگرتن بردەسەر نەزیکرێك نە قورئانخوێندنێك، نە پەیامی نوورم دیراسەکرد ئیتر لەم خەونەوە

کەوەك بێدار کردنەوە وابوو بۆم بە یەکجاری وازم لە ئیخبار و ڕادیۆ وجریدە و...هتد هێنا..

ئەم خەوەم گێڕایەوە بۆ برادەران ئیتر بوو بە بەرەکەتێك و ڕژا بەسەرماندا..

تەنانەت برایەکمان ماڵی لەکەناری کەرکوك بوو هیچ جۆرە ئیخبارێك و ڕادیۆی نەبوو شەڕی ایران عراق کۆتایی هاتبوو بەو بۆنەیەوە ئەوڕۆژە کرابوویە پشوو ئەمیش وەك جاران دەچێت بۆ دەوام بە پاسەوانەکە دەڵێت خێرە ئەوە بۆ کەس دیار نیە فەرمانبەرەکان لەکوێن ئەویش دەڵێ ئەرێ ئەوە لە مانگەوە هاتویت لەمەریخەوە بەربویتەوە ئەی نازانیت بەهۆی کۆتایی شەڕی ئێران عێراق ئەمڕۆ پشووی ڕەسمیە..

لێرەدا من بۆخۆم ئیستێك دەکەم بەڕاستی ئەم بارودۆخە ڕەوتی تێکداوین هیچ شتێك وەك خۆی نەماوە ئەم جەنجاڵیە تێکی شکاندوین خەفەتباروداخ لەدڵی کردوین..نەنوێژمان نە زیکر و.. هتد، چێژی لێ نابەین زۆر پێویستمان بە خۆ خاڵی کردنەوەو خەڵوەت هەیە کەللەی سەر پڕ بووەو لێی دەڕژێ پێویستی بە ئارامی و بێ دەنگی و سکونەت هەیە..

خودا هاوکاروەدسبارم بە لەم زەمەنە بێ سەروبەرەدا دەستم بگرە . (ئەکاونتی مامۆستا سۆران محمد).

### کەسابەتکردن بەدینەوە:

حوزەیفی مەرعەشی نامەیەکی بۆ (یوسفی ئەسبات) نووسی و وتی ( بیستم کە دینی خۆت بە دوو پول و عانەی ڕەش فرۆشتووە..لایەنی مامەڵەکەت فرۆشیارت وتوویەتی بە یەك دینار تۆیش وتووتە بە چارەکە دینارێك ئەویش ئەو کاڵایەی پێداوی چونکە چاوی لەدین وزانستت بووە و ڕێزی ئەوانەی ڕاگرتووە..ئنجا دەڵێت: نەزانین و

غەفڵەتت لەکۆڵ کەوە و لەخەو ڕابە بەڕای من هەرکەس زانستی قورئان فێرببێت و مەیلی دنیای لەدڵ بێ پەیڤی پەروەردگاری کردۆتە گاڵتەجاڕ..))کیمیای بەختەوەری . امام غزالی لەپەڕە ٢٩٦ (ئەکاونتی م سۆران محمد).

**ئەگەر ئەم نیشانانەم تێدایە ئەوە پێویستە چارەسەری نەخۆشی (کبر) خۆبەگەورەزانی بکەم:**

١- قسەبڕین بە کەسانی تر وەك ئەوەی قسەی تۆ لە هی ئەوان گرنگترە.

٢- توڕەبوون لە ڕەخنە وەك ئەوەی لەسەروی ڕەخنەلێگرتنەوە بیت .

٣- جیاوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ خەڵکی لەبەر پلەوپۆست و پارە لەگەڵ بەڕێوەبەر بەجۆرێك و لەگەڵ کارگوزار جۆرێکی تر لەگەڵ دەوڵەمەند و سەرمایەدار جۆرێك و لەگەڵ پاڵە و حەماڵ و هەژار جۆرێکی تر...

٤- وابزانیت بەهۆی پارە، پلەوپۆست، ڕەچەڵەك، جوانی... هتد، باشتریت لە خەڵکی دیکە کە ئەمە ئاشکراترینی کیبرە .

٥- زۆر خۆ بەراورد کردن بە خەڵکی دیکە وەك باسی کەشخەیی سەیارە وخانو... هتد، لەچاو فلانەکەس هی من باشترە یان ژمارەی فۆلۆوەری فیسبوکی من زیاترە یان و یان....

٦- سووربوون لەسەر ئەوەی کەقسەی کۆتایی بابەتەکان تۆ بیکەیت .

٧- شەرمکردن لەوەی سواری سیارەی مۆدێل نزم و هەرزان بایی ببیت حەزنەکەی خەڵك بتبینێت...

ئەمانەو چەندین وردە نیشانەی دیکە بەجوانی نیشانی دەدەن کە کیبر و خۆپەسەندی لە دڵتدا ڕسکاوە..

خودای گەورە لـە نەخۆشی کوشندەی کیبر بمانپارێزێت خۆشەویستمان فەرموویەتی ( ناچێتە بەهەشتەوە کەسێك تۆزقاڵێك کیبر لـە ناو دڵیدا هەبێت..)

سەرچاوە: احمد شوقەیری..ئەکاونتی م سۆران محمد.

## من و تۆ

مەولـەوی ڕەحمەتی خودای لیَ بێت لـە مەقامێکی بەرز و کەشفی حیجابدا بە چاوی دڵ دەڕوانێتە مەلـەکوتی ئەعلا و بەزمانێکی سادەو وشەی یاقوتی لـەشەوێکی تاریك ونوتەکدا قوڵپی گریان و فرمێسك سەر دەکات و ئەم پەیڤە نورانیە دەچڕێت:

من هەر تۆم هەنی تویچ مەواچە تۆ

تۆم چەنی عامی بوو نیام چەنی تۆ

واتە: ئەی خودایا من تەنهاهەر تۆم هەیت لـەم ژیانەدا کە هانات بۆ بهێنم و پشتت پیَ ببەستم و نزاو داواکاری و لاوازی خۆمی پیَ بسپێرم، منی ناکامڵ و ناقص و عەیبدار لـەبەرامبەر تۆی کامڵ و مطلق لـە سیفات وایرادە و بیَ عەیبیدا..من بۆ زەبوونی و ئاتاجی دەڵێم تۆ..تۆیش بۆ لـێپرسینەوەو بۆچی و لـەبەرچی تۆدەکەیت بۆیە تۆ مەڵیَ تۆ ئەی خودایا..چونکە من هەر چەن و چوون و من وتۆییەکم لـەگەڵ خەڵکی و هەرکەسێکدا ببێت لـەگەڵ تۆدا نیمە لـەبەر ئەوەی من ڕازیم بە هەموو شتێك لـەناخۆشی و موسیبەت و ئازاری دنیایی هەرگیز ناڵێم تۆ بۆچی واتکرد بۆ وانەبوو خۆزگە وادەبوو یان وانەدەبوو..تۆم چەنی عامی بوو نیام چەنی تۆ لـەبەرئەوە خودایا لـێم خۆشبە و لـێپرسینەوەم لـەگەڵ مەکە و مەڵیَ تۆ .

تۆ تۆی دەروونم بگێڵە تێشدا

ئەر تۆدیت تۆیەك غەیر و تۆ تێشدا

مەئزون بە ئازیز باوەڕەش وە بەر
وەمەودای ئەڵماس پارەپارەش کەر

واتە: بگەڕێ بەناو توێ توێی دڵ و دەروونمدا ئەگەر تۆ غەیری خۆتت تێدا بەدی کرد، ئیتر خودایا سەرپشکبە ئیزنت بێ ئازیزەکەم دڵ و جەرگم دەربهێنە بەتیغی ئەڵماس پارچە پارچەی بکە ئەم ئیدعایە زۆر گەورەیە مەگەر عاریفێکی وەك حەزرەتی مەولەوی زاتی ئەوەبکا و بیڵێ بۆ ئێمەومانان ئەستەمە بوێرین نزیکی ئەم مەقامە بکەوین..ئەکاونتی م سۆران محمد

## خوایە کەفتەکارمان مەکە:

زۆرکەس دوعا دەکات کەکەفتەکارنەبێت و ئەم دەستەی موحتاجی ئەو دەستەی نەبێت، کەلەراستیدا ئەمە دوعای سەروەرمانە صلی الله علیە وسلم کەهەرکات لەمەجلیسێك هەستایە ئەم دوعایەی دەکرد: خوایە ئەوەندەمان ترس لەخۆت بدەرێ کەببێتە بەربەست لەنێوان ئێمەو سەرپێچی فەرمانەکانتدا، ئەوەندەمان گوێڕایەڵی پێببەخشە کەبمانگەیەنێتە بەهەشتەکەت، وەئەوەندەمان یەقین بدەرێ کە موسیبەتەکانی دونیامان لەسەر ئاسان بکات، خوایە گوێ و چاوو هێزوهەرەکەمان بۆبهێڵەوە تالەژیاندا‌ین، خوایە تۆڵەمان بۆئەوانەبێت کەستەمیان لێکردوین، سەرمان بخە بەسەر ئەوانەی دوژمنایەتیمان دەکەن،موسیبەتمان بالەدینەکەماندا نەبێت، وەدونیاهەموو مەبەستی ژیان وزانستمان نەبێت، وە ئەوەی بەزەیی نیە بۆمان زاڵی مەکەبەسەرماندا.. ئامین..

جا پشت بەخوا لەچەند ئەڵقەیەکدا باسی کەسێك دەکەم کەخوا بەکەفتەکاری تاقیکردۆتەوە،بەناوی شێخ لەتیفی شارەوانی (کەمئەندام)کەمن بۆخۆم چوومەتە

خزمەتی کاتی خۆی وەلەرێی ئەو بەرنامانەی رادیۆوە کەپێشکەشم دەکردن خۆشەویستی هەبوو بۆم، ژیاننامەکەی لە مامۆستای گەورەم (مامۆستا عمرنیزامی)وەرمگرتووە، خوا خێری بنووسێت .

مامۆستا عبداللطیف ئاوا باسی خۆی دەکات: ناوم لەتیف کوڕی مەلا حمە ئەمین کوڕی حاجی مەلا شێخ سەعیدی نەمەڵ لە ساڵی (1958 ) لە گوندی ڕازیانە لە نزیك پارێزگای سلێمانی لە دایك بووم، بەڵام ڕەحمەتی باوکم لە دایك بوونمی بە ساڵی 1962 نووسیوە، بەڵێ من لە پاش چەند دێ بە دێ کردن لە شارەزوورو لە ناوچەی سەنگاو، کاتێ لە سەنگاو بووین، ناوم هاتەوە بۆ سەربازی، وەلە ڕۆژی 1981/5/25 کرام بە سەرباز، بەڵام یەك ساڵم تەواو نەکرد لە 1982/5/11 دا خوای گەورە هەدیەی بۆ ناردم، ئەوە بوو لە شەڕی عێراق و ئێران لە شەلەمچە یەك گوللە دای لەسەر سینگم لە پشتەوە دەرچوو , هەر یەکسەر تووشی شەلەلی کردم و لە پشتێنەو خوارم وشك بوو، ئێستە ڕۆشتنم بە عەرەبانەیەو پەککەوتەی ماڵەوەم لە گەڕەکی شارەوانی لە سلێمانی والحمدلله علی کل حال .

خوێنەری بەڕێز: کاتێك کە ئەڵێم خوا هەدیەی بۆ ناردم هەر بە ڕاستی ئەم دەردە بە هەدیە دەزانم..

خوشکان و برایانی بەڕێز موسوڵمان هیچ کات نازانێ خێر بە چی یەوەیە، تەنها خوا خۆی دەیزانێ، من حەزدەکەم ئەوەتان پێ بڵێم کە لەوکاتەوەی خوای گەورە ئەم هەدیەی بۆ ناردم تووشی چەندەها خێری کردووم، یەکێ لەوانە فێری قورئانی پیرۆز بووم، بەوەوە نەوەستام وە ئەوەم هاتەوە یاد کە پێغەمبەرمان (صلی الله علیەوسلم ) دەفەرمووێ: ( خیرکم من تعلم القرآن وعلّمە ) واتە چاکترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێر دەبێ و خەڵکی تریش فێر دەکات.

بۆیە منیش چەند منداڵێکم لە دەوری خۆم خڕ کردەوە بۆ قورئان فێرکردنیان، الحمدللە هەتا ئێستاش هەر قوتابیم هەیە بۆ دەرسی قورئانی پیرۆز و، هەتا لە توانامدا هەبێ نابێ کەمتەرخەمی بکەم (إن شا ءاللە ) .

حەز ئەکەم ئەوەشتان پێ ڕاگەیەنم کە لەوکاتەوە تووشی ئەم دەردە بووم ( 11 ) جار نەشتەرگەریم بۆ کراوە، بەڵام هەزاران جار سوپاسی خوا دەکەم بۆ ئەم هەدیانەی کە بۆی ناردووم . لەئەڵقەکانی تردا باسی کاری خێرو هەندێ لە چالاکیەکانی دەکەین، تا ئەو کاتەی کەبەداخەوە دوای مانەوەی شەوو رۆژێك لەخەستەخانە شەوی 2013/8/13/12گیانی سپارد بەخوای خۆی رەحمەتی خوای لێ بێت!.

مامۆستا عمر نیزامی دەڵێت: شێخ لەتیف لە ساڵی (1982) لە جەنگی عێراق ـ ئێراندا گوللەیەك دابووی لەسەر سینگیو پشتێنەو بەرەو خواری وشك کردبوو، ژیانی لەسەر عەرەبانەبوو، بەو عەرەبانەیە خۆی دەچووە سەر ئاوو حەمامو دەسنوێژ، خۆی جلەکانی خۆی دەشۆرد، نانو ئاوی بۆ خۆی ئامادە دەکرد، تایبەت دوای شووکردنی خوشکەکەی و مردنی دایکی،لە ماڵێکدا بوو بە تاقی تەنیا.

بەرهەم و هەوڵەکانی شێخ لەتیف چەندین نامیلکەی نوسیوەو چاپی کردووە، لای من ئەم نامیلکانەی هەیە:

1- بۆ هەر دەردێ دەرمانێ، چاپی چوارەم، 2007.

2- تەعزیەی ژنان، چاپی یەکەم، 2011.

3- سەد پرسیارو وەڵام و ناوە جوانەکانی خوای گەورە، چاپی پازدەهەم،2013.

4- سەد فەرموودەی سەروەرمان، چاپی دووەم، 2012.

5- چۆن منالەکەت فێری نوێژ دەکەیت، چاپی چواردەهەم، 2010.

6- رووداوەکانی رۆژگار، چاپی یەکەم، 2009.

7- لەپەندەکان پەند وەرگرە. نوسخەیم لانیە.

8- لە هەر باخێك گوڵێك، چاپی یەكەم، 2008.

9- ئەلف و بێەك و، ڕێبازی فێربوونی حونجە بۆ ئەو منداڵانەی دەهاتنە لای بۆ فێربوونی قورئان،كەبەردەوام (15- 20) قوتابی قورئانی هەبوو، خۆی ڕێبازی حونجەی بۆ دانابوون و بۆی كۆپی دەكردن لە سەر ژمارەیان.

10- نامیلكەیەك بۆڕوونكردنەوەی (صندوقی هاوكاری نووسیوە كە لەشوباتی (2009م)، دایناوە پارەی مانگانەی لەدەوڵەمەندەكان وەرگرتووە، دابەشی كردووە بەسەر هەژارو بێوەژن و نەبووەكان...لەماوەی سێ ساڵدا نزیكی (60،357000 ) شەست ملیۆن وسێصەدو پەنجاو حەوت هەزاری دابەشكردووە بەسەر هەژاراندا.

بۆیە دەتوانم بڵێم: بەتەنیا خۆی كۆمەڵەیەكی خێر خوازی بوو، ناوی چەندین دەوڵەمەندی لابوو، مانگانە پارەی لێ وەردەگرتن و، دابەشی دەكردەوە بەسەر دەیان بێ باوك و، بێوەژن و، پیرە ژن و هەژاردا بێ ئەوەی یەك دیناری هەڵگرێت بۆ خۆی. مانگانە یان دوو مانگ جارێك نامیلكەیەكی دەنوسی بۆ ئەو كارو چالاكیانەی ئەنجامی داوەو، دابەشی دەكرد بەسەر ئەندامەكانی ئەوكۆمەڵەدا بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی خێرەكانیان دابەشكراوەو، لووش نەدراوە.

مامۆستا عومەر نیزامی دەڵێت: شێخ لەتیف دەستی شیعری هەبوو، هەموو شیعرەكانی ئاینین، زۆركات لاپەڕەیەكی شیعری دەنووسی و دەیان نوسخەی لێ كۆپی دەكردوو بڵاوی دەكردەوە بەمزگەوت و، شوێنە گشتییەكاندا ئیستایش لەزۆر هۆڵی پرسەكاندا پارچە شیعرێكی ئەوی تیایە دەربارەی خۆ ئامادە كردن بۆ مردن.

شێخ لەتیف دوعاكانی زۆر بە كوڵ بوو، دەیفەرموو دوعایەك گریانی لەگەڵدا نەبێت زۆر قەناعەتم بەقوبوڵبوونی نیە، زۆر كات لەكاتی قسە كردن و باس و خواسی دین و موسوڵماناندا خۆی گریان دەیگرت.

كاك عەباس فایەق میرەیی دەڵێ لێم بیست وتی:

ئێوارەیەکی ڕەمەزان حەنیفی خوشکم چوو بو بۆ دیدەنی مریەمی خوشکم، تەلـەفونی بۆ کردم ئەگەر من نەیەمەوە هیچ لـەسەلاجەکەدا هەیە بەربانگی پیٚ بکەیت؟ وتم: خواکەریمە تۆ مەیەرەوە، هەندیٚ نان و دۆم لایە بەربانگی پێدەکەمەوە. بەڵام لـەدڵی خۆمدا بیٚ ئەوەی دەری بڕم حەزم دەکرد بەربانگ بە سەرو پیٚ بکەم و، دوای تەراویحیش هەندیٚ هەنارم دەستکەویٚ بیخۆم.

دەڵیٚ ڕۆژووم شکاندو، نوێژم کرد، دەستم دایە سەلاجەکە نان و دۆکە دەرکەم، دایان لـەدەرگا، لای خۆمەوە بەکۆنترۆڵـەکە دەرگاکەم کردەوە منداڵیٚ بوو نەیشم ناسی، مەنجەڵێکی بچکۆلـە سەرو پێی هێنابوو. نانم خواردوو نوێژو تەراویحم کرد، درایەوە لـەدەرگا وەختێکم زانی شێخ بورهانی خزمم عەلاگەییٚ هەناری پێبوو وتی: شێخ لـەتیف ئەمەم هێناوە پێکەوە بیخۆین.

لـەمانەیش سەیرتر ساڵانە لـەشەوی 5/12/11 دا، کەشەوی پێکرانەکەی بووە لـەشەلـەمچە، خوانێکی خێری سازدەکرد، دۆست و خۆشەویستانی بۆ دەعوەت دەکرد و دەیوت: من ئەمشەو خوا هەدیەی داوە پێم!.

کاك عەباس میرەیی، کەزۆر لـەنزیکەوە ئاگاداری کارە خێرەکانی شێخ لـەتیف بوو، لـەم بوارەدا کۆمەکی دەکردو شایەتحاڵی جوولـە خێرەکانیەتی دەڵێت: (48) سەعات بەر لـەوەفاتی وتی: من دەمرم، نزیکی (300000) سێصەد هەزار پارەی خێری پێبوو دایە دەستم بۆی دابەش کەم، ئنجا وتی: تەعزیەم بۆ دامەنێن، خوشکەکانم هاوارم بۆ مەکەن و بۆم مەگرین! یەك لـەسەر سێی ماڵـەکەم بۆ حەنیفەی خوشکم بێت، چونکە زۆر خزمەتی کردووم. باقییەکەی دابەش کەن.

هەروەها لـەسەر وەسێتی خۆی سەیارەکەمان بۆ فرۆشت و پارەکەیم بۆ دا بە هەڵـکەندی بیرێك لـەمزگەوتێکدا.

دوای مانەوەی شەوو رۆژێك لەخەستەخانە شەوی 2013/8/13/12گیانی سپارد بەخوای خۆی رەحمەتی خوای لیٚ بێت!.

**هونەرو رەوشت:**

هونەر گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر بلاٌوکردنەوەو چەسپاندنی بەهابالاٌکان لە دەروونی مرۆڤدا، بەداخەوە کە لە سەدەی رابردوودا هونەر بەلارێدا براو بەهابالاٌکان و رەوشت وەلانران، بۆیە کۆمەلٌگایەکی شپرزو بیٚ بەرنامە هاتە کایەوە کە هەرچی هەولٌ وماندووبوون و قوربانی دانی بانگخوازان هەیە نەیانتوانیوە وەك پێویست بەری پێبگرن.

هونەرمەندی نوێژخوێن و بەرٍەوشت هەبوون بەلاٌم نەیانتوانی ئەو واقیعەی هونەر بگۆرٍن و رێرٍەوەکەی راست بکەنەوە، بۆنموونە ئەکتەری میسری حسێن شربینی لەکاتی تۆمارکردنی کارە هونەریەکانیدا فەرزێکی نەبوو زایەی بکات، سالٌی 1958 کۆلێژی ئادابی تەواوکرد بەشی فەلسەفە، بووە فەرمانبەر لە رۆژنامەی جمهوریە، دواتر چووە تەلەفزیۆنی میسری و پاشان چوو بەرەو نواندن و کەسێکی سەرکەوتووبوو لەکارەکەیداو نزیکی 400 کاری هونەری هەیە..

سالٌی 2002 لەکاتی دەستنوێژتندا لەمزگەوتی رابیعە قاچی شکاو پاشان چووبۆ حەج و زیارەتی سەروەرمان صلی الله علیه وسلم، وازی لەکاری هونەری هێناو لێیان پرسی: ئیلتیزامت بەدینەوە زیانی لێنەداوی؟وتی: خۆئەمەکرٍین و فرۆشتن نیە زیانی لێبکەیت، دینداری زۆر لەوە گەورەترە زیانبدات.

رۆژی دووی رەمەزان سالٌی 2007 پاش ئەوەی رۆژووی شکاندلەگەلٌ دووکچەکەی وهاوسەریدا، پالٌی دایەوەو شایەتمانی هێناو گیانی سپارد، بۆبەیانی دوای

عەسر لەمزگەوت جەنازەکەیان داناو مامۆستای مزگەوت وتی: سبحان اللە دوێنێ ئەم کاتە قورئانی دەخوێند لێرەداو دەگریا وا دوای 24 سەعات ئێمە نوێژی لەسەر دەکەین و قورئانی لەسەر دەخوێنین .

ناوبراو لەوەسێتیدا بۆکچەکەی دەڵێت: بەناوی خوای میهرەبان.. کچی خۆشەویستم نوها  ئاواتی سەرکەوتن و بەختەوەری هەمیشەییت بۆدەخوازم، وەکەهەمیشە یەکەم بیت لەقوتابخانەو لەماڵەوەو لەکارەکەتدا،کەگەورەبووی پشت بەخوا دەتبینم بوکێکی جوان و رۆشنبیریت، گرنگترین شت لەهەموو جیهاندا رەوشتە،رەوشت گەورەترە لەزانست و لەجوانی، خوا سەرکەوتووت بکات لەخوێندن و لەژیانتا.. باوکت حسێن شەربینی..

## گۆڕ هەڵکەنەکان....

ڕۆگێر گارودی  Roger Garaudy، گەورە بیریار و فەیلەسوفی فەڕەنسیی، هەزار ڕەحمەتی لێ بێت،(  لە ساڵی 1913 لەدایك بووە و لە 2012 وەفاتی کردووە)، 99 ساڵ ژیاوە، لە ساڵی 1982دا موسڵمان بووە.

کتێبێکی گرنگی هەیە  بە ناونیشانی (حفار القبور، الحضارة اللتي تحفر للانسانية قبرها)(گۆڕهەڵکەنەکان، ئەو شارستانییەتەی کە گۆڕ بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەکەنێت )

وەختێ پێشبینیەکانی ئەم پیاوە دەخوێنیتەوە  لەو کتێبەدا، تەزوو بە لەشتدا دێت و سام داتدەگرێت، ئاخر لە ساڵانی نەوەدەکانەوە، بە شێوەیەکی زۆر ورد باسی لە پلانەکانی ئەمەریکا بۆ داگیرکردن و داڕووخاندنی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت عێراق و لیبیا و سووریا کردووە، لەو کتێبەدا دەڵێت:

ئەمەریکا لە دوای شەڕی کەنداوەوە، عێراق و ناوچەکە لە پەلوپۆ دەخات و هێزی سەربازییان تێدا جێگیر دەکات و توانستی سەربازیی ئەو وڵاتانە، تەواو تەواو لاواز و بێسەروبەر دەکات، لە ڕووی نەژاد و ئایینیشەوە خەڵکەکەی پارچە پارچە دەکات و کۆمەڵگەیەکی لێك ترازاو بەرهەم دێنێت; ئینجا قەرزاری سندووقی دراوی نێودەوڵەتی دەکرێن و بە ئەنقەست دەخرێنە ژێر قەرزێکی زۆرەوە، بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەم قەیرانەیش، حکوومەتەکانیان بە شەرمەوە (پلانی چاکسازی) ڕادەگەیەنن!



خۆش ئەوەیە بە دەق دەڵێت: پلانی چاکسازی! ڕۆژیَ گارودی دەڵێت: پلانی چاکسازی یەکە بریتییە لەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

یەکەم: دابەزاندنی نرخی دراو لە بەرانبەر دۆلاردا، بە بیانووی زۆرکردنی هەناردە کردن و کەمکردنەوەی هاوردەکردن.

دووەم: دابەزاندنی گەورە لە خەرجییە گشتییەکاندا، واتە کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریی (تەندروستی) و (پەروەردەیی) و پاڵپشتییە کۆمەڵایەتییەکانی حکوومەت و کردنی سێکتەرەکان بە ئەهلی!

سێیەم: ئاو و کارەبا و تەواوی خزمەتگوزارییەکانی تر بە کەرتی تایبەت دەکرێن!

چوارەم: زیادکردنی باج و ڕێژەی سوود و زۆرکردنی بوارەکانی وەرگرتنی باج!

پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی کۆنترۆڵکردنی نرخەکان لەپێناو کەمکردنەوەی هەڵئاوساندا.


ئنجا دەڵێت: بەم شێوەیە ئەوەی دروشمی (ئازادیخوازیی ئەمەریکایی) بەو وڵاتانەی دەکات، بە هەزاران سەرباز و چەکی داگیرکاری ناکرێت، چونکە تا دوا دڵۆپە خوێنیان دەمژێت و خەڵکەکەیان برسی و تینوو دەکات!

لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێت: هەموو ئەمانە لە ڕێگای کۆمەڵێك کرێگرتە و کاسەلێسەوە ئەنجام دەدات، دەسەڵاتداران لە بەرانبەر کرێیەکی زۆردا، خزمەتی هێزی داگیرکاری دەکەن و هەرچی خێروبێری وڵات هەیە، بە ئەوانی دەبەخشن!

بۆیە ناوی کتێبەکەی ناوە (گۆڕهەڵکەنەکان)، ئەو ژیارەی گۆڕ بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەکەنێت!

کتێبەکە لە ساڵی 1998دا لە لایەن دەزگای (دار الشروق)ەوە بە عەرەبی چاپ کراوە و لە زمانی فەڕەنسی یەوە وەرگێڕدراوە.

کتێبەکە کراوەتە کوردی و (ئەحمەد حسێن) وەری گێڕاوە و (ناوەندی هاوسانی) چاپیان کردووە.




بەڵام با ئەو ئایەتەمان لە بیر نەچێت کە خودای گەورە دەفەرموێت: «وَمَكَرُوا وَمَكَرَ اللَّهُ ۖ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ. »

بەسوپاسەوە ئەم نوسینە وەرگیراوە لە مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست محمد جاف

..براتان: فەهمی مهندس

**ئەزموونی نزیکبوونەوە لەمەرگ**

ئەو ئەزمونەی فیکری مولحیدان دەهەژێنێت و تێیدەگەیەنێت دونیا زۆر لەوە گەورەترە کەوا بەهەستەوەرە مادیەکانمان دەیبینین و ڕۆح خۆی نیشان دەدات.

ئەو کتێبەی نووسی کە ئەزموونی کردبوو لەژیانیدا

*شتانێکی لەوێدا بینی کەوا دواتر حەقیقەتی ڕاست دەرچوو زانستیش نەیتوانی خوێندنەوەی بۆبکات.

*لەئەزموونەکەیدا دایك و باوکی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیەوە کەوا لەژیانیدا ئەونهێنیەیان لێشاردبووەوە خوشکێکی خۆی دۆزیەوە کەوا پێشتر نەیدیبوو دواتر کە وێنەکەیان نیشاندا تەماشای کرد ڕێك وەك ئەوکچەیە کە لە گەشتە 7ڕۆژەکەیدا دیویەتی بۆ جیهانێکی دی.

بەئازارێکی توندەوە خەبەرم بۆوە هەر لەوشەوە داخڵی چارەخانە بووم،ئەوەی بۆی ڕۆیشتم زیاتر لێرە واقیعی و مەوجوود و دامەزراوە، وەك دەرگایەکی گەورە بۆ جیهانی دووەم بۆم کرایەوە، دوای حەوت ڕۆژ هۆشم هاتەوەو گەڕامەوە لێرە ئاو و تاڤگە و گوڵزارێکی زۆر جوانم بینی، ئافرەتێکم بینی زۆر زۆری پێوتم شتانێکی زۆری بۆباسکردم چەندین ساڵە دەمەوێ گەشتەکەم بەزانستەوە بسەلمێنم هێشتا نەمتوانیوە، ئەوەی من بینیم و توانیم بیرم بمێنێ پەیوەندی بەدەرەوەی جەستەمەوە بوو، دەرەوەی دونیای ئێرەمان بوو حەقیقەت بوو کارلێکەکانی مێشك و جەستەم نەبوو فیزکی نەبوو، من لەخێزانێکی زانست دۆست گەورە بووم باوکم نەشتەرگاری دەمارە و زانایەکی ئەکادیمیەو خۆشم کیمیام خوێندووەو، پاشان کولێژی پزیشکیم لەزانکۆی دیووك تەواوکردووەو، پسپۆڕی نەشتەرگەری مێشك و دەمارم و لەزانکۆکانی دیوك و هارفەرد بووم، دەزانم مێشك و عەقڵ چۆن کار دەکەن ئەم باکگراوەندە زانستیەم

هەبوو ئینجا ئەو ئەزموونەم دی، ئیتر هەموو ئەوەی لەزانستەوە فێری بووم لەبەردەم شەپۆلی ئەزموونەکەما خۆی بۆ ڕانەگیرا و گۆڕانی سەرتاسەری لەژیان و بیرکردنەوەی مندا دروستکرد پێش ئەم ئەزموونە هیچ ڕێگەیەکم بەدی نەدەکرد بۆ لێکدانەوەی ژیانێکی تری پاش مردن .

بەسەر هاتەکەم بەم جۆرە دەستی پێکرد(....... باسی گەشتەکەدا لەڤیدیۆکە گوێبیست بە )..

من حەوت شەو و ڕۆژ بێهۆشبووم بەڵام بۆ منێکی دوور ڕۆشتوو سەدان ساڵی دوور و درێژ بوو هەستم پێکرد کەزۆر زۆرم پێچوە بەڵام وا هەستدەکەم لەڕۆژەکانی 5و6می بێئاگایمدا بەتەواوی چووبێتمە قوڵایەکانی نزیکی لەمردن و نزیك بوونەوە لەژیانی ئەولا، چونکە مەزەندەی ئەکەم کە چەند سەدساڵێ تەمەنم کرد لەوئەزموونەدا ڕوداوگەلێکی زۆرزۆرم بینی زۆر سەیروسەرسوڕهێنەر بەهیچ جۆرێك لەبیرم نەمابوو کەڕۆژێك لەڕۆژان لەدونیادا ژیاوم،دەزانم بەڕواڵەتەکانی ژیانی سەرزەویەوە ڕۆشتووم بەڵام بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە بەتەواوی زاکیرەم سڕابوویەوە، لەهەمانکاتدا شتێکی تر کەبەدەر لەجەستەو مێشکم بوو زۆر زۆر بەهێز بوو، ئەمە وادەکات تەفسیری ئەزموونەکەم ڕونتربکات و لەدەرەوەی جەستە بناسرێت و یارمەتیدەری زانست بێت بۆئەوەی بیناسێت .

کەگەڕامەوە لەئەزموونەکەم 9گریمانەم دانا کە ئەوە یاخود ئەوەی تربێت بەڵام گەیشتمە ئەوەی کەهیچیان نەبووە هیچ پەیوەندی بەمێشك و جەستە نەبووە شەپۆلێکی زۆر گەورەتر بوو لەوەی بەربەستەکانی منی ماددی بەرگەی بگرێت ئەوە گەورەترین دەرەنجامی ناماددی بوو منی بەوەگەیاند ئەزموونەکەم بەتەواوی ڕۆحی و دەرەوەی ماددی بوە..

(20,000)وشەم لەدووهەفتەدا نووسی، لەدوای ئەوە ئەزموونی ئەوانەم خوێندەوە کەنزیکبوونەوە لە مردنیان دیوە دیتم زۆر لەیەك دەچن و ڕۆشتنە بۆیەك شوێن ئیتر زانیم حەقیقەتم دیوە وزانیم باس لەپڕۆگرامێکی زۆر ورد و سەرسوڕهێنەر دەکەم، ڕۆح عاریف و زانایە بەڵام لێرە داپۆشراوە تا وای لێدێ لەدونیا نایناسینەوە ئەویش ناسك و شەفافە و خۆی ناشکێنێ هاوارناکا.

زۆرکەس لەوانەم دیوە کەئەزمونەکەیان دیوە پزیشك و ئەندازیار، خوێندەوار نەخوێندەوار کەسانی ئاسایی و هاوڵاتی بەڵام چڕی و پڕی و مەعریفەیەك کەپێی دەدوێن وئەزموونەکەیان دەگێڕنەوە دەزانی زانست و زانیاری و مەعریفەیەك فێردەبن وەك یەکن و لەوێ پێیان دەوترێت هی بینینەکانی ڕۆحیانە لەوێ ئەوزانستە هی دڵیانە کەپڕە لەمەحەببەت..

ڕاستە ڕەنگە پیشەی پزیشکی یارمەتیدەربێت بۆ نزیککردنەوەی وێنەکە بەڵام وێنەکە خۆی زۆۆر زۆر گەورەیە و قوتابخانەی فێربوونە بۆ هەموو کەسێك بەڵام هەرگیز مرۆڤ وەك پزیشك و شارەزاو ئەکادیمی گەشت ناکات مرۆڤ وەك ئەوڕۆژەی لەدایك دەبێت دەڕوات و دەبینێت.

هەستم بەنوێژی بوون و گەردوون دەکرد کە چۆن نوێژەکەن .

لەوێ هەست بە تەسبیحات و نوێژی هەموو گەردیلەکانی گەردوون دەکەی هەست بە هەمهەمەو حەلقەی تەسبیحات و زیکرەکەی

لەخۆشەویستیەکی ناوازەی زۆر شیریندا هەستی پێدەکەی کەناتوانرێ بوترێت و هەرگیز ناتوانم لەسەر پەڕەی کاغەز بینووسم....

هەموو جار بەنەخۆشەکانم دەڵێم:

نوێژ و دووعا بەکەم مەزانن زۆر زۆر گەورەیە، ئەوە دەرگای چاکبوونەوەیە نەك نەشتەرگەریەکانی ئێمە و عیلاج و دەرمانەکانی خەستەخانە، خۆ ئەگەر نەخۆشێك دووعای زۆر بۆکراو کۆچی دوایشی کرد مانای ئەوە نییە دوعاکانی گیرا نەبوون، نا ئەو دوعایە شوێنی خۆی گرتووە..

نوێژ (بەدوعاکانیشەوە چون نوێژ خۆی لەخۆیدا پڕە لە دوعا) هێزێکی تێدایە کەلەسەروو تێگەیشتنی ئێمەوەیە.

-ئەوکچەی لەگەشتەکەمدا لەگەڵمدا بوو بوو بە سوپرایس و موفاجەئەی گەڕانەوەم،لەویٚ نەمناسی کە ئەم کچە کێیە چ پەیوەندیەکی بەمنەوە هەیە بۆئەوەندە دڵسۆزە لەگەڵمدا بۆچی هێندە گرنگیم پێدەدات، لەکتێبەکەمدا ئیحساسێکم هێڵاوە خوێنەر هەستی پێدەکات کە پڕبەدڵ دەتگرێنیٚ لەو واقیعەی کە من لەو خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانیەی بۆمنی هەڵڕشت توانیم کەمێکی لیٚ باسبکەم.

کەگەڕامەوە زانیم من لەلایەن دایك و باوکمەوە هەڵگیراومەتەوە کوڕی ئەوان نەبووم .

دوای چوارمانگ لەئەزموونەکەم ئەو وێنەم دەستکەوت کە ئەوەی لەوگەشتە بینیومە بەتەواوی ئەوکچەی ئەم وێنەیەیە کە خوشکی ڕاستەقینەمەو ساڵی 1998کۆچی دوای کردووەو لەهەموو ژیانم نەم دیوە کەوێنەکەم دی ویژدانم هاتە گریان وخۆم بۆ ڕانەگیرا گریانم بوو بەهاوار و بانگەوازێك کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە و هەرگیز شین وگریانی وام نەکردووە ئیتر زانیم خوشکەکەم منی بۆ چرکەیەك جێنەهێڵا لە غەریبستان و پێشی نەووتم کە خوشکی تۆم دەبوو بمزانیبا ئەوهەموو میهرەبانیەی دایکم لەچاوی خوشکەکەم بینیم یەك پارچە سۆز و مەحەبەت بوو بۆ من..

ئێستا دەزانم ئەو پەلـەی خۆناساندنی نەبوو چ پەلـەیەتی کەمن بۆ سەفەرێکی کورتتر لـەجاری پێشوو ژیانم هاتۆتە ناو دنیا ئەو هەمیشە لـەهەتاهەتاییە، شەفەقەتی لێنابڕێ و دەیزانی ماوەیەکی تر دەچمەوە بۆ هەتاهەتایی ئەوێ و لـەوێ بەهەمیشەیی دەمێنمەوە، دەیزانی منێکی زیندووی دونیا و نەگەیشتوو بەبەرزەخ بەرگەی ئەو هەموو نهێنیە ناگرم هەتاوەکو پێم بلێ .

زۆر کەمی پێووتم ئەو کەمە زۆر زۆر بوو بۆ ئێرە کەنووسیمەوە لـەوێ یەك هەست و یەك چاو هەڵبڕین و یەك هەناسەی کورت بوو بەڵام لێرە زۆرزۆر بوو زۆر غوربەت و هەناسە ساردی دایگرتم کەئەم وێنەیە خوشکی منەو ناوی پین سینە خوشکەکەم ڕێك ئەوەی لـەئەزموونەکەمدا بینیبوم وێنەکەی هەمان وێنەو هەمان کەسایەتی بەبێ ئەوەی تۆسقاڵێك جیاوازیان هەبێت..

ئەم ئەزموونە پێمان دەڵێت:

ڕۆح هەمیشەییە و مردن نابینێت، ئێمە لـە بنەڕەتدا ڕۆحین، ڕۆحمان خۆبەستەی مێشکمان نییە، ئێمە زۆۆۆر لـەوە زیاترین تەنها جەستەیەکی ماددی بین،ڕۆحمان لـە ژێر خۆڵـەمێشی جەستەمانا بلێسە دارو پرشنگدارە.

پەیوەندیمان لـەگەڵ گەردوون و دەرەوەی گەردوون زیاتر و دەوڵـەمەندتر و فراوانترە لـەوەی کە ئێمە دەیزانین، ئەوە هۆکاری مانەوەمانە لێرە....

چەند سەرە قەڵـەمێك لـەکتێبی proof of heavent

(دلیل السماء) ی د. ئیبین ئەلیکسەندەر..وەرگیراوە لـەئەکاونتی مەریوانی مەلا نوری..

**نامەیەک بۆ خودا**

ئەم نامەیە تائێستا لە مۆزەخانەی گوڵستانی سەعدی لە شیراز ماوەو پارێزراوە ئەمەی ڕویداوە، سەرگوزشتەی نوسینی نامەیەکە لەلایەن فەقێ یەکەوە بەناوی (نەزەر عەلی)..لەسەردەمی نەسرەدین شای قاجار، گەنجێك هەبووە بەناوی نەزەر عەلی کە زۆر هەژارو دەست کورت بووەو، هیچ سەرچاوەیەکیشی نەبووە بۆ ژیانێکی سادەش.

بۆیە ڕۆژێ بە بیریا دێت کە نامەیەك، بۆ خوای گەورەبنوسێت...کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ خزمەتی جەنابی خوا.

من کە بەندەی جەنابتم، ئەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لەقورئانی پیرۆزدا فەرمووتانە (وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا ۚ كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ)واتە: ڕزق و ڕۆزی هیچ زیندەوەرێك نیە ئیللا خودا بۆی دابین کردووە.

دەی منیش بەندەیەکی زیندووی ئەم سەر زەمینەی تۆم...

پاشان هەر بۆخۆتان لە جێیەکی دیکەدا فەرمووتانە:

(انّ الله لا يخلف الميعاد)واتە خوداوەند لەوەعدو بەڵێنەکانی پاشگەز نابێتەوە. !

هەربۆیە داوات لێ دەکەم کە ئەم پێویستیانەی خوارەوەم بۆ جێ بەجێ بکەی:

1- هاوسەرێکی جوان و دیندار.

2- خانوویەکی چاك و فراوان.

3- خزمەتکارێك.

4- ئەسپ و گالیسکەیەك.

5- باخێك.

6- بڕێکیش پارە بۆ کارێکی بازرگانی بچوك.

تکایە لوتف بفەرمون ئەگەر جێ بەجێتان کرد بۆم،جوابم لێ بگێڕەرەوە.

ناونیشان: مەدرەسەی مەروێ، تاران،حوجرەی ژمارە 16 ـ نەزەر عەلی،خزمەتکارت.

نەزەر عەلی دوای نووسینی نامەکە، بیردەکاتەوە، باشە ئەم نامەیە چۆن بگەیەنێتە دەستی خوا، لەدڵی خۆیا دەڵێ:

دەڵێن مزگەوتماڵی خوایە، کەواتە دەیبەم لەوێ بۆی دادەنێم...!

ئەڕوا بەرەو مزگەوتەکەی ناوبازاڕ، کە پێشتر بە مزگەوتی (شا) مەشهور بوە، ئەچێتە سەربانی مزگەوتەکەو، لە بەینی یەك دوو بەردا دەیشارێتەوەو، ئەڵێ خوا خۆی دەیدۆزێتەوە...!

ئەورۆژە ڕۆژی پێنج شەممە بوو کە نامەکەی لەوێ دانا، بۆ بەیانی ڕۆژی هەینی، نەسرەدین شای قاجار، بەمەبەستی ڕاوکردن لەگەڵ دەستەو دایەرەکەیدا بەڕێ دەکەون، کاتێك بەبەردەمی مزگەوتی شادا تێدەپەڕێ لەوکاتەیا بە قەولی پەروینی ئیعتصامی:

نقش هستی نقشی از ایوان ماست

اب و باد و خاك سرگردان ماست

هەر لەپڕو بە ئیزنی خوا، بایەکی توند هەڵەکاو نەسرەدین شای قاجار ناچار بەوەستان دەکاو، دەڵێ مادام وای لێهات باسەرێ لەمزگەوت بدەین، لەوکاتەیا باکە نامەکە هەڵدەگرێ و ڕێك دەکەوێتە بەر پێی نەسرەدین شاو، ئەویش دادەنەوێ و نامەکە هەڵدەگرێ و دەیخوێنێتەوە، یەکسەر دەستور دەدا، کە بگەڕێنەوە بۆ کۆشك و، لەوێ بە دارودەستەکەی دەڵێ بچن ئەم نەزەر عەلی یە بدۆزنەوەو بیهێنن بۆ ئێرە..

کاتێ نەزەر عەلی دەگاتە کۆشك، شا پێی دەڵێ ئەو نامەیەی کە نووسیبووت بۆ خوا، جەنابیان فەرمانیان بە ئێمە کرد،کە هەموویت بۆ جێ بەجێ بکەین...!!

بەئامادەبوونی هەموو وەزیرەکان، یەك بەیەکی داواکاریەکانی نەزەر عەلی، جێ بەجێ کرا...!!!

ئەم. نامەیە، تائێستاش لە مۆزەخانەی گوڵستانی سەعدی لە شیراز پارێزراوە..

ئەم سەرگوزشتەیە، دەتوانێ ببێتە وانەیەکی زۆر باش سەبارەت بە تەوەکول و پشت بەستنمان بەخوای گەورە،بەڵام لەیادت بێ ئەگەر دەتەوێ بەخزمەتی خوا بگەی، یان داواکاریەکانت بگاتە خزمەتی تەنها پێویستت بە دڵێکی پاك و نیەتێکی ساغ هەیە.. (لە گوڵستانی سەعدیەوە) (ئەکاونتی بیری نوێ).!!!



**رەگەزپەرستی:**

**چواردەسەدە زیاترە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کار لەسەر نەهێشتنی رەگەزپەرستی وکۆیلایەتی و پۆلێن کردن لەسەر رەنگ ونەتەوە دەکات و رێزی بۆئادەمی داناوە کە فریشتەکانیش بەفەرمانی خوا سوژدەیان بۆئادەم بردووە سەلامی خوای لێبێت، مامۆستای مرۆڤایەتی دەفەرموێت** (إنَّ ربَّكم واحدٌ وأباكم واحدٌ ولا فَضْلَ لعربيٍّ على أعجميٍّ ولا لعَجَميٍّ على عربيٍّ ولا **أحمرَ** على أسودَ ولا أسودَ على **أحمرَ** إلَّا بالتَّقوى ). **واتە: پەروەردگارتان یەکەو باوکتان یەکە، عەرەب فەزڵی نیە بەسەرعەجەمداو عەجەمیش فەزڵی نیە بەسەر عەرەبداوسوور بەسەر رەشداو رەش بەسەرسووردا مەگەر بەتەقوا..**

**ئیسلام بەکرداریش ئەمەی پیادەکرد کەبیلالی رەش پێست بانگبێژی سەروەرمان بوو، هەروەك هەموو هاوەڵانی تر رێزداربوو. ئەم ئاکارە جوانەی ئیسلامیش بەردەوام بۆتە مایەی هیدایەت و هاتنی خەڵکی بەرەو ئیسلام.**

**ئەوانەی لافوگەزافی پێشکەوتن و مافی مرۆڤ لێدەدەن ئەوە حاڵیانەوئەوە رابردوویانە، هاتی ماکدانیڵ رۆڵی ئەو ئافرەتەی دەبینی کەلە فیلمی کارتۆنی تۆم وجێریدا دەردەکەوێت، ناوبراو ویستیان خەڵاتی ئۆسکاری بدەنێ ساڵی 1940 بەهۆی رەگەزپەرستیەوە نەیانهێشت ئامادەی ئاهەنگەکە ببێت و لەژوورێکی جیا لەهۆڵەکە خەڵاتەکەیان دایە، تامردیش بەئاواتەوە بوو لەقەبرسانی هۆلیود بەخاکی بسپێرن، خاوەنی گۆڕستانەکە قایل نەبوو رەش پێستێك لەوشوێنەدا بنێژرێت. ئەمەبێجگە لەوەی لەدەرگای چێشتخانەو هەندێ شوێنی تردا دەنووسرا ئەم شوێنە سەگ و رەش پێست قەدەغەیە بێنە ژوورەوە..**




من بەناحەزان و رەخنەگران دەڵێم ئێوە کەسەری زمان و بنی زمانتان دژایەتی ئەم دینەیە ئەگەر راست دەکەن بەرنامەیەکم بۆبهێنن کە لەئیسلام باشتر بێت ﴿قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (111)البقرة﴾.

**بانگەوازو بانگهێشتێکی تەواو:**


دکتۆر مازن موبارەك کە دکتۆرای هەیە لە ئادابداو زانایە لەزمانی عەرەبیدا لە قەتەرو دوبەیو سوریا سەرۆك بەشی زمانی عەرەبی بووە دەڵێت: بیرم کردەوە لە دەستەواژەی (اللهم رب هذه الدعوة التامة والصلاة القائمة)(الدعوة التامة) مەبەست

پێی نوێژ نیە چونکە ئەوەتا باسی نوێژی بەجیا کردووە، بانگەوازو بانگهێشتی تەواو بانگە کەتەنها لەئیسلامدا هەیەو لەخەودا فێری حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب و هاوەڵێکی تر کراو سەرووەریشمان پەسەندی کرد (صلی الله علیه وسلم).. لەبانگدا شایەتمانی تیایەو نوێژ کردن و هاندان بۆ (فلاح) وسەرفرازی تیایە کە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ ئەگرێتەوە تائەو ڕۆژەی دونیا بەجێدەهێڵێت..

منیش بۆخۆم زۆرجار ورددەبمەوە لەخۆشتن ولەش پاکی ودەستنوێژوبانگ و نوێژکردن و وەستان وسورەتی فاتیحە خوێندن و رکوع و سوژدەو تەحیات و هەمووئەوانەی تیایانا دەوترێت، سەرسام دەبم لەو بەرنامە رێژیە جوانەی ئیسلام کە





رۆژانە پێنج جار ژوانمان بۆ رێکدەخات لەگەڵ خوای موتەعالدا کەرازونیازی لەگەڵدابکەین وگوناهەکانمان بشۆینەوە، جا هەروەك دکتۆر ئەحمەد بەسام الساعی دەڵێت دەبێت بەباشی روکنی دووەمی




ئیسلام بدۆزینەوەکە ئیدارەی ژیانمان دەکات، هەروەك لەکتێبەکەیدا باسی دەکات کە دکتۆر حسێن کردویەتی بەکوردی و رێکخراوی زەهاوی بۆیان چاپ کردووە..

**بانگخوازی:**




ئازیزانم لەهەرکویێ هەن، ئەگەر وەك هاوەڵانی مەککە سەرزەویان لێکردون بەچەرمی چۆلەکەوستەمتان لێدەکرێت، ئەگەر وەك سەروەرمان کۆچ دەکەن و دوژمن دووسەد حوشتری بۆ گرتنتان داناوە بەزیندوویی یان بەمردوویی، ئەگەر وەك حەزرەتی یوسف سەلامی خوای لێبێت لە بەندیخانە توندکراون بەناهەق، ئەگەر وەك حەزرەتی یەعقوب لەسەرەمەرگدان بیری ئامۆژگاری خێرو بانگەوازتان بێت، چونکە ئەوان بەو باروزروفانەشەوە خەمی هیدایەتی خەڵکیان بوو..

بانگخوازی شەرەفێکی گەورەیەو مەقامی پێغەمبەرانە چونکە هەمان کاری ئەوان دەکەن.. بەراستی ئێمە پەیامێکی خوایی هەقمان پێیە و فەرمانمان پێکراوە بیگەیەنین، خەڵکانێکی زۆر لەرێی ئەرێیەك وەستاون تا بێن بەرەو هەق و راستی، ئەوە سەربازی مارێنزی ئەمەریکی ریچارد ماکینیە پاش بیست و پێنج ساڵ جەنگان وکوشتنی موسڵمانان لە عێراق و سۆماڵ و ئەفغانستان، پاش چارەکەسەدەیەك دژایەتی ئیسلام کەویستی مزگەوتێك لەئەمەریکا بتەقێنێتەوە، لەم ماوەیەدا بەهۆی کچەحەوت ساڵانەکەیەوە موسڵمان بوو کە هاوەڵێکی موسڵمانی هەبوو لەقوتابخانەو ئەمەش وای کرد ناوبراو

بەخۆیدا بچێتەوەو دیراسەی ئیسلام بکات و سەرەنجام موسڵمان بێت.. پاشەڕۆژ بۆ ئیسلامە.. کەئەوەش وەعدی خواو پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم.

**دکتۆر مونزیر عەیاشی:**

ناوبراو ساڵی 1945 لەسوریا لەدایکبووەو ماستەرو دکتۆرای هێناوە لە(الدراسات الأسلوبية) لەفەرەنسا لەساڵی 1979دا، پاشان دکتۆرایەکی دیکەی هێناوە لە(زمانەکاندا) لە قاهیرە ساڵی 1983،وە چەند پەڕاوێکی نووسیوەو ئەدیبێکی ناودارە .

ناوبراو لەم ماوەیەدا دەچێت بۆ فەرەنسا لەگەڵ هاوسەرەکەیداو دەڵێت: بەهۆی کرۆناوە کارمەند کەمبوون کەپاڵ بە کورسی کەم ئەنداکمەکانەوە بنێن، بۆیە ئەفسەرێکی ئافرەتی فەرەنسی ناو فڕۆکەخانە پاڵی بەکورسیەکەمەوە نا وکەوتە قسەلەگەڵم کە کارم چیە ؟؟وتم: نووسەرم،وتی: دەزانی قسە بێماناکانی ماکرۆن وای لێکردم دیراسەی قورئان و ئیسلام بکەم. چۆن دەتوانم موسڵمان بم، وتم: بەشایەتمان هێنان دەبیتە موسڵمان.

لەم قسانەدا بووین گەیشتینە هۆڵی چاوەڕوانی و خزمانم هاتبوون لەبەرچاوی ئەوان و بەشایەتی ئەوان شایەتمانی هێناو موسڵمان بوو، پاشان هەموو پیرۆزباییان لێکردو دەنگی(الله أكبر)بەرزبۆوە.

بەندەش دەڵێم ئەم رەفتارەی ماکرۆن دەبێتە هۆی زیاتر ناساندنی ئیسلام بەفەرەنسیەکان ئەوەش یەکێکە لەبەڵگەکان،نوری خوا بەفووی ناحەزان ناکوژێتەوە.






**بەسەرهاتێک:**

لەئەمەریکا ساڵی 1903کوڕێکی سیانزەساڵ دەکەوێت و ئەژنۆی ئازاری پێدەگات وقسەناکات لەماڵەوە، دوای چەند ڕۆژێك پەکی دەخات و پزیشکی بۆدێنن، پاش فەحس کردن پزیشکەکە بەباوکی دەڵێت: دەبێت قاچی ببڕێتەوە ئەگینا دەمرێت، کوڕەکە تێدەگات لەباوکی ئەپاڕێتەوە کە کاری وانەکەن، کەدەزانێت باوکی بەقسەی ناکات هاواری بۆدایکی برد ئەویش بۆئەوەی سەلامەت بێت پێی باش دەبێت قاچی ببڕنەوە بۆئەوەی نەمرێت، ئنجا هانا بۆبراکەی دەبات کە گەورەتر بوو لەخۆی وناوی (ئەدگارد)بوو، ئەویش بەرگری لێدەکات و دەڵێت: بەهیچ جۆرێك نایەڵم بیبڕنەوە، چەند ڕۆژێك بەو حاڵەوە دەمێننەوە، ڕایان دێتە سەر ئەوەی هەموویان لەخوا بپاڕێنەوە، بەکوڵ ودڵ هەموویان دوعا دەکەن، سەرەنجام وردە وردە خوا شیفای دەدات..ئەم کوڕە دواتر بووە جەنڕاڵ ئیزنهاوەر کە سەرۆکی حولەفا بوو لەجەنگی

جیهانی دووەمداوسەرۆکی سی وچواری ئەمەریکا بوو لەساڵی (1953 تا 1961 )..



جا بەڕاستی خوای گەورە پەروەردگاری جیهانیانە و نزیکە لەهەموو بەندەکانیەوە کاتێك کەسانێك لەحاڵەتی پێویستیا هانای بۆدەبەن وەڵامیان دەداتەوە سابەڵکو باشتر خوا بناسن ورێی راست بگرنەبەر هەرچەند بەداخەوە زۆریان پاش جێبەجێ بوونی کارەکانیان هاوەڵ بۆخوا بڕیاردەدەن، هەروەك ئەوانەی لەکەشتیەکدا زریان و تۆفان دەیانخاتە پەلەقاژێ و بەتەمای خۆیان نامێنن و بەدڵ لەخوا دەپاڕێنەوە رزگاریان بکات کەرزگاریان دەکات ئەڵێی نەبایان دیوە نەبۆران.

**خەم مەخۆ**

یوسفی وەنبوو هەم دیسان دێتە کەنعان غەم مەخۆ

خانی غەم دەبینی رۆژێ وەك گوڵستان غەم مەخۆ

ئەو دڵە غەمگینە حاڵی چاك ئەبێ دوودڵ مەبە

ئەو سەرە سەودابیە دێ ڕوو بەسامان غەم مەخۆ

گەرتەمەن یاری بکا ساڵێکی دی فەسڵی بەهار

گوڵ دەبێتە سایەوانت بولبولی جوان غەم مەخۆ

تۆکە رازی غەیبیی نازانی ئومێدێ بەرمەدە

پشتی پەردەی لێیەتی چاکی نیازان غەم مەخۆ
سوورڕی دونیایە ئەگەر دوورۆژ بەکەیفی تۆنە بوو
کەیف و خۆشیت دێنەوە وەك جاری جاران غەم مەخۆ
گەر بەعیشقی دیتنی بەیتێ بەڕێوەی بۆ حەجێ
بالـەپێت ڕاچێ دڕکودالّی موغیلان غەم مەخۆ
گەر بناغەت هە ڵکەنێ ئەمڕۆ سەسێڵاوی فەنا
گەر میوانت چوونکە (نوحە) قەت لـە تۆفان غەم مەخۆ
گەرچی ڕێگا زۆربەترسە و نادیارە مەنزڵی عیشق
ئاخری کۆتایی دێ ڕێگەی پیاوان غەم مەخۆ
چۆنێتی ئێمە لـەدووری یار و سەر کۆنەی رەقیب
پاکی ڕوو سوورە لای زانای رازان غەم مەخۆ
(حافزا) لـەو کۆنە کوخەو خەڵوەتی شەوگاری تاریك
زیکر و فیکرت تا دوعایە و دەرسی قورئان غەم مەخۆ

شاعیری گەورە (حافزی شیرازی )

**وەفـاداری...**

تا ئەو بەیانیە خۆشەویستی ڕاستەقینەم بۆ ڕوون نەبووبۆوە لـە کاتێکدا سەرقاڵی کاروبارەکانم بووم لـە دەوروبەری کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانیدا پیاوێکی پیـر هاتە ژوورەوە کە تەمەنی لـە هەشتا ساڵ نزیك ببوەوە بۆ ئەوەی پەنجەی بۆ تیمار بکەم .

وتی زۆرم پەلـەیە , کاتێکی دیاری کراوم هەیە لـە دەوروبەری کاتژمێر نۆدا .

کورسیەکم بۆ هێناو کەوتمە گفتوگۆ لە گەڵیدا هەوڵمدا ئەو دڵتەنگیەی لە بیر بەرمەوەو گرنگی بدەم بە برینەکەی .

پرسیارم لیّ کرد: مەگەر بەم بەیانیە زووە کاتی دیاری کراوت هەیە بۆ سەردانی دکتۆر بۆیە ئاوا پەلەتە ؟!

وەڵامی دایەوەو وتی: نەخێر دەبێت من بچم بۆ ( لانەی چاودێری پیران ) بۆ نان خواردنی بەیانیم لە گەڵ خێزانمدا.

پرسیارم لیّ کرد: خێزانی تۆ بۆ چووەتە لانەی چاودێری ؟

لە وەڵامدا وتی: ماوەیەکە تووشی نەخۆشی( زهایمر ) واتە لە بیر چوونەوە بووە.

لەو ماوەیەی پێکەوە قسەمان دەکرد هەوڵمدا برینەکەی بۆ تیمار بکەم و خەیاڵەکەی بگۆرم .

پرسیارم لیّ کرد: ئایا خێزانەکەت دڵتەنگ دەبێت ئەگەر هەندێك لە کاتی دیاری کراو دوا بکەویت ؟

لە وەڵامدا وتی: ئەو نازانیّ من کێم ئەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەبێت هیچ کەسێك ناناسێتەوە!

زۆر بە سەرسوڕمانەوە وتم: لەگەڵ ئەوەشدا هەموو بەیانیەك بۆ نانخواردنی بەیانی دەچیتە لای لە کاتێکدا کە نازانێت تۆ کێی ؟!

زەردەخەنەیەك گرتی و دەستەکانی گووشیم و وتی:

ئەو نازانێت من کێم بەڵام من دەزانم ئەو کێیە!!

من ژیانێکم لە گەڵ ئەودا بەسەر بردووە و هاودەمی هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانم بوو .

ئەگەر ئەو بە هۆی نەخۆشییەوە منی بیر نەماوە خۆ من نەخۆش نیم چۆن دەبێت ئەوم بیر بچێت ؟!

ئێمە پەنجا ساڵ هەموو بەیانیەك پێکەوە نانی بەیانیمان خواردووە مەگەر لە سەفەر بووبم، ئێستا چۆن بیٚ ئەو نانم پیٚ دەخورێت ؟!

گریان لە گەروومدا تاسا و فرمێسکەکان لە چاومدا قەتیسمان و هەوڵمدا فرمێسکەکانم بشارمەوە تا ئەو کاتەی دەڕوات!!

بە خۆمم وت: ئەمە ئەو جۆرە خۆشەویستیەیە کە پێویستمە لە ژیانمدا..

ئێمە هەموومان پێویستمان بەم جۆرە خۆشەویستیەیە .

بە ڕاستی ئەمەیە خۆشەویستی ڕاستەقینە!!

ئێمە خۆشەویستی پاکمان دەوێت لە ژیانماندا، کەسانێکمان دەوێت کە ڕێزی خۆشەویستی بزانن و بەئەمەك و وەفادار بن..

دەمانەوێت ئەوانەی کە لە دەورو بەرمانن خۆشیان بوێین:

دایك و باوك، خوشك و براکانمان، هاوڕێکانمان کەسوکارمان، منداڵەکانمان...

چ وەفادارییەکی بەرزە، پاش ئەوەی خێزانەکەی بیرو هۆشی لە دەست داوەو نازانێت ئەو کێیە، لە هەمان کاتدا ئەم خۆشی دەوێت و لە بیری نەچووەو دەزانێت ئەو کێیە!! . ئەم چیرۆکە لە ( گۆڤاری بڕیار ) وەرم گرتووە.

## بۆخوا سوڵحاوان:

پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت هەڵبژاردەی خوان، بەرەکەتدارن، ئەوەتا حەزرەتی عیسا سەلامی خوای لێبێت دەفەرموێت ﴿وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنْتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا (31)مريم﴾. سەروەریشمان صلی الله علیه وسلم هەر لەمنداڵیەوە بەرەکەتداربووە، ئەوەش دایەنەکەی حەلیمەی سەعدیە هەستی پێکرد کە ماڵات وئەرزو ئاویان خێرو بەرەکەتی تێکەوت .

کەسانێکیش هەن هەرچەند پێغەمبەریش نین بەڕاستی بۆخوا سوڵحاون ونزیکن و بەرەکەتدارن، ئەوەتا (**خضر**) لەهەرکوێ دانیشتایە وشك و برنگ وبێ سەوزایی بوایە بەفەزڵی خوا بۆی سەوزدەبوو.. ئەوە بێجگە لەوەی کە زانستی تایبەتی پێدابوو..هەروەك لەفەرموودەدا هاتووە:

إنَّما سُمِّيَ الخَضِرَ أنَّهُ جَلَسَ على فَرْوَةٍ بَيْضَاءَ، فَإِذَا هي تَهْتَزُّ مِن خَلْفِهِ خَضْرَاءَ.

الراوي: أبو هريرة | المحدث: البخاري | المصدر: صحيح البخاري

خوای گەورەی بالأدەست لەشادەماری ملمان لێمان نزیکترە (وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ (16) ق ).. داواشمان لێدەکات کەنزیك بینەوە بەتایبەت بەسوژدە بردن بۆخوا (وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ (19)العلق)


.

ئەو نزیکبوونەوەیە بریتیە لەناسینی زیاتری خوا وتێگەیشتن لەنزیکیەکەی ئەمەش زانای خواناس (ئیبن عەتای سکەندەرانی )زۆرجوان ئاماژەی پێکردووە کەیەکێکە لەحیکمەتەکانی (قُربُك مِنه أنْ تكونَ مُشاهِدا لقُربِه، وإلا فَمِنْ أينَ أنتَ و وجودُ قُربه؟ ).. واتە: نزیکیت لەخوا ئەوەیە کەنزیکییەکەی بەدڵ هەست پێبکەیت و ببینیت، ئەگینا تۆ لەکوێی و بوونی نزیکی ئەو لەکوێ ؟

پەرستشەکان وخێروچاکەکردن و قوربانیدان بۆخواو زاڵ بوون بەسەرنەفس و شەیتاندا ڕێگەی نزیکبوونەوەن لەخوا، خۆزگەم بەوەی بەڕاستی دۆستی خوایە ونزیکەوگەیشتۆتە پلەی ئیحسان و بە دڵ هەست بەنزیکی خوا دەکات . وێنەی گەنجێك کەلەوەدەچێت دۆستی خوا بووبێت بۆیە ئاوا لەسوژدەدا گیانی سپاردەوە بەخوا:



## گەورەیی لێبوردن:




ئەوەی دەیبینن دانیال هۆرتن ە کەویستی لەلەندەن بانگبێژێك بەچەقۆ بکوژێت لەمزگەوتەکەیا و ملی بریندارکرد، پۆلیس گرتی و دادگایی کرا، بانگبێژەکە لێی خۆش بوو ئەمەش وای کرد ناوبراوموسڵمان ببێت. ئەمەش بەڵگەیە کەداهاتوو بۆ ئیسلامە بۆیە ئەو هەموو هێرشەی دەکرێتە سەرودژایەتی دەکرێت..

**گەنجێک دەگێڕێتەوە** و دەڵێت: وەك ڕۆژان کەمێك درەنگ گەڕامەوە لە کارەکەم ; بینیم مۆزفرۆشێك لە کەشوهەوایەکی سارد دا چاوەڕێی دواهەم کەس دەکات تا مۆزەکەی تەواو بێت و بگەڕێتەوە ماڵەوە منیش بڕیارمدا مۆزەکەی لێبکڕم هەرچەندە مۆز لە ماڵەوە هەبوو...! ئەوکاتەی نزیك بوومەوە و ویستم مۆزەکەی لێبکڕم بینیم کەسێك دەیەوێت مۆزەکە بکڕێت منیش مەجالم دا و لەتەنیشتی وەستام و پێمووت من پێویستم بە مۆز نییە لە ماڵەوە هەمانە.... تەنها ویستم لەم سەرمایە نەمێنێتەو و بگەڕێتەوە ماڵەوە...!!


ئەویش وتی: منیش پێویستم بە مۆز نییە تەنها لەبەر ئەوەی لەوسەرمایە نەبێت ویستم مۆزی لێبکڕم ئەگینا لەماڵەوە مۆزمان هەیە...! منیش تووشی سەرسوڕمان بووم خوای گەورە لە یەك کاتدا دوو کەسی ناردووە بۆ ئەم مۆزفرۆشە...!!

لە خۆمم پرسی چی وای لە ئێمە کرد ڕەحم بەم کەسە بکەین ؟؟

تا ئەوکاتەی بینیم ئەم مۆز فرۆشە ڕۆژانە بڕێك لە مۆز بە خۆڕایی دەبەخشێتە ئەو کەسانەی خەریکی پاککردنەوەی شەقامن..!!

لێرەوە هەستم بە ڕاستیەکان کرد خوای گەورە بۆ چاکەکاران کەسانێك دەڕەخسێنێت و سەرکەوتنیان پێدەبەخشێت کە لە بیرکردنەوەی هیچ کەسدا نییە کردەوەی چاکە بکە یارمەتی خەڵك بدە ; دڵنیابە ڕۆژێك لە ڕۆژان دێتەوە ڕێگەت (ئەکاونتی مامۆستا عبدالدائم هەورامانی).

## نوری سەعید باشا



سەرۆك وەزیرانی عێراق 1930-1958

هەفتانە جارێك بۆ سەرتاشین دەچووە لای جەوادی دەلاك..هەرجارێك كە جەواد سەری نوری سەعیدی چاك دەكرد، كوڕی سەرتاشەكە خاولی بۆ سەرەك وەزیران ڕادەگرت و پاشاش هەموو جارێك وەكو بەخشیش چوار فلسی دەدایە منالەكە، ئەو كوڕەی جەوادی دەلاك گەورە دەبێت و پۆلی پێنجی ناوەندی تەواو دەكات،(ئەوكات قۆناغی ئامادەیی تاوەكو پۆلی پێنج بوو) ڕۆژێك لەكاتی سەرتاشینی پاشادا جەواد پێی دەڵێت: جەنابی پاشا ئەوە كوڕەكەشم پۆلی پێنجی تەواوكرد، پاشاش پیرۆزبایی لێكرد، جەوادی وتی: گەورەم دەمەوێ هاوكاری بكەیت بەڵكو لە كۆلیژی سەربازیدا وەریبگرن و ببێتە ئەفسەر لە سوپای عێراقدا! نوری سەعید پێی دەڵێ: دەتوانم بۆ هەر كۆلێژێك كە خۆی بیەوێت لەوێ وەریبگرن بەڵام بۆ كۆلیژی سەربازی مەحاڵە! جەوادی دەلاكیش پرسی: قوربان بۆچی كۆلێژی سەربازی مەحاڵە !؟ پاشاش وتی: ئاخر ئەو كوڕەی تۆ لە منداڵیەوە خاولی بۆ من رادەگرێ و بەخشیش وەردەگرێ، بەیانی ببێتە ئەفسەریش هەر بەرتیل لە خەڵك وەردەگرێ و دوورنیە وڵاتەكەشی بفرۆشێ. ئەكاونتی رۆژی نوێ..

**بەڕاستی ئەم هیدایەتە سەیرە:**

ئەکتەری سینەمایی مونا داغر ساڵی 1923 لە لوبنان لەدایکبووەو پاش ئەوەی باوکی ئەمرێت لەگەڵ دایکیا (ئاسیا داغر)و پوریا دێنە میسر، دایکی لەگەڵ ئەوەدا نەخوێندەواربووە کۆمپانیای لۆتس دادەمەزرێنێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و نازناوی دایکی سینەمای میسری پێدەدرێت، فیلمی سەلاحەدین بەرهەم دێنێت کە نزیکەی ملیۆنێك دۆلاری تێدەچێت وهەرچەند دەوڵەت هاوکاریشی دەکەن چونکە عەبدول ناصر خۆی بەسەلاحەدین دەزانی، تووشی زیانێکی زۆر بوو .

مونا داغر ساڵی 1944 دەستی کرد بەنواندن و بیست فیلمی دەرکرد کە دایکی بەرهەمهێنی بوو . لە ساڵی 1955 شووی کرد بە پارێزەرێکی بەناوبانگی میسری بەناوی عەلی مەنصور، شەش مانگ ئەم ئافرەتە سەیری رەوشت بەرزی و خواناسی مێردەکەی کرد کەنموونەی موسڵمانی راستەقینە بوو، موسڵمان بوو، وازی لەنواندن هێنا و هەرچەند دووگیان بوو چوو بۆحەج و لەوێ کچێکی بوو ناوی نا فاتیمە لەخۆشەویستی فاتیمەی کچی سەروەرمان صلی الله علیە وسلم، دواتر دووکچی



دیكەی بوو، زۆر هەوڵیدا لەگەڵ دایكیا فلیمەكانی لەناوبرێن دایكی كەبەرهەمهێنی فیلمەكان بوو قایل نەبوو دەیووت: ئەوە بەشێكە لەمێژوو دەبێت بپارێزرێت.

مونا زۆر دوعای دەكرد ولەخوا دەپاڕایەوە كەلە بەقیع لەمەدینەی مونەوەرە بمرێت و بەخاك بسپێرێت، سوێندی لەسەر خوا دەخوارد كە دەست نەنێ بەڕوویەوە، سبحان اللە ساڵی 2000 چوو بۆحەج و لەمەدینەی پیرۆز لە 77 ساڵیدا كۆچی دوایی كردوزیاتر لە پەنجا هەزار كەس لەمزگەوتەكەی سەروەرمان نوێژیان لەسەركردو خاكی بەقیع بووبەنسیبی.. بەڕاستی هیدایەت سەیرەوعاقیبەت گرنگە كەهەقە هەموومان لەخەمیدا بین..

### هونەرمەندێكی بۆخوا سوڵحاو:

دەڵێن لەسەرەتای سینەمای میسریەوە لەساڵی 1896 ەوە تائەمڕۆ هونەرمەندی وای بەخۆیەوە نەدیوە سینەمای میسری، پێیان دەووت: ئامۆژگاریكاری سینەما، هونەرمەندی شەرمن وپاكوهاوەڵی زاناو شێخەكان..

حسێن سدقی باوكی میسری و دایكی تورك بوو، لەپێنج ساڵیدا باوكی دەمرێت و دایكیان ئافرەتێكی خواناس بوو لەسەر رەوشتی بەرزو دینداری و بەجێگەیاندنی نوێژی بەیانی بەجەماعەت لەمزگەوتا پەروەردەی ئەم ودووبراكەی كرد، قورئانی پێ لەبەركردن..

بەدووساڵ دبلۆمی لەكاری سینەمادا هێناو سی ودوو فیلمی بەرهەمهێنا، مەبەستی بوو فیلمەكانی خزمەت بەڕەوشت و بەها باڵاكان بكات لەو رۆژگارەدا كە كاربۆبەدرەوشتی و بەرەڵایی دەكرا لەسینەمای میسریدا. ویستی واز لەبواری هونەری بهێنێت وچوو پرسی بەسەیدقوتبی رەحمەتی كرد، ئەویش داوای لێكرد بەردەوام بێت

لەکارەکەیداو فیلمی باش بەرهەمبهێنیّ، وتی: ئەوەی من و بانگخوازان دەیکەین لەوتاردان و نووسین ئێوە دەتوانن بەفیلمێك هەمووی بدەن بەدەم ئاودا، بۆیە مایەوە لەکارەکەیداو فیلمی (البیت السعید) ی بەرهەمهێنا کەبانگەشە بوو بۆ بەهابالأکان، رێگری کرا لەپەخش کردنی پێش ساڵی 1952 وەهەروەها دوای ئەوساڵەش کە شۆڕش کرا بەسەر شا فوئادا، فیلمێکی دیکەی دەرکرد بەناوی شێخ حەسەن کەلاوێکی موسڵمان کیژێکی مەسیحی دێنێت و فیلمەکە باسی پێکەوەژیانی دەکرد نەیانهێشت ئەمەش بلاّو بێتەوە ناوەکەی گۆڕی بۆ (لیلة القدر) دیسان هەرنەیانهێشت .

خەڵکی ناوچەکەی هەڵیان بژارد بۆ پەرلەمان بەناچاری قایل بوو، یەك خول کردی و ئیتر خۆی هەڵنەبژاردەوە، لەپەرلەمان داوای رێگری دەکرد لەمەی خواردنەوەو پەیڕەوی کردنی ئیسلام کەدیارە ئەوەش بەدڵی کاربەدەستان نەبوو.

زۆربەی بۆنە ئیسلامیەکانی زیندوودەکردەوە لەماڵەکەیداو دۆستان و زانایانی بۆبانگ دەکردو قسەوباسی ئیمانیان دەکرد. مزگەوتێکی لای ماڵەکەی خۆیەوە دروست کردو لەئاهەنگی کردنەوەیدا لەپەنجاکاندا خۆی وتاری خوێندەوە لەسەرمینبەرەکەی .

کەلەحەج هاتەوە نێگەتیڤی هەموو فیلمەکانی سوتاند تەنها فیلمی خالیدی کوڕی وەلید نەبێت، دەیزانی مەرگی نزیکە ودواساتەکانی ماڵئاواییە ناردی بەدوای شێخی ئەزهەردا (عبدالحلیم محمود) کە دراوسێی بوو تا تەلقینی دابدا، ئەویش شایەتمانی پێدەوتەوەو بەدەم شایەتمانەوە گیانی سپاردەوە بەوخوایەی کەدەبێت هەموو بگەڕێینەوە بۆلای ئەو..




**خوا ئیرادەی خێری پێی بوو:**

**شێخ محمد هشام بورهانی خوالێی خۆش بێت دەڵێت: پیاوێکی تەمەن 45 ساڵ لەقەبرسانی دەحداح لە دیمەشق قەبری هەڵدەکەند، ڕۆژێك ئافرەتێك دێت داوای لێدەکات قەبرێکی بۆهەڵبکەنێت، قەبرەکە ئامادەدەکات و پاش ماوەیەك چەندکەسێك و ئەوئافرەتە جەنازەیەك دێنن و ئەم لەناوقەبرەکەوە لێیان وەردەگرێت دایدەنێت لەوکاتەدا دەبینێت قەبرەکە فراوان دەبێت و دەبێت بەباخێك لەباخەکانی بەهەشت، دەبوورێتەوە، دەریدەکەن و ئاودەکەن بەدەموچاویداو مەراسیمەکە تەواودەکری ودەڕۆن وئەمیش هیچ ناڵێت، پاش ماوەیەکی تر هەمان ئافرەت دێت بەهەمان شێوە داوای هەڵکەندنی قەبرێکی لێدەکات نایناسێتەوە لەبەرئەوەی ئەوسا زۆر داپۆشراوبوون و ئەمیش لەبەرخوا سەیری نەدەکرد، بۆی هەڵکەندوپاش ماوەیەك جەنازەیەکیان هێناو لێی وەرگرتن و ناشتی بەلاَم هەمان شتی بینیەوە، ئەمجارە نەبوورایەوە، کەهاتە دەرەوە لەئافرەتەکەی پرسی ئەم جەنازەیە چی تۆبوو؟وتی: کوڕمە دارتاش بوو براکەی بەخێو دەکرد کە زانستی شەرعی دەخوێندوئەویش ماوەیەك لەمەوبەر مرد، وتی: قەت ناشیَ ئەو جەنازەیەی فلاَن کات بێت ؟وتی: بەڵێ.**

ئەمە بۆی بوو بەخێر چوو بۆلای زانایەك لە مزگەوتی (الورد) لەدیمەشق کەلەباپیرانی (شێخ محمد هشام بورهانی بوو) وتی: دەمەوێت زانستی شەرعی بخوێنم، وتی: جابەم تەمەنەوە؟ئەویش بەسەرهاتەکەو کەرامەتی ئەهلی عیلم وئەوەش کەهاوکاریان دەکات بۆی باسکرد( يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آَمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (11) المجادلة ).. پاش چەند ساڵێك ئەم کەسە بوو بە زانایەکی شام بەناوی(الشیخ عبدالرحمان الحفار) ونەوەکانیشی هەمان ڕێگەیان گرتە بەر ئەوەش وێنەی یەکێ لەنەوەکانێتی:




## ئارامگری و هەڵنەچوون:

خوای گەورە دەفەرموێت: ( إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَنْ تَزُولَا وَلَئِنْ زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِنْ بَعْدِهِ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا (41)فاطر )واتە: خودایە کەئەم ئاسمانان و زەویەی ڕاگرتووە کەناکەون،ئەگەر کەوتن لەوبەدەر کەس نییە ڕاگیریان بکات، ئەو هەڵچونی تووڕەیی نیەو کاری بەشێنەییە و خەتا پۆشە.

خوای گەورە حەلیمە بەرامبەر هەڵەوتاوان و کوفرکردنی بەندەکانی، تەنانەت ئەرزو ئاسمان خەریکن هەپروون بەهەپروون دەبن لەتاو سەرکەشی مرۆڤ وئەگەر خوا رێیان بدات مرۆڤ تەفروتوونا دەکەن.. جائەوخوایەی کە حەلیمە حەزدەکات بەندەکانیشی ئەو سیفەتەجوانە رەنگبداتەوە تیایاندا، پزیشکی ئەدیب دکتۆر ئەحمەد خالید تۆفیق دەڵێت: دیمەنێك لەناخەوە هەژانمی لەخەستەخانە، دکتۆرەیەك کە یەك وشەی لەبەرێوەبەرەکەی قەبوڵ



نەدەکردوهەموو حسابیان بۆدەکرد، زۆر ئارامگربوو بەرامبەر داپیرەیەکی نەخۆش کەداوای شتێکی لێکردبوو ئەمیش درەنگ هاتبۆوە بۆلای، ئەو داپیرەیە چەندزبرو توندورەق قسەی بەرامبەری کرد ئەو بەشەرمێکەوە سەری داخست و چەندجارێك وتی: ببورە دایەگیان من شەرمەندەم..

شایانی باسە دکتۆر ئەحمەد ساڵی 1962 لەدایکبووە لەمیسرو 2018 لەتەمەنی 56 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەوبێجگە لەخزمەتی پزیشکیەکەی چەند بەرهەمی ئەدەبی هەیە..

ناوبراو دەیووت: لەسەرگۆڕەکەم بنووسن ئەوەی کەوای کرد لەگەنجان بخوێننەوە، هەروەها دەیووت: دیمەنی جەنازەو ناشتنەکەم جوان و کاریگەر دەبێت هەرچەند بەداخەوە بەدڵنیاییەوەخۆشم ئامادەم لەوێ ونایبینم، خوا لەوو لەمردووی هەموولایەك خۆش بێت.. ئامین..

**دکتۆر محمد صلابی**

ناوبراو دەڵێت ئەوەوێنەی من و باوکم وخوشکەکەمە کەساڵی 1971 لەقاهیرە گرتومانە، پاش ئەوەی لە بەندیخانە لەبەنغازی ئازادبووم و ویستم بچم بۆمەدینەی مونەوەرە بۆخوێندن باوکم بەهەموو توانای ماددی و مەعنەویەوە پاڵپشتی کردم وئەم ئامۆژگارییەشی کردم لەکاتی خوا حافیزیدا: کوڕم ئەمەوێت زانایەکی کارا بیت وبەرگری بکەیت لەئیسلام،بە ئیخلاس و راستگۆییەوە بانگەوازی بۆبکەیت، سابەڵکو خوا دەرووت لێبکاتەوەوپەڕاو بنووسیت و موسڵمان سوودی لێببینن و بۆخۆت و من ببێتە خێری نەبڕاوە..

سبحان الله دوعاکەی گیرابوو، ئاواتی باوکی رەحمەتی هاتە دی وژمارەیەکی زۆر پەڕاوی هەیە کە خزمەت بەئیسلام دەکەن..



**عەلی وەردی**

بەرهەمی وازهێنان لە حەرام...

دەمتوانی بەپارەی حەرام دەیان باڵەخانەو گەڕەك بکڕم چونکەمن پێشتر بەڕێوەبەری گشتی دارایی بوم..

عەلی وەردی دەڵێ " لە گەشتێکی دەرەوەی وڵات دەگەڕامەوە بۆ عێراق، کاتێك لە فڕۆکەخانە دابەزیم دەستم لە تەکسیەك لەو تەکسیانەی کە لە فڕۆکەخانە وەستابوون و چاوەڕێی گەشتیاریان دەکرد ڕاگرت .

دووری ماڵمان لە فڕۆکەخانەکەوە سێ چارەك یاخود نێو کاتژمێر دەبوو، بە مەرجێك ئەگەر شەقامەکان زۆر جەنجاڵ نەبوونایە، دوای سەرکەوتنم حەزم کرد گفتوگۆیەك لەگەڵ شۆفێری تەکسەیەکە بکەم بۆ ئەوەی ماندوویەتی ڕێگاو سەفەری دوورەوڵات لە بیر خۆم ببەمەوە ,

بەڵام کاتێك کەوتمە گفتوگۆکردن لەگەڵی سەرنجم دا شوفێرەکە خاوەنی ڕۆشنبیریەکی زۆر فراوانە، لە شوفێرێکی ئاسایی ناچێت، دەموچاوێکی نوورانی هەیە، کەسێکی بە ویقارو بە هەیبەتە، لە چاوەکانی ئەوەم بەدی کرد زۆر لە ژیانی خۆی ڕازیە، کەسێکی زۆر دڵخۆشە، لە ڕوانینی بۆ داهاتوو زۆر گەشبینە . ئەوەت لێی دەخوێندوە کە هەرچی خەمی دونیا هەیە ئەم پیاوە نیـەتی .

عەلی وەردی دەڵێ پێم وت " تۆ کەسێکی زۆر زیرەك و دونیا دیدە دیاری لە شوفێری ئاسایی ناچیت پیشەکەت و ڕۆشنبیریەکەت تۆزێك لێك دوورن " .

شوفێرەکە بۆ چەند ساتێك بێ دەنگ بوو پاشان بە دەستی ئاماژەی بە چەند باڵەخانەو کۆشکێکی گەورەو قەشەنگ لەو ناوچەیە کردو وتی " ئەگەر حەزم بکردایە ئێستا ئەو هەموو باڵەخانە بەرزانە هی من دەبـوو..!!!!

بەڵام من هەموو ئەم شتانەم ڕەتکردەوە...

منیش وتم " باشە لەبەرچی... ئایا هیچ کەسێکی عاقڵ و تێگەیشتوو هەیە شتێکی ئاوا لە دەست خۆی بدات.... !!!!

شوفێرەکە وتی " من پێشتر بەڕێوەبەری گشتی دارایی بووم لە یەکێك لە وەزارەتە گرنگەکانی ئەم وڵاتە  لە لایەن چەند بەرپرسێکی باڵاوە پارەو سامانێکی بێ شوماریان خستە بەردەمم وەك بەرتیل لەبەرامبەر ئەوەی چەند واژۆیەکیان بۆ بکەم "

بەڵام خاوەنی ئیمان و باوەڕێکی بەهێز بووم  باوەڕەکەم لە حەزو ئارەزووەکانم بە هێزتر بوو، متمانەیەکی پتەوم بە ڕەزاقیەتی خودا هەبوو  لەبەرئەوە بە خۆمم وت خودای گەورە ئەیەوێ ئیمان و باوەڕەکەم بە پۆستەکەم تاقی بکاتەوە .

هەمیشە بە خۆمم دەووت چۆن منداڵەکانم بەماڵی حەرام گەورە بکەم، ئەگەر ئەو کارە بکەم ئەوا دونیاو قیامەتی خۆم و ئەوانیش وێران دەکەم... " .

بۆیە دواجار بڕیارمدا دەست لەکار بکێشمەوە  بۆ ئەوەی دونیاو قیامەتم سەلامەت بێت، بەو پارەیەی هەمبوو لەگەڵ ئەو پارەیەی وەك حەقی پیشەکەم وەرمگرت ئەم تەکسیەم پێ کڕی .

دوای وازهێنانم هاوڕێ و خزم و ناسیاوەکانم بە شێت و بێ عەقڵ ناویان دەبرم، تانەو تەشەریان لێ دەدام، دەیانگوت چ مرۆڤێکی ژێـر کارێکی ئاوا گەمژانە دەکات، بەڵام من هەر ئارامم گرت و دانم بە خۆمدا گرت، دڵنیا بووم ڕێگە ڕاستەکەم هەڵبژاردووە .

من منداڵەکانم بە پارەی حەڵاڵ گەورە کرد، سوپاس بۆ خودا هەموویان خوێندیان تەواوکردووەو بڕوانامەی زۆر بەرزیان بەدەست هێناوە، من و نەوەکانیشم تەندروستیەکی زۆر باشمان هەیە .

بەڵام هاوڕێ و هاوپیشەکانم کە بە پارەی حەرام و بەرتیل و گەندەڵی دەوڵەمەند بوون، ئێستا زۆربەیان تووشی نەخۆشی درێژ خایەن و مەترسی دار بوون، وە هەندێك لە منداڵەکانیان ئالودەی ماددەی هۆشبەر بوون... " .

عەلی وەردی دەڵێ کاتێك گەیشتینە جێ  پێش ئەوەی ماڵئاوایی لێ بکەم نێوچەوانیم ماچ کرد، پاشان خۆم ناساندو وتم هەرچەندە من مامۆستای زانکۆم و لەقەبی پرۆفیسۆریم هەیە بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە تۆوە فێری بووم هەرگیز لە هیچ کتێب و دانایەکەوە ئـاوا پێشتر فێر نەبووم..وەرگیراوە.

**سەیدقوتب:**

تەنها شەش کەسمان مسوڵمان بووین لەسەر کەشتیەکە کە بە زەریای ئەتڵەسیدا ئەیبردین بۆ نیویۆرك کە ژمارەی سەرنشینانی کەشتیەکە ١٢٠ کەس دەبووین جگە لەو شەش کەسە مسوڵمانی تێدا نەبوو. هات بەخەیاڵماندا کە نوێژی جومعە ئەنجام بدەین لە زەریادا لەسەر پشتی کەشتیەکە !

خوا دەزانێت کە ویستی ئەو نوێژەمان نەبوو بەڵام زیاتر کاردانەوەی حەماسی دینیمان بوو بەرامبەر بەو قەشەیەی کە لەسەر کەشتیەکە تقوسە دینیەکانی ئەنجامدەدا و هەوڵی لەگەڵ ئێمەش دەدا بمانکاتە مەسیحی .

سەرکردەی کەشتیەکە کە پیاوێکی ئینگلیز بوو ڕێگەیداین نوێژی هەینی ئەنجام بدەین . من نوێژ و وتاری جومعەم پێشکەش کرد و بیانیەکان بەدەورماندا وەستابوون چاودێری نوێژەکەیان دەکرد !

پاش نوێژەکە زۆرێکیان دەهاتن و داوای قبوڵیان بۆ دەکردین پیرۆزباییان لێدەکردین.

بەڵام ئافرەتێك (کە دواتر زانیمان مەسیحیەکی یوغۆسلافیە و لە جەهەننەمی " تیتۆ" و شوعیەکان ڕایکردووە )، بە چاوی فرمێسکەوە هاتە لامان و خۆی پێڕانەدەگیرا

لەژێر کاریگەریدابوو و بە ئینگلیزیەکی لاواز وتی کە خۆی پێرانەگیراوە بەهۆی کاریگەری نوێژەکە و ئەو ڕێکی و نیزام و خشوعەی کە هەی بووە لەبەرچاوی !!

سەید خۆی ئەڵێ ئافرەتەکە وتی هەندێ تەعبیر لەنێو قسەکانتدا هەبوو جیاواز بوون لەقسەکانی دیکەت ؟! دواتر تێگەیشتم مەبەستی ئایەتەکان بووە !!!

پاش ئەوە و لەسایەی سێبەری ئەو حاڵەتە ئیمانیەدا سەید قوتب لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە،گفتوگۆ و لەخۆی دەپرسێت:

" ئایا دەچم بۆ ئەمریکا وەك هەموو گەشتیارێکیتر کە بە خواردن و خەوتن تێیگەشتوون یان دەبێ گەشتەکەی من تایبەتمەندێ خۆی هەبێ ؟! "

وتی: گەیشتمە ئەو ڕایەی ئەبێ ببم بەپیاوێکی دیکە و ببمە مسوڵمانێکی ديندار و پابەند..

پاشان خوا تاقیکردمەوە کەئایا ڕاستگۆم لەو بڕیار یان تەنهاخەیاڵێك بووەو بەسەرمدا تێپەڕیوە ؟!

بە چەند دەقیقە دوای هەڵبژاردنی ڕێگەکەم، لەژوورەکەی خۆم دانیشتبووم کە تەقە درا لەدەرگا، دەرگاکەم کردەوە بینیم ئافرەتێکی جوان ڕاوەستاوە کە باڵابەرزێکی نیمچە ڕووت بوو بە ئینگلیزی پێی وتم: گەورەم ڕێگەم پێدەدەیت ئەمشەو میوانبم لەلات ؟

داوای لێبوردنم لێکرد و وتم جێگەکەی من تەنها بۆ یەك کەس دەبێت، ناچاربووم کە پاڵ بەدەرگاکەوە بنێم و بیکەمە دەرەوە کە هەوڵی دەدا بێتە ژورەوە بەزۆر !!

یەکسەر بەخۆمم وت سوپاس بۆ خوا ئەوە یەکەم تاقیکردنەوە بوو..هەستێکی تایبەتی شانازیکردنم بۆ دروست بوو کە سەرکەوتنێکم تۆمارکرد بەسەر نەفسی خۆمدا وەدەستمکرد بە ڕێکردن لەو ڕێگەیەی کە هەڵمبژاردبوو..

پاش تێپەڕبونی دوو ساڵ لە ئەمریکا، سەید ڕەحمەتی خوای لێبێت گەڕایەوە بۆ میسر، بەڵام پیاوێکی جیاواز گەڕایەوە..پیاوێکی ئیمانداری پابەندی خاوەن پەیام و ئامانج..بیرمەندی گەورە سەید قوتب کەلەسەر بیروڕاکانی لەسێدارە دراوە لە ١٩٦٦/٨/٢٩.. جەنگی هۆشیاری ئەکاونتی یەحیا نەوزەر..

**بانگخواز ئەحمەد موفتی:**

مامۆستای خۆشەویستمان لەسویدەوە دەڵێت: پێش ماوەیەك ئافرەتێك تەلەفونی کرد گوایە پرسیاری هەیە، منیش وتم: زۆرباشە لەگەڵ یەکێکدا وەرە بۆمزگەوت، هەرچەند ماڵەکەشمان دوورە لەمزگەوتەوە لەکات وساتی دیاریکراودا ئامادەبووم، کچەکە هەموو پرسیارەکانی بەبۆچی دەستی پێدەکرد، سەعاتێ پرسیاری کرد وەڵامم دایەوە، لەدڵی خۆمدا وتم: ترەمب لەئەمەریکاوە موسڵمان بێت ئەمە زەحمەتە موسڵمان بێت، دەیووت: چوومەتە لای جولەکەو مەسیحی و بوزی هەریەکەیان دەڵێت: تەنها من راستم، ئنجا پرسیم بڕوات بەخوا هەیە ؟

وتی: نەخێر، ناچار سەعاتێکیش باسی بەڵگەکانی بوونی خوام بۆکرد، ئنجا وتی: خۆناڵێی موسڵمان بە؟

وتم: نەخێر بەلاَم ئەگەر ئێستا بڕوات بەخوا هەیە، شەو کەنووستی داوای لێبکە ڕێی راستت پیشان بدات، ئنجا ئەوەش چەندکتێبێك بەزمانی سویدی بەڵکو بەرچاورۆشنیەکت بداتێ .

دوای چەندرۆژێك تەلەفونێکم بۆکرایەوە ئافرەتێك بوو دەیویست بمبینێت، دیسان مەوعیدمان دانا لەمزگەوت وکەهات هەمان ئافرەت بوو.

فەرموو: لەخزمەتتام..وتی: هاتووم موسڵمان ببم، هەروەك لەبانێك بەرم بدەنە خوارەوە هەرگیز لەو بڕوایەدانەبووم بێت ئاوازوو ئیمان بهێنێت، ئیتر شایەتمانم پێووت و ئەویش دەیووتەوە لەدوامەوە..

دوای چەند ڕۆژێکی تر پەیوەندی کردەوە، ترسام پەشیمان بووبێتەوە، کەچی وتی: من شایەتمانەکەم وشە وشە و پچڕپچڕوتوومە ئەترسم قبوڵ نەبووبێت بابەسەریەکەوە بۆت بڵێمەوە، ئەوەبوو بەتەلەفون بەسەریەکەوە وتیەوە.. جا بانگەوازکردن لە ئەوروپا جیاوازە و دەبێت بزانین چیان پێ دەڵێن و چۆنیان پێدەڵێین بەزمانەکەی خۆیان .

## موسڵمانبوونی پرۆفیسۆرێکی سویدی:

بانگخواز ئەندازیار ئەحمەد موفتی دەڵێت: بەسەرهاتی خۆشی موسڵمانبوون زۆرن بەڵام ئەمەیان زۆرکاریگەربوو، ڕۆژێك کەسێك بەدارشەقێکەوە هاتە وانەیەکمەوە، وەمزانی بەهەڵەهاتووە، وتی: نا ئەمەوێت گوێ لەقسەکانت بگرم، لەنیوەی وانەکەدا وتی: ئەمەوێت موسڵمان بم، وتم: باشە دوای وانەکە،وتی: تۆ زەمانەتم ئەدەیتێ تادوای وانەکە بژیم.. الله أكبر..موسڵمانبوو، ئنجا کەچووبۆوە ماڵەوە هاوسەرەکەی فلیپینی بوو قسەکانی منی بۆگێڕابۆوە ئەویش موسڵمان بووبوو، پاشان کەسەردانی فلیپینیان کردبوو ماڵە خەزورانی هەموو موسڵمان بووبوون..ئێستاش کە لە کۆماپانیای ئێریکسۆن کاردەکات و زۆر شارەزایە، بۆتە بانگخوازێکی بەهیممەت.. شایانی باسە هەربەمناڵی بەکەمئەندامی لەدایکبووبوو قاچێکی نەبوو بەوەشەوە توانیبووی پلەی بەرزی زانستی بەدەستبهێنێت..

سوپاس بۆخوا کاك ئەحمەد موفتی ساڵی 2010 و 2011 لەریزبەندی 79 ی سەدکەسایەتی کاریگەری سوید ئەژمارکراوە.. خوایە بەناوە جوانەکانت لێت دەپاڕێمەوە بەرەکەت بخە تەمەن وکاروچالاکیەکانیەوەبۆخزمەتی ئاینەکەی خۆت..




## د. عەلی شەریعەتی دەگێڕێتەوە:

حەوت هەشت ساڵێك تەمەنم بوو سەبەتەیەکی بچوکم بە دەستەوە بووپێنج تمەنیشی تێدا بوو لەگەڵ لیستی داواکاریەکانی دایکم.. ئەو سەردەمە وەك ئێستا نەبوو منداڵ بگاتە تەمەنی زانکۆش هەر کەسێکی لەگەڵدا بێت و تا بەر دەرگای زانکۆکە بیگەیەنێت!

میوە و سەوزەکەم کڕی و کۆی پارەکەی بایی ٣ تمەن و نیو بوو،منیش بە دزی دایکمەوە ماوەی پارەکەم دا بە کێکێکی کشمیشی و ساردیەکی کانادام لەگەڵی کڕی و هەر بەرانبەر میوە فرۆشیەکە دانیشتم و بە دیار جۆگەلەی زێرابی ناوشارەوە خواردم وەك بڵێی لە کەناراوەکانی مەدیتەرانە لام داوە،بێ ئێوە ناخۆش زۆر خۆش

و به تام بوو چێژم لێببینی، کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵەوە دایکم پرسیاری لێکردم ئەی کوا چیت لەو پارەیە کردوە کە ماوەتەوە؟

لە ڕاستیدا منیش ترسام ڕاستیەکە بڵێم وتم هەموی بایی پێنج تمەنەکە بوو هیچی نەمایەوە، دایکم تەماشایەکی کردم و لە بەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵێکی کرد و تەواو



منیش لە ناخی خۆمدا شانازیم بە خۆمەوە دەکرد و دەمووت چەندە زیرەکم دایکم گومانی نەکرد، هەرچەند بەردەوامیش لە دڵە ڕاوکێ و دوو دڵیدا بووم.

دوو سێ ڕۆژێك تێپەڕی لەگەڵ دایکم چووین بۆ بازاڕ و چوینەوە بۆ میوە فرۆشیەکە، دایکم پرسیاری لە میوە فرۆشەکە کرد و وتی: جەنابی سەبوری میوە و سەوزە گران بووە؟ حاجی سەبور (خوا لێی خۆش بێت) ڕوی کردە دایکم و وتی: نەوەڵا کچم هەر وەك جارانە بۆ دەپرسی؟ دایکم وتی: ئاخر ئەو ڕۆژە باقی پارەکەی کوڕەکەمت نەداوەتەوە، حاجی سەیرێکی منی کرد و بزەیەکی کرد زانیم یەکسەر وێنەی ڕوداوەکانی پێشووم و ساردی و کێك خواردنەکەی هاتۆتەوە بەرچاو وتی: ئاە کچم تۆ ڕاست دەکەی ئەوەی ڕاستی بێ ئەو ڕۆژە سەرقاڵ بوم بیرم چوو باقی پارەکەتان بدەمەوە، دەی قەینا وا من قەرزارم چیتان ویست هەڵی گرن و ببوورن! بۆ چەند ساتێك لە جێگەی خوم وشك بووم، وای گەر حاجی دەمی بکردایەتەوە و

ڕاستیەکانی بووتایە چیم بەسەر دەهات؟ دوو تاوانم کرد یەکەم درۆ کردن لەگەڵ دایکم و دووەم تۆمەت هەڵبەستن بۆ حاجی..

دایکم لە دووکانەکە چو دەرەوە من هەر لە ژورێ بووم.

حاجی تەماشایەکی کردم و هاتە پێشەوە پێی وتم، ئەمجارە میوانی خۆم بووی بەڵام نازانم جاری داهاتو گەر شتێکی وا روبدات کەس میوانیت دەکا یا نا!؟

ئێستا من دوای ٤٤ساڵ هەمان خەندە و هەمان پەندیم لە بیرە.

هەزاران جار لە خۆم پرسیوە ئەو مرۆڤانە کوان؟

بۆ کوێ ڕۆشتن، بۆ نەماون؟

بۆ ژمارەیان هێندە کەم بۆتەوە؟ مرۆڤگەلێك کە لە شووشە دروست کرابوون کەسانێك کە هەرگیز هیچ کتێبێکی دەروونناسیان نەخوێندبۆوە مرۆڤگەلێك کە ماڵێکی واشیان نەبوو تا ببەخشن.. ئەکاونتی وتەکانی عەلی شەریعەتی

**پلەی بەرزی دینداری:**

لەدوای رێکەوتنی حودەیبیە هێشتا ئەبو سوفیان موسڵمان نەبووبوو، لەگەڵ ئەبوبەکردا پێکەوە بەلای بیلال و سوهەیب و سەلمانی فارسیدا رۆیشتن، لەبەرخۆیانەوە وتیان: چاك دوژمنی خوا لەشمشێری موسڵمانان قوتاربوو، ئەبوبەکر کە بەهیوابوو ئەبوسوفیان موسڵمان ببێت، بەو هاوەڵانەی وت: چۆن وا بەگەورەی قورەیش دەڵێن؟؟ کەئەبوبەکر هاتە خزمەت سەروەر صلی الله علیه وسلم وەك شەکوایەك لەو هاوەڵانە بۆی گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: ئەبوبەکر ئەگەر زویرت کردبن ئەوە خوات زویرکردووە..

الله أكبر ئەمە چ پلـەیەکە ئەو سێ هاوەڵـە بەرێزە پێی گەیشتوون، ئاخر چۆن ؟ئەوان زویر بکرێن خواش لـەبەر دڵی ئەوان زویر دەبێت!! ئەبوبەکر خێرا چووەوە لایان و وتی: براییـنەزویرم نەکردبن؟وتیان: نا..خوا لـێت خۆش بێت برا..

جاوەرە ئەبێ حاڵی ئەوانەچۆن بێت سەری زمان و بنی زمانیان تانەوتەشەرو قسە وتنە بەهاوەڵان، ئای لـەو رەنج بەخەساریە، خوایە تۆ بەشایەت بە ئێمە هاوەڵانمان خۆش دەوێت کەئەوان مەشخەڵداری ئەم پەیامە بوون پێش ئێمە لـەرۆژە سەختەکانداو ئەوان نەبوونایە کەسەروماڵیان بەخت کرد بەچی بەئێمە دەگەیشت ؟

**وامەزانە خوا بێئاگایە لەستەمکاران..**

قورئان دەفەرموێت(وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ (42)ابراهيم).. ئەمەش نموونەیەکی تۆڵـەسەندنی خوا لـەستەمکاران، ئەحمەد کوڕی نەصر شەهیدکرا لـەزەمانی خەلـیفە (الواثق)دا ودیارە هەستی بەتاوانباری کردووە کەئەو زانایە شەهیدکراوە، ئەوە بە موحەممەدی زەیات دەڵێت: ئەویش دەڵێت: ئەی ئەمیری بڕواداران خوا بەئاگر بمسووتێنێت ئەگەر وانەبێت، خەلـیفەواثق کوشتویەتی لـەبەرئەوەی کافربوو.

خەلـیفە هەمان شتیش بە(هرثمة) دەڵێت: ئەویش پاکانەی بۆدەکات و دەڵێت: ئەی ئەمیری بڕواداران خوا پارچە پارچەم بکات، خەلـیفەواثق کوشتویەتی لـەبەرئەوەی کافربوو.

خەلـیفە هەمان شت بە ئەحمەدی کوڕی ئەبی دوئاد دەڵێت: ئەویش بەهەمان شێوە پاکانەی بۆدەکات و دەڵێت: خوا ئیفلیجم بکات، خەلـیفەواثق کوشتویەتی لـەبەرئەوەی کافربوو.

خوا تۆڵەی لەم سێ درۆزنەسەند بەوەی کەخۆیان داوایان کردبوو، لەسەردەمی خەلیفەمتوەکل کەدوایی هاتە سەرکورسی دەسەڵات موحەممەدی کوڕی زەیات سوتێنرا، (هرثمة)ش کەوتەدەست هۆزەکەی ئەحمەدی کوڕی نەصرو لەتۆڵەی ئەحمەدا کوشتیان وپارچەپارچەیان کرد، ئەحمەدی کوڕی ئەبی دائودیش تووشی ئیفلیجی بوو.

**خوا دڵت خۆش دەکات: ئەزموونی دکتۆرێک:**

دڵی کەسێك خۆش بکەی، دڵنەوایی کەسێك بکەی خوا دڵت خۆش دەکات، دکتۆر حوسام موافی لەباشترین پزیشکەکانی هەناوە لەقاهیرە دەڵێت شێخ متەوەلی شەعراوی تەلەفونی بۆکردم تۆزێ ناساغ بوو دەیویست بێت بۆ نۆرینگەکەم، منیش وتم: بەخوا تۆنایەیت من دێم بۆلات، چووم بۆلای و ئەوی پێویست بوو بۆم کرد، وتم: یاشێخ چ پەرستشێك بۆمن لەپێشترە بیکەم؟وتی: تۆ خۆت دەڵێی چی ؟

وتم: نوێژ،وتی: سەیری ئەم سوورەتە بکەکە دەفەرموێت: بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ (1) فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ (2) وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ (3) فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (4)ئەوانەی بێبڕوان بەم دینە لەسیفاتەکانیان، یەکەم خراپ مامەڵی منالی بێباوك دەکەن و، دووەم: نەخۆیان خواردن دەدەن بەهەژاران و نەهانی خەڵکیش دەدەن ئەوکارەبکەن، ئنجاسێیەم: دێتە سەرباسی نوێژنەکردن لەکاتی خۆیدا . کەواتە دڵنەوایی و بەهاناوە چوون و دڵخۆشکردنی خەڵکی پەرستشێکی زۆرگەورەیە بەتایبەت بەرێزتان کەپزیشکن وخەڵکی نەخۆش پێویستیان پێتە.


هەرزوو راستگێڕی فەرمایشتەکەیم بینی، لە مۆڵەتی خۆمدابووم دەمویست بچم پێداویستی ماڵ بکرم، برادەرێك تەلەفونی کرد کەخەسووی لەخەستەخانەکەمانە ئەگەربکرێت بچم و دڵنەواییەکی بکەم.. کەوتی: دڵنەوایی فەرمایشتەکەی شێخم بیرکەوتەوەو چووم، لەناو خەستەخانە جەڵتەیەکم بۆهات بەدکتۆرەکانم وت: فریام

بکەون ئەوەو ئەوەم بۆبهێنن هەست دەکەم جەڵتەیە ئەوەبوو فریام کەوتن کەئەگەر لەبازاڕبوومایە بەدڵنیاییەوە تیاچووبووم..

دکتۆر حوسام موافی دەڵێت: لە فڕۆکەخانەی مەدینەبووم لەکاتی حەجدا بەتەمابووین بچین بۆعەرەفات، ژنێکی تەمەن شەست ساڵ هات بۆلام وتی: تۆ ئەو دکتۆرەی کەباسی دڵنەواییەکەت بلاَوکردۆتەوە، وتم: بەڵێ، وتی: من دوای بیستنی ئەوی تۆ تووشی هەمان شت بووم، کوڕەکەم خزمەتکارێکی بیانی لەماڵیان بوو، ئافرەتەکە هەستی کرد کە گرێ لە سنگیا هەیە، کوڕەکەشم وتی: دەینێرینەوە بالەولاَتی خۆی چارە وەربگرێت و تاقەتی سەریەشەمان نیە، منیش بەزەییم پیاهاتەوەو چوومە باشترین خەستەخانەی قاهیرە کەسەعات یانزە پشکنینی بۆبکەن بەبێ ئەوەی کوڕەکەم بزانێت، سەعات دەونیو تەلەفونم بۆکوڕەکەم کرد کە ئەو ئافرەتەم بۆبنێرێت کارم پێیەتی، زۆر بەناخۆشی وەلاَمی دامەوەو وتی: بۆچیتە وا لای منالەکانە، تازە پارەشم دابوو وتم: بافەحسی خۆم بکەن، سبحان الله کە ئافرەتەکەنەهات و فەحسی منیان کرد گرێیەك تازە لەسنگما دروست دەبوو دەرکەوت و دواتر نەشتەرگەریم بۆکراو بەبێ کیمیایی رزگارم بوو، هەرخوا لەسەر ئەو هەڵوێستەی من پاداشتی دامەوەو رزگاری کردم..

دکتۆر حوسام دەڵێت: برادەرێکم پزیشکە لە نۆرینگەکەی دێتە خوارەوە نەخۆشێك دەڵێت: بۆلای تۆهاتووم، ئەویش کە وتارەکەی من کاری تێکردبوو دەگەڕێتەوە لەگەڵ نەخۆشەکەدا تا پشکنینی بۆبکات، سبحان الله هەرزوو پاداشتەکەی وەرگرتەوە سەیردەکات شۆرتێك تازە درووست بووەو خەریکە پەردەی ژوورەکەی گڕدەگرێت، بەپەلە دەیکوژێننەوە، کەئەگەر بڕۆشتایەو دڵنەوایی ئەو نەخۆشەی نەکردایە نۆرینگەکەی هەموو دەسووتا.. سەردارو مامۆستای مرۆڤایەتی صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: أفضلُ الأعمالِ إدخالُ السُّرورِ على المؤمنِ،

**كسوتَ عورتَه، وأشبعْتَ جَوعتَه، أو قضيْتَ له حاجةً ..الراوي: عمر بن الخطاب | المحدث: الألباني | المصدر: صحيح الترغيب.. حسن..**





**پسپۆر قسەبکات ئاوایە:**

**دکتۆر عبدالمحسن موافی پزیشکی دڵە ومامۆستای زانکۆیە لەقاهیرە دەڵێت: دوا پێشانگای کتێب کەچووم کتێبێکم بینی هەزار لاپەڕەبوو بەناوی ( WATER–ئاو) بە ئینگلیزی، نرخەکەی پێنج سەد دۆلار بوو زۆرگران بوو، کتێبێکی بواری پزیشکی بوو لەدڵی خۆمدا هێنام وبردم بیکڕم نەیکڕم ؟ئاخری کڕیم، سێ مانگی ڕەبەق خوێندمەوە، باس لەوە دەکات کە جەستە بەشانزە ڕێگا ئاو لەلەش دەکاتە دەرەوە، عەرەق و هەناسەو میزکردن و.. هتد.**

**خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت**(وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ (30) الأنبياء ) **ئەم ئاوە کەپێکنەری سەرەکیە لەجەستەی هەموو**

گیانلەبەراندا بەبەرنامەیەکی تایبەت جەستە سوودی لێدەبینێت و ئەوەی تری دەکرێتە دەرەوە وهەڵناگیرێت وکۆگا ناکرێت، جگەرو دڵ وگورچیلەو بەشێك لەمێشك بەرپرسن لەرێکخستنی کردنە دەرەوەو کۆنەبوونەوەی ئاو، بۆیە لەکاتی نەخۆشی دڵ و جگەرو گورچیلەدا لەش دەئاوسێت.

کەکتێبەکەم تەواوکرد سوژدەی شوکرم بۆخوا بردکە توانیم ئەوکتێبەبخوێنمەوەو سوودی لێوەرگرم پاشان کەچووم بۆنوێژی ئێوارە مامۆستاکە ئەم ئایەتەی خوێند، هەرچی من لەو هەزار لاپەڕەیەدا بەسێ مانگ خوێندبوومەوە بەچواروشە قورئان تەعبیری لێکرد کەدەفەرموێت( فَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنْتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ (22)الحجر). ئاوێکمان لەئاسمانەوە بۆناردنە خوارەوە تا تێراوتان بکات و ئێوە کۆگای ناکەن.. جابەڕاستی چەند زانست پێشبکەوێت زیاتر لەماناومەبەستی قورئان حاڵی دەبین..

**تۆنازانی رەنگە خێری تیابێت:**

دکتۆر حوسام موافی پزیشکێکی خواناسی میسرییە و دەڵێت: خوای گەورە دەفەرموێت شتێ رەنگە پێتان خۆش بێت و بۆتان خراپ بێت، یان پێتان ناخۆش بێت و رەنگە بۆتان باش بێت، خوا دەزانێ وئێوە نازانن (وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ (216) البقرة )..

بۆیەکەمجار لە تەمەنی 25 ساڵیدا چووم بۆعومرە، بەحەماسێکی زۆرەوە هەوڵمدا بچمە ریزی یەکەم بۆنوێژی ئێوارەکەخێرێکی زۆری هەیە وەك سەروەرمان باسی کردووە صلی الله علیە وسلم، هێشتا ئیمام نەهاتبوو، پۆلیسێکی سعودی رایکێشامە ریزی دواوە، زۆرم پێناخۆش بوو خەریکبوو بگریم، وتم رەنگە لەبەرئەوەبووبێ

تیشێرت و پانتۆڵی کاوبۆ عادەتەن لـەحەجوعومرەدا دەپۆشم ومنی بەبیانی زانی بێت، یان دیارە من ئەهلی ریزی پێشەوە نیم، دوای نوێژەکەچوومە لای وتم: بێزەحمەت بۆمنت راکێشایە دواوە ؟وتی: تۆ قورئانت لـەبەرە ؟وتم: نەخێر، وتی: دەی ئەوە شوێنی ئەوانەیە قورئانیان لـەبەرە بۆئەوەی ئیمام هەڵـەیەکی کرد بۆی راست بکەنەوە.. ئالـەوێدا بڕیارمدا هەمووقورئان لـەبەربکەم تا ئەهلی ریزی یەکەم بم، سوپاس بۆخوا بەدەساڵ هەموو قورئانم لـەبەرکرد، جادیارە خوای میهرەبان ئیرادەی خێری پێم بوو کەتووشی ئەو مەوقیفە ناخۆشە بووم تا فەزڵی لـەبەرکردنی قورئانم دەست بکەوێت، بەردەوام لـەمیسر دەچمە ریزی یەکەمەوە بۆنوێژکردن و خەمم نیە هەموو قورئانم لـەبەرە..

**خۆشەویستان، هاوڕێیان، کوڕو کچانی نەتەوەکەم**

**تکاتان لـێدەکەم ئەم چەند تێبینیەم لـیٚ وەربگرن: –**

١– مرۆڤ یەکجار دەژی و تەمەنیش کورتەو بەشی نیوەی خۆشیەکان ناکات ئیتر چۆن بۆ رق و کینەو تاوان بەکار دەهێنرێت.

٢– هەموو کوردستان موڵکی تۆ بێت هەر وەك هەژارێك لـە دوو مەتر دووجادا دەخەویت.

٣–هەموو خواردنی دونیا هی تۆ بێت، تەنها دەتوانیت بڕێکی دیاریکراو بخۆیت، زیادە رۆیی بکەیت، دەبێت گەدەت بۆ بشۆن.



٤- بەرواوتی دێینە ژیان و بە رووتیش بەجێی دەهێڵین و هیچ کفنێك گیرفانی نییەو تەنها کردەوەکانمان لەگەڵ خۆمان دەبەین.

٥- پێش ئێمە نزیکەی ٨٧ ملیار مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەویە ژیاوەو ئێستا لە ژێر زەویدا ئێسقانیشیان نەماوە.

٦-ملیۆنان کەس لە ئێمە زیرەکترو دەوڵەمەندترو دڵسۆزترو بەهێزترو زاڵمتر پێشتر لەسەر ئەم زەویە ژیاون پرسیار ناکەن بۆ کوێ چوون؟.

٧- حەزرەتی عیسا فەرمویەتی بەچی دەچێت هەموو دونیا ببەیتەوە بەڵام خۆت بدۆڕێنی، لە خودا دەپاڕێمەوە خۆتان ببەنەوە، بەختەوەرترین مرۆڤ ئەوانەن کە خۆیان دەبەنەوە نەك دونیا ببەنەوە.

٨-هەموو کەس دەتوانێت بە ئاسانی خۆی ناشیرین و بەدبەخت بکات، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەتوانێت خۆی لەلای کەسانی تر خۆشەویست بکات و جێگای خۆی لە ناو دڵ و دەروونیان بکاتەوە.

٩- هەموو کەس دەتوانێت خراپە بکات، بەڵام کەم کەس دەتوانێت چاکە بکات.

١٠- مرۆڤە بچووك و دۆڕاوەکان بە دوای تۆڵەسەندنەوەدا دەگەڕێن، بەڵام تەنها مرۆڤە گەورەکان لێبوردەن و توانای بەخشینیان هەیە.

کەواتە با ئەو ماوە کورتەی تەمەنمان بۆ خزمەتی خۆمان وکوردستان و مرۆڤایەتی تەرخان بکەین و واز لـە رق و کینەو تۆڵـە سەندنەوەو ملـشکاندنی یەکتری بهێنین و گرەوە گەورەکەی مێژوو ببەینەوەو خۆمان نەدۆڕێنین و شەرمەزاری وسەرشۆڕی بۆ منداڵـەکانمان و نەوەی داهاتومان بەجێ نەهێڵین، یاخوا هەموتان سەربەرزی دونیاو قیامەت بن و لـە هەموو بەڵاو ناخۆشیەکی ژیان بە دوور بن. ( پڕۆفیسۆرکەریم قەرەچەتانی)

**فەتوای ( سلطان العلماء العز بن عبد السلام ) لەبارەی چاکسازی.**

سوڵتان قطز سێ مانگ بوو دەسەڵاتی میسری گرتبووە دەست، کە نامەیەکی هەڕەشەئامێزی لـە هۆلاکۆ بۆهات پێویستە میسر بەدەستەوە بدات، پاش ئەوەی بەغدا و دیمەشق و حەلـەبی داگیرکرد.

قطز بڕیاری شەڕیدا، بەڵام وڵات تەواو ماندوبوو، بەدەست کێشە ناوخۆییەکان. بۆیە بڕیاریدا لـەگەڵ سەرکردە سەربازیەکان و زانایانی ئیسلام کۆبێتەوە. داوای لێکردن کە ئامادەکاری بۆ جەنگی بەرگری بکەن، تا بەمەرەدی بەغدا و سەرجەم وڵاتە وێرانکراوەکان نەچن، بەدەستی مەغۆلـە دڕندەکان.

داواشی لـە پێشەوا العز ابن عبد السلام کرد فەتوا بدات پتر لـەزەکات لـەخەڵکی وەرگرێت، بۆ بەرگری کردن لـەوڵات. ئەویش بەمجۆرە فەتوای دا:

دروستە پتر لـە زەکات لـەخەڵکی وەرگری، بەڵام پاش ئەوەی خۆت و سەرکردەکان گشت سامانتان –جگە لـە ئەسپێك و شمشێرێك– دەفرۆشن.

بەڵام ئەگەر دەستکاری سامانی خۆتان نەکەن دروست نیە جگە لـە زەکات لـە خەڵکی وەرگرن.

بەرەکەتی فەتواکە و گوێڕایەڵی سەرکردە قطز:

1: لەخۆیەوە دەستی پێکرد، گشت سامانی خۆی و سەرکردەکانی بۆ قوربانی وڵات فرۆشت، کەبەشی جەنگەکەی کرد.

2: بوون بەیەکەم سوپا لووتی سووپای هۆلاکۆیان لە ( عەین جالوت ) شکاند و سەرکردەی مەغۆلەکانیان کوشت، بەوەش هێرشی مەغولەکانیان وەستاند.

3: متمانە لە نێوان دەسەڵات و خەڵکی میسر دروستبۆوە.

سەرچاوە: www. islamstory. com › artical

قطز وإنهاء الأزمة الاقتصادية. د. ابراهیم احمد سەنگەسەری.

**حاجی ئەولا**

سەرجەم کوردستان بەگشتی، نموونەیەك لەسلێمانی لێوان لێون لەپیاوانی گەورە و خاوەن هەڵوێست و خواناسی کەجێگەی شانازین بۆ ئێمە کە سەر بەو نەتەوەیەین، ئەمانە دیوەجوان و ڕازاوەکەی نەتەوەی ئێمەن کە خەڵکانێکی خواناس و ڕوو لەخوا تەنها لەبەر ڕەزامەندی خودا بەبێ بەرامبەر چەندە خزمەتی خەڵك و خاك و وڵاتیان کردووە، خوای گەورەش ناویان بەرز دەکاتەوە هەرچەندە نادیار و شاراوەش بن، ئاخر ئەمانە ڕابەر و پێشەوا ڕاستەقینەکانی ئێمەن، مەبەست لێرە ڕابەری کۆمەڵایەتی کە باڵان، باڵایان بەرزە بەهێندەی چیاکانی کوردستان، چەند خۆشە مرۆڤ بتوانێت لەخزمەتی خەڵك و خاك و ئاودابێت و بەتەنگی هەموان بێت تەنها مەبەستیشی ڕەزامەنی پەروەردگاربێت، ئەوکات تەواو بێ منەت دەبێت و بۆخۆشی هەر لەبەرزی و باڵاییدا دەبێت، ئەم بابەتە یەکێکە لەونمونە جوانانە، بەسوپاسەوە لەپەیجی (وێنە کۆنەکانی سلێمانی) وەرمگرتووە کەنموونەیەکی باڵای جوانە خۆزگە هەرکەسێك

زانیاریەکی لەم نموونەو ڕابەرە جوانانە لەلا هەیە بڵاوی بکاتەوە، با لەلایەك ون نەبن و لەلایەکیش ببنە ڕێ نیشاندەرێکی باش بۆ دروست بوونی چەندین ڕابەری کۆمەڵایەتی و لەلایەکی دیکەش بۆنەوەی نوێ ببنە جێگای شانازی و ئارامی دەروون... د. زریان حاجی ..فەرموون لەگەڵ بابەتەکە:

لە پیاوە خێرخوازەکانی شار (حاجی ئەوڵای گەورە) کەنزیکەی سەدەیەك زیاتر پێش ئێستا کۆچی دوایی کردووە، بۆیە پێیان وتووە (گەورە) لەبەر ئەوەی چاوی لە چاکەو خێر بووە لە سەردەمی عوسمانیەکان دا ژیاوە،خاوەنی سامانێکی زۆر بووە.

حاجی ئەوڵا لە سلێمانی لە دایکبووەو لە حوجرەی مزگەوتدا خوێندوویەتی، پلەی زانیاری زۆر باش بووە بێجگە لە زمانی کوردی زمانەکانی فارسی،عەرەبی،تورکی زانیووە،پیاوێکی زۆر خێرخواز بووە،حەزی بەخزمەت کردووە،خانەقای مەولانا خالیدی چەند جارێك چاککردۆتەوە نەیهێشتووە ئەو شوێنەپیرۆزە بێناز بێت.

لەلایەن والی عوسمانیەکانەوە ڕێزی زۆری لێگیراوە،زۆرجار گەر کێشەیەك هەبووایە، والی عوسمانی ڕاوێژی پێکردووە.

پێش جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٨٧٦ کە گرانییەکی گەورە بوو،ئەو ساڵە بە (سەنەی برسیمانە)ناو ئەبرێت،خەڵکێکی زۆر لەبەر برسێتی کۆچیان کردووە بەرەو ئێران،حاجی ئەوڵای گەورە لە (خانی ئاغا فەتحوڵلا) کە تا ئێستاش ئەو شوێنە هەر بەو ناوە ناسراوە نانەواخانەیەکی گەورەی تیا دروست کردووە کە دوو تەنووری تیا دانا بوو، نزیك بانگی عەسر هەموو ڕۆژێ خۆی نانی بەخشیووە بە هەژاران.

یەکێك لە شاکارەکانی تری ئەوەیە کە ڕێگەی (ئەزمەڕ) تاکە ڕێگایەك بووە کە دێهاتی شارباژێری بەستووەتەوە بە شاری سلێمانیەوە،لە زەمانی عوسمانیەکان ئەم ڕێگای شاخاویە زۆر سەختبوو،کە زۆر جار بەهۆی بەفرەوە وڵاخ لەسەر شاخەکە

گلۆر بۆتەوە،ئەم پیاوە خێرخوازە لە پارەو گیرفانی خۆی ئەو ڕێگەیەی پان وفراوان کردۆتەوە.

وە هەروەها یارمەتیدەر بووە لە تەواو کردنی منارەی (مزگەوتی گەورەی سلێمانی)، کە خێزانەکەشی سەروکلاوەکەی زێڕبووە پێشکەشیکردوون و منارەکەیان پێ تەواو کردووە.

وە ئەو گردەی کە تەنیشت(گردی سەیوان)ە کە پێیان وتووە (گردی گەورە)موڵکی خۆی بووەو بەخشیویێتی بە ئەوقاف،کە ئێستا سەرقەبرانە، خۆی و زۆرینەی خێزانەکشیان لەوێ نێژراون.

وە لەسەردەمی خۆیدا لەم شاری سلێمانییەدا حەمامێکی دروست کردووە کە وەستای تایبەتی لە ئێرانەوە بۆ هێناوە(حەمامی حاجی ئەوڵا) کە یەکێك بووە لە حەمامە بەناوبانگەکانی شار، کە ئێستا تەنیشتی مزگەوتی(خانەقا)یە ناوی گۆڕدراوە بە(حەمامی سلێمانی)،کە تایبەت بووە بە خێزانەکەی خۆیان.

لە کوڕو نەوەکانی (حاجی سعید ئاغا،حیکمت عبداللە پاشا،کامیل محەمەدامین ئاغا،شامل محەمەدامین ئاغا،.... هتد).

تێبینی:

بە داخەوە کە وێنەی خۆیمان دەست نەکەوتووە.. وەرگیراوە لە پەیجی وێنە کۆنەکانی سلێمانی..(دکتۆر زریان حاجی)

***

## ئەوەیە کەپس کردن:

ساڵی 1951 لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا بە شاندی لیبیای وت: ئێوە دەشتەکی و شوانکارەن شایانی سەربەخۆیی نین، سەرۆکی شاندەکە عەبدولحەمید عەببار وتی: ئێمە بیست ساڵ دژی ئیمبراتۆریەتی ئیتاڵیا جەنگاین و بەرگریمان کرد وئێوەش بەسێ ڕۆژ هیتلەر داگیری کردن، کاممان شایانی سەربەخۆیین، وەزیری دەرەوەی فەڕەنسای بەجۆرێك کەپس کرد قسەی بۆنەمایەوە..




## تەوبەی سەماکارێک:

هالە صافی ساڵی 1952 لەدایکبووە لەمیسروباوکی کابتنی یاری تۆپی پێ بوو، لەپانزەساڵیەوە کەوتە سەماکردن، وە لەچەند کاری هونەریشدا بەشداری کردووە، شەوێکیان لەکاتی سەماکردندا لە ئوتێلێك لەبەردەمی ئامادەبواندا، کوانووی ئیمانی گەشایەوەو بۆیەکەم جار هەستی بەشەرم کرد لەوەی کەڕووتەو بەخێرایی چووە

ژوورەکەی وخۆی گۆڕی و گریانێکی هیستیری گریاو پەشیمان بوو لەوەی کەوەك بووکەڵەیەك بەبێ مانا ئەجولێ .

دەستنوێژی شت و نوێژی تەوبەی کردو هەستی بەئارامیەکەی دەروونی کرد کەهەرگیز شتی وای بەخۆیەوە نەبینیبوو. چوو بۆحەج تا خوا لەگوناهەکانی خۆش بێت، زۆر ئیغرائات خرایە بەردەمی ئەو سووربوو لەسەر هەڵوێستی خۆی و وتی: هالە صافی مردو من ئێستا ناوم سوهەیرعابیدین ەو لەگەڵ مێردومناڵەکەمدا دەژیم، شەیتانم دەرکردووە لەژیانم وتامی ئیمانم چەشتووە..

## لەیادەوەرییەکانی محمد غەزالی:

شێخ محمد غەزالی دەڵێت: نازانم چۆن ساڵی 1941 بڕوانامەی زانکۆم بەدەستهێنا،ئەگەر یارمەتی خوانەبووایە نەمدەتوانی زانکۆ تەواوبکەم. لەقوتابیە یەکەمەکان نەبووم و خەفەتیشم بۆنەخوارد، چونکە لەتەمەڵی وکۆشش نەکردنەوە نەبوو، باری ئابووریم خراپ بوو ئەو چوار ساڵە یەك پەڕاوم نەبوو، وتیان شەرحی نەوەوی بۆ صەحیحی موسلیم بەنیو جونەیهەو بە قیستی دەمانگ بیدەن، نەمبوو بیکڕم، وتم: من نان وئاوم بەزەحمەت دەستدەکەوێ کتێب کڕینی چی ؟

بەڵێ ئەوەی ئەم بانگخوازە باسی دەکات قەدەری خوا بوو کەبەو وەزعەشەوە بێتە مەیدان بۆسەرخستنی ئیسلام، ناونرا ئەدیبی دەعوەو خزمەتێکی گەورەی کردو بووە چقڵی چاوی کۆمۆنیست و عەلمانیەکان، بەردەوام لەخەمی هۆشیارکردنەوەی موسڵمانانیدا بوو، ئەوەتا دەڵێت: ئامۆژگاریم بۆموسڵمانان ئەوەیە، ئەرێ خەوتووەکان هاواربۆحاڵتان بەئاگا بێنەوە، بەتاڵی دونیا لە بەئاگایی ئێوە بەڵایەکی گەورەیە..

**گەڕانەوە بۆ لای خوا:**

کیژۆڵەیەك لە ئیسماعیلیە ساڵی 1915 لەدایك دەبێت و پاش ئەوەی باوکی کۆچی دوایی ئەکات و براکەی ستەمی لێدەکات رادەکات و دەبێتە سەماکەرو ناوی تەحیە کاریۆکای لێدەنێن، ئەم ئافرەتە تا ناوەڕاستی پەنجاکان سەمادەکات و پاشان وەك ئەکتەرێك لەکارە هونەریەکاندا بەشداری دەکات، دیارە ژیانی ئەوانە نائارامەو حەڤدەجار هاوسەرگیری دەکات، هەندێکی چەند مانگێك و هەندێکی چەند ساڵێك بردەکات و بەجیابوونەوە کۆتایی پێدێت.

یەکێ لەوانەی شووی پێدەکات پزیشکێك دەبێت کەدواتر ئەزانێت پەیوەندی لەگەڵ گۆرانیبێژی لوبنانی سەباحدا هەیە لەداخا مستێ حەب دەخوات تا خۆی بکوژێت و خوانایکوژێت و رزگاری دەبێت.

دواهەمین جار شوو بە نووسەری شانۆگەری فایز حەلاوە دەکات و هەژدەساڵ پێکەوە دەبن ودواتر بەهۆی ئەوەی ژنی تر دێنێت جیادەبنەوەو لە شوقەکەی دەریدەکات، تەحیە تەوبەدەکات و دەچێت بۆ عومرە لەوێ شێخ شەعراوی دەبینێت و لەناو قەرەباڵغیدا بانگی دەکات و ئەویش گوێی لێنابێت و نایناسێتەوە دوایی کەدەزانێت ئەوە بەسوعبەتەوە پێی دەڵێت: بمزانیایە تۆیت (رأسا )لا (رقصا ) ئەهاتم بۆلات بەوە هەموو پێدەکەنن..

ئیتر لەوساوە وەك باوکێکی رۆحی سەیری دەکات و بۆهەمووشتێك پرسی پێدەکات، رۆژێك کیژۆڵەیەکی تازەبوو لەبەردەم شوقەکەیدا دەبێت هەڵیدەگرێتەوەو پرس بەشێخ شەعراوی دەکات، ئەویش دەڵێت: بەخێوی بکە رەنگە ئەوەکلیلی بەهەشت بێت بۆت و ناوی بنێ (بەخششی خوا).. لەسەر داوای شەعراوی پارێزەر دەگرێت بۆ سەندنەوەی شوقەکەی، دواتریش وازیی لێدەهێنێت،

شێخ لەهۆکەی دەپرسێت،ئەویش دەڵێت: میردەکەم پیربووەو هاوسەروکچێکی هەیە بینباتە کوێ، شوققەکەش گەورەیەو منیش هەرخۆمم با بۆخۆیان بێت. شێخ بەم قسانەی فرمسێك ئەزیەتە چاوی و دەڵێت: (تەحیە وام لێهاتووە غیرەت لێدەکەم چونکە پەروەردگار بەوە کۆشکێکت لەبەهەشتا بۆدروست دەکات).

خوشکەزاکەی دەڵێت: زۆر جار خواردنی لەبەردەرگا دەدا بەهەژاران، دەمووت: تۆ پارەت لەکوێ بوو ئەوە دەکەیت ؟دەیووت: هەرپاروویەك بچێتە دەمی ئەوانەوە خوا لەبری ئەوە رۆزیم بۆ دەنێرێت، زۆرجاریش هەرچی هەبوو دەیدا بەهەژاران و قەرزی لەپاسەوانی عیمارەکە دەکرد تا پارە دەهاتە دەستی و دەیدایەوە.

نابراو بیست وشەش ساڵ خواناسی کردو حەج وعومرەی کرد تاخوا لەگوناهەکانی ببورێت و لەساڵی 1999 دا بۆدواجار چاوەکانی لێك ناو ئەم دونیایەی بەجێهێشت..



**له (ڕەزا شا) باوكی محمد ڕەزا شایان پرسی:**

**چ شتێك لەژیانتدا مایەی تێڕامان بووە ؟**

**ڕەزا شا ووتی:**

**كاتێك مەئمورە ئینگلیزەكان دوریانخستمەوە بۆ دورگەی مۆریس یەكێكیان لە ڕێگا لێی پرسیم:**

**نیگەران و بێتاقەتی ؟**

**وتم: نەخێر نیگەرانی دوورخستنەوەم نیم، چونكە لە تاران ئەوەنە زانكۆم دامەزراندووە كە گەنجانی ئێران بە مەعریفەو ڕۆشنبیریەوە وریابونەتەوەو دەبنە ئاستەنگی گەورە لە بەردەم ئیستیعمارو داگیركەرانداو دەرتاندەكەن لە خاكی پاكی ئێران!**

**مەئمورە ئینگلیزەكە پێی وتم:**

**ئێمە لە زانكۆكەی جەنابت ناترسین، چونكە لە قوم حەوزەیەكی عیلمی و دینی وامان دروستكردووە، كە هەرچی زانكۆكەی جەنابت دەیڕێسێ، حەوزەكەی ئێمە دەیكاتەوە بەخوری! ڕەزاشا وتی:**

**هەموو ڕۆژێك بیر لەو قسەیە دەكەمەوە!(ئەكاونتی مامۆستا حەسەن مەحمود)**

## **وانەیەكی زێڕین!**

**تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان وێنەیەكی (سادیۆ مانێ)ی سەنیگالیی، یاریزانی یانەی لیڤەرپوڵی ئینگلیزییان بڵاوكردەوە، كە مۆبایلێكی شاشە شكاوی بەدەستەوەیە، و بووە مایەی پرسیار و گاڵتەجاڕیی كە چۆن كەسێكی ملیۆنێر مۆبایلێكی شكاوی پێیە!**

سادیۆ لەوەڵامی لاقرتێکاندا بە سادەییەوە وتی:

بۆچیمە دە ئۆتۆمبیلی فیراری، یا بیست کاتژمێر، یا دوو فڕۆکەی تایبەتم هەبێت، یا گرانترین مۆبایلم بەدەستەوەبێت؟!

من بەبرسێتیی پەروەردە بووم و لە کێڵگەکاندا کاری سەختم دەکرد. لە جەنگەکانی نیشتمانەکەم ڕزگارم بوو و بە پێی پەتیی تۆپێنم دەکرد، دەمخوێند و زۆر نەهامەتیم بەسەرهات.

بەڵام ئێستا بەو پارەیەی لە یاریی تۆپێن دەستمدەکەوێت، ئەتوانم یارمەتی گەلەکەم بدەم. چەندین خوێندنگە و یاریگەمان درووست کرد و پێڵاو و پۆشاك و خۆراك بۆ هەژاران دابین دەکەین. جگە لەوەش مانگانە هەفتا یۆرۆ دەدەینە هەریەك لە ماڵەکانی هەژارترین ناوچەی سەنیگال، کە ئەمەش یارمەتی ئابووریی خێزانەکان دەدات.



نامەوێت پۆز لێبدەم بە ئۆتۆمبیلی گرانبەها و کۆشك و گەشتی فڕۆکەی تایبەتەوە، بەڵکو ئەمەوێت گەلەکەم کەمێك لەو سامانەی پێبگات کە ژیان بە منی بەخشیوە!– لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراوە و کردوومە بە کوردی.

(باست حەمەغەریب)

**ئەم داپیرەیە:**



ناوی (تناظر محمد مصطفى النجولي )یە لەتەمەنی 97 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی زیاتر لە 70 ساڵ هەزاران کەسی فێری قورئان کردو مۆڵەتی هەردەقیرائەتەکانی دا، ئەو لەساڵی1924 لەمیسر لەدایکبووەو تووشی ئاوڵە بووەو چاوەکانی لەدەست داوە،ئەو ئەهلی قورئان بوو، بەوەش بووە ئەهلی خواو دۆست و خۆشەویستی خوا، بەراستی ئەم قورئانە کەسانێك بەرزدەکاتەوەو کەسانێکیش دەبات بەناخی زەویدا، بەهۆی قورئانەوە دیارە لەئەرزو ئاسمان ناسرابوو.. دونیا تەواودەبێت ئەمڕۆ بێت یان سبەی خۆزگەم بەوەی رووی دێت بمرێت و بگەڕێتەوە بەر بارەگای خوا..

**گۆرانیبێژی میصری بهاء السلطان** لەدوای دورکەوتنەوەی لە گۆرانی بۆماوەی 6ساڵ توانی تەواوی"قورئانی پیرۆز "لەبەربکات.

سەیر لەوەدایە ئەو کەسەی بووە مایەی هدایەتی ئەم گۆرانیبێژە ئیمامی مزگەوتێك بووە، پاش ئەوەی دەسەڵاتدارانی مصر دەزانن ئەوبۆتە هۆی هیدایەتی، دەستگیری دەکەن ودەیدەنە دادگا ولە ئیمامەتیش لایدەدەن!!!




**لەگوندێک مەلا بووم:**



ئەو کات موچەم نەبوو...خەڵك یارمەتی دەدام... رۆژێکیان مامۆستایەکی برادەرم هات بۆ ماڵمان خێزانیشی لەگەڵ بوو،...ئەویش وەك من موچەی نەبوو..زۆر دەست کورت بوو کاتێ ویستی بڕوا... هەستم کرد پارەی پێ نەبوو..منیش ٢٥ هەزارم پێبوو دام بەو کەخۆشم بێپارەبووم،..سبحان الله بە یانی بوو..بۆ نیوەڕۆکەی خوا بە چەند قات بۆی ناردمەوە. (جەمال مەلەکی)

**خێزان لە نێوان (مەوەدە) و (هوتێل)دا**

(المودە) لە زانستی نوێی دەروونناسیدا واتە ئەو کەسەی کە  توانای هاوگونجانی هەیە لەگەڵ بەرامبەرەکەی و سەرچاوەی ئەم گونجانەشی لە عەقڵەوە سەرچاوەی گرتووە و نەگۆڕە،  واتا هیچ شتێك نایشکێنێت،

خێزان دەلەرزێت بەڵام هەڵناکەندرێت، هاوسەرەکان دەوەرن بەڵام نارووتێنەوە، ڕۆژگار پەلوپۆیان ئەکات بەڵام تەسلیم نابن و بەردەوام چەکەرەدەکەن.

توشی نەبونی ئەبن بەڵام ڕاناکەن، نەخۆش دەکەون  بەڵام ئارام دەگرن، (مەوەدە) گواستنەوەی قۆناغێکە لە گۆڕینی قسەوە بۆ کردار، لەمۆبایلە شیعرە بۆ قبوڵکردنی قامچی ڕۆژگار، لە سناپ و ستۆری و سێلفیەوە بۆ پاراستن و داپۆشین و  ڕێکخستنی ژیان و ڕێزگرتنی یەکتری هاوسەرگیری و  و ماڵ دروستکردن یەکەمجار ئامانج لێی ئارامی و سکونەتە، دواتر  بۆ مەوەدە و ڕەحمەیەماڵی پڕ قاڵ و قین چۆن دەگاتە خۆشەویستی و  ئارامی و رەحمەت و یەقین،  ئاخر خۆ خزمەتگوزاری جل شتن و نوستن و نان خواردن و پاککردنەوە و زۆرشتی تریش کە لەنێوان هاوسەرەکاندا هەیە ڕەنگە لە هۆتێلەکانیشدا دەست دەکەوێت بەکوالێتیەکی بەرزتریش ، بەڵام چونکە مەوەدە و ڕەحمەی تیا نیە، مرۆڤ هەرگیز هۆتێل بەماڵ ئەژمار ناکات.

بەشێك لەماڵەکانی ئەمڕۆ تەنها ئوتێل و کابینەی مانەوەن، بەیانیان خواخوایانە لێی ڕاکەن و ئێوارەش بۆ نوستن بێینەوە .

داری (سەروو) چونکە هەمیشە سەوزە، بەردەوام گۆرانی بەباڵایدا دەوترێ چونکە چوار وەرزە بەرگەی گەرما و سەرما و خەزان و چرۆکردن دەگرێ، سەروو دارێکە مەرجی نیە،

دار هەیە ئاوی کەم بەیت وشك دەبێت، دار هەیە بە پێچەوانەوە ئاوی زۆر بدەیت زەرد دەبێت، دار هەیە لـە سێبەرە و هەیە لـەبەر خۆرە، هەیە وەرزیە و هەیە کەمتر دەژی،

لـە ڕاستیدا عیشق وەکو سەروو وایە مەرجی نیە بەڵکو خۆی رادەگرێ تەنها سەرووە رەگی لـە زەویدایە و سەری لـە ئاسمان چونکە هیمەتی خۆڕاگری هەیە

حافظ وتەنی: –

هەموو درەختێ بەرگەی جەفای خەزان ناگرێت

غوڵامی هیممەتی دار سەرووم کە ئەم خۆڕاگریەی هەیە

نوقتە سەری دێڕ

(وجعل بینکم موده ورحمە)(هێمن عبدالقادر)

**ماڵداری و خزمایەتی بە وتی وتی و کوتەک و کوتەکداری ناکرێ:**

زەبروزەنگ و تانەو توانج و دەعوەت و تەلـەفۆن و تەلـەفۆنکاری و خەڵك کۆکردنەوە لـە ڕقی یەکتری پێش ئەوەی بەرامبەرەکەت لـە ناو ببات خۆت ماندوو دەکات.

ئەوەی (ئەسیار) و پاسەوان و ئێشکگرە بەسەر خۆشبەختی خەڵکی ترەوە، بێ ئاگایە بە دیار دڵتەنگی و کێشەی خۆیەوە خەو دەیباتەوە .

پێشینان دەڵێن: –

(بوکێکمان هێنا بێ بارگە و بنە

کوتەك هەڵئەگرێ و ئێژێ ماڵ ماڵی منە)



لە ڕاستیدا، ماڵ نەهی بوکە و نە هی زاوایە، کوڕ بەتەنها هی هاوسەرەکەی نیە، هەر وەکو چۆن ژن بە تەنها هی پیاوەکەی نیە، بەڵکو لەم نێوەندەدا چەندین رۆڵی کۆمەڵایەتی تر هەیە دەبێت پێی هەستن، ئەوان کوڕی کەسێکی تریشن، برای کەسێکی تریشن، بەهەمان شێوە بۆ ژنەکانیش راستە ئەوان بەتەنها ژنی کەسێك نین بەڵکو کچ و خوشکی کەسێکی تریشن، ئەم تەمەلوك و داگیرکاریە لە هەرشتێکدا راست بێت، لە خێزانداریدا بڕێکی زۆری هەڵەیە، جا ئەمە ئینسانی زۆر باڵای دەوێت ئەمانە لە دڵ نەگریٚ و تێی بگات.

چێشتی دەستی دوو کەیبانوو یان سوێر ئەبێ یان دەسوتێ، چونکە یان هەرچی دەڕوات مستێك خوێی تێدەکات یاخود کەس ناچێت بەلایەوە تا بەبنی تاوەکەوە دەنوسێ .

خێزانی ماڵجیایی و (من منی و تۆتۆیی ) یان تێك دەچێت و هەموو رۆژێك ئاژاوە دەبێت و قاڵ و قین دەبێت، یان کۆتایەکەی دەسوتێ و هەرچی شت هەیە لەگەڵ خۆی دەبات .

کورد ئەڵێ (خەتەنە سونەتە بەڵام لە بنا، نا)

پەڕگیری و گۆشەگیری و سەربەخۆیی و ژیانی ئارام و بڕێك دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی سونەتە بۆ ئارامی و سکونەتی خێزان، بەڵام بڕین و قەتع کردنی پەیوەندی (دایك و کچ )، (دایك و کوڕ)، (ژن و خوشك)، (کوڕ و برا) لە یەکتری نا، ئەوانە یەکێکن لە تاوانە گەورەکان

(فهل عسيتم إِن توليتم أَن تفسدوا فِي الارض وَتقطعوا ارحامكم، اولئك الذين لعنهم الله)

نوقته سەری دێڕ......

تێبینی و ئامۆژگاریەکی برایانە : –

*شەڕکردن لەگەڵ خەسوو، چ زاوا یان بوك بیکات، هیچ فەرقی نیە، وەکو ئەوە وایە لەگەڵ کیم جون ئونی سەرۆکی کۆریا لە شەڕدا بیت، هەرچی بکەیت هەر دۆڕاوی جا باشترین بەڵگەش بۆ ئەم قسانە: –

ئەڵێن ژنێکی بەتەمەن وێنەیەکی خۆی ئەبات بۆ وێنەگرێك و پێی دەڵێت: فۆتۆشۆپی ئەم وێنەیەم بۆ بکە، بەڵام نە ئارایشتم بۆ بکە و نە گەنجیشم بکەرەوە .

وێنەگرەکە دەڵێت: ئەی چیت لێ بکەم ؟

پیرەژن ئەڵێ: ملوانکەیەکی ئەڵماس و مستیلەیەکی یاقوت و سێتێك بازنی ئاڵتونم بۆ زیاد بکە، بۆ ئەوەی کە مردم بوکەکانم هێندە بە دوایدا بگەڕێن تا دڵیان شەق دەبا و لە هەناسە دەکەون.

**جا بە حوکمی پسپۆڕی و کارەکەشم ڕۆژانە بوکی وا دەبینم پیاو حەز دەکا نەك تاقمێ ئەڵماس بەڵکو تاقمێك ملەگەردانە و پشتێنێکی ئاڵتون و سێتێك یۆرانیۆمیش بۆ رەسمەکە زیاد بکەیت، قەینا خەڵك لێرەوە سوپا دەنێرێ بۆ (ئەرمینیا و ئازەر بایجان) یەعنی مەعقولە تۆ بتەوێت لە خانویەك لە قاتی سەرەوە کەس تەداخولاتی ژیانت نەکات .

*** هاوپێچ نیگایەکی پڕ ئەزموون و بیرۆکەی جۆراو جۆر لە لایەن خەسوو بۆ بوکەکەی(هێمن عبدالقادر).

**ئەو منداڵەی لە ژواندا خەوی لێکەوێت گوێز ئەخەنە مستی**

مەولانا جەلالـەدینی رومی چیرۆکی ئەو عاشقەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لـەگەڵ مەعشوقەکەی وادەی یەکتر بینین دادەنێن، بە ئومێدی ودیتنی یار، شەو عاشق دەچێتە ژێر دارێك لـە دەرەوەی ئاوەدانی بۆ ئەنجامدانی ژووان، بەڵام بەهۆی تێنەگەیشتن و پێنەگەیشتنەوە پێش هاتنی یار، عاشق خەوی لـێدەکەوێت .

وەختێك مەعشوق دەگات و دەبینێ عاشق خەوتووە، سەردەستی کراسەکەی بۆ دەدڕێنێ ( وەك بەڵگەیەك کە هاتووە بۆ ژوان) و دوو گوێزیش ئەخاتە مستی دڵدارەکەیەوە، وەك بەڵگەی ئەوەی کە تۆ (هێشتا منداڵیت و باشترە کایە و یاری بە گوێز بکەیت) نەك بچیتە ژێر باری ئەو بەر پرسیارێتیە گەورەیە کە خۆشەویستییە .

مەولانا پێمان دەڵێ عیشقبازی کاری بنیادەمی پێگەیشتوو تێگەیشتووە ، ئەو کوڕەی کە هاوسەرگیری دەکات و تەنها غەریزە و تێر بوون و لـەش و لار و باڵاو شکلّ و شێوە دەبینێت و سەرنجی رادەکێشێت،یان ئەو کچەی تەنها داوای ئاڵتونی زۆر و ئایفۆنی دوانزە و سەفەری وڵاتان و داواکاری زۆر دەکات، پاش ماوەیەکی کەم نەك گوێز، بەڵکو یەکی سێ بەرد ئەکەنە مستی یەکەوە .

چونکە لـەش و لار تێك دەچێ، غەریزە دادەمرکێتەوە، ئاڵتون نرخی بەرز و نزم دەکات، وەلێ عیشق نا، تێگەیشتن نا .

حافز دەڵێ: –

(تعجیل کن کە اسب و قبا می فرستمت)جاران ئەگەر کەسێك میوانداری لـە کەسێکی خۆشەویستی خۆی بکردایە پێش وەختە (ئەسپ )و (کەوا) ی بۆ دەنارد، ئەسپیان بۆ دەنارد تا نەهاتن نەکات بە بیانوو، کەواشیان بۆ دەنارد تا دۆست کە هات بە جوانی و شکۆوە دەرکەوێت .

هاوسەرگیری دەبێت لـەیەکەم ژوانەوە رێزی بۆ بنێری ئەگەرنا هەرگیز نایەت، دەبێت متمانەی بۆ بنێری، دەبێت سەعادەت و ئەمانی بۆ بنێری، بەزەیی و بەرگەگرتنی

بۆ بنێری، پاراستنی شکۆ و ئابڕووی یەکتری بۆ بنێری ئەگەرنا سەد بیانووی هەیە بۆ نەهاتن و هەر لـەیەکەم ڕۆژەوە ئەو هاوسەرگیریە بالـەسەر کاغەزیش هاتبێ وەلـێ لـە واقیعدا هەرگیز نایە.

دەبێت لـەبری کەوای پولـەکە و ئایفۆنی ١٢ و سێڵفی و ستۆری ڕووکەشگەرایی و ڕێزی خۆی و کەسوکاری بۆ بنێری تا هەمیشە بە شان و شکۆوە بێت .

نوقتە سەری دێر....

*بەگوێرەی ئاماری ئەنجومەنی دادوەری عیراق هەموو کاتژمێرێك ١١ خێزان لـە عیراقدا هەڵدەوەشێتەوە، حاڵی خۆشمان لـەوان باشتر نیە .

*زۆر هۆکاری تری (ئابوری، رامیاری، کلتوری، ناوچەیی و هتد ) هەن بۆ ئەم باسە

*لـەگەڵ هاوڕێیانم سەرپەرشتی لیژنەی ئاشتەوایی خێزانی دادگا دەکەین، چیرۆکی وا دەگوزەرێ ڕەنگە بۆ گێڕانەوەی ناو دنیای سۆشیال میدیا نەشێ، کە دەری دەخا ئاستی دنیا بینی ئینسانی ئێمە چەند بچوکە و چەند زوو لـە ژواندا خەومان لـێدەکەوێ نەك گوێز، زۆر شتی سارد و سوکیش ئەخەینە مستی یەکتر(نووسینی هێمن عبدالقادر).

**جلال الدینی ڕومی لە (مثنوي)دا:**

چیرۆکی کابرایەکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بەزاهیر وا خۆی نیشانی خەڵکی دەدا کە بۆ خوا سوڵحاوە، وەلـێ لـە دەروونـدا ڕیاکار و ڕووکەش پەرست.

بەجۆرێك کابرا هەر پارچە پەڕۆ وپاتاڵێکی دەست کەوتایە لـەگەڵ مێزەرەکەی سەری تێکەڵی دەکرد بۆ ئەوەی کە ڕۆیشت بۆ هەر شوێنێك مێزەرەکەی زل و قەبە دەرکەوێت و سەرنجی دەوروبەرەکەی بۆخۆی ڕابکێشێ .

هەتا بەيانيەك لـە تاريك و ڕووندا (دزێك) بۆسەی بۆ نايەوە و ئەو ختورە بەدڵی کابرای دزدا هات، کە کابرای مێزەر زل شتێکی گرانبەها لـەناو مێزەرەکەيدا شاردبێتەوە، چونکە بيستبووی خەڵکی پارەو شتی بەنرخ لـەو شوێنانەدا هەڵدەگرن.

کابرا بە مێزەرە گەورەکەيەوە لـە کۆڵانێکی چۆڵدا نزيکی دز کەوتەوە و کاتێکی زانی مێزەرەکەيان لـەسەر ڕفاند.

وەختێ ئيتر زانی کار لـە کارترازاوە لـە دواوە بانگی کردە کابرای دزەو وتی: –

(برا پياوی چاکبە ئەو مێزەرە بۆ تۆ هيچ سوودێکی نيە چونکە هەمووی پەرۆوپاتاڵـە وەلێ بۆ من سوودی زۆرە، تۆ هيچ نەبێ دوورمەکەوەرەوە بيپشکنە ئەگەر هەرچيەکی تيابوو بيبە بۆ خۆت گەردنت ئازاد بێ ).

کاتێك دزە مێزەری پشکنی و هيچی تێدا نەبوو ئەنجا کێشای بەزەويدا و ڕويکردە کابرا و وتی (ئای خەجاڵـەت بی بەم فرت و فێڵ و مێزەرە زلـەوە نەك خەڵکی ساويلکەو دڵپاکت خەڵـەتاندوە، وا منيشت لـە خشتە برد و لـە کاری ئەمڕۆت کردم)

.

(وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِنْ يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ (4)المنافقون)

واتا: – کاتێك دەيانبينی سەرسامی لـەش و لار و (ڕێك پۆشی)يان دەبيت، وە کاتێکيش دێنە قسە، وەك داری وشکی ڕێك کە بەديواردا ريز دەکرێن وشە ريز دەکەن بەجوانی، بەڵام خودا سەيری ڕستە و لـەش و لار و جل و بەرگ ناکات (ولکن ينظر الي قلوبکم) خودا سەيری دڵتان دەکات .

نالی وتەنی: –

(ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلـە و گوڵـخەنی ئەمەل

هەندێ بووە بە مەسجيد و هەندێك بە مەزبەلـە )

مرۆڤ لەهەر شوێنێكدا بە نیازی پاك و چاكەوە كارێك بكات ئەو شوێنە با كۆڵان و كەلاوەیەكیش بێت، با بە جلێكی دڕاو و سەری ڕووتیشەوە بێت، ئەو شوێنە و ئەو جلە دەبێتە پاكترین شوێن و جوانترین جل لە لای خودا، بە پێچەوانەشەوە لە هەر شوێن و لەناو هەر جل و بەرگ و لەژێر هەناونیشانێكدا بە نیازی خراپەوە كارێك بكەیت ئەو شوێنە دەبێتە مەزبەلە و كەلاوە. (هێمن عبدالقادر).

**شێخی ئەزهەر  شێخ جادالحق**

شێخ بەبوێری و فەتواكانی قەوارەی جولەكەو حكومەتی میصری هێنایە لەرزەو لەدژی ئاسایی كردنەوەی پەیوەندیەكان لەگەڵ قەوارەی جولەكە فەتوای دابوو كەبەم حاڵەوە حەرامە بۆ موسڵمانان سەردانی قودس بكەن  و هەركەس سەرپێچی بكا گوناهبارە !

لەم پێناوەدا سەرۆكی ئەوكاتی قەوارەی جولەكە عیزرا وایزمان  سەردانی میصری كردو  وەسەرۆكی میصر  دیداری بۆ دیاری كردبوو كەسەردانی ئەزهەر بكاو لەگەڵیان كۆ ببێتەوە بەڵام ئەم دیدارە بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ ئیدارەی ئەزهەر درابوو بۆیە شێخ جاد بەتوندی ئەو دیدارەی ڕەت كردبوویەوەو وتبوی بەهیچ جورێ دەستی خۆم پیس ناكەم بەتەوقەكردن لەگەڵ كەسانێك كەدەستیان سوورە بەخوێنی  ڕۆڵە بێتاوانەكانی فەڵەستین، وەشێخ دەیوت  بێگومان دەسكەوتن و سوودمەند بوونی قەوارەی جولەكە لەئاوی نیل قورس ترە لەسودمەند بوونیان لەئاوی سەرمانگ !

ڕۆژی دواتر  زۆربەی ڕۆژنامەكان ئەم وتەی شێخیان لەمانشێتی ڕۆژنامەكانیان بڵاو كردەوە هەروەها زۆرێك لەپیاوانی حكومی داوایان لەموبارەك كردبوو كەهەوڵی بەدەسهێنانی فەتوا بدات لەمەشایخی ئەزهەر هەتا خەڵكی بەسود پارەكانیان

ببەنە بانکەکانی حکومەت لەو پێناوەدا موبارەك بەشێخ جادی ڕاگەیاند کەخەریکە حکومەت ئیفلاس دەکاو ئابوری وڵات دەڕوخێ داوات لێ دەکەم کەفتوا بدەی کەخەڵك متمانە بەبانکەکان بکەنو پارەکانیان بخەنە بانکەکان و پێیان ڕابگەیەنی کەئەم سەودایە حەڵاڵەو بێ کێشەیە !

بەڵام شێخ لەبەرامبەردا زۆر توڕەبوو وتی کێ وتویە کەئەوەمنم حەرام و حەڵاڵ دیاری دەکەم وە ئەوە بڕیاری خوایە کەحەرامو حەڵاڵی بەدەستە !

بۆیە دڵنیابە بەهیچ جۆرێ لەو فەتوایە پاشەکشە ناکەم کەسودی بانکی حەرامە !

هەروەها مێژوو هەرگیز هەڵوێستی شێخ جاد لەبیر ناکا کاتێك کۆنگرەی شارەکان لەمیصر بەسترا کەنەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامی دابوو ساڵی ١٩٩٤

هەڵبەت هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بڵاویان کردبوویەوە کەلەو کۆنگرەدا هەوڵی ئەوە دەدرێ کە ئازادی ڕابواردن و شزوزی جنسی دەربکرێ و بانگەشەی یەکسانی ڕەگەزی و دژایەتی پەیامی ئاسمانی بەتایبەت قورئان بکرێ و شێوازی میرات بەو شێوە دابنێن کەموخالیف بێت بەقورئان !


ئەمانەو چەندین بڕیاری دژ بەئاین دەربکرێ بۆیە شێخ جادو کۆمەڵێك لەزانایان بەیاننامەیەکیان دەرکرد کەمیصرو جیهانی ئیسلامی بەهیچ جۆرێ پابەندی ئەو بڕیارانە نابێ کەکۆنگرە دەری دەکات، ئەو بەیاننامەی زانایان و شێخی ئەزهەر بەتەواوی کاری کردە سەربڕیاری سیاسی سەرکردەکان چونکە کاریگەری ئەزهەرو شێخ جاد بەجۆرێك بوو کەبەپەلە موبارەك ڕایگەیاند کەمیصر وڵاتێکی ئیسلامیەو مۆڵەت بەکۆنگرە نادا کەهیچ هەڵوێستێك دەربکا کەپێچەوانە بێت بەیاساکانی ئیسلام !

هەرلە سەردەمی شێخ جاد وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا کەحجاب لەقۆناغی سەرەتایی قەدەغەیەو لەقۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیش پێویستە حکومەت دیاری بکا کەچی بپۆشن !

بەڵام بیریان چوو کەمیصر پیاوانێکی تێدایە کەجگە لەخودا لەکەس ناترسن، بۆیە دیسان ئەزهەر بەیانی دەرکرد کەنابێ وەزارەت بڕیارێك بدا پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی بێت بەهەمان شێوە حکومەت دیسان پاشەکشەی لەبڕیارەکانی کردو ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرا .

شایانی باسە شێخ جاد لەشوققەیەکی بێ خزمەت دەژیا لەکاتێکا تەمەنی شێخ نزیك هەشتا ساڵ بوو ناچاربوو ڕۆژانە بەو هەمو پلیکانەدا سەربکەوێ بۆنهۆمی پێنج چونکەماڵەکەی لەوێ بوو هەرچەن حکومەت پێشنیاریان بۆکرد کەئەوان خانوویەکی باشو فراوانی پێ دەدەن تێیدا بژی بەڵام ئەو ڕەتی کردەوەو وتی: هیچ شتێك لەماڵی دنیا وەرناگرم لەبەرامبەر هەڵوێستەکانمو فەتواو کتێبو بەیاننامەکانم کەنوسیومن یاوتومن لەبەرخوا

ئەمە کورتەیەك بو لە چالاکی و هەڵوێستە نەمرو خواناسیەکانی شێخ جاد خودا لێی خۆش بێت . (ئەکاونتی مامۆستا خەڵەف سەنگاوی).



**مەلای مەشهوور:**




کەسایەتیەکی کۆمێدیایە لەناو کوردستان و تورکیا و ئێران و بالکان و وڵاتە عەرەبییەکان، نەتەوەکان بۆ ئەم کەسایەتییە ناوی جیایان داناوە وەك کورد مەلا مەشهوور وە فارس و تورك مەلا نەسرەدین لای عەرەب جوحا، لەساڵی ١٩٦٧ مێژوونووسی کورد حوسێن حوزنی موکریانی پەرتووکێکی لەسەر مەلای مەشهوور بڵاوکردەوە.

مەلای مەشهوور ناوی تەواوی (شێخ نەسرەدین خوجە)یە و لە ساڵی ١٢٠٨ لە شاری ئاکشەهیر لە نزیك قۆنیا لە وڵاتی تورکیا لەدایك بووە، بە پیاوێکی دانا ناسراوە کە لەڕێگەی گاڵتەوە پەیامەکانی دەگەیەنێت، لە ساڵی ١٢٨٤ کۆچی دوایی کردووە..

ڕۆژێك مەلا نەسرەدین بۆ خۆشتن دەچێت بۆ حەمامی شار، لەوێ ڕێگەیان پێنادەن بچێتە ژوورەوە و پێی دەڵێن: – ئەم حەمامە تایبەتە تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر بەناوبانگن.

مەلا نەسرەدینیش دەڵێ (مەبەستتان لە خەڵکی بەناوبانگ چیە و کێیە؟)

کابرای خاوەن حەمامیش دەڵێ: – مەبەستمان لە خەڵکی ناسراو، ئەو کەسانەیە کە لە شاردا ناسراون و لە هەر شوێنێکەوە دەڕۆن خەڵکی دەستیان بۆ ڕادەکێشن

مەلا نەسرەدین کە ئەمە دەبیستێت خێرا دێتەوە ماڵەوە و گوێدرێژەکەی دەهێنێ و هەرچی پەڕۆ و پاتاڵ و پارچەی شکا و شتی بێ کەڵك هەیە بە گوێدرێژەکەیدا هەڵی دەواسێت و خۆشی بە پشتدا سواری گوێدرێژەکەی دەبێت .

بەم جۆرە بۆ ماوەی هەفتەیەك دەست دەکات بەگەڕان بە ناو شاردا و لە ماوەیەکی کەم دەبێتە جێی باس و خواس و نوکتە و پێکەنینی خەڵك و بەجۆرێك هەموویان دەیناسن و لە هەر کوێ دەردەکەوێت پێی دەڵێن تۆ کابراکەی ئەو ڕۆژە نیت بە پشتا سواری گوێدرێژەکەت بووبوویت ؟ بەم جۆرە مەلا نەسرەدین دەبێتە کەسێکی ناسراو و خەڵکی دەستی بۆ ڕادەکێشن و ڕێگەی دەدەن بچێتە حەمامی گەورەی شار.



**خوڵاسەی کەلام: –**

**– کاتێك بە پێچەوانەوە سواری هەموو بەها و عورفێکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەبیتەوە و هەرچی ناشیرینی و خەڵەت هەیە دەیکەی بەخۆتدا و نیشانی خەڵکی دەدەیت، لە ماوەیەکی کەمدا دەناسرێت وەلێ تا مردن بە ناشیرینی .**

**– بە مەلا نەسرەدینیان دەوت بۆچی ئاوا سواری گوێدرێژ دەبیت، ئەویش دەیووت (من بە پێچەوانەوە سوار گوێدرێژەکەم نەبووم، بەڵکو گوێدرێژەکەم بە پێچەوانەوە دەڕوات)، هەموو کاتێك پێچەوانەیی مانای ڕاستی نایات بەڵکو بڕێك جار تێکەڵت دەکات لەگەڵ زۆر شتی تردا و خەڵك بە ئەستەم لەیەکتریتان جیا دەکاتەوە.**

**– گرنگ نیە چەندێك لە خەڵکی دەتناسن، گرنگ ئەوەیە کێن ئەوانەی کە دەتناسن .**

**– ڕێگاکانی دەرکەوتن و خۆناساندن بەخەڵکی زۆر و ئاسانن بەڵام ڕێگاکانی هێشتنەوەی مرۆڤ بە سەنگینی و سەلاری سەخت و کەمن . نوقتە سەری دێڕ....**

**دوعای ئافرەتێک:**

**مامۆستا سیروان وتی: لە2007 دا تەختەبەست بووم ملیۆن ونیوێکم کەوتە لای کەسێك نەیدەدامێ، منیش بە سەرۆك عەشرەتەکەیم وت، ئەویش کەزانی بەتەلەفون تێر جنێوی بە سەرۆك عەشرەتەکەشیان دا کەلای ئەوان ئەوە بەتاوانی گەورە حسابە، قسەکانی تۆماربوون لام، ئەمەگەیشتەوە دەم سەرۆکی عەشرەت و وتی: من لەجیاتی ملیۆن ونیوێك شەش ملیۆن ونیوت دەدەمێ بەڵام ڕووبەڕووی ببەوە و بابسەلمێت سوێند بەخوا دەیکوژم، ئیتر ڕووبەڕووی بوومەوە ودوانزەجار سویندی خواردکەنەیووتووە، ئنجا هەرلەوێدا تەڵاقی خوارد کەمن بکوژێت وەرە پارەشت بخواو هەڕەشەش بکات، دەساڵێکی خایاند لەهەولێر ساڵی 2017شۆفێری تەکسی**


بووم، ژنێك وچەند منالّێك دەستیان لێڕاگرتم، کەزانیم هەژارن هیچم لێوەرنەگرتن، ئافرەتەکە دەستی بەرزکردەوەو زۆر دوعای کرد خوا شایەتە ئێوارە کابرا تەلەفونی کردو پارەکەی دامیّ هەرچەند گەلأیەکیشی لێبڕیم، بەلأم سوپاس بۆخوا رزگارم بوو لەو کێشەیە.



**مامۆستا سەفین وتی:**

**منداڵ بووم ماڵمان لە دەشت بوو ئەلغام پێمدا تەقی هەردوو لاقم لە دەست دا.**

**دوای فەترەیەك چووم بۆ هەولێر ببم بە فەقیّ دوو مامۆستا دانیشتبوون ئیختیباری قوتابیەکانیان دەکرد کە سەیری منیان کرد دوو شەقەم پێبوو هەردوو لاقم نەبوو منداڵیّ دەشتیێبووم سەرمابردی و زەعیف بووم هەندێك پرسیاریان لێم کرد دەربارەی نوێژو ئەرکانەکانی ئیسلام. دواتر مامۆستایەکیان وتی کوڕم تۆ بەکەڵکی خوێندن نایەی حاڵت زۆر خراپە خەڵك نابیّ هیچ ئیشەکی پێنەکریّ ئەوجا بیەویّ ببێتە مەلا.**



لەکاتی ئەو قسانەدا من حەزم دەکرد عەرز قوتم دا ئەوەندەی تر بیٚ هیوابووم لە ژیان وا هەستم دەکرد خەریکە هەردوو دەستیشم لیٚ دەبێتەوە. ئاخر بڕیاری مامۆستایەکە ئەوەبوو وتی تۆ بڕۆوە بەکەڵکی فەقێیایەتی نایەی. بەڵام لەوکاتەدا مامۆستا سەید ئەحمەدیش یەکێك بوو لە ئەندامی لیژنەکە هەستاوەو وتی من حەقی ڤیتۆ بەکار دەهێنم ئەو منداڵە وەردەگرم. ئەوانیش قسەکەیان نەشکاندوو وتیان کەیفی خۆتە بەڵام ئێمە لەگەڵ وەرگرتنی نین. م. سەید احمد وتی: من ئیشم بە جەستەی ئەو کاك سەفینە نیە من ئیشم بە مێشکی هەیە هەستەکەم مێشکی کاردەکا.

دواجار وەرگیرام مامۆستا سەید وتی: کوڕم سەفین بزانم چیم بۆ دەکەی شەرمەزارم نەکەی، لە مەدرەسەی محەمەدیە وەرگیرام ساڵی یەکەم لەسەر ئاستی مەدرەسەکە یەکەم بووم هەتا کۆتایی ساڵ و هیچ کات لە سێیەمی سەر ئاستی مەدرەسەکە کەمترم نەهێنا.

ئێستا خاوەنی ماستەرم. خاوەنی خێزان و منداڵم. ئیمام و خەتیبم لە مزگەوتێك وخاوەنی حەوزە ماسیم. خاوەنی پڕۆژەی ئاژەڵداریم.

ئەگەر بڕیاری ئەو مامۆستا جێبەجێ بکرایەو وەرنەگیرامایە لەو مەدرەسەیە لەوانەیە ئێستا کەم ئەندامێك بوومایە چاوەڕێبم خەڵك خێرم پێبکا.

**ماڵ وەکو (مەنفا) و مرۆڤ وەکو (نەفی)کراو**

نەفی کردن جۆرێکە لە سزا، سزایەك کەئەوەندەی ڕۆحیە ئەوەندە جەستەیی نییە، یەکەمین کەسێك کە ڕەنگە بەر ئەم سزایە کەوتبێت باوکە (ئادەم) بووبێت، دەرهاویشتنی (ئادەم) لە بەهەشتەوە بۆ زەوی جۆرێکە لە نەفیکردن، زەویش بەگشتی هیچ نیە جگە لە (مەنفا)یەکی ڕووت، مەنفاش خۆی هیچ نیە جگە لە تاریکی و ترس، هەر ئەمەیە کە مرۆڤ سەراسیمە و نائارامە و هەمیشە چاوەرێی گەڕانەوەیەکی ئەبەدیە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتوە .

مرۆڤی نەفی کراو وەکو ئەو درەختە وایە کە لە ڕەگەوە هەڵدەکەنرێت، هەردوو ئەگەرەکە لەبەر دەمیدا کراوەن، ڕەنگە لە خاك و ئاوێکی باشتردا بڕوێت و ڕەنگیشە هەرگیز جێگەی خۆی نەگرێتەوە و بۆ ئەبەد وشك بێتەوە (بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مرۆڤ درەخت نیە) کەواتە چەندێك نیگەرانی شوێنە، ئەوەندەش نیگەرانی کەس و یادگاریەکانێتی . نەفی کردن ناردنی مرۆڤە بۆ شوێنێك کە زمان تیایدا ونە، مرۆڤی نەفیکراو ئەوەندەی لە خەیاڵی رابردوودایە ئەوەندە لە بیری داهاتودا نیە،

چونکە هەمیشە بە هەڵواسراوی لە نێوان دوو دنیادا دەمێنێتەوە، مرۆڤی نەفی کراو نەدەتوانێت کارلێك لەگەڵ ژینگە نوێکەی بکات و نەدەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ژینگە کۆنەکەی، سزای نەفی کردن ڕەنگە جۆرێکی نوێی کوشتنی مرۆڤ بێت پێش مردنی ڕاستەقینەی .

لە شوێنێکدا کە مەئمور، ئەوەی کە فەرمان دەکات (کات) و (زمان) و (شوێن) و (یادەوەری) و (یادگاری)ت لێوەربگیرێتەوە، ئیتر تۆ وەزیفەکەت لەدەستداوە، ئەستۆپاکی دنیاییت بۆکراوە و ئامادەیت بۆ گواستنەوەی خزمەتەکەت بۆ شوێنێکی دیکە کە پێی دەوترێ مەنفا، مەنفای ماڵ، مەنفای شوێن، مەنفای دنیایەکی دیکە.

هەر بۆیە کاتێك مرۆڤ لە جەنگەڵ دێتە دەرەوە و (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دەنووسێتەوە، زیندانیکردن و دوورخستنەوە وەك دوو سزای کاریگەر بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنێت، لە ڕاستیشدا کەم نین ژمارەی ئەو مرۆڤانەی کە بە سزای نەفی کردن مەحکوم کراون و کەمیش نین هاوار و نالەی نەفی کراو بۆ شوێنی خۆی ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهان پڕە لەو نموونانە .

گەرچی لەسەر دەمی (گڵۆباڵ) و بەجیهانیبوندا ناتوانین وەك جاران (شوێن و ناشوێن) دیاری بکەین بەهۆ ئەو سیستەمە فراوانە لە پەیوەندیگرتن، بەڵام هیچ شتێك لەو ترسە کەمی نەکردووە، کە مرۆڤی نەفی کراو لە مەنفا هەیبوە، تەنها ئەوەیە فۆرم و شێوازەکەی گۆڕاوە.

ڕەنگە هیچ سەردەمێك بەقەد ئەم سەردەمە، مرۆڤ تیایدا نەفی کراو نەبووبێت، نەفی کردنێك کە لەئاستە تاکە کەسیەکەیەوە گواسترابێتەوە بۆ ئاستە گشتی و دەستە جەمعیەکەی .

ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا بەتەنها خەریکی دەستکاریکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی نیە، بەڵکو بە تەواوی خەریکی دەستکاریکردن و گۆڕینی مێژوو چارەنوسی جیهانە.

کێ لەو مرۆڤە نەفیکراوترە، کە لەم سەردەمەدا بە هۆی ڕاکە ڕاك و ماندوبونییەوە بە مانگ برا و خوشك و دایك و باوکی خۆی نابینێت !

کوێ لەو شوێنە، کوێ لە و ماڵە مەنفا تر و تاریکترە، کە نە دایك نە باوك ئاگایان لە منداڵەکانیان نیە و هەر یەکەو لە ژورێك تێدەپەڕێنن، هەتا ئەو کاتەی منداڵ دەبێتە

تاوانبار و دەكەوێتە كونجی زیندان ! كێ لەو هاوسەرانە نەفی كراوترن، كە (ماڵ) بۆتە ئوتێلی خەو  و هەموو ژەمە خواردن و پێكەنینیان لەگەڵ ئەوانی دیكەیە!

كوێ لەو شوێنە مەنفا ترە كە ژوری ماڵەكانمان ڕازاوە و كەچی میوانێك، ئازیزێك كەسێك روی تێناكات!

چ مرۆڤێك هێندە بە قوڵی نەفی كراوە، كە زمانێك خودا پێیداوە تا گفتوگۆی پێبكەن، كەچی جیا دەبنەوە وەلێ دوو حیواری جدی لە نێوانیان روو نادات! كوێ لەو شوێنانە مەنفا ترە، كە بەلای ماڵ و دوكان و باخ و ئەكاونت و كۆمێنتی یەكدیدا دەڕۆین لەبری پێكەنین لەیەكتری مۆڕ دەبینەوە!

ئێستا تۆ بیڵێ كێ لە ئێمە نەفیكراوتر و كوێ لە ئێرە مەنفا ترە ؟

نوقتە سەری دێڕ...

* بەختیار عەلی لە كتێبی (ناشوێن)دا دەڵێت ( نالی یەكەم كەسێك بووە ئەم هەستەی نەشاردبێتەوە)

چونكە  لە چامەكەیدا كە بۆ (سالم)ی دەنوسێت، نالی ئەوەندەی لە شوێن دەپرسێت وەك (پردی سەرشەقام) و (داری پیرمەنسور )و (ئاوی سەرچنار ) و (كانی با )و (شێخ هەباس)  و (تانجەرۆ) و (خانەقا)  و... هتد ئەوەندەش لە ڕەفتاری (سەلم و تور و مەعرەزەی نفور) یش نیگەرانە.

** جاران ئەگەر مرۆڤ نەفی بكرایە دەنێردرا بۆ هیندستان یان بۆ ئەفەریقا یان شارەكانی باشور، ئێستا بەرامبەر شاشەی مۆبایلكەنمان و لەناو شەقامەكانی شار و لەناو ماڵەكاندا وەك نەفیكراوێك دێین و دەچین و كەسمان لە كەسمان تێناگەین

*** نالی لە كۆتای نامەكەیدا بۆ سالم دەنوسێ:

(زارم وەكو هیلال و نەحیفم وەكو خەیاڵ

ئایا دەكەومە زار و بەدڵدا دەكەم ختوور)

ترسی لە بیرچونەوە لەو ترسانەیە کە مرۆڤ سەدان ساڵە بە دوای ئاوی بەقادا گەڕاوە تا بەنەمری بمێنێتەوە، وێنە و پەیکەر و پۆترێتەکان با لەشەقام و کتێبخانە و شوێنەکانیشدا هەڵبواسرێن، ئەگەر لە دڵی کەسێکدا گوزەر نەکەیت مردویت،

جا ئێستا بزانە کێ وەك ئێمە لە دڵدا لە بیر کراو و کێ وەکو ئێمە لەیاد چووە، کە مردنەکەشمان تەنها مانشێتی یەك ڕۆژە و نەك بەدڵدا ناکەین ختور بەڵکو بۆ ئەبەد بیر دەچینەوە. ئێستا تۆ بیڵێ کێ وەکو ئێمە نەفی کراوە و کوێ وەکو ئێرە مەنفایە ؟



## عیشق کەی دەبێت بە بار ؟

لە ڕاستیدا عاشق کەس ڕاناسپێرێ بۆ ئەوەی نامەی بۆ بهێنێ و ببات، چونکە هیچ نامەبەرێك لە فرمێسك زوتر پەیامی عیشق ناگەیەنێت، هەموو کارێك پیویستی بە سەلماندن و بەرگریکردن هەیە، تەنها عیشقە بە بێ دەنگیش قسە دەکات .

عیشق مامەڵە لەگەڵ بەرزە خوددا ناکات، ناپرسێ ئەو کێیە و من کێم .

عیشق واتا ئەوەی کە تۆ پێ بنێی بەوەی کە هەتە و، چاو بپۆشی لەوەی کە ئەو هەیەتی .

عیشق گەوهەرێکە ناکەوێتە دەست هەموو کەس، عاشق سکاڵای خۆی لای غەیری خۆی ناکات، عاشق کەسێکە لەغەیری مەعشوقیش داواناکات، چونکە دەزانێ هەر ئەو دەردە و هەر ئەویش دەرمان .

عیشق واتا.....سکونەت، دڵنشینی، ئارامی

عاشق ئەوەندەی نیگەرانی نەهاتنی هەواڵێکە، ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نیە خودی هەواڵەکە چیە، (مەحوی) وتەنی: – بۆ عاشق نەهاتن دەردە، نەك (داخی ئەو نەهاتن) .

(مەولەوی) وتەنی: –

(شیرینی ئیفتار دڵم تاڵییەن ... جام نەجەماعەت دۆسان خاڵییەن)

عیشق واتا شکاندنی ڕۆژووی دڵ بە تاڵی مەعشوق نەك بە شیرینیەکانی، عیشق واتە: لەگەڵ بوون لە کاتی ناخۆشی نەك بە قوربان و بەساقە لە کاتی شادی و هەبوون و ساغێتی.

عیشق واتە: صەبری (ئەیوب) لە نەخۆشیدا، بێ کەسی (عیسا) لە تەنهایدا، غەمی (یەعقوب) لە دوریدا.

عیشق بانگەوازکردنە لە (تائیف) ئازار و بەرد تێگرتنەکەشی شیرینیە، لەبری هەڵهاتن داوای خۆشبەختی بۆ مەعشوق دەکات .

ئەحمەد موختار جاف دەڵێ: –



(جــــارێ بە تیــری غەمـــزە دڵـــم کون دەکا، دەمـێ
زەردەخـــەنە و نیگـــاهـی لەنوێ پێم دەدا حەیات)

عیشق واتە: هەڵواسینی مەعشوق لە نێوان مردن و ژیان، لە نێوان ئاگاهی و بێ ئاگاهی، لە نێوان کوشتن و زیندو هێشتنەوەدا، عیشق خراپترین جۆری ئالودە بوونە .

یەکێك لە قوتابیەکانی بودا لە دامێنی شاخی هیمالایا منداڵێکی کچی بچکۆلەی بینی، کوڕێکی گەورەی لە کۆڵ کردبوو، قوتابیەکە پێی وت بچکۆل ئەوە بارەکەت زۆر سوکە وا بەتەماشی بەم شاخەدا هەڵبگەڕێیت ؟

منداڵەکە وەڵامی دایەوە، نەزان (ئەوە بار نیە، بەڵکو ئەوە برامە)

لە راستیدا عیشق هەر ئەمەیە واتا گۆڕینی جەستە، نەخۆشی، گریان، نەبوونی، خەم، کێشە، جوانی، پارە، شت، بار، هەوراز، بۆ عیشق، بۆ رێز، بۆ هەڵکردن، بۆ بەرگە گرتن .

عیشق گۆڕینی بێ مانابیە بۆ مانا، هەموو شتێك تا مانایەکی نەبێت بارە، بارێکی قورس، تەنها عیشقە دەهێڵێ بەرگەی کێماسی و عەیبەی ئەوانی دیکە بگرین، تەنها عیشقە کە دەتوانێت (بار بگوڕێ بۆ برا )

**بۆدەسەڵاتداران!!**

ئارنۆڵد: دەڵێت: حاکمی ویلایەتی کالی فۆرنیابووم لەمەراسیمی کردنەوەی هوتێلێك بەشداربوم پەیکەرێکی منیان لەبرۆنز هێنا لەبەردەم هوتێڵەکە دایاننا،خاوەنەکەی پێی وتم ژورێکی نایاب وتایبەتم کردوە بۆتۆ، هەرکاتێ ئارەزووت کرد دەتوانی ببیتە میوانمان، کاتێ وازم لەپۆستەکەم هێنا ئێوارەیەکیان سەردانی هوتێلەکەم کرد بەڵام ئەوان بەبیانووی نەبونوی ژووری بەتاڵ منیان ڕەتکردەوە منیش پێخەفێکم هێناوئەوشەوە لەبەردەم هوتێڵەکە لەبن پەیکەرەکەم ڕۆژم کردەوە، بۆ ئەوەی بیکەمە پەیامێك: بۆتەواوی بەرپرسان وپێیان بڵێم: کاتێ خاوەن دەسەڵاتی خەڵکان ڕوویان لەتۆیەو لەدەورت دەسوڕێنەوە،لەگەڵ نەمانی پلەکەت تۆش نامێنی ودەورت چۆڵ ئەبێت، بۆیە ژیرترینی مرۆڤەکان ئەوانەن دڵی خەڵکی بەدەست دێنن نەك: گەدەو تەماعیان...



## هاوڕێیەکم بۆی گێڕاومەوە ئەڵێ کەسێک هەبوو



بۆنوێژی بەیانیان کەمتەرخەم بوو بەخەبەرنەدەهات لەبەر ئەوە چوار نوێژە فەرزەکەی تریشی نەدەکرد لەوکاتەیا کەسێك پێی دەڵێ تۆجارێ چوار فەرزەکەی دیکە بکەو نوێژی بەیانی واز لێبێنەو مەیکە مادەم وایە، ئەمیش بەگوێی ئەم کابرایە دەکات و دەستدەکات بەنوێژکردن جگە لەنوێژی بەیانیان، دواتر دەچێتە لای مامۆستایەك و ئەڵێ قوربان من نوێژی بەیانیان ناکەم، مامۆستاش ئەڵێ جا چۆن شتی وادەبێ ئەمیش دەڵێ فڵان کەس وای وتوە، مامۆستاش بانگی کابرا دەکاو ئەڵێ تۆ چۆن فەتوای وادەدەیت؟ ئەڵێ مامۆستاگیان من قەناعەتم پێکردووە کە چوار فەرز بکات تۆش قەناعەتی پێبکە بۆئەوەی ئەونوێژەی دیکە کەماوەو نوێژی بەیانیانە بیکات.

ئەم هاوڕێیەم دەڵێ ئێستا ئەو کابرایە 25ساڵە بانگدەری یەکێك لەمزگەوتەکانی شاری پاوەیە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان. (بەرهەم محمد)وێنەی شاری پاوە

## بڕواهێنانی دکتۆر جۆب مارتن:

قالۆنچەی تۆپ هاوێژ، ئەم جۆرە قالۆنچەیە سێ سانتیمەترو نیوە وای کرد کە زانای زیندەوەرزانی جۆب مارتن کەمامۆستای زانکۆیە پێنج ساڵ گومانی بۆدروست بێت بەرامبەر بیردۆزی پەرەسەندن و دواتر وازی لێهێناو رووی کردە ئیمان،ئەم جۆرە قالۆنچەیە بۆبەرگری لەخۆی ماددەی کیمیایی بیرۆکسیدی هایدرۆجین کە

لەژوورێکی تایبەتدایەو ماددەی هیدرۆکینۆن کەلەژوورێکی دیکەدایە تێکەڵیان دەکات و وەك بۆمبێك حەوت جار لەسەریەك دەیگرێتە دوژمنەکەی لەماوەی یەك لەسەر پێنج سەدی چرکەیەکدا تا دوژمنەکەی لەناودەبات، وەپلەی گەرمیەکەی دەگاتە سەد پلەی سەدی، ئەم دکتۆرە دەڵێت: ئەستەمە ئەم قالۆنجەیە بە پەرەسەندن گەیشتبێتە ئەوەی ئەم کارە بکات، چونکە هەرهەڵەیەك لەکارەکەیدا دەبێتە مایەی تەقینەوەو تیاچوونی خۆی..حەزدەکەم سەیری ڤیدیۆکە بکەن زۆر سوودی هەیە بۆ ئیمان و باوەڕتان کەخوای گەورە چ کارسازو دانایەکە لەبەدیهێنانی دروستکراوەکانیدا جا گەورەبن یان بچووك..




***

## ئەگەر خوا لەیادکرا ؟

بیرمەند و مێژونووس و ئەدیب (ئەولیکساندەر سۆڵژهێنتزن) کە خەڵاتی نۆبڵی لەئەدەبدا وەرگرتووەدەڵێت:

٥٠ ساڵی تەمەنم بۆ دیراسەی شۆڕشی شیوعیەت خەرج کرد، تێیدا سەدان کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەم خوێندەوە . دوای ئەوە بۆچونەکانم لە ٨ بەرگدا بڵاوکردەوە بۆ شیکردنەوەی ئەوەی بۆچی شۆڕش دەیان ملیۆن کەسی لە براکانمان لەناو برد ؟

دەتوانم ئەو ٨ بەرگە لە یەك ڕستەدا کۆ بکەمەوە، ئەویش بریتییە لە: (پیاوەکان خودایان لە یاد کرد ـ man have forgotten god )

چونکە هیچ کەس جگە لە خودا ناتوانێت دڕندەیی ناخی مرۆڤ جڵەوگیر بکات.

خودا لە دڵی لینیندا نەبوو بۆیە نزیکەی ٨ ملیۆن کەسی کوشتووە، خودا لە دڵی ستالیندا نەبوو بۆیە ٢٠ تا ٢٥ ملیۆن کەسی کوشتووە .

نووسەری کتێبی ( مێژووی ڕەشی شیوعیەت) باس لەوە دەکات کە ژمارەی قوربانیان ١٤٨ ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە و هەندێکی تر دەڵێن ٢٥٠ ملیۆن کوژراوە . ئەوگەر خودا لە یاد بکەین ئەووە حاڵمان دەبێت .لە کتێبی(ئیلحاد گرفتێکی دەرونییە) . هیوادارم ئەم کتێبە دەست بخەن وبیخوێننەوە.

## بۆچی جیهانی ئیسلامی دواکەوت؟

کاتێك لای پێشینان و پیاوچاکی ئوممەتی ئیسلامی هاوکاری لەنێوان هەردوو وزەی ڕۆحی و مادیدا هەبوو،بەیداخی شارستانیەتی ئیسلامی لەسەرتاسەری دنیادا بەرزکرایەوە و حوکمی ئیسلامی لە ماوەیەکی کەمدا جێگەی حوکمی دوو زلهێزی ئەوکاتەی گرتەوە،ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و فارس بوون،کە هیشتا ئەقڵی زانایانی مێژوو لەئاست ئەوەی چۆن ئەو موعجیزە لەو ماوە کەمەدا بەدیهات،دۆش داماوە.

بەڵام کاتێك پاشینان دینیان لەدەوڵەت جیاکردەوە،بەوە وزە ڕۆحیەکەیان لە وزە مادیەکە جیاکردوە،موسڵمانان لە پیادەکردنی دەستورەکەیاندا تەنها نوێژ و زەکات و ڕۆژو و حەجیان پەیڕەودەکرد،تا خەڵك وا گومانیان برد ئیسلام هەر ئەم چوار دروشمەیە.

لەکاتێکدا ژمارەی ئایەتەکانی قورئان لە شەش هەزار ئایەت زیاترە،ئەو ئایەتانەش باسی ئەو چوار دروشمە دەکەن ڕێژەکەی کەمە لەچاو هەموو قورئاندا.

بەم شێوەیە ئەو دەستورە مەزنە وای لێهات لەجیاتی ئەوە بەسەر ژیانی کرداری زیندووەکاندا جێبەجێ بکرێ،لەمەجلیسی تازیە و لەسەر گۆڕی مردوان دەخوێنرێتەوە،بەڵکو وزە ڕۆحیە تاقانەکەیش لای هەموو ئەوانەش نیە کە لەناسنامەکەیان نوسراوە موسڵمان،بەڵکو جەوهەری ئیسلامی زیاتر لە جیهانی نائیسلامی جێبەجێدەکرێت تا جیهانی ئیسلامی. وەك محمەد عەبدە دەفەرمووێت: (لەئەوروپا ئیسلامم بینی بەڵام موسڵمانم نەبینی،لەکاتێکدا لە جیهانی خۆماندا موسڵمان دەبینم بەڵام ئیسلام نابینم).موستەفازەڵمی

**چاندنی بەها**

هیوای منالێك...هیواوبەهرەی منالەکانتان بەکەم مەزانن وگرنگی پێ بدەن ئەو کوڕەی دەبینن سایەقی تەیارەیە، ؟


وەختی خۆی بە منالی دایکی ئەو وەرەقەیەی بۆدەنووسێت.

ناو و شوێنی لەدایك بونی، هیوایەتی.. دایکی بۆی نوسی بۆئەوەی دڵی پێ خۆش بێت ..

دەڵێن هەموو ڕۆژێ دایکی پێی دەگوت  کوڕم کەی دەبیە سایەقی تەیارەهەتا بمبەیتە ماڵی  خوا بەتەیارەکەت، یەعنی هەموو ڕۆژ تەشجیعی دەکرد لەسەر هیوایەتەکەی.

ئەوجا کە کوڕە گەورەبوو بووە سایق تەیارە، لە فەیس بوکی خۆی ئەو وێنەیەی دانا و نووسی..وا دەچمە مەککەی پیرۆز، یەکێك لەسەر نشینەکانیش دایکمە هیوایەتەکەی هاتە دی...

وەرگیراوە بەسوپاسەوە–ئەکاونتی هێمن حەمە عەلی



**ڕۆبێر جاکسۆن و ئیمامی شەهید حسن البنا**

12 ــ 2 لە ساڵیادی شەهیدکردنی ئیمام حسن بەننادا، شاهێدی ( ڕۆبێر جاکسۆن ) ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی، بۆ ئیمامی شەهید لە نامیلکەیەکدا.. پاش ئەوەی لە ساڵی 1946 دا چاوی بە ئیمام حسن البناو، دەکەوێت..نامیلکەیەك، بە ناوی ــ حسن البناء..الرجل القُرآني ــ دەنوسێت . لە وتەکانی ڕۆبێر جاکسۆن:

ـــ حسن بەننا..پیاوێکی واقیعی بوو، بە ئەخلاق و ڕەوشتی پەیام و ئەو مەبادیئانەی باوەڕی پێی هەبوو جێبەجێی دەکرد..باوەڕی نەبوو، بە لێك جیاکردنەوەی مافەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی لە، ئازادی و، نیشتمان پەروەری و، سەروەری خاکو خەڵکەکەی.

–حسن بەننا..پیاوێکی بە غیرەت و شەهامەت بوو، بەڵام بێ دەنگ بەرزکردنەوەو هاوارکردن..بەڵکو، کاتێ دەتبینی..لەسەرخۆو هێمن بوو زۆر هێمن..خاوەن عەقڵێکی کراوەو، بیرێکی ئازادیخوازو، ڕۆحێکی پرشنگدارو، ناخێکی پڕ لە ئیمانی بەهێزو، ڕەوشتێکی متەوازع و خاکی و، گەشبین و، زمان پاکو، ڕەوشت پاکو قەڵەم پاك..

ـــ حسن بەننا..بەرنامەیەکی گشتگیری هەبوو بۆ پەروەردەکردنی سەدان هەزاران لەو کەسانەی کە لێی کۆبوبونەوە، کە جارێك لە وەڵامی باوکیدا کە پێی وتبوو..حسن بۆ کتێب تەئلیف ناکەیت..وتبووی..باوکە، من هەستێکم لە لا دروست بووە کە..ئیسلام بە ــ تەئلیف و درووستکردنی ــ پیاوانی ئیماندار ــ سەردەکەوێت... ـــ

حسن بەننا..خاوەن دڵێکی بە هێزو ئومێدکی گەورە بوو، هیچ پلەو پایەیەکی نەدەدایە

کەسە نزیکەکانی، لەمەدا هەر وەکو عومەری کوڕی خەتاب بوو..کاتێ سەردانم کرد، لە ماڵێکی سادەو، لەسەر فەرشێکی کۆن و، لە بەردەم مەکتەبەیەکی کۆن، بەڵام پڕ لە کتێبدا دانیشتبوو، زانست و ویقارو ڕەوشتی بە جۆرێك بوو، شەرمت لێ دەکرد... پاشان زۆرم خوێندەوە لە بارەی مێژووی ژیان و خەبات و ئامانج و ئاکارەکانی..وە بەراوردم دەکرد لەگەڵ هەموو سەرکردە مسوڵمانەکانی وەك ـــ جمال الدینی أفغانی و محمد عبدەو مهدی و سنوسی و محمد عبدالوهاب و..هتد بۆم دەرکەوت..حسن بەننا، سودی لە ئەزمونی هەموو ئەوانە وەرگرتوەو، چاکەکانیانی وەرگرتوەو، هەڵەکانیانی دووبارە نەکردوەتەوە..(ئەکرەم ئەنوەر)



**ئاوئەدەی بەهاوسەرەکەت؟؟**

**سەروەرو سەردارمان حەزرەتی موحەممەدئەلموستەفا صلی الله علیەوسلم دەفەرموێت: ئەوەی ئاوبدات بەهاوسەرەکەی پاداشتی بۆدەنووسرێت.**




**قورئان شیفایە:**

**خوای بالادەست کە دەفەرموێت**(وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا (82) الإسراء )**قورئان بۆزاهیرو باتین شیفایە ئەمەش ئەزموونی هونەمەندی سووری (محمدشماط) وکەناسراوە بە (أبوریاح)دەڵێت: ساڵی 1995 تووشی جەڵتەی دەماغ بووم وقسەم بەزەحمەت بۆدەکرا، پزیشکەکان پێیان وتم: ئیتر دەبێت لەگەڵ حاڵەکەدا رابێیت چونکە تا قەبر لەگەڵتا دەبێت و زەحمەتە چاك بیت، کورەکانم لەئەمەریکا وتیان بۆنایەیت بۆلامان، چووم بۆلایان وچوارمانگ مەشقم کرد بۆئەوەی باش ببم، پزیشکێکی جوولەکە پێی وتم: تۆ موسڵمان نیت؟**

وتم: بەڵێ، وتی: قورئان بخوێنە قسەکردنت چاك دەبێت، هاتمەوە دەستم کرد بەقورئانخوێندن لەدوای سێ مانگ باش بووم لەسایەی خواوە،بەڕاستی قورئان موعجیزەی خوایە لەگشت بوارێکدا..



**تەنیایی...**

**بیخوێنەوە با تەنیا نەبیت !!!**

ئەمڕۆ بابەتێکم لە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی خوێندەوە سەبارەت بە تەنیایی کە نووسەرەکە وەکو قەیرانێکی نیشتمانی باسیدەکرد. چەند زانیارییەکی ناو نووسینەکەتان بۆ دەگوازمەوە:

١- تەنیایی، ئەگەری مردن بە ڕێژەی لە سەدا ٢٦ زیاد دەکات.

٢- وەکو ئەوە وایە کەسێك ڕۆژانە ١٥ جگەرە بکێشێت.

٣- ئەگەری تووشبوون بە ئەلزەهایمەر و نەخۆشییە عەقڵییەکان، دوو هێندە زیاد دەکات.

٤- دوو ملیۆن کەس لە بەریتانیا بە دەست تەنیایی درێژخایەنەوە دەناڵێنن و زۆرینەی ئەو ڕێژەیەش لەناو گەنجاندایە.

٥- ئارەزووی بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە قوڵی بەستراوە بە لایەنی دەرونیمانەوە، بۆیە مەحروم بوون لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئاسەواری زۆر خراپی دەرونی و جەستەیی بەجێدەهێڵێت.

٦- لە سەدا ٧٣ی بەریتانییەکان ناوی دراوسێکەیان نازانن.



٧- ئەو شوێنانەی کە هۆکاربوون بۆ کۆبوونەوەی خەڵك و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وردە وردە بەرەو پوکانەوە و نەمان دەچن.

٨- کەسانی بێباوەڕ ڕەنگە پێیان خۆش بێت کە خەڵك وەکو جاران ئامادەی کەنیسە نابن، بەڵام ئەو ئامادە نەبوونە لە هەمان کاتدا هەلی قسەکردن و گفتوگۆکردنی کەمکردۆتەوە کە ئەویش هۆکارێکە بۆ تەنیایی.

٩- لە لەندەندا زۆر ئاساییە هەست بە تەنیایی بکەیت، چونکە هەرکەسە و سەرقاڵی کاری خۆیەتی و کەس ئەوەندە ناپەرژێتە سەر کەس. لەناو کەسانی بە تەمەنیشدا، نەك هەر تەنیایی، بەڵکو بەهۆی نەبوونی کەسوکار و هاوڕێ لە دەوریان، هەست بە دوورەپەرێزی و ئینعیزالیش دەکەن.

بەکورتی، بەهۆی سەردەمی نوێ و تەکنۆلۆژیا و جۆری کارکردنەوە (هەندێك کەس تەنها لە ماڵەوە بەشێوەی ئۆنلاین کاردەکەن)، ڕێژەیی هەستکردن بە تەنیایی

بەردەوام لە هەڵکشاندایە کە ئەوەش سەردەکێشێت بۆ خەمۆکی و چەندین گرفتی دیکەی دەروونی تا ڕادەی خۆکوشتنیش.

سەرەڕای هەموو ڕەخنەکان لە شێوازی حکومڕانی، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، هێشتا پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی و هاوڕێیەتی لە کوردستان زۆر لە ئەوروپا باشترە. ئەمەش خاڵێکی باش و گەشە و دەبێت هەوڵی مانەوە و برەوپێدانی بدرێت. خودا هەموو لایەك لە ئازاری هەستی تەنیایی بپارێزێت.

ـ نوسینی دکتۆر نەوشیروان حسین

### گیانفیدایی هاوەڵان:

لەقورئان و فەرموودەدا زۆر باسی گەورەیی و گیانفیدایی هاوەڵان کراوە، بەتایبەت ئەوانەی پێش فەتحی مەککەکەخۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ئەگەر بەهێندەی شاخی ئوحود ئاڵتون ببەخشن ناگەنەوە بەپڕ بەچنگێك یان نیوەی چنگێکی ئەوەی ئەوان بەخشیویانەو ماندووبوون...ئەوان هەمیشە پێشەواو سەرمەشقن بۆنەوەکانی دوای خۆیان .

بۆنموونە: وەهبی موزەنی لەدەرەوەی مەدینە بوو کەهاتەوەو زانی هاوەڵان و سەروەرمان دەرچوون بۆ جەنگی ئوحود یەکسەر خۆی ئامادەکردو چوو بۆبەشداری کردن، لەوکاتەی ئەوگەیشت موسڵمانان شکابوون و هێرشەکان چڕبووبوونەوە بۆ لەناوبردنی یەکجاری موسڵمانان، کۆمەڵێك هێرشیان هێنا بەرەو سەروەرمان صلی الله علیه وسلم، ئەویش فەرمووی: کێ بەرگری دەکاو دەیانگێڕێتەوە مژدەی بەهەشتی دەدەمێ، وەهەب بەتیرەکانی لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا بەرگریەکی مەردانەیان کرد، کۆمەڵی دووەم هێرشیان هێناو بەهەمان شێوە بەرپەرچیان دانەوە، کۆمەڵی

سێیەم زۆرتربوون هێرشیان هێناو وەهەبی موزەنی شەهید بوو.. دوای جەنگەکە کەئەسپەردەی خاکیان کرد لەبیست لاوە زیاتر بریندارکرابوو..

من پاش 1440ساڵێك کەئەمە دەخوێنمەوە رەحمەتبوویيان دەکەم وسەرسامم، ئای خوایە ئەوان چەند چاك تێگەیشتبوون لەو عەهدو پەیمانەی کەدابوویان بەخوا بۆیە خۆی پێنەگیرا لەمەدینە بمێنێتەوە هەرزوو رۆیشت وگیانی لەسەردەستی بوو، بەڕاستی ئەوان سەروماڵیان فرۆشتبوو بەخوا وەك زۆرلەموسڵمانانی ئەمڕۆنەبوون کەخۆشیان نازانن خەریکی چین ورۆژی حەفتا جارخۆیان تالأنفرۆش دەکەن.. حەسەنی بەصری بەرەحمەت بێت دەڵێت: نرخی تۆ بەهەشتە خۆت تالأنفرۆش مەککە.. خوایە ئیصلاحی حاڵمان بکە..ئامین..

## خوا مردووەکانت زیندوو بکاتەوە


شێخ ئەحمەد ریفاعی کەبە (الحبال) بەناوبانگ بوو لەدیمەشق، خزمەتکارەکەی محمد عەقاد دەگێڕێتەوە ودەڵێت: دوودەوڵەمەندی شام کە پارەی زەکات و خێریان دەهێنا بۆشێخ کە بیدات بەهەژارو کەمدەستان هاتن بۆ لای جەنابی شێخ کە دوکانێکی زۆربچوکی مەتر بەمەتری هەبوو، جا ئەم دووانە کەخۆشەویستی شێخ بوون برادەرێکی دیکەش هاتبوو لەگەڵیان کە شێخی لەنزیکەوە نەدەناسی، سەلامیان کردو قاوەیان خواردەوە، شێخ کە سوعبەتی هەبوو لەگەڵیان کاتێك وتیان: یاشێخ دوعامان بۆبکە، وتی: بەبەلاش دوعاناکەم، بێنن چی لەگیرفانتانایە داینێن، یەکەمیان پانزەهەزار لیرەی پێبوو داینا وشێخ لەژێر لێوەوە دوعای بۆکرد، ئەویش دەستی ماچ کردو چووە ئەولاوە، ئەوی دووەمیشیان بیست وپێنج هەزار لیرەی پێبوو دایناو شێخ دوعای بۆکردو ئەویش دەستی ماچ کردو چووە ئەولاوە، سێیەمیان کە یەکەمجاربوو سەردان

بکات و حەفتا هەزار لیرە لەگیرفانیابوو، وتی: یاشێخ دوعات بۆمن نەکرد، وتی: چیت پێیە داینیٚ، ئەویش دەستی کرد بەگیرفانیاو تەنها سیٚ هەزار لیرەی دەرهێنا، دەیویست پارەکەی دیکە بداتەوە بەوجوملە فرۆشانەی کەمامەڵەی هەبوو لەگەڵیاندا بەتایبەت کە پێنج شەممان دەبوایە پارەی بدایەتەوە وکەس پارەی بۆئەم نەدەهێنا، شێخ توورەبوو وتی: چۆن دوعات بۆبکەم کەتۆ شەست و حەوت هەزار لیرەی ترت لەگیرفاندایە، کابرا ئەبڵەق بوو لەبەردەم ئەم کەراماتەی شێخداو ناچار ئەوەی تریشی دانا بۆهەژاران، شێخیش دوعای بۆکردو وتی: خوا مردووەکانت بۆ زیندوو بکاتەوە..

دوانەکە بەپێکەنینەوە رۆیشتن و سێیەم خەریك بوو ئەگریا لەداخا، بەدەم رێوەدەیووت: ئاخر باشە بۆمن هاتم، ئاخر ئەمرۆ چی بدەمەوە بەوجوملە فرۆشانەی پارەیان لامە، چووەوەدوکانەکەی بەکارمەندەکەی وت: ئەمرۆ نامەویٚ کەس ببینم،وتی: فەرمانتە قوربان.. ئیتر چووە ئۆفیسەکەی پشوو بدات، بیریشی لای دوعاکەی شێخ بوو ئاخۆ مەبەستی چی بێت.. کاتێکی زانی فەرمانبەرەکەی هات و وتی: کەسێك لەحەڵەبەوە هاتووە بتبینێت، وتی: ئەی من نەمووت: تاقەتم نیە کەس ببینم ؟وتی: ئاخر کاری تایبەتی پێتەوسوورە لەسەر ئەوەی چاوی پێت بکەوێت، کەسەکە هات وتی: من ژمێریاری کۆمپانیای حاجی فلاٚنم چێکی حساباتمان کردۆتەوە لەدەساڵ لەمەوبەرەوە بۆمان دەرکەوتووە ژمێریارەکانی پێشوومان هەڵەیەکیان کردووەو سێسەد هەزار لیرەی تۆهاتووە بەلاماندا‌و وائێستا دووسەد هەزار لیرەمان بۆهێناوی و هەینی داهاتووش سەدهەزارەکەت بۆدێنین..

ئنجا ناوبراو لە دوعاکەی شێخ تێگەیشت کەخوا پارەیەکی بۆزیندووکردەوە کە لەخەیاڵی کەسدانەبوو، چووەوە بۆلای شێخ و بەسەرهاتەکەی بۆگێڕایەوە، ئەویش تەنها ئەوەی پێووت: کوڕم ئەوەی بازرگانی لەگەڵ خوادابکات قازانج دەکات و زیان ناکات..

جا ئەم شێخ ئەحمەد ریفاعیە پێیان دەووت: وەزیری دارایی ئەهلی بازنەی موحەممەدی..بەهەزاران هەژار سوودمەند بوون لێی، ئەوەی لەرۆژدا بۆی دەهات تائێوارەدەیگەیاندە دەست ئەوانەی موستەحەقن، خۆزگەمان بەخۆی..



**تۆ بنوە و من دەنوم، جا بزانە خاوەن قەرز کاممان دەبات ؟**

**دەگێڕنەوە:**

ساڵێکیان بە هۆی بێ بارانییەوە، کابرایەکی وەرزێر هیچ نابێت بیچێنێت ناچار دەست دەکات بە قەرز و قۆڵە، ساڵی ئایندە هەرچۆنێك بێت دەیەوێت جووت و تۆوێکی زۆر بکات تا قەرزەکانی پێبداتەوە، لەو جوتە (گا)یەی یەکێکیان (سووورباو)ێك دەبێ، هەرچەند ئەکا جووتی بۆناکا، کابراش دوای نائومێدیەکی زۆر روو دەکاتە گاسور و پێی دەڵێ :گاسوور، تۆ جووت مەکە و بۆخۆت هەر بنوو، جا بزانە سبەینێ کە قەرزارو قەصاب هاتنە سەرمان کامان دەبەن وکەولی دەکەن ؟

هەموومان بە بازاڕێك قەرزارین، ئەگەر پەلە نەكەین هەموو ڕۆژێك قەرزار و قەساب یەكێكمان دەبات، تیكتۆك و مادەی هۆشبەر، بێ ئاگاهی و توڕەیی منداڵەكانمان كەوڵ دەكات، زۆر جار ئەو دایك و باوكانە دەبینم كە بە هیچ جۆرێك گوێ بە منداڵەكانیان نادەن و هەر كەس دەڕوات بە لای ژیانی خۆیەوە، پاش ماوەیەك هەموویان قەرزی خۆیان بەبردنی ئارامی ڕۆحیان دەدەن و پڕ دەبن لە (خەمۆكی) و (قەلەقی) و هەستی (خۆتۆمەتبار كردن) و (ئالودەبوون) و... هتد..

جەلالادینی ڕومی (دەڵێ دزێك بە ڕۆژی ڕوناك، دیواری بازاڕێكی كون دەكرد، پێیان وت، ئەوە خەریكی چیت ؟ وتی دەهۆل دەكوتم، وتیان دەهۆڵی چی كابرا تۆ خەریكی دیوار كون دەكەی، دز وتی شەو گوێتان لە دەنگی تەپڵەكە دەبێ )

لە منداڵیدا جێهێڵراون بۆ بازاڕ و كۆڵان و تیك تۆك، تەبعەن لە هەرزەكاریدا گوێتان لە دەنگی تاوان دەبێ..

جا ئێمە با ئێستا نەجوڵێین و گوێی نەدەینێ ، بزانین لە دوایدا كێ زەرەر دەكا و خاوەن قەرز كێ دەبات و قەساب كاممان كەوڵ دەبات ؟ئەكاونتی هێمن عبدالقادر..

**ئەوكەسەی ئەم وێنەی گرتوە دەڵێ:**

ڕۆشتم چایی بكرم داوای نیو كیلۆیەك چاییم كرد... !

مام حاجیش زەرفێكی بەتاڵی خستە ژێر نیو كیلۆیەكەوزەرفێكی تری هەڵگرت و چایی تێكرد..!

وتم: مام حاجی نهێنی ئەو زەرفە چییە كە لەژێر نیوكیلۆ ئاسنەكە داتناوە ؟




وتی: ڕۆڵە گیان من چایی بەتۆ دەفرۆشم نەك زەرفی کاغەز... !

بۆیە پێویستە بە قەدەر کێشی کاغەزەکە چایت بۆ بکێشم...!

وتم: مام حاجی ئەو تۆزەچیە قەی چییەکا...!

وتی: ئەدی نازانی خوا هەڕەشە ی لە تەرازوبازان کردووە...؟

من چۆن خۆم دەخەمە بە ردەم تورەیی خوا کوڕی خۆم...؟

وتم: مام حاجی گیان بڕواناکەم ئەوەندە فەرقی هەبێ بگاتەئاستی ئەو مەترسیەگەورەیە...!

وتی: نا وانیە کوڕی خۆم، ئەوەی مسقاڵە زەڕەیەك گەندەڵی بکات دەیبینێتەوە... ئەوە دەیان مسقاڵە زەڕە دەبێت، بەخوا زۆر ترسناکە.... !

بە ڕاستی ئالێرەدابو تێگەشتم مانای تەقوا چیە.... !ئەکاونتی ئەحمەد عەلی

**عاقیبەت خێری:**

ئەفسەرێکی ئەمەریکی لەویلایەتی میرلاند کەساڵی 1997 دا موسڵمان دەبێت و ناوی خۆی دەکات بەموجاهید رمزالدین، لەساڵی 2018 کەلەکاتی واجبیشدا نەبوو، چوو بەهانای ئافرەتێکی دراوسێیەوە کەکەسێك بەچەکەوە چووبووەسەری، هەوڵی رزگارکردنی ئافرەتەکەی داو بۆخۆی کەهەمیشە دوعای شەهیدبوونی دەکرد

شەهید بوو، بەوەش نموونەیەکی جوانی موسوڵمانانەی پێشکەش کرد، خوای گەورە بەشەهید وەریبگرێت، ئامین .

لەمەراسیمێکی پڕشکۆدا کەچوارسەعات قورئانخوێندراو وتاردرا ئەسپەردەی خاك کرا..



**بیرمەندی ئیسلامی د. محمد عمارە**

دەڵێت:

لەیەکێ لەکۆڕەکاندا، یەکێ لە بانگهێشتکراوە عەلمانیەکان، ئاوڕێکی بەلای مندا دایەوە و بەگاڵتەپێکردنەوە لێمی پرسی:

لەنوسینەکانتدا واتێدەگەم تۆ دەتەوێ حوکمی شەریعەت بەرپابکەی وبمانگێڕیەوە بۆدواوە ؟!

منیش بەپرسیارلێکردنەوە وەڵاممدایەوە و وتم:

* مەبەستت گێڕانەوە بۆدواوە، واتە نزیکی(سەدوپەنجا)ساڵێك بەرلەئێستا، کاتێ(سوڵتان عبدالحمید) ی دووەم فەرمانڕەوایی نیوەی گۆی زەوی دەکرد ؟!

* یان ئەوکاتەی پاشاکانی ئەوروپا بە ڕێگەپێدانی سوڵتانی عوسمانی فەرمانڕەوایەتی گەلەکانیان دەکرد؟!

* یان مەبەستت گەڕانەوەی زیاترە بۆدواوە، کاتی فەرمانڕەوایی مەمالیکەکان، کە جیهانیان لەهێرشی مەغۆلەکان و تەتارەکان ڕزگارکرد ؟!

* یان زیاتر گەڕانەوە بۆدواوە، کاتێ عەباسیەکان فەرمانڕەوایی نیوەی گۆی زەوییان دەکرد ؟!

* یان زیاتر بۆدواوە، بۆسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەمەویەکان ؟!

* یان پێش ئەوانیش، سەردەمی گەورەمان(عومەر) کە فەرمانڕەوایی زیاتر لەنیوەی گۆی زەوی دەکرد ؟!

* یان مەبەستت ئەوکاتەیە کە (هارونەڕەشید) نامەی بۆ(نەقفور)ی پاشای ڕۆم نووسی و لەدەستپێکی نامەکەیدا نوسیبووی: لە(هارون)پێشەوای باوەڕدارانەوە بۆ(نەقفور سەگی ڕۆم)؟!

* یان بۆسەردەمی(عبدالرحمن الداخل)کە سوپاکەی گەمارۆی ئیتاڵیا و فەڕەنسای دابوو ؟!

+ ئەوەلەڕووی ڕامیارییەوە...

+ یان لەڕووی زانستیەوە:

* کاتێ زاناکانی وەکو: (ابن سینا وفاڕابی وابن جبیر وخوارزمی وابن ڕوشد وابن خلدون... وهتد)، جیهانیان فێری زانستی پزیشکی و دەرمانسازی و ئەندازیاری و فەلەك ناسی و شیعر و هۆنراوە دەکرد ؟!

+ یان لەڕووی ڕێز و شکۆوە:

* کاتێ ئافرەتێك هاواریکرد: (وامعتصماه) (ئەی موعتەسەم هاوار، بەهانامەوە وەرە !) (موعتەسەم)، بۆبەهاناوەچوونی یەك ئافرەت، سوپایەکی بەهێزی کۆکردەوە و جولەکەکانی لەسەر خاکی وڵات وەدرنا، لەکاتێکد ئێستا ئافرەتان، بەبەرچاوی فەرمانڕەواکانەوە دەستدرێژییان دەکرێتەسەر، ئەتك دەکرێن، ئەوان نەوەك ڕاناچڵەکێن، بەڵکو پێی دڵخۆشن ؟!

* یان مەبەستت ئەوکاتەیە کە موسوڵمانان، یەکەم زانکۆیان لەسەر هەموو خاکی ئەوروپا، لەوڵاتی (ئەندەلوس) دامەزراند ؟!

* هەر لەوکاتەشەوە، پۆشاکی عەرەبی (عەبا) بووەتە ڕەمزی دەرچوانی سەرجەم زانکۆکانی دونیا ؟!

* هەرلەو ڕۆژەشەوە، کڵاوی دەرچوانی زانکۆ بەشێوەی تەخت دروستدەکرێت، چونکە لەکاتی ئاهەنگی دەرچووندا، (قورئان)ێك لەسەرکڵاوەکە دادەنرا ؟!

* یان مەبەستت ئەوکاتەیە کە شاری (قاهیرە) جوانترین شاری دونیابوو ؟!


* یان ئەوکاتەی نرخی(یەك دیناری عێراقی)(483)دۆلاری ئەمریکی بوو ؟!

* یان مەبەستت ئەوکاتەیە کە هەڵاتوەکانی ئەورووپای هەژار و برسی، ڕوویان دەکردە شاری ئەسکەندەریە ؟!

* یان ئەوکاتەی ئەمریکا داوای لەمیسر کرد، ئەورووپا لەمەترسی برسێتی ڕزگاربکات ؟!

ئێستا من چاوەڕوانی تۆم، مەبەستەکەتم پێبڵێی، دەتەوێ چەندە بگەڕێینەوە دواوە ؟!

و: حەسەن مەحمود قادر



## چیرۆکی ئەو عێراقیەی نەرویجی گۆڕی:

ئەندازیاری نەوت  فاروق عبدالعزیزقاسم لەبەسرە ساڵی 1936 لەدایکبووەو خوێندنی باڵای لەبەریتانیا تەواوکردووە لەساڵی 1957 داو، لەنەوتی بەسرە کاری دەکرد، لەشەستەکاندا کوڕەکەی تووشی شەلەل دەماغ دەبێت، بۆچارەسەری لەنەرویج دەگیرسێتەوە، خۆی دەناسێنێت بە وەزارەتی پیشەسازی ئەو وڵاتەو کەدەزانن داهێنەرەودیاری ئاسمانە بۆیان گرێبەستی لەگەڵ دەکەن و موچەیەکی دەدەنیٚ لەمووچەی سەرۆك وەزیران زیاتر، ئەو کەوتە گەڕان بەدوای نەوتدا چونکە شارەزای جیۆلۆجیا بوو، جا ئەو توانی وایان لێبکات لەوڵاتیك کەتەنها پشتی بەکشتوکاڵ دەبەست  ببنە وڵاتێکی سوودمەند لەنەوت، کۆمپانیای ستاتوێلی بۆدامەزراندن لە1996 دا کەهەموو تاکێکی نەرویج سەهمی هەیە لەداهاتی نەوت، ناوبراو مەدالیای پلەیەکی (فروسیەتیان) دایەو بەئەمیری نەرویج ناوزەد دەکرێت..تائێستا موشریفی سامانی نەوتەو شەفافەو دزوگەندەڵەکان نایدزن بۆخۆیان،وەك لای خۆمان، بەداخەوە ئەوهەموو نەوتەی ژێرئەم خاکە دوکەڵ وخەموخەفەتی بۆخەڵکەو خێربێرەکەشی بۆدزوگەندەڵەکانە کەئەم وڵاتەیان تاڵان کردو وەتەنیەتیشمان پێدەفرۆشن و باقیشیان دەوێت..

## لەئەنتەرنێت گەڕام بزانم راست دەکات یان نا

لە حیوارێکدا لەبەرنامەیەکدا لەگەڵ دکتۆر ئاماد کازم شارەزا لەبواری زانستی کەلامدا لەخولەکی 41 دا یونس راوی دەڵێت: لەتاقیگەدا توانراوە لەنەبووەوە خانە دروست بکرێت، دەڵیٚ ئەوە نێت بنووسن بەعەرەبی و ئینگلیزی(خلق الخلیه من العدم)، ئەگەروانەبوو ئەوە من  راست ناکەم، منیش چوومە سەر یوتیوب و ئەوەم

نووسی ئەوەلینکەکەیەتی کە پرۆفیسۆر موعیز بەخیت پاش بلاّوکردنەوەی ئەو هەوالّە لە ئێم بی سی دەڵێت: لەخانەی بەکتریاوەدەستکاری جیناتیان کردووەو بەهیج جۆرێك نەتوانراوە خانەی زیندوو لەنەبوو دروست بکرێت، بۆیە ئەوە لینکەکەشی دادەنێم تابزانن ئەو برادەرە راست ناکات، جا ئەمە دەبێتە فیتنە بۆگەنجێکی کورد کە ناچێ بگەڕێ بەدوایدا و وەزانێت هەروا بۆی دەچێتە سەر..

**شەعبولە!**

ئەو حاکمەی دەیبینن، ئەوە حاکم (شعبان شامی) یە لە مصر بە (شعبولە) ناسراوە پاش کودەتا سەربازیەکەی (عبدالفتاح سیسی) لە مصر، ئەم حاکمە چەندین بڕیاری ناڕەوای داوە، بەگرتن و بە لە سێدارەدانی دەیان کەسی بێ تاوان، لەمانگی تەمووزی ٢٠١٦ لە نێوان شاری قاهیرە و ئەسکەندەری یە، تووشی ڕووداوی هات و چۆ بووەو، ملی شکاوە و تەواوی لاشەی تووشی ئیفلیجی بووە .

پزیشکان دەڵێن: چابوونەوەی مەحالّە، ئاهی دایکان و باوکانی جگەر سووتاو منداڵانی فرمێسك قەتیس ماو، بێ باوك و هەتیو کراو، ژنانی بێوەژنکراو، دوعایەکانیان لە خوا ڕەت ناکرێتەوەچونکە ستەم لێکراون .

دەبخۆ (شەعبولە) ماڵی چەند موسڵمانت کاول کرد؟وات دەزانی خوای گەورە بێئاگایە، خوای گەورە تۆڵە سێنە، برۆ بۆلای سیسی تاوانبار با چارەسەرت بکا .

قازی و دادوەرەکان ئاگاتان لە قیامەتتان بێ ئەم فەرموودەیە پەیامەو بۆ ئێوەیە..

پێغەمبەر (صلی اللە علیه وسلم) فەرموویەتی ": الْقُضَاةُ ثَلَاثَةٌ: اثْنَانِ فِي النَّارِ، وَوَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ: رَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَي بِهِ، فَهُوَ فِي الْجَنَّةِ، وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَلَمْ

يَقْضِ بِهِ، وَجَارَ فِي الْحُكْمِ، فَهُوَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ لَمْ يَعْرِفِ الْحَقَّ، فَقَضَي لِلنَّاسِ عَلَي جَهْلٍ، فَهُوَ فِي النَّارِ. رَوَاهُ الْأَرْبَعَةُ، وَصَحَّحَهُ الْحَاكِمُ. "

واته/ قازی و دادوەرەکان سیانن دوانیان لەئاگری دۆزەخ دان یەکێکیان لەبەهەشتە، ئەوەی حەق بناسێ و بەحەقیش حوکم بدات ئەوەیان لەبەهەشتە، ئەوەی حەق بناسێ بەڵام بەو حەقە حوکم نەدات و ستەم بکات لەحوکمەکەی ئەوە لەئاگری دۆزەخدایە، ئەوەی حەق نەناسێ و بەجاهیلی و نەزانی حوکم بدات ئەوەشیان لەئاگری دۆزەخدایە.. !!!

☝ خوایە ئەوەی بەناحەق گیراوە ئازادیان بکەیت و پشتی زاڵمەکان بشکێنی.



**چی دەکەن بیکەن:**

هەقێك کەخوا ناردبێتی و خۆی پەیمانی دابێت بیپارێزێت، چرایەك نووری بێچوونی مومیدی بێ، چرایەك کەتائەبەد مانی بۆنووسرابێ چۆن بەفووی ناحەزان دەکوژێتەوە، چۆن بەشەهیدکردنی بانگخوازێك کۆتایی دێت ؟ ئەم پەیامەی خوا کە ئیسلامی پێدەڵێن هەرلەحەزرەتی ئادەمەوە سەلامی خوای لێبێت کاروانەکەی بەرێوەیەو هەتاقیامەتیش قوربانی بۆدەدرێت..ئەوە ئاشکرایە لای کاروانیانی ئەم بەرنامەیە

کەسەروماڵیان فرۆشتووە بەخوا وهەمیشە ئامادەی گیانفیدایی و گەیشتنەوە بەخوان بەڕووی سوورو بەرگی خۆێنینەوە.. گەربەخێرایی بیرتان بێنمەوە شەهیدکردنی بڕوادارەکەی سوورەتی یاسین و شەهیدبوونی حەزرەتی یەحیاو زەکەریاو شەهیدبوونی یارانی قورئانخوێنی بیری مەعونەو شەهیدبوونی حەفتا هاوەڵی جەنگی ئوحود وشەهیدبوونی بەنناو هەزاران لەیارانی تا دەگاتە مامۆستا بەکری ئیسکان و دکتۆروشیاری شەهیدی میحراب وحاجی فوئاد..

کاتێك ناحەزان ناتوانن بەڵگەو بورهانیان بهێنن دەکەونە هەڕەشەو تیرۆرکردن کەبەداخەوە هەندێکیان درەنگ هەواڵمان پێدەگات چونکە کەس نیە بۆیان بگری و ماتەمیان بۆبگێڕێت، حەمزەی مامی خۆشەویست صلی الله علیە وسلم لەمەدینە شەهیدبوو، کەسوکارو عەشرەتیان هەموو لەمەککەبوون خۆشەویستمان فەرمووی(ولکن حمزە لابواکی لە) ژنانی ئەنصار کەوتنە خۆیان و چوون بەدەم ماڵومناڵیەوەولەگەڵ ئەوەی کە زۆر لەماڵەکانی خۆشیان تەعزیەباربوون دەوری ئەوانیان چۆڵ نەکرد.

ئەوەی دەیڵێم لەوەوە هات کەئەمڕۆ زانیم مانگی یەکی 2020 کە یوسف ئەحمد دیدات کوڕە گەورەی دیدات بەیانیەك لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەبێت لەسەرشەقامێك فیشەکێك دەنێن بەسەریەوە لەشاری دێربان لەخوارووی ئەفەریقیا، کەبەوەش لەتەمەنی 65 ساڵیدا شەهید بوو، ئەمەش بۆئەوەی بێدەنگی بکەن کەئەوجێگرەوەی باوکی بوو کە تاکۆچی دوایی کرد لەرووی مژدەدەرو بێباوەڕاندا وەك باوکی کێوێك بوو لە هیممەت و خۆڕاگری، ئەو وەك باوکی بەڵگەو بورهانی پێبوو، بەڵام چی دەکەی لەگەڵ ئەوناحەزانەی کە تەنها زمانی تیرۆروتۆقاندن دەزانن..





**جا شەهیدی دەست کێ دەکەوێت؟؟**

**خاتوو ئامال هاوسەری دکتۆر ئیبراهیم فەقێ دەڵێ: دکتۆر بەردەوام دوعای شەهیدی دەکرد، خوا ئەو مردنەی کرد بەنسیب کەبەدوکەڵی سوتانی شوققەکەی ژێرخۆیان کۆچی دوایی کرد کەئەویش جۆرێکە لەشەهیدی.**

**ئەوانەی شەهید دەبن خۆیان یادەوروبەریان مژدەیان پێدەدرێت، ئەوە مامۆستا سەید قوتب خۆشەویست صلی الله علیه وسلم لە دوا کازیوەی بەیانی ژیانیدا لەخەویدا لەئەسپێکی سپی دابەزی ومژدەی شەهیدی دایە .**

**ئەوە پێشەوا بەننا شەوێك لەخەویا حەزرەتی عومەر پێی فەرموو: پەیامەکەت گەیاندوئەوەی لەسەرت بوو بەجێت گەیاند مژدەت لێبێت شەهیددەبیت، ئەوەبوو بۆ شەوێ تیرۆریان کردو گەیشتە کاروانی شەهیدان!**

## شێخ محمد شەریف یەعقوبی



ساڵی 1865 لەدیمەشق لەدایکبووەو ساڵی 1943 کۆچی دوایی کردووە، فەقیهێکی مالیکی بووەو بانگخوازێکی گەورە بووە، خێروچاکەی زۆری دەکرد وئەوانەی سەردانیان دەکرد زۆربەیان تانانیان نەخواردایە نەیدەهێشت بڕۆن، زۆریارمەتی خزمەتکارەکانی مزگەوتی ئەمەوی دەدا، تەنانەت جارێکیان یەکێکیان داوای یارمەتی لێدەکات، ئەویش لەدۆستێکی دوکانداری بۆی قەرزدەکات، کەبۆبەیانی قەرزەکە بۆدۆستەکەی دێنێتەوە، پێی دەڵێت: ئەوەی یارمەتیت دا وەزعی باشەو موحتاج نیە، شێخ وتی: خۆزگە نەتووتایە نیەتەکەت لێتێك دام، من لەبەرخوا داومەتێ .

شێخ محمد کوڕی بۆنەدەما و دەگەیشتنە شانزە ساڵێك ودەمردن، دواهەمین کوڕی لەپیریدا کەزۆر لەدڵاشیرین بوو، تەمەنی دەبێتە بیست ساڵێك رۆژێك دەمەقاڵێی لەگەڵ دەرەکێکی سوپای عوسمانیدا دەبێت و دەرەکەکە لەقەیەکی لێدەدات و دەمرێت، هەواڵ بۆشێخ دێنن کەدەچێت بۆ بنکەی پۆلیس سەیری تاوانبارەکە ناکات و ئنجا لەهەقی خۆشی خۆش دەبێت، دواتر قوتابیەکی لێی دەپرسێت بۆچی نەتوویست ببینی ؟وتی: بۆئەوەی دڵم هیچی تیادروست نەبێت بەرامبەری و هەرنەیناسم، کاتێ سەلامی کرد بەچاکی وەڵامی بدەمەوە، کاتێك لەدوامەوەنوێژی کرد دڵتەنگ نەبم بەبینینی، کاتێ کارێکی تێمکەوت بچم بەدەمیەوە.

شێخ محمد شەریف یەعقوبی ئەچێت بۆحەج لەگەڵ شێخ ئەحمەد حەبال ریفاعی لەبەرئەوەی کە شێخ محمد شەریف لەمەدینە زۆرخێردەکات پارەیان پێنامێنێت و دوعا دەکات کەخوا کارئاسانیان بۆبکات، دوای نوێژ دەوڵەمەندێکی مەدینە

دەیاندۆزێتەوەو لەمیوانی ئەواندا دەبن و کە دەشگەڕینەوە پارەودیاریان دەداتێ ودەڵێت: شەو سەروەرمان دروودی خوای لەسەر چۆتە خەویەوەو فەرموویەتی: بڕۆ بۆرەوزەو محمد شەریفی کوڕم و ئەوەی لەگەڵیەتی میوانداریان بکە..

## سوێند بەخوا:



بانگخواز وەلید دەهوان دەڵێت: پیاوێك دەناسم تەنها 8500 ریاڵی هەبوو 4000 ی لەبەردەستا دانابوو بۆ خەرجی ماڵ وئەوەی تری هەڵگرتبوو بۆ کاتی پێویستی، چووە مزگەوت سۆدانیەکی بینی دەگریا، ها چیتە بۆدەگریت ؟وتی: هاوسەرەکەم شێرپەنجەی منداڵدانی هەیەو دەبێت نەشتەرگەری بۆبکرێت، وتم: چەندی تێدەچێت ؟وتی: 8500 ریاڵ، لەبەرخوا چووم بۆم هێناو دامێ کەخوا شایەتە هەرئەوەندەم لەماڵدا هەبوو..دوعای کردو وتی: خوایە رزق و رۆزی بەسەرا برژێنە..سوێند بەخوا ئاگام لێیەو خۆی بۆی باسکردم ئێستا سبێصەد هەزار ریاڵی لەبانقدایە.. دیارە ئەوەی قەرزبدات بەخوا خۆی دەزانێت چۆن هەقی بۆدەکاتەوە(مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ **(245)**البقرة). خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم بە بیلال کەسەرەوکاری ئیشەکانی دەکرد دەیفەرموو: بیلال ببەخشە مەترسە خاوەن عەرش کەمیمان بەسەردا ناهێنێ .


## درەختێک لەتۆوێکدایە:

ئەم دەنکەتۆوە تۆبلێی بزانێت درەختێکی لەخۆگرتووەو، بەناشتن و ئاودان و خزمەت کردن چاو بەدونیا هەڵدێنێ، جابەهەمان شێوەش کە مرۆڤ هەمان بەدیهێنەری هەیە، توانای زۆری شاراوەی تیاداناوین، دۆزینەوەو گرنگیپێدان و بوار بۆرەخسان و پەروەردەکردن دەیهێنێتە دونیای واقیعەوە بە یارمەتی خوا.. قورئان و فەرموودە زۆرجار سەرنجمان بۆلای تۆوودرەخت و بەرووبوومەکانی رادەکێشێت کەئەمەش یەکێکە لەو پەندانەی کەدەتوانین لێیانەوە فێرببین.. ( هَٰذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ **(11)** لقمان ).



## مامۆستا مەلا شێخ عومەر قەرەداغی

یەکێکە لە زانا گەورەو ئاینییەکانی سلێمانی و کوردستان . ساڵی ١٨٨٤ لەدایکبووەو لە ١٣-٥- ١٩٣٦ کۆچی دواییکردووە .




شێخ عومەر قەرەداغی کە ناسراوە بە ئیبنولقەرەداغی، زانایەکی مەزن و لەخواترس بووە. دەگێڕنەوە مامۆستا شێخ عومەر قەرەداغی هەرکات لەماڵ دەردەچوو بەرەو خانەقا، عاباکەی ئەدا بەسەریدا بۆ ئەوەی تەنها بەردەمی خۆی ببینێ و تووشی نەزەری حەرام نەبێت.

ئەم جگە لەوەی دەیان مامۆستای بەتوانا لەسەر دەستی ئەم زانا گەورەیە ئیجازەیان وەرگرتوە، یەکێك لەوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و مەلا محەمەدی رەئیس و مەلا صاڵحی گەورەو دەیان مەلای بەناوبانگی تر.

مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕس بۆ مامۆستا محمد عەلی قەرەداخی گێڕاوەتەوە کە حاجی محیەدین باوکی تەها محیەدین یەکێ بوو لەدەوڵەمەندەکانی شار هاوکاری مامۆستاوفەقێکانی خانەقای مەولانا خالیدی دەکرد، سەفەرێکی ولاتان دەکات کەئەوکات ئەو جۆرەسەفەرانە دەگمەن بوو، کەدێتەوە زۆر لەپیاوماقولانی شار چوون بۆ بەخێرهاتنەوەی، منیش بەمامۆستا ئیبن قەرەداغیم وت: زۆرکەس چوون بۆ بەخێرهاتنەوەی جەنابیشت ناچی؟

مامۆستا بەنیمچە توورەییەکەوە وتی: لەبەرئەوەی چەند قوروشێك ئەدا بەمەدرەسەو فەقێکانی من بچمە خزمەتی؟ کەیفی خۆیەتی باهەرنەینێرێت.. ئەوەش عیزەت و نەفس بەرزی زانایانمان.. خوالێیخۆش بێت و جێگەی بەهەشت بێت.

**یەکێ لە دۆستانی خوا:**

شێخ فواز النمر کەوانەی نەحوی دەوتەوە لە پەیمانگای فەتح لەشام دەڵێت: چەند ساڵێك لەمەوبەرهەندێ قوتابی ولاّتی مەغریبمان لابوو چل رۆژ خەریکبوون تا مامەڵەی چوون بۆحەجیان تەواوکرد، یەکێکیان هات بۆلای شێخ عەلی فەروجی کە خەڵکی مەغریبەو لە پەیمانگای فەتحیش مامۆستایە وتی: قوربان بەڵکو دوعایەکمان بۆبنووسیت بۆ رۆژی عەرەفە بەیانی دەچین بۆ حەج، شێخ عەلی قەڵەمەکەی دەرهێنا دوعاکەی بۆبنووسێت دڵی جولاّ بۆحەج، وتی: سبەی خۆشم دێم لەگەڵتان بۆحەج، ئیتر خوا چۆن بۆی ئاسان کرد لە شەوو رۆژێکدا نازانم، گرنگ ئەوەیە بۆسبەی چوو بۆحەج کە مامەڵەکەی دەیان رۆژی دەوویست.

رۆژێك وتم: یاشێخ رەنگە بچم بۆخزمەتی سەربازی دوعام بۆبکە،وتی: پشت بەخواناچی، وتم: ئەی جەنابتان سەربازیتان کردووە(لەمەغریب) ؟ پێکەنی و وتی: لەمەغریب سەرۆکی ئەرکانی سوپای مەغریب ئامادەی وانەکانم دەبوو، لێی پرسیم: چیت پێویستە بۆت بکەم؟وتم: هیچ، سێ جار دووبارەی کردەوە وتم: هیچم ناوێت، وتی: ئەی بەرنامەت چیەو بەتەمای چیت ؟وتم: دەمەوێت بچم بۆ پەیمانگای فەتح لەشام وانە بلێمەوە.

ئیتر رۆژێك لەپەیمانگا بووم فاکسێکم بۆهات سەیردەکەم سەرۆکی ئەرکان ئیعفای کردووم لەخزمەتی سەربازی وفەرمانەکەی بۆناردووم. جا ئەم شێخ عەلیە خەزووری دەڵێت ئەوەندەی کەرامات هەیە لەمناڵیەوە بینووسیتەوە کتێبێکە، چەند کەس لە دەوڵەمەندەکانی شام پێشنیاریان بۆکردووە سەیارەو خانوو خزمەتکاری بۆدابین بکەن، بەهیچ جۆرێك قایل نەبووە هیچ لەکەس وەربگرێت..

ئەوەی لای راست شێخ عەلییەو ئەوی تریان شێخ فەوازە چاویلکەی لەملدایە.



**خوای پەروەردگار بەهانایەوە هات:**

شێخ فواز النمر دەڵێت: عەبدولرەزاق زەهەبی ناوی نووسیبوو بۆحەج پارەکەی بۆ جۆرنەبوو کە 65هەزار لیرەی سوری بوو، سەردانی شێخ محمد ئەدیب کلاسم کرد خوالێی خۆش بێت، وتی: ئەرێ کەس ناناسی ناوی بۆحەج نووسیبێت و پارەی نەبێت، وتم: با کەسێك دەناسم بەناوی عەبدولرەزاق، وتم: بۆچیتە؟

وتی: دەوڵەمەندێکی دۆستم لەجەددەوە تەلەفونی بۆکردووم ئەگەر کەسێك هەیە بەتەمای حەجەو پارەی نیە من بۆی دەدەم، ئەوەبوو لەجەددەوە پارەکەی بۆتەحویل کردبۆ شام و عەبدول رەزاق چوو بۆحەجەکەی کەدیارە بانگهێشت و کارئاسانی خوابوو . سبحان الله لەئیشەکانی خواو لەقەدەرەکانی، کەسێك لەشام تامەزرۆی حەجەو پارەی بۆ جۆرنەبووە، خوا کەسێکی لەجەددەوە بۆ دێنێتە سەرخەت پارەکەی بۆبدات ﴿وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (107)یونس﴾.

جا ئەم عەبدول ڕەزاقە پاش چەند ساڵێك بەشەهیدی گەڕایەوە بۆلای خوا..




**تامەزرۆی گەیشتنە خزمەتی و چێژی بینینی:**

بانگخواز شێخ فەواز النمر دەڵێت: لەپرسەی دایكمدا زانایەك باسی مردنی دەكرد بۆئامادەبووان تا پەندوەربگرن وئامادەبن بۆئەو ڕۆژە سەختە كەدەبێت هەموو ببینین ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَنْ زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ ﴿185﴾ آل عمران﴾ دوای ئەو شێخی خواناس حەمەد عوڕابی هەستاو وتی: بۆ خەڵكی دەترسێنن لەمردن ؟ من هەشتا ساڵە لەشەودا لەحزوری خوادا دەپاڕێمەوەو دەڵێم: (وأسألك لذة النظر الى وجهك الكريم والشوق الى لقاءك )خوایە داوای چێژو خۆشی بینینت وداوای تامەزرۆیی لیقای تۆ دەكەم.

جا من خۆ زۆر ئەو دوعایە دەکەم بەلاَم لەقسەکانی ئەوەوە بەچاکی تێی گەیشتم. شێخ حەمەد هەرچی بیوتایە تەمەن درێژ بیت پێی ناخۆش بوو، دەیووت: دوعای ئاخرخێریم بۆبکەن ئەوە گرنگە.. عاریفان دەڵێن: خۆشترین کات وساتی خواناسان ئەو کات و ساتەیە کە دەگەنەوە بەوخوایەی کەخۆشیان دەویٚ و ئەویش ئەمانی خۆشدەوێت (یحبهم ویحبونه)...اللـه أكبر لەو خۆشەویستی و رازیبوونە کەلەهەموو شتێك گەورەترە هەوڵی بۆبدرێت و بەدەست بهێنرێت ( ورضوان من الله أكبر).

## کاک دکتۆر فەلاح عەزیزلەزانکۆی سەلاحەدین دەڵێت:

یەکەم: لە گفتوگۆیەك لەگەڵ مامۆستایەکی برادەرم کە دووربوو لە خواو باوەڕی پیٚ نەبوو پرسیم: قەت هەستت نەکردووە کە هێزێکی نادیار رۆژێك پاڵپشتی کردووی؟؟ وتی: ساڵی 1991 پێش لێدانی عێراق لەکوەیت چەند رۆژێك مۆڵەتم وەرگرت و هاتمەوە بەغداد، یەکسەر هاتمە گەراج و خۆم کرد بە پاسێکدا بۆ هەولێر، هەژارێك خۆیکرد بە پاسەکە منیش خێرێکم پیٚ کرد. شتێك هات بەدڵما کە جاریٚ زووە با پیاسەیەك بکەم، تەلفۆنێکی گشتیم بینی وتم با تەلەفونێك بکەم بۆکەسوکارم کەسۆراغیان نەدەزانیم، تومەزباوکم ومامم هاتبوون بۆبەغداد تا دواتر بچن بۆکوەیت بۆئەوەی بمدۆزنەوە، گەربێت و ئەوتەلەفونەم نەکردایەو ئەوان بچوونایە دەکەوتنە ناو شەڕەکەوەو لەوانەبوو تیابچوونایە. چوومە ئەو ئوتێلەی کەلێی مابوونەوەو بەیەك شادبووینەوەو بەیەکەوە هاتینەوە ماڵەوە. هەست دەکەم ئەوە پەیامی هێزێکی نادیاربوو بۆ من.

دووەم: ئیبراهیم ئاغا مۆبیلیا فرۆشە لەکەرکوک وتی: ماڵە بێباوکێك داوای یارمەتیان کردو منیش یارمەتیم بۆ پەیداکردن وکاتێك چووم بۆ دوکانەکەم بەو بەیانیە لەسێ سەعاتدا قازانجی یەك مانگم کرد، بەمەرجێ بەیانیان کەمتر بازاڕمان هەیە. (کتێبی خوا پەروەردگاری جیهانەکان).



## باله پسپۆڕەکان سوودمەندبین:

لەم ڕۆژگارەدا بەهۆی ڕاگەیاندنەکانەوە هەموو شتێکی چاك و خراپ لەبەردەستان، لەبواری ئیسلامیشدا هەزاران بانگخواز هەن هەریەکەو بەجۆرێك، بۆیە زۆر پێویستە گوێ لەوانە بگرین کە هەم ئەهلی عیلم و هەم خواناسن بۆنموونە لە کوردوستانی خۆمان بەندە پاش ئەوەی دەیان ساڵە دەخوێنمەوەو باگەوازدەکەم زۆر سوودمەند دەبم لەوتارەکانی جەنابی دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی، لەم چەند ڕۆژەدا گوێم لەبەرنامەی (قوارير)گرت بەشی یەکەم ودووەمی زۆربەسوودبوو، لەیەکەمیاندا جەنابی دکتۆر باسی ئەوەدەکات کە هەندێ کەس وەك تانەیەك بەئافرەت دەڵێن: لەپەراسووی خواردروست بوویت، لەکاتێکدا ئەمە وانیە، ئەوەی لەقورئاندا هاتووە نافەرموێت: دایکمان حەوا لەئادەم دروستکراوە، بەڵکو تێگەیشتنی تەواو ئەوەیە کە دایکمان حەوا هەروەکو ئادەم لەجنسی بەشەرەو شتێکی دیکە نیەو ئەویش وەك ئادەم بەدیهێنراوە بەجیا، ئنجا ئەوەی لەفەرموودەشدا هاتووە (مەجاز)ەو لەبابی ئامۆژگارییە کەپیاوان چاکبن لەگەڵ ئافرەتان چونکە وەکو پەراسوو وان بتەوێ بەزۆرەوەکو خۆتی لێبکەیت دەیشکێنیت وشکاندنیشی جیابوونەوەیە لێی..

لەبەشی دووەمیشدا جەنابی دکتۆر جەخت دەکاتە سەرئەوەی کە (وليس الذكر كالأنثى ) هەرگیز ئەوەناگەیەنێت کەنێر باشترە لەمێ و، ئەوەی لەئیسلامدا باسی کراوە ئەوەیە کە باشترین کەس لای خوا ئەوکەسەیە کەتەقوای زیاترە (ان أكرمكم عندالله أتقاكم )..

جا لەم ڕۆژگارەدا کە گومانی زۆردروست دەکرێت لەلایەن بیباوەڕو قورئانیەکانەوە بۆئەوەی لێمان نەشێوێت دەبێت بچینەوە خزمەتی زانا پسپۆڕەکانمان.

## بەرەکەتی سەڵاوات:

برایەك کەخەڵکی شارەزوورەو لەبەریتانیایە پەیوەندی پێوەکردم وتی: سوپاس بۆخوا لەسەدا نەوەدی ڤیدیۆکانی منی بینیوەو لێیان سوودمەندبووە، هەروەها وتی: لەغەسلێك ئیشم دەکرد ئیشم تەواوبووبوو دوای نۆی شەو پاص نەئەما وماڵیشمان دووربوو، سەنتم پێنەمابوو تا تەلەفون بکەم بۆ برادەرێك، بارانیش دەباری و زۆ ساردبوو، لەمەوقیفی پاصەکە دەهاتم و دەچووم کەوتمە سەلاواتدان ودوعاکردن، خوا ئاگادارە پاصێك هات کە پاکستانیەك سایەقی بوو وەکاتی کارکردنی نەبوو بۆم وەستاو وتی: بۆکوێ دەچی؟

وتم: فلانەشوێن، سوپاس بۆخوا گەیاندمی و هیچیشی لێوەرنەگرتم.

ئەم برایە وتی: ئێستا غەسل بەهۆی کەرەنتینەوە داخراوە وبرادەرانم دەڵێن جگەرەبفرۆشم منیش بەباشی نازانم ئەو کارەبکەم چونکە جگەرە شتێکی زیان بەخشەو حەزناکەم گومان لەرزقمدا هەبێت، خوا حەزکات دەتوانم بژیم تائەوکاتەی غەسلەکان دەکرێنەوە..

منیش سوپاسی خوام کرد کە گەنجی ئاوا پارێزکارمان هەیە لە ئەوروپادا..( وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا (2) وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا (3) الطلاق )..

## موحەممەد صلی اللە علیەوسلم هێمای ژیانە:

برای بەڕێزم دکتۆر فەلاح محمد عەزیز پرۆفیسۆر لەزانکۆی سەلاحەدین کتێبی موحەممەد صلی اللە علیە وسلم هێمای ژیانەی بۆناردم کە یەکێکە لەکتێبەکانی بەڕێزیان لەلاپەڕە 91دا دەڵێت: بەهاتنی سەروەرمان یەکەم: پیت کێشی هەیە

لەتەرازووی چاکەکاندا، ئەوەتا بەخوێندنەوەی یەك پیتی قورئان دەپاداشتت بۆدەنووسرێت.

دووەم: وشە کێشی هەیەو بەهای گرنگی خۆی هەیە، وشەیەك لە چاکە دەتگەیەنێتە ڕەزامەندی خواو یەك وشەی خراپیش کەیەکیّ بیکاو گویّ نەداتیّ رەنگە سەرەنرێی بکات بەرەودۆزەخ.

سێیەم: هەنگاونان کێشی هەیەو گرنگەئەگەر بۆکاری خێربێت،وەك چوون بۆ مزگەوت کەبەهەرهەنگاوێك چاکەیەك دەنووسرێت و خراپەیەك ئەسڕدرێتەوە.

چوارەم: کێشی کارێك پەیوەستە بەکاریگەرییەکەیەوە، بۆنموونە سەعاتێکی حاکمێکی دادپەروەرخێرترە لەشەست سالّ بەندایەتی عابیدێك .

پێنجەم: کێشی گوناهی رووکەش و گوناهی نادیار، ئەوەتا مسقالّە زەڕەی کیبرو خۆبەزل زانین خەرمانی کردەوە دەسوتێنیّ کەئەوە لەهەست و شعوری مرۆڤدایەو نابینرێت.

بەلّیّ لەبەرنامەناوازەکەی خوادا مرۆڤ مسقالّە زەڕەچاکەو خراپەی بۆئەژماردەکرێت، ﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (7) وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ (8)﴾، ئەمەش لوقمان سەلامی خوای لێبێت وەك ئامۆژگاری بەکوڕەکەی دەلّێت: ﴿يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِنْ تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ فَتَكُنْ فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ (16)﴾ کوڕی خۆم: ئەگەر بەهێندەی دەنکە خەرتەلەیەك لەچاك یا خراپ لەبەردێکدا بێت یان لەئاسمانەکان یان لەسەرزەوی خوائەیهێنێتە سەرحیساب و ئاگای لێیەتی بەراستی خوا لەتیف و خەبیرە.

**ئەوانە سەرکردە بوون**

ڕۆژێکیان ئەورووپاو بیزەنتە کۆبونەوە بە سوپایەکی 600 هەزار چەکدار و 100 مەنجەنیقیان پێ بوو بۆ رووخانی کەعبە .

خەلافەتی عەباسی لە خراپترین ڕۆژەکانی دابوو ژمارەی سەربازانی تەنها 2000 سەرباز بوو ! ئایا هەمو شتێك تەواو ؟؟ نەخێر بێگومان...

میرنشینیکی بچوك هەبوو ناوی دەوڵەتی سەلجوقی بوو کە تورك بوون... ئەوانە وەك پاسەوانی خەلافەت وەستابوون بەرامبەرهەر هێرشێکی بیزەنتەکان . سەرکردەی ئەو میرنشینە ناوی " ئەلب ئەرسەلان " بوو ئەو پاڵەوانە لە جەنگی خوراسان گەڕابوەوە بە سوپایەکی 17 هەزار پیاو لەنێوان بریندار و چەك لەدەست دراو .

هەواڵی هاتنی سوپای بیزەنتی خاچ پەرستی بیست بەپەلە گەڕایەوە . نامەیەکی بۆ خەلیفە نارد داوای هاوکاری لێ کرد، بەلام خەلیفە وەلامی نەدایەوە بە پاساوی ئەوەی حاڵی باش نیە سەربازی کەمی هەیە . چوە لای شێخەکەی پرسیاری ئەو کارەساتەی لێ کرد ئەویش ئامۆژگاری کردجیهاد بکات لەپیناو دینی خوا .

شێخ بە ئەلب ئەرسەلانی وت: جەنگەکەت بخە ڕۆژی هەینی تا موسلمانان کۆ ببنەوە و دوعات بۆ بکەن لە نوێژدا...

دەرچوو شوێنەکەی دیار کرد هێزەکەی دابەش کرد بەشێك هێزی پیشەوە ڕابگرێت بەشێکیش بەرەو پیش بڕوات و بەدەوری شاخەکە بسورێتەوەو ڕێڕەوەکە یان لێ دابخات لەپێشەوە .

بەو شێوەیە ڕێڕەوەکە بەتەواوی گەمارۆ دەدەن بە بۆسەیەك کە توند ترین بۆسەی مێژووە .

هێزە بیزەنتیەکان چونە نێو ڕێڕەوەکە چاوەرێ بوو تا ڕێڕەوەکە پڕ بوو لێیان .

فەرمانی کرد تیربارانیان کردن لەماوەی دوو کاتژمێر ئەوەندەی لێ کوشتن ڕێڕەوەکە لێیان پڕ بوو..

ئەوەی هەوڵی ڕاکردنیشی دا لە هەردوو دەرچەی ڕێڕەوەکە سەلجوقیەکان چاوەڕێیان بوون و دەیانکوشتن .

ئەورووپیەکان بەو کوشتارگەیان زانی دوو هێزیان نارد کە ئەرمەنی و جۆرجی بوون.

هێزەکە پێشەکیەکەی ئەلب لەنێویان بردن، ناکۆکی توند بوو لەنێو سەرکردە ئەوروپیەکان یەکتریان تۆمەت بار کرد کێشەیان لەنێو دروست بوو گەڕانەوە وڵاتەکەیان و بیزەنتیە ماوەکانیان جێ هێشت و ئەلب ئەرسەلان بە زوویی ئەوانیشی لەنێو برد .

ئیمبراتۆری بیزەنتەتش بەدیل کەوتە دەست .

هیچ عەقلێك هەیە ئەوە قبول کات کە 21 هەزار جەنگاوەر خۆیان ڕابگرن بەرامبەر بەزیاتر لە نیو ملیۆن سەربازی نەصرانی گۆشدراو بە خوێن و کینە . سەرکەوتنی خوای گەورە بە ژمارە نایەت بەڵکو بە باوەڕ و دڵسۆزیە . ئەکاونتی راستی ئەحمەد .

***

**سەرکردەی مرۆڤایەتیە:**



زانای لاهوتی سویسری هانز کۆنگ کۆچی دوایی کرد، ئەم زانایە پاش گەڕانی چەندین ساڵەی بەدوای راستیدا موسڵمان بوو، وەپەڕاوێکی دەرکرد کە کەنیسەی تووشی شۆك کرد کە تیایدا دەڵێت: محمد صلی الله علیه وسلم پێغەمبەری راستەقینەیەو کەمەربەندی رزگاربوونە و سەرکردەی مرۆڤایەتیە، رەحمەتی خوای لێبێت و لەگەڵ سەردارو سەروەرماندا حەشربکرێت.. ئامین..

ئەم شایەتیانە گرنگن تا کەسانێکی تریش بیربکەنەوەو بەدوای راستیدا بگەڕێن، قورئان بڕوا هێنانی هەندێ لەزانایانی خاوەن کتێبەکان وەك بەڵگە باسدەکات ( أَوَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ آيَةً أَنْ يَعْلَمَهُ عُلَمَاءُ بَنِي إِسْرَائِيلَ (197)الشعراء).

**دوعاکەی جەنابی مامۆستا صباح کفری!**

رۆژی پێنج شەممە لەگەڵ جەنابی کاك دکتۆر حەمزە بۆ چەند کارێکی بانگەوازی خێرخوازی لەدەڤەری گەرمیان بووین..

دواتر بەیاوەری جەنابی مامۆستا مەلا عەدنان بۆ چەند ساتێك چوینە خزمەت بانگخواز مامۆستا صباح کفری و سوودمان لە وتەجوانەکانی بەڕێزیان وەرگرت خوای میهرەبان بەرەکەت بخاتە تەمەنیانەوە..

جەنابی مامۆستا صباح فەرموویان کە لەکاتی زەمەنی پارەی سویسری ئۆتۆمبێلیکمان بۆ دەزگایەکی دەعەوی کڕیبوو کە زیاتر لە ٤٠ هەزار دیناری

سویسریمان پێدابوو قەرزاربووین لـەسەری، بۆیە چوینە لای چەند خواپێداوێك تاوەكو هاوكاریمان بكەن و قەرزەكەی پێبدەینەوە..

یەكێك لـەوانەی سەردانمان كرد بڕی دوو هەزارد دیناری سویسری لـەناو دەخیلـەكەی هەبوو، ئەم خواپێداوە هەردوو هەزار دینارە سویسریەكەی پێداین.. ئێمەش دوعای خێرمان بۆ كردو وتمان (یارب خوای گەورە بۆتی قەرەبوو بكاتەوە پێش ئەوەی ئێمە بگەینەوە بۆ كفری)..

فەرموویان دوای ماوەیەك ئەو خواپێداوەمان بینیوە پێیوتین سوێند بەخوا تەنها بیست خولـەك دوای گەڕانەوەی ئێوە، لـە ولـاتی ئیرانەوە پەیوەندیان پێوەكردم بۆ ئەوەی كەل و پەلـیان بۆ بكڕم وتی هەر ئەو ڕۆژە تاوەكو ئێوارە بڕی دوانزە هەزار دیناری سویسری قازانجم كرد..


ئەو كەسە ئێستا كەسێكی دەولـەمەندەو خوای میهرەبان سامانێكی زۆری پێداوە وتویەتی دەولـەمەندیەكەم هی ئەو خێرەیە كەكردم...م. هونەر نامق بانەگولـانی.

### نەسرەوتن

بڕواداری تەواو سەروماڵی فرۆشتووە بەخواو چاوەڕێی بەهەشتی هەتاهەتاییە، لـەم پێناوەشدا هەرشتێك ببێتە بەربەست دەست لـەئەژنۆ دانانیشێ و كاری خۆی هەردەكات، فەڕەنسا سەدوسی ساڵێك جەزائیری داگیركردو مزگەوتی دەكردە كەنیسەو تەویلـەو ڕێگری دەكرد لـە ئەنجامدانی پەرستشەكان، ئالـەم كات وساتە هەستیارەدا زانایەك بەناوی شێخ محمدبەحوس لـەساڵی 1930 مزگەوتێكی لـەشەش مەتر لـەژێرزەویدا دروست كرد لـەبیابانی ڕۆژئاوای جەزائیردا وتوانی 375 زانای تیاپێبگەیەنێت كەئەوانەش دینەمۆی شۆڕشەكە بوون دژی فەڕەنسیەكان، دوای بیست ساڵ پێیان زانین و شێخیان دەست بەسەركرد لـەماڵـەكەی خۆیداو پاش چوارساڵ لـە

1954دا شێخ محمد کۆچی دوایی کرد، مزگەوتەکەی ناونابوو مزگەوتی یەکتاپەرستان (الموحدین) و تائێستاش ماوەو بۆبەرەکەت ویادی ئەو ڕۆژە سەختانە موسڵمانان دەچن نوێژی تیادەکەن.






**شایەتیەکی مەزن:**

ناوم عومەر فاروق عبداللـەیەو لـەئەمەریکا بەمەسیحی لـەدایکبووم، هەرلـەمنالـّیەوە گومانم لـە سێ خوایی هەبوو، تا لـەزانکۆ مامۆستای مێژوومان جەختی کردە سەرئەوەی کەهەرگیز مەسیح سەلامی خوای لـێبێت بڕوای بە سێ خوایی نەبووەو یەکتاپەرست بووە.

چەند ساڵێك بێباوەڕبووم، لـەسالاّنی کۆتایی زانکۆمدا زۆرتامەزرۆی ئیمان بووم، خۆمن لـەبارەی موسلـّمانانی ئەفریقیاو جەنگی خاچپەرستانەوە لـێکۆلـّینەوەم هەبوو، بەلاّم ئەوانە وایان لـێنەکردم موسلـّمان بم، تا سەرەتای حەفتاکان کە کتێبێکی مالـّکۆلـّم ئێکسم خوێندەوە کەباسی جوانیەکانی ئیسلامی دەکرد، قەناعەتم کردو موسلـّمانبووم، لـەزانکۆ ئەدەبی ئینگلیزیم دەخوێند گۆڕیم بۆ ئەدەبی عەرەبی و دکتۆرام هێناو لـەزانکۆکانی ئەمەریکاو کەنەدا وانەم وتەوەو شانزە سالـّیش لـەزانکۆی شا عەبدولعەزیز مامۆستابووم، ئێستاش گەڕاومەتەوە بۆئەمەریکا تا خزمەتێك بەم ولاّتەبکەم، ئیسلام رابردوویەکی پرشنگداری هەیە کەشانازی پێوەدەکەم، بەلاّم ئیسلام لای من داهاتووەکەدەبێت خۆمانی بۆ ئامادەبکەین ورۆژئاوا پێویستی بەئیسلامە لـەهەموو شتێکدا..



**رەنجبەرو زەحمەتکێش:**



دونیا هەمووی تاقیکردنەوەیەو مرۆڤیش رەنجبەرو زەحمەت کێشە، هەت بێ هەروەی، نەت بێ هەروەی..قورئان دەفەرموێت ( لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي كَبَدٍ (4) أَيَحْسَبُ أَنْ لَنْ يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ ) مرۆڤ بەوحاڵەشەوە جاری واهەیە شەیتان فوودەکات بەلووتیاو خۆی لێدەبێت بەشت ودەڵێت: کێ وەك ئێمە بەهێزە( فَأَمَّا عَادٌ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَقَالُوا مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ (15)فصلت)..

جائەمەش بۆ بڕوادارو بێباوەڕ وەك یەکە بۆنموونە: فیکتۆر هیگۆ کە رۆمانی (**البؤساء**)ی نووسیوە، کوڕوکچێکی لەتافی لاویاندا مردن وکچێکیشی باری دەروونی تێکچوو.. دوای هەشتاو سێ ساڵ لە زەحمەت و ناڕەحەتی وناسۆری ژیان کەرەنگی داوەتەوە لەنووسینەکانیدا کاتێك مرد جووڵە لە فەڕەنسادا وەستا بۆمردنەکەی، وەسیەتێکی زۆرسادەی دوای خۆی جێهێشت:

1-پەنجا هەزار فرەنك لەمیراتەکەم بدرێ بەهەژاران.

2-ئەمەوێ تابووتەکەم وەك تابووتی هەژاران بێت.

3-نامەوێ کەنیسەکان و پیاوانی ئاینی نوێژم لەسەربکەن، بەڵکو داواکارم خەڵکی نوێژم لەسەربکەن.

4-بڕوام هەیە بەخوا..

## مافی خەڵک زۆرگەورەیە

ئەم ئافرەتەی لەم وێنەیە لە خزمەتیدام ناوی( میم بدریە)، خێزانی مام حاجی عومەری ڕەحمەتییە کە خەڵکی گوندەکەی خۆمانە، کچی مام حاجی ئۆمەری مخەڕسە لە چەند ڕۆژە لەخزمەتیدا بووم ڕووداوێکی زۆر خۆشی باسکرد وتی:

ئەو ڕۆژەی باوکم مرد بۆ شەوەکەی هاتە خەوم وتی: بەدری کچم چەند ڕۆژێك پێش ئێستا شەش نەمامی قەیسیم لە حاجی کاوێسی چۆم حەیدەر کڕیوە بەڵام پارەکەم نەداوە لەسەر ئەوە ڕایانگرتوم، بۆیە بەعوسمانی برات بڵێ با چێ پارەکەی بدات.



منیش بۆ بەیانییەکەی چوم خەوەکەم بۆ عوسمانی برام گێڕایەوە، هەرچەند شەرممان دەکرد بە مام حاجی کاوێس بڵێین کە ئایە شتێکی ئاوا هەیە؟

بەڵام ناچاربوین دەبوایە بیلێین، بۆیە لەگەڵ مام حاجی برایم کە برای حاجی کاوێس بوو چوین بۆ لای خەوەکەمان بۆ باسکرد، ئەویش وتی وەڵا ڕاستە پێش مردنی شەش نەمامی قەیسی لای من برد هەردانەی بە درهەمێك واتا بای شەش درهەم بوو وتی دوای پارەکەت بۆ دێنم دوای بەسەریا وەفاتی کرد،بەڵام من لەبەر ئەوەی وەفاتی کرد گەردنیم ئازاد کردووە.

هەرچەند وتی نامەویٚ بەڵام عوسمانی برام پارەکەی پیٚدا. جا توخوا ئازیزانم یەکیٚك لـەسەر شەش درهەم خوای عزوجل ڕایبگریٚ دەبیٚ ئەوانەی ئەم هەموو پارەییەی ئەم میلـەتە خیٚرلـەخۆنەدیوە دەخۆن چۆن جوابی خوای گەورە بدەنەوە؟!!براتان: مەلاهەڤالٚ

## ڕووداوێکی سەیرم بیستبوو

بەلامەوە زۆر گرنگ بوو، بۆیە ویستم بزانم تا چەند ڕاست و واقیعییە؟ هەواڵی پاڵەوانی ڕوداوەکەم پرسی و شەوێك پاش ئەوە کە نوێژی عیشامان لـەمزگەوتی ئەبوبەکری سدیق لـە سلێمانی کرد، پێکەوە ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵ قارەمانی چیرۆکەکە. بەم شێوەیە دەستمان بە ئاخاوتن کرد: و وتم: کاك عومەر! پێم خۆشە لـەدەم خۆتەوە بەسەرهاتەکە ببیستم..

وتی: مامۆستا کاتی خۆی من لـەگەڵ ئەو گەنجانەی پێنجووێن لـە ڕێکخراوێکی دەستەچەپیی توندڕەودا بووم، لـەمەسەلـەی باوەڕدا گومانێکی زۆرم بۆ دروست بووبوو، بەڵام لـەلایەنی ڕەوشتەوە زۆر حەزم لـەڕەوشت بەرزی دەکرد..

کەهاتینە سلێمانی دایکیشم تووشی جەڵتەیەك بوو خستی لـەجێگادا، خۆم و خێزانم زۆر بەباشی خزمەتمان دەکرد، ئەمە منەت نییە چونکە ئەرکی سەرشانمە کەمن باسی دەکەم، چونکە دایکمە( ئەو پێیشی وابوو، کە خێری نەکردوە، بەلای ئەوەوە خێر ئەوەیە کە لـەگەڵ بێگانەدا ئەنجام بدرێت، هەرچەند من بۆم ڕاستکردەوە کە ئەوە خێرێکی گەورەیە، نوێژکردن واجبە بەڵام ئەنجامدانی خێرێکی گەورەیە.. هتد).

وتی: دایکم وای لێهات کە ئەوەندە لـەسەر پشت کەوت پێستی پشتی کونی تیٚ بوو، وتی: منیش گەڕام بۆ ئەوەی شتێکی بۆ بدۆزمەوە کاتیٚ لـەسەر پشت دەکەوێت

نارِەحەت نەبێت، دۆشەكێكی پزیشكیم بۆ پەیا كرد، كارەبام بۆ خستە سەری تا بەتەواوی بەرزببێتەوەو نزم ببێتەوە،و بیجوولێنێ، و لەسەر یەك حاڵەت نەمێنێتەوە، ئینڤێكتەرم بۆ بەست، چونكە كارەبا هەمیشەیی نییە، تا وای لێهات سوپاس بۆخوا، هەست بەئازاری پشتی نەمێنێ، و برینەكانی بەتەواوی چاك بوویەوە، ئیتر هەموو جارێك خۆم شۆردوومەو، هەندێ جاریش خێزانم یارمەتی دەدام لەكاتی شۆردنەكەیدا، هەمیشە قەتعەمان بۆ بردوە، و پاكمان كردۆتەوە، جارێكیان كە بەرزم كردەوە بۆ ئەوەی قەتعەی بخەمەژێر لەوكاتەدا قرچەیەك لەپشتمەوە هات، خێرا خێزانم بانگ كرد فریام بكەوێ، بەو هەموو ئازارەوە نەم هێشت دایكم بكەوێت و ئازاری پێ بگات..

پاش ئەوە پشتم رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو چەندساڵێك بەسەر ئەو ئازارەدا تێپەڕی، من هەر گوێم پێ نەدا تا تینی لێ بڕیم، ئینجا رۆیشتم ئەشیعەیەكی تەنووریم گرت، كاتێ بردمەوە بۆ لای دكتۆر وتی: بۆت دەنووسم بۆ عەمەلیات، وتم: من عەمەلیاتی ناكەم.. چونكە لەعەمەلیاتی برِبرِە دەترسام، رۆیشتم بۆ لای دكتۆرێكی تر ئەویش هەروەها، رۆیشتم بۆ لای دكتۆرێكی تر، ئەویش هەروەها وتی دەبێ عەمەلیاتی بكەیت، چونكە چوار موورەغەی پشتت تیا چووە و لكاون بەیەكدا، و هیچ گرێنتی ئەوەت نییە كە بتوانی برِۆیت بەرِێداو پەكت نەكەوێت و ئیفلیج نەبیت.. كاتێ دەرِۆیشتم بۆ دوكان دەبوو بەچوار قۆناغ برِۆیشتمایە و چوار جار دابنیشتمایە.. دەنا نەمدەتوانی.

جارێكیان هاتمەوە لەدوكانەوە تەواو شپرزە بووبووم، گەیشتمە لای بووژانەوەی دڵەكە، وزەم لێ برِاو كەوتم بەهەر حاڵێ بوو خۆمم گرت، و لەسەرقەراغی شۆستەكە دانیشتم.. ماوەیەك دانیشتم، پاشان ویستم هەستمەوە، دەستم نایە سەر ئەژنۆكانم، ولەكاتی هەستانەوەكەدا كەوتم بەلادا، لەویادا هات بەخەیاڵمدا: لەوانەیە

کەسانێك چاویان لێمەوە بێت و بڵێن: کابرا تۆ بائەوەندەت نەخواردایەتەوە کە تەوازن و هاوکێشەی خۆت تێك بدەیت!! خەجاڵەتی ئەوەم دەکێشا!!

ترومبێلێکی ئەهلی هات، گەیشتە تەنیشتم و وتی: فەرموو سەرکەوە با بتگەیەنمەوە جێی خۆت!! منیش زۆر سوپاسم کرد ونەڕۆیشتم لەتەکیا، هەرچەند هەوڵیدا نەڕۆیشتم، ئیتر بەجێی هێشتم و رۆیشت، منیش خۆم گەیاندەوە ماڵ.

سەیر ئەوەبوو ئالەم کاتەدا کەمن وەزعم وابوو بەخەیاڵی خۆم یا خێزانمدا نەدەهات بڵێم: ئەرێ خوایە! بۆ وات لێ کردوین؟! یا بۆچ لەماڵێکدا ئێمەت کرد بە دوو مەیت!! سوبحانەڵلا ناشکوریمان نەدەکرد!!

وتم: کاك عومەر لەوکاتەدا ئیمانت هەبوو؟! وتی: مامۆستا! ئیمان لەناخی ئینساندا هەیە، بەلاّم شك و گومانێك بۆ ئینسان دروست دەبێ، و کەسی دەست ناکەوێت وەلامی ئیقناعی بداتەوە، ئەوە ئینسان سەر لێ دەشێوێنێ..

وتی: ئالەم بارو دۆخە ناهەموارەدا برینێك لەقاچم پەیدا ببو، ناوەندی دوو پەنجەمی گرتبوەوە، کۆڵەواری کردبووم، خوێن قەتماخەی بەستبوو، وتی: چارەسەرم دەست نەدەکەوت..

شەوێکیان خەوتبووم، دەمەو بەرەبەیان بوو، لەخەوەمدا پێیان وتم: حەبێکی گولاج لەناو کاوەنتەرەکەتاندایە، ئەو گولاجە لەت بکەو بیکە بەسەر برینی پەنجەکانی پێتدا، چاك دەبیتەوە. !!

دەڵێ منیش هەستام، رۆیشتم بۆلای کاوەنتەرەکەو گولاجێکم بینی هەر هەڵم چڕی و کردم بەسەر برینەکەدا.. وەڵلا برین وا سارێژ بوو شوێنەواری نەما!!

پاش ماوەیەکی تر ئازارەکەی پشتم کە زۆر بوو کەوتم و نارەحەت بووم، ئیترئومێدم بەدکتۆر نەما و هیوا بڕاوبوم، لەخەومدا دەستێك کشا بەرەو لاقم، کەسم نەبینی بەڵام هەستم دەکرد کەپێم دەڵێت: ئازارەکەت کامەیە؟ منیش دەستم خستە سەر ئازارەکە،

و ئەویش تەزویەکی کارەبایی لێدا.. بیلفیعل تەزووی کارەبایی بوو، لەتاو گەزندەیی کارەباکە خەبەرم بووەوە..

هەستام و لەبیرم چووە وە کەمن ئەم حاڵەتە رووی تێکردووم، هیچم نەوت.. تا نان و چای بەیانیشم خوارد و رۆیشتم بۆ دووکان، بەڵام ئەمڕۆ وچانم نەویست، ئەو رۆژە لەدوکان بووم هیچ ئازارم نەبوو، ئێوارە هاتمەوە، ئازارم نەمابوو، وچان و دانیشتن و پشوودانی رێگەم نەویست، بەم حاڵەتە زۆر دڵخۆش و کەیف خۆش بووم.. و وتم: ئیتر نۆرەی ئەوە هاتووە بگەڕێمەوە بۆ لای خودا، و بەتەواوی تۆبە بکەم، و خوای خۆم بە گەورە بگرم، و سوپاسگوزاری بکەم..

دەڵێ پاش ئەو رۆژە بەسەرهاتەکەم بۆ خێزانم گێڕایەوە، کە چۆن ئەو خەوەم بینیوە،و پاشان چۆن ئەو کارەبایەیان لێداوم، و ئەمڕۆش چۆن چووم بۆ بازاڕ، و دەردو بەڵام نەماوە، ئەویش زۆر شاد و دڵخۆش بوو.. پێمووت: ئیتر من بڕیارم داوە رووبکەمە خودا،ولەمەولا فەرمانەکانی خوا نەشکێنم،و وەك بەندەیەکی سوپاس گوزار فەرمانەکانی بەجێ بێنم.. نووسینی دکتۆر حەسەن بێنجوینی



**جەمال نەبەز پەشیمانم لە دژی سەڵاحەدینی ئەیوبی نوسیوومە**

کۆچکردوو پرۆفیسۆر جەمال نەبەز: من لەماوەی سی ساڵی ڕابردوو دژی سەڵاحەدینی ئەیوبی بووم دەمووت چی بۆ کورد کردووە؟بەڵام بۆ خوێندنی دکتۆراکەم هاتمە ئەوروپا تێکەڵی مێژوونوسان و شارەزایانی مێژوو بووم باسی سەڵاحەدینی ئەیوبیان دەکرد بۆم دەرکەوت ئەوەی من باسم کردووە و دژی سەڵاحەدینی ئەیوبی بووم هەڵەبووم و پەشیمانم چونکە لێرە بۆم دەرکەوت سەڵاحەدین چ کەڵەپیاوێك بووە و کوردی بەهەموو ئەوروپا ناساندووە.

"پرۆفیسۆر جەمال نەبەز"

دکتۆر دڵشاد زامواش جوابدەداتەوە و دەڵێ:

سنووری دەوڵەتە کوردییەکەی سەڵاحەدینی ئەیوبی لە هەرەمەکانی میسرەوە تا باخەهەنارەکانی هەورامان بوو"دکتۆر دڵشاد زاموا"مامۆستای بەشی شوێنەواری هەردوو زانکۆی سلێمانی و سەڵاحەدین

دوانزە پاشا حوکمی تەواوی دەوڵەتەکەیان کردووە و ٩پاشایان کورد بوون تەنها ٣ دانەیان لەنەتەوەکانی تر بوون، ئەمە لەکاتێکدا ٧٥٪ی سوپاکەی لە نەتەوە غەیرە کوردەکان بوونە . سەلاحەدین واتا مێژوویەك پڕ لەشانازی بۆ کورد..

وەرگیراوە بە سوپاسەوە

**دەستتان خۆش ئاستانە:**

سوپاس بۆخوا رێکخراوی ئاستانە خزمەتێکی باش پێشکەش دەکەن، ئەوەتا چەند پەڕاوی بەسوودیان بەچاپ گەیاندووە کەمن ئەمڕۆ لەخزمەت کتێبێکیاندا بووم کە بانگخوازو رۆشنبیر کاك مەڕوان کوردی نووسیوویەتی کەئەویش کتێبی (فەرموودە لەسایەی قورئاندا) بوو کەزۆرجوان باسی زەروورەتی سوونەت دەکات و هێمنانە

وەڵامی بەناوقورئانیەکان دەداتەوە، سوپاسی خوادەکەم لەسەر نیعمەتەکانی کە بەزمانی خۆمان ئەو هەموو کتێبەباشە نووسراون، کە ٤٨ساڵ لەمەوبەر تاقەکتێبێکی ئیسلامی لەکتێبخانەکاندا نەبوون لاوێك سوودمەند بێت لێی، لەپۆلی سێی ناوەندی بووم ساڵی ١٩٧٣مامۆستا مەلا عەبدوڵا خوا لێی خۆش بێت لە حوجرەی مزگەوتی هەلاجەکاندا کتێبخانەیەکی کردەوەو کتێی ئیسلامی ئەفرۆشت کەبەزمانی عەرەبی بوون و یەکەم کتێب (اسلامنا)ی سەیدسابق بوو لێم کڕی بە (٦٠٠) فلس، کەمامۆستا وتی: بەوەندەیە بۆمن زۆربوو، وتم: ویژدانت بێت چۆن بەوەندە.. مامۆستا قسەکەمی لاسەیربوو.. ئێمە هەردوو زەمانەکەمان دیوە ئەوسا تامەزرۆی کتێب بووین زەحمەت دەستدەکەوت، خوێنەرهەبوو کتێب نەبوو، ئەمڕۆ ئەو هەموو کتێبە هەیە خوێنەرمان کەمە بەداخەوە..

ساڵی١٩٨٣باوکی رەحمەتیم چوو بۆحەج، ناوی چەندکتێبێکی مامۆستا راشیدم دابوویە بۆم بهێنێ، ئەویش نەخوێندەواربوو، سبحان الله کەسێك دەبینێت وەزانێت منم بانگی دەکات تومەز برایەکی هەڵەبجەیی بووە بەناوی کاك عەبدوڵاو لەسعودیە دەیخوێند، باوکم دەعوەتی دەکات و قاورمەی گۆشتی لادەبێت بەشی دەدات و ناوی کتێبەکانی پیشان دەدات، ئەویش بەباوکم دەڵێت: کوڕەکەت پیاوە وا ئەم کتێبانە دەخوێنێتەوە، کتێبەکان بۆباوکم پەیدا دەکات، ئەو باوکە داماوەم زۆربەزەحمەت لەپشکنینی بەعس لەسنوور دەربازی دەکات، چونکەمەمنوع بوون.. بەڕاستی ئێمە قەرزاری کتێب ونووسەرەکانیانین خوا پاداشتیان بداتەوە.. لەکۆتاییدا دەڵێم: تکایە بخوێننەوە وهاوەڵی کتێب کەن کەباشترین هاوڕێیە..

***

**ژن و پیاوێک**

لەناوەڕاستی شاری تەوریز دەچن بۆ مەیدانێك کە کرێکارەن لەوێدا دەوەستن تاکو بچن بۆ کارکردن، پیاوەکە دەڵێت پێویستم بەسێ کرێکار هەیە بەڵام لە بیست هەزار زیاتر پارەتان پێ نادەم .

زۆربەی کرێکارەکان دووردەکەونەوە، بەڵام لەناو ئەو هەموو کرێکارە سێ دانەیان کە زۆر پێویستیان بەم بڕە پارە کەمە هەبوو بەناچاری قبوڵیان کردو لەگەڵی ڕۆیشتن، کاتێك گەیشتن بە ماڵەکە پێشوازییەکەی زۆر باشیان لێکرا.

یەکێك لە کرێکارەکان وتی: کارەکەمان پێ بڵێن تاکو دەست بکەین بە کار کردن، خاوەن ماڵەکە دەڵێت ئێمە کارێکمان نییە تاکوو ئەنجامی بدەن، تەنها چەند ساتێك چاوەڕێ بکەن تاکو کرێیەکەتان پێبدەم!

دوای چەند دەقەیەك خاوەن ماڵەکە بە شەش ملیۆنەوە دێتە ژورەوە.. بە هەر یەکێکیان دوو ملیۆن دەدات و دەڵێت ئەوە پارەی حەجەکەمان بوو کە نەچووین، ئێوە کە بۆ ئەم بڕە پارە کەمە ناچاربوون کار بکەن حەتمەن زۆر پێویستتان پێ بوە، ئەو پارەیە بە ئێوە دەدەین کە بەشکوم خودا لە ئێمەش ڕازی بێت..



**بۆهاوارت لێهەستاوە:**

دۆستێکی خۆشەویستم لەساڵی ١٩٩٣پێشنوێژو وتارخوێنی دێکەیان بوو کە شەش سەدماڵێك دەبوون و ئەمیش تەمەنی هەژدەساڵێك دەبوو، بەوتەمەنەوە بەئەرکی هەموو دێکەدا رادەگەیشت لەسولْح و کێشەو ژن مارەکردن،کەژنی بۆمارەدەکردن بۆخۆشی دەیانووت: ژنمان بۆمارەدەکات و خۆشی ژنی نیە، دوای چەند مانگێك ژن دەهێنێت ، مامۆستایانی هاوەڵی زەکات و سەدەقاتیان وەردەگرت و حاڵیان باش بووئەم وەری نەدەگرت و بەیانیان دەچوو بۆ کرێکاری لەزەرعات و باخی خەڵکیدا ونۆکی ئەدووریەوە بەدەست..بەیانیەکیان تەنها نانەرەقیان دەبێت بەهاوسەری دەڵێت تۆزێ رۆن بێنەو بیقرچێنە بابەونانە رەقەوە بیخۆین..

زۆر دوعا دەکات و لەخوا دەپاڕێتەوە، دوای نیوەڕۆ لەمزگەوت سەرخەوێك دەشکێنێت، پیاوێك لەخەوەکەدا دێتە مزگەوت بۆلای و پەڕاوی ( فی ظلال )ی بەدەستەوە دەبێت وبەم دەڵێت: تۆ فلانیت ؟دەڵێت: بەڵێ . پاشان دەڵێت: ئەهلی ئاسمان هیچ شتێکی ئەهلی زەویان لێ ون نابێت و گوێیان لێیان دەبێت و ئاگادارن، چیە هاوارت لێهەستاوە باسی مەینەتی و ئەوناڕەحەتیانەت بۆبکەم کەتووشی من بوون شەرم لەخۆت دەکەیت، وتی: بۆجەنابت کێیت؟

وتی: من سەید قوتبم.. ئنجا باسی هەندێ موعاناتی خۆی بۆکردم گریام، وتم: تەواو ئەوەی تۆ بینیوتە ئێمە نەمانبینیوە، ئیتر شکاتی حاڵی خۆم ناکەم.

سەید بەرەحمەت بێت دەڵێت: پێشەواکان نابێت بەدوای رووخسەتا بگەڕێن چونکەسەرمەشقی خەڵکن، هەروەها دەڵێت: کەتۆ قاچت خلیسکاوەو تەنازولات دەکەیت قسە بەوانەمەڵێ کە دامەزراون و مەڵێ ئەوانە توند رەون،سەیری بەرپێی خۆت بکە دەبینیت لەقوڕو چلْپاودا رێدەکەیت..

**تكایە یارمەتی سواڵکەر مەدەن؛**

لەکتێبی یادەوەریەکانی دکتۆری بەناوبانگی سەردەمی پاشایەتی (کمال السامرائی) چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشی تیایە دەڵێت:

لەساڵەکانی سیەکاندا هاوڕێیەکی جوولەکەم هەبوو، ڕۆژێك لەچایخانەیەك پێکەوە دانیشتبووین، سواڵکەرێك هات دیار بوو کەجوولەکەبوو، هاوڕێ جوولەکەکەم ئەو سواڵکەرە جوولەکەی دەرکرد و هەندێ قسەی توندی بەرامبەر کرد، دکتۆر کمال دەڵێت پاش چەند ڕۆژێك هەمان هاوڕێ جوولەکەم بینیەوە، کە پارەی دەدا بە سواڵکەرێکی موسڵمان !!

بەڵام هاوڕێکەم منی نەبینی، گەڕامەوەماڵەوەو بیرم لەم هەڵوێستەی هاوڕێ جوولەکەم دەکردەوە،ڕۆژی دواتر گەیشتم بەهاوڕێ جوولەکەم پێموت:

من تۆم لەدوو هەڵوێستی دژ بەیەکدا بینی، کاتێك توندبوویت لەگەڵ سوڵکەرێکی جولەکەو هاوکاری سواڵکەرێکی موسڵمانت کرد؟؟!!

لەکاتێکدا من تۆ دەناسم کەچەند بەخیل ورەزیلیت ؟

هاوڕێ جوەلەکەکەم خۆی دەدزیەوە لەوەڵامدانەوەم و هەوڵی خۆلادانی دەدا، بەڵام من سووربووم لەوەڵام وەرگرتنەوە،ناچاربوو لە وەڵامدا وتی:

پیاوانی ئاینی ئێمە لەئاینی جوولەکەدا فەرمانمان پێ دەکەن کە بەهیچ جۆرێك هاوکاری سواڵکەری جوولەکە نەکەین، باخۆیان هەوڵی ئیشکردن بدەن و خۆیان بژێنن نەك بەسواڵ بژین!!چونکە ئیتر فێردەبن و بیرلەئیشێك ناکەنەوە، لەهەمان کاتدا زاناکانمان پێیان وتووین کەئەگەر سواڵکەری موسڵمانتان بینی یارمەتی بدەن تا بەردەوام بێت لەسەر سواڵکردن و بیر لەئیش نەکاتەوە، بەو جۆرە دەستی کاری جوولەکە زیاد دەکەن و دەستی سواڵی موسڵمان زیاد دەکەن . ئەم چیرۆکە واتای زۆر هەڵدەگرێت..


تێبینی:

زیاتر لە سێ هەفتە مامۆستای ئەو مزگەوتەی خۆم نوێژی تیادەکەم تەئکیدی دەکردەوە کە تکایە یارمەتی سوڵکەر مەدەن، خۆی چەند نمونەیەکی لەهەمان مزگەوت گێڕایەوە کەبەدواداچوونی کردووە هەموویان درۆ دەکەن و ئەوە ئیش و کەسابەتیانە و جۆرێکن لەباند و لەڕێی سۆز و عاتیفەی خەڵکەوە پارەی زۆر لەخەڵك دەکێشنەوەو موستەحەق نین،مامۆستا دەیووت:

هەرکەس لەئێوە پارەی خێری هەیە بابیدات بەکەسوکارو خزم و دراوسێ و ناسیاوەکانی خۆی، بیدات بەوانەی عیزەتی نەفسیان هەیە و دەست پان ناکەنەوە..

نووسینی: صلاح علي رشيد

ئەم قەشە ئەمەریکیە



پرۆفیسۆر گیراڵد درێکس ە کەماستەری هەیە لەلاهوت داو دکتۆراشی هەیە لەدەروونناسیدا، پاش موسڵمانبوونی وتی: هەموئەو کتێب و بیردۆزانەی کە دیراسەم کرد لەدەروونناسیدا، هیچ نین بەرامبەر ئەوموسڵمانەی کە تەوەکولی بەخوایە.

**چارنیە ئارامگرتن نەبێت:**

**خوای گەورە ئەفەرموێت** ﴿وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِنْ قَبْلِكَ الْخُلْدَ أَفَإِنْ مِتَّ فَهُمُ الْخَالِدُونَ (34) كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (35)الأنبياء﴾ **هیچ مرۆڤێکی پێش تۆمان نەمرنەکردووە، ئەگەرتۆ بمریت خۆ ئەوانیش دەمرن و نامێنن، هەموو نەفسێك دەبێت مردن بچێژێت وەبەخێرو شەڕتاقیتان دەکەینەوەو بۆلای ئێمە دەگەڕێنرێنەوە.**

**بەم رۆژگارە هەواڵی مردن دەبیستین تا ئەوکاتەی نۆرەی خۆشمان دێت، بەم رۆژگارە هەواڵی ناخۆشی تاقیکردنەوەکانی دەوروبەرمان دەبیستین تائەوکاتەی روودەکاتەماڵی خۆشمان.. جا لەم حاڵەتەدا کەمادام تاقیکردنەوە بێت لەخواوەو سەرەنجامیش بچینەوە بۆلای خوا چارێکمان نیە ئارامگرتن نەبێت، هەر لەبەر زەرورەتی ئارامگرتنە وا پاداشتەکەشی گەورەیە**﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ (10) الزمر ﴾.

**برادەرێك لەئەڵمانیاوە پەیوەندی پێوەکردم کە روویان کردۆتە ئەو وڵاتە تا هەناسەیەك بدەن، دووکوڕی هەیە هەردووکیان نابینان و یەکێکیان ئۆتیزمیتیشێتی...پیاوو ژنێك پاش سێ جار محاوەلەی مناڵی بلووری مناڵێکیان بوو، بەداخەوە مناڵەکەیان کەهەموو خۆشیەکی ئەوانە تووشی شێرپەنجە بووە..**

**من نموونەیەك باس دەکەم، هەریەك لەئێوەی بەڕێزیش نموونەتان لایە، کەسیش لەحیکمەتەکانیان تێناگات مەگەر خوای گەورە حەزرەتی (خضر)مان بۆبنێرێت لەحیکمەتی پشت رووداوەکان ئاگادارمان بکات..**

***

**حەسادەت وناحاڵی بوون:**

کاتێك زانای گەورەی مۆریتانی شێخ دەدو لـەسعودیە وتاری ئەدا هەندێك لـە حەسادەتا یان لـەناحاڵی بوونا نامەیان نارد بۆ شێخ بن باز کەشێخ دەدۆ موبتەدیعەو بیدعە بڵاودەکاتەوە هەروەك عادەتیان کەزانا نەماوە نەیکەنە بیدعەچی و گومڕاکەر کەمێکی سەربەخۆیان نەبێت، شێخ بن بازیش داوای لـە شێخ بەکربن زەید و شێخ صالح فۆزان کرد کە تاقیبکەنەوە، شێخ بەکر بن زەید داوای لێبوردنی کردو وتی: من ئەو بەلامەوە زانایەکی گەورەیەو هەرچی بنووسم پێش چاپ ئەیدەم بەو پیابچێتەوە، شێخ بن باز وتی: باشە تۆ تەنها ئامادەبە لـەگەڵمانا، پاش ئەوەی بن باز پرسیاری زۆری لێکرد زۆرسەرسام بوو بەزانایی ودانایی ئەو پیاوەو هەندێ رای زانایانی



کەدەهێنا لـەسەر مەسئەلـە خیلافیەکان بن باز دەیووت: چۆن شتی واهەیە ؟، ئەویش سەرچاوەکەی دەوت بەلاپەڕەکانیەوە . ئنجا شێخ فەرمووی: برۆ لـەکوێی سعودیە وتارئەدەیت ئازادیت .

شایانی باسە بانگخوازی ناودار ئیبراهیم دوەیش دەڵێ: من زۆر سوود لـەوتارەکانی شێخ دەدو وەردەگرم . جابەڕاستی گوناهە زانایان بەناهەق تۆمەتباربکرێن و مۆری بیدعەو گومڕاکردن بنرێت بەناوچەوانیاندا هەروەك هەندێ بەداخەوە دەیکەن وتەنها خۆیان بەڕاست دەزانن.

لە دکتۆر زاکیر یان برسی کێ بەلای تۆوە زانایەکی زۆر زیرەکەو وەکو کۆمبیوتەر وایە و دەتوانرێ بیی بکوترێ زانای سەردەم ؟وتی بیّ دوودلّی شیخ محمد حسن دەدو یە.

کاك قادر حەسەن دەڵێت: بەڕاستی ئەمەکەڵەپیاووزانای راستەقینەیە،لەوتارێکیا خۆم بینیم دەڵیّ من موعجیبی کوردستانم زانای وەهای تیایە ئامادەم لەبەردەستیاچۆك دابدەم ودەستی ماچ بکەم.

**دوعاکردنیش تەوفیقاتە:**

ئەگەر سەیری دوعاکانی سەروەرمان بکەین صلی الله علیه وسلم لوتکەی بەندایەتی کردنە بۆخوا، سەیری ئەم دوعایەی کاتی رکوعی بکە بۆنموونە:

اللّهمَّ لَك رَكعتُ، وبِك آمنتُ، ولَك أسلمتُ وعليكَ توَكلتُ أنتَ ربِّي خشعَ سمعي وبصري ودمي ولحمي وعظمي وعصبي للّهِ ربِّ العالمينَ..مسلم.

کەسانێکیش هەن خوا دەیانهینێتە گۆو دوعایەك بەدەمیاندا دێنێت کە دەیەوێت بۆیان بەدیبهێنێت، شێخ محمد دەدو دەڵێت: لەسالأنی سەرەتای هەشتاکاندا تەوافم دەکرد پاشان کەنوێژم کرد لەدوای مەقامی ئیبراهیمەوە ئەو کاتەشێخ کوشکم باش نەدەناسی دوعایەکی کرد هەموو مووەکانی لەشم راست بوونەوەو من نەمتوانی دوعابکەم تەنها ئامینم بۆدوعاکانی ئەوکرد.

بۆسەری ماچ کرد؟

شێخ محمد دەدوکەخۆی ئایەتێکی خوایە لەلەبەرکردنداو زانایەکی کەم وێنەیە، وەمەرکەزی تەکوینی عولەمای هەیە لە مۆریتانیا، سەری ئەم قوتابیەی ماچ کرد کە نابینایەو خەڵکی مەغریبەو ناوی موحەممەد تەیب ئەلدو ەوتەمەنی 22 ساڵە و ئەمیش

ئایەتی خوایە لەلەبکردندا، بێجگە لەقورئان و هەزاران فەمووده ئەو هەموو مەتن و شتانەشی لەبەرکردووە، کە هەردەڵێی کۆمپیوتەرە ومن بڕواناکەم کەسی تر هەبێت ئەوەندەی لەبەربێت مەگەر شێخ موحەممەد دەدو خۆی..

ئەوانەی کەلەبەری کردوون:

-يحفظ القرآن الكريم.

التجويد والقراءات:

-تحفة الأطفال للجمزوري.

-نظم الجزرية لابن الجزري.

-الددر اللوامع في مقرأ الإمام نافع لابن بري.

-حرز الأماني المعروفة بالشاطبية في القراءات السبع. أكثر من 1100 بيت.

-يحفظ الدرة المضيئة لابن الجزري.

التفسير:

إضافة لدراسته للجلالين ولتفسير ابن جزي فإنه يحفظ تفسيرا منظوما في أكثر من 8000 بيتا اسمه: مراقي الأواه إلى تدبر كتاب الله.

الحديث:

-يحفظ الأربعين النووية

-يحفظ عمدة الأحكام 422 حديثا

-يحفظ بلوغ المرام قرابة 1500 حديثا

-يحفظ تقريب الأسانيد وترتيب المسانيد قرابة 1500 حديثا.

-يحفظ صحيح البخاري كاملا. حوالي 7700 حديثا

-يحفظ الجمع بين الصحيحين لعبد الحق الإشبيلي.

وكلها يرويها بالسند المتصل منه إلى النبي صلى الله عليه وسلم.

-يحفظ البيقونية

-يحفظ نخبة الفكر.

-يحفظ طلعة الأنوار. أكثر من 300 بيت

-يحفظ ألفية الحافظ العراقي. حوالي 1000 بيت

أصول الفقه:

-يحفظ ورقات إمام الحرمين.

-يحفظ مرتقى الوصول لابن عاصم. أكثر من 700 بيتا

-يحفظ مراقي السعود لسيدي عبد الله العلوي الشنقيطي. فيها 1001 بيت

الفقه

-يحفظ مختصر الأخضري

-يحفظ نظم ابن عاشر 317 بيت
-يحفظ كفاف المبتدي في فني العادات والتعبد، لمحمد مولود فال اليعقوبي. أكثر من 3700 بيت
-يحفظ مختصر خليل. 360 صفحة من النثر الخليلي الصعب.
ولعله يحفظ ما دون ذلك كأسهل المسالك ورسالة ابن أبي زيد.
-يحفظ المنهج المنتخب للزقاق.
السيرة النبوية والتاريخ:
-يحفظ الأرجوزة الميئية لابن أبي العز الحنفي. 100 بيت
-يحفظ قرة الأبصار في سيرة الشفيع المختار 344 بيت



**هۆشیاربوونەوەوگەڕانەوە بۆلای خوا: یەکەم:**

خوای گەورە کەمەبەستێتی بەندەکانی بگەڕێنەوەو تەوبە بکەن، ساڵی یەك دووجار تووشی بەڵاوموسیبەت وشتی دیکەیان دەکات، ئەوانەی دووڕوون سوودی لێنابینن و چاوی دڵیان کوێربووە:

(أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ (126)الأنفال )..

کەسانێکیش هەن بەو ئاگادارکردنەوانە سەدو هەشتا پلە ژیانیان دەگۆڕێت، شاری ئەصنام لە جەزائیر ساڵی 1980 بوومەلەرزەیەك لێیدا کە لە حەوت پلەی ڕێختەر زیاتر بوو، 3500 کەسی کوشت و دەهەزاریش بریندااربوون، ئەمەوای کرد خەڵکانێکی زۆر تەوبە بکەن.. لەم ساڵانەی دواییدا کەبوومەلەرزەکە دای لەشاری رانیە خەڵکەکەی هەژاندو مامۆستا مەلا عەبدوڵای دەرەکۆتر دەڵێت: کەچووم بۆنوێژی بەیانی ئەو هەموو پێڵاوەم بینی لە دەرەوەی مزگەوت وەمزانی کەسێك مردووەو بەدیار جەنازەوەن، تومەز بومەلەرزەکە ئەو خەڵکەی هێنابوو بەرەو مزگەوت..

**هۆشیاربوونەوەوگەڕانەوە بۆلای خوا: دووەم:**

شێخ محمد دەدو دەڵێت: جاری واهەیە کەسێك لەمردن رزگاری دەبێت وئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆلای خوا، بۆنموونە لەفڕۆکەخانەی نواکشۆت زەمانی زوو بێسەرو بەرە بوو، دووفڕۆکە لە ساحەکەدابوون ئامادەبوون بۆ هەستان یەکێکیان بۆشاری نیعمە ئەوی تر بۆشاری تجیر، کەسێك کەدەیەوێت بچێت بۆشاری تجیرو بەهەڵە سواری ئەوەی نیعمە دەبێت، کاتێك دادەبەزێت زۆرتووڕەدەبێت، بەڵام کەدەبیسێت فرۆکەکەی دیکە کەدەبوایە ئەم گەشتەکەی

پێبکردایه کەوتۆتە خوارەوە دەبێتە مایەی هیدایەتی ودەزانێت خوا چانسێکی دیکەی ژیانی داوەتیٚ .




بەهەمان شێوە گەنجێك دەناسم لەشاری (رياض) دەیویست گەشت بکات بۆ بەریتانیا بۆخراپەکردن، بەدایکی دەڵێت: پاش دووسەعاتی تر خەبەرم بکەرەوە، دایکیشی کەدەزانێت بۆکاری خراپەدەچێت بۆئەوەی گەشتەکەی لێتێك بدات خەبەری ناکاتەوە، کەدوایی خەبەری دەبێتەوەوگەشتەکەی لەکیس چووە لەداخا زۆرتووڕەدەبێت لەدایکی، بەڵام کە دەبیسێت فڕۆکەکەی کەئەم دەیویست گەشتی پێبکات کەوتۆتە خوارەوە تەوبەدەکات.. لەم نموونانە زۆرن کەسێك لەرووداوی سەیارە یان هەرشتێکی دیکە دەبێت بمریٚ ونامریٚ زۆرجار دەبێتە مایەی تەوبەکردن و گەڕانەوە..

## هۆشیاربوونەوەوگەڕانەوە بۆلای خوا: سێیەم:

زانای بانگخواز شێخ محمد دەدو دەڵێت: لەبەرنامەیەکدا پرسیار لە هەندێ بەریتانی دەکرا کە بەچی موسڵمانبوویت، هی واهەبوو دەیووت: فلأنە بانگخواز، یان فلأنە رووداوو...هتد.. ئەوەی سەیر بوو یەکێکیان وتی: من بەهۆی پشیلەیەکەوە موسڵمانبووم.

وتیان: چۆن؟؟

وتی: من شۆفێری تەکسی بووم بۆکۆمپانیایەك کارم دەکرد، زۆرماندوو دەبووم، ئێوارەیەك موسڵمانێك دەستی لێڕاگرتم تا بیگەیەنمە شوێنێك، لەرێگا کاتی نوێژی ئێوارە هات، وتی: لێرەدا بووەستە وهەقی وەستانەکەشت دەدەمێ بانوێژەکەم نەچێت، منیش پێم خۆش بوو پشوویەك بدەم و پارەشم بۆ حساب بێت، ئەو چووە مزگەوت و منیش دابەزیم لەسەیارەکەم پشیلەیەکی جوانم بینی لای مزگەوتەکە چووم بەرەو لای یاری لەگەڵ بکەم کەنزیك بوومەوە لێی چووە ناومزگەوتەکەوە، هاتمە دواوە هاتەوەدەرەوە، چوومەوە بەرەو لای چووەوە ناومزگەوتەکە، وتم: دەبێت ئەم شوێنە زۆر ئەمین بێت بۆیە ئاوا بێترس دەچێتەناوی.. سەرێکم کرد بەناو مزگەوتەکەدا، مامۆستایەك قورئانی دەخوێند بەدەنگێکی خۆش و نوێژخوێنانیش زۆربەجوانی و رێکوپێکی وەستابوون..ئەمە سەرنجی راکێشام و وای لێکردم لەسەر ئیسلام و نوێژ بخوێنمەوەو سەرەنجام خوا هیدایەتی دام و موسڵمان بووم..

## هۆشیاربوونەوەوگەڕانەوە بۆلای خوا: چوارەم:

زانای بانگخوازشێخ محمد دەدو دەڵێت: کەسانێك هەن بەبیستنی ئایەتێك هۆشیاردەبنەوەو تەوبە دەکەن، بۆنموونە فوزەیلی کوڕی عیاز دەیویست دزی بکا

لەماڵێك گوێی لەخاوەن ماڵ بوو ئەم ئایەتەی دەخوێند( أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آَمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ (16) الحديد )،ئەوەبووەمایەی تەوبەکردنی.

لاوێك لەپاش گوێگرتن لەکاسێتی گۆرانیەکانی دەیخاتە سەر رادیۆو ئەم ئایەتەی گوێ لێدەبێت کە دەبێتە مایەی گەڕانەوەی بەرەو لای خوا ( قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (53)الزمر).

هەروەها راهیبێك لەنەجران کەسێك بەلای خەڵوەتگاکەیدا دەڕوات وئەم ئایەتە دەخوێنێت( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ آَمِنُوا بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِمَا مَعَكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَى أَدْبَارِهَا أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّا أَصْحَابَ السَّبْتِ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا (47)النساء)، ئەوەش وای لێدەکات کە تەوبەبکات لەترسی ئەوەی نەوەك خوا مەسخی بکات...

### هۆشیاربوونەوەوگەڕانەوە بۆلای خوا: پێنجەم:

زانای بانگخواز شێخ محمد دەدو دەڵێت: کەعبی ئەحبار لەزانایانی جوولەکەی یەمەن بوو، حەسادەتی برد بەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و موسڵمان نەبوو، هەموو ئەوشتانەش کەمزگێنی بوون بەهاتنی ئەو زاتە لەسندوقێکدا هەڵیگرت و بەکوڕەکەی وت: ئاگاداری ئەم سندووقەبەکەس نەیکاتەوە، کوڕەکەشی کە قوتابی باوکی بوو پاش مردنی باوکی مەراقی بوو بزانێت چی لەو سندوقەدا هەڵگیراوەو نابێت کەس بیبینێت، ئەوەبوو سندوقەکەی کردەوەو ئەو لاپەڕانەی تەوراتی بینی کەمژدە بەهاتنی رەسول الله دەدەن صلی الله علیه وسلم، پاش خوێندنەوەیان هات بۆمەدینە موسڵمان ببێت، بەداخەوە هاتنەکەی ئەوکاتە بوو کەتازە سەروەرمان کۆچی دوایی کردبوو

بۆیە نەیتوانی سەروەرمان ببینیٚ و ببێتە صەحابە، ئەو موسڵمان بوو لەسەردەستی هاوەڵاٚنداو بووە یەکیٚ لەتابعین..

جا بەراستی بەسەرهاتەکانی موسڵمانبوون سەیرن لەکۆن و نوێدا، مامۆستایەکی خۆشەویستم دەڵێت: پێش ڕەمەزان کەسێك پەیوەندی پێوەکردم لەنەرویجەوەو وتی: من خەڵکی کوردوستانی رۆژهەلاٚتم و حەڤدە ساڵ لەگەڵ لایەنێکی ئەودیودابووم دوورلەخوا، سبحان اللە شەویٚ لەخەوما سەروەرم بینی لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیم ونوح وعیساو موسا سەلامی خوایان لەسەربێت، چوونەمزگەوتێکەوە بەمنیشیان وت: تۆش وەرە، کەچووینە ژوورەوە تۆ وتارت دەدا، سەروەمان بانگی کردی و فەرمووی: ئەوە باسی چیدەکەی ؟وتت: فەرموودەکانی تۆیە یارسول اللە، فەرمووی بەردەوام بە، ئیتر ئەوەبۆم بوو بەخێرو تەوبەم کردو ئێستا بەتەواوی پابەندی فەرمانەکانی خوام..

### خوشکێکی بەڕێز لەپیرەمەگرونەوە ئەمەی بۆناردم:

باوکم هات بۆ ماڵمان وتی هەموو پیرەمەگرون گەڕاوین مانگاکە نادۆزینەوەو وابزانم گوێرەکە ساواکەی دەمرێت لە برسا ئەوە دوو ڕۆژە شیری نەخواردووە.

هات بە هاوسەرەکەمی وت: تۆ دەبڵێت لایە با ئەو لادێیانەی دەوری پیرەمەگرون و ئەو دەشتو دەرە بگەڕێین، لەو کاتەدا لە پشت ماڵی خۆمان دەنگە دەنگیٚ دەهات ماڵێکی کرێچی نشینی زۆر هەژار بوون تێکەڵاوی و دۆستایەتیم هەبوو بە بۆنەی دراوسێیەتی لەگەڵیاندا کە ڕۆیشتم بە لایانەوە، ژنەکە بە پیاوەکەی دەووت بڕۆ شیر بێنە بۆ منالەکەمان دەمرێت هەر دەگری لەبرسا، پیاوەکەش وتی بەخوا ژنەکە ڕووم نیە بچم بۆ ئەو مارکێتانە ئەوەندە شیر بێنم بە قەرز، دەی منالەکە دەمرێت لە برسانا وتی: دەی با بمرێت ناتوانم .

ئیتر بە پەلە گەڕامەوە کە باوکم دانیشتبوو بە تەما بوون بگەڕێن بۆ مانگاکە، وتم: باوکە پارەم بەرێ من مانگاکەت بۆ دەدۆزمەوە، باوکم وتی: بەچی دەیدۆزیتەوە، وتم: تۆ پارەم بەرێ، ئیتر دەستی بۆ گیرفانی برد پارەی چەند قوتەیەك شیری پێدام و بەپەلە ڕۆیشتم بۆ ماڵی کاك کمال و پارەکەم پێداو وتم خێرا برۆ شیر بکرە بۆ منالەکەت،وتی: ئەرێ باجی فلان باوکت مانگاکەی دۆزیەوە، وتم: نەوەڵا،

دەستی بەرز کردەوە وتی: یارەبی خوایە چۆن دڵی ئێمەت خۆش کرد ئاوا دڵی باوکی خۆش بکە، کە هاتمەوە باوکم و پیاوەکەم ڕۆیشتبوون بۆ گەڕان بەشوێن مانگاکە، سوێند بەخوا دوو سەعاتی پێ نەچوو دایکی منالە بە ڕاکردن هات وتی: منالەکەم شیرەکەی بە دەمەوە بوو مانگایەك هاتۆتە ژوورەوەو وا لە حەوشەی ئێمەیە، کە ڕۆیشتم چاوم پڕ گریان بوو چونکە مانگاکەی باوکم بوو، موعجیزەی خوای گەورە بوو چونکە ماڵی باوکم لەگەڵ ئەو ماڵە چەند کیلۆ مەترێ دوور بوو سەدان ماڵ لە نێوانیاندا بوو کۆڵانی ئەو ماڵەش زۆر شاراوە بوو تەنگو تەسك بوو،خوا ویستی وابوو بچێتەوە ماڵی ئەو ژنە،کە بە باوکمم وت مانگاکە ڕۆیشتووەتە حەوشەی ئەو ماڵە توشی شۆك بوو هەتا ئێستاش یەکێ لەڕوداوە زۆر کاریگەرەکانە بەسەرمانەوە..

## مزگەوتی حاجی قادری بێسەری:

نوێژکردن لەو مزگەوتە چێژێکی تایبەتی هەیە، رەنگە هی گەرموگوڕی نوێژخوێنانی و پێش نوێژەکەی بێت، رەنگە ئیخلاص و بۆخواسوڵحاوی حاجی قادر بێت بەرەحمەت بێت، رەنگە هەردووکیشی بێت، ئەم مام حاجیە ئەوەندە دۆستی قورئان بووە لەگەڵ ئەوەدا کەنەخوێندەواربووە، قورئانی دەخوێند بەوەی کە ئایەت

ئایەت پەنجەی بەسەردا دەگێڕا وپەڕە پەڕە هەڵیدەدایەوە یەکێ بیبینیایە وەیزانی خوێندەوارەو قورئان دەخوێنێت..

سالآنی هەشتاکان دکتۆر تاریق کە لەکۆمەڵەی تەبلیغە لە پاکستان دەچنە دێیەك بۆ بانگەواز بەسەرئەوەدا دەچن کە خەڵکی دێیەکە سەرقاڵی ناشتنی پیرەپیاوێکی شوانن، لەکاتی ناشتنەکەدا هەست بەبۆنی خۆشی قەبرەکەی دەکەن، دێنەوە لەداپیرەی هاوسەری دەپرسن، ئەم پیاوەی تۆ چی دەکرد، وا ئەو کەرامەتەمان لێبینی ؟ئەویش وتی: هەموو بەیانیەك قورئانەکەی دادەگرت و لەبەر ئەوەی نەخوێندەواربوو پەنجەی دەگێڕا بەسەر ئایەتەکانداو دەگریاودوعای دەکرد..خوایە دەرەجەی حاجی قادر بەرزبکەرەوە و پاداشتی خێری نەبڕاوەی بدەرێ لەسەرمزگەوت و قورئانخوێندن و چاکەکانی.. ئامین..

**خوا هات بەهانایەوە:**

خوای پەروەردگاردەفەرموێت: أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ (62)النمل، واتە: کێ لەخوا چاکترە کە هەروەختێ ئومێد بڕاوێ لەبەری بپاڕێتەوە، بەهانایەوە دێ و لەناڕەحەتی رزگاری دەکا ودەتانکاتە جێنشین لەم سەرزەمینە؟ئاخۆ هیچ پەرستراوێکی دیکە هەیە لەگەڵ خوا ؟ئەمانە کەم پەندوەردەگرن.



زانای گەورەی سەردەم شێخ محمد دەدودەڵێت: کەس نیە لە ئیتقانی قیرائاتی عەشردا بگاتە قورئانخوێنی سۆماڵی شێخ عبدالرشید صوفی.. جا ئەم قورئانخوێنە باسی ئەزموونێکی خۆی دەکات و دەڵێت: کاتێك لەقاهیرە دەمخوێند چی پارەم پێبوو دام بەکتێب و کەگەڕامەوە لەفڕۆکەخانەی قاهیرە کارتۆنە کتێبەکانیان کێشا، وتیان ئەبێت ئەوەندە پارە بدەیت، منیش وتم: پێم نیە، حسابی ئەوەم نەکردبوو نەشم دەزانی کێشان هەیەولەسی کیلۆ زیاتر ڕێنادەن بەپارەنەبێت، فەرمانبەرەکەوتی: جا پارەنەدەیت ئەستەمەبتوانی سەفەربکەیت، وتم: سەفەردەکەم، وتی: تەحەدات دەکەم بەبێ پارە ناتوانی سەفەربکەیت..کارتۆنەکانمی خستە ئەولاوەو منیش پارەی ئەوەم پێنەبوو کەسیشم نەدەناسی، چوومە مزگەوتی فڕۆکەخانەو شەونوێژم کردو زۆر پاڕامەوەوچاوەڕێمکرد  تابانگی بەیانی داو، خستمیانە پێشەوە بۆ ئیمامەت، منیش قورئانێکی خۆشم بۆخوێندن، کەسەلامم دایەوە لەلای ڕاستمەوە ئەفسەرێکی پلەداربوو، سەیرێکی پەساپۆرتەکەمی کرد کەلەلای خۆمەوە دامنابوو، وتی: کاتی سەفەرەکەت ماویەتی تۆزێکی تر قورئانمان بۆبخوێنە، خوێندم، ئەوەندەکاریگەری هەبوو لەسەری فرمێسکی لەچاوی هێنا.

دوایی بردمیە ئۆفیسەکەی وچای بۆبانگ کردم و کەزانی لەبەر کتێبەکانمە گرفتم بۆدروست بووە، ناردی بەدوای فەرمانبەرەکەداو هەرکەهات ئەبڵەق بوو منی بینی چونکە ئەو ئەفسەرە بەرپرسی ئاسایشی فڕۆکەخانەبوو، پەساپۆرتەکەی دایەو فەرمانی پێکرد کەکارەکەم بۆرایی بکات وپارەشم لێوەرنەگرن.. ئالەوێدا زانیم خوای گەورە هات بەهانامەوەوکارەکەی بۆئاسان کردم..


**رابوونی ئیسلامی لەکوردوستاندا:**

سوپاس بۆخوا لەکوردوستانیشدا وەك هەموو ولاَتانی دونیا رابوونێکی ئیسلامی هەیە، مێژووی ئەم رابوونەو ئەو مامۆستا بەرێزانەی سەردەستەی ئەم کارەبوون و خەبات وشەونخوونیان وەك پێویست باس نەکراوەو زۆرمان بێئاگاین لێی.

خوای گەورە پاداشتی برای خۆشەویستم مامۆستا هەردی صابر بداتەوە کە بەهەولّ و ماندووبوونێکی چەند ساڵە لە ژیاننامەی جەنابی مامۆستا مەلا صالحی گەورەی هەڵەبجەدا تیشکی خستۆتە سەرئەم بابەتە.

من ئاگادارم مامۆستا هەردی چەند ماندووبووە بۆئامادەکردنی و پاشان چۆن بەزەحمەت چاپی کردووە.

نووسەر باسی مامۆستا مەلاصالح دەکات خوا دەرەجاتی عالی بکات کە ساڵی 1948 ئەچێتە بەغدا بۆتۆمارکردنی ناوی مزگەوتەکەی لەدیوانی وەزارەتی ئەوقاف، لەمزگەوتی گەیلانی مەلا موحەممەدی قزلّجی ئەبینێت و ئەویش ئەیبات بۆلای شێخ ئەمجەد زەهاوی و مامۆستا موحەممەد مەحمود صواف، کەئەوان مامۆستا قزلّجیان راسپاردبوو هەرکات مامۆستا مەلا صالح هاتە بەغدا بیبات بۆلایان، چونکە ناوبانگی مامۆستایان بیستبوو . بەهەرحاڵ کەچوون پەیرەوو پرۆگرامی برایانی پێدەدەن وئەویش پاش دیراسەکردنی پەیمانیان ئەداتێ کە هاوکاریان بێت و بەوەش رابوونی ئیسلامی دەگاتە هەڵەبجە کەهەر لەوساڵانەشدا لەرێی مامۆستا نیزامەدین عبدالحمیدو حاجی سولەیمان قابیلی رابوونەکە ئەگاتە کەرکوك..




لەو کتێبەوە تێدەگەین کە لەپەنجاکاندا شیوعیەکان چ دوژمنایەتیەکی ئیسلامیان کردووەو ململانێکە گەیشتۆتە چاڵ هەڵکەندن بۆزانایان و تەقەکردن لەماڵەکانیان وتەنانەت دورخستنەوەی مامۆستا مەلاصالح و مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلاعومەرو مامۆستا مەلا عەلی بۆ ناصریەو دادگایی کردنیان..

ئەو باسوخواسانە مێژوویەکە ئەگەر مامۆستا فریانەکەوتایە وتۆماری نەکردنایە بێگومان هەندێکی لەبیردەکراورەنگە کەس نەینووسینایە..جامن بۆخۆم زۆرسوودم لێبینیووەو داوادەکەم کە بانگخوازان بەتایبەتی ئەو کتێبەبخوێننەوە چونکە مێژوو وانەو پەندی زۆری لەخۆگرتووە..

**بەخشین:**

بانگخوازمامۆستا یاسین حەسەن دەڵێت: ساڵی 2009 پیتاك کۆدەکرایەوە بۆ کەرتی غەزە لەمزگەوتێکی گەورەی دیمەشق، مامۆستایەکی بەتەمەن لەسەر کورسیەك دانیشتبوو میزێکیش لەبەردەمیا، هەرکەسەو چەندی لەتوانادابووایە دەیبەخشی، یەکێ هەزار لیرەو یەکێ دەهەزارو.. هتد.. گەنجێکیش هەستا و وتی: من قوتابیم و ئەو قەڵەم جافە شك دەبەم دەیبەخشم، مامۆستاکە هەستایە سەرپێ و قەڵەمەکەی

**ماچ كردو بەئامادەبووانی وت: ئەم قەڵەم جافەلای خوا زۆرگەورەیە چونكە ئەم قوتابیە ئەوەندەی هەیەو بەخشیەتی، دوایی وتی: دەیخەینە مەزادەوە، هەریەكەو شتێكی وت،گەیشتە نرخێكی باش و بەوەی كە كڕی لێیان پرسی بۆچیتە؟وتی: سندوقێكم هەیە شتە بەنرخەكانی تیایە وئەمە لەوێدا هەڵدەگرم، هەركات ئیخلاسم دابەزی دەچم دەری دێنم و وسەیری دەكەم تا ئیخلاسم بیربخاتەوە..**

**بەكورتی و بەكوردی لەدینداریدا ئیخلاس پێویستە** (وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ (5)البينة ).



**پلەوپایەی دینی ودونیایی:**

خوای گەورە دەفەرموێت، هەروەك چۆن لەدونیادا جیاوازی پلەودەرەجەی زۆرهەیە لەنێوان مرۆڤەکاندا جیاوازی پلەو پایەی بەندەکان لەقیامەتدازۆر زیاترە

– انْظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَلَلْآَخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَاتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا (21)الإسراء–

کەمترین پلەی بەهەشت ئەوەیە خوای گەورە بەهێندەی دە ئەوەندەی پاشایەکی دونیا ماڵوموڵك ئەدا بەبەندەی خۆی، بەرزترین پلەش (الوسیلە)یەکە بۆتەنها یەك کەسە کە سەروەرمان صلی الله علیه وسلم داوامان لێدەکات کە دوعا بکەین بۆئەو بێت..

سوپاس بۆخوا ئەم ئایینەی ئێمە کەسانێك پێدەگەیەنێت کە دوعایان وەردەگیرێت و بەئاشکرا کەراماتیان هەیە بۆنموونە:

برایەك هاوسەرو منداڵەکەی لەبەریتانیابوون زۆرخەمی بوو کە موقابەلەبکرێن، جالەبەرئەوەی کەرەنتینە بوو بەهۆی کرۆنای ئەمساڵەوە داوا لەسێ بەرێزی خاوەن ئیمان دەکات دوعای بۆبکەن، کەبەیەکێکیان دەڵێت: دوعای بۆبکات، ئەویش دەڵێت: بەئیزنی خوا لەمانگێك کەمتردا موقابەلەدەکرێت، سبحان الله دوای دەرۆژ موقابەلە کرا، ئنجا تەلەفونی بۆکردەوەو مژدەی دایە کەدوعاکەو پێشبینیەکەی هاتۆتە دی، داوای لێکرد دوعای بۆبکات ئەمیش موقابەلەی بۆبێتەوە، فەمووبووی بەئیزنی خوا لەدوومانگ کەمتردا دەبێت، سبحان الله لەدوای مانگێك ودەرۆژ ئەوەش هاتەدی.. دەی ئەوە کەراماتێکی ئاشکرای ئەو مامۆستایەیە کە بەنووری خوا بەرچاوی رۆشن بۆتەوە..

-رَفِيعُ الدَّرَجَاتِ ذُو الْعَرْشِ يُلْقِي الرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ لِيُنْذِرَ يَوْمَ التَّلَاقِ (15)غافر

**واته: خودا خاوەنی دەرەجاتی والاّ و مەقامی بالاّیە. خاوەنی تەختیسەڵتەنەتی دونیایە. بە دەستووری خۆی وەحی و پەیام دەنێرێ بۆ هەرکەس لە بەندەگانی کە خۆی بیهەوێ (و دەیکاتە پێغەمبەر) تا (خەڵك) لە ڕۆژی ڕووبەڕوو بوون (لەگەڵ خودا بۆ حیساب و کیتاب لێ کێشانیان و سەزا و جەزا دانەوەیان) بترسێنێ.**

-تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِنْهُمْ مَنْ كَلَّمَ اللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآَتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَكِنِ اخْتَلَفُوا فَمِنْهُمْ مَنْ آَمَنَ وَمِنْهُمْ مَنْ كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ (253)البقرة

**ئەو پێغەمبەرانە هێندێکیانمان بەسەر هێندێکیاندا بەرزکردۆتەوەو بالاّترمان بردوون. لەنێوان ئەواندا هی وا بوونە خودا قسەی لەگەڵ کردوونەو دواندوونی، وە هی وا بوونە چەندین پلەو پایە بەرزی داونەتێ، وە چەند موعجیزەی ئاشکرامان دابوو بە عیسای کوڕی مەریەم، وە بە روحولقودس (فریشتەی سرووش، جیبرەئیل) پشتگیریمان لێکردبوو و یارمەتیمان دابوو، وە ئەگەر خودا ویستبای ئەوانەی دوای ئەو پێغەمبەرانە هاتوونە و ئەو نیشانانەکە بە دەستیان گەییوونە، لەگەڵ یەکتر شەڕیان نەدەکرد، بەلاّم (لەبەر حیکمەت و رازێ کە خودا دەیزانێ) ناکۆکیان کردووە (و پێکنەهاتوونە). جا لەنێو ئەواندا هێندێکیان ئیمانیان هێناوەو هێندێکیان (کافر بوونەو) کفریان نیشانداوە. وە ئەگەر خودا ویستبای لەگەڵ یەکتر شەڕیان نەدەکرد، بەلاّم خودا ئەوەی بیەوێ دەیکا (دیارە ئەوەشی ویست و ئاواش رابرا).**

–وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آَتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ (83)الأنعام

**ئەوانە چەند بەڵگەیەکی ئێمە بوون کە دابوومانن بە ئیبراهیم تا لـە بەرابەر هۆز و گەلی خۆیدا کەڵکیان لێوەرگرێ. هەرکەسمان بوێ چەند پلە بەرزی دەکەینەوە. بێگومان پەروەردگاری تۆ کاربەجێ و ئاگاداری ئاگادارە (و دەزانێ کێ دەبێ بەرز بکرێتەوەو کێ نەوی کرێ، وە کام کات و سات ئەو ە بکرێ و ئەوە نەکرێ).**

– يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ وَإِذَا قِيلَ انْشُزُوا فَانْشُزُوا يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آَمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (11)المجادلة

**ئەی ئەو کەسانەی ئیماندارن! کاتێ لـە کۆڕاندا پێتان وترا: جێ بکەنەوە، جێ بکەنەوە، (ئەگەر جێ بکەنەوە) خودا فەرحانیتان لـە بار و دۆخی ژیان دا پێ دەبەخشێ، وە کاتێ پێتان گوترا: هەستن، هەستن. (ئەگەر هەستن) خوداپلـە و پایەی کەسانێك لـە ئێوە بەرز دەکاتەوە کە ئیماندارن و خاوەن زانست و زانیاری بن. خودا ئاگاداری ئاگادارە لـەوەی دەیکەن و ئەنجامی دەدەن.**

–وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِمَّا عَمِلُوا وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَالَهُمْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (19)الأحقاف

**وە هەموو ئەوان (جا ئیمانداران یان کافران) بەرابەری کاروبارێك کە کردوویانە دەرەجاتیان هەیە تاکو خودا جەزا و سەزای ڕەفتار و ئاکاریان بە تەمام و کەماڵ و بێ کەم و کاست بداتەوە، وە هیچ جۆرە زوڵـم و ستەمیان لێ نەکرێ.**

–لَا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ

اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا (95) دَرَجَاتٍ مِنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا (96)النساء

**ئەو ئیماندارانەی دانیشتوون مەگەر ئەوانەی عوزریان هەبێ** (و بەڵگەی شەرعیان بەدەستەوە بێ) **لەگەڵ ئەوانەی بە ماڵو گیانیان لە ڕێگای خودادا جیهاد و غەزا دەکەن یەکسان و بەرابەر نین. خودا ئەوانەی بە ماڵو گیانیان جیهاد و غەزا دەکەن پلە وپایەی لە پلەو پایەی دنیشتوان بەرزتر کردۆتەوە، وە بە هەر یەك** (لە دوو تاقمەی موجاهیدان و دانیشتوانی خاوەن عوزر و بەڵگەی شەرعی) **موژدەی چاکە و چاکەکاری داوە، وە خودا موجاهیدانی بەسەر دانیشتواندا بە دانی ئەجر و پاداشی گەورە و گرینگ بەرز و بڵند کردۆتەوە.** (وە لە سەرەوەی ئەوانی داناون و مەزنتری ڕۆناون).

–وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَغُلَّ وَمَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (161) أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ اللَّهِ كَمَنْ بَاءَ بِسَخَطٍ مِنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ (162) هُمْ دَرَجَاتٌ عِنْدَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (163) لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (164)آل عمران

**بۆ هیچ پێغەمبەرێك ئەو مافە نییە و ناشێ کە خیانەت بکا، وە هەرکەس خیانەت بکا، دەبێ لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە** (و لە مەیدانی مەحشەر ئامادەی کا و جوابی بداتەوە). **لە پاشان هەر کەسێك بە تەواوی پاداشتی کردەوەی خۆی پێدەدرێتەوە، وە لە ئەوان زوڵم و ستەم ناکرێ.**

**ئاخۆ کەسێك** (بە تاعەت و عیبادەت) **وە دوای ڕەزامەندی خودا کەوتووە** (و تێدەکۆشێ خودا لە خۆی رازی کا) **وەکوو کەسێك وایە کە** (بە نافەرمانی و گوناه

کردن) تووڕەیی خودای بە نەسیی خۆی کردووەو جێگای جەهەنەمە؟ وە (قەتیس مانەوە لەنێو رقی خودا و ئاوری دۆزەخ) خراپترین چارەنووس و ناجۆرترین جێگایە.

ئەوان (هەم باشان و هەمیش خراپان) پلەوپایەی خۆیان لەلای خودا هەیە (و وەك یەك نین. بەهەشتیان دەرەجاتیان جودایە و جەهەنەمیان دەرەکاتیان جودایە. خۆشی و ناخۆشی هەرکەس، بەرابەری چاکی و خراپی ئاکاری خۆی دەگۆڕێ) وە خودا ئەوەی دەیکەن دەیبینێ (و چاوەدێری دەکا).

بێگومان خودا لەگەڵ موئمینان چاکەو گەورەیی کرد، ئەو کاتەی کە پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردن، پێغەمبەرێك کە ئایاتی (قورئانی) خودای بۆ دەخوێندنەوە (و ئایاتی عەجائیبی جەهانی پێ نیشان دەدان) وە ئەوانی (لە بیروباوەڕی نادروست دوور و) پاك دەکردەوە، وە کتێبی (قورئان خوێندن و نووسین) و زانستی (ئەسرار و ئەحکامی شەریعەتی) فێردەکردن، لە حاڵێکدا ئەوان پێشتر لە سەرلێشێواویەکی ئاشکرادا بوون (و هیچیان لە هیچ نەدەزانی).

–أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَةُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ (32)الزخرف

ئایا ئەوان لوتف و مەرحەمەتی پەروەردگاری تۆ بەش دەکەن (و کلیلی پێغەمبەری دەدەنە دەستی هەر کەسێك کە خۆیان بیانەوێ؟). ئێمەین کە لە ژیانی دونیا دا قووتی ژیانی ئەوانمان لە نێویان دابەش کردووە، وە پلە و پایەی هێندێکیانمان لە پلە و پایەی هێندێکیان بالاتر و بەرزتر داناوە، تاکو هێندێکیان، هێندێکیان بخەنە ژێر دەست و وەکاریان بخەن (و گشتیان خزمەتکار و یارمەتیدەری یەکتر بن). وە لوتف و مەرحەمەتی پەروەردگاری تۆ باشتر و چاکتر لە تەواوی ئەوەیە کە ئەوان کۆی دەکەنەوە.

-وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آَتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ (165)االأنعام

**وە خودا ئەوەیە کە ئێوەی کردۆتە جێنشینانی یەکتر لـە زەویدا، وە دەرەجەکان و پلەکانی هێندێکتانی لـە دەرەجەکان و پلـەکانی هێندێکی تر بەرزتر کردۆتەوە تا بە ئەوەی پێیداون تاقیتان کاتەوە. بێگومان پەروەردگارت توندوتیژ سەزا دەداتەوە و جەزا دەگەیەنێ، وە بێ شك خودا زۆر لـێبوردوو و فرە بەبەزەیی و میهرەبانە.**

-وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِمَّا عَمِلُوا وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ (132)الأنعام

**وە هەرکەس بەرابەری ئەوەی دەیکا پلـەوپایەی (بەرز و نەوی) خۆی هەیە، وە پەروەردگاری تۆ لـە ئەوەی دەیکەن نائاگا و بێخەبەر نییە.**

-إِنَّهُ مَنْ يَأْتِ رَبَّهُ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَا (74) وَمَنْ يَأْتِهِ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُولَئِكَ لَهُمُ الدَّرَجَاتُ الْعُلَا (75) جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ مَنْ تَزَكَّى (76)طه

**بێ گومان هەرکەس (بێ ئیمان و) تاوانبار بچێتە لای پەروەردگاری خۆی، بێ شك جەهەنەم بەشیەتی، لـە جەهەنەم دا نەدەمرێ(تا لـەدەست عەزاب ڕزگاری بێ) وە نە دەژی (لـەو ژیانەی نیعمەت و خۆشی تێدا بێ، بەڵکو هەتا هەتایە نەمر ئەژی لـەنێوان مەرگ و ژین دا پەلـەقاژە دەکات).**

**بێ گومان کەسێك، ئیماندار و ئاکار چاك بچێتە لای، ئەو جۆرە کەسانە (پلـە بەرزن و) خاوەن دەرەجاتی والا و مەراتیب و مەنازیلی باڵان.**

**(ئەو مەراتیب و مەنازیلـە) باغاتی جاویدان و هەمیشە ماندگارن کە رووبار لـەژێر (دار و درەخت و کاخ و قەسری) ئەوێ دەڕۆن، وە هەتا هەتایە تێیاندا دەمێنن و**

**دەژین، وە ئەو شتە( با ئەرزشە و ئەو جێگا با سەفایە) پاداشتی  کەسێکە کە خۆی (لـە کفر و شیرك و گوناهان پاراستیێ و) پاك و پاکیزە کردبێ.**

-مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَنْ نُرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلَاهَا مَذْمُومًا مَدْحُورًا (18) وَمَنْ أَرَادَ الْآَخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُمْ مَشْكُورًا (19) كُلًّا نُمِدُّ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا (20) انْظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَلَلْآَخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَاتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا (21)الإسراء

**هەرکەس دونیای گوزەرای (ئەو چەند رۆژەی) بوێ (و تەنیا بۆ ئەو دنیایە کار بکا) لـە دنیادا بە هەرکەس سەلاح و پێویست بزانین بە ئەو ئەندازەی خۆمان دەمانەوێ پێی دەگەیەنین. لـە پاشان (لـە پاشەڕۆژدا) جەهەنەم دەکەینە بەشی کە تێی دەکەوێ و تێیدا دەسووتێ، لـە حاڵێکدا سەرکۆنە دەکرێ و (لـە رەحمەتی خودا بێبەش و) دوورخراوە دەبێ.**

**وە کەسێك ئاخیرەتی بوێ، وە تێبکۆشێ تێکۆشانێك کە پێویستە بۆ ئەوێ، وە ئیمانداریش بێ، ئەو جۆرە کەسانە تێکۆشانیان (بەفیڕۆ ناچێ و) سوپاسگوزاری دەکرێ و(بەهەشتیان پێ عەتا دەکرێ).**

**ئێمە هەریەك لـە ئەوانەی (کە ئاخیرەتیان دەوێ) و لـە ئەوانەی (کە دنیایان دەوێ، هەموو لایەکیان لـە ئەو دنیایەدا) لـە عەتا و بەخششی پەروەردگارت بەشیان دەدەین و بەهرەمەندیان دەکەین. وە (کافر و ئیماندار لـەسەر سفرەی کەرەم دادەنێین چونکی هەرکەس ئەسباب و عیلـەل موراعات بکا، خودا بەشی لـە بژێوی دنیا دەدا) وە بەخششی پەروەردگاری تۆ (هیچ کاتێ لـە هیچ کەسێك) قەدەغە نەکراوە .**

**تەماشا کە چۆن هێندێك لـە خەڵکمان (بە خاتری فەرق و جیاوازی تەلاش و تێکۆشانیان) بەسەر هێندێکیاندا بەرزکردۆتەوەو سەرمان خستوونە. وە لـە ئاخیرەتدا**

**پلەو پایە گەورەتر و بەرزترە، وە هەڵکێشان و ڕێزلێنان گرینگتر و والاٌترە (و فەرق و جیاوازی زۆرترە و بەرچاوترە).**

-نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ (76)يوسف

**جا یووسف پێش بارو بنەی براکەی، بارو بنەکانی ئەوانی پشکنی، دوایە لە باروبنەی براکەی پەیمانەکەی هێنادەرێ. ئێمە ئاوا بۆ یووسف نەخشەمان کێشا و چارەسازیمان کرد، یووسف بەرابەری ئایین و یاسای شای (میسرێ) نەدەبوو براکەی بگێڕێتەوەو گلی بداتەوە، مەگین خودا وا حەز بکا و وای بوێ (ئێمەش کە خوداین ئاوامان ویست و فێری یووسفمان کرد چ بڵێ و چ بکا تا براکەی ڕاگرێ) هەرکەسێك ئێمە حەز بکەین ئەوی چەندین پلەوپایە بالاٌ دەبەین (هەروەکی یووسفمان بردە سەر و بالاٌ و والاٌمان کرد). لە بان هەر زانایەك زاناترێکە (و خوداش لە هەموو کەس زاناترە).**

-أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَهُمْ دَرَجَاتٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ (4)الأنفال

**ئەو کەسانە ئیماندارانی ڕاستەقینەن. لەلای پەروەردگاریانەوە پلەوپایەیەکی زۆر و لێخۆشبوون و لێبوردن و ڕزق و ڕۆزیەکی جوان و پاك و فراوانیان هەیە.**

## پلەکانی ئیمانداری:

**سەروەرمان کە مەعصوم بووە لەخواوە، لەدواپلەی بەندایەتی و خواناسیدابووە، چاوی خەوتبێت، دڵی بەخەبەر بووە، خەوبینینیشی وەحی بووە لەخواوە، کەئەچووە پەرستشەوە هەموو ئەندامەکانی و هەست و هۆشی پەرستشیان ئەکرد، لەرکوعدا بۆنموونە ئەیفەرموو: (اللهم لك ركعت وبك آمنت ولك أسلمت، خشع لك سمعي**

وبصري ومخي وعصبي..رواه مسلم)خوایە كڕنووشم بۆتۆ بردووە، بڕوام بەتۆ هێناوە، تەسلیمی فەرمانی تۆ بووم، چاووگوێ و مۆخ ودەمارم ملكەچن بۆتۆ..

لەهاوەڵانیش كەسانێك هەبوون كەخۆشەویستمان صلی اللە علیە وسلم شایەتیان بۆدەدات و دەفەرموێت: بینیم تەرازوویان هێناو من لەتایەكیداو ئومەتەكەم لەتایەكیدا من قورسترببووم، بەهەمان شێوە ئەبوبەكر لەتایەكیدا دانراو ئومەتەكەم لەتاكەی تریدا ئەبوبەكر قورس تر بوو، هەروەها عومەر خرایە تایەكیەوەو ئومەتەكەشم لەتایەكیدا عومەر قورسترببوو. (فەزائیلی صحابە.. ئیمام ئەحمەد.. ئیسنادەكەی صحیحە).

سالم مەولای ئەبو حوزەیفە ئەهلی قورئان بوو، قورئانێكی خۆشی دەخوێند، سەروەرمان فەرمووی: سوپاس بۆئەو خوایەی لەئومەتەكەمدا كەسی وەك تۆی داناوە. دیارە ئەو وەسفە پڕبەپێستی بووە، لە شەڕی یەمامەدا ئاڵای كۆچكەرانی بەدەستەوە بوو مەردانە جەنگا تاشەهیدبوو.

لەئیبن قەیمیان پرسی دڵ سوژدە ئەبات ؟

وتی: بەڵێ، كەسوژدەی برد سەرهەڵنابڕێت تا قیامەت..

بەڵێ.. لەقیامەتدا ئەوەی دڵی چاك وباش بێت ئەوە رزگاری دەبێت، (يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ (88) إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ (89)الشعراء).

تۆ بڵێی پلەو پایەی ئیمانیمان ئەوەندە بەرزبێتەوە دڵمان بێداربێ و سوژدەیەك بۆخوا ببات تا قیامەت سەربەرزنەكاتەوە.. خوا بیكات بەنسیبمان.. ئامین..

## هێڵی بارلیف مزگێنیەکەی سەروەرمان:

ئەوهێڵانەی بەرگریە کە ئیسرائیل پاش داگیرکردنی نیوەدوورگەی سینا لەساڵی 1967دروستی کردون بۆئەوەی میسریەکان نەتوانن هێرش بکەن، ئەم هێلآنەسیان بوون یەکەمیان ساتری خۆڵ بوو پاشان چاڵ هەڵکەندن و پاشان تەلی درِکاوی و پاشان لوغم و هەرچی پێویست بێت بۆبەرگری هێنرابوو، بەدرێژایی170 کم، وە بەقوڵی چەندکیلۆمەترێك، بەپێی بۆچوونی سەربازی ئەوەندەمەحکەم بوو کە هیچ سوپایەك نەیدەتوانی ئەو هێلآنەی بەرگری بشکێنێت مەگەر بەبۆمبی ئەتۆمی..

کاتێك ئەنوەرسادات ویستی سینا بگرێتەوە پلانیان بۆدانا کەلەبەلەمەوە بە موزەخەی گەورە ئاوی دەریا بکەن بەوساترە تورابیەدا تا رێ بکەنەوە بۆ هێرشی سەربازەمیسریەکان بەکەمترین قوربانی بیگرن.


ئەنوەر سادات دوودڵ بوو دەترسا بشکێن، متمانەی تەواوی بەهێزەکانی نەبوو، کاتەکە رەمەزان بوو شێخی ئەزهەر فەتوای دا کەجیهادەو ئەوەی بکوژرێت شەهیدە، ئەمەش وای کرد کەسەربازەمیسریەکان هەرچەند بۆیان هەبوو بەرۆژوو نەبن، بەرۆژوو دەبوون ودەیانووت حەزدەکەین بەزمانی بەرۆژووەوە شەهیدبین، ئنجا شێخ متەوەلی شەعراویش بەساداتی وت: هێرش بکەن ودوودڵ مەبە لەخەومدا سەرداروسەروەرم بینی صلی الله علیەوسلم لەپێش سوپاکەمانەوە بوو وە هێرشیان کردوچوونە ناوسیناوە.. ئەم مزگێنیە وای کرد هێرش بکەن و لەشەش سەعاتدا خەتی بەرگری بارلیفیان بەتەوفیقی خوا شکاند کەکارێکی ئەستەم بوو، ئیسرائیلیان بەچۆکا هێناو بەشێکی سینایان گرتەوەو بەشەکەی تریشی بە رێکەوتن چۆڵ کرا لە لایەن ئیسرائیلەوە..

ئەگەر ئیرادە هەبێت دوژمن خۆی پێناگیرێت، کاتێك لەجەنگی ساڵی 1948 دا پێشنیاری پێشەوا بەنناایان بە شای سعودیەی ئەوکاتە وت: کەباسوپای ولاَّتانی عەرەب نەیەنە شەڕەکەوە و وازیان لێبێنن بۆئێمە ئەوانە کۆمەڵێك عەصابەن و ئێمەش بەپارتی




زانی دەریان دەکەین، شای سعودیە وتی: ئیخوان ئەم کارەبکات و سەربکەوێت داوای گەڕاندنەوەی خەلافەت دەکات و بەوەش کورسی ودەسەلاَّتی ئێمە نامێنێت بۆیە هەرگیز رێیان نادەین ئەوکارەبکەن،ئەوەبوو فەلەستینیان تالاَّنفرۆش کرد لەبەرمانەوەی دەسەلاَّت وکورسیەکانیان.. لەوساوە تائێستاش لەئیخوان دەدرێت..

## ماموٚستا ئیبراهیم ڕێشاوی:



خوا لێت خۆش بێت ماموٚستای حه‌كیم و زاناو زمان پاراوو، غه‌م خۆری لاوان و قوتابیان و گه‌نجان و پیران، شۆڕه سواری مه‌یدانی ده‌عوه‌و خواناسی و خزمه‌تكاری.... به ڕاستی كرده‌وه جوانه‌كانت پێش قسه‌كانت كه‌وتبوون، له هه‌شتاكاندا سه‌ردانی قوتابیانی زانكۆكانی موسڵ و به‌غداد ده‌كردو بێجگه ئامۆژگاری و قسه‌ی به‌نرخ هاوكاری مادی و شیرینی و پێداویستیت پێده‌گه‌یاندن، هه‌میشه له غه‌می قوتابیان و لاواندا بوویت..له وانه گشتییه‌كانی (مزگه‌وتی ته‌كییه‌ی سیدنصرالله و مزگه‌وتی صلاح الدین ) دا پڕ به‌پڕی مزگه‌وت گه‌نج و پیر ئاماده‌ی ده‌رسه به‌تام و چێژه‌كانت ده‌بوون كه له‌پاڵ ته‌فسیره پوخت و ناوازه‌كه‌ی قورئاندا پڕ بوون له نموونه‌و به‌سه‌رهات و چیرۆكی جوان به‌زمانێكی شیرین و پاراو، به كرده‌ییش هه‌میشه له غه‌می هاوڕێ و خوشكو براكانتا بوویت..

دووان له‌و نموونه جوانانه..

ــ یه‌كه‌م ــ له هاوینی ساڵی 1992دا ـــ هه‌ر ئه‌و ساڵه‌ی كه له كۆتا ڕۆژیدا كۆچی ماڵئاواییت كردو بارگه‌و بنه‌ت بۆ لای په‌روه‌ردگاری باڵا پێچایه‌وه ـــ چه‌ند مانگێك پێش وه‌فاتت، (( له هه‌ڵه‌بجه به سه‌یاره‌یه‌كی ده‌بڵ هاتیته به‌رده‌رگاكه‌مان و كۆمه‌ڵێك گه‌نجی مزگه‌وت له سه‌یاره‌كه‌تدا بوون، فه‌رمووتان ــ ئه‌كره‌م سه‌ركه‌وه ئه‌چین بۆ ده‌سكه‌نه‌ی نۆكی ماموٚستا ( نه‌وزه‌ر علی ) له عه‌نه‌ب چونكه خۆی مار

داوییەتی بە پەنجەیەوە، هەموومان ئەچین کارەکەی بە هەرەوەزی بۆ تەواو دەکەین، ئێمەش پێکەوە لەخزمەتتدا هاتین و کارەکەمان ئەنجامدا..

دووەم ــ مامۆستا ئەحمەد حەمەئەمینی زەمەقی وتی: لە کۆتایی هەشتاکاندا لە زانکۆی بەغداد قوتابی بووین، ڕۆژێك مامۆستا ئیبراهیم هات بۆ داخلی بۆلامان و یەك فەردە ناوساجی بۆ هێنابووین، لەوکاتەشدا زۆر کەم دەست و بیٚ پارەبووین بڕێکی باش پارەشی پێداین، بەڕاستی وەك فریادڕەس و فریشتەیەك دەهاتە پێش چاومان کە خوا لەکوێوە مامۆستای ناردو ئاوا بە فریامان کەوت، ئەمە مشتێکە لەخەرواری خزمەتە بەردەوامەکانی ئەو سەرکردە کەم وێنەیە، سڵاو لەو ڕۆژانەی کە برایەتی و خۆشەویستی کردەیی هەوێنی هەموو کارەکانمان بوون..

قوتابیت ..اکرم انور..

## لەخزمەت کاکە محمدو مامۆستا عەبدورەحمانی باوکیدا بووم

کە جەنابی مامۆستا دۆستی دێرینمەو لەنەوەدەکانەوە دەیناسم، لەقسەوباسەکاندا مامۆستا وتی: لەکیمیاییەکەی هەڵەبجەدا دەروودراوسیٚ چووبوونە ناو سەردابەکەیماڵی حاجی محمدی برایەوە تا بەحسابی خۆیان پارێزراوبن، کە بەداخەوە کیمیایی هەمووانی لەناوبردو کاك حاجی محمدیش یەکیٚ بوو لەقوربانیەکان، پاش ماوەیەك کاك حاجی دەچێتە خەوی کچەکەیەوە لەسولەیمانی و پێی دەڵێت کەبڕیٚ پارەی هەڵگرتووە لەشوێنێکی ماڵەکەداو بچن دەری بهێنن، ئەوەبوو چووبوون دۆزیبوویانەوەو ئەگەر وانەبوایە ئەو پارەیە ئەفەوتاو کەس پێی نەدەزانی.. سلاووڕەحمەتی خوا داباریێت بەسەرگیانی شەهیدانی هەڵەبجەیشەهید و سەرجەم کوردوستانی خێرنەدیوودا..



**ماڵی ئەرقەم:**

**سەردراوسەروەرمان صلی الله علیه وسلم لەقۆناغی نهێنی بانگەوازدا لەماڵی ئەرقەم کۆبوونەوەی دەکرد دوور لەچاوی قورەیش، ئەرقەم خۆی بۆخواو بانگەواز یەکلایی کردبۆوەو تەنانەت وەسیەتیشی کردبوو کە دوای خۆی ئەو ماڵە لەمیراتیدا بەش نەکرێت و هەر بۆ بانگەواز وەقف بێت..**

**لەو رۆژەوە تائەمڕۆ ماڵەکانی ئەرقەم لەسەرتاسەری دونیادا دووبارە دەبنەوە، خۆشبەختانە دوێنێ ماڵێکی ئەرقەمم دۆزیەوە لەهەڵەبجەی شەهید، کەئەویش ماڵی کاك حەسەن و ئافتاو خان بوو، ئەم خانەوادەیە ماڵەکەیان بەرامبەر ماڵی مامۆستا ئیبراهیم رێشاوی و مامۆستا نەوزەرو چەند بانگخوازێکی دیکەبوو، مامۆستا عومەر رێشاوی کەدۆستی نزیکی کاك حەسەن بوو ئوسرەو کۆبوونەوەی برایانی لەم ماڵەدا ئەنجام دەدا کە کەمتر گومانی لەسەربوو وە لەچاوی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە دووربوو.**

ئافتاوخان بەلاّوموسیبەت قالّی کردووەو بەئیمانەوە رووبەرووی ئەو هەموو کارەساتەی ژیانبۆتەوە، کە تووشی زۆر لـەماڵـەکانی هەڵـەبجە بوون. ئافتاوخان زۆرئازاوئارامگرە، مەرگی باوك و کەسوکاری بینیووە، کەلـەکیمیاییەکەدا زیاتر لـە سەدوشەست کەس لـە ژێرخانەکەی ئەواندا شەهیدبوون.

ئافتاوخان یادگارێکی خۆی باسکرد کەرۆژێك مامۆستا عومەر ڕێشاوی سەردانی کردوون و دارقەزوانێك لـەحەوشەکەیاندابووەو قەزوانی نەگرتووە، مامۆستا بەئافتاوخانی وتووە، تەورێ بێنەو هەڕەشەی لـێبکە کەئەگەر قەزوان نەگرێ دەیبڕیتەوە، مامۆستا خۆشی لـەبەردەم درەختەکەداوەستاو وتی: قەزوان نەگریت ئەتبڕینەوە، خواشایەتە بۆسالّی داهاتوو ئەوەندەقەزوانی گرت سەرمان سوڕما..

**لەیادەوەرییەکانی شەیماخان:**

شەیماخان کچی کاك حەسەنەو چەند ساڵێکە خوای گەورە بە نەخۆشیەکی قورس تاقیکردۆتەوەو زۆر ئازایانەو بەئیمانەوە ڕۆژانی تەمەنی بەڕێدەکات، ئەم خوشکە بەڕێزە کۆلـێژی کشتوکاڵی زانکۆی سولـەیمانی تەواوکردووە.

ناوبراو وتی: لـەپۆلی دوانزەبووم لـەخەوما مامۆستا ئیبراهیم ڕێشاوی رەحمەتیم بینی کەکاتی خۆی دراوسێمان بوون، وتی: هاتووم بەدوای مامۆستا عومەری برامداو نەهاتووە لـەگەڵم گوایە ئیشی ماوە بیکات و دوای دەرکردنی دوانزە ژمارەی دیکەی پەیامی راستی ئنجا دێتەوە، ئەمیش لـەخەوەکەدا دەڵێت جا ئەو گۆڤارە وەرزیە، ماناى وایە سێ ساڵی دیکە دێتەوە.

بۆبەیانی ئەم خەوە بۆ چەندکەسێك دەگێڕێتەوە یەکێ لـەوانە فەوزیەخانی هاوسەری مامۆستا نەوزەر دەبێت، ئەویش خەوەکەی پێسەیردەبێت.. دوای سێ ساڵ کە شەیماخان لـەکۆلـێژی کشتوکاڵ بووە لـەسلـێمانی سەعاتێك ڕێستیان هەبووەو

ئەمیش چۆتەوەبەشە ناوخۆییەکەیان کە نزیك کۆلیێژەکەیە گوێی لیێبووە لەژووریێکەوە رادیۆی یەکگرتوو هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای راگەیاندووە کەرێك سێ ساڵی تەواوبوو لەدوای ئەوخەوەی کەبینیبووی..

من وائەزانم ئەمە دەرسێك بووە کە خوای گەورە پیشانی ئەو خوشکەی داوە تابزانیێت ئەجەل دیاری کراوەو هەموومان لەوکات وساتەدا دەمرین کە بۆمان بڕیاردراوە لەخواوە وپێش ودوای نیە، دیارە ئەمە بۆ نەخۆشیەکەو تاقیکردنەوەکەی شەیماخان پێویست بووە..خوای گەورە بەهەموو ناوە جوانەکانت و ئیسمی ئەعزەمت لیێت دەپارێمەوە شیفای ئەو خوشکەمان بدە.. ئامین..

**مەدرەسەی ئارامی بەخشە:**

مامۆستا عبدالرحمان عبدالرحیم لەبارەی شەیماخانەوە کەبرازازایەتی دەڵێت: شەیما گیان شایەنی ڕێز و نزایە وسوپاس بۆ خوا مەدرەسەی ئارامی بەخشە . ئەو خوشکە بەڕێزە دەڵێت: کاتی واهەیە کە چارەسەری کیمیایی وەردەگرم بۆ سێ رۆژ نانم بۆناخورێت، چەندجار لەخەودا خواردنم دەدەنێ کە برسێتیم نامێنێ، خواردنەکانیش ئەوەندەخۆشن کە هەرگیز تامیان لەیاد ناکەم..

هەروەها دەڵێت: جاری واهەیە دوعام کردووە یەکسەر ئازارەکەم شکاوە..

نەوەدەکان کاك رەعدمان هەبوو تووشی ئەکیاس مائی بوو کەزۆر لە شێرپەنجەخراپترە، سوپاس بۆخوا چاك بوو، مامۆستایەك پێی وتبوو دوعامان بۆبکە تۆ زیاتر لەئێمە نزیکی لەخواوە، منیش ئەوەم بەو خوشکەمان وت: کە تۆ بەو نەخۆشیە تاقیکراویتەوە لەئێمە نزیکتری لە رب العالمین ەوە دوعامان بۆبکە.. خوای گەورە

سەبرو تەحەمول و تاقەتی بداتێ بەڕاستی تاقکردنەوەیەکی قورسە شێرپەنجە بۆنەخۆشەکەو کەس وکاریشی..



**عاقیبەت خێری:**

بازرگانێکی مەوادی کارەبایی ئەردەنی بەناوی عەبدولاَ عومەری لەبەر باروزرووفی خراپی ئابووری خۆش بوو لە 65 کەس کەقەرزی هەبوو لەسەریان، کەبڕی 93هەزار دیناری ئەردەنی بوو، جا دەڵێت: هەرچەند پێویستیشم بەوپارەیەیە لەبەرخوا لەو کەسانە خۆش بووم، بەقەدەری خوا دوای چەندرۆژێك بە کرۆنا گیانی لەدەست داوئەو خێرەگەورەیەی بۆخۆی کرد..

**ئایا کـورد بـەزۆر کراوە بە ئیسلام ؟**

**لـەفەیسبوکی دکتۆر صدیق محمود احمد وەرگیراوە...**

لـە کتێبی مێژوونوسە ڕۆژئاواییەکان وەکو ( ئارنۆڵـد توینبی، ویل دیورانت، تۆماس ئارنۆڵـد، جۆرج سێڵ ).

دەڤەری جەزیرە (کوردستان) لـە شەرەفنامەدا هاتووە کە کۆمەڵێك کوردی بازرگانی هۆزی (باجن) لـە جەزیرەی بۆتانەوە چوونە تائیف لـەسەر دەستی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلـم ) مسولـْمان بوون ژمارەیان ٩ نۆ کەس بووە دواتر هەموو کورد لـەسەر دەستی ئەم نۆ کەسە مسولـْمان بوونە..

ئەو بەشەی وڵـاتی کوردان کە زیاتر لـەژێر دەستی رۆمەکاندا بووە ئەمەش وایکردوە کورد بو رزگاربون بەنابەرێتە بەر ئاینیك یان بەرنامەیەك کەرزگاریان بکات و لـەو ژێردەستەییە نەیانهێڵێت،ئەمەش وایکردووە کە زۆربەی شارەکان بە ئارەزووی خۆیان یاخود بە سولـْح لـەگەڵ مسولـْمانان مسولـْمان بوونە لـەم بارەیەوە هەتا زۆر لـە مێژوونوسانی رۆژئاوا دان بەوەدا دەنێن.

ئارنۆڵـد توینبی لـەبەشی دووەمی (مێژووی بەشەرییەت)دا دەنوسێت: کورد بە سولـْح و ئاشتی بە ئیسلام رازی بوونە .

ویل دیورانت دەنوسیٚ: بەراستی سوپای ئیسلام باشتر بوونە لـە سوپای فارس و رۆم هەرگیز لـە جەنگدا درِندە نەبووە ئەمەش خاڵێکی تر بوو کە کورد لـە زۆر شوێن بەبیٚ شەرِ مسولـْمان بن . (حەسەن محمود . کوردستان لـەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا ل ٢٦ ) .

تۆماس ئارنۆڵد دەڵێت: مەحاڵە کە بگوترێت مسوڵمانەکان لە گرتنی ناوچەکانی وڵاتی ساسانی هێزیان بەکار هێنابێت لە پێناو سەپاندنی ئاینی ئیسلام بەسەر دانیشتوانی ناوچەکە (الدعوه الى الاسلام . ل ٢٣٩ )

جۆرج سێلْ وەرگێری قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی ئینگلیزی دەڵێت: بەڕاستی خەڵەتاو و فریودراون ئەوانەی خەیالْ بکەن کە ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاو بۆتەوە، (الدعوه الى الاسلام . ل ١٦ )

لە نەزەری شەرەفخان و محمد ئەمین زەکی ( زۆربەی کورد لە ڕێگای سوڵحەوە مسوڵمان بوونە ).

مێژوونووسانی مێژووی ئیسلامی لەو باوەڕەدان کە "جابانی کوردی" یەکەم کوردە هاتۆتە خزمەتی پێغەمبەری ئیسلام (صلى الله عليه وسلم ) و مسوڵمان بووە کە هەر لە ڕێگای جابانی کوردی و مەیمونی کوڕی جابانی کوردی و دێلمی سەرکردەی سوپای تایبەتی کیسرا ئیسلامەتی بە نهێنی لە دەڤەری کوردان بە تایبەتی "ئەقلیمی جیبال" بڵاو بۆتەوە *1 , وە ئەم سیانە سوپایەکی گەورەیان پێکهێنابوو، هەر ئەم سوپایە توانی سەرکەوتنی مسوڵمانان لە "قادسیە" یەکلا بکاتەوە، هەر بە یارمەتی ئەو کوردە مسوڵمانانە مەدائین لە پاشان جەلەولا و حەلوان لە سوپای ساسانی ڕزگارکران *2

هەر لە ژێدەرە مێژووییەکاندا هاتووە کە خەلیفەی مسوڵمانان عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت ) , سەلمانی فارسی کردۆتە والی مەدائین و دوو کەسیشی لە کوردەکان کردۆتە والی حەلوان و جەلەولا *3 (( قوباد سەرکردەیەکی کورد بووە لە سوپای دێلم بۆتە سەرداری حەلوان ))*3

هاوەڵی پێغەمبەر ( عياض بن غنم الفهري ) یەکەم سەرکردەی سوپای ئیسلام بووە کە هاتۆتە قوڵایی کوردستان یەکەم ڕێککەوتننامەی سوڵحی لەگەڵ ( بەتریکی

زۆزان) لە ساڵی ١٩ کۆچیدا مۆر کردووە، هەروەها هەر لە دەڤەرەکەدا ڕێکەوتننامەی دیکە لە ئارادا بووە لە نێوان سەرکردەکانی سوپای ئیسلام و دانیشتوانی ناوچەکە وەکو ڕێککەوتننامەی سوڵحی نێوان (حذیفة بن الیمان ) و ( مەرزەبانی ئازەربایجانی ) لە ئەردەبێل *4

کارل بروکلمان دەڵێت کە ( میری مسوڵمانان داوای لە سەرکردە سەربازییەکانی کرد کە مامەڵەی " اهل الکتاب " لەگەڵ کوردان بکەن )*5

سەرچاوەکان ///

*1 *2 / عبدالله مصطفي , ( امجاد اکراد ) , ل ٣٢-٣٣

*3 / المسعودي , مروج الذهب ج2 , ل 306 / الطبري , ج٤ , ل ٢٢٠ / ابن الاثير , ج٢ , ل ١٤٥

*4 / احمد عادل کمال , سقوط المدائن , ل ١٤٦-١٤٧ / فرست مرعي اسماعيل . الکرد.... , ل ١٨٢

*5 / کارل بروکلمان , تاريخ الشعوب الاسلامية , ل ٧٩

منقول من:رشتەی مرواری (لە فەیسبوکی دکتۆر صدیق محمود احمد وەرگیراوە )

**گەورەترین زانای مەغریب و ئەندەلوس:**

قازی عیاز لەساڵی 476ی کۆچی لەشاری سەبتەی مەغریبی لەدایکبووە لەدوای تەمەنی بیست ساڵیەوە بۆتە زانستخوازو لەتەمەنی 35 ساڵیدا بۆتە قازی، زۆرلەزانایان وەسف و سەنایان کردووە کە پێشەوابووە لەفەرموودەناسی و نەحو وزمان و ئوصول وزانستەکانی دیکەدا. پەڕاوەکانی هیچیان نەفەوتاون و بڵاوبوونەتەوە وبەناوبانگترینیان (الشفا)یە لەبارەی سەروەرمانەوە صلی الله علیه وسلم..

لـەسەردەمی دەوڵـەتی مورابیتیندا قایل نەدەبوو کاربەدەستان دەست وەربدەنە کاری بۆیە بۆماوەی حەوت ساڵێك لـەقازیەتی لایانداو دوایی دایاننایەوە لـەبەر لێهاتووییەکەی.

کاتێك دەوڵـەتی مورابیتین خۆرەی فەساد لاوازی کرد دەوڵـەتی موەحیدین هاتە کایەوە کە موحەممەدتۆمەرت دایمەزراندو خۆی بەمەهدی و مەعصوم دەزانی و عەقیدەیەکی تازەی بۆ شوێنکەوتووانی داهێنا بەناوی (المرشدة)، ئنجا پەلاماری مەراکیشی دا، بەبیانووی ئەوەی کەپیسە و ئەهلی سوننەو جەماعەی تیابووە کاولی کرد خەڵکەکەشی رەشەکوژکرد.

قازی عیاز بۆئەوەی سەبتە بپارێزێت سەرەتا رێکەوت لـەگەڵیاندا کە بەئاشتی بێنە شارەوە، ئەوانیش هاتن و ئەمیان لـەقازیەتیدا هێشتەوە، دواترقازی عیاز پەیوەندی کرد بەیەکێ لـەسەرکردەکانی مورابیتینەوە کە بێت بەهانایانەوە ودژی موەحیدەکان بوەستن، بەڵام بەداخەوە پەیمانەکەی نەبردەسەرو نەهات، قازی عیازیان برد بۆلای ئەمیرەکەیان ئەویش لـێی خۆش بوو بەمەرجێك دانبنێت بەمەهدێتی و مەعصومی موحەممەد تۆمەرت دا، ئەویش زانی کەئەوە تاوانێکی گەورەیەودەشیزانی شەهیدی دەکەن، بۆیە ملی بۆنەدان و لـە 544ی کۆچیدا شەهیدیان کرد ولـەشوێنێکی نادیار بەدزیەوە ناشتیان و کەنیسەیەکیشیان لاوە دروست کرد، ئەمە مایەوە تاساڵی 712 کەدەوڵـەتی مەرینی ئەهلی سوننەو جەماعە موەحیدەکانیان رووخاندو پاشان کەنیسەکەی لای قەبرەکەشیان ڕووخاند.

قازی عیاز رووخسەت و توقیەی وەرنەگرت و عەزیمەتی هەڵبژارد وسەروماڵی کرد بەقوربانی هەق و راستی ئەمیش یەکێکە لـەوکەسانەی (مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا (23) الأحزاب ).

**دوو ساڵ نانەواییان کرد، تاوەکوو مزگەوتێکیان دروست کرد!**





چەند خاتوونێك لە گوندێکی ویلایەتی بۆرسەی تورکیا، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە فڕنێکی نانکردندا کاریان کردووە تاوەکوو ملیۆن و نیوێك لیرەیان کۆکردووتەوە و پاشان ئەو مزگەوتەیان پێدروست کردووە کە لە وێنەکاندا دەردەکەوێت.

**چیرۆکی موسڵمانبوونی ڕاوێژکاری سەرۆکێکی ئەمریکا..**

نیکسۆن سەرۆکی ئەمریکا، ڕاویژکاریکی هەبوو بۆ کاروباری دەرەوە بەناوی ڕۆبەرت گری دکتۆرای لە یاسادا هەبوو، پاشان دکتۆرای لە یاسای نێودەوڵەتی بەدەستهێنابوو، پاشان بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی هارڤارد بۆ یاسای نێودەوڵەتی. بە یەکێك لە گەورە سیاسییە شارەزاکانی ئەمەریکا دادەنرێت و شەش زمان دەزانێت.

ڕۆژێکیان سەرۆکی ئەمریکا ویستی لەبارەی "ڕادیکاڵیەتی ئیسلامی" بخوێنێتەوە، داوای لە موخابەراتی ئەمریکی کرد لێکۆڵینەوەیەکی بۆ ئامادە بکەن لەو بابەتەدا. لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژیان بۆ ئامادەکرد، سەرۆك داوای لە ڕۆبەرت گرینی ڕاوێژکاری کرد کە بیخوێنێتەوە و بۆی کورتکاتەوە. گرین خوێندیەوەو دواتر بەشداریی کۆڕ و وتاری ئیسلامیی دەکرد بۆئەوەی زیاتر شارەزا ببێت. زۆری نەخایاند تا هەواڵی موسڵمانبوونی ڕۆبەرت گرین تەواوی ئەمریکای تەنی.

ڕۆبەرت ناوی خۆی نا "فاروق عبدالحق" ولەبارەی هۆکاری موسڵمانبوونیەوە دەڵێت:




بە سیفەتی لێکۆڵینەوەم لە بواری یاسادا، هەموو ئەو یاسایانەم بینی لە ئیسلامدا کە من خوێندبووم، بەڵکو لەکاتی وانەوتنەوەم لە زانکۆی هارڤارد بۆ ماوەی سێ ساڵ یەك جار وشەی "العدالە"م نەبینی، ئەو وشەیەی لە ئیسلامدا زۆر بینیم.

ساڵی ١٩٨١ موسڵمان بوو، ناوی خۆی نا فاروق بەهۆی کاریگەربوونی بە عومەری کوڕی خەتتاب پێشەوای دادگەری پاش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.

دەڵێت: لە گفتوگۆیەکی یاساییدا بووین، مامۆستایەکی یاسامان لەگەڵ بوو یەهودی بوو، دەستی کرد بە قسە و دواتر چووە سەر باسی ئیسلام و موسڵمانان، ویستم بێدەنگی بکەم، بۆیە لێمپرسی زانیاریت هەیە لەسەر قەبارەی یاسای میرات لە دەستووری ئەمریکیدا؟

وتی، بەڵێ زیاتر لە هەشت بەرگە. وتم: ئەگەر یاسایەکی میراتم هێنا لە دە دێڕ زیاتر نەبوو، بڕوا دەکەیت ئیسلام دینێکی ڕاستە؟ وتی: شتی وا ناکرێت یاسایەکی تەواو لە دە دێڕدا. ئایەتەکانی میراتم بۆ هێنا لە قورئانەوە و پێشکەشم کرد.

پاش چەند ڕۆژ هاتەوە بۆلام و پێی وتم: بە هیچ شێوەیەك ناکرێت عەقڵی ئینسان بتوانێ هەموو کەسە نزیکەکان کە میرات بیانگرێت و بیانژمێرێت و میراتیان بەسەردا دابەشبکات بەو دادگەریە و یەك کەسی لەبیر نەچێت و ستەم لە کەس نەکات.. ئەو مامۆستا یەهودیەش موسڵمان بوو.

دکتۆر ڕۆبەرت گرین " فاروق" هێشتا لە ژیاندایە و تەمەنی ٩١ ساڵە.. خوا تەندروست و عاقیبەت خێری بکات.

**خوا بۆخۆی دەینێرێت: یەکەم:**

ئەم قورئانە نەك مرۆڤ بەڵکو پەریەکانیشی سەرسام کردووە کە ئەوەتا دەڵێن ( قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا (1)الجن)، بەڕاستی لەهەر گۆشە نیگایەکەوە سەیری بکەی سەیرە، خوا ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی بۆنارد کە لە دەمی سەروەرمانەوە لەبەری بکەن و پاشان بینووسنەوە، ئنجا بەدرێژایی مێژوو

خوا کەسانێکی بۆناردووە بینووسنەوە بەبێ ئەوەی سەروبۆرێکی کەم وزیادبێت کەئەو پاراستنەش وەعدی خوایە ( إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (9)).

لەهەموو سەردەمێکدا خوای گەورە کەسانی دەنگخۆشی ناردووە کە ئەو قورئانە بدەنەوە بەگوێی خەڵکیدا، وەئنجا مزگێنی خۆشیشی داونەتێ و دەستخۆشیشیان لێکراوە، ئەوەتا کەسێك لەعێراق لەپەنجاکاندا خەوبەسەروەرمانەوە دەبینێت و لێی دەپرسێت کام قورئانخوێنت لاباشترینە ؟فەرمووبووی: (محمد رەفعەت)، ئیتر ئەوکەسە بەردەوام قورئانخوێندنەکەی ئەوی بڵاودەکردەوە.

خەلیل حوصەری خەودەبینێت کە پشتی هێشووە ترێی گرتووەو لەهەموولایەکەوە خەڵك دێن لێی دەخۆن، پیاوباشێك بۆی تەفسیرکرد کە کورەکەی بخاتە بەر قورئانخوێندن، کەبوو بەو محمود خەلیل حوصەرییەی کە دەڵێن خوێندنەکەی وەك تەرازووە بۆ قورئانخوێنەکان .

مەنشاوی سەروەرمان صلی الله علیەوسلم دەبینێت و پێی دەفەرموێت تۆ وەك خۆم دەخوێنی .

پێش چەند ساڵێك پیاوباشێك خەو بە قورئانخوێنێکی خۆمانەوە دەبینێت کەسەروەرمان پێی دەفەرموێت: دەنگی تۆ میزمارێکە لەمەزامیری ئالی داوود، بەبێ ئەوەی ئەو پیاوباشە ئەم قورئانخوێنە بناسێت یان ناوی بیستبێت، تەنانەت واگومان دەبات لەدەڤەری ئەولا بێت دوایی کەدەپرسێت دەزانێت لەدەڤەری لای خۆمانەو دێت بۆ لای و ئەو مژدە خۆشەی دەداتێ..

خوا بۆخۆی دەینێرێت: دووەم:



یەکێ لەهۆکارەکانی پاراستنی قورئان ئەو خۆشنووسانەیە کە هەزارو چوارسەد ساڵە شەوو رۆژ خەریکی نووسینەوەی قورئان بوون کەخوا ئەوکارەی لاشیرین و خۆشەویست کردوون تائەم قورئانە بلاْوببێتەوە، لەم سەردەمەشدا خوای گەورە عوسمان تاهای نارد کەساڵی 1934 لە حەڵەب لەدایکبووە و ساڵی 1964 لیسانسی لەشەریعەدا هێناوە لەدیمەشق و پاشان ساڵی 1965 دبلۆمی گشتی هێناوە لەکۆلێژی پەروەردە زانکۆی دیمەشق . ساڵی 1973 مۆڵەتی خۆشنووسی لەشێخی خۆشنووسان حامید ئامەدی وەرگرتووەو ساڵی 1970 یەکەم قورئانی نووسیەوە بۆ وەزارەتی ئەوقافی سوری و پاشان ساڵی 1988 هاتە سعودیە لەسەر داوای پاشای سعودیەو تا ئێستا چواردە جار قورئانی نووسیوەتەوە، کۆتایی هەموو لاپەڕەیەك کۆتایی ئایەتێکە کەئەوەش گونجاندنێکی زۆرجوانە لەنووسینەکەیداو لەدابەشکردنی وشەکاندا لە لاپەڕەیەکدا، خۆشنووسەکان دوای تەمەنی حەفتا ساڵی لەبەردەست

لەرزین و پیری نانووسن کەچی ئەم تەمەنی هەڵکشاوەوبەرەو نەوەدساڵی دەچێت و بەردەوامە لەخزمەتی قورئاندا . شایانی باسە زیاتر لەدووسەد ملیۆن قورئان چاپ کراوەو بلاۆکراوەتەوە بەسەرتاسەری دونیادا کە نووسینەوەو تەصمیمەکەی هی ئەم خۆشنووسەیەو دیارە پاداشتی نەبڕاوەی بۆهەیە.. ێخ عوسمان تەها کەخاوەنی ئەم شێوە خەتو نوسینەی قورئانە کەبە موصحەفی عوسمانی بەناوبانگە وەئێستا لەبەردەستی ئێمەدایە لەقیرائەتی حەفص، دەڵێ ژۆرێکی تایبەتم هەیە

بۆنووسینەوەی قورئان بەڕاستی کاتێك قورئان دەنووسمەوە بەتەواوی تێکەڵی مانا جوانەکانی قورئان دەبم وهەمو هۆش و بیرم تەنها لای خەت جوانی و مانا سەرنج ڕاکێشەکانی قورئانە، بەجۆرێك ئەگەر کەسێك بێتە ژورەکەم و کەرەستەکانم بدزێ ئاگام لێ نابێ، ئەو دەڵێت: کاتێك ئایەتەکانی خۆشی بەهەشت دەنووسمەوە پێم خۆش نیە لەنوسینی تەواو بم ئەوەندە چێژ بەخشە، وەکاتێك ئایەتەکانی سزای جەهەننەم دەنووسم ترس دامدەگرێ ودەستم وشك و بێ تواناەبێت عەرەق ئەکەم، بەڵام خوا هێزم دەداتێ کارەکەم تەواو بکەم.

ئەو دەڵێت: بەیانیەك بەئامادەبونی میوانێکم بەناوی شێخ علی الحوزەیفی ویستم دەست بەنووسین بکەم قەڵەمی تایبەتم هەیە بۆنووسین، کەقەڵەمەکەم خستە سەرلاپەڕەکە چەن هەوڵمدا قەڵەمەکەم نەیدەنوسی زۆرم لاسەیربوو،قەڵەمەکەم کردەوە تەماشای هەمو پارچەکانیم کرد هیچ عەیبی نەبوو بەشێخ علی م وت قەڵەمەکەم نانوسێ!

پێی وتم: پەنجەرەکان دابخە ڕەنگە هۆکاری کاریگەری هەواکەبێت.. پەنجەرەکانم داخست بەڵام بێ سوودبوو!

دانیشتم و بیرم کردەوە هۆکار چی یە بیرم کەوتەوە کەمن دەسنوێژم نیە چونکە هیچ کاتێ قورئانم نەنوسیوەتەوە بەبێ دەسنوێژ،بۆیە دڵم خۆش بو خێرا ڕۆشتم

دەسنوێژم گرتو هاتمەوە سەر کارەکەم وقەڵەمم هەڵگرت سەرەی نوسینی ئەم ئایەتە بوو (اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُورٌ عَلَى نُورٍ يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (35) النور )..

## عاریف لە زمانی ابن قەییمەوە

عاریف هەرگیز غەم ناخوات بۆ ئەوەی لەدەست چووە، وە دڵخۆشیش نیە بەوەی کەوا دێت، چونکە ئەو بەچاوی تیاچوون و بوونی کاتی سەیری شتەکان دەکات، ئاخر لە حەقیقەتا وەك سێبەر و خەیاڵ کاتین،جونەیدی بەغدادیش دەڵێت: عاریف پێی ناوترێ عاریف هەتا وەك زەوی نەبێت، چاك و خراپ بەسەریا دەڕۆن، وەك هەور نەبێت، کە سێبەری بۆ هەمووانە، وەك باران نەبێت، کە ئاوی ئەوەی خۆشی دەوێت و ئەوەش کە خۆشی ناوێت دەدات، یەحیای کوڕی مەعازیش وتویەتی: عاریف لە دونیا دەردەچێت و بۆ هیچ شتێك پەشیمان نیە دووان نەبێت: گریان بۆ نەفسی خۆی و ستایشی بۆ خوداوەند، وە عاریف نابێتە عاریف هەتا وای لێ نەیەت ئەگەر موڵکی سولەیمانیشی بدەیتێ تۆزقاڵێك لە خودا بێ ئاگابێت، ئاخر ئەو مەخلوقات دایئابڕێت لە خوداوەند، لای ئەو وەك ئەوە وان کە مردوون و هیچیان بەدەست نیە، نە زیان و نە چاکە، نە مردن و نە ژیان و نە گەڕانەوەش. ئەکاونتی دیوان کاروان..

## موسڵمانبوونێکی سەیر:



تیمۆسی جۆن وینتەر ساڵی 1960 لەبەریتانیا لەدایکبووە، بەردەوام یەکێکە لەو پێنج سەد موسڵمانەی کەزۆرترین کاریگەریان هەیەلەسەرتاسەری دونیاداو ساڵی 2012 یەکێك بووە لەو پەنجا کەسەی کەزۆر ترین کاریگەریان هەبووە..لەزانکۆی کامبریدج ساڵی 1983 ماستەری لەزمانی عەرەبیدا هێناوەو دواتر چۆتە ئەزهەر و تا ساڵی 1989 پسپۆڕی بەدەستهێناوەلەدیراساتی ئیسلامیداوپاشان لەزانکۆی کامبریدج دکتۆرای هێناوەو بۆتە عەمیدی کۆلێژی کامبریدجی ئیسلامی و ساڵی 2007 خەڵاتی شاعەبدوڵای وەرگرتووە لەفیکری ئیسلامیدا.

کەموسڵمان بوو ناوی خۆی کرد بەعبدالحکیم موراد . کاتێك کە مولحید بوو لەرادیۆی بەریتانیەوە گوێی لەئافرەتێکی هەژاری سۆمالی بوو داوای یارمەتی دەکرد، ئەمیش لە رادیۆکە ناونیشانی وەرگرت و بەسکرتێرەکەیدا سەبەتەیەك خواردنی بۆناردو، سکرتێرەکەی راسپارد کەئەگەر وتی: کێ ناردوویەتی ؟

بڵێ: شەیتان(ئەمەش وەك گاڵتەپێکردنێکی ژنەکە).

کاتێك سکرتێرەکە سەبەتە خورادنەکە ئەبات بۆ ژنەکە، ئەویش زۆر سوپاسی دەکات و هیچ ناڵێت،ئەمیش پێی دەڵێ: ئەی ناپرسی کێ بۆی ناردوویت؟ ژنەکە دەڵێت: نامەوێ بزانم و لاشم گرنگ نیە بزانم کێ ناردوویەتی، چونکە کەخوا ویستی شەیتانیشت بۆ موسەخەر دەکات.. ئەم قسەیە وای کرد ئەو پیاوە بەدوای هەق و راستیدا بگەڕێ و بووە مایەی هیدایەتی.. سبحان الهادی..

**لەسێبەری ستەم ودیکتاتۆریدا پێشکەوتن نابێت:**

لەپاش پارچە پارچەکردنی وڵاتە ئیسلامیەکان ودانانی کەسی نەخوێندەوارو کورسی پەرست و عەمیل بە حاکمی ئەم وڵاتانە، رۆژ بەرۆژ تواناکان لەناودەبرێن، ئەوەی بۆشیان لەناونەبرا کۆچ دەکات بۆ وڵاتە بیانیەکان و لەوێ خزمەت بەوان دەکات، لەئەمەریکاو ئەوروپادا بەدەیان هەزار پزیشك وزانای موسڵمان خزمەت دەکەن کەهیچ نەبێت هەست بەمرۆڤ بوونی خۆیان دەکەن لەو وڵاتانە.



رەوزە شەلەبی یەکێکە لەو دەقوتابیەی کۆلێژی (ئەندازەی ناوکی) زانکۆی ئەسکەندەریە کەتوانیان تەصمیمی مەفاعیلی نەوەوی بکەن بۆ میسر، ئەم کچە زانایەکی بواری ئەتۆمی یە وبەداخەوە لەبەر ئەوەی ئیسلامیە لەجیاتی خەلاَت کردن یانزەساڵ و مانگێك بەندکردنیان بەسەردا سەپاندووە، هاوەڵەکانی بەبێ ئامادەبوونی

ئەو بەچاوی پڕفرمێسکەوە لـەسەرکارە ناوازەکەیان خەلأتیان وەرگرت. داوای کرد ڕێی بدەن ئامادەی ئاهەنگی دەرچوونەکەی ببێت نەیانهێشت.باوکی ئەم کچە دکتۆر حوسام شەلـەبی مامۆستای زانکۆیە لـەکۆلـێژی ئەندازیاری کارەبایی سیٚ جار خەلأتی دەوڵـەتی بەدەستهێناوە لـەسەر داهێنانەکانی و سەدوشەست کتێبی زانستی نووسیوە، زانکۆکانی ئەمەریکاوئەورووپا باوەشیان بۆکردۆتەوە بچێتەلایان ئەم پێی خۆشە لـەمیسردا خزمەت بکاو ئەوەش میسرەکەیە کەدەیبینی . بەداخەوە سەدەیەك زیاترە موسڵـمانان تالأو دەچێژن بەدەستی کاربەدەستانیان، کەسێکیش پرسیار دەکات موسڵـمانان لـەکوێن کوا داهێنان و پێشکەوتنی زانستیان؟؟ لـەسای

ستەمکاراندا بڕوانامەو زانست بەهای نەماوە، لامان سەیر بوو میسرییەك لـەهەشتاکاندا دەرچووی زانکۆبوو لـێرەبووبووە جابی پاص ، ئەوەندەی نەبرد لای خۆشمان وای لـێهات ویەکیٚ لـەیەکەمەکانی بەشی مێژوو لای دهۆکەوە بووە بەشوان.. یەکێکی تر لای خۆمان بووە بە خۆلـڕێژ وبەیانیان زوو دەموچاوی هەڵـپێچاوە بۆئەوەی نەناسرێتەوە خۆڵی مالأن کۆدەکاتەوە. سالأنە دەیان هەزار لاو زانکۆتەواودەکەن شەقامەکان دەپێون بیٚ ئیش و بێکار وحکومەت هیچ بەرنامەیەکی نیە بۆیان لـەبەرپڕکردنی گیرفانی دڕاویان کەپڕ نابیٚ وتێرناخۆن، نەك تەنها لـێرە لـەزۆربەی زۆری ولأتە ئیسلامیەکان هەمان فیلـمە.. ئنجا دەشپرسین بۆ هەرلـەدواوای دواوەین ونابین بەهیچ..

**رایانگرن ئەوانە بەرپرسن:**

حەزرەتی عومەرخوالێی رازی بێت لەتاو لێپرسنەوەی قیامەت دەیووت: خۆزگە دایکی عومەر عومەری نەبوایە، لەکاتێکدا دادپەروەریەکەی بەنموونە دەهێنرێتەوەو سەردارو سەروەرمان صلى الله عليه وسلم مژدەی بەهەشتی داوەتێ .

بەداخەوە ئەم ولاّتە بەناو ئیسلامیانە ئەوەی خاپووری کردوون بەرپرسی نابەرپرسە، کەنەك درۆزنن بەڵکو درۆزانن، نەك دزن بەڵکو مامۆستای دزانن، نەك دوای شەیتان کەوتوون بەڵکومامۆستای شەیتانن و ئەودوای ئەمان کەوتووەوپرس بەمان ئەکات (فأتبعه الشيطان ).

ئەمانە ژێرعەرزو سەرعەرزیان تالاّن کردو باقیشیان ئەوێت کت ومت وەك ئەم بەسەرهاتە.. دزێکی زۆرزان و فەریکە دزێك ئەچنە کۆشکێکەوە دزی ئەکەن،زۆر بێباکانەو زۆرلەسەرخۆ، پاش ئەوەی قاصەکە بەتاڵ ئەکەن، لەسەرمێزێك دائەنیشن و مامۆستای دزان بەفەریکە دزەکە دەڵێت: ئەو تەسجیلە داگیرسێنەو دەنگی زیادبکە، خواردنەوە بێنەو وەرەبا یاری وەرق بکەین، ئەویش ئەبلەق دەبێت و دەڵێت: ئەوە تۆ تێکچوویت، تۆ دەزانی دەڵێی چی؟ وەرە خێراکە تا پێیان نەزانیوین لێرە دەرچین، وتی: نەفام تۆنازانیت، چیت پێ دەڵێم وابکە، ناچار مێزی رازانەوەو کابرای خاوەن ماڵ بەدەمانچەوە هاتە سەریان و تەلەفونی بۆ فریاکەوتن کرد، پۆلیس هاتن ودزەکان خۆیان تێك نەدا!!

وتیان: هاچی بووە؟ خاوەن ماڵ وتی: ئەوانە دزن دەستگیریان بکەن، دزەکان وتیان: ئای لەو بوختانە، دزی چی ئێمە میوانی بووین قومارمان دەکرد ئەوەمان لێبردۆتەوە، ئێستا دەیەوێت بەو جۆرە لێمان بسەنێتەوە، پۆلیسەکان بڕوایان پێکردن و وتیان:

راست دەکەن لەماڵەکەتدا قومارخانەت داناوەو گێچەڵیش دەکەیت، لەوەدا بوو برۆن، دزەکان وتیان: تکایە ئێمەش لەگەڵتانا دێینە دەرێ نەبادا بمانکوژێت..

جابەڕاستی مەگەر دڵمان بەقیامەت خۆش بێت کەخوا هەقی ملیۆنەها گەدەی برسی وخێرلەخۆنەدیولەم فیرعەونانە بکاتەوە.. ﴿ وَقِفُوهُمْ إِنَّهُمْ مَسْئُولُونَ (24) مَا لَكُمْ لَا تَنَاصَرُونَ (25) بَلْ هُمُ الْيَوْمَ مُسْتَسْلِمُونَ (26)الصافات﴾.

**ئەوباسانەی کە ڕامدەگرن:یەکەم**

هەندێ باسوخواس وبەسەرهات هەیە کە ڕامدەگرن و ماوەیەك لەسەریان دەوەستم وسەرقاڵم دەکەن بەخۆیانەوە بۆنموونە:

سولەیمان راجیحی دەوڵەمەندێکی ملیاردێری سعودی بوولەساڵی 1928 ، لەمناڵیەوە رەنجی دا بە گسك دان و حەماڵی وئیشی دیکە وردەوردە لەگەڵ براکەیاکەوتە کارکردن ودوایش بەجیا تا بووە یەکێ لەهەرەدەوڵەمەندەکانی سعودیە ،یەکەم بانق بانقی راجیحی بوو کەئەو دایمەزراند لەو ولأتە، لەبواری کشتوکاڵیدا پرۆژەی زەبەلاحی کردو نەیدەهێشت مەوادی کیمیایی بۆبەکاربێت ، دەواجنی دانا عەلەفی سرووشتی پێدەدان ، دەستی بدایەتە گڵ بۆی دەبوو بەئاڵتوون، خێرەومەند بووگەورەترین باخی خورمای وەقف کرد، چەندمزگەوت وپرۆژەی خەیری دروست کرد، لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا یانزە ملیاردۆلارێکی هەبوو ،حەوت ملیارێکی وەقف کرد بۆکاری خێرو ئەوەی دیکەی دابەش کرد بەسەر ماڵ ومناڵیدا و وتی:دەمەوێت بەخوابگەمەوەو یەك فلسم نەبێت..هەروەها وتی: لەسەرئەو وەقف وخێرانە بمژێنن

تادەمرم هەرچەند مەسرەفیشم زۆرنیە چونکە ئەو بەرگانەی دەیپۆشم هی سی ساڵ لـەمەوبەرن.تائیرە بەهەرحاڵ بەڵام ئەوەی زیاتر رایگرتم ئەوەبوو کەوەسیەتی کرد : ئەگەرمردم پرسەم بۆدامەنێن و تێچووی پرسەکەشم بۆبکەن بەخێر .. الله أكبر ئەمە چ تێگەیشتنێکە؟دڵنیام تاتەمەنی هەشتا ساڵی بەملیارەها دۆلار خێری کردووە ، ئنجا حەوت ملیاری تریشی کرد بەخێر ،کە وەك لـەو ڤدیۆیەی لـەکۆمێنت دامناوە دەڵێ کۆی وەقفەکانی گەیشتۆتە شانزە ملیار دۆلار (60ملیار ریاڵ) ئنجا چاوی لـەپارەی پرسەکەیەتی ئەویشی بۆبکەن بەخێر.. بەخوا باش تێی گەیشتووە ئەوەسەفەری قیامەتە قیامەت باکەس بەخۆیەوە نەنازێت ،هەموو ئاتاجمان بە سۆزو میهرەبانی خوایەو کەس فریای کەس ناکەوێت و نەفسی نەفسی یەو رزگاربوون زۆر زەحمەتە..خوایە بەلوتف وکەرەمی خۆت وامان لێبکەخەمی قیامەتمان بێت ..ئامین..

## ئەوباسانەی کە ڕامدەگرن:دووەم

شێخ سولـەیمان راجیحی زۆر بەجدی کاری دەکردو پێش کارمەندەکانی ئامادە دەبوو ، نەیدەهێشت تاقە وەرەقەیەك خەسار ببێت لـەکاتێکدا بە ملیاریش دەیبەخشی ، ژیاننامەکەی لـە پەڕاوەکانمدا باسم کردووە ، بەڵام ئەوەی رامدەگرێت وەسیەتەکەیەتی کە بەوردی رێنمایی منالـەکانی کردووە لـەبارەی وەبەرهێنان و وەقف کردنەوەو پێی وتوون کەئەوە مولـزەمیش نیە بۆیان ، ئنجا وتوویەتی لـەحاڵی نەخۆشیدا زۆر سەرقاڵ نەبن پێوەی ونەیبەنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرو لـەناوەوەی وڵات لـەخەستەخانەی ئەو زانکۆیەی خۆی دروستی کردووە یان خەستەخانەی حکومی یان ئەگەر ئەهلیش بێت لـەپارەی وەقف چارەسەری بکەن و لـەماڵـەوە چارەسەری نەکەن ودکتۆری

بۆنەهێننە ماڵەوە..ئەمەش دیسان خاکێتی وخۆنەویستی ئەو ملیاردێرەیە و ئامادەنیە پارەی زۆری تیاخەرج بکرێت بابۆچارەسەریشی بێت ، دیارە تەمەنێکی باشی بەسەر بردووە لەخێرداو وازی لەدونیا هێناوەو زۆرباکی بەوەنیە کەی دونیاش واز لەم دەهێنێ .



**ئەو باسانەی کەڕامدەگرن:سێیەم**

یەکێ لەپاراستنەکانی خوای گەورە بۆ ئەم ئایینە پیرۆزە ئەوەیە کە کەسانێکی بۆدەنێرێت پیاوی قەدەروکات وساتی پێویستین هەروەك چۆن حەزرەتی موسا سەلامی خوای لێبێت بەقەدەرێکی تایبەت هات (ثُمَّ جِئْتَ عَلَى قَدَرٍ يَا مُوسَى (40) وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي (41)طه)، لەبەری بکەن، بەدەنگی خۆش وپڕسۆز بیخوێنن ، بەخەتە خۆشەکەیان ئایەتەکانی بنەخشێنن ، زاناکانیش بە وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەکانیان موعجیزانی بەیان بکەن.

یەکێ لەو قورئانخوێنانەی ئەم سەردەمە موحەممەد صدیق مەنشاوییە کە باوك وباپیرو براکەشی قورئانخوێن بوون.مەنشاوی لەساڵی 1920 لەدایکبووە لەمیر ساڵ 1969 لەتەمەنی 49 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. مەنشاوی زۆربەی شەو خەوی بەخۆشەویستەوە بینیوە و لەخەوداسەروەرەمان صلى الله عليه وسلم خەتمی قورئانی پێکردووە وپێی فەرمووە:تۆ وەك من قورئان دەخوێنی ..

ئەوەی رامدەگرێت لەباسی مەنشاویدا بەڕەحمەت بێت خواناسی و نەفس بەرزیەکەیەتی ، نوێنەری جەمال عبدالناصر دێتە لای کەلە کۆڕێکدا کەناوبراو ئامادە دەبێت قورئان بخوێنێت ودەڵێت: ئەوە شەرەفە بۆتۆلەبەردەم سەرۆك جەمال عبدالناصردا قورئان بخوێنی ، ئەویش ناچێت و دەڵێت: ئەوەشەرەفە بۆئەو کە لەکۆڕی مندا دانیشێ وقورئان بخوێنم .

**ئەو باسانەی کەڕامدەگرن:چوارەم:شێخ محمد رەفعەت**

ناوبراو لە 9ی مایۆی 1882 لەقاهیرە لەدایکبووەو ، باوکی ئەفسەری پۆلیس بووە ، زۆرسووروسپی و جوان دەبێت لەوەدەچێت بووبێت بەچاوەوە، تووشی چاویەشەیە دەبێت و بە چارەسەری هەڵەی ئەوسەردەمە چاوێکی لەدەست ئەداو چاوێکیشی بەکزی ئەمێنێتەوەوپاش چەند ساڵێك ئەویش لەدەست ئەدات، تەمەنی نزیکەی سیانزە ساڵێك دەبێت مۆڵەتی حەوت قیرائەتەکە وەردەگرێت .یەکەم کەسە کە رادیۆی میسری بەدەنگی ئەو دەستی بەبەرنامەکانی کرد.

ئەوسەردەمە رادیۆی میسری توانای تۆماری نەبوو ئەم چی دەیخوێند یەکێ لەوانەی حەزیان لەدەنگی بوو دەوڵەمەند بوو(بەناوی زەکەریا پاشا مەهران) لەماڵەوە قورئانخوێندنەکەی لە رادیۆوە تۆماردەکرد ، ئەوەش دوایی سوودی لێبینرا کە ئاسەواری شێخ نەفەوتێ ، جا لەو تۆمارکردنانەدا هەندێ پیت و شت پەڕیبوون بە زەحمەتێکی زۆر شێخ ئەبوعەینەین شوعەیشەع کە وەك ئەو دەیخوێند ئەو پیتانەی ئەووت و مۆنتاج دەکرا..ئەوەی لەباسی ئەم قورئانخوێنە نەفس بەرزەدا رامدەگرێت ئەوەیە کە

ساڵی 1943 تووشی شێرپەنجەی قوڕگ بوو ، هەشت ساڵ لەماڵەوە بۆی کەوت و کەس لێی نەپرسیەوە تا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کرا لەگۆڤاری المصور ، ئیتر کەخەڵکی بەحاڵیان زانی پارەیەکی باشیان بۆکۆکردەوە کەئەو سەردەمە دەتتوانی هەزار فەدان زەوی پێبکڕیت تاخۆی پێچارەسەر بکات ، ئەویش پارەکەی گێڕایەوەو وتی: ئەوەی خۆم هەمە بەشی چارەسەر دەکات و ژیانمی پێبەڕێوە دەچێت و ئەهلی

قورئان نابێت دەست پان بکاتەوە لەکەس و هەموو پارەی دونیا ناتوانن لەتاقیکردنەوەی خوا رزگارم بکەن، ئەوەبوو تەنانەت خانووەکەشی فرۆشت بۆ چارەسەر ، ساڵی 1950 لەو رۆژوو مانگەی لەدایکبووبوو وەفاتی کرد..

شێخ محمد رەفعەت دەنگێکی ناوازەی هەبوو ، بۆخۆی لەخواترس بوو کەقورئانی دەخوێند زۆربەی جار بەدەم قورئانخوێندنەکەیەوە دەگریا.

**ئەو باسانەی کەرامدەگرن:پێنجەم:**

ئەحمەد شوقەیری ساڵی 1973 لەشاری جەدەی سعودی لەدایکبووە لەحەڤدە ساڵیدا کە سانەوی تەواو دەکات دەچێتە ئەمەریکاو ماستەر دێنێت لەئیدارەی ئەعمالدا لەزانکۆی کالیفۆرنیا ،کە گەڕایەوە کۆمپانیای دامەزراند، ناوبراو نوێژی نەدەکردو جگەرەی دەخوارد بەزەحمەتێکی زۆر وازی لەجگەرە هێناو کەوتە نوێژکردن، رووداوی یانزەی سێپتەمبەر وای لێکرد کاربکات بۆهۆشیارکردنەوەی گەنجان و تێگەیشتنی ئایین بەشێوەیەکی راست ودرووست.

چووە بواری راگەیاندنەوەو لەبەرنامەی یالاّ شەبابەوە دەستی پێکرد وپاشان یانزە زنجیرەی (خواطر)یشی پێشکەش کرد ، کەبۆماوەی شەش مانگ خۆی و ستافەکەی هەزار سەعاتیان تۆماردەکردو ، شەش مانگەکەی تریش حەوت سەعاتێکیان لێهەڵدەبژاردولەئێم بی سی وکەناڵەکانی دیکە بلاّودەکرانەوە،هەمووجار دەیووت: نەزانام و نەموفتی و نەفەقیهـ بەڵکو فێرخوازێکم وهیچی تر..

ریستۆرانتێکی دانا لەجەددە کە بێجگە لەخواردن و خواردنەوە کۆڕوکۆبوونەوەی تیادەکراو کتێبخانەی تیابوو ، وە گرنگی بەلایەنی رۆشنبیری دەدا کەبەداخەوە داخرا..گەنجانی هان دەدا بۆکاری خۆبەخشی تالەوریێیەوە خزمەت بەخاك و ولأت و خەڵکی خوابکەن.

ئەوەی رایگرتم لەباسی ئەم بردەرەدا دوو شت بوو :یەکەم بەوهەموو بەرنامەیە بەملیۆن دۆلاری دەست دەکەوت هەمووی کرد بەخێر لەکاتێکدا پارە خۆشەویستەو بەئاسانی لەدەستی مرۆڤ نابێتەوە.ماویەتی تکایە..

**ئەوباسانەی کەڕامدەگرن:شەشەم:**

باسی ئەحمەد شوقەیریم بۆکردن کە چۆن خزمەتی گەورەی پێشکەش کرد لە بواری هۆشیارکردنەوەی لاوان و ئەندامانی کۆمەڵگەدا ، لەبەرنامەیەکیدا بەناوی ئەگەر پێغەمبەری خوامان لەناودابووایە صلی الله علیە وسلم ، چۆن دەبووین کەبەوەش دەیویست بەها بالأکان زیندوو بکاتەوە.

دووەم شت کەڕایگرتم لەباسی ئەم برادەرەدا ئەوەبوو کەباسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات ودەڵێت: هاوسەرگیریم کردو رۆژێك هاوسەرەکەم سەیری مۆبایلەکەمی کرد وەك ئەوەی غیرەبکات و بزانێت پەیوەندیم بەکێوە کردووە ، رقم هەستاو تووڕەبووم و شەو چوومە ئوتێل نووستم ، بەزمەکە گەورە بوو جیابوویەنەوە ، دوای سێ مانگ کەژیاننامەی سەروەرم خوێندەوە (صلی الله علیە وسلم) هەستم کرد کەمن هەڵەبووم، چونکە رەسول الله رانی موبارەکی داناوە هاوسەرێکی کەبالأی

بەرزنەبووە تا قاچ بخاتە سەر رانی و سواری ولاخ ببێت ، هەروەها ئارامگری سەروەرمان بەرامبەر بەغیرەی خێزانەکانی ،کە بەشتێکی ئاسایی بۆی دەڕوانی..بەداخەوە زۆرمان نازانین بەشێوازێکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ ماڵ ومناڵماندا بکەین ، لەوە تێنەگەیشتووین کە سەروەرمان دەفەرموێت: چاکترینتان چاکترینتانە بۆماڵ ومناڵی وەمن چاکترینتانم بۆماڵ ومناڵم ..

اللهم صل علی سیدنا محمد وعلی آل سیدنا محمد صلاة وسلاما دائمین أبدین الی یوم الدین..

**ئەوباسانەی کەڕامدەگرن:حەوتەم**

کاك هردی جاف دەڵێت:ماڵێکی ئەمریکی هەیە لە یەکێك لە لادێکانی ڤێرجینیا دەژین و لێمانەوە نزیکن، ئەم ماڵە بۆ ماوەیەکی زۆرە کاریان هەنگ بەخێو کردنە و هەنگوینی خۆماڵیان هەیە و وەك پیشەیەکی بچوك دەیفرۆشن و ساڵانە بڕێکی زۆر بەرهەمیان هەیە، هەمو شتەکانیان بەدەست ئامادە دەکەن ژن و پیاو مناڵەکانیان پێکەوە کاردەکەن و خەریك دەبن پێوەی.

جارێك کوردێك ڕێی دەکەویتە ماڵیان و کاتێك دەبینێت هەنگوینێکی زۆر خۆش و پاك و خۆماڵی و هیچ فرت و فێڵێکی تێدانیە ونرخەکەی زۆر کەمە، پێشنیاریان بۆ دەکات هەمو ساڵێك بەرهەمەکەیان بۆ ئەم دابنێن و ئەم لێیان بکڕێت و خۆی لە کارگە کەلو پەل وپێداویستی یەکانیان بۆ ببات و هەموی بۆ لە قوتوبنێن و لێیان بکڕێت ونەقڵی دەرەوەی ئەمریکای بکات، بۆیە هەر لە ناو ماڵەکەو بە خاوی زیاتر

لەو پارەی پێدان   کە ئەمان بە درێژایی ساڵ خەریك دەبن تا بە بازاڕی دەکەن و پارەکەیان کۆ دەکەنەوە، کاتێك ژن و پیاوەکە ئەم پێشنیارەی کابرای کوردەیان گوێ لێ دەبێت ، سەیرێکی یەکتری دەکەن و لێی دەپرسن تۆ خەڵکی کوێیت؟ ئەویش دەڵێت عێراق، یەکسەر پێی دەڵێن نا کاکە ،  ئێمە شتی وا چۆن دەکەین؟!

کابرای کوردەش سەری سوڕماو و وتی بۆ؟ وتیان ئێمە زەمەنێکە ماڵ و منداڵمان خەریکی ئەم کارەین و خەڵکانێکی زۆر لەم کۆمەڵگەیە ساڵانە چاوەڕێی بەرهەمی ئێمەن بۆیان ئاماد ەبکەین و چاوەڕێن و دێن دەیکڕن و دەیدەن بە ماڵ و منداڵیان، خۆ ئێمە تەنها لە بەر پارە ئەمە ناکەین تابە یەکجار بە تۆی بفرۆشین و زیاتر خێر بکەین، ئێمە مەبەستمانەوە منداڵەکانمان وەك هەمیشە خەریکی ئەم کارەبن و قەدری کارەکەیان زیاتر بزانن، پاشان لەوە گرنگتر نامانەویت ئەم بەرهەمە جوان و سروشتییەمان بۆ کەسانی تر بێت دەمانەوێت خەڵکی خۆمان ئەم بەرهەمە پاك و بێ غەشە بخوات و بێ دودڵی دەرخواردی منداڵەکانیانی بدەن! بە کورتی ئەمە پێی دەڵێن ئەخلاقی کار کردن و پارە پەیداکردن.

ئنجا ئەمە ماڵێکی وەك دەڵێن لادێی و لە کوێرە لادێیەك دا ئەم هەستەی هەیە و ئاوا بە ئەخلاقەوە پارە پەیدا دەکات، ئێمەش وا دەبینین حکومەتەکەمان کە قەرارە باوکی خەڵکی بێت بەنزین و گازی باش بەرهەم دێنن و  دەیفرۆشن بە بەغداد و خوارو هەموو گاز و بەنزینە ژەهراویەکە و پاشەڕۆکانی تر دەهێنن بۆخەڵکی خۆیان ساغی دەکەنەوە، بەمەش ڕێژەی توشبوانی شێرپەنجە ساڵانەوە دوقات دەبێتەوە و لەبەرامبەردا دێن نەخۆشخانە حکومی یەکانی وەك هیوا پەك دەخەن و خۆیان

ئەخۆشخانەی تایبەت دەکەنەوە، ئەوەی پارەی هەبێت ڕوتی دەکەنەوەو دەیخەن سوالێ ئەوەشی پارەی نەبێت پێش شێر پەنجەکە بەدەم خەفەتەوە جەڵتە دەیکوژێت، ئەمانە چین و کام دڕندەو جانەوەرن؟؟




**ئەوباسانەی کەڕامدەگرن:هەشتەم**

**ئوم کەلسوم نموونەیەکی بەرزی دینداری:**

ئوم کەلسوم کچی عەقەبەی کوڕی ئەبی موعیتە باوکی تا سەرئێسقان دژایەتی سەروەرمانی کرد لەمەککە ،ورگو ریخۆڵەی حەیوانی خستەسەرپشتی خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم لەکاتی نوێژدا ، ئەم کیژۆڵەیە بەدزی باوکی و براکانیەوە بڕوای هێنا ، چی دەهاتە داوای لەمەککە شووی نەدەکرد ، باوکی لەشەڕی بەدردا کوژرا ، مایەوە تا ڕێکەوتنی حودەیبیە ، زانی کە هەرکەس کۆچ بکات بۆمەدینە دەیگێڕنەوە بەپێی ڕێکەوتنەکە، لەگەڵ ئەوەشدا کە حەڤدە ساڵێك تەمەنی دەبوو بەدزی کەس وکاریەوە کۆچی کرد بۆمەدینە ،

سەروەرمان و هاوەڵان پێیان قورس بوو بیگەڕێننەوە بۆمەککە ، تا ئایەتەکانی سورەتی (الممتحنە)ی لەسەر دابەزی و کە تاقیبکەنەوەو دڵنیابن بڕوادارە نەیگێڕنەوە بۆ لای کافرەکان، ئەمەش تایبەت بوو بەئوم کەلسوم و ئەو ئافرەتانەی دیکەش کەدواتر دەهاتن.ئەمەش لوتکەی گیانفیداییە بۆ پەیامەکەی خواو لەمەدینەش شووی کرد بەعەبدورەحمانی کوڕی عەوف ،خوا لەهەموویان رازی بێت..

**ئەو باسانەی کەڕامدەگرن :نۆیەم**

**ئەمە چ ئیمانێکە یارەب**

ئەمە چیرۆك نییە ڕوداوێکی ڕاستییە لە کوردستان...

منداڵێك سەیارە لێی دەدات دایکی منداڵەکە لە شۆفێرەکە خۆشدەبێت لەجێگای ڕووداوەکە نەخۆشخانە و مزگەوتێك دروست دەکەن

10 مانگ پێش ئێستا دایك و باوك و منداڵێکی تەمەن 4ساڵ دەچن بۆ باخەکەیان لە مێرگەپان ـ سلیمانی قەدەری خوا وابوو کە لە سەیارەکە دادەبەزن سەیارەیەك لە منداڵەکە دەدات دەست بەجێ منداڵەکە گیان لەدەست دەدات ، دایکی منداڵەکە دەبینێت منداڵەکە گیانی لەدەستداوە بە شۆفێرەکە دەڵێت هیچ خۆت تێك مەدە بڕۆ خودا تا ئێرەی دابوو بە من ڕازین بەم قـــەدەرە هەر دەست بە جی بڕیار ئەیەن لەگەل باوکی ئەم منداله هەمان ئەوو شوینە بکەن مزگەووت وقاتی خوارەوەشی بکەنە بە نەخۆشخانە لەماوەی ئەم 10مانگەدا باوکی منداڵەکە بەهاوکاری خێرخوازان

مزگەوت و نەخۆشخانەیەکیان لە شوێن ڕووداوی هاتووچۆکە  دروستکرد بەناوی مزگەوتی مەروان ئەو منداڵەی کە سەیارە لێیدا ناوی مەروان بوو بۆیە مزگەوتەکەیان بەناو ئەوە ناونا دوێنی شەممە ڕێکەوتی 5/6/2021 بە ئامادەبونی مامۆستایانی ئاینی و کەسایەتی ناوچەکە دەرگای مزگەوتەکە کرایەوە بەڕوی نوێژخوێناندا و ئیستا مزگەوتی مەروان نوێژ و تاعەت و خوا پەرستی تیدا دەکرێت ، دایك و باوکی مەروان هەم لە شۆفێرەکە خۆشبون هەم دوو پرۆژەی خێرخوازیان لەجێگاکەیدا دروستکرد.(ڕێکەوت عبدولڕەحمان ).



**ئەو باسانەی کەڕامدەگرن :دەیەم**

**ئەوەیە مارەیی!**

**پیاوێکی خەڵکی جەددە بازرگانی دەکات لەگەڵ وڵاتی چیندا ، لەگەڵ ئەوەدا ماڵی هەبوو لەجەددەو هاوسەری هەبوو ، داوای کچی بازرگانێکی موسڵمانی چینی کرد مامەڵەیان بەیەکەوەبوو ، ئەویش کچەکەی دایە و کچەکەش مارەییەکەی کرد بەوەی کە لەشاری مەدینە ماڵوحاڵی بۆدابنێت ،ئەویش لەشاری مەدینە ماڵوحاڵی بۆدابین کرد ، ئافرەتەکە کەحاملە بوو سەد خەتمی قورئانی کرد، کە کوڕەکەی بوو ناوی نا بیلال ، بەشەش ساڵی خەتمی قورئانی کردو ئێستا کەنۆساڵە قورئانی لەبەرەو بەپێنج قیرائات دەیخوێنێت و فەرموودەی باشی لەبەرە ، لەوکاتەی پرسیاری لێدەکەیت و وەڵامت دەداتەوە ، یەکێکی دیکەلەهەمان کاتدا چەند ژمارەی پێبڵێت کۆی بکاتەوە یان لێکی دەرکات ، لەهەمان کاتدا لە حاسیبە خێراتر ئەو ئەنجامی حساباتەشت پێدەڵێت، وتیان:ئاواتت چیە ؟وتی:ئاواتم ئەوەیە ببمە ئیمامی حەرەم..**



**ئەوباسانەی کەڕامدەگرن:یانزە:خێری بەردەوام:**



ئەم خاوەن ماڵەکەسێکی بۆخوا سوڵحاوە بەپانی مەترێك و درێژی بیست مەتر لە زەویەکەی هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی رێگا بۆنوێژخوێنانی گەڕەك نزیك بکاتەوە بۆ مزگەوت.. من دەڵێم خوا خۆشی دەوێت ئەوەی بەبیردا هاتووەوئەو خێرەبەردەوامەی بۆ خۆی فەراهەمهێناوە، بڕواتان بێت خێری زۆرهەن دەتوانین بیانکەین بەپێی تواناو قیامەتی خۆمانی پێ ئاوەدان بکەینەوە..

**سەعید قەزاز :**

ژیانی محەسەعید قەزازم خوێندەوە وەك تاکێکی کارای ئەم وڵاتە نەگبەتە خێر لەخۆنەدیوە ، ناوبراولەساڵی 1903 لەگەڕەکی گوێژەی سولەیمانی لەدایك بووە ، منداڵ دەبێت باوکی کۆچی دوایی دەکات، لای حاجی ئەحمەدی باپیری و لای مامی پێدەگات ، کەسێکی خوێندەوارو دەستپاك وبلیمەت بووە ، بۆیە چەند پۆستێکی لە حکومەتی پاشایەتی ئەو کاتەدا دەبێت ، هەر لە فەرمانبەریەوە تا قایمقامی و تا پارێزگاری و تا ئەوەی دەبێتە بەڕێوەبەری بەندەرەکان و پاشان لە 1953 تا شۆڕشی تەموزی 1958 وەزیری ناوخۆ دەبێت ، دوژمنی سەرسەختی شیوعیەکان بووە ، لەشۆڕشەکەدا دەگیرێ و لە 29 ی کانونی دووەمی 1959 لەبەردەم مەحکەمەی گەل بەسەرۆکایەتی مەهداوی دادگایی دەکرێت و ئەم بەرگریە لەخۆی دەکات :

من ئێستا راوەستاوم ، وادەبینم مردنم لێ نزیك بۆتەوە ، سێدارە نامترسێنێ ، کاتێ لێی بەسەر دەکەوم زۆر کەسان لە ژێر پێمەوە دەبینم کەوا شایستەی ژیان نین ، بەئاشکرا رایدەگەیەنم کەمن بەو کردەوەو خزمەتگوزاریانە دەنازم کەپێشکەشی نیشتمانی خۆشەویستم کردووە لە سی و سێ ساڵدا ، شانازی دەکەم کە قەڵاچۆی شیوعیەتم لە پێناو موسڵمانیەتی و نیشتمانەکەمدا کردووە ، بەوە دەنازم وەزیرێکی کارامە بووم ، من کارم کردووە، بەوەحی لەخواوە (بە ئیسلام ) و بەو عەقڵ و هۆشەو ئەو دڵەی لەسینەمدایە، بەدکاری شیوعی جیهانی و مەترسیانم لەسەر نیشتمانی ئازیزم راگەیاندووە ، بۆیە کۆتایی بەبەرگری لەخۆ کردنم دێنم کەوا داوای بەخشین و بەزەیی لەهیچ ئادەمیزادێك ناکەم ، بەڵکو خۆم دەخەمە بەردەستی خوا ، ئارام دەگرم تا یەزدان حوکمی خۆی دەدات ، کە ئەو چاکترین حاکمە .

دەڵێن :مەهداوی دەیەوێت سووکایەتی پێبکات ئەمیش پێی دەڵێت: بێدەنگ بە دەتوانیت دادگایم بکەیت بەلاًم بۆت نیە سووکایەتیم پێبکەیت!

ناوبراو ئازابوو ،دیارە کەمەرگ هات پەلە قاژێی ناوێت؟دوای ئەو مەحکەمەیە چەند مانگێك لە بەندی تاکەکەسیدابوو ، زۆریان لێکرد داوای لێبوردن بکات لە مەحکەمە ، تەنانەت هاوسەرەکەشی نامەیەکی بۆنارد کەداوای لێبووردن بکات نەیکردو لەپشتی نامەکە بۆی نووسیەوە خۆت ئامادەبکە بیوەژن بکەویت !!

بەهجەت عەتیە کە بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەوسا بوو ئەپاڕایەوە کە بیخەنە لیستی دواوەی لەسێدارەدان ، حەمەسەعید قەزاز پێی دەڵێت : حەفتا ساڵی تەمەنت بەڕێکرد بێزارنەبووی ، چەند ساتێك دواخستن چ سوودێکی هەیە کەتۆ لەو بارەدایت ؟؟ پاشان بە جەللادەکەی دەڵێت : من ئامادەم وەرە حوکمەکەت جێبەجیٚ بکە .. شایانی باسە حەمەسەعید قەزاز بەدەستی شیوعیەکان لە 20ی ئەیلولی 1959 لەبەغدا لەسێدارە درا (ناودارانی کورد نووسینی میر بەسری ، وەرگێڕانی عەبدولخالق عەلادین –چ 2 ).

حەمەسەعید قەزاز دەست پاك بوو ، کاتێك لە بەغدا ماڵەکەی دەگوێزێتەوەو دۆست و ناسیاو وەك عادەتێك دەچن بۆ پیرۆزبایی و دیاری دەبەن ، یەکیٚ لەوانە هاوەڵێکی بازرگانی بوو کە بەهاوسەرەکەیدا دیاریەکی هەشتا دیناری بۆناردبوو ئەمیش بەهاوسەرەکەی خۆی دەڵێت دیاریەکە وەرنەگرێت ، هاوەڵەکەی زویر دەبیٚ و ئەمیش پێی دەڵێت : برام من کاربەدەستی میریم و مووچەی خۆم هەیە ، ئەگەر ئەم دیاریەت لێوەرگرم چۆن هەقت بۆ بکەمەوە ؟؟

ئەوەی جێی داخە لەسلێمانی خۆپیشاندان دەکراو لەدژی رژێمی پاشایەتی هوتافیان دەکێشا کە دابەستەکان لەسێدارە بدرێن ،تەنها کەسێك نەبێت کە ئەگریا ، وتیان: بۆ ئەگریت ؟

بەهاری ساڵی 1950 سەرانە سەندن لەدەوڵەمەندو دوکانداران زیادی کرد لەموصل یەکێ لەوانەی هەفتەی سێ جار سەرانەی دەسەند لەناوچەی دەواسە سەرخۆشێکی سەرشکاوی شەلاتی بوو بەناوی (جەمال حەیە)، خەڵکی چی هاواریان دەبرد بۆبنکەی پۆلیس سوودی نەبوو ناچارچوونە لای پارێزگاری ئەوکاتە کە سەعید قەزاز بوو وەلە 1948 ەوە بووبووە پارێزگار، سەعید قەزاز دوای دەوام هاتە بنکەی پۆلیس و فەرمانی دا جەمالیان بۆهێنا ،پێی وت: من پارێزگارم لەم شارەو تۆش سەرانە دەسێنی لەخەڵك !!..جەمال وتی:من خەڵکی بادوشم وهاتووم ئیشی باش دەکەم و قاچت ماچدەکەم من سەرانەم نەسەندووە..سەعید قەزاز بەحەیزەرانێك کەوتە گیانی ئەوەندەی لێدا جلی بەبەرەوەنەهێشت ئنجا وتی :سواری موسەلەحەی بکەن و بەشارا بیگێڕن با ببێ بەپەند بۆخەڵك.ئیتر لەمەوە هەرچی شەلاتی بوو ئەچوون ئەوخاڵ وشتانەی کوتاویانە سپی بکەنەوەوهەموو بوون بەماستی مەیو..

جابەڕاستی دەسەڵات پاك وسەر راست بێت دەتوانێت بەئاسانی چاك سازی بکات ، بەڵام کوردواتەنی دزوپاسەوان کردەیان یەکخەن بەکونەبانا گاجووت سەردەخەن ،وەك ئەوەی بەم رۆژگارە دەیبینین بەداخەوە..




**ژياننامە:**

**نووسينی يادەوەری و ژياننامە زۆر پێويستن، جارێك جەنابی پرۆفيسۆر محسن عبدالحميد وتاری بۆدابن منيش دوای وتارەكە وتم: خۆزگە ژياننامەی خۆتت دەنووسی، وتی: نووسيوومەو شەش سەد لاپەڕەيە كەكاتی خۆی هات بلاودەكرێتەوە(سوپاس بۆخوا بلاوی كردەوەوپوختەيەكيم لەپەڕاوی يادەوەری و پەند دا بلاوكردەوە)..**

**سەرەخۆشيم لەكاك شێخ فاتيح كرد بۆكۆچی دوايی مامۆستای باوكی، پێم خۆش بوو وتی: جەنابی مامۆستای كۆچكردوو يادەوەريەكانی تاكاتی خانەنشين بوونی نووسيوەو داوای كردووە ئەم بۆی تەواو بكات.**

**من بۆخۆشم بەرگی يەكەمی يادەوەريەكانم بلاوكردەوەودووەميشم نووسيوەو تا ئەوكاتەی بتوانم چی ديكە هەبێت بۆی زياددەكەم، وەسيەتيشم كردووە دوای خۆم بلاوی بكەنەوە..**

**جا ئەزموونەكانی ژيان پەندو وانەی زۆريان تيايەو هەقە گرنگيان پێبدرێت وبەدڵنياييەوە كاريگەريان دەبێت لەسەر خوێنەر..هەرشادو دوورە بەلابن..**

بەرهەمەکانی نووسەر:

1- بەرەو پەروەردەی ئیسلامی

2- بەرچاوڕوونی

3- فەرهەنگی بانگخوازان

4- رامان لـە قورئان

5- لـەخزمەت قورئاندا

6- بەهاری دلاڵن

7- بەرەو ئیسلام

8- رازی قورئانی

9- هەزارویەك

10- هەزارو دوو

11 - ژیانەوە

12- سەلیقەی بروادار

13- نەسرەوتن :4 بەرگ

14 -گەشتی ژیان : شەش بەرگ

15-یادەوەرییەکانم : بەرگی یەکەم

16- باسوخواسی قورئانی بەرگی یەکەم: تازەگەری قورئان

17-مزگێنییەکان

ئەو پەڕاوانەی کەئامادەن بۆچاپ:

1- باسوخواسی قورئانی  بەرگی دووەم.

2- یادەوەری و پەند .

3- یادەوەرییەکانم بەرگی دووەم .

- بۆ پەیوەندی ئەکاونتی نووسەرلە فەیسبوك andaziar osman

ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 5 |
| پاکردنەوەی دڵ ودەروون | 5 |
| نوێژودەرچوون لەبازنەی داخراو | 17 |
| مێژووی بانگەواز | 20 |
| پیاوی قەدەر | 25 |
| جیٚ بەخۆیان ناگرن | 27 |
| حەکیمی ئیسلام | 28 |
| مەحمود عبدالحلیم | 30 |
| کۆیلەکان | 36 |
| مامۆستا سوبحانی | 41 |
| شێخی قورئانخوێنان | 44 |

| | |
|---|---|
| بانگخوازێکی گەڕۆک | 53 |
| زانای لەخواترس | 55 |
| خوا دەیگەیەنێت | 56 |
| لەیادەوەرییەکانی عەلی تەنتاوی | 58 |
| مردنە مردن | 59 |
| ریسوابوونی یەکەم دوژمنی ئیسلام | 61 |
| ماکرۆن وهاوشێوەکانی | 69 |
| رەوشت لەجەنگدا | 78 |
| پاپا وپەڕاوی پیرۆزیان | 81 |
| باوکی پێغەمبەران بەخێر یادی دەکرێتەوە | 82 |
| مامۆستای مودەڕیس | 83 |
| حاجی مامۆستا ئیمامی | 96 |
| پزیشکی بانگخواز | 102 |
| زانستی کەم | 115 |
| زانکۆی تەلئەبیبی ئیسلامی | 117 |
| بۆچی خۆشبەختترین کەس خۆی کوشت | 120 |
| زەمانێکە | 122 |
| گەڕانەوە بۆلای خوا | 123 |
| برایەتی ئیمانی | 124 |
| مامۆستا نورسی و برایان | 125 |
| ئارامی دڵان | 126 |
| کاك ئەحمەدی موفتی زادە | 128 |

| | |
|---|---|
| خواپێداوەکان | 133 |
| دکتۆر حەکیم موختار | 134 |
| لەنووسینەکانی ئەندازیار تەها سۆڵەیی | 137 |
| لەیادی کۆچتدا ئەی سەروەرم | 169 |
| مامۆستا عبدالکریمی صەحابە | 170 |
| ئەزموونی ئیمانی | 178 |
| پەیامەکەی پەشێو | 182 |
| کاتێ دەڵێین بەلاوان ئیسلام چارەسەرە | 184 |
| دکتۆر دلێر شینە | 186 |
| تەرازووی قیامەت | 188 |
| ناوە پیرۆزەکانی خوا | 190 |
| شیفا لای خوایە | 191 |
| هەشتاوسێ | 192 |
| سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی میسر | 193 |
| خوات لەگەڵ مامۆستا لەتیف | 194 |
| مام سەید | 206 |
| خوا شیفای دا | 208 |
| ئەو ئازارەی بووە هۆی دروستکردنی ... | 211 |
| مەلا حەسەنی عەبابەیلێ | 213 |
| ئارامگری تا دواپلە | 214 |
| قەدەری خوا سەیرە | 216 |
| منارەی حەدبا | 217 |

| | |
|---|---|
| بەغەریبی وتەنهایی مرد | 221 |
| ماوەی 14 ساڵ دانوستان | 222 |
| دووڕووداو | 224 |
| خزمەتی فەرموودە | 225 |
| کاروانەکەی ئیسلام | 226 |
| زانیاری زیاتر | 227 |
| بیرناچێتەوە | 228 |
| زانایەکی شەهید | 229 |
| پرۆفیسۆر سەمیعی | 230 |
| هەواڵ ورووداوەکان | 231 |
| کەسابەت کردن بەدینەوە | 232 |
| نیشانەکانی خۆبەزل زانی | 233 |
| من وتۆ | 234 |
| خوایە کەفتەکارمان مەکە | 235 |
| هونەرو رەوشت | 240 |
| گۆڕهەڵکەنەکان | 241 |
| ئەزموونی نزیکبوونەوە لەمەرگ | 244 |
| نامەیەك بۆخودا | 249 |
| رەگەزپەرستی | 252 |
| بانگەوازی تەواو | 253 |
| بانگخوازی | 255 |
| دکتۆر مونزیر عەیاش | 256 |

بەسەرهاتێك 257

خەم مەخۆ 258

وەفاداری 259

بۆخوا سوڵحان 261

گەورەیی لێبووردن 263

گەنجێك دەڵێت 264

نوری سەعید 265

بەڕاستی ئەم هیدایەتە سەیرە 266

هونەرمەندێکی بۆخوا سوڵحاو 267

خوا ئیرادەی خێری پێی بوو 269

ئارامگری و هەڵنەچوون 270

دکتۆر صلابی 272

عەلی وەردی 272

سەیدقوتب 275

بانگخوازئەحمەدموفتی 277

دکتۆر عەلی شەریعەتی 279

پلەی بەرزی دینداری 281

وامەزانە خوا بێئاگایە 282

خوا دڵت خۆش بکات 283

کوڕوکچانی نەتەوەکەم 287

فەتوایەك لەبارەی چاکسازی 289

حاجی ئەولاٚ 290

ئەوەیە کەپس کردن 293
تەوبەی سەماکارێك 293
لەیادەوەرییەکانی محمد غەزالی 294
گەڕانەوە بۆلای خوا 295
ڕەزاشا 297
وانەیەکی زێڕین 297
ئەم داپیرە 299
گۆرانیبێژێك 299
لەگوندێك مەلابووم 300
خێزان 301
منداڵێ لەژواندا خەوی لێبکەوێت 305
مەولانا 308
شێخی ئەزهەر 308
مەلای مەشهور 311
دوعای ئافرەتێك 313
مامۆستا سەفین 314
ماڵ وەك مەنفا 316
عیشق کەی دەبێتە بار 319
بۆدەسەلاّتداران 322
هاوڕێیەکم 323
بڕواهێنانی دکتۆر جۆب 323
ئەگەر خوا لەیادکرا 325

بۆچی جیهانی ئیسلامی دواکەوت 325
چاندنی بەها 326
رۆبێرجاکسۆن و پێشەوا بەننا 327
ئاوئەدەی بەهاوسەرەکەت 330
قورئان شیفایە 330
تەنیایی 331
گیانفیدایی هاوەڵاَن 333
خوامردووەکانت بۆزیندووبکاتەوە 334
تۆبنوەومن دەنووم 336
ئەو کەسەی ئەم وێنەیەی گرتووە 337
عاقیبەت خێری 338
دکتۆر محمد عیمارە 339
عێراقییەك لەنەرویج 342
لەئەنتەرنێت گەڕام 342
شەعبولە 343
چی دەکەن بیکەن 344
شەهیدی دەست کێ دەکەوێت 346
شێخ محمد شەریف یەعقوب 347
سوێند بەخوا 348
درەختێك لەتۆوێکدایە 349
شێخ عومەری قەرەداغی 350
یەکێ لەدۆستانی خوا 351

خوا بەهانایەوە هات 352
تامەزرۆیی گەیشتنە خزمەتی 353
دکتۆر فەلاح عەزیز 354
بالەپسپۆڕەکان سوودمەندبین 356
بەرەکەتی سەڵاوات 357
موحەممەد صلی الله علیه وسلم هێمای 357
ئەوانە سەرکردەبوون 358
سەرکردەی مرۆڤایەتییە 361
دوعاکەی مامۆستا صەباح 361
نەسرەوتن 362
شایەتیەکی مەزن 364
رەنجبەر 365
مافی خەڵك 366
رووداوێکی سەیرم بیستبوو 367
جەمال نەبەز پەشیمانە 370
دەستان خۆش ئاستانە 371
ژن وپیاوێك 373
بۆهاوارت لێهەستاوە 373
تکایە یارمەتی سوالْکەرمەدەن 375
چارنیە ئارامگرتن نەبێت 377
حەسادەت 378
دوعاکردنیش تەوفیقاتە 379

هوشیاربوونەوەو گەڕانەوە 382
خوشکێ لەپیرەمەگرون 387
مزگەوتی حاجی قادری بێسەری 388
خوا هات بەهانایەوە 388
رابوونی ئیسلامی لەکوردوستان 390
بەخشین 391
پلەوپایەی دینی ودونیایی 392
هێلّی بارلیف 401
مامۆستا ئیبراهیم رێشاوی 403
لەخزمەت کاکە محمدوباوکیدا 404
عاقیبەت خێری 408
ئایا کورد بەزۆرکراوە بەموسڵمان 409
گەورەترین زانای مەغریب وئەندەلوس 411
دووسالّ نانەوایی 413
راوێژکاری سەرۆکێکی ئەمەریکا 413
خوابۆخۆی دەینێرێت 415
عاریف لەزمانی ئیبن قەیمەوە 419
موسوڵمانبوونێکی سەیر 420
لەسێبەری ستەم ودیکتاتۆریدا 421
رایانگرن ئەوانە بەرپرسن 423
ئەوباسانەی کە رامدەگرن 424
سەعید قەزاز 439